
چاپی هەشتەم



# کوردستان و کورد

د. عەبدولرەحمان قاسملوو
و: عبدالله حسن زادە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM
منتدى اقرأ الثقافي

# کوردستان و کورد

د. عبدالرحمان قاسملوو
و/ عبدالله حسن زاده

چاپی هەشتەم
٢٠١٤

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی
ڕۆژهەڵات

خاوەنی ئیمتیاز
**کەژاڵ رەفیق**

سەرنووسەر
**حەسەنی دانیشفەڕ**

Email: rojhalatpress@yahoo.com
Mob: ۰۷۵۰ ٤٤٤۰۹۹٦

**هەولێر ـ شەقامی (۱۰۰) مەتری ریزی کارگەی دەرمانی ئاوا میدیکا**

# کوردستان و کورد

ناوی نووسەر: دکتۆر عەبدوالرەحمان قاسملو

وەرگێڕانی: عبدالله حسن زادە

دیزاینی ناوەوە: ئاگری باڵەکی

بەرگ: ئاسۆ مامزادە

نرخ: (٦٥٠٠) دینار

نۆرەی چاپ: چاپی هەشتەم /٢٠١٤

شوێنی چاپ: چاپخانەی رۆژهەلات/هەولێر

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردن (١٩٧)

ساڵی ٢٠٠٦ی پێ دراوە.

## پێشەکی بۆ چاپی کوردی

هەموو کتێبێك مێژووی خۆی هەیە، کتێبی "کوردستان و کورد"یش بەش بەحالی خۆی خاوەنی رابردوویەکی درێژە. سالی ١٩٥٣ هاوالێکی خەباتکەرو دۆستێکی نیزیك پێشنیاری پێ کردم کە بۆ روون کردنەوەی هێندێ باری سیاسیی مەسەلەی کورد نامیلکەیەك بنووسم. بەلام هەر زۆر زوو دەرکەوت کە ئەم گیروگرفتە بە نامیلکە چارەسەر ناکرێ. بەلێنم بە هاوالەکەم دا کە خەریکی نووسینی کتێبێك لەسەر گیروگرفتی کورد دەبم. بەداخەوە سەرکەوتنی کوودیتای سالی ١٩٥٣ کە بوو بەهۆی رووخانی حکوومەتی نیشتمانیی مصدق و زال بوونی رێژیمی دیکتاتۆری و زۆرداری، دەرەتانی ئەوەی لێبریم کە بەلێنەکەم بەجێ بگەیەنم. هەلومەرجی تێکۆشانی نهێنی و لەبەردەست دا نەبوونی سەرچاوەی پێویست بۆ دانانی کتێبێکی زانستی لەسەر مەسەلەی کورد چەند سالی تریش ئەم کارەی وەدوا خست. بەلام هەر لەو وەختەوە کۆکردنەوەی کەرەستەو ئاماری پێویست لە هەموو ناوچەکانی کوردستانم بە ئەرکی خۆم داناو زۆر هاوالی دلسۆزیش لەو بارەوە یارمەتییان دام.

لە سالی ١٩٥٧ەوە دەستم بە نووسینی کتێبەکە کردو سالی ١٣٦٢ ئامادەی چاپ بوو. لەماوەی ئەو پێنج سالەدا زۆرم هەول دا کە هەرچی سەرچاوە لەسەر کوردو کوردستان نووسراوە وەدەستیان بێنم و کەلکیان لێوەربگرم. بەڕاستییش دەتوانم بلێم کە وابزانم هیچ کتێبێکی گرنگ و سەرچاوەیەکی بەنرخ نەبووە کە پێوەندیی بە کوردۆلۆژیەوە هەبێ و من چاوم پێ نەکەوتبێ. دەمەوێ ئەوەش بلێم کە پاش ئەوەی من لە نووسینی کتێبەکە بوومەوە لەبەر پەرەئەستاندنی جوولانەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد (بەتایبەتی لە کوردستانی عێراق) کتێب و نامیلکەیەکی زۆر لەسەر هەموو بارەکانی ژیان و خەباتی گەلی کورد بلاو کرانەوە کە هێندێکیان بەڕاستی بەنرخ بوون. بەلام من نەم توانی بۆ نووسینی کتێبەکە کەلکیان لێ وەربگرم.

ئەم کتێبە لە ئەسل دا وەختێك لە پراگ بووم بە چێکی نووسراوە. سالی ١٩٦٣ بنکەی بلاوکردنەوەی ئاکادیمیای زانستی چیکوسلۆواکی لە پراگ بڕیاری

دا کتێبەکـە بـە زمـانی چـیکی چـاپ بکـا. بـەڵام هـەر لـەو وەختـەدا بنکـەی بڵاوکردنەوەی سیاسی لە براتیسلاوا رای‌گەیاند کە دەیەوێ کتێبەکـە بـە زمـانی سلۆواکی بڵاو بکاتەوە. لەبەر ئەوەی زمانی چیکی و سلۆواکی زۆر لێك نیـزیکن و چـیك بـە هاسـانی نووسـراو بـە زمـانی سـلۆواکی دەخوێنێتـەوە، لـە بنکـەی ئەکادیمیاوە داوایان لێ‌کردم کە رێگا بدەم ئەوان کتێبەکە وەربگێڕن و بە زمـانی ئینگلیـزی بـڵاوی بکەنــەوە کــە لــە دەرەوەی چیکوسـلۆواکییش کــەڵکی لــێ وەربگیرێ. بەم جۆرە چاپی سلۆواکی لەساڵی ١٩٦٤دا وەك یەکەم چـاپی کتێبـی "کوردستان و کورد" بڵاو کرایەوە. بنکەی بڵاوکردنەوەی سیاسی لـە براتیسـلاوا بۆ ئەوەی کتێبەکە هەم زووتر چاپ بکرێ و هەم زیـاتر سـەرنج رابکێشـێ هێنـدێ جێگای لە بەشی غەیری سیاسیی کتێبەکە کـەم کـردەوەو زۆر وێنـەی جوانیشـی لەسەر ژیان و خەباتی گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان تێدا زیاد کرد.
چاپی ئینگلیـزی لەبـەر وەگێڕانـی وەپـاش کـەوت و سـاڵی ١٩٦٥ دەرچـوو. ئـەم چاپە بەبێ دەست لێدان بە تەواوی چاپ کراوەو بنکـەی ئـەکادیمیا سـەربەستی-یەکی تەواوی بە دانەر دابوو کە شایانی باسە. وەختێك ئەکادیمیا خـەریکی چاپی ئینگلیزی بوو، بنکەی کۆلێتزی لەندەن لەگەڵی رێك کـەوت کـە چـاپێکی دیکـەش بۆ ئەم بنکەیە ئامادە بکا. کەواتە کتێبەکە دوو چاپی ئینگلیزیـی هەیـە: یـەکیان هی بنکەی ئەکادیمیا لە پراگ و ئەوی تریان هی بنکەی کۆلێتز لە لەندەن.

چاپی عەرەبی یەکەم جار لـە سـاڵی ١٩٦٧دا لـە رووی چـاپی ئینگلیـزی‌یـەوە وەرگێڕاوەو بڵاو کراوەتەوە. ساڵی ١٩٧٠ چاپێکی کورت کراوەی عەرەبی لەلایەن دارالنشری لوبنانی‌یەوە لە بیروت بڵاو کرایەوە. کورت کردنـەوەو چـاپی کتێبەکـە بەم شێوەیە بەبێ ئاگاداریی دانەر بووە.

سـاڵی ١٩٦٩ لـە وەرشـەو لەلایـەن بنکـەی بڵاوکردنـەی پۆڵـۆنی (لەهسـتانی) "کتێب و زانست" "کوردستان و کورد" لە رووی چاپی ئینگلیزی‌یەوە بە پۆڵۆنی وەرگێـڕاوەو بـڵاو کراوەتـەوە. جیـاوازیی چـاپی پۆڵـۆنی و ئینگلیـزی تـەنیا ئەوەندەیە کە من پێشەکی‌یەکی تایبـەتیم بـۆ چاپی پۆڵـۆنی نووسـیوەو بنکـەی "کتێب و زانست"یش سەرەتایەکی بۆ کتێبەکە نووسیوە کە هـەوڵ دەدا هێنـدێ شوێنی کتێبەکە لە باری سیاسی‌یەوە بۆ خوێنەری پۆڵۆنی زیاتر روون بکاتەوە.

ئەوە ئێستا چاپی کوردیی کتێبی "کوردستان و کورد" لەبەردەست دایە. دیارە سەیرە کتێبێك لەلایەن کوردێکەوە لەسەر گیروگرفتی کورد نووسرابێ و تازە پاش ئەوە کە بە چەند زمانی بێگانە بڵاو بۆتەوەو دە ساڵ لە نووسینی تێپەڕیوە بە کوردی چاپ بکرێ. بەڵام چارەنووسی ئەم کتێبە انعکاسێکە لە چارەنووسی دانەرەکەی کە ئەویش انعکاسێکە لە چارەنووسی گەلی کورد.

ئارەزووم ئەوە بوو کە کتێبەکەم هەرچی زووتر بە زمانی کوردی بڵاو بکرێتەوە. زۆر بەختیارم کە ئاواتەکەم هاتە دی، هەرچەند دە ساڵیشی بەسەردا تێپەڕیوە.

بەڵام پێم خۆش بوو لەسەر چاپی کوردی هێندێ شت روون بکەمەوە. چاپی کوردی لە ئەساس دا لە چاپی یەکەمی عەرەبییەوە وەرگێڕراوە. لەبەر ئەوەی کە بەداخەوە هێندێ جێگای چاپی عەرەبی کە لە رووی چاپی ئینگلیزییەوە وەرگێڕرابوو، زۆر ورد نەبوو، وەرگێڕی کوردی تووشی تەنگ و چەڵەمەیەکی زۆر بوو. بۆیە ناچار بووم هەموو مەتنە کوردییەکە جارێکی تریش سەیر بکەم و لە زۆر جێگا دەستیشی تێوەردەم. چاپی کوردی ئێستا هەروەك لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕرابێ وایە.

ئەم کتێبە وەختی خۆی بۆ بێگانە نووسراوە. لەبەر ئەوە هێندێ شتی وای تێدایە کە بۆ خوێنەری کورد وەك زیادی دێتە بەرچاو. بەڵام دیسانەکە بەڕاستم نەزانی لەم بارەوە دەستی تێ وەردەم و بیگۆڕم. زۆرم هەوڵ داوە کتێبەکە هەروا کە لە سەرەتاوە نووسرابوو بگاتە دەستی خوێنەری کوردو تەنیا هێندێ جێگای زۆر پێویست نەبێ نەم گۆڕیوە.

دیارە لەنێوان ساڵی ١٩٥٧و ١٩٧٣دا شازدە ساڵ فەرق هەیەو لەم شازدە ساڵەدا زۆر گۆڕانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی بەسەر هەموو پارچەکانی کوردستان، بەتایبەتی کوردستانی ئێران و عێراق دا هاتوە. بۆ نموونە پێوەندی-یە وەرزێرییەکان لە کوردستانی ئێران وەك ٢٠ ساڵ لەمەوبەر نەماون. بەڵام لەگەڵ ئەوەش لەهێندێ جێگای زۆر پێویست نەبێ وەك زۆرتر بوونی ژمارەی دانیشتووانی کوردستان بە پێویستم نەزانی هیچی لێ زیاد بکەم. لەو جێگایانە کە زیادیشم کردوە مەتنی کتێبەکە هەروەك خۆی ماوەتەوەو تێبینییە تازەکان

له پەراوێزی کتێبەکەدا جێ کراونەوە. ئەو پەراوێزانەی لە چاپی کوردی دا زیاد کراون، بەم نیشانەیە (❖) لەوانی پێشتر جیا دەکرێنەوە.

پێم خۆشە سەرنجی خوێنەری کورد بۆلای ئەو راستی‌یەش رابکێشم کە نەك هەر وەرگێڕان بەڵکوو نووسینی کتێبی زانستییش بە زمانی کوردی دژوارە، چونکە زاراوە زانستی‌یەکان جارێ جێگای خۆیان نەگرتوە. لەبەر ئەوە ناچار بووین هێندێ زاراوەی نوێ بۆ یەکەم جار دابرێژین و دابنێین. مەبەستمان ئەوەش نەبووە کە ئەوەی ئێمە (دانەرو وەرگێڕ بە یارمەتیی زۆر کەسی کوردی-زان) دامان ناوە ئیتر تەواوەو نابێ دەسکاری بکرێ. بەڵکوو لەبارێکەوە ناچار بووین و لەبارێکی تریشەوە لەسەر ئەو ئەسڵە رۆیشتووین کە ئێمە وا دادەنێین و یەکێك دێ باشتری دەکا. هەم لە دانانی زاراوەو هەم لەشێوەی بەکارهێنانی زمانەکەمان دا هەوڵمان داوە کە هەم کوردی پەتی و رەوان بنووسین و هەم وابێ کە خوێنەر بەهاسانی لێی تێ بگا. بەتایبەتی هەوڵ دراوە هیچ وشەیەکی دەستکردو دروستکراو کە بۆ زمانی کوردی بێگانەیە بەکار نەهێنرێ. بۆ هاسان کردنی کاری خوێنەر زاراوە هەرە گرنگەکان کۆ کراونەوەو لەگەڵ ماناکەیان بەجیا چاپ کراون.

لێرەدا بەدەرفەتی دەزانم سوپاسی هەمووی ئەو کەسانە بکەم کە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە بە کوردی یارمەتی‌یان داوم. بەتایبەتی سوپاسی وەرگێڕ دەکەم کە بەوردی و دڵسۆزی کتێبەکەی بە کوردی وەرگێڕاوەو بۆ ئامادەکردنی چاپی زەحمەتێکی زۆری کێشاوە. دیارە بەرپرسیاری هەموو بیروباوەڕێك کە لەم کتێبەدا هاتوە، تەنیا دانەر خۆیەتی.

دانەر

جۆزەردانی ١٣٥٢

ژوئەنی ١٩٧٣

## پێشەکی چاپی ئینگلیزی

کوردستان و کورد کە هەتا ئەم دواییانە دوو وشەی نەناسراو بوون، لە هەموو دنیادا کەوتوونە سەر زارو زمانان. ئەرکی ئەم کتێبە ئەوەیە کە ئەم دوو وشەیە باشتر بەخوێنەر بناسێنێ.

ئەم کتێبە باسێکی ئابووری و سیاسییە، بەڵام ناچار بووم بەشی یەکەمی بۆ باسێکی جوغرافیایی و مێژوویی تەرخان بکەم. دیارە من نیازی ئەوەم نەبووە کە مێژوو و جوغرافیای کوردستان بنووسم. مەبەستم تەنیا ئەوە بووە کە خوێنەر لە هەموو لایەنەکانی ژیانی گەلی کورد شارەزا بێ. ئەوەش بۆ تێگەیشتنی گیروگرفتە ئابووری و سیاسییەکان شتێکی پێویستە.

بەشی دووهەم لە پێوەندییە وەرزێرییەکانی کوردستان دەکۆڵێتەوە. وا دێتە بەرچاو کە هێندێك باس زۆر بەدرێژی نووسراون، بەڵام من پێم وایە لێکۆڵینەوەی دوورودرێژی وەرزێریی کوردستان کە لقی ئەساسیی ئابووریی وڵاتەکەیە، یارمەتی بە روون بوونەوەی زۆر گیروگرفتی ئابووری و هیتر دەدا.

لە بەشی سێهەم دا ویستوومە ئەم دوو گیروگرفتە باس بکەم:

یەکەم، روون کردنەوەی باری نەتەوایەتی و سیاسیی مەسەلەی کورد لە روانگەی تیئۆریی زانستییەوەو هێنانەگۆڕی هێندێك پێشنیار بۆ چارەسەر کردنی.

دووهەم، لێکدانەوەی هێندێك گیروگرفتی پەرەئەستاندنی ئابووری کە ئەو وڵاتانەی لەباری ئابوورییەوە دواکەوتوون بەرەنگاریان دەبن و لێکدانەوەی ئەوە کە کام شێوەی پەرەئەستاندن گەشەکردنی هێزەکانی بەرهەم هێنەر بەتەواوی و بەخێرایی دەستەبەر دەکا.

دیارە من وەك کوردێك توانیومە هێندێ زانراوەی رەسەن لە زۆر سەرچاوەی جیاوازەوە بێنمە دەست. بەڵام لەو بارەوە تووشی تەنگ و چەڵەمەیەکی زۆر بووم. چونکە زانراوە ئابوورییەکان و بەتایبەتی ئامار لەسەر کوردستان یا هەر دەست ناکەون، یا ئەگەر دەستیش بکەون بەتەواوی راست و ورد نین. جا، ئەو زانراوانەی لەباسی وەرزێری دا هاتوون و سەرچاوەکەیان دیاری نەکراوە، هەموو بۆخۆم بەیارمەتیی هاواڵەکانم لە نێوخۆی وڵات دا کۆم کردوونەوە.

لێرەدا هەقی ئەو تێبینییەش بەخۆم دەدەم: هیچ کەس نیە لەبارەی نەتەوەی خۆی و لە بارەی ژیان و خەباتی نەتەوەکەیەوە بنووسێ و بتوانێ بەتەواوی بێلایەن بمێنێتەوە. بۆیە هەولم داوە لە لێکۆلینەوەی گیروگرفتەکان دا لە چوارچێوەی بۆچوونێکی واقیعی دەرنەچم. ئامانجی من ئەوە بووە کە کوردو کوردستان وەك هەن بەبێ زیادو کەم بە خوێنەر نیشان بدەم. نیازیشم ئەوە نەبووە کە رێگای چارەسەرکردنی هەمووی ئەو گیروگرفتانە نیشان بدەم کە باسیان دەکەم، هەرچەند لە یەکەم نیگادا وا دێتە بەرچاو. بەپێچەوانە، بەپێی مەسەلی کورد بزووتوومەوە کە دەلێ: خوێندن وەك ئەوەیە چالێ بە دەرزی هەلکەنی. دیارە خوێنەر دەبێ خۆی بڕیار بدا کە من تا چ رادەیەك لەو نیازەم دا سەرکەوتووم.

دانەر

مارسی ١٩٦٥

# بەشی یەکەم:

# باسـێـکی مێـژوویی و جـوغـرافـیایی

# فەسڵی یەکەم

## کوردستان و نەتەوەی کورد

### ١ـ کورتەیەك لە جوغرافیا:

کوردستان، وڵاتی کوردان[١] لە ئاسیای ڕۆژئاوا کەوتۆتە بەشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و دەوڵەتێکی سەربەخۆی لێ پێك نەهاتوە، چونکە خاکی کوردستان لەنێوان ئێران و عێراق و تورکیاو سووریادا بەش کراوە. وشەی کوردستان بەڕەسمی و بە شێوەیەکی نێونەتەوایەتی دانی پێدا نەنراوەو لە نەخشەو کتێبە جوغرافیاییەکان دا بەرچاو ناکەوێ. وشەی کوردستان بێجگە لە ئێران کە تەنیا بۆ ناوچەی سنە بەکاری دێنن، لە هیچ شوێنێکی تر بەڕەسمی بەکار نابرێ.[٢]

کەوابوو دیاری کردنی سنووری هەموو کوردستان کەمێك گرانە، بەڵام بە لێکدانەوەی ئەو مەڵبەندانەی کوردیان تێدا نیشتەجێیەو لەباری مێژوویی و

---

[١] وشەی کوردستان بۆ یەکەم جار لە سەدەی چاردە لە ڕۆژگاری فەرمانڕەوایی سەلجووقیەکان دا بەکار هێنراوە. بڕوانە کتێبی (نزهة القلوب)ی حمدالله مستوفی کە لەنێوان ساڵەکانی ١٣٣٥ــ١٣٤٠دا نووسیویەتی و لەوێ دا دەڵێ: **"کوردستان لە ١٦ ویلایەت پێك هاتوە، ئاوو هەوای سازگارەو لەگەڵ عێراقی عەرەب و خوزستان و عێراقی عەجەم و ئازەربایجان و دیاربەکر هاوسنوورە"**. ئەمە وا دەگەیەنێ کە دیاربەکر ئەودەم بەڕەسمی بەشێك لە کوردستان نەبووەو بە ویلایەتێکی سەربەخۆ دانراوە.

هەروەها ئەولیا چەلەبی گەڕیدەی تورك کە لە سەدەی حەڤدەدا پاش گەڕانی بە هەموو ناوچەکانی کوردستان دا ناوبانگی دەرکرد، دەنووسێ: **"کوردستان لە ویلایەتەکانی ئەرزەڕۆم و وان و هەکاری و دیاربەکرو جزیرەو ئامێدی و مووسڵ و شارەزوورو ئەردەڵان پێك دێ و ڕێی حەڤدە ڕۆژە.**

M.Fany: Nation Kurde et son Evolution Sociale Paris 1933, p. 199.

[٢] **"کوردستان بەشی ڕۆژئاوای ئێرانە کە کوردی تێدا نیشتەجێیە... بەڵام پێویستە بگوترێ کە یەکەم: لەبەشی ڕۆژئاوا، ئەو خاکەی سوننیی تێدا دادەنیشن خەڵك ناوی ناوە کوردستان، و دووهەم: خەڵکی ساویلکە بە شاری سنە دەڵێن کوردستان"**. (فرهنگ جغرافیائی ایران بە زمانی فارسی، بەرگی پێنجەم تاران ١٩٤٩ـ١٩٥٤ ل٣٥٦). بێسوود نیە کە بڵێین: کودستان لە ئێران بە "ڕۆژئاوا"و لە عێراق بە "شیمال"و لە تورکیا بە "ئەنەدۆڵی ڕۆژهەڵات و ئەنەدۆڵی جنووبی ڕۆژهەڵات" ناو دەبرێ. ــ د.

هەڵکەوتەوە بە یەك وڵات دەژمێردرێن، دەتوانین سنووری کوردستان بەم جۆرە دیاری بکەین:

لە شیمالی ڕۆژهەڵاتی لوتکەی ئاراراتەوە خەتێکی ڕاست دەست پێدەکا، بەرەو جنووب بۆ بەشی جنووبی زاگرۆس و پشتکۆ دێتە خوارێ، لەوێ ڕا خەتێکی ڕاست بۆ لای ڕۆژئاوا دەکێشین هەتا دەگاتە شاری مووسڵ لە عێراق، لەوێوە خەتێکی ڕاست بۆ لای ڕۆژئاوا کە لە مووسڵەوە دەگاتە بەشی تورك نشینی ویلایەتی ئەسکەندەروون و لەو نوختەوە خەتێك بۆ لای شیمالی ڕۆژهەڵات رادەکشێ تا دەگاتە ئەرزەڕۆم لە تورکیا، پاشان لە ئەرزەڕۆمەوە خەتێك بەرەو ڕۆژهەڵات دێ تا دەگاتەوە لوتکەی ئارارات.

بەم جۆرە پێوانەی کوردستان بە تێکڕایی دەگاتە نیزیکەی ٤٠٩٦٥٠ کیلۆمیتری چوارگۆشە[٣] یانی بەتەنیا لە خاکی بریتانیاو هولەندو بێلژیك و سویس و دانمارك بەرینترە. خاکی کوردستان ١٩٤٤٠٠ کیلۆمیتری کەوتۆتە بەر تورکیا، ١٢٤٩٥٠ کیلۆمیتری بەر ئێران، ٧٢٠٠٠ کیلۆمیتری بەر عێراق، و ١٨٣٠٠ کیلۆمیتری لە سوریایە[٤]. درێژایی کوردستان لە شیمالەوە بۆ جنووب دەگاتە ١٠٠٠ کیلۆمیترو رادەی نێونجی پانایی کوردستان لە بەشی جنووبی ٢٠٠ کیلۆمیترە، و پاشان هەتا بەرەو شیمال بڕۆی زیاد دەکا، تا دەگاتە ٧٥٠ کیلۆمیتر[٥].

---

[٣] هێندێك کۆرو کۆمەڵی کورد دەڵێن پێوانەی کوردستان لە ٥٠٠٠٠٠ کیلۆمیتر تێدەپەڕێ و لە لوتکەی ئاراراتەوە تا دەگاتە خەلیجی فارس و دەریای مێدیترانە دەگرێتەوە. بڕوانە ئەو نەخشەیە کە ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردی لە پاریس ساڵی ١٩٤٩ بڵاوی کردۆتەوە. بەڵام ل، رامبۆ پێوانەی کوردستان بە ٥٢٠٠٠٠ کیلۆمیتر دادەنێ.

L. Rambout: Les Kurdes de le Droit, Paris 1947, P.12.

[٤] مەڵبەندە کوردنشینەکانی سووریا لە نێو خاکی سووریادا بەسەر یەکەوە نین و چەند مەڵبەندێکی عەرەب نشین لێکی جیا کردوونەوە، بەڵام هەموو بەشەکانی بەسەر کوردستانی تورکیاو عێراقەوە هەڵکەوتوون. ـ د.

[٥] ئەنسیکلۆپیدیای بریتانیا دەڵێ: درێژایی کوردستان ٦٠٠ میلەو پاناییشی ١٥٠ میلە، بەڵام (قاموس الاعلام) دەڵێ: درێژاییەکەی ٩٠٠ کیلۆمیترەو پانایییەکەی لە نێوان ١٠٠ تا ٢٠٠ کیلۆمیتر دایە. (ئەستەنبووڵ، بەرگی پێنجەم) ١٨٩٦، ل ٣٨٤٠.

کوردستان کەوتۆتە نێوان ٣٠ــ٤٠ پلەی پانایی ڕۆژهەڵاتی و ٣٧ــ٤٨ پلەی درێژایی شیمالی[٦]. کوردستان وڵاتێکی شاخاوییە کە ئاوو هەوای جۆربەجۆری هەیە. لە ڕۆژئاوای کوردستان کێوی تووڕووس و بانووی بین النهرین - جزیرەو کێوەکانی ماردینی خواروو-، لە ڕۆژهەڵات زنجیرە کێوی زاگرۆس هەیە. بەرزترین کێوی کوردستان ئاگریی گەورە یانی ئاراراتی گەورەیە کە بەرزایی دەگاتە ٥١٥٨ میتر، پاش ئەو کێوی ڕەشکۆ لە مەڵبەندی جیلۆداغ ٤١٦٨ میترو ئاگریی بچووک یانی ئاراراتی بچووک ٣٩٢٥ میتر بەرزە.

وەنەبێ هەر تەنیا کێوەکانی کوردستان بەرز بن، بەڵکوو پایەی نێونجی بەرزایی وڵاتەکە بەگشتی تا ڕادەیەك زۆرە. چونکە ١٠٠٠ تا ١٤٠٠ میتر لە ژوور ڕێکی دەریاوەیە. شاری واش هەیە کە زۆر لەوە بەرزترە وەك بیجار کە ١٩٢٠ میتر بەرزەو هی واش هەیە بەرزاییەکەی کەمترە وەك هەولێر کە ٤٣٠ میتر بەرزەو کەوتۆتە سنووری سەحرای عیراق.

## ئاو و هەوا:

ئاوو هەوای پێدەشتەکانی کوردستان شێوە ئیستیوایییە. چونکە ڕادەی نێونجیی باران لە ساڵ دا لە نێوان ٢٠٠ تا ٤٠٠ میلیمیتر دایە، بەڵام لەو شوێنە نزمانە کە کەوتوونە نێو زنجیرە کێوەکانەوە ڕادەی نێونجیی باران لە ساڵ دا دەگاتە ٧٠٠ تا ٢٠٠٠ میلیمیترو هێندێك جار دەڕوا بۆ ٣٠٠٠ میلیمیتریش. ئەو نزمایییانە زۆربەیان لێڕەوارن و چۆم و ڕووباریان بەنێودا دەڕوا. دۆڵەکانی کوردستان تا ڕادەیەکی زۆر وشکارۆن و هێندێك جار بەتەواوی بێئاو دەبن. چونکە ڕادەی نێونجیی باران لە ساڵ دا دەگاتە ٣٠٠ تا ٥٠٠ میلیمیتر.

جیاوازی لەنێوان پلەی بەرزو نزمی گەرما لە کوردستان دا ٨٠ پلەیە. چونکە لە "قەرەکوسە" لە کوردستانی شیمالی پلەی گەرما تا ٣٠ــ٣٥ پلە ژێر سیفرو هێندێك جار لەوەش زیاتر دێتە خوار وەك لە بەفرانباری ١٩٤٠دا گەیشتە ٤٢ پلە

---

[٦] ئەنسیکلۆپیدیای گەورەی سۆڤیەتی و (قاموس الاعلام) بە تەرتیب ٣٤-٣٩پلەو ٣٧-٤٦ پلەیان باس کردوە لە کاتێك دا (مێژووی مەردۆخ) ٣٢-٣٩پلەو ٣٩-٥٠پلەی داناوە. (مێژووی مەردۆخ، بە زمانی فارسی، تاران، ١٩٥٤ ل١١).

ژێر سیفر، و لە کوردستانی جنووبییش لە هاوین دا لە کرماشان دەگاتە ٣٥ـ٤٥ پلەو لە خانەقین دەگاتە ٤٠ـ٤٥ پلە. جەدوەلی ژمارە (١) ئاو و هەوای شارە جیاوازەکانی کوردستان بەم جۆرە نیشان دەدا:

| جەدوەلی ژمارە (١) | | | |
|---|---|---|---|
| شار | پلەی نێونجیی گەرما لە مانگی پووشپەڕدا | پلەی نێونجیی گەرما لە مانگی بەفرانباردا | پلەی نێونجیی باران لەساڵ دا |
| مالاتیا | ٢٦/٥ | ١/٥ـ | ٤٤٠ |
| وان | ٢٢/٥ | ٣/٥ـ | ٣٨٠ |
| ئۆرفە | ٣٢ | ٤/٥ | ٤٤٠ |
| دیاربەکر | ٣١ | ٢/٥ | ٤٧٠ |
| سنە | ٣٥ | ١٥ـ [٧] | ٥٠٠ |
| کرماشان | ٣٧/٥ | ١٠ تا ١٥ | ٤٨٩ |
| کەرکووک | ٤١/٨ | ١٢ | ٣٨٥/٢ |
| خانەقین | ٤٣ | ١٤/٥ | ٣٨٥/٢ |

## چۆمەکان:

زۆربەی مەڵبەندەکانی کوردستان سەرچاوەی گەورەی ئاویان هەیە، بێجگە لە هێندێك شوێنی کوردستانی عیراق و سووریا کە کەوتوونە نیزیك سەحراو نەك هەر بۆ کشتوکاڵ، بەڵکوو بۆ خواردنەوەو کاروباری نێومالّیش ئاویان کەمە. لە کوردستان سەرچاوەی چوار چۆمی گەورە هەڵدەقولێ:

## چۆمی ئاراز:

لە ناوچەی بینگۆل سەرچاوە دەگرێ، ٤٣٥ کیلۆمیتر بە کوردستان دا دەڕوا، بە سنووری نێوان ئێران و تورکیاو یەکیەتیی سۆڤیەتی دا تێدەپەڕێ و دەڕژێتە دەریای قەزوێنەوە. درێژایی ئاراز دەگاتە ٩٢٠ کیلۆمیتر.

[٧] نزمترین پلەی گەرما.

## چۆمی دیجله:

له نیزیك گۆلی گول ـ چووك له نێوەڕاستی تووڕووسی جنووبی ڕۆژهەڵاتی له شیمالی شاری دیاربەکرەوە دێ، و زیاتر له ٦٠٠ کیلۆمیتر به کوردستان دا دەڕوا، که لەوە ٤٥٠ کیلۆمیتری له کوردستانی تورکیاو زیاتر له ١٥٠ی له کوردستانی عیراقه. هەموو درێژایی دیجله ١٩٠٠ کیلۆمیترە.

## چۆمی فورات:

ئەو کەرتەی به چۆمی قەرەسوو ناو دەبرێ له "دوملوتەپە" شیمالی ئەرزەڕۆم سەرچاوە دەگرێ و ٤٦٠ کیلۆمیتر درێژایییەتی و سەرچاوەی کەرتەکەی تری که پێی دەڵێن چۆمی مرادو درێژایییەکەی ٦١٥ کیلۆمیترە له چیای ئالاداخ که کەوتۆته نێوان گۆلی وان و ئاگری هەڵدەقولێ. چۆمی مرادو قەرەسوو له شیمالی ڕۆژئاوای شاری ئەلازیگ وێك دەکەونەوەو چۆمی فورات پێك دێنن که ٦٤٧ کیلۆمیتری دیکەش به کوردستان دا دەڕوا. فورات و دیجله له نیزیك شاری بەسره تێکەڵ دەبنەوەو دەبن به شط العرب که دەڕژێته خەلیجی فارسەوە.

## چۆمی قزل ئوزەن:

له جنووبی ڕۆژئاوای شاری دیواندەره له کوردستانی ئێرانەوە دێ و به ناوچەی زەنگان و میانەو پاشان به جنووبی شاری ڕەشت دا تێدەپەڕێ (که لەوێ پێی دەڵێن سفیدرود) و دەڕژێته دەریای قەزوێنەوە.

چۆمەکانی تری کوردستان ئەمانەن: زێی گەورە ٤٥٠ کیلۆمیتر درێژەو به تورکیاو عیراق دا دەڕواو زێی بچووك ٢٠٠ کیلۆمیتر درێژە، که هەردووکیان دەچنەوە پاڵ دیجله. ئەمجار چۆمی بتلیس و بۆتان له کوردستانی تورکیا، چۆمی سیروان له کوردستانی ئێران و عیراق، گاماسیاب و جەغەتوو (٢٤٠کیلۆمیتر)، و تەتەهوو له کوردستانی ئێران بەشێکی تر له چۆمەکانی کوردستانن.

## گۆلەکان:

بەشی شیمالی رۆژهەڵاتی کوردستان کەوتۆتە نێوان گۆلی وان و گۆلی ورمێ. گۆلی وان مەوداکەی ٣٧٦٥ کیلۆمیتری چوارگۆشەیەو رادەی تێکڕایی قووڵایی-یەکەی ١٠٠ میترەو ١١٢٠میتر لە رێکی دەریاوە بەرزە. لەبەر ئەوەی ئەو گۆلە زۆر سوێرە هیچ چەشنە زیندەوەرێکی دەریایی تێدا نیە.

گۆلی ورمێ کەوتۆتە رۆژهەڵاتی شاری ورمێ (رەزاییە)و قەراخی رۆژئاوای، بەشێك لە رۆژهەڵاتی کوردستانەو درێژایی دەگاتە ١٢٠ کیلۆمیترو پانایی ٥٠ کیلۆمیترو پێوانەکەی بەگشتی ٦٠٠٠ کیلۆمیتری چوارگۆشەیەو رادەی تێکڕایی قووڵایی‌یەکەی ٦ میترەو لە هێندێك شوێن دەگاتە ١٥ میتر. گەورەترین دورگەی ئەو گۆلە شاهی‌یە، کە پێوانەکەی خۆ لە ٢٥ کیلۆمیتر دەدا.

لەوانە بگەڕێتەوە گۆلی خەزەر یا (گۆل ــ چووك). کە دەکەوێتە شیمالی دیاربەکر لە نیزیك سەرچاوەی دیجلەو ١١٥٥ میتر لە رێکی دەریاوە بەرزە. پاشان گۆلی زرێوار لە مەڵبەندی سنە لە نیزیك مەریوانە کە درێژایی ٤/٥ کیلۆمیترو پانایی ١/٧ کیلۆمیترو رادەی تێکڕایی قووڵایی ١٥ میترە.

## لێڕەوار:

چیاکانی کوردستان کەمتریان لێڕەوارن، بەڵام لە پێدەشت و نزمایی‌یەکان لێڕەواری سروشتی و دەستنێژیش لە دەوروبەری شارو دێیەکان زۆرە. زۆربەی کێوەکانی کوردستانی ئێران لێڕەوار دایپۆشیون، هەر لە جنووبی رۆژئاوای گۆلی ورمێوە بگرە تا دەگاتە لوڕستان کە پێوانەکەی لە چوار میلیۆن هێکتار تێدەپەڕێ،[8] بەشی زۆری لێڕەوارەکانی داری بەڕووە. کوردستانی تورکیا تەنیا ٦٪ی خاکەکەی لێڕەوارە، بەڵام کوردستانی ئێران٣٢٪ و کوردستانی عیراقیش ٨٪ی لێڕەوارە. پێوانەی گشتیی لێڕەوارەکانی کوردستان نیزیکەی شەش میلیۆن هێکتارە، یانی نیزیکەی ١٤٪ی هەموو خاکی کوردستان. هەرچەند ئەو

---

[8] پێوانەی لێڕەوارەکانی رۆژئاوای ئێران دەگاتە زیاتر لە ١١/٣ میلیۆن هێکتار (ت. بهرامی): "جغرافیای اقتصادی ایران" ل٤٧.

نیسبەتە لەجێدا کەمە، بەڵام ئەگەر لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەراورد بکرێ زۆرە. هەروەك لە جەدوەلی ژمارە (٢) دەردەکەوێ.

| جەدوەلی ژمارە (٢) | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | عێراق | ئێران | تورکیا | سووریا | کوردستان |
| پێوانەی لێرەوار بە هەزار هێکتار | ١٥٤٠ | ١٩٠٠٠ | ١٠٥٤٨ | ٤٤٩ | ٥٧٤٠ |
| نیسبەتی لێرەوار لەگەڵ هەموو خاکەکە | ٪٣/٥ | ٪١١/٦ | ٪١٣/٨ | ٪٢/٤ [٩] | ٪١٤ |

لێرەوارەکانی کوردستان زۆر بە پشت نین و هەتا دێ تەنك تریش دەبن. چونکە حکوومەتەکان پارێزگاری‌یان لێ ناکەن و دانیشتووانی ناوچەکە بە شێوەیەکی دوور لە قازانجی ئابووری بە بیور تێیان بەر بوون و دەیان بڕن. هۆیەکەشی ئەوەیە کە بێجگە لە دار ئاوردووی تریان نیە.

**سامانی ژێر زەوی:**

هەتا ئێستا لە کوردستان وەك پێویستە پشکنینی ژێرزەوی نەکراوە، و وا وێدەچێ زۆر کانگای کەرەستەی خاوی تێدابێ کە دۆزینەوەو دەرهێنانیان ڕووکاری وڵاتەکە بەتەواوی دەگۆڕێ.

گرنگترین سامانی ژێرزەوی لە کوردستان نەوتە. تا ئێستا لە کوردستان نیزیکەی ٢٦٠٠ میلیۆن تۆن نەوتی خاو دۆزراوەتەوە کە نیزیکەی ٪٨ی هەموو زەخیرەی نەوتی دنیای سەرمایەداری‌یە [١٠].

ئێستا لە کەرکوك لە کوردستانی عێراق، و لە شاەئابادی نیزیك کرماشان لە کوردستانی ئێران، و لە سیرت لە کوردستانی تورکیا نەوت دەردێنن و بێگومان

---

[٩] ئاماری گەشەکردنی ئابووری لە دەرەوە سالی ١٩٥٨ (بە زمانی چیکی) پراگ ١٩٥٩ ل٦٣٢.

[١٠] زەخیرەی نەوت لە دنیای سەرمایەداری دا لە ١٩٥٨/١/١ گەیشتۆتە ٣٢.٤٦٦.٢٢٨ هەزار تۆن. هەر ئەو سەرچاوەیە.

له مه‌ڵبه‌نده‌کانی تری کوردستانیش کانگای دیکه‌ی نه‌وت هه‌یه. هه‌ر ئێستا له به‌شی کوردنشینی جزیره له سووریا چه‌ند کانگایه‌کی تازه‌ی نه‌وت دۆزراوه‌ته‌وه.

گه‌وره‌ترین کانگای نه‌وتی کوردستان له بابه‌گوڕگوڕ نیزیك شاری که‌رکووکه، که مونوپولی ئیمپریالیستیی شیرکه‌تی نه‌وتی عیراق ده‌ری دێنێ❖. به‌رهه‌می نه‌وتی کوردستان له ساڵ دا زیاتر له ٥٠ میلیۆن تۆن واته نیزیکه‌ی ١/٩٠ی هه‌موو ئه‌و زه‌خیره نه‌وته‌یه که له کوردستان دۆزراوه‌ته‌وه.

ئێستا له دیورك له کوردستانی تورکیا ئاسن، و له ئێرگان هه‌ر له کوردستانی تورکیاو له لوڕستان مس، و له شیمالی دیاربه‌کر کرۆم، و له ناوچه‌ی سنه له ئێران گۆگرد، و له کابان (کوردستانی تورکیا) و ماکۆ (کوردستانی ئێران) قوڕقوشم، و له جنووبی کرماشان زێڕو له کابان زێو دۆزراوه‌ته‌وه. بێجگه له‌وانه‌ش زۆر کانگای خه‌ڵووزی به‌ردو خوێ و قه‌ڵایی و جیوه له مه‌ڵبه‌نده‌کانی کوردستان دا هه‌یه.

## ٢ـ دانیشتووان:

له پێشه‌وه باسمان کرد که دیاری کردنی سنوور بۆ هه‌موو کوردستان که‌مێك گرانه، دیاره دیاری کردن و ده‌رخستنی ژماره‌ی دانیشتووانی کوردستان زۆر له‌وه‌ش گرانتره. بۆئه‌وه‌ی ژماره‌ی راسته‌قینه‌ی کورد له هه‌رکام له وڵاته‌کان دا دیاری بکه‌ین، پێش هه‌موو شتێك سێ سه‌رچاوه له‌به‌رچاو ده‌گرین که هه‌رکامیان ژماره‌یه‌کی جیاواز له‌وانی دیکه‌مان نیشان ده‌ده‌ن و پاشان به‌راوردی ده‌که‌ین. یه‌که‌م، سه‌رچاوه ره‌سمیی‌یه‌کانی هه‌رکام له‌و ده‌وڵه‌تانه‌ن که یان له‌جێ‌دا دان به بوونی نه‌ته‌وه‌ی کورد دا نانێن، یان هه‌وڵ ده‌ده‌ن ئه‌وه‌نده‌ی بۆیان بکرێ ژماره‌که‌ی که‌م نیشان بده‌ن.

له پاش کوشتاره به‌ربڵاوه‌که‌ی ساڵه‌کانی پاش ١٩٢٠و ١٩٣٠ له تورکیا که نیشتمانی نیزیکه‌ی نیوه‌ی گه‌لی کورده، وشه‌ی "کورد" به ته‌واوی له زمانی تورکی هه‌ڵگیرا. فه‌رهه‌نگێکی "زانستی"ی تورکی کورده‌کان به تورکی کێوی

❖ نه‌وتی که‌رکووك له یه‌که‌می ژووئه‌نی ساڵی ١٩٧٢ له‌لایه‌ن حکوومه‌تی نیشتمانیی عیراقه‌وه میللی کراوه.

دادەنێ کە گۆیا زمانی ئەسڵیی خۆیان ــ وەك توركی بێ ــ، لەبیر چۆتەوە.
عصمت ئینۆنۆ سەرۆکی بەناوبانگی حیزبی جمهوریی گەل ساڵی ۱۹۳۰ کە بۆخۆی سەرۆك وەزیر بوو لەباسی راپەڕینی کوردستانی تورکیادا رایگەیاند:

**"ئەو یاخی بوونەی پێنج ساڵە لە ناوچەکانی رۆژهەڵاتی تورکیا (واتە کوردستانی تورکیا ــ د) درێژەی هەیە، تا ئێستا نیوەی هێزی خۆی لەدەست داوە... لەم وڵاتەدا تەنیا نەتەوەی تورك مافی ئەوەی هەیە داوای هەقی قەومی و رەگەزیی خۆی بکاو هیچ رەگەزێکی دیکە ئەو مافەی نیە."**[11]

هەر لەو ساڵەدا مەحموود ئەسەد وەزیری داد لە وتارێك دا کە لە کاتی هەڵبژاردن دا رایگەیاند، لەباسی کوردەکان دا گوتی:

**"ئێمە لە تورکیا دەژین کە زیاتر لە هەموو وڵاتانی دنیا ئازادیی تێدا هەیە... لەم وڵاتەدا تەنیا تورك ئاغاو فەرمانڕەوایەو ئەوانەی ناچنەوە سەر رەگەزی خاوێنی تورك، تەنیا هەقێکیان لەلای ئێمە هەیە، هەقی ئەوە کە خزمەتکار بن، هەقی ئەوە کە کۆیلە بن. با، دۆست و دوژمنەکانمان ئەو راستییە تێبگەن، و با کێوەکانیش لێی حاڵی بن**[12].

بەم جۆرە بە ئاشکرا دەردەکەوێ کە لەبارەی کوردەکانی تورکیاوە ناتوانین ئاگاداریيەکی ئەوتۆ لە کاربەدەستانی ئەو وڵاتە وەربگرین کە دڵمان ئاوی لێ بخواتەوە[13]. لە ئێرانیش کە حکوومەت کوردەکان بە ئێرانی واتە فارس دادەنێ، بەڵکوو بە ئێرانییەکیان دادەنێ کە خوێنی پاکی ئێرانی لە دەمارەکانیان دا دەجووڵێ، هەر ئەو نەخش و نیگارەمان دێتە بەرچاو.

شۆوێنیزمی پان تورکیست و پان ئێرانیستەکان کە شانازی بە مەزنایەتیی رابردوویانەوە دەکەن، کارێکی وای کردوە کە بە هیچ جۆرێك ئەژمارەیەکی رەسمیی راست لەبارەی ژمارەی کورد لەو دوو وڵاتەدا دەست ناکەوێ.

---

(11) رۆژنامەی ملت ژمارە ١٦٣٦، ٣١ی ئووتی ١٩٣٠.
(12) رۆژنامەی ملت ژمارە ١٦٥٥، ١٩ی سێپتامبری ١٩٣٠.
(13) ب. دارکوت مامۆستای زانستگەی ئەستەنبوڵ بۆ ئەوە خۆی لە باسی کورد ببوێرێ لە کتێبەکەی خۆی دا "جوغرافیای تورکیا" هەر باسی ئەوەندە دەکا کە ٩٨٪ی دانیشتووانی تورکیا موسوڵمانن. (چاپی رووسی، مۆسکۆ، ١٨٥٩، ل٥٧).

وا چاکە ئەوەش بخەینە بەرچاو کە سەرژمێریی دیموگرافیی ساڵانەی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی تورکیاوە لەسەر زمانی دانیشتووانی تورکیا ئەم ئاگاداریىیە دەداتە دەست. لە ساڵی ١٩٤٥دا کە ژمارەی دانیشتووانی تورکیا ١٨٧٩٠١٧٣ کەس بووە، ١٤٧٦٥٦٢ کوردی تێدا بووە، و لە ساڵی ١٩٥٠ دا کە ژمارەی دانیشتووانی تورکیا گەیشتۆتە ٢٠٩٧٤١٨٨، ١٨٥٤٥٦٩ کوردی تێدا بووە. کە بە پێی ئەو سەرژمێرییە ژمارەی دانیشتووانی تورکیا لە پێنج ساڵی ١٩٤٥ تا ١٩٥٠ دا ١١/٥٪ زیادی کردوە، لە کاتێك دا گۆیا ژمارەی کوردەکان لەو ماوەیەدا ٢٥/٥٪ چۆتە سەر. دیارە ئەوەش راست نیە. پەراوێزی سەرژمێریی ساڵانەی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو رێگایە کە بۆ وەدەستهێنانی ئەو ئامارە هەڵبژێردراوە، بەم چەشنە روون دەکاتەوە: زمانێك باسی دەکرێ کە هەر نەبێ دە کەس یا زیاتر قسەی پێ بکەن، کەچی هەر لەو کاتەدا ئەو ئامارە:

**"... ئەو راستىیە دەشارێتەوە کە ئەوانەی بە زمانی فەرمانڕەوای وڵاتێك قسە دەکەن، هەموویان ریشەی زمانیان یەك نیە"[١٤].**

بێگومان زۆر لە کوردەکان لە وڵاتێك دا کە وشەی "کورد" قاچاخە، ناوێرن باسی زمانی باب و باپیری خۆیان بکەن. لەگەڵ ئەوەش دا بە پێی ئەو سەرژمێرىیەی سەرەوە دەبێ ئێستا زیاتر لە دوو میلیۆن کورد لە تورکیا هەبێ کە بەڕەسمی دان بە بوونیان دا نراوە.

بەڵام سەرژمێرىیە رەسمىیەکانی تورکیا شتێکی ترمان دەخەنە بەرچاو. بۆ نموونە ساڵی ١٩٣٥ لە تورکیا ١٣٨٩٩١١٠ تورك و ١٤٨٠٢٠٠ کورد هەبووە لەکاتێك دا ساڵی ١٩٤٥ بۆتە ١٦٥٩٠٥٠٠ تورك و تەنیا ١٣٦٢٩٠٠ کورد، واتە ١١٧٣٠٠ کەس کەمتر لە ساڵی ١٩٣٥[١٥].

کۆمەڵە سەرچاوەی دووهەم ئەو گۆترەکارىیانەیە کە رێکخراوە زانستى-یەکان و گەڕیدەو رۆژهەڵاتناسەکانی وڵاتان کردوویانە. بەڵام بڵاوکراوە زانستى-یەکانی وڵاتانی رۆژئاوا لەگەڵ سەرژمێرىیە رەسمىیەکانی ئەو دەوڵەتانە زۆریان فەرق نیە، دیارە ئەگەر ئەو جۆرە سەرژمێرىیانە دەست کەون. بۆ نموونە

---

(١٤) سەرژمێری دیموگرافیی ساڵانەی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە زمانی فەرانسە، ١٩٥٦، ل٣٤.

(١٥) تورکیای ئێستا، بە زمانی رووسی، ١٩٥٨، ل٢٨.

ئەنسیکلۆپیدیای ئەمریکا دەڵێ ژمارەی کورد ١٧٠٠٠٠٠ کەسە، و هی ئینگلیز بە ١٥٠٠٠٠٠ کەس دادەنێ. خۆش ئەوەیە حکوومەتی فەڕانسە تەنانەت ساڵی ١٨٩٢ لە کتێبی زەرد دا ژمارەی کوردی بە ٣٠١٢٨٩٧ کەس داناوە، لە کاتێك دا ئەوە تەنیا هی تورکیا بووە، واتە کوردستانی تورکیاو عیراق و سووریای ئێستا.

لەلایەکی ترەوە ئەو دەستەی نوێنەرایەتی‌یە کە کۆمەڵی نەتەوەکان ساڵی ١٩٢٥ بۆ لێکۆڵینەوەی مەسەلەی مووسڵ دیاری کردبوو، هەموو دانیشتووانی کوردستان بە ٣٢٠٠٠٠٠ کەس دادەنێ[١٦].

ئەمجار ویلیام دوگلاس قازیی دادگای بەرزی ئەمریکا ساڵی ١٩٥٢ رای‌گەیاند کە نیزیکەی چوار یەکێکی دانیشتووانی ئێران کە دەگەنە شازدە میلیۆن کەس، کوردن[١٧].

سەرچاوە سۆڤییەتی‌یەکان لە هەمووان زیاتر جێگای بڕوان. چونکە ئەنسیکلۆپیدیای سۆڤێتی لە ساڵی ١٩٥٢دا ژمارەیەك بەدەستەوە دەدا کە لە هەمووان لە حەقیقەت نیزیکترەو دەڵێ ژمارەی کورد حەوت میلیۆنە کە دوو تا سێ میلیۆنی لە تورکیا، دوو تا دوو میلیۆن و نیوی لە ئێران، ١٢٠٠٠٠٠ی لە عیراق، ٣٠٠٠٠٠ی لە سووریا، و ٢٠٠٠٠٠ی لە ئەفغانستان و پاکستان دەژی و لە ساڵی ١٩٣٩ دا ٤٥٨٦٦ کورد لە یەکیەتیی سۆڤیەتی ژیاون[١٨].

کۆمەڵە سەرچاوەی سێهەم کتێبە کوردی‌یە رەسەنەکانن و پێویستە بڵێین هێندێکیان ژمارەی ئەوتۆیان باس کردوە کە چەشنە زیاد پێوەنانێکی تێدایە. هۆیەکەشی ناڕەزایی نووسەرەکان لە هەڵوێستی کاربەدەستانی تورکیاو ئێرانە. لەگەڵ ئەوەش لە سەرچاوەکانی دیکە راست ترن[١٩].

---

(١٦) Ch. A. Hooper: L'Iraq et la Societe des Nations. Paris, 1928. P. 75

(١٧) W. Douglas: Strange Lands and Friendly People, London 1952 p. 55.

(١٨) ئەنسکلۆپیدیای گەورەی سۆڤیەتی، بە زمانی رووسی، بەرگی ٢٤، ل٩١.

(١٩) بۆ نموونە ع. سجادی ساڵی ١٩٥٩ لە کتێبی "شۆڕشەکانی کورد" دا ژمارەی کورد بە ١٥ میلیۆن دادەنێ و دەنووسێ: "ئەمە تەنها ئەو کوردانەن کە ئێستە بە زمانی کوردی قسە ئەکەن، خۆ ئەگەر ئەوانەشی بخرێتە سەر کە باوك و باپیریان کورد بوون و بە دەربەدەری و ماڵوێرانی کەوتوونەتە شارو دەشتەکانی بێگانەو ئێستە ئەمان زمانی کوردی نازانن ئەوە ئەبێ ئەو باوەڕە هەبێ کە ئەمانیش کەمتر لە ٣ میلیۆن نین و بە هەمووانەوە "١٨" میلیۆن پڕ ئەکەنەوە. دیسان

ئەو یادداشتەش کە ساڵی ١٩٤٨ ژمارەیەك لە ڕووناکبیرانی کورد پێشکەشی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکانیان کرد، هەموو کوردەکانی تورکیاو ئێران و عیراق بە هەشت میلیۆن دادەنێ. بەم جۆرە دەتوانین بە پێی گۆترەکاریی زۆربەی کتێبە کوردی‌یەکان ژمارەی کورد بە ٩ تا ١٠ میلیۆن دابنێین.

مەبەست لە باسکردنی ئەو چەند نموونەیە ئەوە بوو ئەو جیاوازی‌یە کە لە نێوان سەرچاوەکان دا لەسەر ژمارەی کورد هەیە بخەینە بەرچاو. دیارە ئەو ئاگاداری‌یانە نە بە تەواوی ڕاستن و نە دەش توانن ڕاست بن. کاتێك لە مەڵبەندە کوردنشینەکان ورد بینەوەو سەرژمێری‌یەکی وردی دانیشتووانی یەك یەکی ئەو مەڵبەندانە بە پێی ئەو سەرژمێری‌یانە بکەین کە لە هەرکام لەو وڵاتانەدا دەست دەکەون، دەگەینە ئەم بەرهەمانەی خوارەوە:

لە تورکیا[٢٠] ٤٦٠٠٠٠٠، لە ئێران[٢١] ٣٠٠٠٠٠٠، لە عیراق[٢٢] ١٤٠٠٠٠٠، و لە سووریا ٤٠٠٠٠٠ کە تێکڕا دەکاتە ٩٤٠٠٠٠٠ کوردی دانیشتووی کوردستان. بێجگە لەوەش زیاتر لە میلیۆنێك کورد هەیە کە لە مەڵبەندە جیاوازەکانی دەرەوەی کوردستان دەژین. لەوانە ٣٠٠٠٠٠ لە مەڵبەندی خوراسان و قوچان و دەرگەز[٢٣] و دەوروبەری قەزوین لە ئێران، ٢٠٠٠٠٠ لە ئەفغانستان لە مەڵبەندی گوریان لە ناوچەی هیرات و نیزیك سنووری ئێران و ئەفغانستان،[٢٤] و هەروەها بەلووچستان

---

ئەبێ عەینی باوەڕیش هەبێ کە ئەم ژمارەیە بە لانی کەمەوە دانراوەو لانی زۆری نەگیراوە". (ع. سجادی "شۆرشەکانی کورد"، بەغدا ١٩٥٩، ل١٢.).

[٢٠] مەڵبەندە کوردی‌یەکان لێرەدا بە پێی نووسراوی "تورکیای ئێستا" دانراون، کە ساڵی ١٩٥٩ لە مۆسکۆ بە زمانی ڕووسی دەرچووە.

[٢١] "ئێرانی ئێستا" بە زمانی ڕووسی ١٩٥٧ و فرهنگ جغرافیائی ایران (بە فارسی، تاران، ١٩٤٩ـ١٩٥٤).

[٢٢] "المجموعة الاحصائية" بەغدا، ١٩٥٨.

[٢٣] لە تاریخی روضة الصفا دا دەڵێ: ساڵی ١٧٩٦، ٥٠ هەزار ماڵی کورد لە خوراسان بوون کە لە مەڵبەندێکی لێك نەپچڕاودا ژیاون و لە سەرەتای چەرخی حەڤدەدا بە ئەمری شاعەبباس بۆ پارێزگاریی سنوور لە هێرشی ئەو عەشیرەتانە کە لە شیماڵی ڕۆژهەڵاتەوە دەهاتن، بۆ ئەو مەڵبەندە ناردراون. ــ د.

[٢٤] "ئەفغانستانی ئێستا"، بە زمانی ڕووسی، مۆسکۆ، ١٩٦٠، ل٦٩.

لە ناوچەی سەرحەد،[٢٥] ٩٥ هەزار لە یەکیەتیی سۆڤیەتی لە ئەرمەنستان، ئازەربایجان، گورجستان و تورکمەنستان،[٢٦] و نیزیك ئەنکەرەو لە بەغداو دیمەشق دەژین. واتە ژمارەی کورد بە هەموویەوە خۆ لە ١٠٤٥٠٠٠٠ کەس دەدا. بێجگە لەوە لە کوردستان نیزیکەی ١٢٠٠٠٠٠ کەس لە نەتەوەکانی ترو کەمایەتی-یە نەتەوایەتی‌یەکان دەژین، کە ئەگەر ئەوانیش بخەینە سەر ژمارەی ئەو کوردانەی لە کوردستان دەژین، دەتوانین بڵێین ژمارەی دانیشتووانی کوردستان دەگاتە ١٠٦٠٠٠٠٠ کەس.

بەو پێیە دەتوانین ئەو دوو جەدوەلەی خوارەوە لەبارەی پێوانەی کوردستان و ژمارەی کورد لە ژوورەوەو دەرەوەی کوردستان دا دابنێین.

| جەدوەلی ژمارە (٣) | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ناوی وڵات | پێوانە بە کیلۆمیتری چوارگۆشە | ژمارەی دانیشتووان لە کیلۆمیتری چوارگۆشەدا | ژمارەی دانیشتووانی کوردستانی وڵاتەکە | ژمارەی کورد لە کوردستانی وڵاتەکە | ژمارەی کورد لە وڵاتەکە |
| تورکیا | ٧٧٦٩٨٠ | ٣٣ | ٥١٠٠٠٠٠ | ٤٦٠٠٠٠٠ | ٤٩٠٠٠٠٠ |
| ئێران | ١٦٤٠٠٠٠ | ١٢ | ٣٥٠٠٠٠٠ | ٣٠٠٠٠٠٠ | ٣٣٠٠٠٠٠ |
| عیراق | ٤٤٤٤٤٢ | ١٥ | ١٦٠٠٠٠٠ | ١٤٠٠٠٠٠ | ١٥٥٠٠٠٠ |
| سووریا | ١٨٤٤٧٥ | ٢٢ | | ٤٠٠٠٠٠[٢٧] | —— |

[٢٥] م. ك. پیکولین "بەلووچەکان" بە زمانی رووسی، ١٩٥٩، ل٣٢. ئەو کوردانە بە ئەمری نادرشا لە سەدەی هەژدەدا بۆ ئەو مەڵبەندانە گوێزراونەوە. ـ د.

[٢٦] بە پێی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٩. سەرژمێری ساڵانەی ئەنسکلۆپیدیای گەورەی سۆڤیەتی، مۆسکۆ، ١٩٦٠،ل٧.

[٢٧] ئەو ژمارەیە کوردەکانی دانیشتووی دیمەشق و حەلەبیش دەگرێتەوە. ـ د.

| جەدوەلی ژمارە (٤) | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ناوی وڵات | پێوانەی ناوچەکوردنشینەکە بە کیلۆمیتری چوارگۆشە | ژمارەی دانیشتووان لە کیلۆمیتری چوارگۆشەدا لە کوردستان | نیسبەتی کورد بە هەموو دانیشتووان بە ٪ | نیسبەتی دانیشتووانی کوردستان بە هەموو دانیشتووان بە ٪ | نیسبەتی پێوانەی خاکی کوردستان بەپێوانەی وڵات بە٪ |
| تورکیا | ١٩٤٤٠٠ | ٢٦ | ١٨ | ١٩ | ٢٥ |
| ئێران | ١٢٤٩٥٠ | ٢٨ | ١٦ | ١٧ | ٧/٥ |
| عیراق | ٧٢٠٠٠ | ٢٢ | ٢٢ | ٢٣ | ١٦ |
| سووریا | ١٨٣٠٠ | ٢١ | ١٠ | — | ١١ |

سەدی هەشتاوپێنجی دانیشتووانی کوردستان کوردەو ئەوەکەی دیکە دەتوانین بەم جۆرە دابنێین: ٤٠٠٠٠تورك، ٣٠٠٠٠ ئازەربایجانی، ١٥٠٠٠ فارس، ٢٥٠٠٠ عەرەب، و ٢٠٠٠٠ کەس لە هۆزەکانی دیکە وەك تورکمان و ئاسوری و ئەرمەنی. سەدی هەشتاوپێنجی دانیشتووانی کوردستان لە لادێ و تەنیا سەدی پازدەی لەشار دەژین. گەورەترین شاری کوردستان کرماشانە لە ئێران کە ژمارەی دانیشتووانی دەگاتە ١٥٠٠٠٠کەس، پاشان کەرکووك لە عیراق[٢٨] (٧٨٦٤٨کەس) و دیاربەکر لە تورکیا (٦٣١٠٨کەس)❖

---

[٢٨] شۆوێنیستە مەزنی خوازەکانی تورکیا بێهوودە هەوڵ دەدەن نیسبات بکەن کەرکووك شارێکی تورکمانی واتە تورکیە. شتێکی ئاشکراشە کە شاری کەرکووك شارێکی زۆر کۆنی کوردەو هەمیشە زۆربەی دانیشتووانی کورد بوون. "سێ لە چواری دانیشتووانی شارەکە کوردەو ئەوانی تریان تورك و عەرەب و هی ترن" ئەوە عەینی شتێکە کە لە "قاموس الاعلام" دا نووسراوە. (بە زمانی تورکی، بەرگی پێنجەم، ئەستەنبووڵ ١٨٩٦ ل٣٨٠٢).

❖ ئەگەر وا دابنێین نیسبەتی کورد و دانیشتووانی کوردستان لە تورکیاو ئێران و عیراق و سووریا نەگۆڕاوەو بە پێی جەدوەلی ژمارە (٤) ژمارەیان حیساب بکەین، دەتوانین بۆ ساڵی ١٩٧٠

## ٣ـ ئایین:

زۆربەی کوردەکان موسوڵمانن و زۆرتری کوردە موسوڵمانەکانیش سوننین. لە جنووبی کوردستان لە مەڵبەندی کرماشان و لوڕستان[٢٩] و لە شیمال لە

---

جەدوەلێکی تازە بەم جۆرەی خوارەوە رێك بخەین. ژمارەی دانیشتووانی وڵاتەکان لە: Monthly Bulletin of Statistics, November 1971 U.N. New York 1971 وەرگیراوە.

| ناوی وڵات | ژمارەی دانیشتووانی | ژمارەی دانیشتووانی کوردستانی وڵاتەکە | ژمارەی کورد لە وڵاتەکە |
|---|---|---|---|
| تورکیا | ٣٥٥٦٣٠٠٠ | ٦٧٥٦٩٧٠ | ٦٤٠١٣٤٠ |
| ئێران | ٢٨٢٥٨٠٠٠ | ٤٨٠٣٨٦٠ | ٤٥٢١١٢٨٠ |
| عیراق | ٩٦٩٠٠٠٠ | ٢٢٢٨٧٠٠ | ٢١٣١٨٠٠ |
| سووریا | ٦١٨٢٠٠٠ | ٦١٨٢٠٠ | ٦١٨٢٠٠ |
| تێکرا | ــــ | ١٤٤٠٧٧٣٠ | ١٣٦٧٢٦٢٠ |

ئەگەر ژمارەی ئەو کوردانەش کە لە دەرەوەی ئەم چوار وڵاتە دەژین (لە یەکیەتیی سۆڤیەتی، ئەفغانستان، و هتد...) زیاد بکەین ژمارەی کورد دەبێتە (١٤٠٢٢٦٢٠). ئەگەر خێرایی هەڵدانی دانیشتووانی کوردستان بۆ ساڵی ١٩٧٢ حیساب بکەین ئەودەم ژمارەی دانیشتووانی هەموو کوردستان دەگاتە (١٥٣٠٠٠٠٠) و ژمارەی کورد دەبێتە (١٤٤٩٣٠٠٠).

دیارە ژمارەی دانیشتووانی شارە هەرە گەورەکانی کوردستانیش بەپێی ئەو حیسابە لە ساڵی ١٩٧٢دا بەم جۆرە زیادی کردوە: کرماشان ٢٨٢٥٣٨، (سرشماری عمومی نفوس و مسکن جلد بیست و هشتم شهرستان کرماشان ١٩٦٧)، کەرکووك ٢٥٨٨٦١ (المجموعة الاحصائية السنوية ١٩٦٩ بغداد)، دیاربەکر ١٤٥٤٥٩ (Turkiye Istatistik Yilligi 1968 Ankara, S.32.).

[٢٩] تا ئێستاش لوڕو لوڕستان لەنێوان رۆژهەڵاتناسەکان و کوردەکانیش دا جێگای باسن. لێرەدا دوو ڕای سەرەکی هەیە، یەکیان کە لەنێو کورد دا زیاتر لایەنگری هەیە دەڵێ لوڕەکان و بەختیاری-یەکان کوردن، و رایەکەی دیکە بە دوو نەتەوەی سەربەخۆیان دادەنێ کە لە نەتەوەی کورد نیزیکن، بەڵام بەشێك لەو نەتەوەیە نین. ژمارەی لوڕەکان دەگاتە ٦٥٠٠٠٠ کەس و هی بەختیارییەکان دەگاتە ٤٠٠٠٠٠ کەس. هەرچەند ئێمە نامانەوێ بە درێژی باسی ئەو مەسەلەیە بکەین، بەڵام پێویستە نەزەرێکی روونمان لەو بارەیەوە هەبێ. پاش لێکۆڵینەوەی دوو رایەکەی پێشوو و هەلومەرجی عەینیی مەڵبەندەکە بە نەزەری ئێمە باشتر وایە لەنێوان لوڕو بەختیاری دا فەرق دابنرێ. لوڕەکان لە شیمالی چۆمی ئاودز بۆ لای شاری کرماشان دادەنیشن، لەکاتێك دا بەختیارییەکان کەوتوونە مەڵبەندی جنووبی ئەو چۆمە بۆ لای رۆژهەڵات. ئێمە لوڕەکانی دانیشتووی شیمالی چۆمی ئاودز بە کورد دەزانین و مێژووش ئیسباتی کردوە کە لوڕو کورد هەمیشەو تا ئێستا دراوسێی یەکتر بوون. ئەمجار کورد لە عەشیرەتی گۆتی کەوتوونەوەو لوڕەکانیش پاشماوەی عەشیرەتی لوولوویین. ئەوانەش دوو عەشیرەت لە عەشیرەتەکانی زاگرۆسن کە لە ٢٥٠٠ ساڵ پێش میلادەوە لە مەڵبەندی

مەڵبەندی دەرسیم ژمارەیەکی کەم کوردی شیعە دەژین و لە مەڵبەندی مووسڵ لە عێراق و لە تورکیا نیزیکەی ١٠٠٠٠٠ کەس کوردی ئێزدی هەن کە پێغەمبەرەکەیان ناوی "مەلەك تاوس"ە. دینی ئێزدییەکان لە ئەسڵ دا دینی زەردەشتە کە دینی گەلەکانی ئێران بوو، بەڵام لە ئەنجامی تەئسیری ئایینی ئیسلام و مەسیح دا هێندێك لە ئوسووڵی ئەو دوو ئایینەی چۆتە نێو.

لەنێو کورددا بێجگە لەوانە پەیڕەوانی ئایین و مەزهەبی دیکەش وەك مەسیحی و علی‌اللهی و عەلەوی یا ئەهلی حەق و جوولەکە هەن.

سەرۆکەکانی تەریقەتی سوننی بە شێخ ناو دەبرێن کە تا ئێستاش لەزۆر مەڵبەندی کوردستان دا نفووزێکی زۆریان هەیە. تەریقەتی قادری و نەقشبەندی گرنگترین تەریقەتێکن کە تا ئێستاش ماون.

---

زاگرۆسی جنووبی دا پێکەوە ژیاون. (رشید یاسمی: "کرد و پیوستگی نژادی او"، به فارسی، تاران، ١٩٥٦، ل٢٣) ئەو مەڵبەندەش ناوچەیەکی سەربەخۆ بووە، و هەتا سەدەی سێزدە کوردستانی ئێران بە لورستانیشەوە بەشێك بووە لەو مەڵبەندە کە عەرەبەکان پێیان دەگوت مەڵبەندی کوێستان.

لەهجەی لوڕییش ئەوەندە وەك زمانی کوردی دەچێ کە لە نێوان لەهجەی کوردیی کرماشان و لەهجەی لوڕی دا هیچ جیاوازی نیە. ئەوە لەگەڵ رووحی نەتەوایەتیی لوڕەکان و شارستانیەتی لوڕەکانیش دێتەوە. کتێبی (شەرەفنامە) کە ساڵی ١٥٩٦ ئەمیر شەرەفخانی بتلیسی لەسەر مێژووی کورد نووسیویەتی و ساڵی ١٨٦٠ بۆ یەکەم جار لە پیتروبۆرگ بڵاو کراوەتەوە، کوردەکان دەکاتە چوار بەش: ١ـ کرمانج، ٢ـ لوڕ، ٣ـ کەلهوڕ، ٤ـ گۆران. لەو وتانەی خوارەوەش دەردەکەوێ کە کوردو لوڕ لە نەزەر مێژوونووسان دا یەك نەتەوەن: **"کەریم خان سەرۆکی عەشیرەتی لوڕ بوو کە لە مەڵبەندی زەند دەژیان"**. (گەلانی ئاسیای نێوەڕاست ـ بە زمانی رووسی ـ مۆسکۆ ١٩٥٧ ل٢٦٦). **گرنگترینی ئەو عەشیرەتانە کە بە زمانی کوردی قسەیان دەکرد، لە سەدەی هەژدەدا عەشیرەتی زەند بوو... ئەو عەشیرەتەی تەختی پاشایەتیی ئێرانی هێنایە دەست خۆی"** (دوکتور هدایتی "تاریخ زند" بە فارسی، تاران، ١٩٥٦، ل٧٨). هەر لەو سەرچاوەیەدا دەڵێ: **"لە خوررەم ئابادیش (واتە پێتەختی لوڕستان ـ د.) ژمارەیەك لە عەشیرەتە کوردەکان پێشوازیەکی گەرمیان لە کەریم خان کرد."**.

کاتێك (رووسۆ) لە سەدەی هەژدەدا عەشیرەتەکانی لوڕی دەژمارد باسی کەلهوڕو موکری و زەنگەنەی کرد کە ئێستا هەموو لایەك بە کوردیان دەزانن.

بەو جۆرە دەتوانین برِوامان وابێ کە زۆربەی لوڕەکان لەپاش گەشەکردنی پێوەندییە ئابووری- یەکان و جێگیر بوونی نەتەوەی کورد، دەبن بە بەشێك لە گەلی کورد.

J: Rousseau: Notice Historique Sur la Perse Ancienne et Moderne et ses Peuples en General, Marseille 1818.

هەرکام لە شێخە گەورەکان ژمارەیەکی زۆر لایەنگریان هەیە کە پێیان دەڵێن مرید ـ سۆفی و دەروێش ـ بەتایبەتی لە لادێ، ئەوانە پەیڕەوی خەلیفەن کە نوێنەری راستەوخۆی شێخە. هەموو مریدێك دەبێ بە لانی کەمەوە ساڵێ جارێك بچێتە زیارەتی شێخ و دیاری‌یەکی باش لەگەڵ خۆی بەرێ و لەبەرامبەردا بەرەکەت وەربگرێ. لەوە زیاتر لەنێو کوردی سوننی‌دا ناوەندێکی دەسەڵاتداری ئایینی نیە. بەڵکوو مەلا پاش ئەوەی خوێندنی تەواو کرد، لەلای مەلایەکی گەورەو بەناوبانگ ئیجازە وەردەگرێ و پاشان دەست بەکاری مەلایەتی دەکا. مەلا لەسەرەتای کارەوە بێجگە لەو بەراتەی موسوڵمانان دەیدەنێ، داهاتێکی نیەو زۆر وایە لە لادێ کە هەژاری و نەداری زۆرە، مەلا ناچارە بۆ بەڕێوەچوونی خۆی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بکا. بەم جۆرە مەلا لەگەڵ خەڵك دەژی و وەك خەڵك کار دەکاو لەبەر ئەوەی مەلا بەتایبەتی لە زۆر گوندی کوردستانی ئێران تەنیا کەسی خوێندەوارە، زۆر جار نەخشی زۆر باش لە جووڵانەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی‌دا یاری دەکا. کەچی زۆربەی شێخەکانی کوردستان بەرهەڵستیی خەباتی زەحمەتکێشان دەکەن و تەنانەت هێندێکیان پشتی سیاسەتی کۆنەپەرستانەی حکوومەتی ئەو وڵاتەو هێزە ئیمپریالیستی‌یەکانیش دەگرن.

### گـ زمان و ئەدەب:

زمانی کوردی دەچێتەوە سەر کۆمەڵە زمانەکانی ئێرانی کە لقێکە لە زمانە هیندو ئورووپایی‌یەکان، کە کوردی و فارسی و ئەفغانی و تاجیکی دەگرێتەوە. هەرچەند کوردەکان ماوەیەکی زۆر لەژێر دەسەڵاتی تورك و عەرەب دا بوون و ئەگەرچی کاربەدەستانی تورکیاو ئێران بەتایبەتی پاش شەڕی یەکەمی جیهانی سیاسەتی تواندنەوەی کوردیان گرتۆتەبەر، بەڵام زمانی کوردی وشە رەسەنەکانی خۆی پاراستوەو لەگەڵ ئەوەی بەکارهێنانیشی قەدەخە کراوە زۆر کەم چۆتە ژێر تەئسیری زمانی عەرەبی و تورکی[٣٠].

---

[٣٠] هەرچەند زمانی کوردی بەچەند لەهجە دابەش بووە، دیسانیش سروشتە تایبەتی‌یەکانی بە چەشنێکی بەرچاو تێدا ماون.

B. Nikitine: Les Kurdes, Paris 1956, P.9.

زمانی کوردی تا ئێستا شێوەیەکی ئەدەبیی یەکگرتووی نیە، و ئێستا دوو لەهجەی سەرەکیی هەیە: کرمانجی و سۆرانی. لەهجەی کرمانجی لە پارچەکانی شیمالی رۆژئاوای کوردستان بەکار دەبرێ کە زۆربەی کوردی تێدا دەژی و هەموو کوردەکانی کوردستانی تورکیا دەگرێتەوە بێجگە لە دەوروبەری دەرسیم کە بە لەهجەی زازا قسە دەکەن. کرمانجی هەروەها لە سووریاو لە مەڵبەندی مووسڵ لە عیراق و لە مەڵبەندی شیمالی ورمێ لە ئێرانیش بەکار دەبرێ.

لەهجەی سۆرانییش[٣١] کوردەکانی بەشی جنووبی رۆژهەلاتی کوردستان یانی زۆربەی کوردەکانی عیراق واتە لە رەواندزەوە بەرەو جنووب و هی ئێران واتە لە ورمێوە بەرەو جنووب قسەی پێ دەکەن.

هەتا شەڕی یەکەمی جیهانی لەهجەی کرمانجی لەهجەی ئەدەبیی کوردی بوو، بەلام پاش قەدەخەکرانی زمانی کوردی لە تورکیاو سووریای ئێستا لەبەر بەهێزبوونی خەباتی رزگاریخوازی نیشتمانیی کوردەکانی عیراق و ئێران لەهجەی سۆرانی بەسەر ئەدەبی کوردی دا زاڵ بوو.

لەهجەی سۆرانی لە سەردەمی کۆماری دێموکراتی مەهاباد لەنێوان ١٩٤٥ـ١٩٤٦دا لە ئێران تا رادەیەکی زۆر پێش کەوت و لەپاش سەرکەوتنی شۆرشی ١٤ی ژووئیەی عیراق کە لە قانوونی ئەساسیی کاتیی عیراق دا دان بە بوونی کورد دا نرابوو، ئەدەبی کوردی لە کوردستانی عیراق زۆر بە توندی پەرەی گرت و بەم جۆرە سۆرانی بوو بە لەهجەی ئەدەبیی کوردیی ئێستا.

پێویستە ئەوەش بگوترێ کە لەنێوان ئەو دوو لەهجەیەدا فەرقێکی زۆر نیەو لە ئەساس دا یەك زمانن: چونکە وشە رەسەنەکان و رێزمانی هەردووکیان وەك یەکە.

---

[٣١] لەجیاتی وشەی سۆرانی وشەی کوردی، موکری، یا سولەیمانی بەکار دەبرێ، بەلام وشەی سۆرانی لە هەمووان راست ترە. چونکە هەموو لەهجەکان بێجگە لە کرمانجی دەگرێتەوە، لە کاتێك دا موکری تەنیا لەهجەی مەڵبەندی مەهابادو سولەیمانی و دەوروبەری سولەیمانی دەگرێتەوە. وشەی "کوردی"ش بۆ هەموو زمانی کوردی بەکار دەبرێ. وشەی کرمانج لە مەڵبەندی نێوان مەهابادو سولەیمانی دا بە مانای جووتیارەو بۆیە بە جووتیار دەڵێن کرمانج با هیچ پێوەندییشی بە لەهجەی کرمانجییەوە نەبێ. ـ د. بڕوانە "ئێرانی ئێستا" بە زمانی رووسی، مۆسکۆ، ١٩٥٧، ل٦١.

**"پێویسته بگوترێ که سەرەڕای بوونی چەشنە جیاوازییەك لەنێوان کوردی ـ یانی سۆرانی ـ و کرمانجی دا زۆر هاسانە کوردێکی شیمالی ڕۆژئاوا لەگەڵ کوردێکی جنووبی ڕۆژهەلات لە یەکتر تێبگەن"**[٣٢]

زمانی کوردی لە عیراق و ئێران بە پیتی عەرەبی دەنووسرێ و لە سووریا بە پیتی لاتین و لە یەکیەتیی سۆڤیەتی بە پیتی رووسی، لە تورکیاش کە زمانی وڵاتەکە بە پیتی لاتینی دەنووسرێ، هیچ چەشنە چاپەمەنییەك بە زمانی کوردی نیە. بێگومان نەبوونی شێوە نووسینێکی یەکگرتوو بۆ زمانی کوردی، تەئسیرێکی خراپی بۆ گەشەکردنی زمانەکە هەیەو لە راستیدا کۆسپێکی گەورەی سەر رێگای پێك هاتنی زمانی یەکگرتووی ئەدەبیی کوردییە لە هەموو کوردستان دا. دیارە پیتی لاتینی بۆ نووسینی زمانی کوردی لە هەموو پیتەکان باشترە.

زمانی کوردی فێربوونی کەمێك هاسانەو ئەگەر پیتی لاتینی بەکار بهێنرێ، نەخوێندەواری زووتر لەنێو دەچێو بێگانەش زمانەکە هاسانتر فێر دەبێ.

زمانی کوردی لە تورکیاو ئێران و سووریا قەدەخەیەو هیچ قوتابخانەیەکی کوردی نیەو خوێندن و تەنانەت لێپرسینەوەی دادگاش بە زمانەکانی تورکی و فارسی و عەرەبییە. تەنیا لە عیراق پاش شۆرشی ١٤ی ژوویەی ١٩٥٨ بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی بۆ خوێندنی کوردی دامەزراوە، کە ئەرکی گشتی کردنی خوێندنی کوردیی لە هەموو قوتابخانە سەرەتاییە کوردییەکان دا وەئەستۆ گرتوە.

لە زانستگەی بەغداش دا بۆ پێگەیاندنی مامۆستا لەو مەیدانەدا بەشێك بۆ زمان و ئەدەب و مێژووی کوردی کراوەتەوە.

لە ئەرمەنستانی سۆڤیەتی لە مەدرەسە کوردییەکان دا زمانی کوردی دەخوێندرێ و رۆژنامەی "ریا تازە" ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی کمونیستی ئەرمەنستان لەمێژساڵە بەکوردی دەردەچێ و بۆ گەشەپێدانی زمان و ئەدەبی کوردی و کوردناسی زۆر هەوڵ دەدرێ. بێجگە لەوەش لە مۆسکۆو لینینگرادو باکۆ ژمارەیەك لە زانایان بۆ لێکۆڵینەوە لەو مەیدانەدا تەرخان کراون.

---

[٣٢] "ئێرانی ئێستا" بە زمانی رووسی، مۆسکۆ، ١٩٥٧، ل٣٤.

نەتــەوەی کــورد شــانازیی فەرهــەنگێکی لەمێژینــەی هەیــە، بــەڵام داگیرکــەرە بێگانەکان بەتایبەتی تورك و فارسەکان کە نەخشــەی بێشــەرمانەی تواندنــەوەی کوردیان بەدەستەوەیە، بەرهەمە فەرهەنگی‌یەکانی کوردیان یا داگیر کردوە، یـان لەناویان بردوە[٣٣].

لەگەڵ هەمووی ئەوانەش دا ئەو فەرهەنگە لەمێژینەیە لـەنێو نەچـووە، ئێمـە هەر ئێستاش لـە هـەموو ناوچـەکانی کوردسـتان شـوێنەواری ئـەو فەرهەنگـەمان چـنگ دەکـەوێ و پاشمـاوەی سـەردەمەکانی رابـردوو دەری دەخـا کـە کـوردە "کێوی‌یـەکانی" ئـەمڕۆ شارسـتانیەتیەکی پێشـکەوتوویان هـەبووەو بـە ژیـانێکی سەربەخۆو دوور لە دەسەڵاتی بێگانە ژیاون.

هەموو ئەو رۆژهەڵاتناسانەی خەریکی کوردناسین لەسەر ئەوە یەکدەنگن کـە فۆلکلۆری کوردی زۆر دەوڵەمەندەو لەبەر ئەوەی میللەتەکە نەخوێندەوار بووە لە رێگـای ئـەو بـەیت و گـۆرانی‌یانـەوە کـە مێـژووی شـەڕەکانی کـەوناراو دڵـداری دەگێڕنەوە پشت بە پشت بە میرات هاتوەو لەبیر نەچۆتەوە.

بۆ نموونە دەتوانین لە هەر ناوچـەیەکی کوردسـتان گـۆرانیی ئـەوتۆمان گـوێ لـێ بێ کە زیاتر لە سەعاتێك وەخت دەگرێ و باسی قارەمانەتیی گـەلی کـورد لـە خـەبات دژی داگیرکـەرانی بێگانـە دەگێڕێتـەوە. ئێسـتاش لـە هـەموو شـوێنێکی کوردستان بەیتی دم دم لەسەر زارانە کە باسی خەباتی کوردەکان دژی لەشـکری شاعەبباس لە چەرخی حەڤدەدا دەکا.

ئەدەبی کوردی پـڕە لـە چیرۆکی نەتەوایـەتی. ئێسـتا دەتـوانین زۆر شـێعری ئەوتۆ پەیدا بکەین کـە بـۆ چـەرخی حەڤـدە دەگەڕێتـەوەو باسـی بەربـەرەکانیی پەلاماری عەرەب دەکا. سەیر ئەوەیە ئـەو شـیعرانە کـە بـە زمـانی ئـەو رۆژگـارە نووسراون ئێستاش خەڵك تێیان دەگا.

پیری شالیار کاهینی زەردەشتی ریزە شێعرێکی بـەناوی "ماریفـەت" لـەپاش خۆی بەجێ هێشتوە کە تا ئەمڕۆش خوێنەران حـەزیان لـێدەکەن. "ماریفـەت" بە کوردی‌یەکی زۆر پـەتی و پاراو و جوان نووسراوە.

---

[٣٣] ئەنسکلۆپیدیای گەورەی سۆڤیەتی، "وشەی کورد" بەرگی ٢٤، ل٩.

زمانی کوردییش وەك فارسی زمانی شاعیرانە. چونکە نەسر نووسین لە کۆن دا زۆر کەم بووە، بەلام شاعیر زۆر بوون تا ئێستاش زۆرن. گەورەترین شاعیرەکان بریتین لە: باباتاهیر (٩٣٥ــ١٠١٠) کە بە لەهجەی لوری شێعری گوتوەو ناوبانگی چوارینەکانی لە دەرەوەی کوردستان بلاو بۆتەوە،[٣٤] و مەلای جزیری کە شاعیرێکی گەورەی چەرخی دوازدەیە، گەورەترین شاعیری ئەدەبی نەتەوایەتی ئەحمەدی خانییە (١٦٥٠ــ١٧٠٦) کە دیوانەکەی "مەم و زین" بەرزترین پلەی ئەدەبی کوردیی سەردەمی دەرەبەگایەتییە، مەولەوی (١٨١٥ــ١٨٩٢) شاعیری گەورەی غەزەل بێژ کە لە کوردستانی جنوویی ژیاوەو کۆیی (١٨١٥ــ١٨٩٢) کە خەلکی بۆ خەبات لەپێناوی ئازادی و سەربەخۆیی دا هان داوە.

لە شاعیرە گەورەکانی سەدەی بیستەم دەتوانین پیرەمێرد (١٨٦٧ــ١٩٥٠) و ئەحمەد موختار جاف (١٨٩٧ـ١٩٣٥)و بێکەس (١٩٠٥ــ١٩٤٨) ناو بەرین. ئەمڕۆ بەناوبانگترین شاعیرەکان لە ئێران هەژارو هێمن، لە سووریا قەدریجان* و لە یەکیەتیی سۆڤیەتی ئەودال و شەمۆن.

گومان لەوەدا نیە کە عبداللە گۆران (کە سالی ١٩٦٢ لە عیراق کۆچی دوایی کردوە) چ لە نێوەرۆکی شیعرەکانی داو چ لەو شێوە تازانەدا کە لە شێعردا دای-هێناون و چ لە رەوانی و بژارکراویی ئەو کوردییەدا کە شێعری پێ گوتوە، گەیشتۆتە لووتکەی ئەدەبی نوێ و شێعری لە قەیدو بەندی شێعری کلاسیکی کوردی رزگار کردوەو بەو هۆیەوە ئاسۆیەکی نوێی بۆ گەشەکردنی زیاتری شیعری کوردی کردۆتەوە.

ئەدەب و هونەری کوردی پاش شۆرشی ١٩٥٨ لە عیراق دا بە چەشنێکی بەرچاو پێش کەوتوەو هیوای ئەوەی لێدەکرێ کە نەك هەر شاعیری تازە پەیدا بن، بەلکوو نووسەری باشیش هەلکەون[٣٥].

---

[٣٤] بیروباوەرێکی دژی دەرەبەگایەتی لەناو گەل دا بلاو دەکردەوە... لە شیعرەکانی دا بە توندی دژی زولم و زۆری کۆمەلایەتی دواوە. هەروەها دژی ئاغا گەورەکان و فەرمانرەواکان بوو" (مێژووی جیهان، پراگ، ١٩٦٠، بەرگی سێهەم، ل٥٠٢ چاپی چیکی).

* سالی ١٩٧٢ کۆچی دوایی کرد.

[٣٥] بێجێ نیە بگوترێ کە زۆر لە شاعیرو نووسەرو زاناکانی کوردو هتد... کتێب و نووسراوەکانیان بە زمانی عەرەبی و فارسی نووسیوەو تا ئێستاش هەر وایە. ئێمە لێرەدا هەر باسی ئەوانەمان کردوە کە بە زمانی کوردییان نووسیوە. ـ د.

## ٥ـ خوێندن:

سەدی هەشتای دانیشتووانی کوردستان نەخوێندەوارن. حکوومەتەکانی ئێران و تورکیا هیچ هەنگاوێکیان بۆ بڵاوبوونەوەی خوێندنی تازە لەنێو کورددا هەڵنەهێناوە، لە کوردستان زانستگە هەر نیەو قوتابخانەی ناوەندییش زۆر کەمن، هەروەها قوتابخانە سەرەتاییەکانیش زۆر کەمتر لە پێداویستیی دانیشتووانن. ئەگەر بۆ نموونە ناوچەی مەهاباد لە ئێران بخەینە بەرچاو دەبینین کە ژمارەی دانیشتووانی دەگاتە ٢٥٠هەزار کەس، لە کاتێك دا لە جەدوەلی ژمارە (٥) دەردەکەوێ تەنیا حەفدە قوتابخانەی لێیە.

جەدوەلی ژمارە (٥)
ساڵی خوێندنی ١٩٥٤ـ١٩٥٥[٣٦]

| | سەرەتایی | | ناوەندی | |
|---|---|---|---|---|
| | کورانە | کچانە | کورانە | کچانە |
| ژمارەی قوتابخانە | ٨ | ٤ | ٣ | ١ |
| ژمارەی قوتابیان | ١٦٥٠ | ٥٥٨ | ٣٣٩ | ٥٦ |

واتە هەمووی دوازدە قوتابخانەی سەرەتایی هەیە کە ٢٢٠٨ قوتابیان تێدایەو پێنج قوتابخانەی ناوەندییش کە ٣٩٥ قوتابی دەرسیان تێدا دەخوێنن. لە هەموو کوردستان دا نیزیکەی ٣٠٠ قوتابخانەی سەرەتایی و ٣٠ قوتابخانەی ناوەندی هەیە واتە قوتابخانەیەك بۆ زیاتر لە دە هەزار کەس.

لە هەموو کوردستان دا تیئاترێکی هەمیشەیی نیەو سینەماش تەنیا لە شارە گەورەکان هەیە. بۆ نموونە لە هەموو کوردستانی ئێران ١٠ سینەما هەیە یانی بۆ هەر ٣٠٠ هەزار کەس سینەمایەك.

وەزعی خوێندنی ژنان زۆر لەوەش خەراپترە لە شار ٩٥٪ی ژنان و لە لادێ هەموویان نەخوێندەوارن❖.

(٣٦) تقویم فرهنگی مهاباد ١٩٥٤ـ١٩٥٥، ل١٤٥.

❖ بەگوێرەی "سرشماری عمومی نفوس و مسکن (جلد ٥٥) شهرسان مهاباد، ١٩٦٧" لە شارستانی مەهاباد سەدی هەشتاوشەشی خەڵك نەخوێندەوارن، لە شاری مەهاباد دوازدە هەزار کەس

## ٦ــ لەشساخی:

ئاو و هەوای کوردستان لەچاو مەڵبەندەکانی دراوسێی زۆر سازگارەو کانیاوی خاوێن لە لادێ زۆرە، لەگەڵ ئەوەش دا زۆر کەس بەدەست نەخۆشیی سیللی ریخۆڵەو تەراخوم و مالاریاو هی ترەوە دەناڵێنن کە لەزۆر ناوچەی کوردستان دا بڵاو بوونەوە. زۆر بە کەمی پزیشك روو دەکاتە دێیەکانی کوردستان و تەنانەت

---

کە تەمەنیان لە حەوت ساڵ زیاترە نەخوێندەوارن، ٦٠٪ی تەواوی ئەو کەسانەی کە تەمەنیان لە دە ساڵ زیاترە خوێندن و نووسین نازانن، لەو منداڵانەی کە تەمەنیان لەنێوان حەوت هەتا پازدە ساڵە (تەمەنێك کە سەردەمی چوونی مەدرەسەیە) هەزارو چوارسەد کەسیان ناچنە مەدرەسە. واتە لە هەر چوار منداڵ یەکێکیان نەخوێندەوارە.

سەدی حەفتاوپێنجی ژنانی مەهاباد نەخوێندەوارن، لە هەر پێنج کچ کە تەمەنیان لە نێوان حەوت هەتا پازدە ساڵ دایە دوانیان ناچنە مەدرەسە.

لە دێیەکانی شارستانی مەهاباد ٩٤٪ی خەڵك نەخوێندەوارە لە نێو ژنان دا نیسبەتی نەخوێندەواری دەگاتە ٩٩٪.

لە هەموو شارستانی مەهاباد ١٣٢ کەس زانستگەیان تەواو کردوە، لەوانە تەنیا یازدە کەسیان ژنن. تەواوی ناوچەی شارستانی مەهاباد تەنیا ١١ موهەندیس و ٢١ پزیشکی تێدایە. بۆ هەر ٧٢٠٠ کەس پزیشکێك هەیە. لە بۆکان تەنیا شەش کەس زانستگەیان تەواو کردوە، کە لەوانە دوو کەسیان پزیشکن، موهەندیسیان نیە.

جەدوەلی خوارەوەش رادەی خوێندەواری لە کوردستانی تورکیامان بۆ دەردەخا.

| ناوچە | رادەی خوێندەواریی هەموو دانیشتووان بە ٪ | رادەی خوێندەواریی ژنان بە٪ |
|---|---|---|
| ئاگری | ٢٦ | ٩ |
| بتلیس | ٢٣/٧ | ٩/٤ |
| دیاربەکر | ٢٥/٨ | ١١/٤ |
| هەکاری | ١٧/٦ | ٣/٩ |
| سیرت | ٢١ | ٧/٨ |
| وان | ٢٤ | ٩ |
| هەموو تورکیا | ٤٨/٧ | ٣٢/٨ |

لەو جەدوەلەدا بەڕوونی دەردەکەوێ کە نیزیکەی سەدی حەفتاوپێنج تا سەدی هەشتای دانیشتووانی کوردستانی تورکیا نەخوێندەوارن. لە کاتێك دا کە لە هەموو تورکیا ئەو نیسبەتە سەدی پەنجایە. لەناو ژنان دا رادەی نەخوێندەواری دەگاتە سەدی نەوەدوشەش، کەچی لە هەموو تورکیا لە سەدی حەفتا کەمترە. ـ د.

له شارەكانیش دا به كەمی نەبیٚ پزیشك چنگ ناكەویٚ. تا ئیٚستاش پزیشك و دەرمان بۆ زەحمەتكیٚشانی كوردستان ئاواتیٚكی دوورەدەستە. وەزعی نەخۆشخانەكان شپرزەتریشە، له هەموو كوردستانی ئیٚران تەنیا ٢٥٠ـ٣٠٠ تەخت له نەخۆشخانەكان دا هەیه، واته بۆ هەر ده هەزار كەس تەختیٚك هەیه ❖.

❖ له هەموو لادیٚیەكانی ناوچەی سەقز له ئیٚران كه ٧٤١١٢ كەسیان تیٚدا دەژی، بۆ نموونه تەنیا له دوو دیٚ نەبیٚ كه دەستیان به پزیشك رادەگا له هیچ كویٚیەكی تر تەنانەت دەرمانگایەكیش نیه. (سرشماری عمومی نفوس و مسكن جلد بیست و چهارم ١٩٦٨ شهرستان سقز) ئەوە بە باشی دەری دەخا كه له ماوەی ١٠ـ١٥ ساڵی رابردوودا هیچ كاریٚك بۆ باشتر كردنی وەزعی لەشساخیی دانیشتووانی كوردستان نەكراوە. ـ د.

# فەسڵی دووهەم

## ئاوڕێك بۆ سەر مێژوو

### ١ـ رەسەنی کورد

نەتەوەی کورد دەچێتەوە سەر کۆنترین نەتەوەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە بە لانکی شارستانیەتی کۆن دەناسرێ. لەبەر ئەوەی تا ئێستاش لێکۆڵینەوەی پێویست لەسەر مێژووی کورد نەکراوە، زۆر بیروڕای جیاواز لەسەر رەسەنی کوردو پەرەئەستاندنی مێژوویی کورد هەیە[١]. هێندێك لە "مێژوونووسان" بە ئەنقەست راستییە مێژووییەکان بەراوەژوو نیشان دەدەن، بۆ ئەوەی بەهێنانەوەی هێندێ بەڵگەی بێئەساس ئیسبات بکەن کە کورد لە رەگەزی سامییە یان تورکە. هێندێکی تر خزمایەتیی نێوان زمانی فارسی و کوردی و ئەوە کە هەردوو زمانەکە دەچنەوە سەر لقی زمانە ئێرانییەکان دەکەنە بەڵگەی ئەوە کە کورد بە فارس دابنێن. بە کورتی دان بە بوونی کورد وەك نەتەوەیەکی سەربەخۆ دانانێن و پەرەئەستاندنی مێژوو بەراوەژوو نیشان دەدەن.

---

[١] لەبارەی رەسەنی کوردەوە چیرۆکێکی زۆر هەیە. نیزیکەی هەزار ساڵ لەمەوبەر فردوسی یەکێك لەوانەی بە شێعر دارشتوە، کە لە (شانامە)دا هەیە. ئەو چیرۆکە دەڵێ: لە رۆژگاری کۆن دا پادشایەك هەبوو بەناوی ئەژدەهاك، کە زۆر لەگەڵ رەعیەتەکانی خراپ بوو، دڵڕەشیی ئەو پادشایە لەوەڕا دیار بوو کە دوو مار لەسەر هەردووك شانی روابوون، خواردنی رۆژانەی هەر کامێکیان مێشکی لاوێك بوو. خەڵك لەدەست ئەو زوڵم و زۆرە بێزار ببوو، و لە وڵات دا هیچ ماڵێك نەمابوو بەدەستی ئەو پادشا بێبەزەییە تازیەبار نەکرابێ و قوربانیی نەدابێ. زۆر کەس سەری لێ شێوابوو، و نەیان دەزانی چۆن خۆیان لەو زوڵم و زۆرە رزگار کەن. هەتا لە دوایی دا دوو کەس بەناوی ئەرمایل و گەرمایل کە دۆستی یەکتر بوون، فێڵێکیان دۆزیەوە بۆ ئەوەی کەمێك لە دەردو ئازاری خەڵك کەم بکەنەوە. ئەو دوو دۆستە لەگەڵ ئاشپەزی پادشا رێك کەوتن کە رۆژی تەنیا ئادەمیزادێك بکوژێ و لەباتی ئەوی تریان مەڕێك سەر ببڕێ و مێشکی لەگەڵ مێشکی لاوەکە تێکەڵ بکاو بیدا بەو مارە نەوسنانە. ئەو کەسەش کە بەو فێڵە رزگاری دەبوو دەیان ناردە دوورترین دەشت و چیاکان و تازە کەس نەی دەدیتەوە. بەم جۆرە هەموو مانگێك ٣٠ لاو دەچوونە کێوەکان و هەر کە ژمارەیان دەگەیشتە ٢٠٠ کەس، ئاشپەزەکە چەند سەرێك بزن و مەڕی بۆ دەناردن بۆ ئەوەی بەخێویان بکەن و پێیان بژین. رەگەزی کورد دەچێتەوە سەر ئەو لاوانە کە لە چەنگ مارەکانی ئەژدەهاك دەرباز بوون. ـ د.

ئەمڕۆ زانست دەری خستوە کە کورد لە تۆرەمەی عەشیرەتەکانی زاگرۆسە (گۆتی و لوولووبی و هی‌تر)، کە لە رۆژگاری کۆن دا لە مەڵبەندی چیاکانی زاگرۆس نیشتەجێ بوون و لەگەڵ عەشیرەتەکانی (هیندو ئورووپایی) کە لە هەزارەی دووهەمی پێش زایین دا هاتوونە ئەو مەڵبەندە تێکەڵاو بوون. بەڵگە مێژوویی‌یەکانی سەردەمی ئەکاد دەری دەخەن کە عەشیرەتی لوولووبی و گۆتی ٢٠٠٠ ساڵ پێش زایین پێوەندی‌یان لەگەڵ ئەکادی‌یەکان دامەزراندوەو تەنانەت چەند کەسێکیش لەو دوو عەشیرەتە لە دەوڵەتی ئەکاددا فەرمانڕەوایی‌یان کردوە[٢].

لەسەر ریشەی وشەی "کورد"یش ناکۆکی هەیە. هێندێك دەیبەنەوە سەر وشەی کوردخۆی کۆن کە گەزەنفۆن باسی کردوە، و هێندێکی تر دەیبەنەوە سەر کۆرتیەکان کە لە نیزیك گۆلی ورمێ ژیاون. گەزەنفۆن ساڵی چوارسەدی پێش زایین لە کتێبی بەناوبانگی خۆی دا ئاناباس "گەڕانەوە" ئازایەتیی کوردخۆیییەکان باس دەکاو بەدرێژی باسی ئەو شەڕە دەگێڕێتەوە کە لە کاتێك دا بە سەرکردەیی دە هەزار سەربازی یوونانی لە ئێرانەوە بۆ یوونان گەڕاوەتەوە، لە گەڵی کردوون.

## ٢ـ کورد لە رۆژگاری کۆن دا

ئەو بڕوایە بەهێزە کە کوردەکان نەوەی مادەکانن (میدیاکان) و تاریخەکەشیان بە گرتنی شاری نەینەوا دەست پێ دەکا، کە ساڵی ٦١٢ی پێش زایین بەدەستی کیاکسار پادشای مادەکان گیرا.

لەسەردەمی ئیمپەراتۆریی ماد لە سەدەی حەوتەمی پێش زایین دا، کە وڵاتێکی بەرینی گرتبۆوە، نەجیب زادەکانی ماد دەسەڵاتێکی زۆریان پەیدا کردو بە چەشنێکی بێوێنەش دەوڵەمەند بوون. نابونید فەرمانڕەوای بابل نوێنەرانی نەجیب زادەکانی مادی بە "پادشا" ناو دەبرد. هەتا نەجیب زادەکان دەوڵەمەندتر دەبوون، بۆرەپیاوی عەشیرەتەکان هەژارتر دەبوون و ژمارەی

---

[٢] ر. یاسمی: "کرد و پیوستگی نژادی او"، بە زمانی فارسی، تاران، ل٣٠ــ٣١. زۆر وێ دەچێ وشەی "کورد" لە "گورد"ی فارسی کۆنەوە وەرگیرابێ کە بەمانای ئازایە.

کۆیلەکان زیادی دەکرد. زیاتر بوونی جیاوازیی سامان و زۆربوونی کۆیلەکان بوو بەهۆی ئەوە کە یەکیەتیی عەشیرەتی ماد تێك بچێ و ببێ بە دەولەتێکی کۆیلەداری. هەرچەند لەبەر خەیانەتی بەشێکی زۆر لە نەجیب زادەکانی ماد ئیمپەراتۆریی ماد لەسالی ٥٥٠ی پێش زایین دا سەری بۆ حکوومەتی پارسەکان نەوی کرد، بەلام کوردەکان لە چیا سەختەکان دا سەربەخۆیی خۆیان هەر پاراست.

گەزەنفۆن لە کتێبی ئاناباس دا دەلێ:

**"کوردخۆییەکان کە لە چیاکان دەژین، هیچ کاتێك چ بۆ دەسەلاتی کسارکەس "خەشایارشا" و چ بۆ دەولەتی ئەرمەنی سەریان نەوی نەکردوە".**

وادیارە لە رۆژگاری ساسانییەکانەوە لە سەدەی حەوتەم پێش هاتنی عەرەبەکان کورد بەو ناوە ناسراوە، ئەو وەختەش تا رادەیەك هەر لە دەوروبەری ئەو مەلبەندەدا نیشتەجێ بووە کە ئێستا پێی دەلێن کوردستان.

## ٣ـ کورد لە سەدەکانی نێوەڕاست دا

عەرەبەکان حکوومەتی ساسانییەکانیان رووخاند کە یەکێك لە گەورەترین بنەمالەکانی پادشایەتیی ئێران بوو. پاش ساسانییەکان هەتا هێرشە سەختەکەی مەغوول چەند بنەمالەی تر پادشایەتییان کرد. لە هەموان گرنگتر شەدادییەکان بوون کە بنەمالەی پادشایەتیی خۆیان سالی ٩٥١ لە شیمالی کوردستان دا دامەزراند. دوای ئەوان مەڕوانیەکان هاتن (٩٩٠ـ١٠٦٩) کە فەرمانڕەوایی دیاربەکرو چەند شارێکی ئەرمەنستانیان بەدەستەوە بوو. یەکێك لە پڕ شانازیترین فەسلەکانی مێژووی گەلانی رۆژهەلاتی نێوەڕاست خەباتی سەرکەوتووی سەلاحەددینی ئەیووبی دژی هێرشی سەلیبییەکانی ئورووپایە. سەلاحەددین ئیمپەراتۆرییەکی دامەزراند کە میسرو سووریاو بین النهرینی داگرتبوو. حکوومەتی ئەیووبییەکان ٨١ سال درێژەی هەبوو (١١٦٩ـ١٢٥٠)، کە گەورەترین بنەمالەی پادشایەتیی ئەو سەردەمە بوو. لەو رۆژەوە هەتا هێرشی مەغوولەکان کوردەکان کە زۆر شەڕکەرو ئازا بوون، زۆر جار خزمەتی گەورەیان بە حوکمڕانە بێگانەکان دەکرد. بەلام پاش هاتنی مەغوولەکان سیاسەتێکی زۆر

چەوت بەرامبەر بە کوردەکان دەست پێکرا، کە بریتی بوو لە بەکارهێنانی خزمەت و قارەمانەتیی کورد بۆ شەڕو هەرای دژی نەتەوەکانی تر، و بەگژیەکتر داکردنی عەشیرەتە کوردەکان. ئەم سیاسەتە تا ئەمڕۆش هەر بەردەوامە، هەرچەند ڕۆژبەڕۆژ کەمتر سەرکەوتوە.

سێ هێرشی گەورە وەزعی دانیشتووانی کوردستان و ئاسیای نیزیکیان تا رادەیەکی زۆر شپرزە کرد. هاتنی تورکەکانی سەلجووقی ساڵی ١٠٥١، و مەغوول ساڵی ١٢٣١، و تەیمووری لەنگ ساڵی ١٤٠٢، یەك لەدوای یەك بوونە هۆی داگیرکردن و وێران کردنی وڵاتەکەو زۆر گیروگرفتی ئابووری و کۆمەڵایەتیی گەورەیان پێك هێنا کە تا ماوەیەکی دوور چارەسەر نەکران.

لە سەرەتای سەدەی ١٦ دا لە ئێران و وڵاتی عوسمانی دا دوو حکوومەتی ناوەندی دامەزرابوون، کە لەچاو ئەو سەردەمە بەهێز بوون. سمایلی یەکەم (١٥٠٢ـ١٥١٨) بناخەدانەری بنەماڵەی سەفەوی لە ئێران دا مەزهەبی شیعەی لە دژی مەزهەبی سوننی بەهێز کرد کە مەزهەبی رەسمیی ئیسلام بوو. کاتێك پیاوە گەورەکانی کورد پێشنیاریان پێکرد کە لە شەڕی سوڵتانی عوسمانی دا یارمەتیی بدەن، شاسمایل ئەو پێشنیارەی پەسند نەکردو فەرمان گرتنی دان[٣].

سوڵتان سەلیمی عوسمانی بە کەڵك وەرگرتن لە هەستی ئایینی، کوردە سوننییەکانی لەدژی سەفەوییەکان هان دا، و بەم جۆرە تورکەکان بە یارمەتیی کوردەکان توانیان لە شەڕی چاڵدێران دا کە ٢٣ی ئووتی ساڵی ١٥١٤ لە شیمالی ڕۆژئاوای ورمێ رووی دا، لەشکری شاسمایل بشکێنن. ساڵی ١٥١٤ بۆ نەتەوەی کورد ساڵێکی شووم بوو، لە ئەنجامی ئەو شەڕەدا کوردستان لەنێوان ئێران و ئیمپەراتۆریی عوسمانیدا بەکردەوە دابەش کراو بەشی گەورەی کەوتە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکانەوە. ئەو دابەش کردنە لە پەیمانێك دا کە ١٦٣٩ لە نێوان شاعەبباس و سوڵتان مورادی عوسمانی دا مۆر کرا، بە ڕەسمی جێگیر بوو، و ئەوە کارەساتێکی گرنگ بوو کە تەئسیری کردە سەر هەموو رووداوەکانی پاشەڕۆژی مێژووی گەلی کورد. پاش ساڵی ١٥١٤ سوڵتانی تورك فەرمانی پێکهێنانی ئەمارەتە کوردییەکانی بە حەکیم ئیدریس دا کە کوردێکی خەڵکی

---

(٣) "الشرفنامه"، قاهره، ل١٦٨.

بتلیس بوو. ئیدریس بۆ پاراستنی سنووری تورکیای تازە عەشیرەتە کوردەکانی لە خەتی سنووردا نیشتەجێ کردن و هەموو خەرج و باجێکی لەسەر هەڵگرتن.

**ئەو عەشیرەتانە لە هەموو باج و خەراجێك تەرخان کرابوون، بەو مەرجە لەشکرێکی هەمیشەیی دابمەزرێنن کە هەر کاتێك تورکەکان پێویستیان بوو بەکاری بێنن"[٤].**

لە ماوەی نێوان سالّی ١٥١٤و نیوەی دووهەمی چەرخی نۆزدەدا چەند میرنشینێکی کورد دامەزران کە هەر کامێکیان لە چوارچێوەی ئیمپەراتۆریی عوسمانی، یان ئێران دا خاوەنی چەشنە سەربەخۆیی‌یەك بوون. تەنانەت هێندێکیان هەم لەگەڵ شای ئێران و هەم لەگەڵ سوڵتانی عوسمانی پێوەندی‌یان هەبوو.

**"ئەم دەرەبەگە بەهێزانە هێندێ وەخت جوابی پادشاکانیان نەدەدایەوەو بۆخۆیان دراویان لێ‌دەداو ناوی خۆیان لە خوتبەی جومعەدا لە جێگای ناوی پادشا دادەنا"[٥].**

وەك لەپێشەوە گوتمان نەك هەر دەرەبەگەکان، بەڵکوو بنەماڵە پادشایی-یەکان و میرنشینەکانی کوردیش هەرچەندە چەشنە سەربەخۆیی‌یەکیان هەبوو، بەڵام لەنێو خۆیان دا یەك نەبوون، و هەمیشە پێکەوە شەڕو کێشەیان بوو، زۆر جار وا ڕێ دەکەوت کە بۆ شەڕی یەکتر داوای یارمەتی لە شای ئێران یان سوڵتانی عوسمانی بکەن.

لە پاش چەند شەڕێکی سەخت لە ماوەی نێوان ١٧٥٢ـ١٧٩٥ دا بنەماڵەیەکی پادشایەتی گەورەی کورد بە سەرۆکایەتیی کەریم خانی زەند لە ئێران دا دامەزرا. سەردەمی دەسەڵاتداریی کەریم خان (١٧٥٢ـ١٧٧٩) جوانترین فەسڵی مێژووی گەلی کورد بوو. دیارە ئەو ماوەیە بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی گەلی کورد دەرفەتێکی باش بوو، بەڵام هەروەك سەلاحەددین بوو بە سەرداری چەند نەتەوەی تر، کەریم خانیش بوو بە فەرمانڕەوای هەموو ئێران. کەریم خان یەکەم کەس بوو کە خەڵك لەقەبی "وەکیل"ی دابوویە.

---

[٤] ب. نیکیتین: کوردەکان"، پاریس، ١٩٥٦، ل١٨٦.
[٥] هەر ئەو سەرچاوەیە.

کونسولی فەڕانسە لە بەغدا لە نامەیەك دا کە ساڵی ١٧٦٣ بۆ پاریسی ناردوە، لەبارەی کەریم خانەوە دەنووسێ:

**لەژێر رابەرایەتیی کەریم خان دا کە خاوەنی نفووزێکی شەخسی و ئاکارێکی زانایانەیە، وادیارە وڵات کەوتۆتە گەشەکردن و گەیشتۆتە هێمنایەتی و دامەزراوی. ئاسایش و هێمنی جێگای ئاژاوەو شەڕو هەرای گرتۆتەوە"[٦].**

کونسوول پاشان دەنووسێ:

**"رێگاکان ئەمین بوونەوە، بازرگانی دەست پێکراوەتەوە، زۆر کاروان لێرەوە[٧] دەچنە ئێران، و ١٥ـ٢٠ هەزار ماڵی ئێرانی کە پەنایان بۆ عیراق هێنابوو، ئێستا بەرەبەرە بۆ نیشتمانی خۆیان دەگەڕێنەوە"[٨].**

کەریم خان زۆری پشتگیریی زانست و فەرهەنگ دەکردو زۆر هەوڵی ئاوەدان کردنەوەی وڵاتی دەدا[٩]. گەریدەی بەناوبانگی ئینگلیزی مەلکوم بەم جۆرە باسی کەریم خان دەکا:

**بە بەختیاری ژیا، و کۆچی دوایی وەك مەرگی بابێکی خۆشەویست لەنێو خاوو خێزانی خۆی دا بوو"[١٠].**

دوا میرنشینێك کە لە ئێران دا مابۆوە، میرنشینی ئەردەڵان بوو. گەورەترین فەرمانڕەواکانی ئەمان اللەخان (١٨٠٠ـ١٨٢٠) و خوسرەوخانی کوڕی بوون. ئەردەڵانەکان تا زەمانی خوسرەوخان کە سەردارێکی بەناوبانگ بوو، و تا ئێستاش لەو مەڵبەندە خۆشەویستی خەڵکە سەربەخۆیی خۆیان پاراست[١١].

ساڵی ١٨٦٥ غولام شاخان بوو بە والیی ئەردەڵان و لەپاش مردنی ئەو، شای ئێران ئەو میرنشینەی هەڵوەشاندو بۆخۆی والیی بۆ دانا. بەم جۆرە دوا مەڵبەندی کوردستان کە تا رادەیەك سەربەخۆیی هەبوو، ئازادیی خۆی لەدەست چوو.

---

[٦] Archives Nationales de Frande, Correspondence Consulaire, Baghdad Vol. 1 No.175.

[٧] یانی لە بەغداوە.

[٨] هەر ئەو سەرچاوەیە.

[٩] هدایتی: "تاریخ زند"، تاران، ١٩٥٦.

[١٠] Sir John Malcom: Histoire de la Perse, Paris 1821, Tome. III P.220

[١١] B. Niktine: Les Kurdes, Etude Sociologique et Historique Paris, 1956, P.68

**٤ـ کورد لە رۆژگاری نوێ دا**

پاش ئەوەی تورکەکان ساڵی ١٦٨٣ لە نیزیك ویيەن شکان، بایان دایەوە سەر سنووری رۆژهەلات و بەرە بەرە دەستیان درێژ کردە نێو کاروباری میرنشینە کوردەکان، و لە ساڵی ١٨٣٠ را لە کوردستان دەستیان کرد بە دامەزراندنی بنکەی عەسکەری. ئەو کارە بوو بە هۆی تووڕەیی و هاروژانی کوردەکان و زۆری پێنەچوو بەرهەڵستیی کوردەکان پەرەی گرت و لە پێناوی سەربەخۆیی خۆیان دا راپەڕین. ئەو چەشنە راپەڕینانە تا ئاخری سەدەی ١٩ هەر درێژەیان هەبوو.

یەکێك لەو کەسانە کە ئازایانە لەگەڵ تورکەکان بەشەڕ هاتوە، محمدپاشا بوو کە بە "میری رەواندز" ناوبانگی دەرکردبوو. محمدپاشا لەشکری کۆ کردەوەو لە رەواندز کارگەیەکی چەکسازیی دامەزراند کە خەنجەرو تفەنگ و تەنانەت تۆپیشی دروست دەکرد. دووسەدو چەند تۆپی دروست کرد کە ئێستاش نموونەیان لە رەواندزو لە مووزەی بەغدادا ماوە[١٢]. محمد پاشا لەشکرێکی زیاتر لە ٣٠ هەزار کەسیی ساز کردو لە ساڵی ١٨٢٦دا سەربەخۆیی وڵاتەکەی راگەیاند. ئەو پیاوە قارەمانە لە ماوەیەکی زۆر کەم دا زۆر سەرکەوتنی بەرچاوی وەدەست هێنان: ناوچەکانی مووسڵ و ماردین و جزیرەی (ابن عمر)ی گرت و لە بەغداوە تا سنووری عیراق و سووریا، و عیراق و ئێران فەرمانی رەوا بوو. محمد پاشا لەگەڵ برایم پاشای کوڕی خدێوی میسر کە لەگەڵ تورکەکان لە شەڕدا بوو، پێوەندیی دامەزراند بۆ ئەوەی لە هەردوو لاوە پەلاماری ئیمپەراتۆریی عوسمانی بدەن. کاتێك سوڵتان پێی زانی لەشکرێکی گەورەی ناردە سەر محمدْ پاشا، بێئەوەی ئەو هێرشە هیچ سوودی پێ بگەیەنێ، بەڵام زۆری پێ نەچوو کە محمد پاشا بۆخۆی تەسلیمی سوڵتان بوو، و چوو بۆ "ئەستەنبووڵ". ئەوەش لە ئەنجامی هاندانی مەلای خەتێ دا بوو کە پێی وابوو شەڕکردن لەگەڵ خەلیفە گوناهێکی گەورەیە. لە گەڕانەوەیدا بەکرێگیراوەکانی تورك بە ناپیاوی لە تەڕابزوون کوشتیان.

---

(١٢) علاءالدين سجادی: "شۆرشەکانی کورد" (بە کوردی)، بەغدا، ١٩٥٩، ل٦٥.

میری جزیره بەدرخان بەربەرەکانی‌یەکی توندی دژی تورکەکان دەست پێ کردو ساڵی ١٨٤٢ هەموو مەڵبەندی نێوان گۆلی وان و ورمێ لە شیمال، و مووسڵ و رەواندز لە جنووبی کردە یەك پارچەو دەسەڵاتی تێدا گرتە دەست. بەڵام تورکەکان توانیان مەسیحی‌یەکانی لێ راست کەنەوە کە ئامادە نەبوون باج و پیتاك بە بەدرخان بدەن، لەبەر ئەوە بەدرخانیش بە توندی سزای دان. لێرەدا بریتانیاو فەرانسە بە توندی داوایان لە سوڵتان کرد کە پارێزگاریی گیانی مەسیحی‌یەکان بکا. پاشان بەدرخان لە ئەنجامی خەیانەتی خزمێکی خۆی دا شکاو بەدیل گیرا.

گەورەترین راپەرینی ئەو سەردەمە راپەرینێك بوو کە لە ماوەی شەڕی نێوان رووس و تورك دا (١٨١٥ـ١٨٥٦) بە سەرۆکایەتیی قارەمانی نیشتمانی یەزدانشێر هەڵگیرسا. ئەو راپەرینە لە مەڵبەندی هەکاری و بۆتان دەست پێ کرا، و پاشان بەخێرایی پەرەی گرت و لە ماوەیەکی زۆر کەم دا یەزدانشێر توانی هەموو مەڵبەندی نێوان گۆلی وان و ورمێ رزگار بکا. یەکێك لە بەرچاوترین سروشتەکانی ئەو راپەرینە ئەوە بوو کە زۆربەی توێژەکانی گەل پشتیوانی‌یان لێ‌دەکردو بە پێچەوانەی راپەرینەکەی بەدرخان هاونیشتمانە مەسیحی‌یەکان زۆریان یارمەتیی راپەرینەکە داو لە شەڕەکان دا بەشدار بوون.

**"لە ژانویەی ساڵی ١٨٥٥دا ژمارەی هێزەکانی یەزدانشێر گەیشتە ٣٠ هەزار کەس، و لە فێوریەی ئەو ساڵەدا بوو بە ٦٠ هەزارو پاشان گەیشتە ١٠٠ هەزار کەس کە یوونانی و عەرەبیشی لەگەڵ بوون"[١٣].**

یەزدانشێر هەوڵی ئەوەشی دا لەگەڵ لەشکری رووس بۆ شەڕی تورکەکان پێوەندی بگرێ، بەڵام بەداخەوە سەرنەکەوت.

ئەو راپەرینە دوو ساڵی خۆ گرت، پاشان بریتانیا هێزەکانی خۆی ناردە هاواری تورکیاو لە رێگای نەمروودی پیاوی خۆیەوە توانی یەزدانشێر قانیع بکا بۆ ئەوەی لەگەڵ سوڵتان رێك بکەوێ. بەم جۆرە یەزدانشێریش بەو بەڵێن و پەیمانە فریوی خواردو چووە ئەستەنبووڵ و راپەرینەکە کۆتایی هات. بەڵام

---

(١٣) پ. ئی. ئاوێریانۆف: "کورد لە شەڕی نێوان رووسیاو تورکیاو ئێران لە سەدەی ١٩ دا". بە زمانی رووسی، تفلیس. ١٩٠٠، ل١٤٨ـ١٤٩.

تەئسیری ئەو راپەڕینە لە کارەساتی پاشەڕۆژی خەباتی گەلی کورد دا زۆر بوو. هەتا ئێستاش ناوی یەزدانشێر لە فۆلکلۆری کوردی دا بە رێزو خۆشەویستی‌یەوە یاد دەکرێتەوە.

راپەڕینێکی گرنگی دیکەی کورد ئەوە بوو کە شێخ عبیداللەی شەمزینی رێبەرایەتیی کرد. ئەو راپەڕینە سالی ١٨٨٠ هەلگیرساو شێخ عبیدالله کەلکی لە نفووزی خۆی وەرگرت و عەشیرەتە کوردەکانی یەك خست و هەموو مەلبەندی نێوان گۆلی وان و ورمێی رزگار کرد. شێخ زۆر باش لەوە گەیشتبوو کە هەتا کوردەکان یەك نەخاتەوەو هەتا سیاسەتێکی دۆستانە بەرامبەر بە کەمایەتی‌یە نەتەوایەتی‌یەکان رەچاو نەکا، ناتوانێ بە ئامانجی خۆی بگا. بۆیە سالی ١٨٨٥ کاتێك پێشنیاریان پێکرد کوشتار لە مەسیحی‌یەکان بکا، لە وەلام دا گوتی:

**"تورکەکان دەیانەوێ ئێمە لە مەسیحی‌یەکان بدەین و کاتێك مەسیحی-یەکانیش بڕانەوە بۆخۆیان بابدەنەوە سەر ئێمە"(١٤).**

ئەو جارەش نۆکەرانی ئیمپریالیزمی بریتانیا نەخشی شوومی خۆیان یاری کرد. شێخ لە وتارێکی خۆی دا لە ناوچیا کونسوولی بریتانیای لە شاری "وان" دەست نیشان کردو گوتی:

**"... گوێ بۆ قسەی بێگانە شل ناکەم، ئەمن لەو باوەڕەدام ئێستا کە سەرۆکە کوردەکان کەوتوونە بەر پەلاماری حکوومەتی ئێران، ئێمە نابێ ئەو دەرفەتە لەدەست بدەین کە بۆ ئەستاندنەوەی هەموو مەلبەندە کوردنشینەکانی تورکیاو ئێران هەلکەوتوە. ئێمە دەبێ ئەو مەلبەندانە رزگار بکەین و بیان گرینە ژێر دەسەلاتی خۆمان و میرنشینێکی سەربەخۆی کورد دابمەزرێنین"(١٥).**

پێویستە بگوترێ لە کاتێك دا کە حکوومەتەکانی ئێران و تورکیا لە نیازی شێخ تێگەیشتن، پشتیان لێك بەست و بە هێزی هەردووك لا ئەو راپەڕینە گرنگەی کوردیان کووژاندەوە.

لەپاش ئەو راپەڕینە سولتانی عوسمانی سیاسەتێکی "نەرم"تری بەرامبەر بە کوردەکان گرتەپێش. سالی ١٨٩٢ چەند قوتابخانەیەك لە ئەستەنبوول و بەغدا

---

(١٤) B. Nikitine: Les Kurdes, P. 189.

(١٥) B. Nikitine: Les Afchars d'Urmuyeh, Journal Asiatique. Jan.-Mars 1929, P. 100.

بۆ عەشیرەتەکان کرانەوە بەناوی "عەشیرەت مەکتەبلەری" بۆ پێکهێنانی هێزی سوارەی کورد کە پێیان دەگوتن حمیدیە (بەناوی سوڵتان عبدالحمیدەوە کە ئەوکاتە لەسەر کار بوو). هەرچەند تورکەکان بۆ شەڕی دژی رووسیا پێویستی-یان بەو هێزانە هەبوو، بەڵام بۆ لەنێوبردنی ئەرمەنییەکان کەڵکیان لێ وەرگرتن، و سوارەی حمیدیە لە شەڕی رووس و تورکیادا نەخشێکی گرنگیان نەبوو. بەڵام کوردەکان بەهۆی سوارەی حمیدیەوە لای تورکەکانیان گرت. ئەمجار تورکەکان باوەڕیان بەو سوارانەش نەدەکرد. قانوونی ئەساسیی کاتیی ساڵی ١٨٩٥ی تورکیا بە راشکاوی دەڵێ:

**ئەندامانی هێزی سوارەی حمیدیە نابێ لەکاتی مەشق دا نەبێ بەرگی سەربازی لەبەر بکەن و چەك هەڵبگرن، و لە کاتی مەشق دا نەبێ ئەندامانی هێزی سوارەی حمیدیە بۆ دادگای زەمانی ئاشتی بانگ دەکرێن"**(١٦).

## ٥ـ خزینی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان بۆ نێو کوردستان

چارەنووسی کوردەکان هەر لەکاتی شەڕی رووسیاو ئێرانەوە سەرنجی رووسیای تەزاریی راکێشابوو، چونکە دوو بەش لە سێ بەشی لەشکری ئێران لە کوردەکان پێك هاتبوو(١٧).

رووسیا لە جەنگەی شەڕی رووسیاو تورکیاش لە ساڵەکانی ١٨٢٨ـ١٨٢٩، و پاشان بەتایبەتی لە جەنگەی شەڕی نێوخۆدا (١٨٥٣ـ١٨٥٦) بایەخێکی زۆری بە کورد دەدا. بایەخ پێدانی حکوومەتی تەزاری بە کوردەکان کە بە نەتەوەیەکی ئازاو شەڕکەر ناسرابوون، بۆ ئەوە بوو کە دژی هێزەکانی سوڵتانی عوسمانی و شای ئێران شەڕیان پێبکا، یا لانیکەم وایان لێبکا بێلایەن بن و دژی رووسیا شەڕ نەکەن.

حکوومەتی رووسیای تەزاری و بریتانیا تەعەسوبێکی "مەسیحیگەری"ی توندیان بەرامبەر بە چارەنووسی ئەرمەنییەکانی تورکیاو بەتایبەتی ئەوانەی لە

---

(١٦) M. Fany: La Nation Kurde et son Evolution Sociale, Paris 1933, P.171.

(١٧) کوردئۆغلی: "کوردو ئیمپریالیستەکان" بڵاوکراوەی دەنگوباسی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ژمارە ١٣ـ١٤، بەزمانی رووسی، ٩٤.

کوردستانی تورکیا دەژیان نیشان دا. مەبەستیشیان هەر ئەوە بوو کە پاراستنی مافی ئەرمەنی‌یەکان بەناوی مەسیحیگەری‌یەوە بکەنە بیانوو بۆ ئەوەی لەباری سیاسی‌یەوە تین بۆ سولتان بێنن. ئەوەندەی پێوەندیی بە کوردیشەوە هەبوو، ئەو دوو دەولەتە "مەسیحی‌یە" کوردیان هەر بە بەشەر نەدەزانی. لە حەوتی سێپتامبری سالی ١٨٨٠دا حکوومەتەکانی رووسیاو بریتانیاو فەرانسەو هێندێکی تر لە ولاتەکانی ئورووپا لە وەلامی بەیاننامەیەك دا کە تورکیا لەبارەی ئەرمەنی-یەکانی دانیشتووی رۆژهەلاتی تورکیاوە کە زیاتر لە ١٧٪ی دانیشتووان بوون، بلاوی کردبۆوە، یادداشتێکی هاوبەشیان بە حکوومەتی عوسمانی دا. لەو یادداشتەدا بەراشکاوی گوترابوو:

**"لەبەر ئەوەی ئەو کوردە کۆچەری‌یانە کە لە کێوەکان دەژین، هەر بۆ ئاژاوەنانەوە دژی مەسیحی‌یەکان دێنەخوارێ بۆ پێدەشتەکان، پێویستە لەو سەرژمێری‌یەدا حیساب نەکرێن کە بۆ دەرکەوتنی زۆرایەتیی دانیشتووانی ئەو مەلبەندە دەکرێ"[١٨].**

کەچی لە جەنگەی شەری یەکەمی جیهانی‌دا دەولەتە ئیمپریالیستی‌یەکان بە پێویستیان زانی ئەو "کوردە کۆچەری‌یانە"یان لەبیر بێ، و نۆکەرانی رووسیاو بریتانیا لە شیمال و هی ئەلمان و بریتانیا لە کوردستانی جنووبی‌دا کەوتنەکار. تەنانەت واسموس کونسولی ئەلمان لە بوشهر بە یارمەتیی عەشیرەتی کوردی سەنجابی[١٩] توانی بەرگری لە یەکتر گرتنەوەی هێزەکانی رووسیاو بریتانیا بکا، و نۆکەرانی بریتانیاش توانیان عەشیرەتەکانی کەلهورو گۆران و هەورامان بەدراو فریو بدەن، و بە زێر پێ‌نیشان دان و بەلێنی بەدرۆ بەگژ عەشیرەتەکانی سەنجابی‌یان دا کردن[٢٠].

یەکەم جار لە سەرەتای سەدەی بیستەم دا ئەمریکا بەهۆی میسیۆنێرەکانەوە توانی پەل باوێتە کوردستانەوە. ئەوانە لەکاتی شەری یەکەمی جیهانی‌دا نەخشێکی گرنگیان لە مەلبەندەکانی ورمێ و مەهابادا یاری کرد.

---

[١٨] M. Fany: La Nation Kurde , P.161.

[١٩] کوردئۆغلی: "کوردو ئیمپریالیستەکان"، ل١١٥.

[٢٠] هەر ئەو سەرچاوەیە.

بەڵام لەماوەی نێوان هەردوو شەڕە جیهانییەکەداو بەتایبەتی پاش شەڕی دووهەم نفووزی ئەمریکا زۆر بەهێز بوو.

لە جەنگەی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، پاش ئەوەی بریتانیاو فەڕانسە زانیان کەئەڵمان لە شەڕدا شکاوە، لەبارەی کاروباری داهاتووی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە پەیمانێکی نهێنییان مۆر کرد، کە بە پەیمانی "سایکس ــ پیکو" ناسراوە. بەپێی ئەو پەیمانە، ئیمپەراتۆریی عوسمانی بە دوو مەڵبەندی نفووزی بریتانیاو فەرانسە دابەش کرا. مەڵبەندی دەسەڵاتی بریتانیا کە بە مەڵبەندی "سوور" ناو نرابوو، بەشێوەی سەرەکی بریتی بوو لە بین النهرین (عیراق) کە لە خانەقینەوە (لە کوردستانی جنووبی) هەتا جنووبی کوێت دەگرێتەوە. مەڵبەندی دەسەڵاتی فەڕانسەش کە بە مەڵبەندی (شین) ناو دەبرا، بە شێوەی سەرەکی سووریاو لوبنانی ئێستاو بەشی جنووبی رۆژهەڵاتی تورکیا (یانی کوردستانی شیمالی رۆژئاوا)ی دەگرتەوە.

فەلەستین "ناوچەی قاوەیی"ش بڕیار درا کە بێتە ژێر چاوەدێریی نێونەتەوایەتییەوە.

وەزیری دەرەوەی رووسیا سازانۆف کاتێك هەستی بە پەیمانەکە کرد، لە ٢٦ی ئاوریلی ١٩١٦دا رایگەیاند کە بەو پەیمانە رازییە بەو شەرتەی مەڵبەندەکانی شیمالی رۆژهەڵاتی تورکیا بدرێن بە رووسیا. ئەو مەڵبەندانەش بەشێوەی سەرەکی بریتی بوون لە تەڕابزۆن و بەشی شیمالی رۆژئاوای کوردستان. بەم جۆرە زۆربەی خاکی کوردستان لەلایەن ئەو سێ دەوڵەتە ئیمپریالیستییەوە دابەش کرا.

شازادە شاخۆفسکی کونسوولی رووسیای تەزاری لە دیمەشق پێش شەڕی یەکەمی جیهانی و یەکەم بەکرێگیراوی تەزار لە کوردستان لە جەنگەی شەڕدا، دەنووسێ:

**کارێکی زۆرم کردبوو، بەڵام کودیتای فێوریە بەرهەمەکانی لەنێو برد"**[٢١].

مەبەستی لەو کودیتایە شۆرشی بۆرژوادێموکراتیی ١٩١٧ی رووسیایە. کوردئۆغلی دەنووسێ:

---

[٢١] هەر ئەو سەرچاوە.

**"پیاو هەق بلێ، شۆڕشی رووسیاو پاشان شۆڕشی ئۆکتۆبر توانیان دیپلۆماسیی تەزار دوایی پێ بێنن و رادەیەك بۆ ئەو یارییە خوێناوییە لەگەڵ چارەنووسی گەلی کورد بە قازانجی ئیمپریالیزم دابنێن"[٢٢].**

حکوومەتی سۆڤیەتی پەردەی لەسەر پەیمانی سایکس ـــ پیکۆ و پەیمانەکانیتر هەڵدایەوەو بەو کارە یارمەتیی گەلانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی دا کە فێڵ و تەڵەکەی ئیمپریالیستەکانیان بۆ ئاشکرا بێ.

شۆڕشی ١٩٠٥ی رووسیا لە ئێران و تورکیا دوو شۆڕشی بەدوادا هاتن. لەتەوریز کە لەو رۆژگارەدا بنکەی شۆڕشی ئێران بوو، و لە شارەکانی مەهابادو سنەو سەقزو کرماشان لە کوردستانی ئێران ئەنجومەنەکان دامەزران. ئەنجومەنی شۆڕشی مەهاباد بە سەرۆکایەتیی گەورەپیاوی کۆمەڵایەتیی هەڵکەوتووی کورد قازی فەتاحی شاعیر دامەزرا. لەکرماشانیش نیزیکەی دە ئەنجومەن دامەزران و هەر لەو کاتەدا راپەڕینی عەشیرەتی شکاك لە دەورووبەری ورمێ لەژێر دروشمی "خودموختاری بۆکورد"دا هەڵگیرسا.

کوردەکانی تورکیاش سەرکەوتنی حیزبی (لاوانی تورکیا)یان بە دەرفەت زانی و بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد دەست بەکار بوون. ساڵی ١٨٩٨ رۆژنامەی "کوردستان" لە پێش دا لە قاهیرە دەرچوو، و پاشان گوێزرایەوە بۆ ژنێڤ. ساڵی ١٩٠٨ رۆژنامەی "هەتاوی کورد" ئۆرگانی کۆمەڵەی "ترقی و تعالی" بڵاو بۆوەو بەدوای ئەودا رۆژنامەی "رۆژا کورد" ئۆرگانی (هیڤی کورد) دەرچوو. هەمووی ئەو رۆژنامانە لەلایەن ئەو رووناکبیرە کوردانەوە دەردەکران کە سەر بە بنەماڵە دەرەبەگەکان یا کۆمەڵە نەتەوایەتییەکان بوون، و هەوڵیان دەدا بیرورای خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکان و رزگاریی گەلی کورد بڵاو بکەنەوە.

شەڕی یەکەمی جیهانی کۆتایی بە تێکۆشانی ئەو کۆمەڵەو رۆژنامە کوردییانە هێنا. حکوومەتی تورکیا "خەزای" راگەیاندو کوردەکانیش بە خەزاوە خەریك بوون و خەباتی رزگاریخوازییان بێهێز بوو. ئەو خەباتە کە دەیتوانی بەخێرایی و بەتایبەتی لەجەنگەی شەڕدا پەرە بستێنێ. سەرەڕای ئەوە کە حکوومەتی

---

[٢٢] هەر ئەو سەرچاوە.

توركیا سیاسەتی لەنێوبردنی کوردی گرتبوٚ پێش، ژمارەیەکی زۆریشی لە سەرۆکە کوردەکان کوشت. لەلایەکی دیکەشەوە حکوومەتی توركیا بەبیانووی پاشەکشە لە بەرامبەر هێزەکانی رووسیادا ٧٠٠٠٠ کوردی لە نیشتمانی خۆیان گواستەوە، لەماوەی ئەو گواستنەوەیەدا ژمارەیەکی زۆر لەکوردەکان لەنێو چوون(٢٣). لە جەنگەی شەڕی یەکەمی جیهانی دا لەشکری تورك نەك هەر لەکوردستانی توركیا، بەڵکوو لە کوردستانی ئێرانیش زۆر گوندی کوردی وێران کردو مەڕو ماڵاتێکی زۆری کوردەکانی بە قڕ داو هەزاران هاونیشتمانی دەستەوستانی کوشت و لەنێو برد(٢٤). بەرهەمی شەڕی یەکەمی جیهانی بۆ زەحمەتکێشانی کوردستان تەنیا هەژاری و چەوسانەوەو کوشتارو کوێرەوەری بوو.

## ٦- کوردستان پاش شۆرشی مەزنی سۆسیالیستیی ئۆکتۆبر

لە ٣٠ی ئۆکتۆبری ١٩١٨دا پەیمانێکی تەقەوەستاندن مۆرکرا، کە بەگوێرەی ئەو پەیمانە توركیا بێ لاموجومی تەسلیم بوو، ئەو پەیمانە هەر لەوکاتەدا بەمانای رووخانی ئیمپەراتۆریی عوسمانی بوو.

لەگەڵ برانەوەی شەڕ رێکخراوەو رۆژنامە کوردییەکان خەباتێکی بەربڵاویان دەست پێکردو یەکەم دروشمیان دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد بوو.

پاش سەرکەوتنی شۆرشی ئۆکتۆبر کاربەدەستە سۆڤیەتییەکان هەوڵێکی بەنرخیان دا، بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی خۆیان لە قەفقاز. ئەو کارە لە هەموو بارێکەوە تەئسیرێکی گەورەی کردە سەر رەوتی پێشهاتەکان لە وڵاتەکانی دراوسێدا. لە سێی دێسامبری ١٩١٧دا بەیاننامە بەناوبانگەکەی سۆڤیەت بۆ زەحمەتکێشانی موسوڵمان لە رووسیاو رۆژهەلات دا بڵاو کرایەوە. ئەو بەیاننامەیەو چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی لە سۆڤیەت کە بە کردەوەش جێبەجێ کرا، تەئسیری گەورەی شۆرشی ئۆکتۆبریان لە چارەنووسی نەتەوە زۆرلێکراوەکان دا بۆ نەتەوەکانی رۆژهەلاتی نێوەڕاست، بەتایبەتی لە وڵاتە

(٢٣) B. Nikitine: Les Kurdes. Paris, 1956. P. 196.

(٢٤) "گەلانی ئاسیای نێوەڕاست" بەزمان رووسی، مۆسکۆ، ١٩٥٧، ل٢٤٠.

دراوسێ‌یەکان دا روون کردەوە. ئەو رووداوە لە کوردستانی ئێران دا بەجۆرێك دەنگی دایەوە کە بەپێشنیاری سەربازە شۆرشگێرە رووسەکان ساڵی ١٩١٨ لەشاری کرماشان چەند ئەنجومەنێك دامەزران. هەر لەو وەختەدا دەتوانین تێبگەین کە شۆرشی مەزنی سۆسیالیستیی ئۆکتۆبرو سیاسەتی یەکیەتیی سۆڤیەتی بەرامبەر بە نەتەوەکان چەندی کار کردۆتە سەر جووڵانەوەی رزگاریخوازیی نیشتمانیی گەلی کورد.

ساڵی ١٩١٩ جووڵانەوەی رزگاریخوازیی نیشتمانیی تورکیا بە سەرۆکایەتیی مستەفا کەمال پەرەی گرت و هەموو تورکیای تەنیەوە. لە ژوونیەی ئەو ساڵەدا کۆبوونەوەیەکی رێکخراوە نیشتمانی‌یەکان و رێکخراوەکانی بۆرژوازیی نیشتمانی کرا، کە لەوێ‌دا "کۆمەڵەی پاراستنی مافی ئەنەدۆڵی رۆژهەلات" دامەزرا. ئەو کۆبوونەوەیە لە ئەرزەرۆم کرا، و هەموو دەستەو تاقمە تێگەیشتووەکانی کورد بە چەشنێکی زۆر کاریگەر تێی‌دا بەشدار بوون و بە هەموو تواناوە پشتیوانیی خەباتی رزگاریخوازیی نیشتمانی و دژی ئیمپریالیستیی تورکەکانیان دەکرد، چونکە پێیان وابوو سەرکەوتنی ئەو خەباتە لەوانەیە گەلی کوردیش بە مافە نەتەوایەتی‌یەکانی بگەیەنێ. ساڵی ١٩٢٠ کاتێك ئەنجومەنی گەورەی نیشتمانیی تورکیا لە ئەنکەرە کۆ بۆوە، حەفتاودوو نوێنەری کوردی تێدا بەشدار بوو، کە بەناوی نوێنەرانی کوردستانەوە هاوکاریی مستەفا کەمالیان دەکرد[٢٥].

لە مانگی ئووتی ١٩٢٠دا پەیمانی سێور بەسەر تورکیادا سەپێندرا کە بەشێك بوو لە پەیمانی ڤێرسای. ئەو پەیمانە لەلایەك بریتانیای گەورەو فەرانسەو یوونان و ئیتالیاو رووماني و یوگووسلاوی و چیکوسلۆواکی و لەهستان (پۆلۆنیا)و بێلژیك و ژاپۆن و حجازو ئەرمەنستانی داشناك، و لەلایەکەی ترەوە سوڵتانی تورك مۆریان کردبوو. لەو کۆنگرەیەدا دەستەیەکی نوێنەرایەتیی کوردیش بە سەرۆکایەتیی شەریف پاشا بەشدار بوو، و پەیمانەکە لەبارەی کوردستانەوە ئەم بەندانەی خوارەوەی تێدا گونجابوون:

**بەشی سێهەم، بەندی ٦٢ ـ کۆمیسیۆنی ئەستەنبووڵ لە سێ ئەندام پێك دێ کە حکوومەتەکانی بریتانیاو فەرانسەو ئیتالیا بەرەسمی دەست نیشانیان**

---

[٢٥] Nur. Dersimi: Kurdistan Tarihinde Dersim, Halap, 1952, P. 125

دەکەن. هەتا شەش مانگ دوای مۆرکردنی ئەو پەیمانە ئەو کۆمیسیۆنە نەخشەیەك بۆ خودموختاری (ئۆتۆنۆمی)ی مەحەللیی، ئەو مەڵبەندانە پێشکەش دەکا، کە زۆربەی دانیشتووانیان کوردەو کەوتوونە رۆژهەڵاتی چۆمی فورات و جنووبی ئەرمەنستان، کە دەکرێ لەمەودوا سنووریان بۆ دیاری بکرێ، یان کەوتوونە شیمالی سنووری نێوان تورکیاو سووریاو بین النهرین، وەك لە فەقەرەکانی بیست و حەوت و دوو (٢و٣) دا هاتوە. ئەگەر کۆمیسیۆنەکە لەسەر مەسەلەیەك نەیتوانی بڕیارێکی تێکڕایی وەربگرێ، هەرکام لە ئەندامانی کۆمیسیۆن مەسەلەکە لەگەڵ حکوومەتی خۆی دێنێتە گۆڕێ. ئەو بەرنامەیە پارێزگاری تەواوی ئاسۆرییەکان و کەمایەتییە قەومی و رەگەزییەکانی دیکە لەو مەڵبەندەدا دابین دەکا، و بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجە کۆمیسیۆنێك لە نوێنەرانی بریتانیاو فەڕانسەو ئیتالیاو ئێران و کوردەکان بۆ پشکنین و بڕیاردان لەسەر هەرچەشنە دەسکارییەك کە بەگوێرەی شەرتەکانی پەیمانی سنوور لەنێوان تورکیاو ئێران دا، لەسەر سنووری تورکیا ئیمکانی هەبێ، سەر لەو مەڵبەندانە دەدا.

بەندی ٦٣ ـ حکوومەتی تورکیا لە ئێستاوە دەستەبەر دەبێ کە هەموو بڕیارەکانی ئەو دوو کۆمیسیۆنە کە لەبەندی ٦٢ دا باس کراون قبووڵ بکاو هەتا سێ مانگ پاش ئەوەی کە پێی راگەیەندرا جێبەجێیان بکا.

بەندی ٦٤ـ ئەگەر تا ساڵێك پاش ئیمزاکردنی ئەم پەیمانە، کوردەکانی دانیشتووی ئەو مەڵبەندەی لەبەندی ٦٢دا دیاری کراوە، بە ئەنجومەنی کۆمەڵی نەتەوەکانیان راگەیاند کە زۆربەی دانیشتووانی ئەو مەڵبەندە دەیانەوێ لە تورکیا جیا بنەوە، و ئەنجومەنیش دانی بەوە دا نا کە ئەوانە دەتوانن سەربەخۆ بژین و توصیەی کرد کە سەربەخۆییان بدرێتێ، تورکیا لەئێستاوە دەستەبەر دەبێ کە ئەو توصیەیە قبووڵ بکاو لە هەموو هەقێکی خۆی لەو مەڵبەندە دەست هەڵگرێ. چۆنیەتیی دەستبەردار بوونی تورکیا لەو مافانە بەدرێژی لە پەیمانێکی تایبەتی دا باس دەکرێ، کە لەنێوان تورکیاو هاوپەیمانە گەورەکان دا دەبەسترێ. کاتێك حکوومەتی تورکیاش لەو مافانە دەستبەردار بوو، ئەگەر کوردەکانی ویلایەتی مووسڵ بە دڵخوازی خۆیان ویستیان بچنە پاڵ ئەو

**حکوومەتـە کـوردەوە، هاوپەیمانـە گـەورەکان هـیچ چەشـنە پێشـگیریـیـەکیان ناکەن"[٢٦].**

لێـرەدا ئـەو پرسـیـارە دێتـەپێش کـە بریتانیـاو فەرانسـە ئـەو دوو دەوڵەتـە ئیمپریالیستییە کە سـەرۆکایەتیی پـەیمانی سێوریان دەکرد، چۆن بـەوە رازی بـوون کـە کوردسـتانێکی خودموختـار دابمـەزرێ، کـە لەوانـەبوو پاشـان سەربەخۆییش وەربگرێ. ئایا بریتانیـاو فەرانسـە وەك بـە رواڵـەت دەیـان گـوت، بەراستییش دەیانەویست گەلی کورد بە پێی چاردە بەندەکەی پێشنیاری ویلسۆن مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی وەدەست بێنێ؟

نیازی راستەقینەی ئەو دوو دەوڵەتە ئەوەبوو کە پێشگیری لـە بڵاوبوونـەوەی شـوێنەواری شۆرشـی مـەزنی سۆسیالیسـتیی ئۆکتـۆبر بکـەن. دەیانەویسـت دەوڵەتێکی پاشکەوتووی دەرەبەگایەتی دروسـت بکـەن، کـە تورکیـاو رووسـیای سوسیالیستی لێك جیـا بکاتـەوەو ببێتـە نوختەیـەکی سـتراتیژی دژی یەکیـەتیی سـۆڤیەتی لـە نیزیـك کانگاکـانی نـەوتی قـەفقاز. لەلایـەکی تریشـەوە ئیمپریالیستەکان لەهاوکاریی نێوان کوردەکان و کەمالیستەکان تۆقیبوون، و بـەو نەخشەیە دەیانەویسـت ئەنـەدۆلی رۆژهـەلات (یـانی کوردسـتان) کـە خەڵکەکـەی پشتیوانی کەمالیستەکان بوو، جیا بکەنەوە، و بەو جۆرە جێگایان پێ لێژ کـەن. بریتانیاییەکان کە دەستی بالایان لە پەیمانەکەدا هەبوو، پێیان وابوو کە ئەگەر دەوڵەتێکی وا دابمەزرێ، راستەوخۆ لەژێر سەرپەرستیی بریتانیادا دەبـێ. دیـارە بریتانیا دەیەویست ویلایـەتی مووسـڵیش لـە تورکیـا جیـا بکاتـەوەو بیخاتـە ژێـر دەسەڵاتی خۆیەوە، بەتایبەتی کە نەوتیشی لـێ دۆزرابۆوە.

لەراستی دا مەبەست لە پەیمانی سێور پچڕ پچڕ کردنی ئیمپراتۆریی عوسمانی بوو، بەجۆرێك کە ئەو دەوڵەتانەی دادەمەزرێن، راستـەوخۆ یا ناراسـتەوخۆ لـەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتە ئیمپریالیستییەکان دا بن.

کلیمانسـۆ سـەرۆکی دەسـتەی نوێنەرایـەتیی فەرانسـە بـۆ وتووێـژی دابـەش کردنی تورکیا، لە پاشان روونی کردەوەو گوتی:

---

[٢٦] Charles, A. Hooper: L'Iraq et la Societe des Nations, Paris, 1928, P. 99_100

**"باشه، راسته ئەمن دەستم لە مووسڵ هەڵگرت، بەڵام ئەوەم کردە چێشتە بۆئەوەی کیلیسم چنگ کەوێ. کیلیس و ئەسکەندەروون هیچ عەیبیان نیە. بۆیە بە ئینگلیزییەکانم گوت: لە مووسڵ و کیلیس کامتان پێ باشە هەڵیگرن، گوتیان مووسڵ هەڵدەگرین. گوتم باشە ئێوە مووسڵ هەڵگرن و ئەمنیش کیلیس هەڵدەگرم"**[٢٧].

ئیمپریالیستەکان بەو بێشەرمییە چارەنووسی نەتەوەکانیان دیاری دەکرد. هەروەها کلیمانسۆ لە وتارێکی خۆی دا لە پارلمان دانی بەوە دا نا کە ئەگەر زانیبای ویلایەتی مووسڵ ئەو هەموو نەوتەی هەیە، هەرگیز ئەو پەیمانەی ئیمزا نەدەکرد[٢٨].

بەڵام پەیمانی سێور هەر لە سەرەتاوە وەك چینی ناسك بوو، چونکە حکوومەتی سوڵتان کە بەهۆی نوێنەری خۆیەوە ئەو پەیمانەی مۆر کردبوو، زۆری پێنەچوو کە لەزۆربەی مەڵبەندەکانی ئەنەدۆڵی رۆژهەڵات دا دەسەڵاتی خۆی لەدەست دا، و ئەنجومەنی گەورەی نیشتمانی کە لە ئەنکەرە بەستراو ئەو حکوومەتەی بە سەرۆکایەتیی مستەفا کەمال هەڵی بژارد، لەژێر پەیمانەکە دەرچوون، قسەکەی (بوانکاریە) راست بوو کە گوتی:

**"پەیمانەکەی تورکیا لە کارگەی سێوری نەتەوەکان دا ئیمزا کرا (کارگەیەکە لە سێور کە دەفرو ئامانی چینی دروست دەکا)و ئەو پەیمانەش وەك هەموو بەرهەمەکانی کارگە شکانی هاسانە"**[٢٩].

لەراستی دا ئەو پەیمانە لەبەریەك هەڵوەشا، و پاش ئەوەی لە هاوینی ١٩٢١دا لەسەر چۆمی "ساکاری" هێزەکانی مستەفا کەمال بەسەر لەشکری یوونان دا زاڵ بوون، بەتەواوی بێنرخ بوو. هەتا سێپتامبری ١٩٢٢ نیزیکەی تەواوی خاکی تورکیا لەدەست هێزەکانی بێگانە رزگار کراو پاشان لە نوامبری ئەو ساڵەدا رێژیمی پاشایەتی هەڵ وەشێندرا. لە ژووئیەی ساڵی ١٩٢٣دا لە کۆنگرەی لۆزان پەیمانێك ئیمزا کرا، کە بەگوێرەی ئەو پەیمانە تورکیا نیزیکەی هەموو خاکی

---

(٢٧) أ. ف. میلیر: "رۆژهەڵاتی نیزیك پاش شەڕی یەکەمی جیهانی ١٩١٨ـ١٩٢٣" بە زمانی چیکی، پراگ، ١٩٥١، ل٢٢.

(٢٨) Charles. A. Hooper: L'Iraq et la Societe des Nation, P. 18.

(٢٩) میلیر: رۆژهەڵاتی نیزیك، ل٢٤.

خۆی بۆ پارێزرا. لەو پەیمانەدا بەهیچ جۆرێك باسی مەسەلەی کورد نەکراوەو تەنیا ئەوەندەی تێدایە کە پێویستە رێز بۆ مافی فەهەنگی و ئایینیی کەمایەتی-یەکان دابنرێ.

بەم جۆرە پەیمانی سێور لەوەندە زیاتر کە بۆ یەکەم جار لە پەیمانێکی نێونەتەوایەتی دا باسی مافەکانی گەلی کورد کراوە، قازانج و بایەخێکی بۆ کورد نەبوو، و گەلی کورد لەو پەیمانە کە هەر بە مردوویی لەدایك بوو لەوە زیاتری پێ نەبرا.

# فەسڵی سێهەم

## دابەش کردنی کوردستان

### ١ـ کورد لە تورکیە:

پاش پەیمانی لۆزان خەباتی گەلی کورد کۆتایی نەهات و لەدوای ئەو پەیمانەش چەند راپەڕینێکی بەربڵاوی کورد لە ئێران و تورکیاو عیراق (کە تازە دامەزرابوو) هەڵگیرسان.

زۆری پێ نەچوو کەمالیستەکان هەموو ئەو بەڵێنانەی لە (پەیماننامەی نیشتمانی)ی ژانویەی ساڵی ١٩٢٠دا بە کوردیان دابوو، کە داوای رێزگرتن لە مافی کەمایەتییەکانیان دەکرد، لەبیر خۆیان بردنەوە، کەمالیستەکان هەرچەند زیاتر جێپێی خۆیان قایم دەکرد، ئەوەندە توندتر پەلاماریان دەبردە سەر مافە دێموکراتییەکانی دانیشتووان و بەتایبەتی مافە نەتەوایەتییەکانی کوردو ئەرمەنییەکان. سەرەڕای ئەوەش حکومەتی تورکیا سیاسەتی شۆوێنیستیی تواندنەوەی گەلی کوردی گرتەپێش.

ساڵی ١٩٢٥ راپەڕینی کوردستانی تورکیا بە رێبەرایەتیی شێخ سەعید دەستی پێکرد. ئەو راپەڕینە لە ماوەیەکی کەم دا مەودایەکی گرتەوە. لە حەڵەب و ئەرزەڕۆم چەند کۆمیتەی خۆئامادەکردن بۆ شۆرش دامەزران. کۆمیتەی حەڵەب کە شێخ سەعیدی تێدابوو، لە هەموو کۆمیتەکان چالاکتر بوو، بەڵام کۆمیتەی ئەرزەڕۆم لە هەمووان زیاتری خۆ راگرت[(١)]. یەکێك لە بەرچاوترین دروشمەکانی ئەو راپەڕینە "دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ لە ژێر چاوەدێریی تورکیاو هێنانەوەسەرکاری حکوومەتی سوڵتان" بوو[(٢)]. دیارە ئەوە بۆخۆی بەڵگەی پاشکەوتوویی و سەرلێشێواویی سەرۆکەکان بوو. چونکە هەرئەندازە بەدڵسۆزی بۆ رزگاریی کوردستان تێکۆشابان، گومان لەوەدا نیە کە

---

(١) ئەو کومیتەیە لە بەیاننامەیەك دا خەراجی لەسەر هاونیشتمانەکان هەڵگرت.

(٢) ـ م. پوگوریلوف: "مەسەلەی کورد" گۆڤاری شەڕو شۆرش، بە زمانی رووسی، بەرگی سێهەم، مای ١٩٢٥، ل١٤٧.

هێـزە کۆنەپەرسـتەکانی تورکیـاو بەتایبـەتی ئیمپریـالیزمی بریتانیـا دەسـتیان دەناودا هەبوون. وەك دەبینین هەردوولا دژی دامەزراندنی ڕێژیمی کۆماری بوون.

لـەپاش چـەند شـەڕێکی خوێنـاوی ڕاپەڕینەکـە دامرکایـەوەو شـێخ سـەعید و دوکتور فوئادو سەرۆکەکانی دیکە درانە دادگاو پاشان ئیعدام کران. ئـەو سـەرۆك دادگایە کە حوکمی ئیعدامی ٥٣ کەس لە ڕێبەرانی ڕاپەڕینی ئیمزا کردبـوو، ڕۆژی ٢٨ی ژووئەنی ١٩٢٥ لە جەنگەی دادگادا گوتی:

**"هێندێك لە ئێوە ئاکاری خراپی حکوومەت و دیفاع لـە خەلافـەتیان بـۆ ئـەم ڕاپەڕینـە کردۆتـە بیـانوو. بـەلام هـەمووتان لەسـەر دامەزرانـدنی کوردسـتانێکی سەربەخۆ یەکدەنگ بوون".** [٣]

نەهرۆ ڕاست دەکا کە دەڵێ:

**"بـەم جـۆرە تورکـەکان کـە تـازە لەخـەباتی ڕزگـاریخوازیی خۆیـان دا سەرکەوتبوون، دەستیان کرد بـە لێدانی ئـەو کوردانـە کـە لـە ڕێگـای ڕزگاریی خۆیان دا خەباتیان دەکرد. بەڕاستی سەیرە، نەتەوەیەك کە تا دوێنێ دیفاعی لە مافی خۆی دەکرد، ئێستا دەسدرێژی بکاتە سەر مافی نەتەوەیەکی ترو خەباتی ڕزگـاریخوازی بکاتـە خـەبات بـۆ ژێردەسـت کردنـی گـەلانی تـر. سـاڵی ١٩٢٩ ڕاپەڕینێکی دیکەی گـەلی کـورد هەلایسـا، بـەلام ئـەویش لانـیکـەم بـۆ ماوەیـەك دامرکایـەوە. بـەلام کـێ هەیـە بتوانـێ میللـەتێك لـەنێو بـەرێ کـە لەسـەر وەدەستهێنانی مافی خۆی موکوڕەو ئامادەیە نرخی ئەم ئازادییە بدا؟"** [٤]

پێویستە بگوترێ، هەڵوێستی بورژوازیی تورك کە بەرامبەر بە دەستەو تاقمـە دێموکراتییەکان ڕێگای سیاسەتێکی دیکتاتۆریی گرتبـۆ پـێش، شتێکی تـەبیعی بوو. چونکە کاتێك ناسیونالیزمی بـورژوازیی چەوسـاوە دژی ئیمپریـالیزم خـەبات دەکا سروشتێکی "خۆپارێزی" هەیە، بەلام هەر ئـەو ناسـیونالیزمە کاتێـك خـۆی بەسـەر نەتەوەیـەکی چەوسـاوەدا دەسـەپێنێ و ئاکـارێکی کۆنەپەرسـتانەو شۆڤێنیستی ڕەچاو دەکا، سروشتێکی "دەسدرێژکەری" پەیدا دەکا[٥].

---

[٣] L. Rambout, Les Kurdes…, P.27.

[٤] ج. ل. نەهرۆ: "ئاوڕێك بۆ سەر مێژووی جیهان" چاپی ئینگلیـزی، بـەرگی دووهـەم. اللـەئاباد، ١٩٣٥، ل١١٠٨.

[٥] بەڕاستی کورد ئامادەیە ئازادی بە هەموو نرخێك بکڕێ. نووسەری تورك س. ئوستونگێل باشـی ئەو ڕاستییە دەرخستوە کە دەڵێ:

راپەڕینی ١٩٢٥ زەبرێکی گەورەی لە حکوومەتی تورکیا وەشاند. هەر ئەوە گەورەترین بەڵگەیە کە تورکیا بۆ کووژاندنەوەی ئەو راپەڕینە پێویستی بە ٣٥٠٠٠ سەربازو ١٢ فرۆکە هەبوو[٦].

**"ئەو راپەڕینە ئەوەندە گرنگ بوو کە بوونی تورکیای وەك دەوڵەتێك دەخستە مەترسییەوەو بۆیە تورکەکان ناچار بوون ٨٠٠٠٠ سەرباز لە کوردستان دا مۆڵ بدەن"[٧]**

هێزەکانی تورکیا وەك لەشکرێکی ئیمپریالیستی دەستیان کرد بە خاپوور کردنی کوردستان. هەزاران هاونیشتمانی بێتاوان کوژران کە زۆریشیان ژن و منداڵ لەنێودا بوون، ٢٠٦ دێ وێران کرا، ٨٧٥٨ خانوو سووتێندراو ١٥٢٠٠ کەس کوژران[٨]. ئەو راپەڕینە ٢٠ میلیۆن لیرەی زیان لە حکوومەتی تورکیا دا[٩].

---

**"خەڵکی لادێ دەبینین کە بەزیندوویی لە مەرکەزی پۆلیس و ژاندارمە دەگەڕێنەوە، بەڵام هەموو گیانیان برینە. کەمالیستەکان لە دڵڕەشی بەرامبەر میللەت دا گرەویان لە هەموو سوڵتانە خوێنخۆرەکان بردۆتەوە، ئاکارو کردەوەیان بەرامبەر بە کەمایەتییە نەتەوایەتییەکان کە دەیانەوێ بەزۆر بیان کەن بە تورك زۆر دڕندانەیە. لەزگییەکانیان لە شوێنی خۆیان دەرکردوەو دەستە دەستە کوردەکانیش وەك ئەرمەنییەکان دەکوژن. تا ئێستا ١٠٠ هەزار کوردیان بەناهەق کوشتوەو هەزاران گوندی کوردیان سووتاندوەو تاڵان کردوە. هاتوچۆ بۆ ئەو گوندانەی سووتاون قەدەخە کراوە، بەڵام ئەو کارە ناتوانێ سیاسەتی خوێناویی حکوومەتی ئەنکەرە بشارێتەوە. ئیبراهیم تالقی بۆتە یەکەم چاوەدێرو حاکمی گشتیی کوردستان. زەبروزەنگ و تەمبێکاریی ئەوکابرایە وڵاتی خراپ کردوە. ئێمە چەند کەس لە کومونیستەکان لە قەڵاتێك دا گیرابووین، کە کەوتبۆ مەڵبەندی چاوەدێریی گشتی. دەمان دی کە ژاندارمەکان دەستە دەستە کوردەکان دەبەنە دەرو گوللەبارانیان دەکەن و پاشان دێنەوە نێو زیندان و پشتێنی ئاوریشمی کوڕە کوردە کوژراوەکان بە خەڵك دەفرۆشن"** .س: ئوستونگیل: رێگای خەبات، چاپی چیکی، پراگ، ١٩٥٢.

(٦) م. پوگوریلوف "مەسەلەی کورد..."، ل١٥١.

(٧) م. فروغی، سەرۆك وەزیری ئێران لە کاتی شەڕی دووهەمی جیهانی دا لە کاتێك لە ئەنکەرە سەفیری ئێران بوو، ئەوەی لە نامەیەکی نهێنی دا باس کردوە، کە لەمانگی ژانویەی ١٩٢٧دا لە ئەنکەرەوە بۆ وەزیری دەرەوەی ئێرانی نووسیوە. ئەو نامەیە گۆڤاری (دنیا) لە ژمارە ٨ی ساڵی ١٩٥٨دا لە تاران بە زمانی فارسی بڵاوی کردۆتەوە.

(٨) L. Rambout, Les Kurdes…, P. 28.

(٩) ك. واسیلیف: "گیروگرفتەکانی کشتوکاڵ" بەزمانی رووسی، بەرگی ٩و١٠.

ئەوانە بوون ئەو ڕێگا گلاوانە کە حکوومەتی تورکیا بۆ دامرکاندنەوەی ڕاپەڕین گرتبوونیەپێش. کار گەیشتە ڕادەیەك کە ڕۆژنامەی (وقت) بەوپەڕی بێشەرمی‌یەوە نووسی:

**"لە هەر جێیەك سەرنێزەی تورك هەبێ، مەسەلەی کورد نیە"[١٠].**

کاربەدەستانی تورکیا ئەو ڕاپەڕینەیان کردە بیانوویەکی لەبار بۆ سەرکوت کردنی جووڵانەوەی دێموکراتیی وڵات بەگشتی و جووڵانەوەی چینی کرێکار بەتایبەتی. حکوومەتی عصمت ئینوونو قانوونی پاراستنی ئاسایشی خستە کارو ئەو ڕۆژنامە کومونیستی‌یانەی قەدەخە کرد کە بەشێوەیەکی نیوەئاشکرا دەردەچوون، پاشان سەندیکا کرێکاری‌یەکانی ئەستەنبوولی هەڵوەشاندن و خەڵکێکی زۆروزەوەندی گرت[١١].

بەم جۆرە هێزە کۆنەپەرستەکان چارەنووسی گەلی کوردیان کە بۆ ئازادی و وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتی‌یەکانی خەباتی دەکرد، لەگەڵ خەباتی چینی کرێکار لەدژی ئیمپریالیزم و لە پێناوی ئازادی و دێموکراتیی وڵات دا، پێکەوە گرێ دا:[١٢].

---

[١٠] ڕۆژنامەی (وقت) ٧ی مای ١٩٢٥.

[١١] "تورکیای ئێستا"، مۆسکۆ، بەزمانی ڕووسی، ١٩٥٨، ل١٤٦.

[١٢] نووسەری تورك نۆستونگێل دیمەنێکی جوانی ئەو ڕاستی‌یەی دەرخستوە کە دەنووسێ:

**"کەمایەتی‌یە نەتەوایەتی‌یە چەوساوەکان مەیلیان بەلای کومونیستەکانەوە زۆرە. ئێمە ماوەی چەند ساڵ لە قەلاتێك دا لەگەڵ چەند نەفەر کورد حەپس بووین. هەرچەند هەوڵیان دەدا لێکمان بپچڕن، کوردەکان ڕێگای پێوەندی لەگەڵ ئێمەیان پەیدا دەکرد. ڕاستی‌یەکەی ئەوەیە ئەگەر یارمەتیی ئەوان نەبووایە، ئێمە لەبەر برسیایەتی و تینوایەتی دەمردین. چونکە لە گرتووخانەکانی تورکیا زۆر جار ڕێ دەکەوێ، کە جیرەی ڕۆژانەش لە کومونیستەکان قەدەخە دەکەن و هەرکەس لە دەرەوەی زیندان کەسێکی نەبێ یارمەتیی بکا، حاڵی شپرزەیە".**

**"کاتێك ئێمە لەوێ (یانی لە کوردستان ـ د.) گیرابووین، نە کاروانی پێدا دەڕۆیشت و نە باڵداری پێدا ڕادەبرد. ئیتر ئێمە لەو کوردستانە بووین کە خوێن و ئاگرو شمشێر خاپووریان کردبوو... لەگەڵ ئەوەش دلو سەرەڕای ئەو هەلومەرجە نالەبارەش، ئێمە دەمان توانی نەك هەر لە زیندان، بەڵکوو لە دەرەوەی گرتووخانەش پێوەندی لەگەڵ لادێیی‌یەکان بگرین. بیر لەوە بکەنەوە، ئێمە لەگەڵ ئەوەی حەوت دەرگامان لەسەر داخرابوو و سەرەڕای ئەو دیوارە پان و بەرینانەش، کتێبی ستالین (مەسایلی لینینی)و (سەرەتاکانی لینینی)مان دەست دەکەوت. "س. نۆستونگێل: ڕێگای خەبات" ل ١٧ و ٤٦.**

**أ ـ مەسەلەی کوردو داشناکەکان**

ساڵی ١٩٢٧ هەموو ڕێکخراوە نەتەوایەتییە کوردەکان لە حیزبی "خویبوون"دا یەکتریان گرت، کە لەلایەن کوردە دەربەدەرەکانی دانیشتووی دەرەوە پێك هاتبوو، کە زۆربەیان دەرەبەگ و خاوەن مڵك و ڕووناکبیر بوون. ساڵی ١٩٢٧ یەکەم کۆنگرەی ئەو حیزبە لە هاوینەهەوارێکی حەمدوون لە لوبنان بەستراو یەکێك لە سەرۆکەکانی ئەرمەنی بەناوی ف. پاپازیان لە کاروباری کۆنگرەکەدا بەشدار بوو. ئەو حیزبە لەبەر تەسکی و تەنگەبەریی قازانجی ڕێبەرەکانی دۆست و هاوپەیمانی ڕاستەقینەی پەیدا نەکردو نەشی دەتوانی پەیدا بکا. بەڵکوو تەنیا پشتی بە پشتیوانیی دەوڵەتە ئیمپریالیستییەکان بەستبوو، کە دەیانەویست بەهۆی مەسەلەی کوردەوە تەوژمی سیاسی بخەنە سەر تورکیا. هەر لەبەر ئەوەش بریتانیا توانی کاروباری حیزبی خۆیبوون بگرێتە ژێر چاوەدێری، چونکە لەسیاسەتی حکوومەتی تورکیا ڕازی نەبوو. حکوومەتی فەرانسەش لە تێکۆشانی ئەو حیزبە خافڵ نەبوو، چونکە نێوانی لەگەڵ تورکیا زۆر ناخۆش بوو. سەرەڕای هەمووی ئەوانەش حیزبی خۆیبوون ڕاستەوخۆ کەوتبۆ بەر نفووزی داشناکەکان کە بریتی بوون لە ناسیونالیستە توندڕەوە ئەرمەنییەکان و هەموو هەوڵ و تەقەلایان بۆ بەربەرەکانیی یەکیەتیی سۆڤیەتی بوو. حیزبی داشناك یارمەتیی سیاسی و تەشکیلاتی و ماڵیی بە حیزبی خۆیبوون دەکرد، و هەر لەو کاتەش دا خۆی بە پارێزەری کورد دادەنا، ئەوەش وەك لەمەودوا باسی دەکەین تەنیا لەلای ئاغا ئینگلیزی و فەرانسەییەکانی نەبوو.

ساڵی ١٩٣٠ حیزبی خۆیبوون لە ناوچەی ئارارات توانی ڕاپەڕینێکی چەکدارانە بە سەرۆکایەتیی ئیحسان نووری پاشا ڕێك بخا. حکوومەتی ئێران ڕێگای هێزەکانی تورکیای دا کە لەخاکی ئێرانەوە پشت لە شەرکەرە کوردەکان بستێنن و لە پاش شەڕێکی سەخت بە بەکارهێنانی هێزو تۆپ و فڕۆکەیەکی زۆر ڕاپەڕینەکە سەرکوت کرا. بەگوێرەی سەرژمێرییەکی ناتەواو کە لەو بارەیەوە کراوە ١٦٥ دێ و ٦٨١٦ خانوو تەفروتونا کراون.

لێرەدا پێویستە بزانین حیزبی داشناك بۆچی پشتیوانیی لە حیزبی خۆیبوون دەکرد؟ هۆی سەرەکی ئەوەبوو کە داشناکەکان بۆخۆیان نەیان دەتوانی لە

تورکیا هیچ جووڵانەوەیەکی چەکدارانە ڕێك بخەن. بۆیە دەیانەویست لە ڕاپەڕینی گەلی کورد دژی حکوومەتی تورکیا کەلك وەربگرن، کە بە دوژمنێکی سەرسەختی خۆیان دەزانی. هەر لەوکاتەدا، داشناکەکان پێیان وابوو ئەو ڕاپەڕینە لە "ئەرمەنستانی" تورکیاش بۆ ڕزگارکردنی ئەو مەڵبەندە لەچنگ زوڵم و زۆری تورکەکان هەڵگیرساوە. پێویستە ئەوەش بگوترێ کە داشناکەکان زۆربەی خاکی کوردستانی تورکیایان بە بەشێك لە ئەرمەنستانی گەورە دادەنا. خۆش ئەوەبوو دەستەی نوێنەرایەتیی ناسیونالیستە ئەرمەنی‌یەکان بۆ کۆنگرەی ١٩١٩ی پاریس پێی وابوو کە مەڵبەندی کورد لە جنووبی دیاربەکرەوە دەست پێدەکاو ویلایەتەکانی تری ڕۆژهەڵاتی تورکیا هەموویان ئەرمەنستانن. ئەمجار داشناکەکان بەو هیوایە پشتیوانیی ڕاپەڕینەکەی کوردیان کرد، کە حکوومەتی تورکیا لاواز بکاو دەرفەتێکی لەبار بۆ خەباتی داهاتووی ئەرمەنی‌یەکان پێك بێنێ. لە کاتی دامەزرانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردیش دا ئاسۆیەکی نوێ بۆ خەباتی داشناکەکان لەدژی تورکیاو یەکیەتیی سۆڤیەتی دەکرایەوە. چونکە داشناکەکان لایان وابوو ئەگەر دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد دابمەزرێ، بۆ تێکۆشانی ئەوان لە پێناوی دامەزراندنی ئەرمەنستانی گەورەی سەربەخۆ دا دەبێتە پێگەیەك.

بە کورتی داشناکەکان بە نوێنەرایەتیی کۆنەپەرستە ئەرمەنی‌یەکان دەیانەویست تامەزرۆیی کورد بۆ ئازادی و سەربەخۆیی بکەنە پردەبازێك بۆ گەیشتن بە نیازەکانی خۆیان دژی یەکیەتیی سۆڤیەتی. کاتێك لەوە ناهومێد بوون، داشناکەکان یارمەتیی خۆیان لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی نیشتمانیی کورد بڕی، و تەنانەت تا ڕادەیەکیش بەرهەڵستی‌یان کرد. بەڵام پێوەندیی نێوان جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی نیشتمانیی کوردو ئەرمەنی بەتەواوی جۆرێکی تر بوو. مێژوو زۆر نموونەی خەباتی هاوبەشی ئەو دوو نەتەوەیەی لە دژی دوژمنی هاوبەش بەخۆیەوە دیوە، و هەر ئێستاش دەکرێ بەڵگەیەکی ڕوونی ئەو دۆستایەتی‌یە درێژخایەنە لە وەزعی کوردەکانی ئەرمەنستانی سۆڤیەتی‌دا ببینین. کوردەکان بۆ یەکەم جار لە مێژوودا مافی نەتەوایەتیی خۆیان دەست کەوتوەو لەگەڵ گەلی ئەرمەنی دا بەخۆشی و دۆستایەتی دەژین.

**ب ـ مەسەلەی کوردو حیزبە سۆسیال دێموکراتەکانی ئوروویا**

داشناکەکان کە خۆیان کردبووە سەرپەرست و دەمڕاستی حیزبی خۆیبوون، دەبوو لەنێو ئەنتێرناسیۆنالی دووهەمیش دا هەر بەم جۆرە بجوولێنەوە، لێرەدا بەجێیە هەڵوێستی حیزبە سۆسیال دێموکراتەکان بەرامبەر بە مەسەلەی کورد بزانین. لەو یادداشتەدا کە داشناکەکان دایان بە کۆنگرەی ئەنتێرناسیۆنالی دووهەم، کە لە ئووتی ساڵی ١٩٣٠دا لە زوریخ بەسترا، ئاوا دەڵێن:

**"مەسەلەی کورد بۆ ئەنتێرناسیۆنالی ئێمە زۆر گرنگە، چونکە مەسەلەی کورد تا ئێستا چارەسەر نەکراوەو هەڕەشە لە ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی نیزیک دەکا... ئەمجار بەکرێگیراوانی ئەنتێرناسیۆنالی سێهەم هەوڵ دەدەن بخزێنە نێو جووڵانەوەی گەلی کورد. ئەو هەوڵ و تەقەلایە لە جێی خۆی دایە، چونکە کوردەکان ئێستا هەست بەوە دەکەن کە دنیا کاری پێیان نەماوە. هەر جۆرە روو پیشان دان و دڵدانەوەیەکی ئێمە بۆ کوردەکان دەبێتە هۆی بەهێزبوونی دوژمنانی ئەنتێرناسیۆنالی مۆسکۆ لە کوردستان دا"**[١٣].

لێرەدا دەردەکەوێ کە ڕێبەرانی ئەنتێرناسیۆنالی دووهەم هیچ کاتێک نەیان ویستوە دیفاع لە مافی گەلی کورد بکەن، بەڵکوو هەمیشە ویستوویانە ڕێگا لە جووڵانەوەی رزگاریخوازیی نیشتمانیی کورد بگۆڕن و بیخەنە ژێر دەسەڵاتی ئیمپریالیزم و دەست و پێوەندەکانی و هەر لەو ڕێگایەشەوە بەرگێکی دژی گەلی و دژی سۆڤیەتیی بەبەردا بکەن. ئەو هەوڵ و تەقەلایەش بەتەواوی لەگەڵ نەخشەو پلانەکانی ئیمپریالیزم ڕێك دەکەوێ.

"دوبروکەر" سەرۆکی کومیتەی بەجێهێنەری ئەنتێرناسیۆنالی دووهەم، هەڵوێستی نالەباری حیزبە سۆسیال دێموکراتەکانی بەرامبەر بە جووڵانەوەی رزگاریخوازیی نیشتمانیی کورد زۆر بەڕوونی نیشان داو گوتی:

**"پێش ئەوەی بێینە سەر باس و لێکۆڵینەوەی مەسەلەی کورد، پێم خۆشە هێندێك تێبینی لەبارەی هەڵوێستی خۆمان لەو کێشەیە دەربڕم. لە هەموو شتێك گرانتر بۆ ئێمە ئەوەیە کە مەسەلەی کورد بۆ ئێمە تازەیەو... دەبێ دان**

---

[١٣] بڵاوکراوەی دەنگ و باسی تایبەتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ژمارە ١٣و ١٤، تاشکەند، ١٩٣٢، ل١١٩.

**بەوەدا بنێین کە ئێمە هەر ئەندازە شارەزاییمان لە کاروباری ئورووپادا زۆر بێ، بە گرانی سەرمان لە گیروگرفتەکانی کاروباری دەرەوەی ئورووپا دەردەچێ. سەرەڕای ئەوەش، مەسەلەی کورد لەباری سروشتی خەباتەوە خاوەنی چەند شێوەو هەلومەرجی جیاوازە"**[14].

پاشان دوبرۆکر دەڵێ:

**"گیروگرفتی دووهەم ئەوەیە کە دەترسین کێشەی کورد لە گیروگرفتێکی تایبەتیی تورکیا بترازێ و عیراق و ئێران و سووریاش بتەنێتەوەو ببێتە هۆی هێندێك گیروگرفتی نێونەتەوایەتی لەنێوان ئەو وڵاتانەدا کە پێوەندییان بە مەسەلەکەوە هەیە. راستە یادداشتی حیزبی ئەرمەنیی داشناك دەڵێ جووڵانەوەی کورد لەدژی تورکیایە، بەڵام کەس ناتوانێ ببێتە دەستەبەری ئەوە کە بۆ ئەو وڵاتانەی سەرەوەش ناتەنێتەوەو مەترسیی هەڵگیرسانی شەڕ لە بەشێکی بەرینی رۆژهەڵاتی نیزیك دا پێك ناهێنێ"**[15].

ئەمە وا دەگەیەنێ کە سۆسیال دێموکراتەکان پشتگیریی خەباتی گەلی کوردیان دەکرد، بەڵام هەر لە تورکیا، نەك لە ئێران و عیراق کە کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی ئیمپریالیزمی بریتانیاو نەك لە سووریاش کە لەژێر دەسەڵاتی فەڕانسەدا بوو.

با، باشتر سەرنج بدەینە قسەکانی دوبروکر کە دەڵێ:

**"گیروگرفتی دووهەم بۆ ئێمە بێجگە لە هەمووی ئەوانە ئەهمییەتێکی تایبەتیی هەیە، ئەنتێرناسیۆنالی دووهەم لەکاتێك دا رێگای دیاریکردنی چارەنووسی گەلانی گرتۆتەبەر، هەر لەو کاتەدا رادەگەیەنێ کە ئەو مافە نابێ بە چەك و بەخوێن دابین بکرێ. چونکە ئەوە دەبێتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕ لەو شوێنانەو پاشان لە هەموو جیهان دا. ئێستاش ئەو حەقیقەتەمان لەبەر چاوە کە کوردەکان لە رێگای وەدەستهێنانی سەربەخۆیی دا شەڕ دەکەن. ئایا ئەگەر ئێمە ئاگری ئەو شەڕە خوێناوییەی کوردەکان خۆش بکەین، مانای ئەوە نیە کە**

---

(14) هەر ئەو سەرچاوەیە.

(15) هەر ئەو سەرچاوەیە.

**له هەڵوێستی سەرەکیی خۆمان لەبارەی مەسەلەی رزگاریی نیشتمانی دا لامان داوە؟"**[١٦].

سەرۆکی ئەنتێرناسیۆنالی دووهەم له خەباتی گەلی کورد دەترسێ، نەوەکوو ببێته خەباتێکی چەکداری دژی ئیمپریالیزم له رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا. هەر لەو کاتەش دا پێی وایە کۆمەڵی نەتەوەکان:

**"دەوڵەتێکی وای تێدا نیه که داوای یارمەتیی لێ بکرێ. لەبەر ئەوەی ئەمە تەنیا رێگایەکی راستە کە دەتوانین له هەلومەرجی ئێستادا پێی دا بڕۆین، من پێم وایه دەست تێوەردانی ئێمه له مەسەلەی کورد بایەخێکی ئەوتۆی نابێ"**[١٧].

له کۆتایی دا "ئوتوباور" تیئۆریزانی بەدناوی سۆسیال دێموکراسی بڕیاری کومیتەی ئەنتێرناسیۆنالی دووهەمی خوێندەوەکه لەوێدا دەڵێ:

**"سەرنجی دنیا بۆلای ئەو کوشتارە رادەکێشین کە حکوومەتی تورکیا دژی کوردەکان دەیکا"**. و بە توندی لەسەر ئەو نوختەیە پێ دادەگرێ کە:

**"ئەنتێرناسیۆنالی دووهەم دژی مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلانە، ئەگەر ئەو مافە لە رێگای چەك و خوێن ڕشتنەوە دابین بکرێ"**[١٨].

پاش تێشکانی راپەڕینەکەی ١٩٣٠، حیزبی خۆیبوون بەرە بەرە نفووزی کەم بۆوەو لەو ماوەیەش دا ناکۆکیی نێوان ئیمپریالیزمی بریتانیاو فەرانسە لەگەڵ حکوومەتی تورکیا چارەسەر کرا، و ئیتر نەك هەر وازیان لە حیزبی خۆیبوون هێنا، کە پاش ئەوەی کارێکی گرنگی لەدەست نەهات، هەڵوەشا، بەڵکوو کاریان بە داشناکەکانیش نەما.

## ج ـ سیاسەتی کەمالیستەکان لە تواندنەوەی گەلی کورددا

پاش راپەڕینی ١٩٣٠، حکوومەتی تورکیا بە توندی رێبازی لەنێوبردن و تواندنەوەی کوردەکانی گرتەپێش. ساڵی ١٩٢٥ قانوونێك پەسند کرابوو کە بەگوێرەی ئەو، نیزامی "پشکنینی گشتی" دامەزرا. ئەو پشکنینە زۆربەی

---

[١٦] هەر ئەو سەرچاوەیە.
[١٧] هەر ئەو سەرچاوەیە.
[١٨] هەر ئەو سەرچاوەیە. ل ١٢٠.

بەشەکانی کوردستانی دەگرتەوەو مافی ئەوەی هەبوو حکوومەتی نیزامی بەرپا بکاو لە ناوچەکانی دراوسێ ڕا هێزی عەسکەری بێنێ. لە مانگی مای ١٩٣٢دا قانوونێك دەرچوو کە بەپێی ئەو، سەدان هەزار کورد لە مەڵبەندی خۆیان گوێزرانەوە بۆ مەڵبەندی ئەوتۆ کە تەنیا ٥٪ی دانیشتووان پێك بێنن. ئەو قانوونە بە ڕاشکاوی دەڵێ:

**"ئەوانەی زمانی زگماکی‌یان تورکی نەبێ، ڕێگایان نادرێ دێیەکانیان دروست بکەنەوەو مەڵبەندەکانیان ئاوەدان بکەنەوەو دەستەو کۆمەڵی پیشەسازی و ئایینی و هی تر دابمەزرێننەوە. بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران وەزیری نێوخۆ دەتوانێ ئەو دەستەو کۆمەڵانە تەنانەت ئەوانە کە تا ئێستاش پێك هاتوون هەڵوەشێنێ"**[19].

ئەو قانوونە بە پێچەوانەی پەیمانی لۆزانیش بوو، کە لە بەندی ٣٨ دا دەڵێ:

**"حکوومەتی تورکیا بەڵێن دەدا کە دەستەبەریی ژیان و مافەکانی دانیشتووانی تورکیا وەئەستۆ بگرێ"**. و لە بەندی ٣٩ دا دەڵێ:

**"لە بەکارهێنانی هیچ زمانێك پێشگیری ناکرێ. هاونیشتمانانی تورکیا دەتوانن بە ئازادی هەر زمانێك لە پێوەندیی تایبەتیی خۆیان دا، یان لە نووسراوەکانی بازرگانی، ئایینی و یا ڕۆژنامەگەری، یان لە هەر چەشنە بڵاوکراوەیەك دا، یان لە کۆبوونەوە ئاشکرایەکان دا، بەکار بێنن"**[20].

کاربەدەستانی تورکیا بە بەرهەمی سیاسەتی زەبروزەنگ ڕازی نەبوون و بۆ تواندنەوەی گەلی کورد هێرشێکی فکری‌یان دەست پێکرد. ڕەجەب پەکەر سکرتێری گشتیی حیزبی جمهوریی گەل لە وتارێك دا کە ساڵی ١٩٣١ لە زانستگا خوێندیەوە ڕای‌گەیاند:

**"ئێمە ئەو هاونیشتمانانە وەك خۆمان حیساب دەکەین کە لەنێو ئێمەدا دەژین و لەباری سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یەوە دەچنەوە سەر نەتەوەی تورك، بەڵام بیروباوەڕی کوردایەتی‌یان بردوونە مێشکەوە..."**.

ئەو سکرتێرە، کە پێی وایە بوونی نەتەوەیەك ئەنجامی بردنەمێشکی هەست و بیروباوەڕە، پاشان دەڵێ:

---

(١٩) L. Rambout, Les Kurdes..., p. 33.

(٢٠) هەر ئەو سەرچاوەیە. ل٢٥.

**"زانستی تازە لای وایە کە نەتەوەیەکی چەند سەد هەزار کەسی و تەنانەت یەك میلیۆنییش ناتوانێ وەك نەتەوەیەکی سەربەخۆ بمێنێتەوە"(٢١).**

دیارە ئەو "زانستە تازە"یە تەنیا لە خەیاڵی ناسیۆنالیستە بەرچاوتەنگەکانی تورك دا هەیە.

کابرایەکی دیکە بەناوی دوکتور سەکبان لەوەش زیاتر پێی لێ هەڵێناو بە راشکاوی رایگەیاند:

**"قسەی خۆمان بێ، نازانم ئەو خەڵکە بۆ لە تواندنەوە دەترسێن؟ تاقیکردنەوە نیشانی داوە کە تواندنەوەی بێهێزەکان لەلایەن بەهێزەکانەوە وەزعیان باشتر دەکا. بەڵام بەشەرتێك ئەو تواندنەوەیە بەزۆر نەبێ".**

لە جێگایەکی تر دا دەڵێ:

**"دەبێ ئێمە ئەوەندە دڵسۆز بین و پێ لەو راستی‌یە بنێین کە ئەو باوەڕەی ئێمە کە پێویستە کوردەکان بە زمانی خۆیان بخوێنن، بناخەیەکی پتەوی نیە"(٢٢).**

ئەحمەد رەشید کە مامۆستایەکی تورك بوو لە ئاکادیمیی قانوونی نێونەتەوایەتیی "لاهە"دا، لە نامیلکەی خۆی دا بەناوی "لەسەر مافی کەمایەتی-یەکانی تورکیا لە رابردوو و ئێستادا" بە ئەنقەست کوردی لەبیر خۆی بردۆتەوەو دەڵێ:

**"مێژوو نیشانی داوە کە تورکیا هەمیشەو بە چەشنێکی بەردەوام رێزی لە مافی کەمایەتی‌یەکان گرتوە".**

ئەو مامۆستایە لە بێشەرمی دا گەیشتۆتە جێگایەك کە دەڵێ:

**"زۆر جار واقیعییەت لەگەڵ ئەوەی لە قانوون دا باس کراوە جیاوازیی هەیە، بەڵام لەبارەی مافی کەمایەتی‌یەکانی تورکیاوە هەرگیز شتی وا نەبووە".**

ئەمە شتێکە کە مامۆستا ساڵی ١٩٣٥ ویستوویەتی پێمان بسەلمێنێ، بەڵام چونکە زانیویەتی دەنگ و باسی کوشتاری کوردەکانی تورکیا لەدنیادا دەنگی داوەتەوە، ناچار بووە ئەوەندەی لێ زیاد بکاو بڵێ:

---

(٢١) م. تەکینالپ: "کەمالیستەکان" چاپی چیکی، ١٩٣٨، ل٢٢٨.

(٢٢) Dr. Ch. Sekban, La Question Kurde, Paris. 1933.

**"ئەو کێشە خوێناوییەش کە لەنێو حکوومەتی تورکیاو هێندێك دەستەو کۆمەڵ دا هەڵگیرساوە، هیچ پێوەندییەکی بە مافی کەمایەتییەکانەوە نیە کە ئێمە باسی دەکەین"**[٢٣].

سەرەڕای هەمووی ئەوانەش نە سیاسەتی زەبروزەنگ و نە "هێرشی پێسەلماندن" هیچ قازانجێکیان بە حکوومەتی تورکیا نەگەیاند.

رادەی بەرهەڵست و بەربەرەکانیی کوردەکان بۆ سیاسەت و کوشتو بڕی کاربەدەستانی تورکیا، بە ئاشکرایی لەو بەیاننامەیە دەردەکەوێ کە ساڵی ١٩٣٦ مستەفا کەمال لە ئەنجومەنی نیشتمانیی تورکیادا خوێندیەوە. لەو بەیاننامەیەدا دەڵێ:

**"گرنگترین مەسەلەی وەزعی نێوخۆیی ئێمە گیروگرفتی دەرسیمە (دەرسیم ناوچەیەکە لە بەشی رۆژئاوای کوردستانی تورکیا - س) لەبەر ئەوە، و بۆ بنەبڕکردنی ئەو کوانە کوشندەیە، بۆئەوەی بتوانین خێراتر بڕیار بدەین، پێویستە حکوومەت دەسەڵاتێکی فرەوان و بێسنووری بدرێتێ"**[٢٤].

حەقیقەتی ئەو "کوانە کوشندەیە" لەنامەیەك دا دەردەکەوێ کە خەڵکی دەرسیم لە نوامبری ساڵی ١٩٣٧دا ناردوویانە بۆ ئەنجومەنی کۆمەڵی نەتەوەکان و ناڕەزایی لە ئاکاری حکوومەتی تورکیا دەردەبڕن کە:

**"قوتابخانە کوردییەکان داخراون، زمانی کوردی قەدەخە کراوە، وشەی کوردو کوردستان لە کتێبە زانستییەکان هەڵگیراوە، هەموو چەشنە کردەوەیەکی دڕندانە بەکار هێنراوە بۆئەوەی کوردەکان ناچار بکەن، بە ژن و کچیشەوە لە پرۆژە عەسکەرییەکانی ئەنەدۆڵ دا کار بکەن، کوردەکان دەکەس دەکەس گوێزراونەوە بۆ مەڵبەندە تورك نشینەکان و نابێ لە هیچ شوێنێك لە ٥٪ی دانیشتووان پتر بن... و هتد"**[٢٥].

قەیرانی ئابووریی ساڵەکانی ١٩٢٩ـ١٩٣٢ وەزعی ئابووریی زەحمەتکێشانی تورکیاو بەتایبەتی کوردستانی زۆر شپرزە کرد. هەژاری و بێکاری بڵاو بۆوەو

---

[٢٣] Ahmed Rechid, Les droits minoritaires en Turquie dans le passe et le present, Paris 1935, pp. 4, 15, 17.

[٢٤] N. Dersimi, Kurdistan tarihinde, p. 258.

[٢٥] هەر ئەو سەرچاوەیە. ل ٢٩٦.

پایەی ژیانی جووتیاران ئەوەندەی تریش هاتەخوار. ئەوانەو سەرباری هەموانیش سیاسەتی چەوساندنەوەو زەبروزەنگ و رەگەزپەرستیی کاربەدەستانی تورکیا لە ساڵی ١٩٣٧دا بوون بە هۆی هەڵگیرسانی راپەرینێکی گەورە بە سەرۆکایەتیی سەیدرەزا لە ناوچەی دەرسیم دا. حکوومەتی تورکیا لەشکرێکی زۆری بۆ سەرکوت کردنی شەرکەرە کوردەکان تەرخان کردو سەرلەنوێ هەزاران کەس تێیدا کوژران. لە هێندێك لە مەڵبەندەکان دا کوشتاری زۆر گەورە کرا، و زۆر مەڵبەند بەتەواوی خاپوور کران، و بەناوی شارستانیەتەوە ژن و منداڵ و پیرو پەککەوتەی دەستەوستانیش کوژران. ئەو راپەرینە زۆر بە دڵرەقی تێك شکێندراو سەیدرەزاش لەگەڵ دە کەسی تر لە سەرۆکەکانی راپەرین بەتاوانی چەتەیی ئیعدام کران. "ئی رومانیت" گاڵتە بە ئەقڵی کاربەدەستانی تورکیا دەکا کە ئەو سەرۆکە کوردانەی لەپێناوی یەکیەتیی نیشتمانەکەیان دا خەبات دەکەن، بە "دز" دەزانن، بەڵام سەرۆکێکی تورك کە بێگانە لە وڵاتی خۆی وەدەر دەنێ، بە "نیشتمانپەروەر" دادەنێن(٢٦).

"عوسمان مەتە" نووسەری رۆژنامەی "سۆن پۆستا" کە ساڵی ١٩٤٨ یانی دەساڵ پاش کووژانەوەی راپەرینەکە چۆتە دەرسیم باسی ئەو سەرکەوتنە دەکا کە حکوومەتی تورکیا لە بڵاوکردنەوەی شارستانیەت دا وەدەستی هێنانەوەو دەنووسێ:

**"... چەند کەسێك لە خەڵکی ئەو مەڵبەندە باسیان بۆ کردم، کە بێجگە لە ژاندارمەو مەئموری باج وەرگرتن هیچ مووچەخۆرێکی حکوومەتیان نەدیوە... زۆرم هەوڵ دا لە نیزیکەوە وەزعی خەڵکەکە بناسم، و لەنیازی دڵیان تێبگەم، هیچم دەست نەکەوت بێتە بەڵگەی ئەمە کە ئێمە کارێکمان بۆ کردوون. لەوێ نە سەنعەت هەیەو نە کشتوکاڵ و نە بازرگانی... پزیشك دەست ناکەوێ و خەڵك هەر نازانن دەرمان چیە، و لەنێوان گوندەکانیش دا رێگا خۆش نەکراون"(٢٧).**

لەپاش کووژاندنەوەی راپەرینەکەش حکوومەتی تورکیا بەبیانووی مانۆڕی عەسکەرییەوە ئاکارێکی بۆ لەناوبردنی کوردەکان رەچاو کرد، کە هەرگیز وێنەی نەبینرابوو.

---

(٢٦) I. Romanette, Le Kurdistan et la Question Kurde, Paris 1937, p. 12.

(٢٧) N. Dersimi, Kurdistan tarihinde…, p. 325.

حکوومەتی تورکیا راپەڕینەکەی ساڵی ١٩٢٥ی بە دەستکردی ئینگلیزییەکان دەزانی و دەبێ ئەو راستییەش بگوترێ کە ئیمپریالیزمی بریتانیا ئەو راپەڕینەی پێ خۆش بوو. چونکە کێشەی بریتانیاو تورکیا لەسەر مەسەلەی مووسڵ لە ئەنجومەنی کۆمەڵی نەتەوەکان دا باسی لێدەکرا. پوگوریلوف باشی بۆچووە کە دەڵێ:

**"... لەماوەی ئەو شێواوییەدا کە لەسەر مەسەلەی مووسڵ پێک هاتوە، هەرچەشنە پێک هەڵپڕژانێك لەناو کوردەکان و حکوومەتی تورکیادا رووبدا، بەقازانجی بریتانیا تەواو دەبێ".**

پاشان دەڵێ:

**"بێگومان فکری یەکخستنەوەی کوردستان یەکێك لە هۆیەکانی هەڵگیرسانی ئەو راپەڕینە بووە، هەرچەند ئەو فکرە لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دا زۆر بڵاو نەبیۆوە"(٢٨).**

دیارە نابێ تەئسیری بیروباوەڕو هەستی ئایینی بەکەم بگرین، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا دەتوانین بڵێین هێزی پاڵ پێوەنەر بۆ راپەڕینی ١٩٢٥، هەروەك هەموو ئەو راپەڕینانەی لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە تا شەڕی دووهەمی جیهانی هەڵگیرساون، تێکۆشان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردو دابین کردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد بووە.

ئەهرۆ دەڵێ:

**"هەرچەند حکوومەتی بریتانیا کەیفی بەو گیروگرفتانە دەهات کە کوردەکان بۆ حکوومەتی تورکیایان پێك دەهێنا، بەڵام ناتوانین بڵێین پیاوەکانی ئینگلیز دەستیان لە راپەڕینەکەدا هەبووە، ئاشکرایە کە پیاوە ئایینییەکان نەخشێکی گرنگیان لەو راپەڕینەدا یاری کردوە، و هەروەها ئاشکراشە کە هەستی نەتەوایەتیی کورد نەخشی گەورەی لە راپەڕینەکەدا بووەو لەوانەیە هەستی نەتەوایەتی لە هەموو شتێك زیاتر تەئسیری لە هەڵگیرسانی ئەو راپەڕینەدا بووبێ"(٢٩).**

---

(٢٨) م. پوگوریلوف: "مەسەلەی کورد..." ل١٥٢.

(٢٩) ج. ل. ئەهرۆ: "ئاوڕێك بۆسەر مێژووی جیهان" چاپی ئینگلیزی، بەرگی ٢، ل١١٠٨.

لــەکاتی راپەڕینەکــەی ســاڵی ١٩٢٧ دا حکوومــەتی تورکیــاو دەوڵەتــە ئیمپریالیستی‌یەکان درۆ و دەلەسەیەکی زۆریان بڵاو کردەوە کە گۆیا یەکیەتیی سۆڤیەتی چەك و دراو دەدا بە شۆڕشگێڕانی دەرسیم. ئەوەش بەو مەبەستە بوو کە وا لە خەڵك بگەیەنن گۆیا ئەو راپەڕینە دەستکردی بێگانەیەو لەلای بیروڕای گشتیی تورکیاو جیهان پاکانە بۆ ئەو ئاکارە دڕندانەیە بکەن کە کاربەدەستانی تورکیا لەگەڵ کوردەکان بەکاریان هێناوە، و لەلایەکی ترەوە ترسێکیش وەبەر حکوومەتی عیراق و ئێران بنێن بۆئەوەی ئەوانیش یارمەتیی تورکیا بدەن و پێکەوە کوردەکان سەرکوت بکەن[٣٠]. هەر لەوکاتەدا حکوومەتی تورکیا بۆ نیزیك بوونەوە لە ئەڵمانی نازی دەیەویست زەمینەیەکی دژی سۆڤیەتی ئامادە بکا.

لە ئەنجام دا مانگی ژوئەنی ١٩٣٧ پەیمانی سەعدئاباد لەنێوان تورکیاو ئێران و عیراق و ئەفغانستان و دیارە لەژێر چاوەدێریی بریتانیادا مۆر کرا. ئەو پەیمانە بێجگە لەوە کە سروشتێکی دژی سۆڤیەتیی هەبوو، بەشێوەیەکی سەرەکی دژی جووڵانەوەی رزگاریخوازیی نیشتمانیی کوردیش بوو. لە بەندی حەوتەم دا دەڵێ:

**"هەرکام لەو لایەنە بەرزانە کە ئەم پەیمانەیان ئیمزا کردوە، دەستەبەر دەبێ کە بەش بەحاڵی خۆی هەوڵ بدا بۆ بەرگری لە راپەڕین، یان تێکۆشانی دەستەو کۆمەڵە چەکدارەکان، یا ئەو کۆمەڵەو رێکخراوانە کە دەیانەوێ ئەم دام و دەزگایەی ئێستا تێك بدەن، کە ئەرکی پاراستنی نەزم و ئاسایشی هەموو بەشێکی سنووری لایەکەی دیکەی وەئەستۆ گرتوە"[٣١].**

ئەو پەیمانەش وەك زۆر پەیمانی تر لە ئەنجامی شەڕی دووهەمی جیهانی دا گۆڕ کرا. بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا حکوومەتی تورکیا دەستی لە سیاسەتی شۆوێنیستیی خۆی هەڵنەگرت و هیچ پەندی لە دەرسەکانی ئەو شەڕە وەرنەگرت، کە گۆڕانێکی ئەساسی بەسەر رووکاری دنیادا هێنا.

---

[٣٠] نوختەی ئەساسی بۆ تورکەکان ئەوەبوو کە یارمەتیی ئەو دوو دەوڵەتە بۆلای خۆیان رابکێشن بۆئەوەی لەلایەکەوە کوردەکانی ئێران گیروگرفتێك بۆ تورکیا ساز نەکەن و لەلایەکی ترەوە کوردەکان نەتوانن ئێران بکەنە پەناگەو پێگەی خۆیان بۆ پەلاماردانی تورکیا. م. فروغی: "نامەیەکی نهێنی".

[٣١] S.S. Gavan. Kurdistan. Divided Nation of the Middle East, London, 1958, p. 35.

رۆژنامەی "سۆن پۆستا" لە ١١ی ئاوریلی ١٩٤٦ دا بەڕاشکاوی رای گەیاند کە:

**"هیچ کاتێك کەمایەتیی کورد لە تورکیا نەبووە، نە نیشتەجێ و نە کۆچەری، نە خاوەن هەستی نەتەوایەتی و نە بێ هەستی نەتەوایەتی."**.

ئەوەیە ئەو بیروباوەڕە شوومە کە تا ئەمڕۆش رێبازی سیاسەتی حکوومەتی تورکیا دیاری دەکا.

## ٢ـ کورد لە عیراق

لە پێشەوە باسمان کرد کە لە جەنگەی شەڕی یەکەمی جیهانی دا، بەگوێرەی پەیمانی سایکس ـ پیکۆ رۆژهەلاتی نێوەڕاست بە چەند مەڵبەندی دەسەلاتی دەوڵەتە ئیمپریالیستی‌یەکان دابەش کرا، و بین النهرین وەبەر بریتانیا کەوت. لە جەنگەی شەڕدا زۆربەی بەشەکانی عیراق لەلایەن هێزەکانی بریتانیاوە داگیر کران، لە ١١ی مارسی ١٩١٧دا بەغدا داگیر کراو هەتا ئاخری شەڕەکە هێزەکانی بریتانیای تێدا مایەوە. قسەکانی لۆرد کورزون دروشمی سیاسەتی بریتانیا لە رۆژهەلاتی نێوەڕاست بوو کە دەیگوت:

**"فورات سنووری رۆژئاوای هیندوستانە"**.

لە پاش شەڕی یەکەمی جیهانی گەلی کورد لە عیراقیش دەستی بە جووڵانەوە کردو لە ساڵەکانی ١٩١٨و ١٩١٩ دا جووڵانەوەی رزگاریخوازیی کوردستانی عیراق زۆر خێرا چووەپێش و کوردەکانی مەڵبەندی سولەیمانی بە سەرۆکایەتیی شێخ محمودی بەرزنجی سەربەخۆیی کوردیان راگەیاند. ئینگلیزی‌یەکانیش بەوە رازی بوون کە شێخ محمود ببێتە حوکمداری ئەو ناوچەیە. ئیمپریالیستەکانی بریتانیا شێخ محمودیان بۆ ئەوە دەویست کە حکوومەتی تورکیای پێ بترسێنن، کە هێشتا هێزەکانی لە مەڵبەندی مووسڵ دا مابوون، هەروەها کاربەدەستانی بەشی عەرەبی عیراقیشی پێ بترسێنن بۆئەوەی نەوێرن لە قسەی بریتانیا دەربچن. بەلام ئەوەی بۆ شێخ محمود گرنگ بوو، سەربەخۆیی گەلی کورد بوو. بۆیە زۆری پێنەچوو کە نێوانی لەگەڵ ئینگلیزی‌یەکان تێك چوو، ئەوەبوو، شەڕێکی سەخت لەدژی لەشکری داگیرکەری بریتانیا هەڵگیرسا. لە ٩ی ژوئەنی ١٩١٩ دا

شەڕێکی یەکجار سەخت لە دەربەندی بازیان نیزیك سولەیمانی قەوما. لەپاش ئەوەی کوردەکان شەڕێکی قارەمانانەیان کرد، لە ٢٥ی ژوونەنی ١٩١٩ دا شێخ مەحموود بە بریندارێ بەدیل گیراو دادگایەکی بریتانیا حوکمی ئیعدامی بەسەردا سەپاند، لەپاشان بۆی کرا بە حەپسی ئەبەدو شێخ مەحموود بۆ هیندوستان دوور خرایەوە.

کوردەکان بەگشتی لەشەڕی دژی ئیمپریالیزمی بریتانیادا بەشدار بوون و هەرچەندە راپەڕینەکەش کووژایەوە، بەلام تێگەیشتن کە دەکرێ لەگەڵ بەهێزترین دەوڵەتی ئیمپریالیستی، یانی ئیمپریالیزمی بریتانیاش شەڕ بکرێ. جووتیاران هێزی سەرەکیی راپەڕین بوون و لەژێر رێبەرایەتیی پێشەوای ئایینیی خۆیان شێخ مەحموود دا شەڕیان دەکرد. ئەوان تەنیا هەر بەهیوای ئەوە نەبوون رزگاریی سیاسی و نەتەوایەتی وەدەست بێنن، بەڵکە بەهیوای ئەوەش بوون کە وەزعی کۆمەلایەتییشیان باشتر بێ. بێگومان سەرۆکایەتیی ئایینیی شێخ مەحموودیش نەخشێکی گرنگی هەبووەو هەربۆیەش جووتیارەکان بەچەشنێکی هێندە کاریگەر بەشداری شەڕەکان بوون.

لە کۆنگرەی سان ریمۆن دا کە ٢٥ی ئاوریلی ١٩٢٠ بەسترا، عیراق بەڕەسمی کەوتە ژێر سەرپەرستیی بریتانیا، هەرچەند تەواوی گەلی عیراق دژی ئەو هەنگاوە ئیمپریالیستی‌یە بوو. کۆمەلانی جووتیاران لەلادێ شان بەشانی بورژوازی و رووناکبیرانی شار دەستیان بە خەبات کرد: خۆپێشاندان بەرپا کراو ناڕەزایی دەربڕا. ئەو تێکۆشانە دوایە لە ٣٠ی ژوونەنی ١٩٢٠ دا بوو بە راپەڕینێکی چەکدارانە کە زۆری پێنەچوو هەموو عیراقی تەنیەوەو تا ئاخری ئۆکتۆبری ١٩٢٠ درێژەی کێشا.

گەلی کورد بەوەی کە لە راپەڕینی ١٩١٨ــ١٩١٩ دا بوو بە پێشەنگی جووڵانەوەی گەلی عیراق، نەخشێکی گرنگی لە ئامادەکردنی راپەڕینی ساڵی ١٩٢٠ی عیراق دا یاری کرد[٣٢] بەلام لە جەنگەی راپەڕینەکەدا جووڵانەوەی گەلی کورد پێوەندی‌یەکی پتەوی لەگەڵ خەباتی گشتیی عیراق نەبوو، چونکە لە

---

[٣٢] د. ن. کوتلوف: "راپەڕینی رزگاریخوازیی نیشتمانیی ساڵی ١٩٢٠ی عیراق" بەزمانی رووسی، مۆسکۆ، ١٩٥٨، ل١٨٧.

ئەنجامی زۆرداریی ئیمپریالیستەکان دا، زۆری زەرەرو زیان پێگەیشتبوو و هەر لەو کاتەش دا ئیمپریالیزم وردە ناکۆکیی نەتەوایەتیی نێوان کوردو عەرەبی بۆ کزکردنی هەستی هاوکاری لە نێوان ئەو دوو نەتەوەیەدا بەکار دەهێنا. لەپاش چەند شەڕێکی سەخت ئاخرەکەی هێزەکانی بریتانیا توانیان راپەڕینەکە بکووژێننەوە.

پاشان ئیمپریالیستەکان لە ٢٣ی ئووتی ١٩٢١ دا لە رێگای ریفراندۆمێکەوە توانیان فەیسەڵ کە یەکێك لە ئەندامانی بنەماڵەی پادشایەتیی هاشمی بوو، بکەنە پادشای عیراق. جێگای سەرنجە کە کەرکووك بەرهەڵستی دانانی فەیسەڵ بوو، و سولەیمانییش لە ئەساس دا بەشداریی لە ریفراندۆمەکەدا نەکرد[٣٣].

رۆژ بەرۆژ بێزاریی کوردەکان لە ئینگلیزی‌یەکان زیادی دەکرد، و کاربەدەستانی تورکیاو سوپای تورکیاش خەریك بوون لەو بێزاری و ناڕەزایەتی‌یە کەڵك وەربگرن و کوردەکان بۆلای خۆیان رابکێشن. بەڵام ئیمپریالیزمی بریتانیا بە گەڕانەوەی شێخ مەحموود رازی بوو و لە سێپتامبری ١٩٢٢دا شێخ مەحموود گەیشتەوە سولەیمانی و ئەوەش بۆیە بوو کە لەنێو کوردەکان دا نەختێك نفووز بۆخۆی بهێڵێتەوە.

تەنگەتاویی ئینگلیزی‌یەکان گەیشتە رادەیەك کە لە ١٤ی سێپتامبری ١٩٢٢دا کۆنگرەیەکی کوردیان لە سولەیمانی بەست و لەنوامبری ئەو ساڵەدا شێخ مەحموود بوو بە مەلیکی کوردستان. بەڵام شێخ مەحموود بۆخۆی تەنیا بە مەڵبەندی سولەیمانی رازی نەبوو، بەڵکوو دەیەویست هەموو کوردستان رزگار بکاو لە کەرکووکەوە دەست پێبکا، کە ماوەیەك بوو نەوتی لێ دۆزرابۆوە. هەر لەبەر ئەوەش ئینگلیزی‌یەکان بەرهەڵستیی نیازەکەی شێخیان کرد، بەڵام ئەمجارە نەیان توانی سولەیمانی داگیر بکەن. لە ٤ی مارسی ١٩٢٣ دا پاش چەند هێرشی سەختی فڕۆکەکانی هێزی هەوایی پاشایەتیی بریتانیا، ئاخرەکەی شێخ مەحموود ناچار بوو شار بەجێ بێڵێ و هەتا ١١ی ژووئەنی ١٩٢٣ کە شێخ

---

[٣٣] زۆربەی نیزیك بەتەواوی خەڵکی سولەیمانی هەموو چەشنە پێوەندی‌یەکیان لەگەڵ مەڵبەندی ژێردەسەڵاتی حکوومەتی عیراق دایە دواوە. "راپۆرتێك لەبارەی بەڕێوەبردنی عیراقەوە، لە ١٩٢٠ەوە تا مارسی ١٩٢٢". ل١٢.

مەحموود سەرلەنوێ سولەیمانیی رزگار کردەوە، هەر لە ژێر چنگی داگیرکەرانی بریتانیادا بوو.

لە ٢٤ی ژوونیەی ١٩٢٣ دا پاش وتوویژێکی دوورودرێژ پەیمانی لۆزان بەسترا، و بەپێی ئەو پەیمانە هەموو بڕیارەکانی پەیمانی سیور بە یەکجاری هەڵوەشانەوە. لەوێدا گەلی کورد نرخی بەڵێن و پەیمانی دەوڵەتە ئیمپریالیستیەکان و لەسەرووی هەموویانەوە بریتانیای گەورەی بۆ دەرکەوت.

شێخ مەحموود لە حکوومەتی سۆڤیەتی داوای یارمەتیی کردو لە ٢٠ی ژانویەی ١٩٢٣ دا نامەیەکی بۆ کونسولی سۆڤیەتی لە تەورێز (لەئێران) نووسیوە لەوێدا دەڵێ:

**"ساڵی ١٩١٧ کاتێك دنیا دەنگی ئازادیی راستەقینەی گوێ لێبوو و زانی کە گەلەکەتان لە چنگ چەوسێنەرو تاوانبارەکان رزگاری بووە، هەموو گەلان و نەتەوەکانی جیهان شادمان بوون".**

شێخ مەحموود لە پاشان دەنووسێ: **"ئەمڕۆ کە گەلی کورد دەستی یارمەتی بۆ لای ئێوە درێژ دەکاو بەدڵسۆزییەوە ئاواتەخوازە لەگەڵ ئێوە بە دۆستایەتی و برایەتی بژی، لانیکەم ئەو هیوایەمان هەیە کە گەلی کورد مافە نەتەوایەتییە رەواکانی خۆی وەدەست بێنێ".**

لە کۆتایی نامەکەدا شێخ مەحموود دەنووسێ:

**"ئێوە لە گیروگرفتی تەقەوەستاندن ئاگادارن و دەش زانن کوردستانی جنوویی لەدژی کێ راپەڕیوە. هەروەها دەش زانن هەڵوێستی وڵاتەکانی دراوسێ بەرامبەر ئەو چەشنە مەسەلانە چۆنە. ناکرێ هەموو شتێك بەدرێژی بنووسین، چونکە پێوەندیی دیپلۆماسی لەنێوان ئێمەو حکوومەتی سۆڤیەتی دا نیە، کە بڕوامان پێی هەیەو بە پشتیوانی خۆمانی دەزانین. لەگەڵ ئەوەش دەتوانم شتێك بڵێم: گەلی کورد هەمووی پێی وایە گەلی رووس رۆژهەڵات رزگار دەکا. ئێستا ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە یارمەتی بە مەسەلەکەمانە... گەلی ئێمە بەپەلە چاوەڕوانە کە لەنێوان هەردوولادا پێوەندی دابمەزرێتەوە".**

ئەو نامەیەش بەڵگەیەکی ترە لەسەر رادەی دەنگدانەوەی شۆرشی مەزنی ئۆکتۆبر لە کوردستان دا، هەر لەو کاتەدا نیشان دەدا کە گەلی کورد کە لە ریزی

پێشـەوەی خـەباتی ڕزگـاریخوازیی گـەلان دا بـوو، بایـەخ و نەخشـی یەکیـەتیی سۆڤیەتی لە خەباتی میللـەتان لـە پێنـاوی ئـازادی و مـافی دانـانی چارەنووسـی خۆیان دا بۆ دەرکەوتوە.

خەباتی شێخ مەحموود تووشی زۆر کەندو کۆسپ بوو، هـەتا لـە دوایـی دا لـە ١٩ی ژووئیەی ١٩٢٤دا هێزەکانی بریتانیاو عێراق شاری سـولەیمانیـیان گرتـەوەو شـێخ مـەحموود ناچـار بـوو بکشـێتەوە بـۆ چـیاکان. لـەپاش ماوەیـەك لەگـەڵ حکوومەتی عێراق ڕێك کەوت و لە وڵات دا دامەزرایەوە.

**أـ مەسەلەی مووسڵ**

پـەیمانی لـۆزان مەسـەلەی سـنووری نێـوان تورکیـاو عێراقـی بـە چارەسـەر نەکراوی هێشتەوە. لە بەندی ٣دا دەڵێ:

**"هەتا ٩ مانگی دیکە مەسەلەی سنووری نێوان عێراق و تورکیا لە ڕێگایـەکی نێونەتەوایەتی‌یەوە لەنێوان حکوومـەتی بریتانیـاو تورکیـادا چارەسـەر دەکـرێ، ئەگـەر ئـەو دوو دەوڵەتـە نـەیان تـوانی لـەو ماوەیـەدا ڕێـك کـەون، مەسـەلەکە دەنێردرێتە ئەنجومەنی کۆمەڵی نەتەوەکان"[٣٤].**

دیـارە، مەسـەلەکە تـەنیا دیـاریکردنی سـنووری نێـوان تورکیـاو دەوڵـەتی تازەدامەزراوی عێراق نەبوو، بەڵکوو مەسەلەکە پێوەندی بـە هـەموو کوردسـتانی عێراقەوە هەبوو. لەهەمووش گرنگتر بۆ ئیمپریالیستەکان ئەوەبوو، کە مەسەلەکە پێوەنـدیی بـە نەوتـەوە هـەبوو. چارەنووسـی کـوردی عێراقـیش ڕاسـتەوخۆ بـە چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکی‌یەوە بەسترابوو.

وتووێژی نێوان تورکیاو بریتانیا ئەنجامێکی لەباری نەبوو و مەسەلەی سـنوور بوو بە یەکێك لە گیروگرفتەکانی کۆمەڵی نەتەوەکان. لـە ٣٠ی سـێپتامبری ١٩٢٤ دا ئەنجومـەنی کۆمـەڵی نەتـەوەکان بڕیـاری دا کـە بـۆ لێکۆڵینـەوەی مەسـەلەکە کۆمیسـیۆنێك لـە سـێ ئەنـدام دابنـرێ، و ئـەو کۆمیسـیۆنە هـەموو ئاگـاداری و

---

[٣٤] Ch. A. Hooper, L'Iraq…, p. 70.

پێشنیارێك کە بۆ وەرگرتنی بڕیاری پێویست یارمەتی بدا، پێشکەش بە ئەنجومەن بکا. ئەندامانی ئەو کۆمیسیۆنە بریتی بوون لە کۆلۆنێل پاولیس بێلـژیکی و کونت تەلەکی سەرۆك وەزیری پێشووی مەجارستان و ئی. ئاف. وێرسن وەزیری موختاری سوئێد کە سەرۆکی کۆمیسیۆنەکەش بوو. ئەو کۆمیسیۆنە بڕیاری دا کە پشکنین دەبێ لە خودی مەڵبەندەکەدا بێتەدی و بۆ ئەو مەبەستە لە ژانویەی ساڵی ١٩٢٥ دا گەیشتە مووسڵ.

حکوومەتی تورکیا پێشنیاری کرد کە بۆ ئەوەی خەڵك نەزەری خۆی دەربڕێ، ریفراندۆم بکرێ[٣٥]، بەڵام بریتانیا بەرهەڵستیی ئەو پێشنیارەی کرد چونکە مەسەلەکە پێوەندیی بە سنوورەوە هەبوو، نەك بە مەڵبەندێکی تایبەتی‌یەوە. هەردوولا لەبارەی گەلەکانی دانیشتووی مەڵبەندەکە ریزە سیایی و ئەژمارەیەکیان نیشان دا کە لەگەڵ یەکتر جیاوازی‌یەکی تەواویان هەبوو. ئینگلیزی‌یەکان پێیان وابوو کوردەکان ئارییاین و هیچ پێوەندی‌یەکیان بە تورکەوە نیە. تورکەکانیش دەیانگوت کوردو تورك جیاوازی‌یان نیەو چەندین چەرخە ئەو دوو نەتەوەیە پێکەوە ژیاون و پێوەندیی دۆستایەتی‌یان لەنێوان دا هەبووە.

ئەو سیایی و ئەژمارە کە بریتانیاو عیراق هێنابوویانە گۆڕێ، بەم جۆرە بوو:

---

[٣٥] Question of the Frontier Between Turkey and Iraq. League of Nations, Geneva 1925, p.46.

لەبەرئەوەی زۆربەی دانیشتووانی مەڵبەندەکە نەخوێندەوار بوون، حکوومەتی تورکیا پێشنیاری کرد دەنگدانەکە بەدوو چەشنە کارت بێ، کە یەکیان ئاڵای ئینگلیزو ئەوی تریان ئاڵای تورکی لەسەر چاپ کرابێ.

| جەدوەلی ژمارە (٦) | | | |
|---|---|---|---|
| | ئەژمارەکانی تورکیا ساڵی ١٩٢٣ | ئەژمارەکانی بریتانیا ساڵی ١٩٢١ | ئەژمارەکانی عیراق ساڵی ١٩٢٢ |
| کورد | ٢٦٣.٨٣٠ | ٤٢٤.٧٢٠ | ٤٩٤.٠٠٧ |
| عەرەب | ٤٣.٢١٠ | ١٨٥.٧٦٣ | ١٦٦.٩٤١ |
| تورك | ١٤٦.٩٦٠ | ٦٥.٨٩٣ | ٣٨.٦٥٢ |
| یەهوودی | ٣١.٠٠٠ | ٦٢.٢٥٥ | ٦١.٣٣٦ |
| ئێزدی | ١٨.٠٠٠ | ٣٠.٠٠٠ | ٢٦.٢٥٧ |
| كۆچەری | ١٧٠.٠٠٠ | — | — |
| مەسیحی | — | ١٦.٨٣٧ | ١٣.٩٧٧ |
| تێكرا | ٦٧٣.٠٠٠ | ٧٨٥.٤٦٨ | ٨٠١.١٧٠ |

بەڵام كۆمیسیۆنەكە گەیشتە ئەنجامێك كە لەگەڵ هەمووی ئەوانە زۆری جیاوازی هەبوو:

**"كورد نە عەرەبن و نە توركن و نە فارسن، بەڵام لە فارس نیزیكترن تا لەوانی تر. كورد لە تورك جیایەو جیاوازییەكەشی ئاشكرایە. لەمەش زیاتر لە عەرەب دوورەو جیاوازیی لەگەڵ هەیە"[٣٦].**

راپۆرتەكە پاشان دەڵێ:

**"ئەگەر تەنیا باری رەگەزی ببێتە ئەساسی ئەتیجە وەرگرتن، دێینە سەر ئەو باوەڕە كە دەبێ دەوڵەتێكی سەربەخۆی كورد دابمەزرێ. چونكە كوردەكان پێنج بەش لە هەشت بەشی دانیشتووانن. كاتێك مەسەلەكەش بەم جۆرە چارەسەر بكرێ، پێویستە ئێزدییەكانیش كە زۆر وەك كورد دەچن، لەگەڵ كورد حیساب بكرێن. توركەكانیش كە بەهاسانی لەنێو كورد دا دەتوێنەوە ئەودەم كوردەكان دەبنە حەوت بەش لە هەشت بەشی دانیشتووان"[٣٧].**

---

[٣٦] هەر ئەو سەرچاوەیە، ل ٤١.

[٣٧] هەر ئەو سەرچاوەیە، ل ٥٧.

ئەمە وا دەگەیەنێ کە بەڵگە رەسمی‌یەکانی کۆمەڵی نەتەوەکان دانیان بە بوونی کورد وەك نەتەوەیەکی سەربەخۆو هەروەها بەمافی کورد لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ داناوە.

**ب ـ مۆنۆپۆلەکانی نەوت لە کوردستان**

مەسەلەی مووسڵ بە قازانجی ئیمپریالیزمی بریتانیا چارەسەر کرا، و کوردستانی عیراق لەکوردستانی تورکیا جیا کرایەوەو بوو بە بەشێك لە عیراقی ئێستا. لەو رۆژەدا بوو کە لۆرد کورزون سوێندی خوارد کە هیچ وەخت بوونی نەوت لەو مەڵبەندەدا سەرنجی ئەوی رانەکێشاوە[٣٨]. لە پێنجی ژوئەنی ١٩٢٦ دا لە نێوان بریتانیاو عیراق و تورکیادا پەیمانێك ئیمزا کرا، و مەسەلەی مووسڵ بە قازانجی بریتانیا چارەسەر کرا. لەو پەیمانەدا رێوشوێنی دیاریکردنی سنووری ئێستای نێوان عیراق و تورکیا دانرا، بەڵام پێش ئەوە لە ١٤ی فێوریەی ١٩٢٥ دا پەیمانێك ئیمزا کرابوو، کە بەگوێرەی ئەو پەیمانە ئیمتیازی دەرهێنانی نەوت لەعیراق درابوو بە شیرکەتی نەوتی تورکیا، کە دوایە لە ساڵی ١٩٢٩ دا ناوی گۆڕاو بوو بە شیرکەتی نەوتی عیراق (ئای. پی. سی). ماوەی ئەو ئیمتیازە کە پێوەندیی بە مەڵبەندی کەرکوك لە کوردستانی عیراقەوە هەبوو، ٧٥ ساڵ، یانی تا ساڵی ٢٠٠٠ بوو. پاشان لە ساڵی ١٩٣٢ دا لەنێوان عیراق و شیرکەتی نەوتی عیراق دا پەیمانێك لەبارەی نەوتی مووسڵەوە بەسترا، کە ماوەکەی تا ساڵی ٢٠٠٧ درێژەی هەبوو. ئەمجار ساڵی ١٩٣٨ پەیمانێکی دیکە لەبارەی نەوتی بەسرەوە مۆر کرا تا ساڵی ٢٠١٣. شیرکەتی نەوتی عیراق و هەردوو لقەکەی یانی شیرکەتی نەوتی مووسڵ و شیرکەتی نەوتی بەسرە ئێستا بەشێوەی سەرەکی لەو سێ مەڵبەندە نەوت دەردێنن: کەرکووك، مووسڵ، بەسرە. بەڵام کەرکووك تا ئێستاش مەڵبەندی سەرەکیی بەرهەمهێنانی نەوتە، چونکە دوو لەسێی هەموو

---

[٣٨] لۆرد کورزون بۆخۆی گەورەترین خاوەن بەشی شیرکەتی نەوتی تورکیا بوو. بۆیە بەپێویستی زانی رابگەیەنێ:

"بۆ شەخسی ئەو، بە هیچ جۆر بوون و نەبوونی نەوت لەو مەڵبەندە گرنگ نیە". (مێژووی دیپلۆماسی) چاپی چیکی، بەرگی سێهەم، ل ١٥٥.

نەوتی عیراق لەوێ بەرهەم دێ. شیرکەتی نەوتی عیراق لەم چەند شیرکەتەی خوارەوە پێك هاتوە، کە هەر کامێکیان ٢٣/٧٥٪ی سەرمایەی ئەم شیرکەتەیان بەدەستەوەیە: شیرکەتی رویال دوچ شیل، شیرکەتی نەوتی بریتانیا، شیرکەتی ستاندارد ئۆیل ئۆف نیووجێرسی لەگەڵ شیرکەتی سوکونی موبیل ئۆیل و شیرکەتی نەوتی فەرانسە. پێنج لەسەدەکەی دیکەش دراوە بە شیرکەتی پشکنین و بەشداری، کە خاوەنەکەی سەرمایەدارێکی ئەرمەنیی خەڵکی بریتانیایە بەناوی ك. گولبانگیان.

لەبەر ئەوەی سەرمایەی هولەند لە شیرکەتی رویال دوچ شیل لەژێر نفووزی سەرمایەی بریتانیادا بوو، شیرکەتەکانی نەوتی بریتانیا زیاتر لەنیوەی (٥٢/٥٪) سەرمایەی شیرکەتەکەیان بەدەستەوە گرتبوو، هەربۆیەش بەسەر شیرکەتی نەوتی عیراق دا زاڵ ببوون[٣٩].

ئەم وەزعە لەگەڵ پارسەنگی هێزەکانی ئەو سەردەمەی رۆژهەڵاتی نیزیکیش دا دەگونجا (ساڵی ١٩٢٥). دەنا لەپێش شەڕی یەکەمی جیهانی دا وەزعی شیرکەتی نەوتی تورکیا جۆرێکی دیکە بوو: شیرکەتی نەوتی ئێران و ئینگلیز ٥٠٪ی بەشەکانی بەدەستەوە بوو، ٢٥٪ بەدەست بانکی دوچی ئەڵمان و ٢٥٪ بەدەست شیرکەتی رویال دوچەوە بوو. پاش تێشکانی ئەڵمان لەشەڕی یەکەمی جیهانی دا بەپێی پەیمانی نهێنیی سایکس - پیکۆ لەبارەی دابەش کردنی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە (١٩١٦)، فەڕانسە جێگای ئەڵمانی گرتەوەو بەو جۆرە دەستی لە مووسڵ هەڵگرت. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو مونوپولەکانی نەوتی ئەمریکاو لەسەرووی هەموویانەوە شیرکەتی ستاندارد ئویل لە ئەنجامی وتووێژێکی دوورودرێژو نهێنی دا توانیان لە شیرکەتی نەوتی تورکیادا بەشدار بن. لەپاش ماوەیەکی زۆر گولبانگیان بەکرێگراوی بریتانیاش ٥٪ی بەشەکانی وەدەست کەوت و لەو کاتەوە ئەو ناوەی بەسەردا بڕا، کە پێیان دەگوت

---

[٣٩] مەبەست ئەوە نیە کە دەکرێ قازانجی مونوپولەکانی هولەند لە شیرکەتی رویال دوچ شیل دا لەبەرچاو نەگیرێ. بەڵام رووداوەکانی دواتر نیشان دەدەن کە ئەو شیرکەتە زۆرتر لەگەڵ شیرکەتەکانی دیکەی بریتانیا هەنگاوی رێك ختسوە. لە کۆنسۆرسیۆمی نێونەتەوایەتیی نەوت لە ئێرانیش وەزعەکە هەر بەم جۆرەیە، چونکە شیرکەتی نەوتی بریتانیا ٤٠٪ و شیرکەتی رویال دوچ شیل ١٤٪ی بەشەکانی لەدەست دایە کەوابوو ٥٤٪ی بەشەکان لەژێر دەستی بریتانیا دایە. - د.

"جەنابی سەدی پێنج". گولبانگیان کە لەو کاتەدا راوێژکەری دارایی سولتانی عوسمانی بوو، یەکەم کەس بوو کە ساڵی ١٨٩٠ خەبەری بە سولتان دا کە ئەو مەڵبەندە نەوتی تێدایە.

بەم جۆرە مەسەلەی سەرەکی، یانی مەسەلەی نەوت بە چەشنێك چارەسەر کرا، کە لەگەڵ قازانجی ئیمپریالیستەکان و پارسەنگی هێزەکانیان رێك بکەوێ و جارێکی دیکەش ئینگلیزی و فەرانسەیی‌یەکان مەسەلەی کوردیان "لەبیر چۆوە"، هەروەك لە لۆزان لەبیریان چووبوو. ئیمپریالیزمی بریتانیاو فەڕانسەو شەریکە تازەکەیان ئیمپریالیزمی ئەمریکا، گەیشتبوونە ئەو نەتیجەیە کە کوردەکانی مەڵبەندی مووسڵ نابێ لەژێر فەرمانی تورکەکان دا بن[٤٠]. چونکە لەو وەختەدا مستەفا کەمال لە تورکیا لەسەر کار بوو، (ساڵی ١٩٢٥) و لەوانەبوو دەرهێنانی نەوت بکەوێتە مەترسی‌یەوە. بۆیە بریتانیای گەورەو فەڕانسەو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەر لەگەڵ ئیمتیازی نەوتیان چنگ کەوت، کاریان بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی یەکگرتووی کورد نەماو لەنێوان خۆیان دا رێك کەوتن کە کورد نابێ دەوڵەتێکی وەها دابمەزرێنێ. دیارە ئێران و تورکیاش کە کوردیان تێدا نیشتەجێیە، بەرهەڵستیی پێکهاتنی دەوڵەتێکی ئەوتۆیان دەکرد.

بەڵام بریتانیا نەی دەویست مەسەلەی کورد لە عیراق بە یەکجاری ببڕێتەوەو دیارە سیاسەتێکی ئیمپریالیستییش نەی دەتوانی فکری سەربەخۆیی تەواو بۆ دانیشتووانی مەڵبەندێکی گرنگی وەك مەڵبەندی مووسڵ پەسند بکا[٤١]. لەلایەکی تریشەوە هەڵوێستی دوژمنانەی کوردەکان بەرامبەر بە حکوومەتی تازەی عیراق شتێکی خراپ نەبوو، چونکە هەمیشە ورپاکردنەوەیەك بوو بۆ فەیسەڵ و دەوروبەرەکەی کە... ئەگەر کاروباری عیراق بەکەیفی بریتانیا نەچێتەپێش، بریتانیا بۆ سەربەخۆیی کورد رووی خۆش نیشان دەدا[٤٢].

---

[٤٠] وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەڵوێستی بریتانیای پەسند کرد، کە نیو میلیۆن کوردی مووسڵ نابێ لە ژێر فەرمانی تورکەکان دا بن و نابێ دەوڵەتێکی سەربەخۆش دابمەزرێنن". (أ. برووکس): "نەوت و سیاسەتی دەرەوە" بە زمانی چیکی، پراگ، ١٩٥٠، ل ٨٠.

[٤١] هەر ئەو سەرچاوەیە.

[٤٢] هەر ئەو سەرچاوەیە.

بەڕاستی هارولد نیکولسۆنی ئینگلیزی باشی هەڵوێستی بریتانیا بەرامبەر مەسەلەی کورد باس کردوە، کە دەڵێ:

**"ئەو ڕۆژەی ئێمە بە کوردەکانمان دەگوت وەرن ببنە دەوڵەت، هیچ خۆیان بۆ ماندوو نەکرد، کەچی لەنەکاو ساڵی ١٩٢٢ چاردە بەندەکەیان لێداوا کردین. بەڵام بەڕاستی ئیتر درەنگ ببوو".**

یانی ئەگەر بە زمانی ئادەمیزاد لێکی بدەینەوە، قسەکەی وا دەگەیەنێ: کورد تەنیا ئەوکاتە "پێویستە" ببێ بە دەوڵەت کە لەندەن پێی خۆش بێ، دەنا گوناهێکی هێندە گەورەیان کردوە، بۆ لێبووردن نابێ.

بزانین هەڵوێستی تورکیا چ بوو؟ تورکیا ئاخرەکەی بە خەتی بروکسێل رازی بوو، کە بەپێی بڕیارێکی کۆمیسیۆنی کۆمەڵی نەتەوەکان ، کە ساڵی ١٩٢٤ لە بروکسێل دەری کردبوو، سنووری جنووبیی تورکیای دیاری کردبوو، بەڵام بەو شەرتە سەدی دەی بەشەکانی شیرکەتی نەوتی تورکیای بدرێتێ[٤٣] و ڕێگاش نەدرێ ئەو ئاسۆرییانەی لە جەنگەی شەڕدا لە تورکیا ڕۆیشتوون، بگەڕێنەوە تورکیا.

**"لەبەر دڵی تورکەکان پەیمانەکە هیچ باسێکی کوردستان و سەربەخۆیی کوردستانیشی نەکرد"[٤٤].**

تەنیا بەرهەمی خەباتی گەلی کورد لە عیراق ئەوەبوو، کە زمانی کوردی لە قوتابخانە سەرەتاییەکان دا بوو بە زمانی خوێندن، ئەویش تەنیا لە مەڵبەندی سولەیمانی دا[٤٥]. بەڵام کوردەکان نەچوونە ژێر باری ئەو وەزعە. لە ژوئەنی ١٩٣٠ دا بەگوێرەی پەیمانی نێوان عیراق و بریتانیا ماوەی باڵ بەسەرداکێشانی بریتانیا لە عیراق تەواو بوو و عیراق بوو بە دەوڵەتێکی بەڕواڵەت سەربەخۆ.

---

[٤٣] پاشان لەو بڕیارەش هاتە خوارێ بەو شەرتەی حکوومەتی عیراق نیو میلیۆن لیرە بدا بە حکوومەتی تورکیا.

[٤٤] گ. لینچیفسکی: "ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە کاروباری جیهانی دا" چاپی فارسی تاران، ١٩٥٨، ل١٢٧.

[٤٥] بەگوێرەی قانوونێك کە ٢٣ی مانگی مای ١٩٣١ دەرچوو، زمانی کوردی لە هەموو کوردستانی عیراق بوو بە زمانی ڕەسمی. (عەلی سەیدو گۆرانی): "لە عومانەوە تا ئامێدی"، بەزمانی عەرەبی، ل١١٤.

بڕیاریش وابوو لە هاوینی ١٩٣٠ دا هەڵبژاردن بکرێ، بۆئەوەی پارلەمان لە سێپتامبر دا کۆ بێتەوەو پەیمانەکە پەسند بکا.

خەڵکی سولەیمانی لە هەڵبژاردن دا بەشدار نەبوون و لە شەشی سێپتامبری ١٩٣٠ دا خۆپێشاندانێکی گەورە رێك خرا، کە لەنێوان پۆلیس و خەڵکەکەدا بوو بە شەڕو ٤٥ کەسی تێدا کوژراو نیزیکەی ٢٠٠ کەس بریندار بوون. بەم جۆرە ڕۆژی ٦ی سێپتامبر لەمێژووی گەلی کورددا وەك ڕۆژی خەبات دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی تۆمار کراو بوو بە نیشانەی دەست پێکردنی قۆناخێکی نوێ لە خەباتی دژواری دوارۆژدا. شێخ مەحموود کە تا ئەوکاتە چاوەڕوانی پێشهاتەکان بوو، سەرلەنوێ تاوی دایەوە چەك. خەباتی چەکدار ئەمجارە تا مارسی ١٩٣١ درێژەی کێشاو شێخ مەحموود هێندێك بەرهەمی باشی لێ وەدەست هێنان. شێخ مەحموود تەنانەت هەوڵی رزگارکردنی کەرکووکیشی دا، بەلام سەرەنجام لەبەر خەیانەتی دەرەبەگە کوردەکان ناچار بوو دەست لە خەبات هەڵبگرێ.

ساڵی ١٩٣٢ لە چیاکانی بارزان لە بەشی شیمالی کوردستانی عیراق ڕاپەڕینێکی دیکە بەسەرۆکایەتیی شێخ ئەحمەد تەقیەوە. براچووکەی شێخ ئەحمەد مستەفا بارزانی لەو ڕاپەڕینەدا بۆ یەکەم جار نەخشێکی گرنگی یاری کرد. ئەو ڕاپەڕینە لەلایەن هێزی هەوایی پادشایەتیی بریتانیاوە سەرکوت کرا. بەتایبەتی پاش ئەوەی هەموو گوندەکانی بارزان بۆمباران کران و ١٣٦٥ خانوو سووتان.

ساڵی ١٩٤٣ ڕاپەڕینێکی دیکە بە سەرکردایەتیی مستەفا بارزانی، کە تازە لەشوێنی دوورخرانەوەی خۆی لە سولەیمانی رای کردبوو، لە بارزان هەڵگیرسا. ئەو ڕاپەڕینە زوو پەرەی گرت و حکوومەتی عیراق ماوەیەکی زۆر لەگەڵ بارزانی کەوتە وتوویژ، جارێك بەڵێن و پەیمانی پێ دەداو جارێك هەڕەشەو گوڕەشەی لێدەکرد. بەلام وتوویژەکە هیچ بەرهەمێکی لەباری نەبوو و لە بەهاری ساڵی ١٩٤٥ دا شۆرشگێرەکان ناچار بوون خەباتی چەکدارانە دەست پێ بکەنەوە. ئەمجارە زۆر کەس لە ئەفسەرە کوردەکانی سوپای عیراقیش چوونە نێویان و حیزبی ناسیونالیستی (هیوا)ش هاوکارییەکی پتەوی لەگەڵ شۆرشگێرەکان کرد.

ئەو خەباتە هەتا نوامبری ١٩٤٥ درێژەی کێشا. لەپاشان شۆرشگێرانی بارزانی لە سنوور ئاوا بوون و چوونە کوردستانی ئێران کە لەو کاتەدا خۆی بۆ دامەزراندنی کۆمارێکی دێموکراتی لە مەڵبەندی مەهاباد ئامادە دەکرد.

## ٣ـ کورد لە ئێران

لەپاش شەڕی یەکەمی جیهانی لە کوردستانی ئێرانیش چەند راپەڕینێك بەرپا بوون، کە لە هەموویان گرنگتر راپەڕینی سمکۆ لە ناوچەی ورمێ لەنێوان ساڵەکانی ١٩٢٠ـ١٩٢٥ دا بوو. سمکۆ بەشێکی زۆری لە کوردستانی ئێران رزگار کرد، و پاش دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ شێخ مەحموود ساڵی ١٩٢٣ بۆخۆی لە سولەیمانی چاوی بە شێخ مەحموود کەوت. بەلام ئینگلیزەکان سمکۆیان بۆ شەڕی ئاسۆرییەکان هان داو سەرۆکی ئاسۆرییەکان مار شەمعوونی کوشت و دیارە ئەو کارە بوو بەهۆی کزبوونی هەلوێستی سمکۆ.

ساڵی ١٩٢٥ رەزاخان بوو بە فەرمانڕەواو دیکتاتۆری وڵات و سیاسەتی زۆرداری و تواندنەوەی نەتەوە زۆرلێکراوەکانی ئێرانی گرتەپێش کە یەکێك لەوانە نەتەوەی کورد بوو. هەربۆیەش لەنێوبردنی سمکۆی بە گرنگ زانی.

هەتا ساڵی ١٩٣٠ سمکۆ چەند شەڕێکی لەگەڵ هێزەکانی ئێران و عیراق و تورکیا کرد، کە لە زۆربەی ئەو شەڕانەدا سەرکەوت. بەلام لە ٢١ی ژووئەنی ١٩٣٠ دا بەناوی وتوویژ لەگەڵ نوێنەرانی هێزەکانی ئێرانەوە بانگیان کرد بۆ شاری شنۆ و لەوێ بە ناپیاوی کوشتیان.

دوای ئەوە لە پاییزی ساڵی ١٩٣١ دا راپەڕینێکی دیکە بەسەرۆکایەتیی جەوەر سولتان لە جنووب لە مەڵبەندی هەمەدان دژی زۆرداریی حکوومەتی مەرکەزی بەرپا بوو، بەلام ئەویش وەك هەموو راپەڕینەکانی دیکە بەتوندی سەرکوت کراو کار گەیشتە ئەو رادەیە کە نوێنەری کوردستان لە پارلمانی ئێران دا رایگەیاند کە شتێك بەناوی مەسەلەی کورد لە ئێران دا لەگۆڕێ نیەو گۆیا کوردەکان خۆیان بەئێرانی دەزانن و لە ئێران بەولاوە بیر لەهیچ شتێك ناکەنەوە.

لە ئێرانیش هەروەك تورکیا کوردەکان لەهەموو مافێکی نەتەوایەتی بێبەش کران و بەکارهێنانی زمانی کوردی و تەنانەت جلوبەرگی کوردیشیان لێ

قەدەخە کرا. زۆر کەس لە کوردەکان هەر بەتاوانی ئەوەی کە ملیان بۆ ئەو قەدەخەو قۆرخە رانەکێشا، گیران و دوور خرانەوە. ئەم وەزعە تا شەڕی دووهەمی جیهانی درێژەی کێشا.

لەوەی تا ئێستا باسمان کرد دەردەکەوێ کە لەنیوەی دووهەمی چەرخی نۆزدەوە تا شەڕی دووهەمی جیهانی، مێژووی گەلی کورد بریتی بووە لە ریزە راپەڕینێك بەمەبەستی وەدەستێهێنانی ئازادی و سەربەخۆیی، و لە سەرەتای سەدەی بیستەم و لەشەڕی یەکەمی جیهانییشەوە بریتی بووە لە خەبات بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد.

## ٤ـ هۆی راپەڕینەکانی کوردو ئامانجەکانیان

بزانین هۆی سەرەکیی ئەو راپەڕینە بەربڵاوانە چ بووە کە زۆر وەخت هەموو نەتەوەی کوردیان گرتۆتەوە؟ دیارە هۆی سەرەکی زۆرداریی نەتەوایەتی بوو. چونکە لەلایەك بەرەبەرە هەستی نەتەوایەتی لە کورددا پەرەی دەگرت و لەلایەکی ترەوە رۆژبەرۆژ زۆرداریی نەتەوایەتی لەلایەن کاربەدەستانی ئەو وڵاتانەوە توندتر دەبوو. ئەو زوڵم و زۆرە نەتەوایەتییە ببووە هۆی یەکگرتنی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری: جووتیاران، وردەبۆرژوازی، رووناکبیران و دەرەبەگەکان.

چەوساندنەوەی کۆمەڵانی خەڵك بەتایبەتی جووتیاران لەلایەن کاربەدەستانی حکوومەتەوەو باج و پێتاکی قورس و تەوژمی ئابووریی ژاندارمەو سوپا بۆسەر دانیشتووانی لادێ، هەمووی ئەوانە وێڕای زۆرداریی نەتەوایەتی، کۆمەڵانی بەرینی جووتیارانی لەژێر سەرکردایەتیی سەرۆك عەشیرەتەکان و پێشەواکانی ئایین و دەرەبەگەکان دا، بۆ راپەڕین هان دەدا[٤٦].

خەباتی دژی زۆرداریی بێگانە لە کوردستان دا تا رادەیەکی زۆر لەخەباتی چینایەتی کەم کردبۆوە. ئەمجار زاڵبوونی پێوەندیی عەشیرەتگەری لەلادێ خەباتی چینایەتیی کز دەکرد. بێجگە لەوەش لەبەر ئەوە کە دەرەبەگە

---

[٤٦] بۆئەوەی سروشتی دەرەبەگە کوردەکان بناسی، بڕوانە فەسڵی شەشەمی ئەم کتێبە.

کوردەکـان زۆر جـار شـێخ و پێشـەوای ئـایینی بـوون، بەشـی ئـەوان لـە چەوساندنەوەی جووتیاران دا زۆر دیار نەبوو و خەباتی جووتیـاران زیـاتر لـەدژی بێگانـەکان بـوو. دەرەبـەگ و خـاوەن مڵکـەکانیش پێیـان وابـوو بـەهێزبوونی دەسـەڵاتی حکوومـەت لـە نفـووزی وان کـەم دەکاتـەوەو نەشـیان دەویسـت دەسـەڵاتیان لـە لادێ دا کـەم بێتـەوە. لەبـەر ئـەوە بەرهەڵسـتیی هـەموو کردەوەیـەکی حکوومـەتی مەرکـەزیـیان دەکـرد کـە مەبەسـتی کۆکردنـەوەی دەسەڵات لەدەست خۆی دا بێ. کەوابوو شتێکی تـەبیعی بوو کـە دەرەبەگـەکان پشـتیوانی لـە جووڵانـەوەی نیشـتمانی و راپەڕینـە چـەکدارەکانی کوردسـتان بکەن[٤٧].

بـورژوازیی تازەپێگەیشـتووی کـوردیش بـە دابـەش کردنـی کوردسـتان پـاش شـەڕی یەکـەمی جیهـانی رازی نـەبوو، چـونکە نفـووزی بـورژوازیی کـوردی کـەم کـردەوەو پێوەنـدیی لەگـەڵ ناوەنـدە بازرگـانییـەکان و بەنـدەرە گرنگـەکان دا بەرتەنگ کرد. بەم جۆرە بۆرژوازیی کورد لەلایەن تورك و عەرەبەوە وەلا نرابوو و زۆری لـێدەکرا. هەربۆیەش بوو کە بورژوازی و رووناکبیرە کوردەکان پشتیوانیی ئەو راپەڕینانەیان دەکرد کە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کـورد بـەرپا دەکران.

لـەپاش شۆرشـی ئۆکتـۆبر، لـەماوەی قـەیرانی گشـتیی سـەرمایەداری دا بیروباوەڕی دژی ئیمپریالیستی و لایەنگری رزگاریی گەلان تەئسیری کـردە سـەر کۆمەڵی کوردەواری. کوردستان کەوتۆتە نیزیك سـنووری یەکیـەتیی سـۆڤیەتی و بەشێك لە نەتەوەی کورد، هەرچەند کەمیش بێ، لە خـاکی یەکیـەتیی سـۆڤیەتی دا دەژی، کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی گەلی کورددا مافی ئینسانی و نەتەوایەتیی خـۆی دەسـت کـەوتوە. هـەمووی ئەوانـە ببوونـە هـۆی بـەهێزبوونی تەئسـیری بیروباوەڕی شۆرشی مەزنی سۆسیالیستی ئۆکتۆبر لە نێو گەلی کورددا.

بێ هێزیی بورژوازی و رووناکبیرەکان و نەبوونی پرولیتاریا ببوونە هـۆی ئـەوە کە سەرکردایەتیی راپەڕینەکانی گەلی کورد بکەوێتە دەستی سەرۆك عەشـیرەت و

---

[٤٧] "بەهێزبوونی دەسـەڵاتی دەرەبەگـە کوردەکـان دژی مووچـەخۆرانی حکوومـەت و ژاندارمـەو سوپا، بۆ ئەوان لە بیروبـاوەڕی نەتەوایـەتی گـرنگتر بـوو". ك. واسـیلیف: "مەسـەلەی کشـتوکاڵ" بەرگی ٩و١٠، مۆسکۆ، ١٩٣١.

دەرەبەگ و پێشەوا ئایینی‌یەکان. تەنانەت پاش ئەوەش کە بورژوازیی کورد ویستی خۆی بخزێنێتە نێو سەکردایەتیی جووڵانەوەی نیشتمانی‌یەوە، هەتا شەڕی دووهەمی جیهانی دەرەبەگەکان سەرۆکایەتیی جوولانەوەی نیشتمانی‌یان بۆخۆیان پاراست. هۆیەکەشی دواکەوتوویی کۆمەڵی نیوەدەرەبەگایەتیی کوردەواری بوو کە پێوەندیی عەشیرەتگەری هێشتا گرانایی خۆی هەر تێدا پاراستبوو.

**"یەکێك لە کۆسپەکانی جووڵانەوەی نەتەوایەتیی کورد ئەوە بوو کە لە کاتێك دا دەبوو سەرۆکەکانی و تەنانەت ڕێزەکانیشی شارستانی و خوێندەوار بن، هێزی شەرکەری لە عەشیرەت و سەرۆك عەشیرەتەکان پێك دەهات کە ئاسۆی بیرکردنەوەیان زۆر تەسك بوو، و تەنیا تاڵان کۆکردنەوە و کزکردنی دەسەڵاتی حکوومەتیان بەلاوە گرنگ بوو"(٤٨)**

سەرۆکایەتیی دەرەبەگەکان و نفووزیان لە جووڵانەوەی نیشتمانی کورد دا بەرهەمێکی شوومی هەبوو. چونکە زۆرجار بە کوژرانی سەرۆکی راپەرین، راپەرینەکەش لەنێو دەچوو. زۆرجاریش سەرۆکەکان لەبەر پاشکەوتوویی و نەخوێندەواری بوونە قوربانیی نەخشە و پلانەکانی ئیمپریالیزم و فریویان خواردوە و بێ ئەوەی بەخۆیان بزانن، بوونە داردەستی سیاسەتی ئیمپریالیستەکان.

زۆرجاریش هەڵکەوتوە کە سەرۆکە دەرەبەگەکان کاتێك هەستیان کردوە کاروبار بە پێچەوانەی قازانجی تایبەتیی خۆیان دەچێتە پێش، پێشیان بە جووڵانەوەی نیشتمانی گرتوەو ئەگەر جووتیارەکانیش بڕیاریان دابێ درێژە بەخەبات بدەن، دەرەبەگەکان بۆ پاراستنی قازانجی تایبەتیی خۆیان لەگەڵ حکوومەتی مەرکەزی یا نۆکەرانی ئیمپریالیزم رێك کەوتوون.

لە هەموو راپەرینەکان دا جووتیاران هێزی سەرەکی بوون، و پێش هەموو شتێك ئەو هەموو چەوسانەوەو هەژاری و زۆرداری‌یە نەتەوایەتی‌یە بۆ خەبات هانی داون. هەرچەند ئەم راپەرینانە نێوەرۆکێکی جووتیاری و بارێکی

(٤٨) Roosevelt, The Kurdish Republic of Mahabad, the Middle East Journal, New York, 1947, p. 268.

چینایەتییشیان هەبوو، بەڵام چونکە پێوەندیی عەشیرەتگەری بەهێز بوو راپەڕینەکان دژی دەسەڵاتی بێگانە بوون و لەبەر ئەوە سروشتی جووڵانەوەیەکی نەتەوایەتی‌یان بەخۆوە گرتبوو کە لەلایەن دەرەبەگەکان و سەرۆك عەشیرەتەکانەوە سەرکردایەتی دەکران.

**٥ـ کۆماری مەهاباد**

ساڵی ١٩٤١ هێزی هاوپەیمانەکان، کە بەشێکیان هێزەکانی سۆڤیەتی بوون هاتنە ئێران و دیکتاتۆریی رەزاشا رووخاو ئازادی‌یە دێموکراتی‌یەکان لە وڵات دا بووژانەوە. ساڵی ١٩٤٥ جووڵانەوەی نیشتمانی زۆر سەرکەوتنی گەورەی وەدەست هێنا. لە دیسامبری ئەو ساڵەدا لە ئازەربایجان حکوومەتێکی دێموکراتی لە ژێر رێبەرایەتیی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان دا دامەزرا. حکوومەتی نیشتمانیی ئازەربایجان دەستی بە ئیسلاحاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی کرد: زەویی خاوەن ملکە گەورەکان و خائینەکانی بەسەر جووتیاران دا دابەش کردو هەر بەو پێیە بەشی جووتیارانی لە بەرهەمی زەوی‌یە کرێگرتەکان زیاد کرد. هەروەها سەعاتی کاری رۆژانەی کرێکارانی کردە هەشت سەعات و زۆر ئیسلاحاتی ئیداری و کۆمەڵایەتیی تری دەست پێکرد. زمانی ئازەربایجانی کە هەتا ئەودەم قەدەخە بوو، بوو بە زمانێکی رەسمی.

لەماوەی ساڵەکانی شەڕدا هێزی هاوپەیمانەکان نەچوو بۆ بەشی شیمالی کوردستانی ئێرانەوە کە مەرکەزەکەی شاری مەهابادە. بۆیە ساڵی ١٩٤٤ پاش ئەوەی پاشماوەی هێزی پۆلیسی ئێران لە مەهاباد وەدەرنرا، خەڵك بۆخۆی حکوومەتی ئەو مەڵبەندەی گرتەدەست. لەوکاتەدا رێکخراوێکی ناسیونالیستی بەناوی (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد) تێکۆشانی خۆی دەست پێکردبوو.

لە ١٦ی ئووتی ١٩٤٥ دا لەشاری مەهاباد هەر لەسەر بناخەی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزرا. ئەو حیزبە زۆر بەخێرایی بوو بە حیزبی هەموو گەل و پشتیوانیی بەشێکی زۆر لە جووتیاران و زەحمەتکێشانی شارو وردە بورژوازی و خاوەن ملکە نێونجی‌یەکان و عەشیرەتە نیشتمانپەروەرەکانی بۆلای خۆی راکێشا.

گرنگترین بەندەکانی بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بریتی بوون لە:
بەکارهێنانی زمانی کوردی بۆ خوێندن و کردنی بەزمانێکی رەسمی لە کاروباری ئیداری دا، بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی بەرزی ئەو مەڵبەندە، دامەزراندنی یەکیەتی و پێوەندیی برایەتی لەگەڵ گەلی ئازەربایجان و هەموو کەمایەتی‌یە نەتەوایەتی‌یەکان لەخەباتی هاوبەشیان دا، باشترکردنی وەزعی ئابووری بە کەلك وەرگرتن لە سەرچاوە تەبیعی‌یەکانی کوردستان و پەرەپێدانی کشت‌وکاڵ و بازرگانی و گەشەپێدانی فەرهەنگ و لەشساخی، بۆئەوەی گەلی کورد بتوانێ بە ئازادی لە رێگای پێشکەوتن و خێروخۆشیی وڵاتەکەی دا خەبات بکا.

حیزب هیچ باسی دابەشکردنی زەوی و زاری نەکردبوو و تەنیا ئەوەندەی باس کردبوو، کە هەوڵ بدرێ بەرهەمی کشت‌وکاڵ بە چەشنێکی عادڵانە لەنێوان جووتیاران و خاوەن مڵکەکان دا بەش بکرێ.

لە ٢٢ی ژانویەی ١٩٤٦ دا کۆمارێکی نیشتمانیی کورد، بە سەرۆکایەتیی قازی محمد پێشەوای حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزرا، کە شەخسییەتێکی کومەڵایەتی و خەباتکەرێکی هەڵکەوتووی گەلی کورد بوو.

ئەو حکوومەتە نیشتمانی‌یە کەمتر لە ساڵێك خۆی راگرت، بەڵام هەر لەو ماوە کورتەدا قازانجی زۆری بە گەلی کورد گەیاند. زمانی کوردی بۆ یەکەم جار بوو بە زمانێکی رەسمی و منداڵانی کورد بەزمانی زگماکیی خۆیان قوتابخانەیان بۆ کرایەوەو کتێب و گۆڤارو رۆژنامەی کوردی بە چەشنێکی بێوێنە بڵاو کرانەوە. بۆ یەکەم جار تیئاتری کوردی دامەزراو ژنی کورد بۆ یەکەم جار لە ژیانی سیاسی و فەرهەنگیی وڵات دا بەشدار بوو. لەبەرئەوەی راستەوخۆ پێوەندی لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەتی دامەزرابوو، بازرگانییش بەخێرایی گەشەی کرد. لە هەر شوێنێك دەرەبەگەکان رایان دەکرد، جووتیاران دەبوونە خاوەنی راستەقینەی زەوی‌یەکان. بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا تەنانەت ئەوەندەی ئازەربایجانیش ئیسلاحی زەوی نەکرا. لە ئەساس دا دەرەبەگ و خاوەن مڵکەکان ئیمتیازەکانی خۆیان لە کوردستان دا پاراستبوو. مووچەخۆرانی کورد جێگای فارس و ئازەربایجانی‌یەکانیان گرتبوو. لە جێگای پۆلیس و ئەرتەشی حکوومەت، هێزی سوپایی و پێشمەرگە دامەزرابوو.

گەورەترین دەسکەوتی حکوومەتی دێموکراتی کوردستان ئەوەبوو کە گەلی کورد پاش ماوەیەکی دووروودرێژ ئازادیی نەتەوایەتیی وەدەست هێنابوو. لە کوردستان و ئازەربایجان چەند بنکەیەکی شۆرشگێری دامەزران کە بوونە پاڵپشتی جووڵانەوەی دێموکراتی لە سەرتاسەری ئێران دا. لە ٢٣ی ئاوریلی ١٩٤٦ دا پەیمانێکی هاوکاری و دۆستایەتی لەنێوان حکوومەتی دێموکراتی ئازەربایجان و حکوومەتی میللیی کوردستان دا ئیمزا کرا.

بەڵام وەك لەپێشەوە گوتمان حکوومەتی ئەو دوو مەڵبەندە زیاتر لە ساڵێك نەژیان و لەپاشان کۆنەپەرستیی ئێران بە یارمەتیی راستەوخۆی ئیمپریالیستەکانی ئەمریکاو بریتانیا زۆر بە درندایەتی لەنێوی بردن لە کوردستان و ئازەربایجان زیاتر لە ١٥٠٠٠ ئینسانی دێموکرات کوژرا.

لە دوای موحاکەمەیەکی رواڵەتی و نهێنی لە رۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ (٣٠ مارسی ١٩٤٧)دا پێشەوای گەلی کورد قازی محمد لەگەڵ سەیفی قازی، ئامۆزای پێشەواو وەزیری بەرگریی کۆماری مەهاباد، و سەدری قازی برای قازی محمد و ئەندامی پارلمانی ئێران ئیعدام کران. لەپاشان ئیتر سوپای دەوڵەتی ئێران و ژاندارمەکان بۆ خەراپکاری بە کوردستان وەربوون.

بەڵام بارزانی‌یەکان کە پشتیوانێکی گرنگی حکوومەتی نیشتمانیی کورد بوون چەکیان دانەناو بە سەرۆکایەتیی مستەفا بارزانی کە لەپێش دا فەرماندەی هێزەکانی کۆماری مەهاباد بوو، لەگەڵ هێزەکانی ئێران کەوتنە شەڕێکی سەخت و نابەرامبەرەوە. ئیمپریالیزمی ئەمریکا لەو شەڕەدا بەدانی چەك و کارناسی عەسکەری یارمەتیی هێزەکانی ئێرانی کردو تەنانەت باڵوێزی ئەمریکا ژۆرژ ئالێن بۆخۆی لەگەڵ رەزم ئارا سەرۆکی ستادی ئەرتەشی ئێران سەری لە جەبهەی شەڕی کوردستان دا[٤٩].

بارزانی‌یەکان بەربەرەکانی‌یەکی سەخت و ئازایانەیان کرد، تەنانەت سەرۆکی ستادی ئەرتەشی ئێران رایگەیاند سوپای تازەی ئێران تا ئێستا لەگەڵ دوژمنی هێندە بەهێز شەڕی نەکردوە. لەوکاتەدا شا فەرمانی دا کە بەهەموو هێزێکەوە لە

---

[٤٩] ف. ستیپانۆف: "گۆڤاری رۆژگاری تازە"، ژمارە ٢٤، ٨ی ژووئیەی ١٩٤٩.

بارزانی‌یەکان بدرێ و لە فەرمانێك دا کە لە ٢٩ی ڕەشەمەی ١٣٢٦ (٢٠ی مارسی ١٩٤٧) داویەتی دەڵێ:

**"بە فڕۆکە تەواوی بنکەکان و ڕێبازی کۆچ وکۆچباری ماڵە بارزانی‌یەکان (یانی ژن و منداڵ ـ د) و هەروەها تۆپخانەکەیان بۆمباران بکەن.**

**دەبێ تا ١٥ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ (٤ی ئاوریلی ١٩٤٧) شەڕ کۆتایی بێ و کارێکی وا بکەن کە بارزانی‌یەکان نەتوانن دەرباز بن و لەوە زیاتر ئابڕووی لەشکر نەچێ"[٥٠].**

پاش ئەوەی بارزانی‌یەکان زیانێکی گەورەیان لە ئەرتەشی ئێران دا، گەڕانەوە بۆ عیراق، کە لەوێش نووری سەعید بە ئاگرو ئاسن پێشوازیی لێکردن، ناچار پیرو پەککەوتەو ژن و منداڵیان لە مەڵبەندی بارزان بەجێهێشت و بۆخۆشیان نیزیکەی ٥٠٠ چەکدار لەژێر سەرکردایەتیی مستەفا بارزانی سەرکردەی ناوداری کورددا لە سنووری تورکیا ئاوابوون و سەرلەنوێ هاتنەوە خاکی ئێران. حکوومەتی ئێران لەشکرێکی گەورەی نیزیك بە دە هەزار سەربازی بە تۆپ و فڕۆکەو هەموو چەشنە چەکێکەوە بۆ سەرکوت کردنی بارزانی‌یەکان تەرخان کرد، بەڵام شەڕکەرە بارزانی‌یەکان بەیارمەتی و پشتیوانیی بێدریخی گەلی کورد توانیان مەودای ٣٠٠ کیلۆمیتر بە شەڕێکی سەرکەوتووانەوە ببڕن و لەپاش شەڕێکی زۆر سەخت توانیان لە چۆمی ئاراز بپەڕنەوەو بچنە یەکیەتیی سۆڤیەتی. ئەو شەڕکەرە ئازایانە هەتا سەرکەوتنی شۆڕشی ١٩٥٨ی عیراق نەگەڕانەوە بۆ نیشتمانی خۆیان.

هەرچەند کۆماری مەهاباد زیاتر لە ساڵێك دەوامی نەکرد، بەڵام بایەخێکی مێژوویی گرنگی هەبوو. بەخۆڕایی نیە کە أ. ڕۆزوێلت دەنووسێ:

**"پەیدابوون و گووڕانی کۆماری بچووکی مەهابادو مێژووی کورت و تۆفانی و لەنێوچوونی لەناکاوی، یەکێك لە ڕووناکترین ڕووداوەکانی مێژووی تازەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە"[٥١].**

---

[٥٠] ن. پسیان: "از مهاباد خونین تا کرانه‌های رود ارس" بەزمانی فارسی، تاران، ١٩٤٨، ل١٠٣.

[٥١] A. Roosvelt, The Kurdish Republic, p. 247.

گرنگیی جووڵانەوەی ١٩٤٥ــ١٩٤٦ لەوەدایە کە یەکەمین جووڵانەوەی نیشتمانی و دێموکراتیی مێژووی گەلی کورد بوو. ئەو جووڵانەوەیە جووڵانەوەیەکی دژی ئیمپریالیستی بوو کە بۆ قازانجی گەل و لەدژی زۆرداریی نەتەوایەتی و لە پێناوی رزگاریی نەتەوایەتیی هەموو گەلی کورددا بەرپا کرابوو. هەر لەوکاتەدا جووڵانەوەیەکی دژی کۆنەپەرستییش بوو و بۆ بڵاوبوونەوەی دێموکراتی لە ژیانی گشتیی کۆمەڵ دا هەوڵی دەداو بۆ دابین کردنی مافی وەك یەك بۆ هەراوترین توێژەکانی گەل، وردەبورژوازی، و رووناکبیران، و زەحمەتکێشانی شار تێدەکۆشا. هەربۆیەش هەموو کۆمەڵانی گەل تێیدا بەشدار بوون.

وەك لەپێشەوە گوتمان شۆرشی ئۆکتۆبر چەند جووڵانەوەو راپەرینێکی رێك و پێکی لە هەموو کوردستان دا بەدوادا هاتن. بەڵام جووڵانەوەی ١٩٤٥ــ١٩٤٦ی مەهاباد تەنیا جووڵانەوەیەك بوو، کە ببووە بەشێك لە خەباتی دژی ئیمپریالیستی و دژی فاشیستیی گەلان. بێجگە لەوەش ئەو جووڵانەوەیە نەك هەر ببووە بەشێکی گرنگ لە خەباتی دێموکراتیی چینی کرێکاری ئێران، بەڵکوو ببوو بە بەشێك لە جووڵانەوەی دێموکراتیی نێونەتەوایەتیی پرۆلیتاریاش.

لەنێو ئەو جووڵانەوەیەدا گیانێکی نێونەتەوایەتیی بەهێز دەبینرا، کە لەگەڵ هەستی دۆستایەتی بەرامبەر نەتەوەکانی ترو رێزو خۆشەویستی بۆ دراوسێی مەزنی خۆی یەکیەتیی سۆڤیەتی تێکەڵاو بوو. هەموو ئەو سروشتانە ببوونە هۆی ئەوە کە نەك هەر هێزە شۆرشگێرەکانی ئێران، بەڵکوو هێزە نیشتمانییەکانی سەرانسەری دنیاش لە جووڵانەوەی کوردستان و ئازەربایجان دیفاع بکەن.

ئەو جووڵانەوەیە لەو بارەشەوە گرنگ بوو کە توانی بۆ یەکەم جار لەمێژووی کوردستان دا حکوومەتێکی نیشتمانیی کوردی دابمەزرێنێ، کە لەماوەی کورتی تەمەنی خۆی دا بەروونی بۆ گەلی کوردی ئیسپات کرد تەنیا حکوومەتێك دەتوانێ خزمەتی گەل بکاو قازانجی گەل بپارێزی، کە لەنێو گەل هەڵقولێبێ. بۆیە گەلی کورد نەك هەر لە ئێران، بەڵکوو لە دەرەوەی ئێرانیش، تا ئەمرۆ زۆر بەرێزەوە یادی کۆماری مەهاباد دەکاتەوە.

هەر لەسەرەتای جووڵانەوەی مەهابادا کوردەکانی بارزانیی عیراق چوونە پاڵی و هەروەها چەند نوێنەرێکی کوردستانی تورکیاو ناوچە کوردنشینەکانی

ـسووریاش سەریان لـێدا، بەجۆرێك کە کۆماری مەهاباد بوو بە ئالآهەڵگری جووڵانەوەی هەموو گەلی کوردو یەکیەتیی نەتەوەی کورد خۆی تێدا نواند، و بوو بەهۆی بەهێزبوونی گووڕانی هەموو نەتەوەی کورد بەتایبەتی کوردی ئێران.

هەموو دەسکەوتەکانی جووڵانەوەی مەهاباد بەرهەمی ئەوەبوون کە حیزبی دیموکراتی کوردستان سەرکردایەتیی دەکرد. ئەو حیزبە پێشکەوتووە بەرنامەیەکی دیموکراتیی بۆخۆی دانابوو و باشترین و پێشکەوتووترین توێژەکانی گەلی کورد، بەتایبەتی وردەبورژوازی و رووناکبیرو وردە مالیکەکانی لە ریزی خۆی دا کۆ کردبۆوە. ئەو حیزبە تێگەیشتبوو کە گەلی کورد لە ئێران بەبێ یەکیەتی و هاوکاری لەگەڵ دوو نەتەوەکەی دیکەی ئێران و رێکخراوە پێشرەوەکانیان حیزبی توودەی ئێران و فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان ناتوانێ سەرکەوێ، بۆیە، وەدیهێنانی ئەو یەکیەتی و هاوکارییەی بە یەکێك لە ئەرکە گرنگەکانی خۆی دانابوو. تا ئێستاش حیزبی دیموکراتی کوردستان پێشرەوی گەلی کوردەو پێشکەوتووترین توێژەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانی لە ریزی خۆی دا یەك خستوە. گیانی جووڵانەوەی مەهاباد کە بریتی بوو لە یەکیەتی و بڵاوکردنەوەی دیموکراتی لە ژوورەوە، و دۆستایەتیی یەکیەتیی سۆڤیەتی و ئۆردوگای سۆسیالیستی لە دەرەوەی وڵات بەرەبەرە بەسەر جووڵانەوەی نیشتمانیی کورد دا زاڵ بوو[٥٢]. ئەو هەستە تا ئێستاش لە هەموو

---

(٥٢) دەتوانین تەئسیری جووڵانەوەی مەهابادو پێشەواکەی کە بەدەستی دوژمن خنکێندرا، لەو پێشهاتەوە تێبگەین کە ویلیام دوگلاس بۆمان دەگێڕێتەوە:

"... لاوێکی کورد بەخۆی و ژنەکەیەوە بە رێگایەك دا دەڕۆیشتن کە دارو درەخت سێبەریان لێکردبوو، پیاوەکە سواری کەرێك بوو، و ژنەکەش بە سەروڕووخۆشی لە تەنیشتیەوە دەڕۆیشت. سڵاومان لێك کردو لێم پرسی:

ـ خەڵکی کوێی؟

وەڵامی دامەوە: خەڵکی جێگایەکی دوورم لە شیمال، نیزیك (خۆی)ە.

ـ لێرە چ دەکەن؟

ـ ئێمە کوردین، دەچینە زیارەت بۆ سەر گڵکۆی قازی محمد. لە دەنگی دا رق و ئامادەیی بۆ بەربەرەکانی دەردەکەوت. هەروەها، لە چاوەکانی و خەنجەرەکەی بەرپشتێنی را دیاربوو، کە هەرکەس رێگای ئەو سەفەرەی پێ بگرێ، بەگژی دا دەچێ.

پیاو هەق بڵێ: گۆڕی قازی محمد زیارەتگەیەکە، کە هەموو حەوتوویەك سەدان کورد رووی تێدەکەن. ئیعدامی ئەوکوردە قارەمانە هەر ئەوی لەنێو بردوە، نەك بیروباوەڕی سەربەخۆیی کورد.

پارچەکانی کوردستان دا باڵی بەسەر جووڵانەوەی نیشتمانیی کورد دا کێشاوە. بەم جۆرە کۆماری مەهاباد سەرەتای قۆناخێکی تازە بوو لە مێژووی خەباتی گەلی کورددا کە تا ئێستاش درێژەی هەیە.

ئیمپریالیزمی ئەمریکا کە بە پاوان کردنی چەکی ئەتۆمی پشت ئەستوور بوو، حکوومەتی کۆنەپەرستی ئێرانی هان دا کە دژی حکوومەتە دێموکراتی‌یەکانی ئازەربایجان و کوردستان شەڕ ساز بکاو ئەوە یەکەم ئاژاوەنانەوە لە سنووری سۆڤیەتی و سەرەتای سەردەمی "شەڕی سارد" بوو. یەکیەتیی سۆڤیەتی کە تازە لەچنگ شەڕی ماڵوێرانکەری جیهانی رزگار ببوو، نەی توانی پشتیوانی لەهێزە دێموکراتی‌یەکانی ئێران بکا. بەداخەوە لێکدانەوەیەکی ناراستیش لە وەزعی ئێران کرا، کە ئەساسەکەی دەگەڕایەوە بۆ سەر ئەو سیاسەتە چەوتەی لە سەردەمی فەردپەرستی دا بەڕێوە دەچوو، کە ئەمەش تەئسیرێکی خراپی لەسەر رەوتی کارەساتەکان هەبوو. دیارە چەند هۆیەکی گرنگی نێوخۆش هەبوون کە رێگایان بۆ پەلاماری دوژمن خۆش کرد. بۆنموونە نەبوونی یەکیەتیی کردەوە لە نێوان هێزە دێموکراتی‌یەکانی ئێران دا تەئسیرێکی زۆری لەو سەرکەوتنە هاسانەدا هەبوو کە کۆنەپەرستیی ئێران وەدەستی هێنا. لەنێوخۆی کوردستانیش دا حکوومەتی مەهاباد هیچ دروشمێکی وای هەڵنەگرتبوو قازانجی جووتیاران بپارێزی کە ٨٠٪ی دانیشتووانی کوردستانن. تەنانەت زەویی ئەو دەرەبەگ گەورانەش کە لە کوردستان رایان کردبوو و دوژمنایەتیی حکوومەتی دێموکراتی کوردستانیان دەکرد، بەشێوەیەکی رەسمی بەسەر جووتیاران دا دابەش نەکرا. لەو بارەشەوە کوردستان زۆر لە حکوومەتی دێموکراتی ئازەربایجان لە دواتر بوو.

سەرچاوەی ئەو سیاسەتە کشت‌وکاڵی‌یەی حکوومەتی کوردستان تەنیا سروشتی جووڵانەوەکە نەبوو، کە لە چوارچێوەی جووڵانەوەیەکی نەتەوایەتی و دێموکراتی رانەبردبوو، بەڵکوو هەروەها لەگەڵ تەرکیبی کۆمەڵایەتیی

---

راستی ئەوەیە کە بە کوشتنی ئەو، بیروباوەڕەکە بەهێزتر بووە. ئەو جووتیارە ساکارانە کە بۆ رێزگرتن لەیادی قازی محمد سەدان کیلۆمیتر رێگا دەبڕن، قازی بە پیاوێکی باش دەزانن کە ژیانی خۆی لە پێناوی وەدیهێنانی ئاواتەکانی ئەوان دا بەخت کردوە.".

W. Douglas, Strange Lands..., p. 63_64.

دامەزرێنەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش رێك دەکەوت. دەبێ پێ لەو راستییە بنێین کە بەشێکی زۆر لە خاوەن ملکەکانی کوردستانی ئێران بەشێکی لەباریان لە دوژمنایەتیی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی دا هەبوو. هەروەها دەبێ ئەوەشمان لەبەرچاو بێ کە ٥٠٪ی دامەزرێنەرانی حیزب لە وردەمالیکەکان و خاوەن ملکە ناوەنجییەکان و سەرۆك عەشیرەت و ئەندامانی عەشیرەتەکان پێك هاتبوو.

هۆیەکی دیکە ئەوەبوو کە بەشێکی گەورە لە خاکی کوردستانی ئێران جارێ رزگار نەکرابوو. کەوابوو حیزبی دێموکراتی کوردستان لەبەر هێندێك هۆی تاکتیکی نەیتوانی ئیسلاحاتی ئەرزیی ریشەدار بکا، ئەویش بۆ راکێشانی خاوەن ملکە ناوەنجییەکان و وردەمالیکەکان و عەشیرەتەکانی کوردستانی خواروو بوو. پێویستە ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە خەباتی چینایەتی لە لادێی کوردستان ئەو وەختە هێندەی گەشە نەکردبوو.

لەراستی دا حکوومەتی نیشتمانیی کوردستان تەنیا بەشی شیمالی کوردستانی ئێرانی بەدەستەوە بوو، کە تەنیا ٣٠٪ی خاکی کوردستانی ئێرانەو بەشی خوارووی کوردستان کە مەودایەکی بەرینی هەیە، هەروا لەدەستی حکوومەتی کۆنەپەرستی مەرکەزی دا مابۆوە. هەر لەبەر ئەوەش بوو کە توانی پەلامارێکی عەسکەریی خێرا بێنێتە سەر بنکەکانی حکوومەتی دێموکراتی کوردستان.

سەرەرای ئەوانەش برواکردن بە بەڵێنە بێئەساسەکانی حکوومەتی ناوەندی و ئەو راستییە کە زۆربەی بەرێوەبەرەکان لێوەشاوەیی سیاسی و رێکخراوەییان نەبوو، بوو بە یەکێك لەهۆیەکانی رووخانی کۆماری مەهاباد.

### ٦ـ کورد لە سووریا

لە پاش شەری یەکەمی جیهانی سووریا کە بەشێك بوو لە ئیمپەراتۆریی عوسمانی کەوتە ژێر باڵی فەرانسە، هەرچەند تا ماوەیەکی زۆر تەنانەت پاش چارەسەر کردنی مەسەلەی مووسڵیش لە ساڵی ١٩٢٥دا، کێشەی نێوان تورکیاو فەرانسە چارەسەر نەکرا. هەروەك لەپێشەوە گوتمان فەرانسە گەیاندبوویە ئەو

جێگایە کە لەخەباتی دژی تورکیادا یارمەتیی بە حیزبی خۆیبوون دەکردو دەیەویست جووڵانەوەی نیشتمانیی کورد بۆ ئامانجەکانی خۆی بەکار بێنێ. بەراستی پاش تێشکانی جووڵانەوەی شێخ سەعید لە ساڵی ١٩٢٥دا، سووریا ببووە پەناگەی ئەو کوردانەی لە تورکیا رایان دەکردو بۆ لای برا کوردەکانی سووریا دەچوون. بەڵام ناکۆکیی نێوان تورکیاو فەرانسە لەسەر دراو و سنوور، لە دوایەدا چارەسەر کراو ساڵی ١٩٢٥ لە ئەنکەرە پەیمانێکیان بەست، بەپێی ئەو پەیمانە تورکیا بەشێك لە ناوچەی کوردی بۆ سووریا بەجێ هێشت.

زۆربەی کوردەکانی سووریا لە مەڵبەندی سنووری سووریاو عێراق و تورکیا نیشتەجێن و هەروەك لەپێشەوە گوتمان وەزعی ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئەوانیش لەگەڵ کوردی وڵاتەکانی دیکە جیاوازیی نیە.

لەپێش دەست پێکردنی شەڕی دووهەمی جیهانی و لەدوای شەڕیش کوردەکانی سووریا چاپەمەنیی کوردییان هەبوو، بەڵام لە ساڵەکانی پاش شەڕدا وەزعیان زۆر گۆڕا. دیارە هیچ باش بوونێکی بنەڕەتی بەسەر وەزعی کورددا نەهاتوە، بەڵام هەتا هێزە دێموکراتییەکان سەرکەوتنی زیاتریان بەدەست دەهێنا، و هەتا دێموکراتی لە وڵات دا زیاتر بڵاو دەبۆوە، ئاسۆی دابین بوونی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد روونـاکتر دەبوو. لەلایەکی تریشەوە هەروەختێکی کۆنەپەرستی پەلامارێکی هێزە دێموکراتییەکانی دابێ، بەدوای ئەودا پەلامارێکی ئەو رێکخراوە کوردیانەشی داوە کە داوای مافی نەتەوایەتیی کورد لە سووریادا دەکەن. ئەمڕۆش کاربەدەستانی سووریا سیاسەتێکی دژی ئیمپرسالیستییان رەچاو کردوە، کوردەکانی سووریا هەروەك پێشوو لە هەموو مافێکی نەتەوایەتی بێبەشن. سەرەڕای ئەوەش کاربەدەستانی سووریا شتێکیان بەناوی سەرژمێری کردوەو دەیانەوێ نیزیکەی ١٠٠ هەزار کورد لە تابعیەتی سووریا بێبەش بکەن. ئەوانە بەپێی قانوونی ئیسلاحی زەوی هەقیان نیە زەوی بکڕن و مافی کارکردن و خوێندنیشیان نیە. ئەو کوردانە بۆ جێبەجێ بوونی بەناو "پشتێنەی عەرەبی" لە مەڵبەندی جزیرە (کە نەوتیشی تێدا دەرکەوتوە) لە شوێنەکانی خۆیان دەردەکرێن و بۆ شوێنێکی دوور، لە سەحرا دوور دەخرێنەوە.

**٢ـ کورد له یەکیەتیی سۆڤیەتی**

ساڵی ١٨١٣ لەپاش پەیمانی گولستان لەنێوان ئێران و رووسیادا، هێندێك مەڵبەندی کوردستان کەوتنە بەر خاکی رووسیا. کوردەکان لە ویلایەتی ئەلیزابیت پول دەژیان، و پاشان بەپێی پەیمانی ١٨٢٨ی تورکمەنچای، بەشێك ە کوردەکانی ویلایەتی ئیرەوان، و لەدوایی دا کوردەکانی قارس و ئەردەهانیش کەوتنە بەر رووسیا.

لەپاش شۆرشی ئۆکتۆبر، بەپێی پەیمانی نێوان رووسیای سۆڤیەتی و تورکیا ە ٢١ی مارسی ١٩٢١ دا، مەڵبەندی قارس و ئەردەهان درانەوە بە تورکیاو لە یەکیەتیی سۆڤیەتی زیاتر لە چەند هەزار کوردێك نەمانەوە کە زۆربەیان لە کۆماری ئەرمەنستانی سۆڤیەتی لە مەڵبەندی تالین و ئالاگوز دەژیان و ژمارەیان ەپاش شەڕی دووهەمی جیهانی دەگەیشتە ٢٦٠٠٠ کەس.

هەرچەند کوردەکانی یەکیەتیی سۆڤیەتی ژمارەیان کەمە، بەڵام دیسانیش بە نەتەوە دانراون و قوتابخانەو چاپەمەنیی خۆیان هەیە. پایەی ژیانیشیان لە پایەی ژیانی کوردی وڵاتەکانی دراوسێ بەرزترە. کوردەکانی یەکیەتیی سۆڤیەتی نووسەرو شاعیرو زاناو هونەرمەندی خۆیان هەیەو بۆ یەکەم جار ئازادیی راستەقینەو مافی نەتەوایەتیی خۆیان دەست کەوتوەو لە دروست کردنی کۆمەڵی نوێی سۆڤیەتی‌دا چالاکانە بەشداری دەکەن.

## بەشی دووهەم:

# ئـابـووریی کـوردسـتان

# فەسڵی چوارەم

## ئاوڕێکی گشتی بۆ سەر ئابووریی کوردستان

### ١ـ چەند دیمەنێکی گشتیی باری ئابووری

کوردستان وڵاتێکی وەرزێرییە کە پێوەندییەکی دەرەبەگایەتیی بەهێزی تێدا هەیەو تا ئێستاش لە بەشێکی زۆری کوردستان دا لە لادێ پێوەندییەکانی عەشیرەتگەری ماون. لەگەڵ ئەوەش دا لەماوەی نێوان دوو شەڕی گەورەی جیهانی دا و بەتایبەتی پاش شەڕی دووهەمی جیهانی سەرمایەداری و پێوەندی-یەکانی سەرمایەدارییش لە کوردستان پێگەیشتوون و بوونە هۆی پەیدا بوونی شارو ناوەندی بازرگانی و سەنعەتی[1].

نەوتی کوردستان مۆنۆپۆلە ئیمپریالیستییەکانی نەوتی بۆلای خۆی راکێشاوەو بەرهەمهێنانی نەوت لە کوردستان دەست پێکراوەو سەنعەتێکی گەورەی نەوتی تێدا دامەزراوە کە تەنیا سەنعەتی قورسی کوردستانە. بەشێوەیەکی سەرەکی لە کەرکوک نەوت دەردەهێنرێ، کە لەدەست مۆنۆپۆلی شیرکەتی نەوتی عیراق دایە*. لە کرماشان لە کوردستانی ئێران و لە سیرت لە کوردستانی تورکیاو لە خانەقین لەکوردستانی عیراق حکوومەت بۆخۆی نەوت بەرهەم دێنێ و لە دەستی مۆنۆپۆلەکانی بێگانەدا نیە.

سەیر ئەوەیە، بێئەوەی لە سەنعەت دا بۆرژوازیی نیشتمانیی کورد پەیدا بووبێ، پرۆلیتاریای سەنعاتگەری کورد پەیدا بووە. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەو راستییەی باسمان کرد، کە بەرهەم هێنانی نەوت یا لەژێر دەستی شیرکەتە ئیمپریالیستییەکان دایە، یان راستەوخۆ سەر بە دەوڵەتە.

سەنعاتەکانی دیکە کە یەکێك لەوانە دەرهێنانی کانگاکانەو هەروەها سەنعەتی سووکەڵەش کە تەنیا کەلوپەلی نێوماڵ و بەردەست بەرهەم دێنن، ئەوەندە پێش

---

[1] ژمارەی دانیشتووانی شارەکانی کوردستان لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە سێ چەندانە زیاد بووە، بۆنموونە ژمارەی دانیشتووانی کرماشان ٥٠٠٠٠ کەس بووەو ئێستا بۆتە ١٥٠٠٠٠ کەس ـ د.

* بڕوانە پەراوێزی لاپەڕەی (٢٠).

نەکەوتوون کە بەرچاو بن. سەنعەتە خۆماڵی و فۆلکلۆرییەکانیش بێجگە لە تەونی مافوورە، هیچیان بایەخێکی ئەوتۆیان نیە. بۆیە، کوردستان لەگەڵ ئەو هەموو سامانە تەبیعییە کە هەیەتی، تائێستاش لەباری ئابوورییەوە یەکێك لە هەژارترین ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە.

تا ئێستاش وەرزێری لقی سەرەکیی ئابووریی نەتەوایەتیی کوردستانەو ئاژەڵدارییش گرنگترین لایەنی بەرهەمهێنانی وەرزێرییە. سەدی ٦٤ی داهاتی نەتەوایەتی لە کشتوکاڵ بەدەست دێ و سەدی بیست و شەشیش لە سەنعەتە، کە لەوەش سەدی بیستی هی نەوتە[٢] و تەنیا سەدی دەی داهاتی نەتەوایەتی لە بەشەکانی دیکەی ئابووریی نەتەوایەتی وەك سەنعەتی بیناو خانوو دروست کردن و بارو گواستنەوەو بازرگانی پەیدا دەبێ.

لەبەشی وەرزێری دا بەرهەمی کشتوکاڵ ٣٠٪ و بەرهەمی ئاژەڵ ٣٤٪ی داهاتی نەتەوایەتی پێك دێنن. ئاژەڵداری لە هەموو ناوچەکانی کوردستان دا هەیەو هەرچەندە پێوەندییەکانی سەرمایەداری لەتورکیا زیاتر لە ئێران و عێراق پەرەیان ئەستاندوە، لەکوردستانی تورکیا وەزعەکە هیچ نەگۆڕاوە. چونکە تا ئێستاش ئاژەڵداری بەشی سەرەکیی بەرهەمهێنانە.

**"داهاتی سەرەکی لە ئەنەدۆڵی ڕۆژهەڵات (واتە کوردستان ـ د.) لە ئاژەڵ و ڕۆن و خوری پەیدا دەبێ"[٣].**

هەم دانیشتووانی نیوەکۆچەر کەتەنیا ڕێگای بەڕێچوونیان ئاژەڵدارییەو هەم ئەو جووتیارانەی کە وێڕای ئاژەڵداری کشتوکاڵیش دەکەن، لە بەخێوکردنی ئاژەڵ دا زۆر وەستاو کارامەن. پێویستە بگوترێ کە ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەی کۆچەرییەکان کەم دەبێتەوەو ئێستا لە کوردستان بە دەگمەن نەبێ نەماون. لەمەڵبەندی ئاژەڵداری نیوەکۆچەرییەکان دا کشتوکاڵ زۆر کەمە. چونکە خاکەکە بەشی زۆری لەوەڕگەو لێڕەوارەو لەو شوێنانە کە شوانەکان لەوەڕگەیان چنگ ناکەوێ، گەڵای دارەکان دەرخواردی مەڕو بزن دەدەن[٤].

---

[٢] ئێمە لە بەرهەمی نەوت ئەو بەشەمان لەبەرچاو گرتوە، کە لە وڵات دا دەمێنێتەوە، نەك هەموو بەرهەمی نەوت، چونکە بەشی زۆری دەچێتە وڵاتە ئیمپریالیستییەکان ـ د.

[٣] ب. دارکوت: "جوغرافیای تورکیا" چاپی ڕووسی، مۆسکۆ، ١٩٥٩، ل١٠٢.

[٤] مەڕو بزن بەجۆرێك فێری خواردنی گەڵای داربەڕوو بوون، کە هیچ نیازیان بە تفاقی دیکە نیە:

لەو مەڵبەندانە کە وێڕای ئاژەڵداری کشتوکاڵیشیان لێ دەکرێ، بەرهەمی کشتوکاڵ لە پلەی دووهەم دایەو لەچاو بەرهەمی ئاژەڵ هەر شتێکە بۆ پڕ کردنەوەی پێداویستی‌یەکانی نێوخۆ یارمەتی دەدا. بەرهەمی کشتوکاڵ تەنیا لە نەرمان و پێدەشتەکان نرخێکی گرنگی هەیە، کە بێجگە لە پێداویستیی ناوچەکە بەشێکیش لە بەرهەم بۆ دەرەوە دەنێردرێ. شێوەی بەرهەم هێنان زۆر سەرەتایی‌یەو لە لادێ دا پێوەندی‌یەکی بەهێزی دەرەبەگایەتی لە کاردایە. چنکە زۆربەی زەوی‌یەکان ملکی دەرەبەگە دەوڵەمەندەکانن❖.

وەسیلەی هاتوچۆش لە کوردستان زۆر ناتەواوە. لەزستان دا زۆربەی شارەکان پێوەندی‌یان لێك دەبرێ و بەفر ڕێگاکان دەبەستێ. بێجگە لەوەش زۆربەی ڕێگاکان بەرتەنگ و ناهەموارن. ڕێگای ئاسنیش لە کوردستان کەمە، لەکوردستانی ئێران ڕێگای ئاسن هەر نیەو لە شوێنەکانی دیکەش ڕێگا ئاسنەکان کەم و زۆر ئەهمییەتی ستراتیژیکیان هەیە. لە گۆلی وان و ورمێش دا چەشنە هاتووچۆیەکی دەریایی هەیە، بەلام وەسیلەی هاتوچۆیەکە زۆر کۆن و لەکارکەوتوون. لەپێش شەڕی یەکەمی جیهانی دا چەند کەشتی‌یەکی رووسی لە گۆلی ورمێ‌دا کاریان دەکرد. هاتوچۆی هەواییش تەنیا بۆ مەبەستی عەسکەری هەیە.

ڕەنجبەرانی شارو جووتیارانی کوردستان کە سەدی هەشتای دانیشتووانن، لە سێ لاوە دەچەوسێنەوە: لەلایەن ئیمپریالیستەکانی ئینگلیزو ئەمریکاو چینە فەرمانڕەواکانی تورکیاو ئێران و عێراق و پاشان لەلایەن دەرەبەگە کوردەکانەوە. ئەوە رووکاری گشتیی کۆمەڵی کوردەواریی ئێستایە.

سروشتێکی تایبەتیی ئابووریی کوردستان ئەوەیە کە یەکگرتوو نیەو لەنێوان چوار وڵات دا دابەش بووە، کەوابوو، سنووره سیاسی‌یەکانی ئەو وڵاتانە تەنیا خاکی کوردستانیان دابەش نەکردوە، بەڵکوو ئابووری‌یەکەشیان لێك دابڕیوەو بەم جۆرە هەر پارچەیەکی کوردستان لەباری ئابووری‌یەوە لە پارچەکانی دیکە جیا بۆتەوەو هەر بەشەی پشتی بە ئابووریی ئەو وڵاتەوە داوە کە خراوەتە

---

F. Balsan; Les Surprises du Kurdistan, Paris, 1945. p. 85.

❖ ئەم وەزعە پاش فرۆشتنی ملکی دەرەبەگە گەورەکان بەجووتیاران تارادەیەکی زۆر گۆڕاوە ـ د.

سەری. لەگەڵ ئەوەشدا سنووره شاخاویيەكانی كوردستان مل بۆ هيچ دەسەڵاتێك راناكێشن و لەو ناوچانەدا بازرگانی بەشێوەی قاچاخ بەتايبەتی لەنێوان كوردستانی ئێران و عێراق دا زۆرەو تەنانەت تەئسيرێكی ئابووريی بەرچاويشی هەيە.

ئەگەر ئابووريی ئەو وڵاتانەی كوردستانيان لە نێودا دابەش كراوە، بەئابووريی وڵاتانی ديكەو بەتايبەتی وڵاتە ئيمپرياليستييەكانەوە بەستراوە، ئابووريی كوردستانيش بە ئابووريی ئەم وڵاتانەوە بەستراوە. ئەمەش بۆمان دەردەخا كە هەڵدانی ئابووری بۆچی تا ئەو رادەيە نارێكەو وەك يەك نايەتەوە. كوردستان لە هەمووی ئەو وڵاتانەدا مەڵبەندێكی دوورەدەستە. ئەگەر ئەو وڵاتانەی كوردستانيان لەنێودا دابەش كراوە خۆيان لەباری ئابووريیەوە بە وڵاتی پاشكەوتوو دانراون، بێجگە لە كوردستانی عێراق، مەڵبەندە كوردنشينەكان لە هەركام لەو وڵاتانەدا ناوچەی پاشكەوتووی ئەم وڵاتانەن.

بەم جۆرە ديمەنێكی گشتيی باری ئابووريی كوردستانمان نيشان دا. ديارە لەم باسەدا جێگای ئەوە نيە كە باری ئابووريی هەركام لە بەشەكانی كوردستان بەدرێژی باس بكرێ و لەراستييش دا لەباری رادەی گەشەكردنی ئابووری و كۆمەڵايەتیيەوە جياوازیيەكی زۆريان نيە. لەبەر ئەوە بەدرێژی باری ئابووريی كوردستانی ئێران باس دەكەين و هەرچی لەمەودوا باس دەكرێ، بەشێوەيەكی گشتی لەبارەی كوردستانی عێراق و توركياشەوە راستە. كەوابوو، ئەنجامە گشتیيەكانی باسەكەمان نەك هەر كوردستانی ئێران، بەڵكوو هەموو بەشەكانی تری كوردستانيش دەگرنەوە. بێگومان ئەو رێگايەی ئێمە هەڵمان بژاردوە، هێندێ لايەنی خراپيشی هەيە، چونكە لەگەڵ ئەوەدا ديمەنە گشتیيەكان يەكن، هەركام لە بەشەكانی كوردستان هێندێك هەلومەرجی ئابووريی تايبەتی خۆشيان هەيە وەك هەلومەرجی جياواز لە هێندێك نوختەی تايبەتی دا كە بەشێوەيەكی سەرەكی پێوەندیيان بە ئابووريی وڵاتێكەوە هەيە كە ئەو بەشەی كوردستانی تێدا هەڵكەوتوە. بەڵام ئەو جياوازیيانە كە ئێمە دەمانەوێ لەمەودوا دەستيان لەسەر دابنێين، كار ناكەنە سەر رووكاری گشتيی باری ئابووريی كوردستان.

## ٢ـ هێندێ زانراو لە کوردستانی ئێران

ژمارەی دانیشتووانی کوردستانی ئێران دەگاتە ٣/٥ میلیۆن کەس، یانی ١٧٪ی هەموو دانیشتووانی ئێران*. وەك لەپێشەوەش گوتمان پێوانەی کوردستان ٧/٥٪ی پێوانەی هەموو ئێرانە، ئەمەش مانای ئەوەیە کە نیسبەتی دانیشتووانی کوردستان ٢٨ کەس لە کیلۆمیتری چوارگۆشەیەدا، کە زیاتر لە دوو چەندانەی نیسبەتی دانیشتووانی ئێرانە کە دەگاتە دوازدە کەس لە کیلۆمیتری چوارگۆشەدا. لەگەڵ ئەوەش دا وەزعی ئابووری زۆر ناڕێکە، چونکە تەنیا ٤٪ی پرۆژە سەنعەتی‌یەکان و ٤/٥٪ی هەموو کرێکارانی سەنعەتیی ئێران لە کوردستان دان[٥].

کوردستانی ئێران لەباری وەرزێری‌یەوە مەڵبەندێکی گرنگە، چونکە ٢٠٪ی هەموو بەرهەمی وەرزێریی ئێران لە کوردستان بەدەست دێ[٦].

سەدی هەشتاوپێنجی دانیشتووانی کوردستان یانی سێ میلیۆن کەس لە لادێ دەژین و بەگوێرەی سەرژمێریی ساڵی ١٩٥٨ لەوانە تەنیا ٣٢٪یان کاری بەرهەم داریان دەکرد[٧].

سەدی پازدەی دانیشتووانی کوردستان یانی نیزیکەی ٥٠٠٠٠٠ کەس لە شارەکان دەژین، لەوانەش سەدی ٣٠ کەمتر واتە نیزیکەی ١٥٠٠٠٠ کەسیان لە سەنعەت و کارە بەرهەم دارەکانی دیکەدا کار دەکەن[٨].

---

* بڕوانە پەراوێزی لاپەڕەی (٢٦).

[٥] "ئێرانی ئێستا"، ل ١٤٠. ئەوە تەنیا مەڵبەندی هەمەدان دەگرێتەوە، نەك ئەو بەشەی کوردستان کە کەوتۆتە شیمالی مەهاباد. خۆ ئەگەر هاوتایی ئابووریی ئەو دوو مەڵبەندە لەبەرچاو بگرین دەتوانین ئەو ئەژمارەی سەرەوە بەتەواو دابنێین ـ د.

[٦] نیسبەتی بەرهەمی وەرزێریی کوردستانی تورکیا لەگەڵ هەموو تورکیا سەدی پازدەیەو لەکاتێك دا کوردستانی ئێران رادەیەکی زۆر دانەوێڵە بۆ مەڵبەندەکانی تری ئێران دەنێرێ، کوردستانی تورکیا بێجگە لە ئاژەڵ هیچ شتێك بۆ دەرەوەی کوردستان بەڕێ ناکا. لە کوردستانی عیراق وەزعەکە کەمێك باشترە، چونکە بەرهەمی هێندێك بەروبووی زۆر گرنگ لەچاو بەرهەمی تێکڕایی عیراق زۆرە، بۆنموونە کوردستانی عیراق ٥٠٪ی گەنم و ٣٠٪ی جۆی عیراق بەرهەم دێنێ. بەرهەمی توتنیش هەمووی لە کوردستانە، کە ساڵی ١٩٥٨ لە ٥٠٠٠ تۆن تێپەڕیوە ـ د.

[٧] رۆژنامەکانی ئێران ساڵی ١٩٥٩.

[٨] هەر ئەو سەرچاوەیە.

ئەگەر ئەو راستی‌یەش لەبەرچاو بگرین کە ئامرازی بەرهەم هێنان چ لە کشت‌وکاڵ و چ لە سەنعەت دا یەکجار سەرەتایین، بەهاسانی تێدەگەین کە بۆچی داهاتی نەتەوایەتی لە کوردستانی ئێران دا ئەوەندە نزمە. بەپێی لێکدانەوەی ئێمە داهاتی نێونجیی سەرانە لە ساڵ دا دەگاتە ٨٠ دولار. لە کوردستانی ئێرانیش وەك پارچەکانی دیکەی کوردستان ٨٠٪ی داهاتی نەتەوایەتی لە بەرهەمی وەرزێری پەیدا دەبێ و ١٠٪ی لە سەنعەتی نەوت و سەنعەتەکانی تر[٩].

لە کوردستانی ئێرانیش دا بەرهەمی ئاژەڵداری بەشی هەرە گرنگی بەرهەمی وەرزێری‌یە. چونکە ٤٥٪ی داهاتی نەتەوایەتی لێ پێك دێ و بەرهەمی کشت‌وکاڵ تەنیا ٣٥٪ی داهاتی نەتەوایەتی پێك دێنێ.

لە بازرگانیی دەرەوەش دا، بەرهەمی وەرزێری بەشی زۆرتری دەرچووی کوردستانە. لە بەرهەمەکانی تر تەنیا بەشێکی کەم نەوتی خاو لە کوردستانی ئێرانەوە بۆ دەرەوە دەنێردرێ.

زۆربەی بەرهەم لە ئاژەڵداری پەیدا دەبێ و لە هەمووی گرنگتر رۆن و خوری و پێست و ئاژەڵە. بەم جۆرە کوردستانی ئێران تا ئێستاش نەك هەر بۆ بازاڕی جیهانی، بەڵکوو بۆ نێوخۆی ئێرانیش مەڵبەندێکی بەرهەم هێنەری بەرهەمەکانی وەرزێری و کەرەستەی خاوە.

## ٣ـ پایەی بەرهەمی کشت‌وکاڵ

لە هەموو پێوانەی کوردستانی ئێران، کە دەگاتە ١٢٤٠٠٠ کیلۆمیتری چوارگۆشە، پێنج میلیۆن هێکتار کێڵگەیە کە دەبێتە ٤٠٪ی هەموو خاکەکە. نیزیکەی چوار میلیۆن هێکتاریش واتە ٣٢٪ی هەموو خاکەکەی لێڕەوارەو ئەوەکەی تری کوێستان و لەوەڕگەیە. بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا تەنیا ٢٤٪ی کێڵگەکان، یانی ١٢٠٠٠٠٠ هێکتار دەکێڵرێ، کە ٩/٦٪ی هەموو پێوانەی کوردستانی ئێرانە[١٠].

---

[٩] بەرهەمی سەرانەی نەوت لە کوردستانی ئێران دەگاتە ٢/٠ تۆن کە ئەوەش لەچاو هی هەموو ئێران کە دەگاتە هەشت تۆن نیسبەتێکی زۆر نزمە. (چاپی کوردی)

[١٠] ئامارەکانی کوردستانی ئێرانمان لە زۆر سەرچاوەی ئێرانی و هەروەها لە سەرژمێری کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان وەرگرتوە ـ د.

دیاره پایەی تێکنیکی کشتوکاڵیش نزمە. چونکە ئامرازە سەرەکییەکان چەندین سەدەیە نەگۆڕاون و زەوی هەر بە نیروئامووری دەوری کۆن دەکێڵرێ کە بەزۆری گاجووت و لە هێندێك شوێن ئەسپ و هێستر رای دەکێشن. جووتە گایەك بە درێژایی ساڵ نیزیکەی ۳ـ٤ هێکتار زەوی دەکێڵێ.

کووتی شیمیایی تەنیا بۆ هێندێك شیناوەرد لە گوندەکانی دەوروبەری شارەکان دا بەکار دەبرێ و بێجگە لەوە بۆ بەرهەمە سەرەکییەکان وەك گەنم و جۆو دانەوێڵەو برنج بەکار ناهێنرێ.

تێکنیکی نوێ لە چوارچێوەیەکی تەسك دا نەبێ بەکار ناهێنرێ. لە هەموو کوردستان زیاتر لە دەیان تەراکتۆر نیە، کە ئەوەش بەزۆری لە مەڵبەندی کرماشانە. پێویستە بگوترێ کە بەکارهێنانی مەکینە کشتوکاڵییەکان و بەتایبەتی تەراکتۆر زیاتر دەبێتە هۆی برسیەتی و هەژاریی جووتیارەکان، چونکە تەنیا خاوەن ملْك دەتوانێ تەراکتۆر بکڕێ، ئەویش لە جێگاو رێگای جووتیارەکان دا کاری پێدەکاو جووتیارەکان ناچار دەبن بۆ پەیدا کردنی کار گوندەکە بەجێ بهێڵن. ئەوەش بێجگە لە زۆربوونی هۆردووی بێکاران بەرهەمێکی نیە. لە هێندێك حاڵەتی تردا جووتیارەکان ناچار دەبن وەك کرێکارێکی وەرزێری بە هەقدەستێکی کەم کار بۆ ئاغا بکەن، یان زەوییە باشەکان بۆ ئاغا دەست لێ هەڵگرن تا بە تەراکتۆر بیان کێڵێ و ئەوانیش زەوییە هەرە خەراپەکان (کەس نەکێڵ و بەردەڕەق) بکێڵن و ملْکانەیەکی زۆر بدەن بە ئاغا. بەم جۆرە تەراکتۆر لەدەستی ئاغا دا دەبێتە هۆی چەوساندنەوەی جووتیارو لە راستی دا مەکینە دەبێتە خەنیمی سەرسەختی جووتیاران. ئەوەش بەڵگەیەکی دیکەیە بۆ ئەو راستییە کە میکانیزە کردنی کشتوکاڵ بەبێ سەنعەتی کردنی وڵات کەندو کۆسپی زۆر دێتە پێش. ئێستا لە کرماشان کە ئاغاکان کشتوکاڵیان میکانیزە کردوە جووتیارەکان دەردەکرێن و ناچار دەبن پەنا بۆ شارەکان بەرن[11]. سەرەڕای ئەوەش بەرهەمداریی کاری کشتوکاڵی لە کوردستان دا تا ئێستاش زۆر کەمە.

---

[11] ك ـ زرنگار: "آینده‌ء دهات و شهرهای ما" به فارسی، تاران، ۱۹۵۸، ل۱۷.

بەرهەمی کشتوکاڵ لە کوردستانی ئێران بەپێی هێکتار حیساب ناکرێ، بەڵکوو لەسەر بنەتۆوی حیساب دەکەن. بۆنموونە بەپێی ڕێژەوی زەوییەکە، لەسەد کیلۆ تۆو ٤٠٠ تا ٢٠٠٠ کیلۆ بەرهەم دەست دەکەوێ. بەڵام بەرهەمی ئاسایی ١٠٠ کیلۆ تۆو لەنێوان ٥٠٠ تا ٧٠٠ کیلۆ دایە.

جەدوەلی ژمارە (٧) ڕادەی تێکڕایی بەرهەمی کیلۆیەك بنەتۆوی گەنم لەمەڵبەندە جیاوازەکان دا ڕوون دەکاتەوە[١٢].

| جەدوەلی ژمارە (٧) | | |
|---|---|---|
| مەڵبەند | زەوی بەراو | زەوی دێمەکار |
| ورمێ | ٥ ـ ١٥ | ٥ ـ ٨ |
| مەهاباد | ٥ ـ ١٠ | ٤ ـ ٦ |
| سنە | ٥ ـ ٦ | ٨ |
| دیواندەرە | ٤ ـ ٦ | ٤ ـ ٦ |
| کرماشان | ١٠ ـ ٢٠ | |

بەرهەمی نێونجیی هێکتارێك زەوی دەگاتە ٦٠٠ تا ٨٠٠ کیلۆ[١٣].

لە کوردستانی ئێران گەنم و جۆ و پەرش و گەنمەشامی و ماش و نیسك و لووبیاو باقلە و چەڵتووك دەچێندرێ و لە چێندراوە تێکنیکییەکانیش توتن و چەوەندەری قەند و پەمۆو گوڵەبەڕۆژەو کونجی دەچێندرێ و چاندنی سەوزی و ناشتنی داری بەریش لە کوردستان زۆرە. گرنگترین بەرهەمەکانی درەخت و شیناوەرد هەنارو بادام و فندق و پستەو گوێزو سێوو ترێ و شووتی و کاڵەك و گرکەیە. لە کوردستانی جنووبی دارەلیمۆو نارنج و پرتەقاڵیش دەنێژن.

---

(١٢) A. Lambton, Landlord and peasant in Persia, London 1953. P. 365. و چەند سەرچاوەیەکی تر.

(١٣) گۆڤاری "تهران اکونومیست"، ١٧ـ١١ـ٦٢ و ٦ـ١٢ـ١٩٦٢ به فارسی.

**ک ـ ئاودێری**

بەپێی هێندێك ژمارەی گۆترە، ٦٠٪ی زەوییە داچێندراوەکانی کوردستان کە دەگەنە ١٢٠٠٠٠٠ هێکتار بەراوەو سەدی چلەکەی تری دێمەکارە. ئەوە بۆخۆی نیشان دەدا کە لە کوردستانی ئێران ئاوێکی زۆر هەیە[١٤]، هەر لەو کاتەش دا نیشان دەدا کە گیروگرفتی ئاو زۆر گرنگە[١٥]. هەربۆیەش لە دیاریکردنی ملکانەدا ئاو نەخشێکی زۆر گرنگی هەیە، چونکە ئاو بە زۆری لە دەست ئاغا دایە.

بەپێی ئایینی ئیسلام ئاو نیعمەتێکی خوداییەو کڕین و فرۆشتنی لەسەر نیە، کەچی لەگەڵ ئەوەش دا لەو شوێنانەی ئاویان کەمە دەکارکردنی ئاوی کارێزو جۆگەکان قەدەخەیە[١٦].

دیارە لەو شوێنانەی ئاویان زۆرە ئەو چەشنە هەقە نیەو ناش توانێ ببێ، هۆیەکەشی ئەوەیە کە ئاو بۆ کشتوکاڵ زۆر گرنگ و بەکەڵکەو دامەزراندن و پەرەپێدانی پرۆژەکانی ئاودێرییش کاری کەسێك و دوو کەس و تەنانەت هێندێك جار کاری کۆمەڵێکی کەمیش نیە.

بەگوێرەی رێوشوێنی ئیسلام چۆمە گەورەکان وەك دیجلەو فورات کە ئاویان زۆرە، ملکی هەموو موسوڵمانانن و هەموویان هەقیان هەیە بێ ئەوەی پرس بە کەس بکەن بەندو شەقەجۆگەیان بۆ زەوییەکانی خۆیان لێ هەڵبەستن. بەڵام لەبارەی ئەو رووبارانەوە کە ئاویان زۆر نیە، ئەو زەوییانەی لە سەرەوە هەڵکەوتوون، لەو زەوییانە لەپێشترن کە کەوتوونە خوارتر. لە کوردستانی ئێران ئەو دێیەی کەوتۆتە لای سەرووی رووبارەکە لەهەموو بارێکەوە باشترە، چونکە دانیشتووانی ئەو دێیە ئەوەندەی پێویستیان بێ دەتوانن ئاو دەکار بێنن

---

[١٤] نیسبەتی زەوییە بەراوەکانی ئێران ٢٨٪ی هەموو زەوییە کێڵگەکانەو هەرچەند کوردستان ئاویشی زۆرە، بەڵام رایەڵەی ئاودێری زۆر گەشەی نەکردوە. لە چیاکان کە ئاو زۆرە خاك نیەو لە دەشتەکانیش کە خاکی نەرمان زۆرە ئاوی تەواو نیە. بۆیە مەسەلەی کوردی دەڵێ: **"لەجێیەك ئاو هەیە زەوی نیەو لە جێیەك زەوی هەیە ئاو نیە"** ـ د.

[١٥] ئەهمییەتی ئاو لە وشەی "ئاوەدانی" دا دەردەکەوێ، کە ئاوەوە هاتوەو مەسەلێکی کوردی دەڵێ: **"ئەردی بێ ئاو نەئەردە"** ـ د.

[١٦] خاوەنی ئەو هەقە ناتوانێ ئاو لە رێبوارو ئاژەڵ ببڕێ، بەڵام بۆ ئاوداشتن بەبێ پرسی ئەو، کەس ناتوانێ ئاو دەکار بکا ـ د.

و ئەو گوندانەی کەوتوونە خوارتر، هەر مافی ئەوەیان هەیە پاشماوەی ئاوەکە بەکار بێنن. دیارە لەو بارەیەوە داب و شوێنی کۆنی مێژوییش کارێکی زۆری کردوە. بۆ نموونە ئەگەر زەوییەکانی گوندی خوارەوە لەپێش زەوییەکانی گوندی سەرەوەدا کێڵرابن و بەبێ هەڵبەستنی بەندو بناوانی تازە، نەکرێ ئەو زەوییانە بکێڵرێن، دێیەکانی سەرەوە هەقیان نیە ئەستێرو گۆلاو دروست بکەن و نەهێڵن ئاوەکە بڕواتە خوارو هیچ کەسیش هەقی نیە ڕێبازی جۆگەکان بگۆڕێ[17].

بەندی ١٥٩ی قانوونی مەدەنی دەڵێ:

**"زەویی دەوروبەری ڕووبارەکان نابێ بۆ یەکەم جار بکێڵرێن، مەگەر کاتێک ئاوی زیادی هەبێ و زیان بە خاوەنی ئەو زەوییانە نەگەیەنێ کە پێشتر کێڵراون"[18].**

بەندی ١٥٨یش دەڵێ:

**"ئەو زەوییانەی لەپێش دا کێڵراون، مافی پێشکەوتنیان لەسەر ئەو زەوی-یانە هەیە کە دواتر کێڵراون"[19].**

بەڵام هێندێک جار ئەو پێش و پاش خستنە کێشەی لەسەر پەیدا دەبێ و لەوکاتەدا ئەو زەوییەی لە سەرچاوە نیزیکترە پێش ئەو زەوییە دەخرێ کە کەوتۆتە ڕێژگەی ڕووبارەکەوە، هەروەک لەبەندی ١٥٦ی قانوونی مەدەنی دا هاتوە[20].

دەکارکردنی ئاوی ئەو بەندو بناوانانە کە لە چۆمەکان هەڵبەستراون، هەقی ئەو کەسەیە کە هەڵی بەستوون. ئەگەر بەندەکە پارچە زەوییەک بگرێتەوە کە هی ئاغایەو جارێ بە ملکانەی نەداوە، جووتیارەکان بە بێگار دەگرێ و بەندەکەیان پێ هەڵدەبەستێ. ئەگەر زەوییەکەش هی جووتیارەکان بێ، بۆخۆیان بە هەرەوەز بەندەکە هەڵدەبەستن و هەموویان ئاوەکە دەکار دەکەن.

---

[17] مەسەلێکی کوردی هەیە دەڵێ: **"ئاو بە جۆگەی خۆی دا دەڕوا"** - د.

[18] قانوونی مەدەنیی ئێران.

[19] هەر ئەو سەرچاوەیە.

[20] هەر ئەو سەرچاوەیە.

ئـاوی کارێزەکـان بـەرۆژ یـان بـە سـەعات بـەش دەکـرێ و هـەرکام لـە جووتیارەکان بەپێی هەلومەرجی شوێنەکە لە هەفتەدا چەند سەعات یا چەند رۆژ ئاوی بۆ دیاری دەکرێ. بەزۆری هەر ئاغا میراویان بـۆ دیـاری دەکـاو هێنـدێك جاریش جووتیارەکان هەڵی دەبژێرن. گیروگرفتی ئاو لە هاوین دا و لە وشکەساڵ دا بەگشتی زۆر سەخت و دژوار دەبێ، چونکە ئەو زەوی‌یانەی لـە بنـاوان دوورن، نەك هەر بەشێکی کەمتریان ئاو بەر دەکەوێ، بەڵکوو ئەو بەشەی هەشـیانە هـەتا دەگاتە سەر کار بەشێکی زۆری دەبێتە هەڵم و بەهەوادا دەڕواو لەبەرئەوەی ئـەم وەزعەش زۆر کار دەکاتە سەر بەرهەمی سـاڵانە، زۆر جـار نـاکۆکی‌یـەکی بچـووك کێشەیەکی گـەورەی لـێ سـاز دەبـێ و هێنـدێك جـار خـەڵکی مەڵبەنـدێك لەگـەڵ مەڵبەندێکی تر بەگشتی بەگژ یەکدا دەچن.

ئاغاکان کەیفیان بەو جـۆرە نـاکۆکی‌یانـە دێ و نـەبوونی ئـاو دەکەنـە هـۆ بـۆ ئەوەی زیاتر تین بـۆ جووتیارەکـان بێنـن. چـونکە لـەمانگی جـۆزەردان دا تـەنیا حەوتوویەك بەرووبوو ئاو نەدرێ، رەنجی ساڵێکی جووتیار بەخەسـار دەچـێ، بـەو پێیـە جووتیـار نـەك هـەر بـە زەوی‌یـەوە بـەڵکوو بەئاویشـەوە دەبەسـترێتەوە. ئاغاکان و هەروەها مووچەخۆرانی دەوڵەتیش بەتایبەتی ژاندارم بـۆ بـێ‌هێزکردنی یەکیـەتیی جووتیـاران و بەگژیـەکتردا کردنیـان لـە کێشـەو هـەرای ئـاو کـەلك وەردەگرن.

ئاودێری لە کوردستانی ئێران زیاتر لە چۆم و بەندەکانەوەیەو لەبـەر ئـەوەی ئـاو زۆرە، کـەم وایـە چـاڵاو و کـارێز بـەکار بهێنـرێ. لـە هێنـدێك مەڵبەنـد، وەك میانـدواو و کرماشـان لـەم دواییانـەدا بـەکارهێنانی پـۆمپی میکـانیکی و چـاڵاوی ئارتیزی لە چوارچێوەیەکی تەسك دا دەسـتی پـێ‌کردوە. بـە کـەمێك هەوڵدان و خۆماندوو کردن کوردستانی ئێران ئەوەندەی ئاو بۆ دابـین دەکـرێ کـە بەرهـەمی وەك مەرەزەو شتی ئاوخوازی لـێ بچێندرێ.

باسی ئاو وەك یەکێك لەو هۆیانە کە لەدیاریکردنی رادەی مڵکانەدا کاریگەرن، لەمەودا دەکەین.

# فەسڵی پێنجەم

# ئاوڕێکی گشتی بۆ سەر مێژووی کۆمەڵی کوردەواری

## ١ـ پەرەئەستاندنی مێژوویی مڵکداری

پێش ئەوەی بێینە سەر باسی لێکۆڵینەوەی پێوەندییە وەرزێرییەکانی ئەمڕۆی کوردستان، کورتەئاوڕێك وەسەر پەرەئەستاندنی ئەو پێوەندییانە دەدەینەوە.

شتێکی زۆر کەم نەبێ لە پێوەندییە وەرزێرییەکانی پێش ئیسلام نازانین. وەك لە ئیمپراتۆریی ماد لە سەدەی حەوتەمی پێش زایین دا دەبینین، کۆیلەتی بەشێوەی کلاسیکی لە کوردستان دا نەبووە، بەڵکوو وەك زۆربەی وڵاتەکانی رۆژهەڵات، شێوەی دەوڵەتی کۆیلەداری هەبووە، لەگەڵ دوو چەشنە مڵکداری، کە بریتی بووە لە مڵکداریی دەوڵەت و مڵکداریی تێکڕایی. کشتوکاڵیش بەئاودێرییەوە بەند بووە، کە پێوەندییەکی زۆری بەو دوو چەشنە مڵکداری-یەوە هەبووە. چونکە ئەو خەرجە کە بۆ دامەزراندنی رایەڵەی ئاودێری پێویست بوو، تەنیا لە توانای دەوڵەت یا دەستەو کۆمەڵێك دا بوو. ئینگێڵس دەڵێ:

**"شەرتی یەکەمی وەرزێری رایەڵەی ئاودێریی دەستکردە، کە یان چەند دەستەو کۆمەڵێك، یان چەند ناوچەیەك، یان حکوومەتی ناوەندی بەڕێیەوە دەبا"**[1].

دەوڵەت کەلکی لە مڵکداری تێکڕایی وەردەگرت و بە رێك و پێکی باج و پێتاکی دەستاندو بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ دەستەو کۆمەڵەکان پەیمانێکی دەبەست کە بەگوێرەی ئەو پەیمانە دەستەو کۆمەڵەکان و ئەندامەکانیان دەستەبەر دەبوون زەوییەکانیان داچێنن. بەو هۆیەوە دەوڵەت رێگای ئەوەشی دەگرت کە ئەندامانی ئەو کۆمەڵانە زەوییەکان بەجێ بهێڵن. دیارە ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئەو جووتیارانەی بەو جۆرە بە زەوییەکانەوە بەستراونەوە لە راستی

---

[1] ف. ئینگێلس: "چەند نامەیەك لەبارەی سەرمایەوە"، بەزمانی چیکی، پراگ، ١٩٥٧، ل٥٤.

دا ئازاد نەبوون، بەڵام بەسترانەوەی کۆمەڵـەکان و ئەندامـەکانیان بـە زەوییـەوە هەر لەوکاتەدا دەبووە هۆی زێدە بەرهەمیش[٢].

ئەو دوو شێوە مڵکدارییە هەتا سەدەی سێهەم کە لـە سـەرەتای حکوومـەتی ساسـانییـەکان دا دێمانـەی ئـابووری دەرەبەگایـەتی دەرکـەوت، لـەکاردا بـوون. لەپاش ئەوەش دیسان کۆمەڵەکان بەتەواوی لەنێو نەچوون:

"ئاشـکرایە کـە لـە رۆژگـاری سـەرکەوتنی ئیسـلامیش دا چەشـنە نـەزمێکی هەرەوەزی هەر ماوە"[٣].

پەیدابوونی دەرەبەگایەتی لە کوردستان ئەو سروشتە تایبەتییەی هەیـە، کـە ئەو نەزمە کۆیلەتییە کە دەرەبەگایەتیی بەدوادا هاتوە، لە کوردستان بەتـەواوی گەشەی نەکردبوو و ئەمە بوو بـەهۆی ئـەوە کـە مڵکـداریی تێکڕایـی زیـاتر پـەرە بستێنێ. چونکە بە پەیدابوونی دەرەبەگایەتی مڵکداریی تێکڕایی لەنێو نەچـووە، وەك لەو وڵاتانـەدا کـە دەرەبەگایـەتی هاتۆتـە جێگـای کۆیلـەتیی گەشـەکردووی جێگیربوو، بەڵکوو پاش ئەوەش چەند سـەدە ماوەتـەوەو نـەزمی هـەرەوەزی تـا رادەیەکی زۆر لەسەر بناخەی مڵکداریی گشتی دامەزراوە.

وەسایلی ئاودێریی دەوڵەت و دەرەبەگە زلەکان لە کوردستان دا بریتـی بـووە لە جۆگەو بەندو بناوانەکان و ئەمە بۆتە یەکێك لەو هۆیانە کە بوونە هۆی ئـەوەی زەوی لە چنگی جووتیارەکان دەرهاتوەو کارێکی وای کردوە کـە دەرەبەگایـەتی زیاتر گەشە بکا.

لەپێش هێرشی عەرەب دا بەرەبەرە نەزمی دەرەبەگایـەتی سـەقامگیر بـووەو کێڵگەکان کەوتوونـە دەسـتی ئـەم کۆمەڵانـەی خـوارەوە: ١ـ شـا، ٢ـ بنەماڵـەی پاشایەتی، ٣ـ پیاوە ئایینییەکان، ٤ـ فەرماندەکانی لەشکر، ٥ـ مووچەخۆرەکان،

---

(٢) "بەگوێرەی هێندێك بەڵگە کە دەگەڕێنەوە بۆ سەدەی یەکەمی پێش زایین و پێوەندییـان بـە فرۆشتنی رەزی ترێ لە کوردستانی ئێران ـ مێدیای رۆژئاوا ـ وە هەیە، رەزی ترێ کڕین و فرۆشـتنی لەسەر بووە، بەڵام رازیبوونی دراوسێیەکان شەرتی سـەرگرتنی سـەودایەکە بـووە. ئـەودەم کڕیـار دەبوو بە ئەندامێکی کۆمەڵەکەو وەك ئەوانی تر هەموو مافێکی هەبوو و بەڵێنی دەدا کە زەوییەکـە بەباشی رەنێو بهێنێ ئەگەر ئەندامێك ئەرکی خۆی بەباشی بـەجێ نـەهێنابا بەتونـدی سزا دەدرا". مێژووی جیهان، بەزمانی رووسی، بەرگی دووهەم، مۆسکۆ، ١٩٥٥، ل٤٣٢.

(٣) A. Lambton, Landlord…, p. 2.

٦ـ ئاغایەکان کە پێیان دەگوتن ئازاد. زەحمەتکێشە چەوساوەکانیش بریتی بوون لە جووتیاران و کۆیلەکان[٤] و پیشەسازان.

بناخەی ملکی دەرەبەگەکان زۆرتر ئەوە بوو کە پادشا بە پاداشی خزمەتێك زەویی وەك مووچە دەدا بە سەرکردەکانی سوپا، یان مووچەخۆرەکان.

**"فەرمانڕەواکان لەشکری خۆیان بەوە رادەگرت و پاداشی مووچەخۆرەکانیان بەوە دەدایەوە، کە زەوییان پێدەبەخشین"[٥].**

ئەوانەی لەو رێگایەوە زەوییان دەست دەکەوت، تەنیا مافی خواردنی بەرهەمی زەوییەکەیان هەبوو، ئیتر خاوەنی زەوییەکە نەبوون.

جووتیارەکان ئەو وەختە دوو جۆرە پیتاکیان دەدا: یەکەم، دەبوو نیوە یا سێ یەکێکی بەرهەمی ساڵانەیان بدەن بە دەوڵەت یا خاوەن ملك. دووهەم، هەموو ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان بیست تا پەنجا ساڵ دا بوو، سەرانە بە دەوڵەت بدەن.

ئەمە مانای ئەوەیە کە لەکاتێك دا زۆربەی زەوییەکان هی دەوڵەت بوون، دەوڵەت هەم پیتاکی دەستاندو هەم کرێی زەوییەکەو:

**"لەو حاڵەدا جووتیارەکان دژی ئاغاکان رانەدەوەستان، بەڵکوو لەگەڵ دەوڵەت هەم وەك ئاغایەك و هەم وەك فەرمانڕەوایەك بەرەنگار بوون و هەروەك لە ئاسیا باوە، پیتاك و ملکانەکە وەسەریەك دەکەوتن، یان باشتر بڵێین پیتاکێك نەبوو کە لەگەڵ ئەو چەشنە ملکانەیە جیاوازیی هەبێ"[٧].**

پیاوە ئایینییەکان و نەجیب زادەکان و مووچەخۆرانی دەوڵەت لەو خەرج و پیتاکە تەرخان بوون.

---

[٤] س. ئا. ئیگازارۆف لە وتاری خۆی دا "ئاورێکی ئەتنۆگرافی بۆ سەر کوردەکانی ویلایەتی ئێرەوان"، ل١٨ دەنووسێ: **"لەنێو کورددا شوێنەواری کۆیلەتی نیە"**. بەلام لەزۆر بەڵگەو سەرچاوەی تر دەردەکەوێ کە چەشنە دیمەنێکی کۆیلەتی هەبووەو بە یەکێك لەم دوو شێوەیە خۆی نواندوە: ١ـ ئەو کۆیلانەی لەشەڕدا بەدیل گیراون، ٢ـ کۆیلە خۆولاتییەکان کە لە قۆناخەکانی دوایی دا کڕین و فرۆشتنیان قەدەخە کرابوو. لەگەڵ ئەوەش دا لە کوردستان کۆیلەداری وەك ئەزمێکی ئابووری نەبووە. د.

[٥] A. Lambton, Landlord..., p. 10.

[٧] ك. مارکس: "سەرمایە" بەزمانی چیکی، بەرگی سێهەم، پراگ، ١٩٥٦، ل٣٢٨.

بەڵام جووتیارەکان هەروەك پاشماوەی کۆیلەکان گرانایی‌یەکی دیکەشیان لەسەر شان بوو. ئەوان ناچار بوون لە پڕۆژە گەورەکانی ئاودێری و دانانی پردو ڕێگاوبان دا بەبێگار کار بکەن. بەم جۆرە جووتیارەکان لەژێر باری چەوسانەوەو کۆیلەتی دا دەیان ناڵاند. لەوەڕا دەردەکەوێ کە جووتیارەکان سەرەڕای ئەو ملکانەیە کە وەك شتوومەك دەیان دا، ملکانەیەکی دیکەشیان بەشێوەی بێگار لێ‌دەستێندرا، بەڵام ملکانەی بەشتوومەك شێوەی سەرەکیی چەوسانەوەی جووتیاران بوو.

لەسەردەمی هێرشی عەرەبەکان لە سەدەی حەوتەم دا کوردستان چەشنە نەزمێکی هەرەوەزیی تێدا مابوو و لادێی کوردستان پێوەندی‌یەکانی عەشیرەتگەریی بۆخۆی پاراستبوو.

لە سەردەمی خەلافەتی عەبباسی‌یەکان دا لە سەدەی هەشتەمەوە تا سەدەی دەهەم، جووتیاری ئاسایی ملکانەی بە دەوڵەت، یانی بە خەلیفە دەدا، لەو ماوەیەدا هەموو ملکی پاشاو بنەماڵەی پاشایەتیی ساسانی‌یەکان و هەروەها ملکی ئەو ئاغایانە کە شەڕی عەرەبەکانیان کردبوو، ببوو بە هی خەلیفە. هەر لەوکاتەدا زەوی‌یەکانی پیاوە ئایینی‌یەکان و ئاورگەکانی زەردەشتیش ببوون بە هی (بیت المال)ی ئیسلام، یانی لەڕاستی دا هی خەلیفە.

بەم جۆرە دەوڵەت، کە لە خەلیفەدا خۆی دەنواند، ببوو بە ملکداری هەرە گەورە. ئەو ملکداری‌یە تا رادەیەکی زۆر سروشتی دەرەبەگایەتیی هەبوو و لە ڕاستی دا دەرەبەگەکان چینی فەرمانڕەوا بوون و ئەوەی دەوڵەتیش وەری دەگرت، بەسەر نەجیب زادەکان و مووچەخۆرەکان و هی‌تردا دابەش دەکرا.

لەپەنای ملکداریی دەوڵەت دا، هێندێك لە زەوی‌یەکانیش لە دەستی دەرەبەگەکان دا بوون کە زۆربەیان لە نەجیب زادە عەرەبەکان بوون. ئەو عەرەبانە دوای سەرکەوتن دەستیان بەسەر ئەو زەوی‌یانەدا گرتبوو. هەروەها هێندێك دەرەبەگی خۆوڵاتییش مابوون کە بۆ پارێزگاریی ماڵ و ملکی خۆیان هاوکاریی عەرەبەکانیان کردبوو. دەرەبەگەکان هەقیان هەبوو زەوی‌یەکانیان بفرۆشن، یا بەمیراتیان بەجێ‌بهێڵن. لەو ماوەیەدا شێوەیەکی تازەی ملکداریی دەرەبەگایەتییش پەیدا بوو کە بریتی بوو لەو ملکانەی بۆ مزگەوت و قوتابخانە

ئایینی‌یەکان و ئەو جۆرە شتانە تەرخان دەکران. زەوی‌یە تەرخان کراوەکان نەدەبوو بفرۆشرێن و بدرێن بە کەسێکی دیکە.

لە سەدەی یازدەهەم دا اقطاع[8] وەك شێوەیەکی ملکداری پەیدا بوو. اقطاع لەپێش دا بەو جۆرە بوو کە دەوڵەت بەشێك لە زەویی بۆ هێندێك کەس دادەنا کە تا ماون، یا تا ماوەیەکی دیاریکراو کەڵکی لێ وەرگرن. ئەوە تا رادەیەك ئەو نەزمە وەبیر دێنێتەوە کە زۆر لەپێش ئیسلام دا هەبوو. دیارە دەرەبەگایەتی بە پەیدابوونی ئەو چەشنە اقطاعە بەهێز بوو و ئەو شێوە ملکداری‌یە اقطاعیە هەتا سەدەی دوازدەهەم دەوامی کردو هەر لەو کاتەش دا ئاغاکان بە هەموو رێگایەك دا دەستیان بەسەر پاشماوەی زەوی‌یە ناوکۆیی (بەش نەکراو)ەکانی کۆمەڵی لادێدا گرت. بەم جۆرە لە کۆتایی سەدەی یازدەهەم دا خەڵکی لادێ کە خاوەنی زەویی بەش نەکراو بوون بە ئابووریی دەرەبەگی‌یەوە بەسترانەوە، هەر لەوکاتەدا پتەوبوونی نەزمی دەرەبەگایەتی بەرەبەرە بوو بەهۆی بێ‌هێزی و کەم بوونی مەرکەزییەتی دەوڵەت. ئەگەر تا ئەودەم باج و پێتاك و بەرهەمی زەوی بەهۆی دەزگایەکی تایبەتی‌یەوە راستەوخۆ لە دانیشتووان و بەتایبەتی لە جووتیاران دەستێندرا، لەو دەمەوە وردە وردە ئەو دەسەڵاتە هاتە دەستی دەرەبەگە گەورەکان والی‌یەکان.

لە سەدەی دوازدەهەم و لە سەرەتای سەدەی سێزدەهەم دا، یانی لەسەردەمی حکوومەتی سەلجووقی‌یەکان دا نەزمی اقطاع هێندێك گۆڕانی بەسەردا هات. بەو جۆرە کە ئەو خاکەی دەدرا بە هێندێك کەس کە بەرهەمەکەی بخۆن و زەوی‌یەکەش هەر هی دەوڵەت بێ، بوو بە هی خۆیان و هەقی ئەوەیان هەبوو بەمیرات بیدەن بە میراتگرەکانیان. لە ئەنجامی ئەو شێوە اقطاعەدا بەرهەمی کشت‌وکاڵ نەختێك پێش کەوت، چونکە خاوەن ملکەکان وەك جاران لەوە نەدەترسان زەوی‌یەکەیان لێ وەربگیرێتەوەو ئیتر نیازیان بەوە نەبوو بە جارێك هێزو پێزی زەوی‌یەکە بەرن. ئێستا زیاتر هەوڵی زیادکردنی بەرهەمیان دەداو خاکەکەیان بە چەشنێکی پوخت و پاراوتر ڕەنێو دەهێنا. دیارە ئەوە

---

(8) اقطاع وشەیەکی عەرەبی‌یە کە بەمانای پارچە زەوی‌یەکە. وشەی اقطاعی عەرەبی بە مانای دەرەبەگ و اقطاعیە بەمانای دەرەبەگایەتی‌یە.

بەهیچ جۆر باری گرانی دەرەبەگەکانی لەسەر شانی جووتیارە چەوساوەکان سووك نەکردو جووتیارەکان بەتەواوی بەوانەوە بەسترانەوە. جووتیار هەر ئەوەندەی لەسەر نەبوو کە سێ یەك یا نیوەی بەرهەمەکە بدا، بەڵکوو زۆر بارو ئەرکی دیکەشی لەسەر شان بوو.

دوای پەلاماری مەغوولەکان وەزعەکە کەمێك گۆڕا: خانی مەغوول و خزمەکانی بەشێکی زۆری زەوییەکانیان داگیر کرد[٩]. هەروەها هێندێك دەرەبەگی تازەی مەغوولیش پەیدا بوون کە زۆر بێبەزەیی جووتیارەکانیان دەچەوساندەوە.

لەو ماوەیەدا نەزمی اقطاع گەیشتە دوا پلەی خۆی. دەرەبەگایەتی سەقامگیر بوو و جووتیاران بەتەواوی بە زەوییەوە بەسترانەوە. دەتوانین خاوەن ملکە دەرەبەگەکانی ئەو سەردەمە بکەینە چوار دەستە:

١ـ نەجیب زادە لەشکرییەکان کە بریتی بوون لە خانەکانی مەغوول و تورك و کورد (وشەی خان بەمانای سەرەك هۆزە).

٢ـ دەرەبەگە خۆولاتییەکان کە مووچەخۆر نەبوون.

٣ـ پیاوە ئایینییە گەورەکان.

٤ـ مووچەخۆرانی دەوڵەت.

جووتیاران زۆر بە توندی دەچەوسێندرانەوەو هێندێ وەخت ناچار بوون ٨٠٪ی دەغڵ و دانەکەیان بە دەوڵەت یا ملکدار بدەن[١٠].

شپرزەیی باری وەرزێری لەلایەك و نزم بوونەوەی داهاتی دەوڵەت لەلایەکی ترەوە[١١] لەبڕانەوەی سەدەی سێزدەو سەرەتای سەدەی چاردەدا غازان خانی هێنایە سەر ئەوە کە چاری ئەو نالەبارییە بکاو مشوورێکی لێبخوا. خەرج و باجی دەسکاری کردو رادەی بۆ دانا کە کۆکردنەوەی باجی نەغدی یان مالی لەسەر پێودانێکی تایبەتی بڕواو وەختێکی دیاریکراوی هەبێ[١٢]، هەروەها بۆ

---

[٩] بەو زەوییانەیان دەگوت "ئینجو" ـ د.

[١٠] مێژووی جیهان، بەرگی سێهەم، مۆسکۆ، ١٩٥٧، ل٥٨١.

[١١] ئی. پ. پیتروشیفیسکی: "وەرزێری و پێوەندییە وەرزێرییەکان لە ئێران لە سەدەی دوازدەو چاردەدا"، بەزمانی رووسی، مۆسکۆ، ١٩٦٠، ل٥٥.

[١٢] هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٥٨.

کەمکردنەوەی چەوساندنەوەی جووتیاران لەلایەن لەشکرییانەوەو لەنێوبردن، یان کەم کردنەوەی باج و پێتاکی بازرگان و پیشەسازەکانیش مشوورێك خورا[١٣].

هەر لەو کاتەدا بەگوێرەی پلەو پایەی لەشکرییەکانی مەغوول، بەشێکی زۆر لە زەوییەکانی دەوڵەت بەسەر ئەوان دا دابەش کرا، لێرەش دا دەوڵەت ملکداریی زەوییەکانی بۆخۆی پاراستبوو و ئەوانە تەنیا مافی خواردن و بەمیرات دانی زەوییەکانیان هەبوو، نەك مافی ئەوەی بیان فرۆشن. جووتیاران هەموو خەرج و باج و کرێی زەوییەکانیان دەدا بە خاوەن اقطاعەکان و ئەوانیش بەشێك لە داهاتی خۆیان دەدا بە دەوڵەت.

ئەو دەسکارییانەی غازان خان تا رادەیەکی زۆر بوو بە هۆی بووژانەوەی کشتوکاڵ و زیادبوونی بەرهەم و بەرزبوونەوەی داهاتی جووتیاران و لەبەر ئەوە داهاتی دەوڵەتیش بەرەژوور چوو، بەڵام وەك لە جەدوەلی ژمارە (٨) دەردەکەوێ دیسانیش نەگەیشتبۆ رادەی رۆژگاری پێش هێرشی مەغوولەکان.

جەدوەلی ژمارە (٨)
داهاتی ساڵانەی دەوڵەت بە دیناری ئیلخانی

| مەڵبەند | پێش هێرشی مەغوول | لەماوەی نێوان ١٣٤٠_١٣٥٠دا |
|---|---|---|
| دیاربەکرو دیار ربیعە[١٤] لە سەرەتای سەدەی سێزدەدا | ١٠٠٠٠٠٠٠ [١٥] | ١٩٢٥٠٠٠ |
| کوردستان لە سەرەتای سەدەی دوازدەدا | ٢٠٠٠٠٠٠ [١٦] | ٢٠١٥٠٠ |

---

[١٣] هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٥٩.

[١٤] ئەو مەڵبەندە لەبەشی جنووبی کوردستانی تورکیاو بەشی شیمالی کوردستانی عیراقی ئێستا پێك هاتوە. د.

[١٥] ح. مستوفی: "نزهة القلوب"، ل ١٢٠.

[١٦] هەر ئەو سەرچاوەیە، ل ١٢٧.

لە رۆژگاری مەغوولەکان دا کشتوکاڵ زۆر هاتەخوارو مەودای زەوییە داچێندراوەکان لە هێندێك شوێن هاتە سەر دەیەکی مەودای جاران[١٧].

دەسکارییەکانی غازان خانیش هەر تا رادەیەك توانی وەزعەکە باشتر بکا، هەر لەوکاتەدا بۆ جێگیربوونی پێوەندیی دەرەبەگایەتییش هێندێك هەوڵی تازە دران: بۆنموونە، رێگا نەدەدرا هیچ جووتیارێك لەشوێنی خۆی بگوێزێتەوەو ئەگەر کەسێکیش بەدزی رۆیشتبا، هەتا ٣٠ ساڵ بەدوای دا دەگەڕان و لە هەر کوێیەك گیرابایە بەزۆر دەیان هێنایەوە جێگای خۆی.

هێرشی تەیمووری لەنگ بوو بە هۆی نزم بوونەوەیەکی تازەی پلەی ئابووری. لەوکاتەدا نەزمی اقطاعییش شێوەیەکی تازەی پەیدا کرد کە بریتی بوو لە (سیۆرگاڵ) جیاوازی نێوان سیۆرگاڵ و اقطاع لەوەدا بوو کە سیورگاڵ میراتی بوو، کەسێك سیورگاڵی پێدەسپێردرا هەر لەو کاتەش دا دەبوو بە فەرمانڕەوای هەموو کاروبارێکی مەڵبەندەکە[١٨] خاوەنی سیورگاڵ وەك خاوەن اقطاع لە هەموو خەرج و باجێك تەرخان بوو و لەباری قانوونی و ئیدارییەوە مەسوونییەتی هەبوو. ئەوەش بوو بەهۆی لاوازتربوونی دەسەڵاتی دەوڵەتی مەرکەزی و چوونەسەری دەسەڵاتی دەرەبەگە گەورەکان.

دەرەبەگایەتی هەروەك لە شەرەفنامەدا گوتراوە لەسەدەی شازدەدا پەرەی ئەستاند. لەلایەکی دیکەوە تا رادەیەك پیشەسازی لە وەرزێری جیا بۆوەو ئەوەش بوو بەهۆی پەرەگرتنی بازرگانیی خۆوڵاتی و پێوەندییەکانی نێوبازاڕ، لەوکاتەوە بۆ هێندێك خەرج و باج دراو وەردەگیرا. بینا دروست کردنیش لەو سەردەمەڕا گەشەی کردو کۆشکی دەرەبەگ و ئەمیرەکان دروست کران. بەکورتی لەو ماوەیەدا مڵکداریی دەرەبەگایەتی سەقامگیر بوو و پێوەندیی دەرەبەگایەتی بەسەر هەموو مەڵبەندەکانی کوردستان دا زاڵ بوو.

لە رۆژگاری سەفەوییەکان دا شێوەیەکی تازەی اقطاع پەیدا بوو کە پێیان دەگوت "تیول". بەگوێرەی تیول دەوڵەت هەقی مڵکانەی زەوییەك یا بەشێك لەو مڵکانەی دەدا بەکەسێك. زۆرجار تیول پێوەندی بە خزمەتێکی دەوڵەتەوە

---

(١٧) ئی. پ. پیترووشیفسکی (هەر ئەو سەرچاوە) ل ٥٥، ٨٠.

(١٨) بەزمانی مەغوولی بەمانای "مافەکان"ە ـ د.

هەبوو و خاوەن تیول تا کاتێك ئەو خزمەتەی بە دەوڵەت کردبا تیولەکەی لەدەست دا بوو. شێوەیەکی تری تیولیش ئەوەبوو کە کابرا بەدرێژایی ژیانی خۆی هەقی تیولی هەبوو، بەڵام پاش مردنی بۆ میراتگرەکانی بەجێ نەدەما.

لە سەردەمی شاعەبباسی یەکەم لە سەدەی حەڤدەدا بۆ زیاتر کردنی بەرهەمی کشتوکاڵ هێندێك هەنگاوی تازە هاوێژران و خەرج و باج نەختێك کەم کرایەوە. بەڵام ئەو هەنگاوانەش زیاتر بوونە هۆی بەربڵاوبوونی چوارچێوەی زەوییەکانی دەوڵەت و بنەماڵەی پادشایەتی، هەروەك ژمارەو مەودای ملکی مەوقووفەی شیعەکانیش زیادی کرد. بەگشتی وەزعی ئابووریی وڵات و پلەی ژیانی جووتیاران زۆر باشتر بوو. لەو سەردەمەدا پادشا زەوی و لەوەڕگەکانی بەسەر عەشیرەتەکان دا دابەش کرد کە بەشی هەر کامێکیان بە "یورت" ناودەبرا، کە بە زمانی مەغوولی بەمانای ئەرزە.

لە کۆتایی حکوومەتی سەفەوییەکان و لە ئەنجامی پەلاماری ئەفغانییەکان لە سەدەی هەژدەدا جارێکی تر پلەی ئابووری نزم بۆوەو هەژاری و کوێرەوەری بۆ جووتیاران بەدیاری هات. وەزعەکە وای لێهات کە ئیتر کەس دەری نەباو بوو بەهۆی بەهێزبوونی بەربەرەکانیی جووتیاران و عەشیرەتەکان. ساڵی ١٧٤٣ لە مەڵبەندی خۆی و سەڵماس کوردەکان لە دژی زیادبوونی باج و پیتاك ڕاپەڕین[١٩].

لە سەردەمی کەریم خانی زەند دا (١٧٥٢ــ١٧٧٩) بۆ ماوەیەکی کەم وەرزێری باشتر بوو و جووتیارەکان بووژانەوە. پاشان ماوەیەکی دیکەی بەدوادا هات کە نزم بوونەوەی ئابووریی تێدا بەردەوام بوو، هەتا لەسەردەمی حکوومەتی قاجارییەکان لەسەرەتای سەدەی نۆزدەدا بەجارێك توند بوو. لەوکاتەدا بەرەبەرە وڵات کەوتە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتە ئیستیعمارییەکانەوە. جەدوەلی ژمارە (٩) بۆمان دەردەخا کە چۆن نزم بوونەوەی باری ئابووری، نزم بوونی داهاتی دەوڵەتیشی لەگەڵە.

---

[١٩] ئی. پ. پیترووشیفسکی: "ئاوڕێك بۆسەر مێژووی پێوەندییەکانی دەرەبەگایەتی لە ئازەربایجان و ئەرمەنستان"، بەزمانی ڕووسی، لینینگراد، ١٩٤٩، ل٣٢٥.

| جەدوەلی ژمارە (٩) | |
|---|---|
| سالّ | داهات بە میلیۆن فرانك[٢٠] |
| ١٨٠٣ | ١٥٩ |
| ١٨١٥ | ٧٥ |
| ١٨٥٠ | ٥٧ |
| ١٨٨٩ | ٤٠ |
| ١٨٩٩ | ٤١ |

ئامانجی سەرەکیی تیولدارەکان لەو سەدەیەدا ئەوەبوو کە تیولەکە ببێتە ملّکی خۆیان و لەداهاتوودا لێیان نەستێندرێتەوە.

دەولّەت و پادشاش زیاتر پێویستی‌یان بەدراو هەبوو. چونکە بەهۆی رابواردنی دەرباری‌یەکان و سەفەرەکانی ناصرالدین شا بۆ ئورووپاوە بودجەی دەولّەت بەجارێك تووشی ناتەواوی هاتبوو. لێرەدا پادشا هێندێك هەنگاوی بۆ باشترکردنی وەزعی خەزێنە هەلّێنایەوە، ئیمتیازێکی زۆری دا بە دەولّەتە بێگانەکان و قەرزێکی زۆرو زەوەندی بەتایبەتی لە رووسیای تەزاری وەرگرت. ئەوەی ئێمە دەمانەوێ باسی بکەین ئەوەیە کە پادشا دەستی بە فرۆشتنی ملّکەکانی دەولّەت کردو ئەوە دەرفەتێکی باشی دا بەخاوەن تیولەکان بۆئەوەی ببنە خاوەنی زەوی‌یەکان.

بەم جۆرە ملّکداریی دەرەبەگە گەورەکان زۆر بەخێرایی پەرەی گرت و لە ئەنجامی ئەو رێبازەدا لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا ئەم چەند شێوە ملّکداری‌یە دەبینران: ملّکداریی دەرەبەگەکان، ملّکداریی دەولّەت، وەقف، ملّکداریی عەشیرەتەکان و ملّکداریی جووتیاران. ملّکی جووتیارەکانیش دوو جۆر بوو یەکیان ئەوەبوو کە خاکی دێیەکە هی چەند مالّە جووتیار بوو کە پێیان دەگوتن وردەمالیك، ئەوی تریشیان ئەوەبوو کە هەر جووتیارەی پارچە زەوی‌یەکی خۆی

---

[٢٠] م. ب. وولونتێر: "پەرەئەستاندنی ئابووری و مەسەلەی وەرزێری لە ئێران لە سەدەی بیستەم دا"، بە زمانی رووسی، بنکەی بلاّوکردنەوەی دەولّەتی، ١٩٢١.

هەبوو. لە کوردستان ئەم چەشنە مڵکدارییە بەم شێوەیە پێك هات: ئەو زەوی-یانە کە لە ئەسڵ دا پادشا دابەشی کردبوون، یان دواتر لە دەوڵەت کڕابوون و ببوونە مڵکی میراتی، لەنێوان میراتگرەکان دا بەش دەکران و بەرەبەرە هەرچی ژمارەی میراتگرەکان زیاتر دەبوو ئەو بەشە زەوییەی کە بۆیان دەمایەوە چووکتر دەبوو. بەم جۆرە وای لێهات کە نەوەو نەتیژەی خاوەن مڵکە گەورەکان بوون بە جووتیارێك کە هەریەکەی پارچە زەوییەکی چکۆلەیان پێ بڕا.

هێندێك وەخت عەشیرەتە کۆچەرییەکان لە خاکێکی "ئازاد"دا نیشتەجێ دەبوون و دەیان کردە مڵکی خۆیان و ئەندامانی عەشیرەتەکە زەوییەکانیان لەنێو خۆیان دا بەش دەکردو هەرکەسە پارچە زەوییەکی هەڵدەبژاردو دەبوون بە جووتیاری سەربەخۆ.

## ٢ـ کوردستان وەك بەشێك لە بازاڕی جیهانی

لەسەرەتای نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەوە هێندێك هۆی دەرەوە تەئسیریان کردۆتە سەر پێوەندییەکانی وەرزێری و گەشەکردنی وڵات. ئەوەش سەردەمی بەهێزبوونی نفووزی سیاسی و ئابووریی وڵاتە گەورەکانی بێگانەو بەتایبەتی ئیمپریالیزمی بریتانیا لە جنووب و رووسیای تەزاری لە شیمالەوەیە.

لەو ماوەیەداو لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە کوردستان بوو بە بەشێك لە بازاڕی جیهانی. بازرگانیی دەرەوەی ئێران بەخێرایی پەرەی ئەستاندو لەنیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەدا بوو بە دەهێندەی جاران[٢١]. لەسەدەی بیستەمیش دا لە ٣٧٠ میلیۆن قرانەوە (ساڵی ١٩٠٠) گەیشتە ١١٠٠ میلیۆن قران (ساڵی ١٩١٣)[٢٢].

پێوەندیی کوردستان بەبازاڕی جیهانییەوە تەئسیری کردە سەر هەموو بارێکی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵی کوردەواری. پێوەندییەکانی بازاڕ

---

[٢١] ل. ن. تیگرانۆف: "لەبارەی پێوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی ئێرانەوە"، بەزمانی رووسی، تفلیس، ١٩٠٥، ل١١.

[٢٢] گۆڤاری "رۆژهەڵاتی شۆرشگێر"، بەزمانی رووسی، ١٩٢٧، ژمارە ٢.

پەرەیان ئەستاندو شاردروست کردن بەخێراییەك دەست پێکرا کە وێنەی نەبینرابوو. داخوازییەکی زۆر بۆ هێندێك شتوومەکی صادر کردن پەیدا بوو، کە بریتی بوون لە بەرهەمەکانی لێرەوارو وەرزێری و بەتایبەتی بەرهەمەکانی ئاژەڵداری وەك خوری و پێست و حەیوان و هێلکە. هەروەها لۆکەو مافوورەو بەرهەمی دارستانەکان وەك کەتیرەو مازوو. ساڵی ١٨٦٢ کوردستان بایی ٤٥٥ هەزار روبڵ خوری و بایی پێنج میلیۆن رۆبڵ[٢٣] گیای تێکنیکی و بەرهەمەکانی لێرەواری ناردۆتە دەرەوە[٢٤] هەروەها هەموو ساڵێ زیاتر لە سێ میلیۆن سەر بزن و مەڕی دەناردە ئەستەنبووڵ و حەڵەب و بەغداو تفلیس. لە سەرەتای سەدەی بیستەم دا ساڵی بیست میلیۆن هێلکە لە کوردستانەوە بۆ بەندەری سەمسوون لەسەر دەریای ڕەش دەچوو[٢٥]. بەپێی راپۆرتی کونسوولی بریتانیا کە ساڵی ١٩٠٣ ناردوویەتی لە کرماشان هەموو ساڵێ ٢٠٠٠٠ تا ٢٢٤٠٠ پارچە ورگ و ریخۆڵە فرۆشراوە[٢٦] و لە سەرەتای شەڕی یەکەمی جیهانی دا لەمەڵبەندی مەهاباد ساڵێ بایی ٦٣٦ هەزار روبڵ رۆن و خوری و پێست و شتی تر بۆ رووسیا چووە[٢٧]. شتوومەکی دەرچووی کرماشان و سنەو مەهاباد ساڵێ بە سێ میلیۆن روبڵ دانراوە[٢٨]. ئەوانە هەموویان بەڵگەی پەرەگرتنی خێرای بازرگانیی دەرەوەی کوردستانن.

شەرتی بنەڕەتیی کڕین و فرۆشتنی زەوی ملکداریی جووتیاری بوو.

**"خاوەن ملکیەتیی تەواو هەر ئەوە نیە کە زەوییەکە لەدەست خاوەنی دا بێ، بەڵکوو ئەوەیە کە بتوانێ بیشی فرۆشێ"[٢٩].**

هێندێك لە زەوییەکان بەشێوەی کڕین و فرۆشتن لە دەست جووتیاران دەهاتنە دەرو زۆربەشیان لەلایەن خاوەن ملکە دەرەبەگەکان و بازرگانەکان و

---

[٢٣] أ. گ. ئاکوپوف: "لەبارەی جێگیربوونی نەتەوایەتیی کورد لە ئێران"، مۆسکۆ، ١٩٥٢، ل٢٢٥.

[٢٤] هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٢٥١.

[٢٥] Foreign Office, No 62, Armenia and Kurdistan, London, 1920.

[٢٦] م. جمال زادە: "گنج شایگان"، بەزمانی فارسی، برلین، ١٩١٧.

[٢٧] ئا. گ. ئاکۆپۆف: هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٢٢٧.

[٢٨] م. واسیلۆکۆفسکی: "راپۆرتێك لە سەفەری ویلایەتەکانی رۆژئاوای ئێران"، بەزمانی رووسی، تفلیس، ١٩١٣، ل٢٧٤_٢٦٨_٦٥٢.

[٢٩] ف. ئینگێلس: "سەرچاوەی خێزان"، چاپی ئینگلیزی، مۆسکۆ، ١٩٥٥، ل٣١٥.

پیاوه ئایینی‌یه‌کانه‌وه داگیر ده‌کران. له‌نیوه‌ی دووهه‌می سه‌ده‌ی نۆزده‌وه، له‌ئه‌نجامی هاتنی سه‌رمایه‌کانی بێگانه‌دا بازرگانه خۆولاتی‌یه‌کان به‌ره‌به‌ره ڕێگای وه‌کارخستنی سه‌رمایه‌کانیان له پیشه‌سازیی خۆمالّی دا لێ‌به‌سترا، هه‌رچه‌ند له‌به‌ر په‌ره‌گرتنی بازاڕه‌کانی ده‌ره‌وه سه‌رمایه‌که‌یان زۆر خێرا زیادی کرد. ئه‌م وه‌زعه بوو به هۆی ئه‌وه که بازرگانه‌کان به به‌ربلاوی ده‌ست به زه‌وی کڕین بکه‌ن و زه‌وی‌یه ده‌وڵه‌تی‌یه‌کان و زه‌ویی خاوه‌ن ملّکه تایبه‌تی‌یه‌کان بکڕن. له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ش دا گۆڕانی سه‌رمایه‌داره بازرگانی‌یه‌کان به ملّکدار پێوه‌ندی‌یه‌کانی ده‌ره‌به‌گایه‌تیی له وه‌رزێری دا نه‌گۆڕی.

پێوه‌ندیی کوردستان به بازاڕی جیهانی‌یه‌وه په‌یدابوونی جیاوازیی چینایه‌تیی له لادێ دا خێراتر کرد، چونکه له‌لایه‌که‌وه زه‌وی که‌وته ژێر ده‌ستی تاقمێکی که‌م و له‌لایه‌کی تره‌وه هه‌ژاری و نه‌داری به‌سه‌ر هه‌زاران جووتیاردا خۆی سه‌پاندو یان له لادێ بوونه شوان و گاوان و سه‌پان، یان بۆ په‌یداکردنی کار ڕوویان کرده شاره‌کان و بوونه نیوه‌پرۆلیتاریا.

**"په‌ره‌گرتنی بازرگانی و دراو و سوودو ملّکداریی زه‌وی و بارمته له‌لایه‌ك بوو به‌هۆی کۆبوونه‌وه‌ی سامان و دارایی له‌ده‌ستی چینێکی چکۆڵه‌داو له‌لایه‌کی دیکه‌وه بوو به‌هۆی هه‌ژاریی کۆمه‌ڵانی خه‌ڵك و زۆربوونی ژماره‌ی خاکه‌سارو لێقه‌وماوان"[٣٠].**

پێویسته ئه‌وه‌ش بگوترێ که هێندێك له جووتیاره‌کانی کوردستان له ئه‌نجامی ئه‌و جیاوازی‌یه چینایه‌تی‌یه‌دا بوون به بازرگان و خاوه‌ن کار. به‌ڵام ژماره‌ی ئه‌مانه زۆر که‌م بوو. لێره‌دا قسه‌که‌ی لینین ڕاست دێته‌وه که ده‌ڵێ:

**"ئه‌گه‌ر مه‌ڵبه‌نده جیاوازه‌کان به‌راورد بکه‌ین ده‌بینین که له هێندێکیان دا خاوه‌ن کار له لادێ له‌نێو جووتیاره‌کان دا په‌یدا بووه، له‌کاتێك دا له‌هێندێکی تردا پرۆلیتاریای لادێ دروست بووه. بێگومان له ڕووسیا وه‌ك هه‌موو ولاتێکی سه‌رمایه‌داری ته‌ئسیری باری دووهه‌می ئه‌و فه‌رق و جیاوازی‌یه له‌سه‌ر ژماره‌یه‌کی زۆرتر له جووتیاره‌کان و ژماره‌یه‌کی زۆرتر له مه‌ڵبه‌نده‌کانیش، له ته‌ئسیری لایه‌نی یه‌که‌م زیاتره"[٣١].**

---

[٣٠] ف. ئینگێلس: هه‌ر ئه‌و سه‌رچاوه‌یه، به‌چیکی.

[٣١] و. ئی. لینین: "په‌ره‌ئه‌ستاندنی سه‌رمایه‌داری له ڕووسیا"، به چیکی. پراگ ١٩٥٢، ل١١٠.

## ٣ـ پێگەیشتنی عەشیرەتە کوردەکان

لەنێوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا عەشیرەتە کۆچەرییەکان سێیەکێکی دانیشتووانی کوردستان بوون. بۆئەوەی بتوانین تەئسیری پێوەندیی وڵات بە بازاڕی جیهانییەوە لەسەر پێگەیشتنی عەشیرەتەکان بەباشی لێك بدەینەوە، پێویستە بەکورتی شێوەی گشتیی پێوەندییەکانی عەشیرەتگەری باس بکەین.

عەشیرەتەکان بەشێوەی هەرەوەزی خاوەنی زەوی و ئەوانەی کۆچەر بوون خاوەنی لەوەڕگە بوون، ئەو زەوی و لەوەڕگەیەیان لەلایەن پادشاوە بۆ دیاری کرابوو، یان لەکاتی نیشتەجێبوون دا دەستیان بەسەردا گرتبوو. هێندێك جاریش ڕێدەکەوت کە عەشیرەتێك زەوی لە یەکێکی تر داگیر بکا.

عەشیرەت لە کوردستان دا لە "بەرە" یا "تیرە" پێك دێ، کە ئەویش بە بنەماڵەو بنەماڵەش بە بەرەباب دابەش دەکرێ. سەرۆکی عەشیرەت مەزن یا میر یا بەگەو سەرۆکی بەرەبابیش ئاغایە. بەگ و ئاغا دەسەڵاتێکی قانوونی و ئیداریی بێسنووریان هەبوو، ئاغا لە هەموو کاروبارێك دا بۆخۆی بڕیاری دەدا، بەڵام ڕدێن سپی و پیاوماقووڵەکانی بەرەبابیش تەئسیریان لەسەر بڕیارەکانی ئاغا هەبوو. تاوڵی ئاغا لە هەموو تاوڵەکان گەورەتر بوو و نیشانەیەکی تایبەتیی بەسەرەوە بوو. لەپاش مردنی ئاغا کوڕە گەورەکەی لەجێگای دادەنیشت و ئەگەر کوڕی لەپاش بەجێ نەمابا، ڕدێن سپییەکانی عەشیرەت سەرۆکێکی تازەیان هەڵدەبژارد. لەنێو هێندێك عەشیرەت دا داب وایە کە هەمیشە سەرۆکەکەیان هەڵدەبژێرن. بۆنموونە عەشیرەتی جوانڕۆ سەرۆکی خۆیان کە پێی دەڵێن سوڵتان لە کۆبوونەوەیەکی ئاشکرادا کە پیرەپیاوەکان پێکی دێنن، هەڵدەبژێرن و هێندێك جار ڕێ دەکەوێ کە ژنیش ببێتە سەرۆك عەشیرەت[٣٢].

سەرۆك بەسەر هەموو کاروبارێك ڕادەگا، ئەو دەبێ ئیجازەی ژن مارەکردن بدا و هتد... سەرۆك عەشیرەت زەوی و لەوەڕگەی نیە، بەڵام لە هەموو شتێك دا هەقی پێشکەوتنی هەیە (لەناو هەواڵان دا یەکەمە) هەر لەوکاتەدا هێندێك ئیمتیازی تریشی هەیە وەك ئەوە کە بەشێکی دیاریکراو لە خوری و ڕۆن و پەنیرو

---

[٣٢] وەك (عادلەخان) کە لەپێش شەڕی یەکەمی جیهانی دا سەرۆکی عەشیرەتی گەورەی جاف بوو ـ د.

گۆشت[٣٣] و بەرهەمەکانی دیکەی وەرزێری وەردەگرێ. لەنێو عەشیرەت دا دەتوانین سێ دەستەی سەرەکی لێك جیا بکەینەوە. سەرۆك و خزمەکانی[٣٤] کە ئەوانە بەشی خاوەن ئیمتیازی عەشیرەتن. دستەی دووهەم کە لە هی یەکەم زۆرترن، لە خزمەتکارانی سەرۆك و بنەماڵەکەی پێك دێن کە پێیان دەڵێن نۆکەر (خولام) کە هەموو کارێکیان پێدەکەن. دەستەی سێهەم کە لە هەمووان گرنگترن ئاپۆرای گشتیی عەشیرەتەکەیە. لێرەدا ئەو تێبینییە پێویستە کە ئەو دابەشکردنە هەمیشە بەو جۆرە راست دەرناچێ. لەنێو هەموو عەشیرەتێك دا بێجگە لەوانەش شێخ و مەلاو سەید هەیە. پیاوە ئایینییەکانیش ئەگەر لەگەڵ جووتیارەکان بەراورد بکرێن هێندێك جیاوازییان هەیە. لەنێو ئەندامانی عەشیرەتیش دا زۆر چەشنە فەرق و جیاوازی هەیە کە لە هەموویان گرنگتر جیاوازی بەسامان و دارایییەو بەوە کە هەرکامە چەند سەر ئاژەڵی هەیە.

ئەو فەرق و جیاوازییە تەنانەت لەو جێگایانە کە تا ئێستاش مڵکداریی فەردییان تێدا پەیدا دەبێ، رۆڵێکی گرنگی هەیە. چونکە لەکاتێك دا هێندێك لە ئەندامانی عەشیرەت ژمارەیەکی کەمیان ئاژەڵ هەیە، سەرۆك عەشیرەت و هێندێك کەسی تر دەتوانن ژمارەیەکی زۆر مەڕو بزن رابگرن[٣٥]. ئەو فەرق و جیاوازییە لەنێو کورددا لە سەدەی شازدەوە هەیە. "شەرەفنامە" باسی کوردی "رەش" و "سپی" دەکاو تا ئێستاش ئەو مەسەلە مەشهوورە کە ئاغا بە جووتیار دەڵێ:

**"ئەز ماقوولم لێ، توو کرمانجێ سەرڕەشی"[٣٦].**

ئەندامانی عەشیرەت بێجگە لەوە کە دیاری و پێشکەش دەدەن بە سەرۆك عەشیرەت، دەبێ خەرج و باجی دەوڵەتیش بدەن. عەشیرەتە کوردییەکان دوو

---

[٣٣] م. س. ئیوانۆف: "کورتەیەك لەمێژووی ئێران"، بەزمانی رووسی، مۆسکۆ، ١٩٥٢، ل١١٩.

[٣٤] خزمایەتی لە ژیانی عەشیرەتگەری دا هەمیشە نەخشی سەرەکیی نیە ـ د.

[٣٥] **"ئاژەڵ بە چەشنێکی عادلانە لەنێو کوردەکان دا بەش نەکراوە. هێندێك کەس دەبینین ژمارەیەکی یەکجار زۆریان ئاژەڵ هەیەو زۆری واش هەن تاقە بزنێکیان نیە"** (ك. ن. سمیرنوف: "سەفەرێك بە کوردستانی شیمالی دا، ساڵی ١٩٠٤، دەنگوباسی قەفقاز" بەشی حەڤدە بەزمانی رووسی.

[٣٦] ئا. ز. شەمیلوف: "لەبارەی دەرەبەگایەتی لەنێو کوردەکان دا"، بەزمانی رووسی، ئیرەوان، ١٩٣٦، ل٢٣.

چەشنە پیتاکیان لەسەر بوو: بێجگە لەو خەرج و باجەی خرابووە سەر ئاژەڵ و لەوەڕگەکان، عەشیرەتەکان دەبوو سەربازیش بدەن و هێندێک جار هەموو پێداویستیەکانی سەربازییشی لەگەڵدا بوو. بۆ نموونە ئەسپ و جلوبەرگی هێزی سوارەی لەشکر لەسەر عەشیرەتەکان بوو. زۆرجار عەشیرەتەکان ناچار دەکران لەماوەی خزمەتی سەربازی دا ژیانی سەربازەکانیش دابین بکەن[٣٧]. جەدوەلی ژمارە (١٠) ئەو خەرج و باجە نەغدییە نیشان دەدا کە لە عەشیرەتەکان دەستێندرا.

| جەدوەلی ژمارە (١٠) | |
|---|---|
| پووشانەی تاقەسەرێک لە بزن و مەڕ | ٠/٥ تا ١ قران[٣٨] |
| پووشانەی تاقەسەرێک گوێدرێژ | ١ تا ٥ قران |
| پووشانەی تاقەسەرێک رەشەوڵاخ | ١ تا ٥ قران |
| پووشانەی تاقەسەرێک یەک سم | ٢ تا ١٥ قران |
| پووشانەی تاقەسەرێک وشتر | ٥ تا ٥٠ قران[٣٩] |

لەسەرەتای سەدەی بیستەم دا کە عەشیرەتەکان خەرجی سەربازەکانیان دەکێشا، لەجیاتی خەرج و باجی زەوی بەم چەشنەی خوارەوە شاخانەی ئاژەڵیان دەدا:

بۆ هەر تاقە سەرێک بزن و مەڕ ٠/٧٥ هەتا ١ قران.

بۆ هەر تاقە سەرێک گوێدرێژو رەشەوڵاخ ١٠ قران.

---

(٣٧) لە شەڕی ئێران و رووسیا لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا سێیەکێکی هێزەکانی عەبباس میرزا سەربازی غەیرە لەشکری بوون، کە هەموویان کورد بوون و عەبباس میرزا خەرج و باجی لەسەر هەڵگرتبوون (ب. ئا. ئاوێریانۆف: "کوردەکان"، ل١٠) ساڵی ١٨٨٥ لە ٣٥٠٠٠ نەفەر لەشکری ئێران ٣٠٠٠٠ کەسیان کورد بوون.

(٣٨) ئەوکاتە روبڵ ٣/٥ قران بوو.

(٣٩) ل. ف. تیگرانۆف، هەر ئەو سەرچاوە، ل٢٩.

ئـاڵوگۆڕی شـتوومەکیش لـەنێو عەشـیرەتە نیوەکۆچـەرەکان و عەشـیرەتە کۆچەرەکان دا بەڕادەیەکی بەرچاو گەشەی کردبوو. هـۆی سـەرەکییش ئـەوەبوو کە:

**"عەشیرەتە کۆچەرەکان بەرهەمی شیرو گۆشت و پێست و خـوری و مـوو، و هەروەها ڕیس و کریان لـە خـەڵك زیـاتر هـەبوو، کـە لەبـەر ئـەوەی کەرەسـتەی سەرەتایی زۆر بوو ڕۆژ بەڕۆژ بەکارهێنانیان زیادی دەکرد. ئەمە بوو بەهۆی ئەوە کە بۆ یەکەم جار ئاڵوگۆڕی بەردەوام پەیدا ببێ"[٤٠].**

وێـڕای ئاژەڵـداری لـەنێو عەشـیرەتەکان دا پیشەسـازی وەك دارتاشـی و ئاسنگەری و جۆلایی و تەونی کوێن و رایەخ و تەنینی جلوبەرگیش پـەرەی گـرت و هـەرکام لـە عەشـیرەتەکان بـەهۆی ئـەو ئـاڵوگۆڕەوە تـوانی هەوارگەیـەك لـە کوێستان و جێگایەکی گەرمەسێری بەپاوان بۆخـۆی دیـاری بکـا. عەشـیرەتەکان دەیان توانی شتوومەکی خۆیان لەڕێگای گـەرمێن و کوێسـتان یـا لـە دەوروبـەری هەوارگـە بفرۆشـن و پێداویسـتی‌یـەکانی خۆیـان بکـڕن. ئـاڵوگۆڕی بـەدراو بـەنێو کورددا زۆر بڵاو ببۆوەو وای لـێ هاتبوو کە سامان و دارایی سەرۆك عەشیرەتێکی دەوڵەمەند هەر بە ژمارەی پارچـە مـەڕەکانی بـەراورد نـەدەکرا، بـەڵکوو هێنـدێك جار بە دراوو زێڕو زێو حیساب دەکرا.

**"هۆزە کۆچەرەکان بۆ یەکەم جار ئاڵوگۆڕی بەدراویان گەشە پـێدا. چـونکە بەرهەمـەکانیان هـەمووی شـتوومەکی گواسـتنەوە بـوو کـە بـۆ ئـاڵوگۆڕکردنی راستەوخۆ دەشیا، ئەمجار هەمیشەش لەگـەڵ کۆمەڵـەکانی بێگانـە سـەروکاریان هەبوو، کە ئەمەش یارمەتیی ئاڵوگۆڕی بەرهەم دەدا"[٤١].**

پێوەندیی کوردستان بە بازاڕی جیهانی‌یەوە گۆڕانێکی گرنگی بەسـەر وەزعـی نێوخۆی عەشیرەتەکان دا هێنا. چونکە داخوازی بەرهەمەکانی ئاژەڵ بوو بەهۆی گەشـەکردنی پێوەنـدیی ئـاڵوگۆڕ لـەنێوان عەشـیرەتەکان و دنیـای دەرەوەدا و لـەوەڕا جیـاوازی‌یـەکی زۆر لـەبارەی دارایـی و سـامانەوە لـەنێوان ئەنـدامانی

---

[٤٠] ف. ئینگێلس: "سەرچاوەی خێزان"، چاپی چیکی، ل٣٠٩.
[٤١] ك. مارکس: "سەرمایە"، بەرگی یەکەم، لەندەن، ١٩٢٠، ل٦١.

عەشیرەتەکان دا پەیدا بوو[٤٢]. هەر لەوکاتەدا بەشوێن لەوەڕگەدا گەڕان زیادی کرد، چونکە زیادبوونی مێگەلی زۆرو دەوڵەت داری هەستی پێویستی بە زەویی لەوەڕگەی زۆر پێك هێنابوو. ئەو مەسەلەیە وردە وردە بوو بەهۆی هەڵگیرسانی کێشەو ناکۆکی لەنێوان عەشیرەتەکان داو لەئەنجامی کەم بوونی لەوەڕگەدا سەرۆك عەشیرەتەکان دەستیان بەسەر لەوەڕگەکان دا گرت و کردیاننە هی خۆیان.

یەکێك لە ئەنجامەکانی پێگەیشتنی پێوەندییەکانی ئالوگۆڕو کەم بوونی لەوەڕگەکان، ئەوەبوو کە بەرەبەرە عەشیرەتەکان نیشتەجێ بوون. لەکۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستەم دا نیشتەجێبوونی عەشیرەتە کوردە کۆچەرەکان و دروست کردنی گوندەکان بەچەشنێکی کوتوپڕ پەرەی گرت. ساڵی ١٩٢٥ کۆمیسۆنی کۆمەڵی نەتەوەکان کە بۆ کوردستان ناردرابوو، لە راپۆرتی خۆی دا گوتی... ئێستا زۆربەی نیزیك بەتەواوی کوردەکان نیشتەجێ بوون[٤٣] و بەشێکی کەم نەبێ لەسەر سنووری نێوان عیراق و ئێران کۆچەری نەماوە، بۆیە ئێستا بەهیچ جۆر ناکرێ کوردەکان بەنیوە کۆچەریش دابنێین[٤٤].

لەماوەی نێوان دوو شەڕی جیهانی دا حکوومەتی ئێران سیاسەتی بەزۆر نیشتەجێکردنی عەشیرەتە کوردەکانی گرتەبەر. ئەو سیاسەتە ئەنجامێکی زۆر خەراپی بۆ کورد هەبوو: زۆر عەشیرەت بەتەواوی لەنێو چوون: ١٠٠٠٠ کەس ئەندامانی عەشیرەتی جەلالی کە لەسەر سنووری ئێران و تورکیاو یەکیەتیی سۆڤیەتی دەژیان و بۆ نێوەڕاستی ئێران گوێزرانەوە، ساڵی ١٩٤١ تەنیا چەند سەد کەسێکیان لێ گەڕایەوە بۆ شوێنی خۆیان و ئەوانی دیکە لەنێو چووبوون. بەشەو لە مزگەوت و تەویلەکان دا حەپسیان دەکردن و بە رۆژیش بەزەبری

---

(٤٢) هێندێك سەرژمێریی سەرەتایی وا دەگەیەنن کە **"لەکۆتایی سەدەی نۆزدەدا ٣٢/٥٪ی ئەندامانی عەشیرەتە کۆچەرەکان هیچ ئاژەڵ و پێتاکیان نەبووەو ١٧/٥٪یشیان هیچ چەشنە حەیوانێکیان نەبووە"**. (ئا. ". ئاکۆپۆف: "لەبارەی جێگیربوونی نەتەوەی کورد...".

(٤٣) A. Lambto, Landlord, p. 290.

(٤٤) ویلچیفسکی بە هەڵە دەڵێ: **"تەنیا لەناوچەی مەهاباد (لەنێو کوردەکانی موکری دا) ١٠٠ـ١٤٠ هەزار کۆچەر هەیە"**. ئو. ل. ویلچفسکی: "کوردەکانی موکری" لە کۆمەڵەو تاری ئەتنۆگرافی ئاسیای نیزیك، بەزمانی رووسی، بەرگی یەکەم، مۆسکۆ، ١٩٥٨، ل١٨٣ ـ د.

سەرنێزە کاریان پێدەکردن[٤٥]. ژەنەراڵ ئەحمەد ئاغاخان بەو شێوە نیشتەجێکردنەی عەشیرەتەکانی لوڕ "ناویانگی" دەرکردو تەنانەت نازناوی "قەسابی لوڕستان"ی وەرگرت. لەگەڵ عەشیرەتی گەڵباخییش هەر بەم جۆرە رەفتار کرا، ئەوانیش لە کوردستانەوە گوێزرانەوە بۆ هەمەدان و ئیسفەهان و تەنانەت بۆ یەزد لە نێوەڕاستی ئێران و حکومەت کۆمەڵێکی تورك زمانی لەجێگاو رێگاکەیان دا نیشتەجێ کرد.

**"لەو گوازتنەوەیەدا ئەوەندەیان ئەزیەت و ئازار دان کە چەندین مانگ یاخی بوون و پاڵیان وەچیاکان داو شەڕیان کرد"[٤٦].**

دیارە ئەو شێوە نیشتەجێکردنە بەهیچ جۆر لەگەڵ پاراستنی قازانجی داهاتووی عەشیرەتە کوردەکان رێك نەدەکەوت، بەڵکوو ئەو گوازتنەوە بەزۆرییە تەنیا بۆ قازانجی بۆرژوازیی ئێران بوو کە پێویستیی بە بازاڕێکی "جێگرتوو" هەبوو و دەیەویست ئەوانە بە یەکجاری نیشتەجێ ببن و ئەو بازاڕەی بۆ پێك بێنن. قاچاخ کردنی بازرگانیی دەرەوەی سنووری ئاکاری حکوومەتی مەرکەزیی ئێران عەشیرەتە کوردەکانی ناچار کردبوو کە هەموو پێداویستییەکانیان لە نێوخۆی وڵات دا بکڕن. چونکە نەیان دەتوانی لە دەرەوەڕا بیان هێنن[٤٧]. خاوەن ملکە ئێرانییەکانی کوردستان و هەروەها خاوەن ملکە کوردەکانیش قازانجیان لەو نیشتەجێکردنەدا هەبوو، چونکە بەو هۆیەوە جووتیارەکانیان بە زەوییەکانەوە بەستەوە. کاربەدەستانی دەوڵەتیش زیادبوونی داهاتی دەوڵەتیان لە خەراج و باج و گومرگ دا بەلاوە گرنگ بوو و دیارە بۆ باجگرەکانیش وا هاسان تر بوو کە ئەرکەکەیان لە گوندەکان دا جێبەجێ بکەن، نەك لەچیا هەڵەمووتەکانی کوردستان دا بەدوای عەشیرەتەکان دا بگەڕێن. قاچاخ کردنی بازرگانیی دەرەوەی سنووری بەرگری لە هاتوچۆی عەشیرەتەکان

---

[٤٥] گەلاوێژ: "پێوەندییەکانی وەرزێری لە کوردستانی ئێرانی ئێستادا" بە ئازەربایجانی، باکۆ، ١٩٥٥، ل٦٦.

[٤٦] A. lambton, Landlord, p. 285.

[٤٧] H. Moltake, Briefe uber Zustande und Begebenheiten in der Turkei aus den Jahren 1835_39 Berlin 1941, pp. 277, 279

لە کتێبی Nikitine, Les Kurdes..., p.186. وەرگیراوە.

بوو بەهۆی کەم کردنەوەی قاچاخچی‌یەتی شتوومەکی بێگانەو زیادبوونی داهاتی دەوڵەت لە گومرگ. بێجگە لەوە ناونووسیی لاوەکانیش بۆ خزمەتی سەربازی کە تازە دامەزرابوو هاسانتر بوو لەوە کە عەشیرەتەکان کۆچەر بان[٤٨].

پاش دابەش کردنی دوایی کوردستان و داخرانی سنوور بەتایبەتی لەنێوان تورکیاو ئێران دا، عەشیرەتەکان رێگای گەرمیان و کوێستانیان لێ‌گیرا. چونکە پاش جێبەجێکردنی ئەو دوو هەنگاوە، عەشیرەتە نیوە کۆچەرەکان کە بنەگەی زستانیان بەر وڵاتێك کەوتبوو و هاوینەهەواریان بەر وڵاتێکی تر، یان بەجارێك سنوور پەڕاندنیان لێ قەدەخە کرابوو، یان ناچار بوون دراوێکی زۆر بدەن. لەپاش کێشانی خەتی سنوور زۆر رێ کەوتوە کە عەشیرەتێك لەنێوان دوو یا چەند وڵات دا دابەش بووە. وەك عەشیرەتی هەرکی کە لە ئێران و تورکیاو عێراق دا بڵاو بوونەوەو عەشیرەتی شکاك کە لەنێوان ئێران و تورکیادا بەش کراون. بەڵام هێندێ هەلومەرجی عەینی نیشتەجێبوونی عەشیرەتە کوردەکانیان ماوەیەك وەدوا خست: یەکەم بوونی هەلومەرجی لەبار بۆ ئاژەڵداری وەك لەوەڕگەی باش و ئاووهەوای سازگارو هتد... ئەو هەلومەرجە عەشیرەتەکانی هان دەدا بۆ ئەوەی بۆ ئەو شوێنانە بار بکەن کە ئاووهەوای سازگارو لەوەڕگەی باشیان هەیە. دووهەم، کەمیی زەوی‌یە بەراوەکان و ناتەواویی رایەڵەی ئاودێری کە لە کوردستان دا شەرتێکی ئەساسی‌یە بۆ کشت‌وکاڵ. بێجگە لەوانە هۆیەکی نائابووریش هەبوو، ئەویش ئەوە کە دەیانەویست نەچنە ژێر باری بەندو داوی دەوڵەت و هەمیشە لە کۆچ و کۆچباردا بن. بەڵام ئەو هۆیە پاش جێگیر بوونی دەوڵەت و بەهێزبوونی ناوەندیەتی دەوڵەت بەرە بەرە کز دەبێ. لەوەی باسمان کرد دەردەکەوێ کە بۆچی لە سەروبەندی دەست پێکردنی شەڕی یەکەمی جیهانی دا ژمارەیەکی کەم نەبێ عەشیرەتی کۆچەر لەسەر سنووری ئێران و عێراق نەمابوو.

ئەمرۆ عەشیرەتی کۆچەر زۆر بە هەڵکەوت هەیەو وەك لە جەدوەلی ژمارە (١١) دا دەردەکەوێ ژمارەی گوندەکان و دانیشتووانی گوندەکان لە ماوەی سەد ساڵی دوایی‌دا زۆر خێرا چۆتە سەر.

---

[٤٨] عەشیرەتە کوردەکان بە سێ شتی شارستانیەتیی نوێ سەرخۆش نەبوون: خزمەتی سەربازی، خەرج و باج و گومرگ.

| جەدوەلی ژمارە (١١)[٤٩] | | | | |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| مەڵبەند | ژمارەی گوندەکان | | ژمارەی دانیشتووان[٥٠] | |
| | ساڵی ١٨٥١ | ساڵی ١٩٥١ | ساڵی ١٨٥١ | ساڵی ١٩٥١ |
| بانە | ٨ | ١٦١ | ١١٢٥ | ١٥٠٠٠ |
| مەریوان | ١٤ | ١١١ | ١٠٤٠ | ١٧٨٠٠ |
| هەورامان | ٩ | ١٢١ | ٦٠٥ | ٩٢٥٠❖ |

ئێستا لە کوردستانی ئێران ٧٥٠٠ دێ هەیە کە هێندێکیان چکۆڵەن و ٥ تا ١٠ماڵیان لێیە. هێندێکیشیان گەورەن و هەزار تا دوو هەزار ماڵیان لێ دەژی. گوندی نێونجیی کوردی بە تێکڕایی ٥٠ تا ١٠٠ ماڵە. ئەگەر وا دابنێین کە رادەی دانیشتووانی گوندەکانی ئێران ٣٦٨ کەسە[٥١]، دەبینین کە زۆربەی زۆری دانیشتووانی کوردستان (٢٧٦٠٠٠٠ کەس، واتە ٩٣٪) نیشتەجێن. ئەمە بەو مانایە نیە کە پێوەندییەکانی عەشیرەتگەری لەنێو چوون، بەڵکوو عەشیرەت و پێوەندییەکانی عەشیرەتگەری ئێستاش ماون، بەڵام نیشتەجێ بوونی عەشیرەتەکان لەوانەیە بەرە بەرە ئەو پێوەندییانە لەنێو بەرێ. چونکە سەرۆك عەشیرەتەکان نەك هەر دەست بەسەر لەوەڕگەکان دا دەگرن، بەڵکوو زەوییە کێڵگەکانیش داگیر دەکەن و دەبن بە خاوەن مڵکێکی دەرەبەگ و ئەو زەوی-یانەی لەلایەن دەوڵەتیشەوە دراون بە عەشیرەتەکان وردە وردە دەبن بە مڵکی تایبەتیی سەرۆك عەشیرەت.

---

[٤٩] ع. گەلاوێژ، هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٦٨.

[٥٠] ژمارەی تێکڕایی خێزانی هەر ماڵێك بە پێنج کەس دانراوەو سەرچاوە ئەسڵییەکان تەنیا ژمارەی ماڵەکان نیشان دەدەن - د.

❖ لە ساڵی ١٩٦٧دا ژمارەی گوندەکانی بانە گەیشتۆتە ٢٠٣ کە ٢٨٠٨٠ کەسیان تێدا ژیاوەو ژمارەی گوندەکانی مەریوان و هەورامان بەیەکەوە گەیشتۆتە ٢٩٠، کە ٨٤١٧٧ کەسیان تێدا نیشتەجێ بووە - د.

[٥١] ژمارە ناونجییەکان بەگوێرەی لێکدانەوەی سەرچاوەی پێشوو "ئێرانی ئێستا" وەدەست هێنراون - د.

ئـەو كردەوەيـە زۆر لـەپێش نيـوەى سـەدەى نـۆزدەوە دەسـتى پـێكردوەو بناخەكەى دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەو پێوەندىيە دەرەبەگايـەتىيـەى لـە چـەرخى شازدەدا پەيدا بوو. بەڵام وەك ديتمان قۆناخى دواتر هێندێك سروشتى تايبـەتيى تێدا هەبوون كە دەيان توانى تەئسيريان تێدا بكـەن و گەشـەيان پـێ بـدەن. لـەو چەند سەدەيەدا كە عەشيرەتەكان تێيدا نيشتەجێ بوون، سێ چەشنە پێوەنديى دەرەبەگايەتى لە پەناى يەكتردا هەبوون:

١ـ شێوەى كشتوكاڵى كە لەنێو عەشيرەتە نيشتەجێيەكاندا باو بووە.

٢ـ شێوەى تێكەڵاو بۆ عەشيرەتە نيوە كۆچەرەكان.

٣ـ شێوەى ئاژەڵدارى كە لەنێو عەشيرەتە كۆچەرەكان دا هەبووە.

ئەو سـێ شـێوەيە هەرسـێكيان لەسـەر ئـابوورىى تـەبيعى سـاخ بوونـەوە كـە بناخەكـەى بەرهـەمهێنانى پێداويسـتىيـەكانى نێوماڵـە. تێپـەڕبوون لەشـێوەى كۆچەرى بۆ شێوەى نيوەكۆچەرى كارەساتێكى درێژخايـەن بـووەو دەردەكـەوێ كە شێوەى كۆچـەرى لـە كوردسـتان تـا رادەيـەكى زۆر جێگيرو دامـەزراو بـووە. بـەڵام ئـەو شـێوە ژيانـەى لـەنێو عەشـيرەتە نيـوە نيشـتەجێيەكان دا هەيـە، بەخێرايى دەگۆڕێتە سەر بارى ژيانى عەشيرەتە نيشتەجێيەكان. چونكە شێوەى ژيانى نيوە نيشتەجێيەتى زۆر سەقامگير نەبووە.

گۆڕانى شێوە ژيانێك بە شێوەيەكى تـر بـەم جۆرەيـە: عەشـيرەتێكى كۆچـەر خـاكى عەشـيرەتێكى ديكـە داگـير دەكـا، يـان دەى كـڕێ و دەى كاتـە بنەگـەى هاوينى و زستانيى خۆى، لە كاتێك دا پێشـتر بـۆ ئـەو دوو بنەگەيـە جێگايـان لـە خـاوەن ملكـە تايبـەتىيـەكان، يـان لەدەوڵـەت بـەكرێ دەگـرت. بـەرە بـەرە واى لـێدێ كە بەشێك لە عەشيرەتەكە هاوينێش لە بنەگە زستانىيەكە دەمێنێتـەوەو بەشێكيش بارەبار دەكاو بەم جۆرە عەشيرەتەكە دەبێتە نيوەنيشتەجێ. هێندێ جار عەشيرەتە نيوە نيشتەجێيەكان بەشێكيان لە بنەگەى زستانى و بەشـەكەى تـرى لـە بنەگـەى هـاوينى دا نيشـتەجێ دەبـن. لـەو حاڵەتـەدا مـەڕوماڵاتى ئـەو عەشيرەتانە گەرميان و كوێستان دەكا بێئەوەى بۆخۆيـان گـەرميان و كوێسـتان بكەن. لە هەردوو حاڵەتەكـەدا تـەنيا چـەند كەسـێك لـە ئەنـدامانى عەشـيرەتەكە خەريكى مەڕدارى دەبن و لـەقۆناخى دواتـردا ژمـارەى ئەوانـەى لەگـەڵ مـەڕوماڵ دەگەڕێن بەرەبـەرە كـەم دەبێتـەوە هـەتا واى لـێدێ چـەند كەسـێك ئاگـاداريى

مەڕومالاتی هەموو عەشیرەتەکە دەکەن و ئەوانی دیکە بەتەواوی نیشتەجێ دەبن. بەم جۆرە دەبن بە سێ دەستە:

١ـ ئەو خاوەن ملکە دەرەبەگانە کە زەوی و لەوەڕگەو ئاژەڵیان هەیە.

٢ـ ئەو جووتیارانە کە نیشتەجێ بوون و زەویی خاوەن ملك دەکێڵن.

٣ـ شوانەکان.

پێوەندییەکانی عەشیرەتگەری لە قۆناخی کۆچەری دا هەتا سەدەی نۆزدەش هەر بەهێز بون، بەلام لەقۆناخی نیوەنیشتەجێبوون دا بەرەبەرە بێهێز بوون و لەقۆناخی کشتوکاڵ دا کە بەرە بەرە پێوەندییەکانی وەرزێری دامەزران، پاشماوەیەکی کەم نەبێ لە پێوەندیی عەشیرەتگەری نەمایەوە.

## ٤ـ گۆڕانی تەرکیبی ئابووری

دابەش بوونی کارو ملکداریی تایبەتی بوون بەهۆی دابەش بوونی عەشیرەت بە دوو بەشی دەوڵەمەندو هەژار، خاوەن ملکی دەرەبەگ و جووتیارو شوانی چەوساوە. ئیتر دروشمی "ئازادی و بەرامبەری و برایەتی" کە پێوەندییەکانی عەشیرەتگەریی لەسەر دامەزرابوو، بەتەواوی بێنرخ بوو و یەکیەتیی نێوان ئەرك و ماف لەبەریەك ترازا. پێوەندییەکانی عەشیرەتگەری هەڵوەشان. تا وای لێ هات کە مافەکان بوون بە هی سەرۆك عەشیرەت و دەرەبەگەکان و ئەرکەکانیش کەوتنە سەرشانی ئەندامانی عەشیرەت.

کاتێك کوردستان بوو بە بەشێك لەبازاڕی جیهانی، بەکردەوە ملکداریی عەشیرەت بەسەر ئەو زەوییانەدا کە بۆیان دیاری کرابوو هەڵوەشاو ملکداریی تایبەتی جێگای گرتەوە. تەنانەت لەو حاڵەش دا کە عەشیرەتەکە نیشتەجێ بووەو پێشتر خەریکی کشتوکاڵ بووە سەرۆك عەشیرەت بوو بە خاوەن ملکی دەرەبەگ و ئەندامانی عەشیرەت بوون بە جووتیاری فەرمانبەر.

ئەوەندە هەبوو جووتیارەکان بە عەشیرەتەکەیان پشت ئەستوور بوون و وەك جووتیاری تر کڕین و فرۆشتنیان لەسەر نەبوو، بەلام ڕێگاشیان نەدەدرا بەئازادی لە شوێنی خۆیان بار بکەن[٥٢].

---

[٥٢] جووتیارەکانی کوردستانی ئێران هەتا شۆڕشی ١٩٠٧ـ١٩١١، ئەگەر ویستبایان لە دێیەك بڕۆن دەبوو دراوێك بدەن بە ئاغا تا ڕێگای بارکردنیان بدا. لە ناوچەی گەرووس و کوردستان (واتە

لەگەڵ دابەشکردنی کار دیاردەیەکی گرنگی دیکەش پەیدا بوو کە بریتی بوو لە جیابوونەوەی پیشەسازی لە وەرزێری. بەو جۆرە کە پیشەسازەکان لە شارەکان دا سەقامگیر بوون و بەرەبەرە بوونە دەستەیەکی گرنگ لە دانیشتووانی وڵات. لەلایەکی تریشەوە لافاوی هاتنی شتوومەکی بێگانە بوو بەهۆی تێکچوونی ژمارەیەك لە سەنعەتە خۆماڵییەکانی کورد، بەڵام دابەش کردنی کار یارمەتی بەهێزبوونی بازاڕی نێوخۆی کرد. لێنین دەڵێ:

**"پەرەگرتنی دابەش کرانی کۆمەڵایەتیی کار قۆناخی ئەساسی رەوتی پێکهاتنی بازاڕی نێوخۆی سەرمایەدارییە"**[٥٣].

پێوەندیی کوردستان بە بازاڕی جیهانییەوە هەروەك هەموو ئەو وڵاتانە کە لەباری ئابوورییەوە دواکەوتوون هێندێك سروشتی تایبەتیی خۆی هەیە. چونکە بازرگانی لەگەڵ بازاڕی جیهانی بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ و بەهۆی بازرگانە فارس و تورك و ئەرمەنی و رووسەکانەوە بوو. بەو جۆرە کە بازرگانە گەورەکان لە ئەستەنبوول و حەڵەب و تفلیس بەرهەمە خۆولاتییەکانیان لە بازرگانە بچووکە کوردەکان دەکڕی و هێندێك جار بەهۆی وەکیلی تایبەتیی خۆیانەوە راستەوخۆ لە بەرهەمهێنەرەکانیان دەکڕی و پاشان بە بازاڕی جیهانییان دەفرۆشتەوە. بازرگانە کوردەکان شتوومەکی بێگانەشیان راستەوخۆ نەدەهێنا. هەرچەند بۆرژوازیی بازرگانیی کورد زۆر خێرا پەرەی دەگرت، بەڵام دیسانیش پاڵی وە بازرگانەکانی نەتەوەی دەسەڵاتدارەوە دابوو. تا ئەمڕۆش وەزعەکە هەر بەم جۆرەیە.

پێویستە بگوترێ کە ئەو پێوەندییە دەرەبەگایەتییە بەهێزەی لە کوردستان دا هەبوو، کۆسپێك بوو لەسەر رێگای پەرەئەستاندنی بازاڕی نێوخۆیی، چونکە بەر لە هەموو شتێك شێوەی بەرهەمهێنانی تەبیعی تا رادەیەکی زۆر لە بەرهەمهێنان دا باو بوو، کە ئەوەش تەئسیرێکی خراپی بۆ گەشەکردنی بازاڕ هەیە.

---

ناوچەی سنە ـ د) داب وابوو کە جووتیار بۆ گۆڕینی زەوییەکەی ٣٠ـ٨٠ قران بدا. (م. جمال زادە: "گنج شایگان"، بەزمانی فارسی، ل٢١).

[٥٣] و. ئی. لینین: "پەرەئەستاندنی سەرمایەداری"، ل٢٦.

**"کۆمەڵ لەماوەی بەرهەمهێنانی تەبیعی دا لە چەند بنکەی ئابووریی وەك یەك پێك دێ (وەك خێزانی جووتیاری پاتریاکی (باب شایی) و کۆمەڵە گوندیی‌یە سەرەتایی‌یەکان و ئابووریی‌یە دەرەبەگایەتی‌یەکان) و هەرکام لەم بنکانە چەندین جۆرەکاری ئابووری وەئەستۆ دەگرن، هەر لە دەرهێنانی کەرەستە سەرەتایی-یەکانەوە بگرە، تا دەگاتە شێوەکانی کۆتایی کە بەرهەمەکە ئامادەی بەکارهێنان و مەسرەف کردن دەبێ"**[٥٤].

لە راستی دا تەنیا رادەیەکی کەمی هێندێك بەرهەمی سەنعەتی لە دەرەوەڕا دەهێنرا. چونکە بەشی زۆری قوماش و پێڵاو لەنێوخۆدا دروست دەکرا. ئەمجار لەبەر چەوسانەوەی زۆر، جووتیارو شوانەکان هێزی کڕینیشیان زۆر کەم بوو و بەشی زۆری دانیشتووان توانای ئەوەیان نەبوو شتوومەکی بێگانە بکڕن. بێجگە لەوانە شەڕی بەردرێژی نێوان رووسیای تەزاری و ئێران و رووسیای تەزاری و تورکیاو نائەمنیی رێگای کاروان و قافڵەکانیش پەرەگرتنی بازاڕی نێوخۆیی و پێوەندیی بازرگانی لەگەڵ وڵاتانی دیکەی وەدوا خست. هەر ئەوە بەسە کە رێگای هاتوچۆ بەتایبەتی شەقامەڕێ و رێگای ئاسن بەڕادەی پێویست نەبوو، بەتایبەتی لە مەڵبەندە شاخاوی‌یەکان کە بەشی زۆری کوردستان دەگرێتەوەو زۆربەی دەرچووە خۆماڵی‌یە لەمێژینەکانی کوردستانیش لەوان دایە. کەوابوو سەیر نیە کە رادەی تێکڕایی بازرگانی لە ناوچەی کرماشان و سنەو مەهاباد کە ژمارەی دانیشتووانیان دەگاتە میلیۆنێك، بۆ هەر کەسێك، تەنیا سێ روبڵ بووە.[٥٥]

بەپێچەوانەی ئەو هەموو کەندوکۆسپەش دیسان پێوەندیی کوردستان بە بازاڕی جیهانی‌یەوە بوو بەهۆی پەیدابوونی چینێکی تازە لە وردەبازرگان و سوودخۆرە کوردەکان، واتە بۆرژوازیی تازەپێگەیشتووی کورد. هەرچەند ئەو بۆرژوازی‌یە بێ‌هێزیش بوو و پاڵی بە بۆرژوازی نەتەوە فەرمانڕەواکانەوە دابوو.

ئەو گۆڕانەی باسمان کرد، وەك نیشتەجێبوونی زۆربەی عەشیرەتە کوردەکان و جیابوونەوەی پیشەسازی لە وەرزێری و پەیدابوونی شارەکان و بەرهەمهێنانی

---

[٥٤] هەر ئەو سەرچاوە، ل٢٥.

[٥٥] م. واسیلۆفسکی، هەر ئەو سەرچاوە، ل٢٧، ٤٦٥، ٦٥٠.

شتوومەکی زیاتر بۆ بازاڕو ئەو جیاوازییە چینایەتییە کە لە لادێ پەیدا بوو، هەموویان دیاردەیەکی تازەن کە لە سەدەی نۆزدەو بیست دا هاتوونە نێو کۆمەڵی کوردەوارییەوە. بەڵام ئەو هەموو گۆڕانە هەرچەند زۆریش گرنگە، نەی-توانیوە پێوەندیی دەرەبەگایەتی لە وەرزێری دا لە لادێی کوردستان دا لەنێو بەرێ.

شۆرشی ١٩٠٧ـ١٩١١ نەی توانی ئامانجەکانی خۆی وەدی بێنێ و گۆڕانەکانی دواتریش قووڵ نەبوون و نەیان توانی بناخەکانی پێوەندییەکانی وەرزێری بگۆڕن. وەزعی شۆرشگێری و راپەرینەکانی پاش شەڕی یەکەمی جیهانییش هیچ گۆڕانێکیان بەسەر ئەم وەزعەدا نەهێنا. بۆنموونە لە ئێران ساڵی ١٩٢٨ قانوونێك لەبارەی سەبت (تاپۆ) کردنی هەموو زەوییەکانەوە دەرچوو، لەوێدا گوتراوە:

**"نرخی زەوی دەهێندەی یەك لەسێی بەرهەمی تێکڕایی سێ ساڵی دوایی زەویە".**

یانی نرخی زەوی بە بەرهەمی دە ساڵی زەوی داندراوە[٥٦]. ئاشکرایە کە هیچ جووتیارێك نەی دەتوانی زەوی بە نرخێك بکڕێ کە بەرهەمی دەساڵی زەوییە.

بەم جۆرە پادشاو دەرەبەگ و سەرۆك عەشیرەتەکان نەك هەر بوونە خاوەنی قانوونیی ئەو زەوییانە کە لەپێش دا ملکی تایبەتیی خۆیان بوون، بەڵکوو بوونە خاوەنی قانوونیی ئەو زەوییانەش کە لە جووتیارەکانیان کڕیبوون، یان بەهەزار چەشنە فرت و فێڵ لەدەستیان دەرهێنابوون.

ئەوەندە بەس بوو کە کابرا شاهیدێکی درۆزن، یان قەباڵەیەکی بەدرۆ بە ئیمزای مەلایەك (کە دیارە بەرتیلی درابوویە) بێنێ، بۆئەوەی زەوییەکە بەڕەسمی لەسەر خۆی بنووسرێ. زۆر جار دەرەبەگەکان جووتیاری نەخوێندەواریان بەوجۆرە فریو دەدا کە قامکیان پێ بە قەباڵەیەکەوە دەنا کە تێیدا نووسرابوو ئەو زەوییە کە بەدەستمەوە هی ئاغایە. جووتیاری بەستەزمانیش قامکی پێوە دەنا بێئەوەی بزانێ چ ئیمزا دەکا. چونکە کاتی

---

(٥٦) "قوانین مصوبه‌ء مجلس شورایملی"، بەرگی شەشەم، ل٣ـ٤، بەزمانی فارسی. پێویستە بگوترێ کە نرخی زەوی لە ئێران بەپێی قازانجی دەساڵەی زەوی دانراوەو تا ئێستا ئەو دابە لە کوردستان کە بانك و نەزمی دراو بەقەرزدان جێگیر نەبووە، هەر ماوەتەوە ـ د.

دەرچوونی قانوونەکە جووتیارەکان چیان لێ نەدەزانی و کاتێک بۆیان دەردەکەوت کە ئیتر کار لەکار ترازابوو و زەوییەکە بە ملکی ئاغا نووسرابوو. سەرۆک عەشیرەتەکانیش هەر لەم رێگایەوە دەستیان بەسەر ملکی عەشیرەتەکان دا گرت، ئەوانیش زەوییەکانیان بەناوی خۆیان نووسین بێئەوەی ئەندامانی عەشیرەت ئاگایان لەهیچ بێ.

بەم جۆرە ملکداریی هەرەوەزی وەك شێوەیەکی ملکداریی زەوی لەنێو چوو و ئێستا لە ملکی تێکەڵاو پاشماوەیەکی زۆر کەم و لەهێندێك ناوچەدا نەبێ، نایەتە بەرچاو. ئێستا لە کوردستان ئەم پێنج شێوە لە ملکداریی زەوی دا هەیە:

١ـ ملکداریی ئاغاکان.

٢ـ ملکداریی پادشا.

٣ـ ملکداریی دەوڵەت (خالیسە).

٤ـ ملکداریی وەقف (ئایینی).

٥ـ ملکداریی جووتیاران[٥٧].

---

(٥٧) وەزع لە کوردستانی تورکیاو عیراق کەمێك فەرقی هەیە. دیارە لەوێ ملکی پادشای لێ نیە. بەڵام ملکەکانی دەوڵەت زۆر زیاترن. هەرچەند جووتیارانی کوردستانی تورکیا لە جووتیارانی کوردستانی ئێرانیان زەوی زیاتر هەیە، بەڵام دیسانیش ملکداریی دەرەبەگایەتی لە کوردستانی عیراق و تورکیا شێوەی سەرەکیی ملکداریی زەوییە ـ د.

# فەسڵی شەشەم

## شێوەکانی مڵکداریی زەوی

لەبارەی دابەش بوونی زەوی لەنێوان توێژە جۆربەجۆرەکانەوە زانراوێکی کەم بەدەستەوەیە. ئەوەی لەبارەی ناوچە جیاوازەکانی کوردستانی ئێرانەوە زانراوە بەم جۆرەی خوارەوەیە:

| جەدوەلی ژمارە (١٢) | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ملکی خاوەن ملکەکان | ملکی دەوڵەت و پاشا | ملکی مەوقووفە | ملکی عەشیرەتەکان | ملکی جووتیاران |
| ٧٨٪ [١] | ١٠٪ | ٢٪ | ٢٪ | ٨٪ |

ئەوەندەی لەسەر ئێران بەگشتی زانراوە، کە دیارە لەبارەی کوردستانیشەوە راستە، نیشان دەدا کە زیاتر لە ٦٠٪ی خێزانە جووتیارەکان نە کەم و نە زۆر زەوییان نیەو ٢٣٪شیان کەمتر لە هێکتارێکیان زەوی هەیە[٢]. لەکاتێك دا ٥٦٪ی زەوییەکان لەدەست ١٪ی دانیشتووانی لادێ دایە. دەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە زۆربەی خاوەن ملکەکان لە لادێ دانانیشن و ئەو خاوەن ملکانەی ٣٨/٨٪ی زەوییەکانیان لەدەست دایە، تەنیا ٢/٠٪ دانیشتووانی لادێ پێك دەهێنن.

### ا- ملکی خاوەن ملکەکان

وەك لەپێشەوە گوتمان ملکی خاوەن ملکەکان دەگاتە ٧٨٪ی هەموو زەوییە بەراوەکان. ئەساسی ئەو ملکدارییە پێوەندیی دەرەبەگایەتییەو بێگومان

---

[١] ئەنسکلۆپیدیای گەورەی سۆڤیەتی دەڵێ ٦٦-٧٠٪ی زەوییەکانی کوردستانی ئێران لەدەست دەرەبەگەکان دایە.

[٢] Iran Today, 1950 Tehran, p. 61.

لەکوردستان دا شێوەی سەرەکیی ملّکدارییە. دەتوانین خاوەن ملّکەکان بکەینە دوو دەستەی گرنگ:

أ- خاوەن ملّکە گەورەکان کە هەریەکە زیاتر لە دێیەکیان هەیەو هێندێك جار دەگاتە ١٠٠ دێ و زیاتریش. ئەو دەستەیە ٨٠٪ی ملّکی خاوەن ملّکەکانی کوردستانی ئێرانی لەدەست دایە.

ب - خاوەن ملّکە نێونجییەکان کە زیاتر لە یەك دێیان بەدەستەوە نیە.

لە کوردستانی ئێران نیسبەتی ملّکی خاوەن ملّکە گەورەکان هەم لەگەڵ خاوەن ملّکە بچووکەکان و هەم لەگەڵ تێکڕایی زەوییەکان، لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەك جیاوازیی هەیە: لەناوچەی ورمێ و سەردەشت و بانە کە جووتیارە دەوڵەمەندەکان بەشێکی زۆری زەوییەکانیان لەدەست دایە، نیسبەتی زەویی خاوەن ملّکەکان نزمترە. لەناوچەکانی دیکە وەك ناوچەی میاندواو و سنەو کرماشان نیسبەتەکە بەرزترەو لە هێندێك شوێن دەگاتە ٩٠٪ی هەموو خاکەکە. لە هەمووی ئەو ناوچانەدا زەویی خاوەن ملّکەکان بەپێژەوترین خاکی ناوچەکەن و باشترین سەرچاوەی ئاویشیان لەدەست دایە.

هەموو وەختێك ئەو کەسەی تەنیا دێیەکی هەیە بە خاوەن ملّکی نێونجی دانانرێ، چونکە زۆر جار دێیەکە تەنیا چەند ماڵێکەو دەیان هێکتارێك زەوی هەیە. ئەم جۆرە دێیانە لە هەموو مەڵبەندەکانی کوردستان دا زۆرن. لەو حاڵەدا پێویستە ئەو خاوەن ملّکە بە وردەمالیك دابنرێ نەك بە نێونجی. هێندێك جاریش خاوەنی تەنیا دێیەك بە خاوەن ملّکی گەورە حیساب دەکرێ، ئەوەش کاتێکە کە دێیەکە ٥٠٠ تا ٢٠٠٠ ماڵ بێ، یان ٥٠٠ تا ١٠٠٠ هێکتار زەویی هەبێ. ئەو جۆرە دێیانەش لە کوردستان کەم نین. کەوابوو ئەگەر بمانەوێ جیاوازیی نێوان خاوەن ملّکی گەورەو نێونجی نیشان بدەین، دەبێ بڵێین خاوەن ملّکی گەورە ئەوەیە کە لانیکەم ٣٠٠ هێکتار زەویی بەراوی هەبێ[٣].

---

[٣] ئەو نیسبەتە لە مەڵبەندە جیاوازەکان دا دەگۆڕێ. بۆنموونە ئەو کەسەی لە مەڵبەندێکی وادا ٢٠٠ هێکتار زەویی هەیە کە خاوەن ملّکە دەوڵەمەندەکان هەزاران هێکتاریان لەدەست دایە، دەکرێ بەخاوەن ملّکی نێونجی دابنرێ، بەلاّم لە مەڵبەندێك دا کە زۆربەی زەوییەکان لەدەست جووتیارە دەوڵەمەندەکان دایە، بە ملّکدارێکی گەورە دەژمێردرێ - د.

گەورەترین خاوەن ملّکەکان لە کوردستان دا کۆمەلّێکی زۆر کەمن کە هێندێك بنەمالّەی فارس و ئازەربایجانییشیان لەنێودا هەن. لە مەلّبەندی ماکۆ:

**"بەشی زۆری زەوییە نەرمانەکان هی چەند کەسێکی غەیرە کوردە کە لە تاران و پاریس و لەندەن دادەنیشن"[٤].**

لە خاوەن ملّکە دەولّەمەندەکانی کوردستانی نێوەڕاست و خواروو دەتوانین قوبادیان و ئاسەف وەزیری و سەنەندەجی و ئەمیر احتشامی و پالیزی و زەنگەنەو ئەفشار ناو بەرین، کە هەرکام لەوانە نیزیکەی ١٠٠ تا ٤٠٠ دێیان هەیە، واتە نیزیکەی ١٠٠٠٠ تا ٥٠٠٠٠ هێکتار زەوی. لەکۆتایی سەدەی نۆزدەدا تاقە دەرەبەگێك لە ٢٥٠ دێی مەلّبەندی کرماشان زیاتر لە ١٠٠ دێی بەدەستەوە بوو[٥].

دەرەبەگەکان لە کوردستانی ئێران دەسەلاتێکی زۆریان هەیە. ئەوان جووتیارەکان بە رەعیەتی خۆیان دەزانن و دەسەلاتی خۆیان وەك سەرۆك عەشیرەت و شێخ بەچەشنێکی نارەوا بەکار دێنن و زۆر بە توندی خەلّك دەچەوسێننەوە. لەبەر ئەوەش کە پێوەندیی عەشیرەتگەرییان لەنێودا هەیە، دەتوانن ئەو چەوساندنەوە توندەی ئەندامانی عەشیرەت لەژێر پەردەی "سەرپەرستیی باوکانە"و "پاراستنی قازانجی عەشیرەت" دا بشارنەوە. تا ئێستاش زۆربەی ئەندامانی عەشیرەت دەرەبەگەکان بە سەرۆك و شێخی خۆیان دەزانن و پێیان وایە دەبێ بەرئەمریان بن و رێزیان لێبگرن. خاوەن ملّك مەرکەزی ئایینی وەك شێخ یا سەرۆکی تەریقەت بۆ هێدی کردنەوەی جووتیاران و دامرکاندنەوەی کێشەی چینایەتی بەکاردێنێ. پێویستە بگوترێ کە خاوەن ملّکە دەرەبەگەکان پشت و پەنای سەرەکیی حکوومەتی کۆنەپەرستی مەرکەزی و ئیمپریالیزمن و بەڕێوەبردنی حکوومەتیش لەدەست خۆیان دایەو پلەو پایەی بەرزیان لە حکوومەت دا داگیر کردوە. کەوابوو شتێکی تەبیعییە کە دەسەلاتی خۆیان لەدژی گەل و بەتایبەتی لەدژی جووتیاران بەکار بهێنن.

لەگەلّ پەرەگرتنی پێوەندییەکان بازار دەرەبەگەکانی کوردستانی ئێران نەخشێکی دیکەشیان گرتەدەست: خاوەن ملّك بووە بە سوودخۆرو تۆو و دراو بە

---

[٤] دوگلاس: "ولاتێکی دوورو گەلێکی دۆست"، ل٦٨.

[٥] H. Binder, Au Kurdistan, en Mesopotamie ee en perse, Paris 1887, p.351.

شەرتی زۆر قورس بە جووتیارەکان بەقەرز دەدا. هێندێك جار خاوەن ملك بازرگانییش دەکاو لەو حاڵەدا بۆخۆی هەموو بەرهەمێکی ئاژەڵداری لەعەشیرەتەکەی دەکڕێ و دەی باتە شار. بەکورتی زۆر وەخت دەرەبەگ هەم سەرۆك عەشیرەتەو هەم شێخ و هەم بازرگانەو هەم دەسەلاتی سیاسیی بەدەستەوەیە. هۆی ئەو هەموو دەسەلاتەی دەرەبەگی کوردیش هەر ئەوەیە. سەرچاوەی دەسەلاتەکە تەنیا ئەو ملکانەیە نیە کە وەری دەگرێ، بەلکوو فەرمانڕەوایی سیاسی و ئابووری‌یەکەیەتی بەسەر جووتیارەکان دا. بەم جۆرە دەرەبەگ ئاغای هەموو مەلبەندەکەیەو ئاغایەتی بەسەر جووتیارە سەربەخۆیەکان و خاوەن ملکە بچووکەکانیش دا دەکا.

**"نفووزی دەرەبەگ وەك هەموو گەورەیەکی دیکە بەو ملکانەیە نیە کە دەستی دەکەوێ، بەلکوو بەژمارەی رەعیەتەکانیەتی، و ئەوەش بۆخۆی بەژمارەی ئەو جووتیارانەوە بەستراوە کە ملکی خۆیان هەیە"**[٦].

پێویستە باسی ئەو حاڵەتە تایبەتی‌یەش بکرێ کە پێوەندیی عەشیرەتگەری بۆ ئەو دەرەبەگانە کە لەنێو عەشیرەت دا سەرۆکی تایەفەو تیرەن، دەبێتە هۆی ئەوە کە دژی جووتیارەکان یەك بگرن. ئەوانە لە ئاکارو کردەوەی خۆیان دا دژی جووتیاران بەتەواوی یەکدەنگ و یەکگرتوون. بۆ وێنە دەرەبەگەکانی عەشیرەتی "گەورك" کە لە مەلبەندی مەهاباد دەیان گوندیان بەدەستەوەیە، لەسەر ئەوە رێك کەوتبوون کە ئەگەر دەرەبەگێك جووتیارێکی دەرکرد، ئەوانی دیکە هیچیان لە دێیەکانی خۆیان دا رای نەگرن. ئەوە نیشان دەدا کە سەرۆك عەشیرەت و دەرەبەگەکان لەباری ئابووری و سیاسی‌یەوە دژی جووتیاران رێك دەکەون.

دەسەلاتی دەرەبەگ بەگشتی لەسەر رێگای پەرەگرتنی کێشەی چینایەتی و پێشکەوتنی کۆمەڵی کوردەواری کۆسپێکی گەورەیە.

لەکوردستان هەر دەرەبەگەکان خاوەن ملك نین، بەلکوو بازرگان و سوودخۆرەکانیش هەریەکە بەرێگایەك دا توانیویانە زەوی لە جووتیارەکان داگیر بکەن یا بەنرخێکی هەرزان لەدەستیان دەربهێنن.

---

[٦] کارل مارکس: "سەرمایە" بەرگی هەشتەم، لەندەن، ١٩٢٠، ل٧٤١.

ئەو خاوەن ملّکانە کە هێندێکیان هەم دەرەبەگ و هەم سەرۆك عەشیرەت و هەم شێخ و هەم سوودخۆرو بازرگانن، سروشتێکی هاوبەشیان هەیە، ئەویش ئەوەیە کە بێجگە لە شێخەکان هیچیان لە لادێ دانانیشن. هێندێك لەوانە هاوین و پاییزان بۆ چاوەدێریی خەلەوخەرمان دێنە لادێ، بەلاّم زۆربەیان روو لە لادێ ناکەن و هەر لە شارەکان و بەتایبەتی لە تاران، یا هێندێك جار لە وڵاتانی دەرەوە وەك ئورووپاو ئەمریکا دادەنیشن. لە پاشملەی خاوەن ملّك، موباشیرەکەی کە نوێنەری راستەوخۆیەتی، یان کوێخا کاروباری بۆ بەڕێوە دەبەن.

موباشیر ئەوەندی لەدەستی بێ جووتیارەکان دەچەوسێنێتەوە. ئەو، هەر کاری بەوەیە ملّکانەیەکی زیاتری دەست کەوێ. لەکاتێك دا تەنیا ئەوەندەی دەدا بە خاوەن ملّك کە رادەی نێونجیی ملّکانەیەو ئەوەکەی دیکە بۆخۆی پاشقول دەدا. هەربۆیە لە کوردستانی ئێران زۆر جار هەڵدەکەوێ کە موباشیر پاش ماوەیەك دەبێتە خاوەن ملّك.

ئەو شێوەیەش باوە کە خاوەن ملّك زەوییەکەی بۆ ماوەیەکی لە سێ ساڵەوە تا شەش ساڵ بە بازرگان و دەلاّلەکانی شار بەئیجارە دەدا. دیارە ئەوە هیچ شتێك لە پێوەندییەکانی دەرەبەگایەتیی لادێ ناگۆڕێ. رادەی ئەو ملّکانەیەی دەدرێ بە خاوەن ملّك لە رووی بەرهەمی ساڵی پێشترەوە دیاری دەکرێ و لەسەر ئەو بناخەیە ئیجارەدار بەهەموو تواناییەوە تێدەکۆشێ دراوێکی زیاتری لێ چنگ کەوێ و ئەوەندەی بۆی بکرێ جووتیاران دەکرووسێنێتەوە، بەبێ ئەوەی هیچ سەرمایەیەك وەکار بخا، یان ئامرازی تازەبابەت دەکار بێنێ.

واش هەیە خەڵکی لادێ و بەتایبەتی خاوەن ملّکە نێونجییەکان و جووتیارە دەوڵەمەندەکان بۆ ماوەی ساڵێك، یانی لە بەهارەوە تا پاییز خاکەکە بەئیجارە دەگرن. لەوحاڵەدا تەنیا ئەهمییەت دەدرێتە سەر بەرهەم و زۆر جار رێدەکەوێ کەی لە ئەنجامی وشکەساڵی دا ئیجارەدار تووشی زیانێکی زۆر دەبێ.

واش رێدەکەوێ کە زەوی بە سەرمایەداری ئەوتۆ بەئیجارە دەدرێ کە زەوییەکان بەو کرێکارانە رەنێو دەهێنن کە لە مەڵبەندە دوورەکانەوەو بەتایبەتی لە ئازەربایجانی ئێرانەوە بۆ کرێکاری دێن. ئەم شێوەیەش لەناوچەی

ورمێ و میاندواو و بەتایبەتی بۆ بەرهەمە تێکنیکی‌یەکان بەکار دەبرێ. لەوحالەدا بەکارهێنانی کووتی شیمیایی و مەکینەی کشتوکاڵی نوێش باوە.

## ٢ـ مڵکەکانی دەوڵەت (خالیسە)

مڵکداریی دەوڵەت بەم چەشنەی ئێستا لەپاش شۆرشی ١٩٠٧ـ١٩١١ پەیدا بوو. لەپێش ئەوەدا پادشا سەلاحیەتی بێسنووری سەراوردی هەبوو و زەوی‌یەکانی دەوڵەت بەبێ لاموجومی هەمووی مڵکی خۆی بوون. بناخەی زەوی‌یە دەوڵەتی‌یەکان لە کوردستانی ئێران مڵکی ئەو کەسانەیە کە لەگەڵ حکوومەت بەشەڕ هاتوون و دەست بەسەر مڵکەکانیان دا گیراوە[٧].

ڕەزاشا (١٩٢٥ـ١٩٤١) لە هەموو ئێران دا بەتایبەتی لە دەوروبەری کرماشان دەستی بەسەر زەوی و زارە دەوڵەتی‌یە هەرە باشەکان دا گرت. بەشێکی دیکەش لە زەوی‌یەکانی دەوڵەت سەرۆك عەشیرەتە نیشتەجێ‌یەکان و دەرەبەگە گەورەکان دەستیان بەسەردا گرتن. وەك لەپێشەوە گوتمان زەوی لەپێش دا بەشێوەی "تیول" درابوو بە عەشیرەتە کۆچەرەکان و پاشان بۆوە بە مڵکی دەوڵەت. عەشیرەتەکان لە پاداشتی زەوی وەرگرتن دا سەربازیان بەدەوڵەت دەدا. کاتێك لە ساڵەکانی پاش ١٩٣٠دا سەربازیی ئیجباریش گەیشتە کوردستانی ئێران سەرۆك عەشیرەتە نیشتەجێ‌یەکان و دەرەبەگەکان بەشێکی زۆریان زەوی وزار داگیر کرد[٨]. ئێستا مڵکەکانی دەوڵەت دەگەنە نیزیکەی ٤٪ی هەموو زەوی‌یە کێڵگەکانی کوردستانی ئێران و زۆربەی ئەو زەوی‌یانە کەوتوونە ناوچەی مەرگەوەڕو تەرگەوەڕ (کە نیزیکەی ١٠٠ دێ دەبن)، لەمیاندواو و مەڵبەندی کرماشانیش شەش دێی دەوڵەتی هەن و هەتا ساڵی ١٩٣٢ دەوڵەت لەمەڵبەندی پشتکۆ ١٠٠ دێی تەواوی هەبوو، کە پاشان ڕەزاشا داگیری کردن.

---

(٧) بۆ نموونە لە تەرگەوەڕو مەرگەوەڕ لە ڕۆژئاوای ورمێ مڵکی شێخەکانی شەمزینان (کە نەوەی شێخ عبیداللەن)، دەستی بەسەردا گیراوە کە دەگاتە ١٠٠ دێی تەواو ـ د.

(٨) "لە کوردستان زۆر مەڵبەندی بەرین مڵکی خالیسە بوون، بەڵام چەند بەشێکیان لێ فرۆشراو چەند بەشێکیش خاوەن مڵکەکانی دراوسێیان دەستیان بەسەردا گرتن و ئێستا چەند مەڵبەندێکی کەم نەبێ لەدەست دەوڵەت دا نەماون"

A. Lambton, Landlord…, p.256.

لەنیزیك نەوتی شاش چەند دێیەکی دەوڵەتی هەبوون کە پاشان بوونە هی عەشیرەتی سەنجابی.

پێوەندییە وەرزێرییەکان و رادەی ئەو ملکانەیەی دەوڵەت دەیخاتە سەر رەعیەتەکان، زۆر وەك وەزعی ملکە تایبەتییەکان دەچێ. کاربەدەستان ملکە دەوڵەتییەکان بەم جۆرەی خوارەوە رەنێو دەهێنن: یەکەم، نوێنەری دەوڵەت ئەرکی موباشیر وەئەستۆ دەگرێ و بەشێك لە ملکانە بەپێی داب و شوێنی مەڵبەندەکە دەدا بە حکوومەت. دووهەم دەوڵەت هەموو ساڵێ بەشە ملکانەی خۆی پێش فرۆش دەکاو هیچ بایەخێك بە ملکەکانی نادا. سێهەم، هێندێك جار دەوڵەت ملکەکانی بۆ ماوەیەکی درێژتر (٣ــ٦ساڵ) بەئیجارە دەدا، ئیتر ئیجارەدار وەك ملکی خۆی کاری لەسەر دەکاو لەبەر ئەوە هەوڵ دەدا ئەوەندەی لەدەستی بێ بەرهەم لە خاکەکە هەڵبگرێ، کە ئەوەش دەبێتە هۆی چەوساندنەوەی زیاتری جووتیارەکان. زۆر رێ دەکەوێ کە ئیجارەدار کورو نەوەی خاوەنی ئەسڵیی زەویەکە دەبێ. لەوحاڵەدا پەیمانێکی تایبەتی لەگەڵ دەوڵەت دەبەستێ. ئەو جۆرە ملکدارانە لەبەر چاکەی باب و باپیرانیان، یان لەبەر شێخەتی و پلەی ئایینی رێزێکی زۆریان لەلای خەڵك هەیەو زەوییەکان بە دەیەکێکی ملکانەکەیان ئیجارە دەکەن. هێندێك جار ئەگەر گوێلەمستی دەوڵەت بن و دەست لە ئاکاری باپیرەکانیان هەڵبگرن لە دەیەکیش کەمتریان لێدەستێنن. بەلام ئەگەر حکوومەت هەست بەوە بکا کە سەربزێویی باب و باپیرانیان تێدا ماوە، هەرگیز رێگەی گەرانەوەیان نادا، نەوەکوو مەترسییەك بۆ دەوڵەت پێك بهێنن. زۆربەی زەویی ئەو جۆرە کەسانە لەناوچەکانی نیزیك سنوور هەڵکەوتوون و ئەوانە لە دەرفەتێك دەگەرێن بۆ ئەوەی تۆڵەی باب و باپیرە ئیعدام کراوەکانیان بستێننەوە. لە بەشی جنووبی کوردستانی ئێران و عیراق کە زۆر سەرچاوەی نەوتی تێدا هەڵکەوتوون، ئیمپریالیزمی بریتانیا رۆڵێکی خراپی یاری کرد. وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا زۆری بۆ ئێران دەهێنا کە ملکەکانی نیزیك بە سەرچاوە نەوتەکان لە بەرامبەر دراوێکی کەم دا کە هێندێك جار لە ١٪ی ملکانە کەمتر بوو، بە دەرەبەگەکانی دۆست و هاوکاری بریتانیا بە ئیجارە

بدا. "قوبادیان" کە دەرەبەگێکی کوردی زل بوو و لە ئێران دا بە خزمەتکاری سیاسەتی بریتانیا دەناسرا، دەستی بەسەر زۆربەی زەوی‌یەکان دا گرت[٩].

ملکە دەوڵەتی‌یەکان بەگشتی دەبنە هۆی ئەوە کە حکوومەت تین بۆ دانیشتووانی کوردستان بێنێ و ملکدارەکان چاوترسێن بکا کە ئەگەر بیانەوێ بەرهەڵستیی دەوڵەت بکەن، ملکەکانیان داگیر دەکرێن و دەبن بە دەوڵەتی.

هەرچەند حکوومەت دەی‌توانی چەند مەزرایەکی نموونە لە زەوی‌یە دەوڵەتی‌یەکان دا دروست بکاو ئامرازی تازەبابەتیان تێدا بخاتە کارو بیان کاتە نموونە بۆ جووتیارەکان، بەڵام قەت خۆی لەوە ماندوو نەکردوە. لە ساڵی ١٩٥٥یشەوە هەوڵی داوە ئەو زەوی‌یانە بفرۆشێ، بێ‌ئەوەی ئیمکانی ئەوەی پێك هێنابێ کە ئەو زەوی‌یانە بەسەر جووتیارە هەژارەکان دا دابەش بکرێن. لە راستی دا دەوڵەت بەکردەوە یارمەتیی زیادبوونی زەویی ملکدارە گەورەکان دەدا.

### ٣ـ ملکەکانی پادشا

رەزاشا پاش دەست بەسەرداگرتنی زەوی‌یەکان و زەوت کردنی هەزاران هێکتار زەوی لە خەڵك، بوو بە گەورەترین ملکداری دەرەبەگ لە کوردستان دا. ئەو زەوی‌یانەی لەساڵەکانی پاش ١٩٣٠ دا داگیری کردن، باشترین و بەرپێژەوترین زەوی‌یەکانی شیمالی ئێران و کوردستان بوون.

ساڵی ١٩٤١ لەپاش ئەوەی هاوپەیمانەکان هاتنە نێو ئێرانەوە، رەزاشا ناچار بوو لەسەر تەخت لاکەوێ و ئێران بەجێ بهێڵێ. نارەزایی و بێزاری لە رەزاشا گەیشتبۆ رادەیەك کە پارلمان لە ژوئەنی ١٩٤٢دا قانوونێکی پەسند کرد کە بەگوێرەی ئەو قانوونە هەموو ملکەکانی شا دەدرانەوە بە خاوەنەکانی پێشوویان. بەڵام ساڵی ١٩٤٩ حکوومەتی کۆنەپەرستی ئێران بەبیانووی دەستدرێژی بۆ سەر ژیانی شا توانی بۆ ماوەیەك جووڵانەوەی گەلی ئێران دامرکێنێتەوەو رێکخراوە دیموکراتی‌یەکان لە وڵات دا قەدەخە بکا. ئەوە دەرفەتی دا بە شا کە سەرلەنوێ زەوی‌یەکان بستێنێتەوە. لە ١١ی ژوئیەی ١٩٤٩دا قانوونێکی تازەی دەرچوواند، کە هەموو زەوی‌یەکانی بۆ تەخت و تاجی

---

[٩] رۆژنامەی "رهبر" ٢٧ی ژوئەنی ١٩٤٦.

پاشـایەتی ئەسـتاندەوەو لەگـەڵ ئـەوەش دا وا دانرابـوو کـە داهاتەکـەیان بـۆ مەبەستی ئایینی و کۆمەڵایەتی خەرج بکرێ. لەنێوان ساڵەکانی ١٩٥١ــ١٩٥٣ دا کـە جووڵانـەوەی رزگـاریخوازیی نیشـتمانی سـەرکەوتنی زۆر گـەورەی وەدەسـت هێنـابوو، دوکتـۆر مصـدق ئیدارەیـەکی بـۆ سەرپـەرستیی مڵکـەکانی دەوڵـەت و پادشـا دانـا. بـەڵام دووبـارە لـە ئـەنجامی کودیتـای کۆنەپەرسـتانەو سـەر بـە ئیمپریالیزمی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ (١٩٥٣)دا وەگیر شا کەوتنـەوە. ئـەو مڵکانـە بریتی بوون لە ١٢٧٧ دێ کە شەشدانگ هی شا بوون[١٠] و ٧٠٦ دێ کـە کـەمتر لـە شەشدانگیان مڵکی شا بوو، ١٩٧٥ لەوەرگەو ٢٣٨١ دەستە خانووبـەرەو کارگـەو دوکان و هوتێل و شتی تر[١١]. پێوانەی مڵکەکانی شا زیاتر لە ٢/٥ میلیۆن هێکتار بوو کە ٢٣٠٣٠٠٠ کەسیان تێدا نیشتەجێ بـوو. لـەکاتێك دا داهـاتی هـەموو ئـەو جووتیارانەی لەسـەر زەویـیـەکانی شـا بـوون ١٧٥ میلیـۆن قـران بـوو، مڵکانـەی ساڵانەی پادشا دەگەیشتە ٥٥٠ میلیۆن قران[١٢].

شا لە کوردستانی ئێران زەوی و زارێکی زۆری لە مەڵبەندی پشتکۆو کرماشان هـەبوو، رەزاشـاش هـەتا شـەڕی دووهـەمی جیهـانی خـاکێکی زۆری لەمەڵبـەنـدی نەوتەڵانی نەوتیشـاو هـەروەها لـەو شـوێنانە هـەبوو کـە لوولـە نەوتـەکانیان بـۆ پاڵۆێنەخانـەی کرماشـان پێـدا دەڕۆیشـت[١٣] ئێسـتا لـە کوردسـتانی ئێـران ٤٪ی زەویـیە کێڵگەکان هی شایە.

---

[١٠] لە کوردستانی ئێران هەموو دێیەك گەورە یا بچووك بە شەشدانگ دادەنرێ ـ د.

[١١] رۆژنامەی اطلاعات ژمارەی ١٩٥٣/٧/٢٤.

[١٢] رۆژنامەی اطلاعات ژمارەی ١٩٥٣/٥/١٣. بێسوود نیە بگوترێ کە داهاتی سەرانەی جووتیار لە مڵکەکانی شادا بەپێی ئەو ئامارە دەگاتە ٧٥٠ قران یانی دە دۆلار لە ساڵ دا ـ د.

[١٣] **"رەزاشا نەیدەویست زەوییەکانی بە شیرکەتی نەوتی بریتانیاو ئێـران بفرۆشـێ و داوای لـە شیرکەت کرد کە بەساڵ لێی بەکرێ بگرێ. پاش چەند ساڵ وتووێژ پەیمانێك مۆر کرا کە بـەگوێرەی ئـەو، هـەموو سـاڵێ شـیرکەت ١٢٠٠٠ لـیرەی دەدا (هەرچـەند زەویەکـە بەهەموویـەوە ٦٠٠٠ لـیرەی ئەستەرلینی نەدەهێنا ـ د.) ئەو پەیمانە لەجێی خـۆی مایـەوە تـا سـاڵی ١٩٤١ کـە شـیرکەت هـەڵی وەشاندەوەو زەوییەکەی کڕی. نرخەکەشی حکوومەت دیـاریی کـرد".** م. فـاتح: "٥٠ سـال از نفـت ایران" بەزمانی فارسی، تاران، ١٩٥٦، ل٣٠٨.

خۆش ئەوەیە رەزاشا کە لە ساڵەکانی پاش ١٩٣٠دا بەو سەرسەختییە بۆ چـەند هـەزار لیرەیـەکی خۆی بەربەرەکانیی شیرکەتی نەوتی دەکرد، بۆ میلیۆنەها لیرە ماڵی میللەت کە شـیرکەت لـە نـەوتی

له ساڵی ١٩٥٣وه شا بڕیاری دا كه زەویيەكانی به جووتیاران بفرۆشێ، بەڵام پڕوپاگەندەیەكی زۆری ڕەگەڵ خست كه گۆیا زەوی بەسەر جووتیاران دا دابەش دەكرێ. لەكاتێك دا هەر جووتیارێك ئەویش زیاتر له جووتیاره دەوڵەمەندەكان ٥ تا ٢٠ هێكتاری زەوی وەردەگرت و دەبوو تا ماوەی ٢٥ ساڵ ساڵی ٤٦٠ تا ٢٠٠٠ قران بدا[١٤] و لەسەریەك نرخی هەر هێكتارێك زەوی دەگەیشته ٢٠٠٠ قران. تا ئێستا شا نیزیكەی ٢٥٠٠٠٠ هێكتار، یانی ١٠٪ی زەوییەكانی فرۆشتوەو لە بەرامبەردا نیزیكەی ده میلیۆن دۆلاری دەست دەكەوێ[١٥]. شا لەو دراوەی لە فرۆشتنی ئەو زەوییانەو زەوییەكانی دیكەی وەدەست دەخا، بەشێكی لە بانكەكانی سویس و ئەمریكا دادەنێ و بەشەكەی تری لەهێندێك لقی بەسوودی سەنعەت دا وەكار دەخا. بەم جۆره شا تەنیا دەسەڵاتی سیاسیی لەدەست دا نیه، بەڵكوو بۆته بنكەیەكی ئابووریی زۆردار كه دەستی بەسەر هەموو لقەكانی ئابووریی وڵات دا دا دەڕوا. كەوابوو سەیر نیه كه شا سەركردایەتیی تاقمی دەرەبەگی فەرمانڕەوا بكا كه یەكێك له پێگەكانی ئیمپریالیزمی ئەمریكاو ئینگلیزه.

## ٤ـ زەوییه مەوقووفەكان

لەپێشەوه گوتمان كه زەوییه مەوقووفەكان لەجێدا ئەو زەوییانەن كه دەقەبەڵ مزگەوت و قوتابخانەو پیاوه ئایینییەكان كراون و ئەو زەوییانه كڕین و فرۆشتنیان لەسەر نیەو هەرگیز دەستاودەستیان پێناكرێ. لەپاشان پیاوه ئایینییەكان بەشێكی زۆریان له زەویی جووتیارەكان داگیر كردو به مەوقووفەیان دانان. هەر ئێستا دوو جۆر زەویی مەوقووفه هەیه:

---

ئێران وەدەستی دەكەوت مڕەی لێنەهات. شیركەتێك كه له ڕاستی دا دەوڵەتێك بوو لەنێو دەوڵەت دا ـ د.

(١٤) ڕۆژنامەی اطلاعات ژمارەی ١٩٥٧/١١/٢٤.

(١٥) ج. ارسنجانی وەزیری كشتوكاڵ ساڵی ١٩٦١ به هەواڵنووسی ڕۆژنامەی فەرانسەیی لۆمۆندی گوت: دابەشكردنی زەوییەكانی شا بەسەر جووتیاران دا هەڵەیه، چونكه ئەو جووتیارانه كه هیچ ئامرازێكی كشتوكاڵیان نیه، ناچار بوون زەوییەكانیان به دەرەبەگەكان بفرۆشنەوه. لۆمۆند، ١٩٦١/٥/٢٤.

۱ـ ئەوزەوییە کشتوکاڵیانە کە کراونەتە وەقف بۆئەوەی داهاتەکەیان لە مەبەستی ئایینی و کۆمەڵایەتی خەرج بکرێ، وەك دروست کردنی قوتابخانەو مزگەوت و لێدانی کارێزو شتی لەو بابەتە. سەرپەرستیی ئەو جۆرە زەوییانە لەدەست پیاوە ئایینییە گەورەکان دایە.

۲ـ ئەو زەوییە کشتوکاڵیانە کە بە پیاوە ئایینییەکان سپێردراون، بەو شەرتە پاش مردنی خاوەن وەقف داهاتەکەیان بۆ نەوەو نەتیژەکەی بێ. لێرەدا مەبەستی خاوەن وەقفەکە هەر ئەوەیە کە زەوییەکە نەفرۆشرێ و بۆ نەوەو نەتیژەکەی بمێنێتەوە، یان ئەوەیە کە داهاتەکەیان بەجۆرێکی رەواو عادڵانە لەنێودا بەش بکرێ.

دیارە لە کوردستانی ئێران شێخەکان دەتوانن بەزۆر چەشنە فروفێڵ زەوییە مەوقووفەکان داگیر بکەن. ئێستا وەزعێکی وا پێك هاتوە کە زۆربەی زەوییە مەوقووفەکان بوونە ملکی شێخەکان و لە هەموو کوردستانی ئێران دا شتێکی کەم نەبێ لە زەوییە مەوقووفەکان نەخراوەتە ژێر چاوەدێریی وەزارەتی فەرهەنگ. ئەویش بریتییە لە چەند دێیەك کە هەتا شۆرشی ۱۹۰۷ لەژێر دەسەڵاتی پیاوە ئایینییەکان دا بوون. شێخەکان لە هەموو ناوچەیەکی کوردستان دا زەوی و زارێکی بەرین و بەربڵاویان هەیە، هەر ئێستا شێخەکانی نەهری سەدان دێیان لەمەڵبەندەکانی نیزیك سنووری ئێران وعیراق و تورکیا بەدەستەوەیەو شێخەکانی تەوێڵەو بیارە نیزیکەی ٤٠٠ دێیان لە مەڵبەندی سولەیمانی لەسەر سنووری عیراق و ئێران لەدەست دایە.

بنەماڵەی شێخی بورهان لەمەڵبەندی میاندواو ٥٠ـ٦٠ دێیان داگیر کردوە کە لەپێش دا مەوقووفە بوون. پەیرەوانی هەر تەریقەتێك خانەقایەکی تایبەتیی خۆیان هەیە، کە بە کۆمەگ و یارمەتیی مریدو دەروێشەکانی ئەو تەریقەتە بەخێو دەکرێ. ئەو خانەقایانە لە زۆر جێگا بۆ نموونە لە شاری مەهاباد دەیان کاروانسەراو دوکانیان هەیە. یەکێك لە دابە کۆنەکانی کوردستان ئەوەیە کە دەوڵەمەندەکان ئاش و رەزو باغات و دوکان دەکەنە وەقف.

ماوەی ۳۰۰ ساڵە زەوییە وەقفەکانی مەڵبەندی ماهیدەشت و کرماشان بەدەست سەیدەکانی شیعەی عیراقەوەن. بەم جۆرە ملکە مەوقووفەکان لەراستی دا بوونە ملکی تایبەتیی پیاوە ئایینییەکان، ئەوەش وەك لەپێشەوە

گوتمان له ساڵی ١٩٢٨وه كه دەست به سەبت كردنی ئەو ملكانه كراوه دەستی پێكردوەو تا ئێستاش هەر درێژەی هەیە.

زەویيە مەوقووفەكان لە ماڵیات و خەرج و باجیش تەرخانن، چونكه وا دانراوه كه داهاتەكەیان بۆ كاروباری گشتی و كۆمەڵایەتی خەرج دەكرێ. لەگەڵ ئەوەش دا شێخە گەورەكان ئەو فێڵە بۆ تەرخان كردنی زەوییەكانی خۆیان لە ماڵیات بەكار دێنن و دەرەبەگە گەورەكانیش هەر بەو جۆرە رەفتار دەكەن. بەڵام ئەو جووتیارەی لەسەر زەویی مەوقووفە كار دەكاو رەنج دەكێشێ، عەینی ئەو چەوسانەوەیە دەبینێ كە جووتیاری زەویی دەرەبەگەكان دەی چێژێ. سەرەڕای ئەوەی جووتیارەكان بۆ ئەوەی پاداشی ئایینی وەربگرن زیاتریش خۆ ماندوو دەكەن و زەحمەت دەكێشن. لەكاتی هەوڵ و تەقەلای جووتیاران دا بۆ باشتربوونی وەزعی ژیانی خۆیان بەناوی ئاین و قازانجی گشتی هەوڵی بێدەنگ كردنیان دەدرێ.

### ٥ـ زەویی جووتیاران

لە كوردستانی ئێران تەنیا ٨٪ی زەوییە كێڵگەكان لەدەست جووتیاران دایە كە دەگاتە ٩٦٠٠٠ هێكتارو جووتیارە خاوەن زەوییەكانیش نیزیكەی ١٠٪ی دانیشتووانی لادێی كوردستان پێك دێنن. لێرەدا بەپێویست دەزانین هێندێك سروشتی تایبەتیی ئەو چەشنە ملكدارییە باس بكەین.

پێش هەموو شت زۆربەی ئەو جووتیارانە لە هێكتارێكەوە تا سێ هێكتاریان زەوی هەیە كە دەكاتە جێجووتێك و تەنیا بەشێكی كەم لە جووتیاران ٥ـ٢٠ هێكتاریان زەوی هەیە كە ئەوانەش جووتیارە دەوڵەمەندەكانن(١٦).

لەهێندێك مەڵبەند وەك ورمێ و تا رادەیەكیش میاندواو و سەقز جووتیارەكان زەویی نەرمان و كێڵگەیان نیەو تەنیا رەزو باغاتیان هەیە.

ئەو زەوییانەی لەدەستی جووتیارە نێونجییەكان دان زۆربەیان دێمەكارو رەقەن و دوورەدێن و زۆر خراپ و كەم ڕیژەون.

---

(١٦) بڕوانە سەرەتای فەسڵی هەشتەمی ئەم كتێبە.

بەشی زۆری زەویی دەوروبەری شارەکان هی ئەو جووتیارە دەوڵەمەندانەن کە یان لەشار دادەنیشن و کاسبی دەکەن، یان مووچەخۆری دەوڵەتن. ئەم وەزعە لە زۆربەی مەڵبەندە نیزیك شارەکانی نێوەراستی کوردستان دا بەرچاو دەکەوێ.

جووتیارە نێونجی‌یەکان کەندوکۆسپیان زۆر دێتە سەر رێگا، لە نۆرەئاودا کە هەقی خۆیانە، سەرچەوتی‌یان لەگەڵ دەکرێ. لەدابین کردنی ئامرازی کشتوکاڵ دا دەست کورتن. زۆر وا هەیە جووتیارێك زەویی هەیەو ئاژەڵ و پاتاڵی نیەو ئەگەر لینگە گایەکی پیر بوو یان مرد، بەجارێك پەکی دەکەوێ. جووتەگایەك لە مەهاباد ٦٠٠٠ تا ٨٠٠٠ قرانی دەوێ. جووتی کەلانیش ٨٠٠٠ تا ١٢٠٠٠ قران. بۆئەوەی جووتیار بتوانێ لینگە گایەك یا کەڵێك بکرێ، دەبێ تۆنێك دوو تۆن گەنم بفرۆشێ بەو حیسابە کە کیلۆی گەنم بدا بە سێ قران. لەکاتێك دا ئەوە سێ‌یەك یا نیوەی داهاتێکە کە جووتیار لە سێ هێکتار زەوی دەستی دەکەوێ، ئەویش بەو شەرتە باش ڕەنێو بێ و ساڵی خۆش بێ. خۆ ئەگەر فەتاو وشکەساڵی بەسەردا بێ کە لە کوردستان زۆر ڕێ دەکەوێ جووتیاری نێونجی بەجارێك تووشی هەژاری و نەداری دەبێ و بێجگە لەوەی زەوی‌یەکەی بفرۆشێ و لە ملکی ملکدارە گەورەکان دا نیوەکاری و سێ‌یەك بەری بکا، یا ببێتە کرێکاری وەرزێری رێگایەکی بۆ نامێنێتەوە، مەگەر ئەوە کە روو بکاتە شارەکان و ژیانێکی نەمر نەژی بۆخۆی دابین بکا. لەو ساڵانەی دواییدا ئەو مەسەلەیە بەتەواوی پەرەی ئەستاندوەو خاوەن ملك و سوودخۆرەکان لە ئەنجامی دەست کورتی و نەداریی جووتیارە نێونجی‌یەکان دا کە نەیان توانیوە قەرزەکانیان بدەنەوە، دەستیان بەسەر زەوی‌یەکانیان دا گرتوە.

# فەسڵی حەوتەم

## شێوەکانی مڵکانەی زەوی

لەپێشەوە باسمان کرد، کە زۆربەی زەویەکانی کوردستانی ئێران (٧٠٪) لەدەست خاوەن مڵکە گەورەکان دایە. بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە بەرهەمی گەورە لە کشتوکاڵ دا هەبێ. چونکە لەبەرئەوەی تا ئێستاش پێوەندیەکانی دەرەبەگایەتی و عەشیرەتگەری لە گۆڕێ دا ماون، بەرهەمی کشتوکاڵ هەر لەسەر وردە بەرهەم ساخ بۆتەوە. هۆیەکەشی ئەوەیە کە ئامرازی هەرە گرنگی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی واتە زەوی، هی ئەو کەسانەیە کە کاری لەسەر ناکەن و ئەو جووتیارانەی لە زەویەکەدا کار دەکەن، نە کەم و نە زۆر زەویی خۆیان نیە. ئەمە سروشتی پێوەندیە کشتوکاڵیەکانی کوردستانی ئێرانە.

خاوەن مڵکە گەورەکان زەویی بە مڵکانە دەدەن بە جووتیارو ئەوەی زۆرتر بۆ ئەوان گرنگە، وەدەستهێنانی مڵکانەی زیاترە. بەشی زۆری ئەو خاوەن مڵکانە لەشار دەژین و هیچ گوێ نادەنە باری بەرهەمهێنان، واتە هیچ دراو لە زەوی-یەکانیان خەرج ناکەن و جووتیار ناچارە بۆخۆی جووت و ئامرازی جووت کردن دابین بکا. زۆربەی زەویەکان بەم چەشنە ڕەنێو دەهێنرێن.

جووتیار مڵکانەی بە شتوومەك دەدا بە خاوەن مڵك و چەندین سەدەیە ئەو شێوە چەوساندنەوەیە لە کوردستان باوە. جۆرێکی تری مڵکانە ئەوەیە کە جووتیار کار بۆ خاوەن مڵك دەکا. ئەو شێوەیەش زۆر دەبینرێ، بەڵام لە کوردستان بەو شێوە کلاسیکە نیە کە جووتیار لە هەفتەدا چەند ڕۆژ لە زەوی-یەکەی خۆی دا کار بکاو ئەوەکەی تری لە زەویی دەرەبەگ دا خەریکی کار بێ. چونکە وا هەیە لە کوردستان جووتیار کاری کشتوکاڵی بۆ خاوەن مڵك ناکا، بەڵکوو وێڕای مڵکانەی بە شتوومەك هێندێ کاروباری دیکە بۆ ئاغا بەجێ دەگەیەنێ:

**"هەرچەند مڵکانەی بە شتوومەك لە هەموو شێوەکانی مڵکانە زیاتر بڵاو بۆتەوە، بەڵام دیسان تا ڕادەیەك پاشماوەی شێوەی کۆن، یانی مڵکانەی بەکار**

**یا بێگاریشی لەگەڵە، جا خاوەن مڵك دەوڵەت بێ، یان یەکێکی تر مەسەلەکە هەروەك خۆیەتی"**[١].

بەکورتی مڵکانەی بەشتوومەك لە کوردستان شێوەی سەرەکیی مڵکانەیەو ئەوە لەگەڵ پێوەندییە وەرزێرییەکانی ئێستای کوردستانیش رێك دەکەوێ، کە تازە لە پێوەندییەکانی دەرەبەگایەتییەوە تێدەپەڕێ بۆ پێوەندییەکانی سەرمایەداری:

**"پەیدابوونی شێوەی مڵکانەی بەشتوومەك لە شکڵی پتەوی خۆی دا پێویستیی بە ئابووری تەبیعی هەیە، هەرچەند پاشماوەی لەپاش پەیدابوونی شێوەکانی پێشکەوتووی بەرهەمهێنان و پێوەندییەکانی بەرهەمهێنانیش هەر دەمێنێ"**[٢].

مڵکانەی بە شتوومەك دەبێتە هۆی قووڵتر بوونی جیاوازیی چینایەتی لە لادێ و:

**"جیاوازی لە وەزعی ئابووریی بەرهەمهێنەران دا راستەوخۆ زیاتر دەکا"**[٣].

هۆیەکەشی ئەوەیەکە مڵکانەی بەشتوومەك:

**"لەچاو مڵکانەی بەکار، مەودا زیاتر بە بەرهەمهێنەران دەدا بۆئەوەی کاتیان بۆ زێدەکار زیاتر بێ، کە بەرهەمەکەی هی خۆیانە، وەك بەرهەمی ئەو کارە کە پێداویستییەکانی هەرە پێویستیان دابین دەکا"**[٤].

وەك لەمەودوا باسی دەکەین لە کوردستان وەزعەکە جۆرێکی ترە. چونکە جووتیار زۆر ئەرکی گرانی لەسەر شانن کە دەبێ بەشێوەی مڵکانەی بەکار جێبەجێیان بکاو دەرفەتی ئەوەی نابێ زێدەکار بۆخۆی بکا. کەوابوو مڵکانەی بەکار لەپەنای مڵکانەی بەشتوومەك دا کۆسپێکە لەسەر رێگای زیادبوونی بەرهەمی وەرزێری و جووتیاران لە هەژاری و نەداری دا رادەگرێ. هەر لەوکاتەدا بۆ پێگەیشتنی بازاڕی نێوخۆیی و پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان بە گشتی تەئسیرێکی خراپی هەیە.

---

[١] ك. مارکس: "سەرمایە"، بەزمانی ئینگلیزی، بەرگی سێهەم، مۆسکۆ، ١٩٥٩، ل٧٧٥.
[٢] هەر ئەو سەرچاوەیە.
[٣] هەر ئەو سەرچاوەیە.
[٤] هەر ئەو سەرچاوەیە.

تا ئێستا له کوردستان دا بێجگه لەو مەڵبەندانه که گیا تێکینکی‌یەکان (وەك چەوەندەری قەندو تووتن) بەرهەم دێنن، شێوەی مڵکانەی بەدراو پێنەگەیشتوه بەڵام سەرەڕای هێندێ کەندوکۆسپ بەرەو ئەو ڕێبازە دەڕوا که مڵکانەی بەدراو پەرە بستێنێ و مڵکانەی بەکار کەم بێتەوە. هەربۆیە ئێمە لەپێش دا مڵکانەی بەشتوومەك باس دەکەین و پاش ئەو، مڵکانەی بەدراو و دوایە مڵکانەی بەکار. دیارە ئەوە بەپێچەوانەی بەشوێن یەکداهاتنی ئەو سێ شێوە مڵکانەیەیە[٥].

## ا- مڵکانەی بەشتوومەك، نەزمی شەریکەبەشی

مڵکانەی بە شتوومەك لە کوردستانی ئێران دا بەگوێرەی نەزمی شەریکەبەشی وەردەگیرێ. پێویستە بگوترێ که نەزمی شەریکەبەشی نەزمێکی دەرەبەگایەتی‌یە، نەك سەرمایەداری و نەزمەکە بەتەواوی لەسەر دابەشکردنی ڕاستەوخۆی بەرهەم لەنێوان جووتیارو خاوەن ملك دا ساخ بۆتەوە، که خاوەن ملك ئاغایەتی دەکاو جووتیاریش بە ئامرازی خۆی زەوی‌یەکە ڕەنێو دێنێ. جووتیش هێندێ جار هی ئاغایەو هێندێ جار هی جووتیارە:

**"کەوابوو لەلایەکەوە جووتیار ئەو سەرمایەیەی نیە که بۆ کارپێکردنی سەرمایەداری تەواو پێویستەو لەلایەکی تریشەوە ئەو بەشەی خاوەن ملك وەری دەگرێ ناکرێ بە مڵکانەیەکی پاك کردە دابنرێ"[٦].**

هۆیەکەشی ئەوەیە که لێرەدا تەنیا زەوی وەك ئامرازی سەرەکیی بەرهەمهێنان گرنگ نیە، که خاوەن ملك دەیدا، بەڵکوو هێندێك ئامرازی دیکەی بەرهەمهێنانیش گرنگن که هی جووتیارن:

**"ئەو جووتیارەی بەپێی نەزمی شەریکەبەشی کشتوکاڵ دەکا، چ بۆخۆی کار بکاو چ کرێگرتەی بۆ بگرێ، بەشێك لە بەرهەمەکەی لەبەر ئەوە پێ نابڕێ**

---

[٥] له کوردستانی تورکیا پێوەندیی سەرمایەداری له بەرهەمهێنان داو مڵکانەی سەرمایەداری زۆر بە بەربڵاوی هەیەو هەر بۆیە مڵکانەی بەکار لە چوارچێوەیەکی تەنگەبەردا ماوە. لە کوردستانی عیراقیش شێوەکانی مڵکانەی زەوی تا رادەیەکی زۆر وەك هی کوردستانی ئێرانن و تا ئێستاش شێوەی سەرەکیی مڵکانە لە کوردستانی تورکیاو کوردستانی عیراقیش هەروەك کوردستانی ئێران هەرمڵکانەی بەشتوومەك و بەپێی نەزمی شەریکەبەشی‌یە.

[٦] ك. مارکس: "سەرمایە"، بەرگی سێهەم، ل٧٨٢.

**كە وەك كرێكارێك كاری كردوە، بەڵكوو لەبەر ئەوەیە كە هێندێك لە ئامرازی بەرهەمهێنان سەرمایەی تایبەتیی خۆیەتی. لەلایەكی تریشەوە ئەو بەشەی بەخاوەن ملك دەبڕێ، هەمووی هی ئەوە نیە كە زەویی هەیە، بەڵكوو بەشێكی لەبەر ئەوەیە كە سەرمایەی خۆی وەجووتیار داوە"[٧].**

واتە نەخشی سوودخۆری هەیە. بەڵام نەزمی شەریكەبەشی پێش هەموو شتێك پێویستیی بەوە هەیە كە جووتیار ئامرازی بەرهەمهێنانی هەبێ "تەنانەت ئەگەر زۆر خراپیش بن"[٨] پاشان دەبێ ئەو جووتیارە هەژار بێ‌و ناچار بێ زەویی خاوەن ملك بكێڵێ:

**"... دەبێ جووتیار زۆر بێ‌پەناو ناچار بێ تا ئەو كۆیلەتی‌یە قبووڵ بكا"[٩].**

خاوەن ملك یا نوێنەرەكەی بەپێی ئەوەی كە وەرزێر چەند جووتی هەیە، یا چەند سەر خێزانە، زەوی بە ملكانە دەدا. لەكوردستان جێ‌جووتێك ٣ـ٥ هێكتار زەوی‌یە، بەڵام لە مەڵبەندی بۆكان دەگاتە ٥ـ٧ هێكتار بەراو و ٨ـ١٠ هێكتار دێمەكار[١٠]. لەبەشی جنووبی كوردستانی ئێران جێ‌جووت بە زەوی‌یەك دەڵێن كە ٩٠٠ـ١٥٠٠ كیلۆگرام گەنمی لێ پەیدا بێ[١١]. كەوابوو پێوانەكەی لەنێوان ٢/٥ـ١٠ هێكتار دایە. لە بەشەكانی شیمالی و جنووبی كوردستانی ئێران زەویی دێمەكار بە ئیجارە نادرێ. ئەمەش لەبەر ئەوەیە كە دێمەكار زۆرەو پاشان دێمەكارەكان كەوتوونە سەر تەپۆلكەو كێوەكان و ڕەنێوهێنانیان زۆر دژوارە. هەروەها ئیجارەدارەكانیش زۆر بایەخیان پێ نادەن، چونكە بەردەڵانن و بەرهەمی باش نادەن:

**"وەرزێرێك كە زەوی ئیجارە دەكا هەقی هەیە بەدرێژایی ژیانی بیكێڵی و دەتوانێ ئەو هەقە بە میراتیش بەجێ بهێڵێ"[١٢].**

---

[٧] هەر ئەو سەرچاوەیە.

[٨] لینین: "دانراوەكان"، بەزمانی چیكی، بەرگی ١٥، ل٨١.

[٩] هەر ئەو سەرچاوەیە.

[١٠] ع. گەلاوێژ: "پێوەندی‌یەكانی كشتوكاڵی..."، ل٩٣.

[١١] A. Lambton, Landlord, p. 368.

[١٢] ئەگەر ئیجارەدار مردو كوڕی لەپاش بەجێ نەما كچەكەی هەقی كێڵانی زەوی‌یەكەی نیە. بەڵام لەنێو عەشیرەتەكان دا كە پێوەندیی عەشیرەتگەری بەهێزە، ئەو خێزانە زەوی‌یەكە بۆخۆی ڕادەگرێ و هەقی كێڵانی زەوی‌یەكە بۆ مێردی كچەكە دەبێ ـ د.

له دوو حاڵ دا ئەو هەقە له ئیجارەدار دەستێندرێتەوە: ١ـ ئەگەر دەرکەوت زەوییەکەی پێ ڕەنێو نایە. وەك ئەوەی نەتوانێ جووت پەیدا بکا. لەو حاڵەدا زەوییەکەی لێوەردەگیرێتەوەو دەدرێ بە کەسێکی دیکە. ٢ـ ئەگەر کەسێکی دیکە ئامادە بوو زەوییەکە بکێڵێ بە جۆرێك کە قازانجی خاوەن ملّکی زیاتر تێدا بێ. ئەم کارەساتە زیاتر لەسەر زەوییە بەپیت و بەپێژەوەکان دێتەپێش، چونکە ئیجارەدارێك کە جووتەگای باشتری هەیەو خێزاندارترەو بەتایبەتی پیاوی کارێی زیاترن، باشتر دەتوانێ زەوییەکە ڕەنێو بێنێ. دیارە خاوەن ملّکیش لە یەکی وا دەگەڕێ. لە ئەنجام دا زەوییە باشەکان هەموو دەکەونە دەستی جووتیارە دەوڵەمەندەکان. زەوییەکانی دەوروبەری ئاوەدانی کە بە پەینی حەیوانی میز دەکرێن بەپێژەوترن، خاوەن ملّك بۆخۆی یا نوێنەرەکەی دەیان کێڵێ و بەکرێکاری وەرزێری ڕەنێویان دێنێ. لەم دواییانەدا هێندێك خاوەن ملّکی مەڵبەندی کرماشان و میاندواو فێر بوون تەراکتۆر بەکار دێنن، کە بەکرێکاری کشتوکاڵی کاریان پێدەکەن و بەم جۆرە هەموو زەوییەکان لە ئیجارەدارەکان دەستێننەوەو ناچاریان دەکەن بچنە دێیەکی دیکە، یا ڕوو بکەنە شارەکان.

لە کوردستانی ئێران زەوی کە بە ملّکانە دەدرێ خانوویەکیشی لەگەڵەو کاتێك لەو حاڵەتانەی سەرەوەدا جووتیار زەوییەکەی لێ وەرگیرایەوە، خانووەکەشی لێ دەستێندرێتەوەو دەبێ چۆڵی بکا بۆ ئەو کەسەی دێتە سەر زەوییەکە.

خاوەن ملّك و جووتیار قەرارو مەدارێکی سەرزارەکی دادەنێن. ئەو چەشنە قەرارو مەدارە کە قانوونی مەدەنیی ئێرانیش دانی پێدا دەنێ، پێوەندیی بە دوو شتەوە هەیە: یەکیان ئەوەیە کە هەر لایەك بۆ ڕەنێو هێنانی زەوی چی دادەنێ. ئەوی دیکە چەشنی بەشکردنی بەرهەمە. هەم لە کوردستانی ئێران و هەم لە ئێران و لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەگشتی چەند هۆیەك تەئسیریان لە بەشکردنی بەرهەم دا هەیە. دیارە هۆیەکانی ئابووری ڕۆڵی هەرە گرنگیان هەیە، بەڵام ئەو هۆیانەش کە پێوەندییان بە هەلومەرجی تایبەتیی مەڵبەندە جیاوازەکانەوە هەیە وەك داب و شوێنی نەتەوایەتی و هتد... هەریەکە نەخشی خۆیان هەیە. تەنیا بە لێکۆڵینەوەی وردی یەك یەکی ئەو هۆیانە دەتوانین مەسەلەی ئەساسیی پێوەندییە وەرزێرییەکانی کوردستانی ئێران ڕوون بکەینەوە. ئەویش بریتییە

لـه مەسـەلەی ملّكانـەی بەشـتوومەك كـه شـێوەی سـەرەكیی چەوسـاندنەوەی میلیۆنەها جووتیاری بێزەویيە.

ئێمه له "پێنج هۆی" ئەساسی دەكۆڵینەوە كه بریتین له زەوی، ئاو، جووت، تۆو، كار. دەبـێ لـەپێش دا ئـەوەش بڵـێین كـه مەبەسـتی ئێمـه ئـەوە نیـه وەك زۆربەی نووسەرە ئێرانی و بێگانەكان بایەخێكی بێئەملاو ئەولا بدەین بـەو پێـنج هۆیە كه له نەزمی شەریكەبەشی دا نەخشێكی دیاریان هەیـە. بـەڵام بـه هەڵـەش دەزانین كه بایەخی ئەوانه كەم بكەینـەوە، یـا لـەبیریان بەرینـەوە. چـونكه هـیچ گومانی تێدا نیه كه له كوردستانی ئێران ئەساسـی دابەشـكردنی بەرهـەم لەسـەر ئەو پێنج هۆیە دانـراوە، واتـه بەرهـەم بـەپێی ئـەو چـەند هۆیـه بـەش دەكـرێ و هەركەسه بەگوێرەی ئەو هۆیانە كه له كاروباری كشتوكاڵ دا وەكاری خستوون، بەشی خۆی له بەرهەم وەردەگرێ.

شتێكی روونـه كـه زەوی بـه یـەكێك لـەو پێـنج هۆیـه دادەنـرێ و بـەپێی ئـەو باسەی لەبارەی ئاودێرییەوە كرا، دەردەكەوێ كه ئاویش بۆ زەوییە بـەراوەكان ئەوەندەی زەوی گرنگـه. دیـارە ئـەو بایەخـه بـۆ كـاریش دەبـێ دابنـێین كـه لـه بەرهەم هێنان دا بەشی هەرە گرنگی ئیجارەدارە. خۆ دیارە جووتیش بـه یـەكێك لـەو هۆیانـه دەژمێـردرێ، بەتایبـەتی ئەگـەر هـەژاری و نـەداریی جووتیارەكـان لەبەرچاو بگرین كه جووت سامانی سەرەكییانە. پێویسـته ئـەوەش بگـوترێ كـه ئامرازی كشتوكاڵیش هەر لەگەڵ جووت حیسابن، دیارە بـۆ جووتیـارێكی هـەژار ئـەو ئامرازانـەش زۆر گـرنگن. چـونكه هەرچـەندە لەچـاو تێكنیكـی تـازە لـه رادەبەدەر سەرەتایین، بەڵام تەنیا وەسیلەی زەوی كێڵانی جووتیارن.

دانـانی تـۆو بـه یـەكێك لـەو پێـنج هـۆ ئەساسـییـه زیـاتر پێویسـتیی بـه روونكردنـەوە هەیـە. وەك لەمـەودوا دەبیـنین نـاكرێ بەتایبـەتی لـه بەرهەمـه تێكنیكییەكان دا وەك هۆیەكانی دیكه به گرنگی دابنێین. بـەڵام لەگـەڵ ئـەوەش دا پێویسـته ئەهمییـەتی تـۆو لـه كوردسـتانی ئێـران دا بـاس بكـەین، چـونكه بەرهەمی زەوی بەگوێرەی پێوانەكەی حیساب ناكرێ، بەڵكوو بـەگوێرەی بنـەتۆو حیساب دەكرێ. زەوی تێكڕا ٥ـ٧ هێندەی بنـەتۆو بەرهـەمی هەیـە. بـەم جۆرە ئەگەر بەرهەمی هێكتارێك زەوی ٨٤٠ كیلۆ گەنم بێ، بەرهەمی سێ هێكتـار ٢٥٢٠ كیلۆیە كه لەوە ٣٦٠ـ٥٠٤ كیلۆ بنەتۆوە، واته یەك لەسەر پێنج یـان یـەك لەسـەر

حەوتی تەواوی بەرهەمەکە. گەنم بە زۆری لە پاییزێدا دەچێندرێ. وا دابنێین کە جووتیارێك دوو سێیەکی بەرهەم وەردەگرێ واتە ١٦٨٠ کیلۆ. ئەگەر ئەو جووتیارە پێنج یەك یا حەوت یەکی بەرهەمەکەی بۆ بنەتۆوی ساڵی داهاتووی دابنێ، دەبێ دەست لە ٢٠٪ تا ٣٠٪ی بەشەکەی خۆی هەڵبگرێ. کەوابوو هەرگیز ناتوانێ بنەتۆوەکەی دابین بکا، چونکە گەنمەکەی هەر بەشی نانی شەش مانگی دەکاو بۆئەوەی لەماوەکەی تردا برسی نەبێ دەبێ بۆ بەرێچوونی خۆی قەرز بکا. بێجگە لەوە لە کوردستانی ئێران جۆرە گەنمێك هەیە بەهاران دەکرێ (بەهاروو) واتە راست لەو کاتەدا کە جووتیار زەوەری لێ بڕاوەو نانی خۆشی نیە. وەك لەمەودواش دەبینین ئەگەر زەوییەکەی باش و بەرێژەو بێ خاوەن ملك تۆوی دەداتێ و ئەگەر خراپ بێ نایدا.

لێرەدا گرنگ بوونی تۆو دەردەکەوێ کە زۆر وەخت دێتە ریزی چوار هۆیەکەی تر، جاری واش هەیە لە هەموان گرنگترە. ئێستا دێینە سەر باسی چەشنی دابەشکردنی بەرهەم لەنێوان خاوەن ملك و جووتیار لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستانی ئێران دا. بۆ بەرهەمە گرنگەکان واتە گەنم و جۆ چەند ئەساسێك هەیە کە خاوەن ملك و جووتیار لەسەریان رێك دەکەون. باسی رادەی ملکانەی بەرهەمەکانی دیکەو بەرهەمە تێکنیکیەکان بەجیا دەکەین.

## نیوەکاری

خاوەن ملك زەویی بەراو دەدا بە جووتیارو تۆویشی لەگەڵ دەداتێ و کاریش سەرتاسەر لەئەستۆی جووتیارە. لێرەدا بەگوێرەی ئەو ئەسڵەی باسمان کرد، خاوەن ملك سێ بەشی بەرهەمی لە بەرامبەر زەوی و ئاو و بنەتۆودا پێ دەبڕێ و دوو بەشیش لەجیاتی کارو جووت بۆ جووتیار دەمێنێتەوە. بۆ نموونە لە گوندی سەرووکانی لە ناوچەی لاجان خاوەن ملك ٢٠٪ی بەرهەمەکە هەڵدەگرێ و پاشان ئەوەکەی تری لەنێوێڕا لەگەڵ جووتیار بەش دەکا. لە پەسوێ کە تەنیا دە کیلۆمیتر لەوێ دوورە، خاوەن ملك نیوەی بنەتۆو دەداو دیسانیش پاش ئەوەی ٢٠٪ی لێ هەڵگرت، لەنێوێ ڕا بەشی دەکا، ئەمەش مانای ئەوەیە کە ملکانە لەم گوندەدا زیاترە. هۆیەکەشی ئەوەیە کەخاکی پەسوێ لەهی سەرووکانی

بەرپێژەوترە، بێجگە لەوەش گوندەکە هی سەرۆك عەشیرەتی مامەشە کە گەورەترین دەرەبەگی ئەو مەڵبەندەیە.

لەناوچەی سنەش لە مەڵبەندەکانی نیزیك شار خاوەن ملك نیوەی بەرهەم دەستێنێ. لە گوندی کوکێ و قاسملوو لە ناوچەی ورمێ خاوەن ملك نیوەی بنەتۆو دەداو نیوەی بەرهەمیش دەستێنێ. ئەگەر خاوەن ملك لەم مەڵبەندەدا هەموو بنەتۆوەکە بدا دوو بەشی بەرهەم وەردەگرێ. نیوەکاری زیاتر لە زەوییە بەراو و بەرپێژەوەکان دا هەیە.

## سێیەك بەری

لێرەدا زەوی و ئاو و جووت و تۆو لەسەر خاوەن ملکەو کاریش لەسەر جووتیارەو لەسەر خەرمان بەرهەمەکە دەکرێتە سێ بەش، دوو بەشی بۆ خاوەن ملك و بەشێك بۆ جووتیار. ئەو داب و شوێنە لە گوندی چیانە لە مەڵبەندی سندووس هەیە. جووتیار لێرەدا تەنیا کرێکارێکی کشتوکاڵییە کە بۆخۆی خاوەنی هیچ شتێك نیەو لە زەویی خاوەن ملك دا رەنج دەکێشێ و منداڵ و خێزانەکەشی یارمەتیی دەدەن. ئەو دابە بەشێوەیەکی کەم لە هەموو مەڵبەندەکان دا هەیە، بەڵام لەو جێیانە کە جووتبەندە زۆرە ئەم شێوەیە کەمە. بەکارهێنانی ئەو شێوەیە بە مەیلی خاوەن ملکەوە بەستراوەتەوەو لە زەویی خاوەن ملکە گەورەکان دا کەمتر دەبینرێ. پێویستە بگوترێ کە ئەو شێوە ملکانەی بە شتوومەکە هەمیشەو تەنانەت لە یەك ئاوایی دا لەگەڵ شێوەکانی تردا دەبینرێ.

## سێکوت

خاوەن ملك لێرەدا ئاو و زەویی لەسەرەو سێیەکێکی بەرهەم وەردەگرێ. وەك لە زیندەشت لە مەڵبەندی سەڵماس باوە[١٣]. لەمەڵبەندی مەهاباد هێندێ وەخت تەنیا ٣٠٪ی بەرهەم وەردەگرێ نەك سێیەك هەروەك لە ملکی عەشیرەتی

---

[١٣] دوگلاس. ل ٧.

قەرەپەپاخ لە مەڵبەندی سندووس باوە. هۆی نزم بوونی بەشی خاوەن مڵك لێرەدا بەهێزیی پێوەندییەکانی عەشیرەتگەرییە، چونکە قەرەپەپاخەکان لەبەرئەوەی تەنیا عەشیرەتی شیعەی ئازەربایجانین لەو مەڵبەندەو چواردەوریان عەشیرەتی کوردی سوننین، هەستی پشتگیریی یەکتریان لەنێودا زۆرە. لەجنووبی کوردستان واتە لە مەڵبەندی کرماشان جووتیار یەك لەسەر سێی بەرهەم وەردەگرێ و کاریش هەمووی لەسەر ئەوە[١٤].

## دەو دوو

خاوەن مڵك لێرەدا ئاوو زەوی دەداو ٢٠٪ی بەرهەم وەردەگرێ. ئەو جۆرە دابەشکردنە لەناوچەی سنەو لە مەڵبەندە شیمالییەکان بەزۆری هەیە، هەروەك گوندی سەرووکانی لە مەڵبەندی لاجان کە تازە باسمان کرد. بەڵام لەو ساڵانەدا کە ئاویش نیە، خاوەن مڵك پێنج یەکی خۆی هەر دەستێنێ. بەرهەمی دێمەکاریش لە کوردستان هەر بەو جۆرە بەش دەکرێ. بۆنموونە لە دەشتەبێڵ لەناوچەی ورمێ خاوەن مڵك پێنج یەکی بەرهەم دەستێنێ، بەڵام کشتوکاڵ لەو مەڵبەندە لە پلەی دووهەم دایەو ئاژەڵداری لە پلەی یەکەم دا.

وا هەیە خاوەن مڵك لە پێنج یەکیش کەمتر وەردەگرێ وەك لە ژاوەرۆ لە نیزیك سنە کە تەنیا دوو لەسەر پازدە وەردەگرێ واتە کەمتر لە پێنج یەکیش، چونکە خاکەکەی بەردەڵانەو ڕێژەوی زۆر نیە[١٥].

بەم جۆرە نەزمی دەودوو زیاتر لەو مەڵبەندانەدا کە خاکەکەیان بەپێژەوەو لەو شوێنانە کە ئاژەڵدارییان تێدا هەیە باوە. لەزۆربەی ئەو مەڵبەندانەدا بەرهەم لە ٥ـ٦ هێندەی بنەتۆو تێناپەڕێ.

---

[١٤] لە زەویی دێمەکار خاوەن مڵك سێیەك وەردەگرێ و جووتیار دوویەش، بەڵام لە زەویی بەراو خاوەن مڵك لەجیاتی ئاوو زەوی دوو لەسەر پێنج دەستێنێ و جووتیاریش سێ لەسەر پێنج لەجیاتی کارو بنەتۆو و جووت وەردەگرێ. م. دانشور: "دیدنیها و شنیدنیهای ایران"، بەزمانی فارسی، بەرگی٢، ١٩٥٠، ل٢٣١.

[١٥] A. Lambton, Lanlord, p. 310.

## برنج

لە برنج چاندن دا خاوەن ملّك زەوی و ئاو و تۆوی لەسەرەو بەرهەمیش بەنیوەیی بەش دەکریّ. بەلاّم لەهیّندیّك شویّن وەك نەلّوّس لەمەلّبەندی لاجان خاوەن ملّك ٢٠٪ی بەرهەمەکە بۆخۆی هەلّدەگریّ و پاشان ئەوەکەی دیکە لەگەلّ جووتیار بەش دەکا. لە برنج چاندن دا کە پێویستی بە ئاو و کار کەمترە، ئەو پیّنج هۆیەی باسمان کردن حیسابیّکی وردتریان لەسەر دەکریّ، بۆیە بەکەمی ڕیّ دەکەویّ وەك لە قەسری شیرن کە جووتیار دوو لەسەر سیّی بەرهەم وەربگریّ. لەم حالّەدا هەموو خەرجی کشتوکالّ بە بنەتۆویشەوە لەسەر جووتیارە.

ئەم شیّوە بەرهەم دابەشکردنە لە هەموو ناوچەکانی کوردستانی ئێران بەتایبەتی لەمەلّبەندە شیمالی‌یەکان دا باوە. بەپیّی ئەو ئەسلّەی باسمان کرد دەبوو خاوەن ملّك لەجیاتی ئاوو زەوی دوو لەسەر پیّنج واتە شەش لەسەر پازدەی بەرهەم وەربگریّ. نەك یەك لەسەر سیّ واتە پیّنج لەسەر پازدە. هۆی نزم بوونەوەی بەشی خاوەن ملّك بە رادەی یەك لەسەر پازدە ئەوەیە کە هیّزی کار کەم دەست دەکەویّ، چونکە زۆربەی دانیشتووانی کوردستانی شیمالی خەریکی ئاژەلّدارین و ژمارەیەکی کەم نەبیّ بە کشتوکالّەوە خەریك نابن. هەروەها لە جنووبیش لە مەلّبەندی کرماشان هیّزی کار کەم دەست دەکەویّ.

## بەرهەمە تیکنیکی‌یەکان

### أ- چەوەندەری قەند

لە کوردستانی ئێران لە دەوروبەری ورمیّ لە شیمال و لە میاندواو لەنێوەڕاست و دەوروبەری شاەئاباد لە جنووب چەوەندەری قەند دەچیّندریّ و بەرهەمیّکی گرنگی لیّ هەلّدەگیریّ. خاوەن ملّك لیّرەدا زەوی و ئاوی لەسەرەو بەرهەمەکەش بەنیوەیی بەش دەکریّ. تۆویش بایەخیّکی وای نیەو زیاتر کارخانەی قەند دەیدا. بەلاّم لەو مەلّبەندانە کە تا ئێستا پێوەندیی دەرەبەگایەتی‌یان تێدا بەهیّزە، جووتیار سوودیّکی کەم نەبیّ چنگی ناکەویّ.

چونکە خاوەن ملّك بەتەنیا خۆی پەیمانی چاندنی چەوەندەر لەگەڵ کارخانەی قەند دەبەستێ و قانوونی مەدەنی ئێران ئەو هەقە بە جووتیار نادا کە بۆخۆی پەیمان ببەستێ. خاوەن ملّك یارمەتی‌یەك لە کارخانە وەردەگرێ کە بەشی جووتیاری لێ‌نادا. پاشان کارخانە بۆ هەر تۆنێك چەوەندەر ٧٨٠ قڕان (نیزیکەی دە دۆلار) و ٦ کیلۆ قەند دەدا کە جووتیار لەوەشیان شتێکی کەمی پێ دەبڕێ و ئەویش کەوتۆتە بەر ئینسافی خاوەن ملّك.

لەبەرئەوەی چەوەندەر قازانجی بۆ خاوەن ملّکەکان زۆرە، لەهێندێك دێ دا جووتیارەکان ناچار دەکەن تەنانەت لەباتی بەرهەمەکانی تر چەوەندەریان بۆ بکەن. لە خەلیفەلیان لە ناوچەی سندووس لەکاتێك دا جووتیارەکان زۆر کاری بەپەلەی کشتوکاڵی دیکەیان هەیە، ئاغا دەستیان پێ لێ هەڵدەگرێ و بە ژن و منداڵەوە بژاری چەوەندەریان پێ‌دەکا.

لە مەڵبەندی میاندواو ئەو خاوەن ملّکانەی تەراکتۆریان هەیە، زەویی جووتیارەکان بە تەراکتۆری خۆیان دەکێڵن و کرێیان لێ‌دەستێنن. کارخانەی قەند هێکتارێك زەوی بە تەراکتۆر بە ٧٨٠ قڕان دەکێڵێ کە دەکاتە نرخی تۆنێك چەوەندەر.

### ب ـ توووتن

توووتن لەگشت مەڵبەندەکانی کوردستانی ئێران دەکرێ. رێك کەوتنی خاوەن ملّك و جووتیار بۆ بەشکردنی بەرهەمی توووتن لەسەر یەکێك لەم دوو بناخەیەیە: یەکیان ئەوەیە کە بەرهەمەکە بەنیوەیی بەش دەکەن و زەوی و ئاو لەسەر خاوەن ملّکە ـ تۆویش لێرەدا بایەخی کەمە ـ، جووتیاریش جووت و کاری لەسەرە. ئەو شێوەیە بۆنموونە لە گوندی پەسوێ لە مەڵبەندی لاجان باوە. توووتن پاش لێ‌کرانەوە کارێکی زۆری دەمێنێ کە بریتی‌یە لە پێوەکردن و وشك کردن و خاوێن کردنەوەو داگرتن. هەروەك لە چەوەندەری قەنددا خاوەن ملّك لەگەڵ کاربەدەستانی حکوومەت رێك دەکەوێ و یارمەتی‌یەکە بۆخۆی وەردەگرێ و جووتیار چاولەدەستی ئاغایە، لە توووتنیش دا لەبەر ئەوەی دەوڵەتی ئێران کڕینی توووتنی بۆخۆی پاوان کردوە، کڕین و فرۆشتنی قەدەخەیە. کەوابوو،

تووتنـەوانییش بـۆ جووتیـار رەنـج و کـوێرەوەرییـەکی زۆری هەیـەو قـازانجێکی کەمی لـێ دەست دەکـەوێ[١٦]. هەربۆیـەش خـاوەن ملّـك بـەزۆری جووتیارەکـان ناچار دەکا تووتنی بۆ بکەن، وەك لە پەسوێی لاجان باوە، ئەگەر جووتیارێکیش ئامادە نەبێ تووتن بکا، ناچاری دەکەن دراوی بەرهەمی تووتنەکە بـدا بـەخاوەن ملّك. ئەو شێوە بەرهـەم بەشکردنەش لـە مەڵبەندی شنۆیە بـاوە کـە باشـترین تووتنی ئێرانی لـێ بەرهەم دێ.

لەچـاندنی تـووتن دا زۆرجـار ملّکانـەی بـەکار "بیگـار"یـش دەخرێتـە سـەر ملّکانەی بەشتوومەك، وەك ئـەوە کـە: خـاوەن ملّـك جووتیـاری ناچـار دەکـا کـە ئەگەر بۆخۆی گەنم و جۆ دەکا، جێتووتنێکیش بۆ ئەو بکێڵێ، بێئـەوەی هیچـی لەبەرامبەر ئەو بێگارەدا پێ ببڕێ. کارەکانی تریش کرێکاری کشـتوکاڵی دەیکـا کە نیوەی بەرهەمی تووتنەکە وەردەگرێ. ئەو دابە لە نەلۆس لە مەڵبەندی شـنۆ و لەچیانە لە مەڵبەندی سندووس هەیە.

لەمەڵبەندی ورمێ کە تووتنێکی زۆری لـێ دەکرێ، بەرهەمەکە دەکرێتـە سـێ بەش: بەشێکی خاوەن ملّـك و بەشـێکی ئـەو جووتیـارە کـە زەویەکـە دەکێڵـێ و بەشێکی کرێکاری کشتوکاڵی کە تووتنەکە ڕەنێو دێنێ.

ملّکانەی تووتن لە هی دانەوێڵـە پـترەو بۆیـە ئـەو جووتیـارەی تـووتن دەکـا، هەروەك ئەوەی چەوەندەری قەند دەکا، زیاتر دەچەوسێتەوە. لێـرەدا پێویسـتە سروشتێکی تایبەتی ملّکانەی تووتن باس بکـەین، ئـەویش ئەوەیـە کـە هەرچـەند شێوەی ملّکانەی بەشتوومەکەو دەکەوێتە بەر نەزمی شەریکەبەشی، بەڵام لێرەدا بەرهەمەکـە لـەنێوان خـاوەن ملّـك و جووتیـاردا بـەش نـاکرێ، بـەڵکوو دەدرێ بەدەوڵەت کە لەجیاتی تووتنەکـە دراو دەدا. کـەوابوو، لەراسـتی دا خـاوەن ملّـك ملّکانـەی نەغـدی وەردەگـرێ و ئـەوە خـۆی قۆنـاخی تێپەڕبوونـە لەملّکانـەی بەشتوومەکەوە بـۆ ملّکانـەی بـەدراوو تەئسـیری چـاندنی بەرهەمـە تێکنیکیـەکان لەسەر پێوەنـدیـیـەکانی وەرزێـری و جیاوازی پەیـدا بـوون لـەنێو جووتیـاران دا نیشان دەدا. هەرچـۆنێك بـێ ئێمـە هـەر ئێسـتا دەبیـنین لـە کوردسـتان لـەکاتی چاندنی چەوەندەری قەندو تووتن دا ملّکانەی بەدراو دەدرێ.

---

[١٦] سەرۆك عەشیرەت بۆخۆی دراوی تووتن وەردەگرێ و هیچی نادا بە جووتیار. "ئێرانی ئێستا"، بەزمانی رووسی.

### ج ـ لۆکـه

بەزۆری پەمۆ لەجنووبی کوردستان دەکرێ و بەرهەمەکەی دەکرێتە سێ بەش کە دوو بەشـی بـۆ جووتیـارو بەشـێك بـۆ خـاوەن ملّکـە، مەگـەر لـەکاتێك دا کـە ملّکانەی زەویەکە دراو بێ.

### باخی میـوە

لە هێندێك جێگا داری بەری هەمووی هی خاوەن ملّکە، هەروەك لە "هەرسـین و کەنگاوەر" لە نیزیك کرماشان باوە[١٧]. ئەگـەر دارەکـان هـی جووتیـاریش بـن، وەك لە مەڵبەندی مەهاباد باوە، دەبێ ملّکانەی زەویەکە بدا بەخاوەن ملّك کـە بریتیە لـە سـەدی بیسـتی بەرهـەم. وا هەیـە خـاوەن ملّك بـاخی میـوە بـەکرێ دەداتە باخەوان. لە حەسەن ئاوای سنە باخەوان سێیەکێکی بەرهەم وەردەگـرێ و دوو بەشی هی خاوەن ملّکە[١٨]. لەمەڵبەندی پشتکۆش داری بێبـەر وەك بـی و سپیدار بە سێیەك بەش دەکرێ، دوو بەشی جووتیارو بەشێکی خاوەن ملّك[١٩].

لەهێندێك مەڵبەندا جووتیار هیچ هـەقێکی لـە دارودرەخـت دا نیـە، تەنانـەت ئەگەر بەدەستی خۆشی نێژرابێ. هەر لەبەر ئەوەشە کە لە کوردسـتان لێـرەواری دەستنێژ کەمە. لێرەواری تـەبیعییش ـ کـە لـە کوردسـتان زۆرەـ هـەموو کـەس دەتوانێ بە ئازادی بۆ سووتاندن یان خواردنی میوەکەی کەلکی لـێ وەربگرێ[٢٠].

لەهێندێك مەڵبەندی تردا جووتیار هەقێکی دیاریکراوی لەو داروباخاتەدا هەیـە کە بۆخۆی ناشتوویەتی، بەڵام ناتوانێ لە خاوەن ملّك بەولاوە بەکەسی بفرۆشێ و هەر کاتێك ویستی لەو دێیە بڕوا، دەبێ یان دەست لـە هـەقی خـۆی هـەڵبگرێ، یان بەنرخێکی کەم بەخاوەن ملّکی بفرۆشێ. ئەمەش مانای ئەوەیە کـە جووتیـار

---

[١٧] A. Lambton, Landlord…, p. 324.

[١٨] هەر ئەو سەرچاوەیە.

[١٩] هەر ئەو سەرچاوەیە.

[٢٠] لەمەڵبەندی مـەریوان ١٤ چەشـنە بـەر لـەداری مـازوو دەکەنـەوە. رزم آرا: "جغرافیـای نظـامی کردستان"، تاران، ل٣٥.

بەهۆی ئەو هەقەوە بە گوندەکەوە بەستراوەتەوەو لەراستی دا ئازادیی ماڵ بارکردنی نیە.

لەناوچەی ورمێ جووتیار لەناشتنی داری بێبەر کە بەشی زۆری "سپیدار"ە، نیوەی بەرهەمی پێ دەبڕێ. هەربۆیەش زۆربەی لێڕەوارە دەستنێژەکان لەو مەڵبەندەیە.

لەشیمالی کوردستان تەڕەکاری وەك خەیارو ترۆزی و شووتی و کاڵەك و سەوزی بەنیوەیی بەش دەکرێ و بەڵام لە جنووبی کوردستان بۆ وێنە ساڵی ١٩٤٩ بەرهەمەکە دەکرا بە سێبەش، دوو بەشی بۆ خاوەن مڵك و بەشێکی بۆ بێستانەوان[٢١].

## هۆیەکانی تری بەش کردنی بەرهەم

لەپێشەوە گوتمان کە شێوەی سەرەکیی مڵکانەی بەشتوومەك لە کوردستانی ئێران نەزمی شەریکەبەشییەو گرنگ بوونی پێنج هۆیەکەشمان لەهەموو شێوەکانی بەشکردنی بەرهەم دا روون کردەوە، بەڵام بێجگە لەوانەش هێندێك هۆی دیکە هەن، کە تەئسیریان لەسەر چەشنی بەشکردنی بەرهەم هەیە.

یەکەمیان رێژەوی زەوییە، چونکە هەرچی زەوی باشتر بێ و بەرهەمی زۆرتر لێ دەست کەوێ، بەشی خاوەن مڵك زیاترە. بەڵام لەو مەڵبەندانەدا کە خاکەکەیان باش نیەو جووتیار بە رەنج و کوێرەوەرییەکی زۆر نەبێ ناتوانێ بەرهەمێکی زۆر پەیدا بکا، خاوەن مڵك ناچارە بەبەشێکی کەمتر رازی بێ.

هۆیەکی تر کەمی و زۆریی کرێکاری کشتوکاڵییە، چونکە هەر ئەندازە ژمارەی کرێکارانی کشتوکاڵی لەچاو زەوییە بەراوەکان زیاتر بێ، بەشی خاوەن مڵك دەچێتە سەرو هەرچی کەمتر بێ، دێتەخوار. ئەمجار لەو شوێنانەش کە زۆربەی دانیشتووان خەریکی ئاژەڵدارین، بەشی خاوەن مڵك لە بەرهەمی کشتوکاڵ کەمترە.

لەپێشەوە گرنگ بوونی رایەڵەی ئاودێریمان باس کرد. جا خاوەن مڵك کاتێك دەتوانێ ئاو بە یەکێك لەو پێنج هۆیە دابنێ، کە دەستەبەر بێ ساڵانی

---

[٢١] A. Lambton, Landlord, p.324

وشکەسالّیش زەوییەکە بێئاو نەبێ، ئەگەرنا، ناتوانێ ئەو بایەخە بۆ ئاو دابنێ کە بیهێنێتە ریزی هۆیەکانی تر. کاتێک زەوییەکە بەپیتژەو بێ و رایەڵەی ئاودێریی باشیشی هەبێ و هێزی کاریش زۆر بێ، خاوەن ملّك هەوڵ دەدا بۆخۆی بنەتۆوەکەش بداو ئەگەر نیوەتۆو بدا نیوەی بەرهەم وەردەگرێ و ئەگەر هەموو بنەتۆوەکە بۆخۆی بیدا سێ لەسەر پێنجی بەرهەمی دەست دەکەوێ. دیارە حیسابی خاوەن ملّك راستەو لەسەر تاقیکردنەوە دانراوە. ئێمە بۆنموونە خاوەن ملّکێك لەبەرچاو دەگرین کە دوو پارچە زەوی هەیە: ئا ـ ب ـ کە یەکەمیان یەك بەچوار دەبرێ و دووهەمیان چونکە بەرێژەوترە، یەك بەدە:

| پارچەی (أ) | تۆو | بەرهەم | بەشی خاوەن ملّك | بەشی جووتیار | ملّکانە |
|---|---|---|---|---|---|
| خاوەن ملّك بنەتۆو بدا(کیلۆ) | ١٥٠ | ٦٠٠ | ٣٦٠ $\frac{٣}{٥}$ | ٢٤٠ $\frac{٢}{٥}$ | ٢١٠ |
| جووتیار بنەتۆو بدا (کیلۆ) | ١٥٠ | ٦٠٠ | ٢٠٠ $\frac{١}{٣}$ | ٤٠٠ $\frac{٢}{٣}$ | ٢٠٠ |

ئەوە نیشان دەدا کە خاوەن ملّك ئەگەر بۆ زەوییەکی خراپ بنەتۆو بدا، تەنیا دە کیلۆی زیاتر دەست دەکەوێ. خۆ ئەگەر حیسابی ئەوەش بکەین کە زۆر چەشنە فەتای تەبیعییش هەرەشە لە بەرهەم دەکەن، باشتر بۆمان دەردەکەوێ کە بۆچی خاوەن ملّك حەز ناکا بنەتۆوی ئەو چەشنە زەوییانە بدا. بێجگە لەوەش خاوەن ملّك ١٥٠ کیلۆ گەنمی بۆ دەمێنێتەوە بۆ بەهارێ کە جووتیار برسی و نەدارەو دەتوانێ ئەو ١٥٠ کیلۆ گەنمەی بە قەرزی سەر خەرمان بداتێ بە ٢٠٠ کیلۆ، یان زیاتر. کەوابوو، خاوەن ملّك ئەگەر بنەتۆوەکە نەدا، لەوێ ٢٠٠ کیلۆ ملّکانەی زەوی وەردەگرێ و لێرەش ٥٠ کیلۆ سوودی قەرزەکە، لەکاتێك دا ئەگەر بنەتۆوەکە خۆی بیدا تەنیا ٢١٠ کیلۆی بەناوی ملّکانە دەست دەکەوێ.

بەڵام لە پارچە زەوی (ب) دا کە رێژەوی پترە، وەزعەکە زۆر جیاوازیی هەیە.

| پارچەی (ب) | تۆو | بەرهەم | بەشی خاوەن ملك | بەشی جووتیار | ملكانە |
|---|---|---|---|---|---|
| خاوەن ملك بنەتۆو بدا (كیلۆ) | ١٥٠ | ١٥٠٠ | ٩٠٠ ٣/٥ | ٦٠٠ ٢/٥ | ٧٥٠ |
| جووتیار بنەتۆو بدا (كیلۆ) | ١٥٠ | ١٥٠٠ | ٥٠٠ ١/٣ | ١٠٠٠ ٢/٣ | ٥٠٠ |

ئەم حیسابە بۆمان دەردەخا كە بۆچی خاوەن ملك پێی خۆشە بنەتۆوی زەوییە باشەكان لەسەر خۆی بێ، چونكە بەشی ئەو ٢٥٠ كیلۆ فەرق دەكا، یانی ئەگەر بنەتۆوەكە بۆخۆی بیدا، سەدی پەنجا لەوەی زیاتر دەست دەكەوێ كە بنەتۆوەكەی نەدا.

لەمەوپێش باسی ئەوەشمان كرد كە دووریی زەوییەكە لەشارو بازاڕ بەشێوەیەكی گشتی تەئسیر دەكاتە سەر چەشنی دابەشكردنی بەرهەم لەنێوان جووتیارو خاوەن ملك دا. یانی هەتا زەوییەكە لەشار دوور بێ، بەشی خاوەن ملك كەمترەو هەتا نیزیك تر بێ، زیاترە. كەوابوو، لەچوارچێوەی نەزمی شەریكەبەشی دا خاوەن ملك بێجگە لە ملكانەی ئەسڵی چەند چەشنە ملكانەیەكی تریش بەگوێرەی هەلومەرجی زەوییەكە وەردەگرێ.

لە بەرهەمە تێكنیكیەكان دا وەك توتن و چەوەندەری قەند خاوەن ملك دەتوانێ بەزۆر چەشنە فێڵ و تەڵەكە بەشی خۆی زیاتر بكا، وەك لەپێشەوە گوتمان ئەو جووتیارانەی توتن و چەوەندەر دەكەن، بەتوندترین شێوە دەچەوسێنەوە. هێندێك جار بەشی جووتیار لەبەرهەمی دانەوێڵەش لەو بەشە دەبەسترێ كە لە بەرهەمە تێكنیكیەكان دەستی دەكەوێ. بۆ وێنە خاوەن ملك بەڵێن دەدا لە زەویی بەراویش هەر سێ یەكێكی لێ بستێنێ، بەو شەرتە جووتیار توتنی بۆ بكا كە دوو بەشی بە خاوەن ملك دەبڕێ.

بێجگە لەوانەش پێویستە داب و شوێنی ناوچەكان و پێوەندییەكانی عەشیرەتگەرییو...هتد لە بەشكردنی بەرهەم لەسەر بنچینەی شەریكەبەشی دا لەبەرچاو بگرین. ئەم داب و شوێنانە زیاتر قازانجی خاوەن ملك دەپارێزن. بەڵام

هێندێك جاریش ڕێدەکەوێ خزمەتی قازانجی جووتیارەکان بکەن، بەتایبەتی لەوکاتەدا کە ئەساسی "بەرابەری" لەگۆڕێ دا مابێ. لەهێندێك لەو مەڵبەندانە کە جووتیارەکان زەویی خۆیان هەیە وەك (بانە) لە سنووری عیراق داب وایە کە ۱۰٪ی بەرهەمی خۆیان بدەن بە "خان"، ئەو دابە لە مەڵبەندە دوورکەوتووەکان دا نەبێ نابینرێ. لەهێندێك شوێنی دیکە جووتیار هەرچەند خاوەنی زەویی خۆیەتی، ناچار دەکرێ شتێك بدا بە ئاغادێ، بەڵام ئەوە ئیتر وەك بەشێك لە بەرهەم نیە.

هەر لەگەڵ دروێنە پێگەیشتن نوێنەری خاوەن ملك بۆخۆی بەسەر ڕا دەگا[۲۲] کاتێك خەرمانیش سوور بوو، بەرهەم لەپێش چاوی خەڵك بە بەشداریی جووتیارو نوێنەری خاوەن ملك بەش دەکرێ. لە هێندێك مەڵبەند وەك سندووس و مەهاباد بۆ چاوەدێری بەشکردنی بەرهەم "سەرکار" دیاری دەکرێ.

بەپێی ڕێککەوتنی جووتیارو خاوەن ملك و بەپێی ڕادەی ملکانە بەرهەمەکە دەکرێتە دوو یا سێ بەشی وەك یەك و پشکی لێ داوێن، بەڵام هێندێك جار خاوەن ملك یا نوێنەرەکەی دەکرێن بە سەرپشك. زۆر وا هەیە ڕۆژی خەرمان هەڵگرتن جووتیار دەبێ میوانداری‌یەکی باش بۆ خاوەن ملك و نوێنەرەکەی و ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ئاوایی بکا کە بەشداری خەرمان هەڵگرتنەکە بوون.

## ۲ـ ملکانەی بەدراو

لەپێش دا گوتمان کە ملکانەی بەدراو لە کوردستانی ئێران تا ئێستا بەتەواوی پەرەی نەگرتوە، بەڵام زۆر بەتوندی دەچێتەپێش و بەرەبەرە جێگای ملکانەی بەشتوومەك دەگرێتەوە.

---

(۲۲) ڕێگای چاوەدێری زۆر شتێکی ساکارە. نوێنەری خاوەن ملك مۆرێکی گەورە لەدار دروست دەکا کە پێی دەڵێن (شەقڵ). ئەو مۆرە ۳۰ سانتیمیتر درێژو ۲۰ سانتیمیتر پانەو نیشانەی خاوەن ملکی لێ هەڵقەندراوە. هەموو جارێ کە خەرمانەکە کۆ دەبێتەوە نوێنەری خاوەن ملك سووری خەرمانەکە بەو شەقڵە مۆر دەکا. تا بەیانی ئەگەر ئەو مۆرە تێك بچێ نیشانەی ئەوەیە جووتیار دزیی کردوەو هەرچەند نوێنەری ئاغا دایبنێ، دەبێ بیبژێرێ ـ د.

ملّكانەی بەدراو لەسەر شێوەی سەرمایەداری ساخ نەبۆتەوە کە لەوێدا سێ چینی جیاوازی خاوەن ملّك و سەرمایەدارو کرێکار لە کشتوکالّدا کار دەکەن. بەلّکوو ئەو ملّکانە بەدراوە:

**"... ملّکانەیەکی زەوییە کە بناخەکەی تەنیا گۆڕانێکە کە بەسەر ملّکانەی بەشتوومەك دا دێ، هەروەك ئەو شێوەیە گۆڕانێکە کە بەسەر ملّکانەی بەکاردا دێ"[٢٣].**

ئەم ملّکانەیە کە وەرزێر پاش فرۆشتنی بەرهەم بەدراو دەیدا بەخاوەن ملّك، تایبەتی سەردەمی تێکچوونی دەرەبەگی و پێکهاتنی پێوەندییەکانی سەرمایەدارییە. لەبارەی ئەو ملّکانە بەدراوەوە کە لە کوردستانی ئێران دا باوە، پێویستە ئەم سروشتانەی خوارەوە باس بکەین: یەکەم، ملّکانەی بەدراو وێڕای ملّکانەی بەشتوومەك و ملّکانەی بەکار لەگۆڕێ دایەو زیاتر وەك تەکمیلی ئەوەکانی ترە. دووهەم، ئەو شێوەیە لە بەرهەمە سەرەکییەکان دا وەك دانەوێڵە نابینرێ کە تا ئێستاش نەزمی شەریکەبەشی وەك شێوەی ملّکانەی بەشتوومەك شێوەی هەرە گرنگی ملّکانەیە. ملّکانەی بەدراو زیاتر لە بەرهەمە تێکنیکی-یەکان و بێستانەوانی دا هەیەو زۆر وا هەیە لە ئاژەلّدارییش دا دەبینرێ.

لەپێشەوە دیتمان کە ملّکانەی دوو بەرهەمی گرنگی تێکنیکی وەك تووتن و چەوەندەری قەند بەو جۆرە دەدرێ کە بەرهەمەکە بەگوێرەی نەزمی شەریکەبەشی بەش دەکرێ، بەلاّم خاوەن ملّکیش و جووتیاریش بەشی خۆیان بەدراو وەردەگرن. دیارە ئەوە ملّکانەی بەشتوومەك نیە، بەلاّم هەر لەوکاتەدا نەش بۆتە ملّکانەی بەدراوی راستەقینە. چونکە ئەو پێوەندییانە کە مافەکانی نێوان جووتیارو خاوەن ملّك دیاری دەکەن، نەگۆڕاون:

**"ملّکانەی بەدراو ئەو پێوەندییە لەمێژینانە کە لەنێوان رەعیەت و خاوەن ملّك دا هەبوون و مافەکانیانی دیاری دەکرد، دەگۆڕێ و دەبن بە پێوەندییەکی دراویی تەواو کە بەگوێرەی قانوون لەسەری رێك دەکەون و ئەودەم جووتیار تەنیا ئیجارەداری زەوییەکەیە"[٢٤].**

---

[٢٣] ك. مارکس: "سەرمایە"، بەرگی سێهەم، ل٧٧٧.

[٢٤] ك. مارکس: "سەرمایە"، بەرگی سێهەم، ل٧٧٨ـ٧٧٩.

هەربۆیەش بەقۆناخی تێپەڕبوون لەملّکانەی بەشتوومەکەوە بۆ ملّکانەی بەدراو دەژمێردرێ. بۆ چاندنی پەمۆ ملّکانەی بەدراو وەردەگیرێ و بۆ هەر پارچە زەوییەك کە بگاتە ١٠٠٠ میتری چوارگۆشە ملّکانە دەگاتە ١٠٠٠ قران(٢٥).

ملّکانەی بەدراو هەروەها لەبێستانەوانی و بەرهەمی میوەدا باوە، وەك لە نەلّۆس کە خاوەن ملّك سالّێ ١٠٠٠٠٠ قران ملّکانەی رەزەکانی وەردەگرێ. لەدەوروبەری میاندواو داری بەری هی جووتیارەکانەو لە سالّی ١٩٤٥ دا بۆ هەر ١٠٠ میتری چوارگۆشە قرانێکیان داوە(٢٦)، لە ورمێش کە باخداری زۆرە، چەشنە داب‌وشوێنێکی وا لەگۆڕێ دایە.

ملّکانەی بەدراو لەلادێ لە خانووش دەستێندرێ، هەرچەند جووتیارەکان بۆخۆیان خانوو دروست دەکەن و خاوەن ملّك لەدارو کاریتە بەولاوە هیچیان ناداتێ، بەلاّم دیسانیش خانووەکە سەرتاسەری ملّکی خاوەن ملّکە، لەوەڕا دەردەکەوێ کە جووتیارەکان بۆچی کەمتر گوێ دەدەنە رێك‌وپێکیی خانووەکانیان و لە ئەنجام دا وەزعی جێگاو رێگاو خانووبەرە لەلادێی کوردستان بۆچی هێندە لەدوایە. لە مەلّبەندی مەهاباد لە هەر خانوویەك ٥٠ تا ٣٠٠ قران دەستێنن و لە هێندێك شوێنی تر جوتبەندە هیچ نادا، بەلاّم رەشاییەکان سالّی ٢٠ تا ١٢٠ قران دەدەن. لە مەلّبەندی مەنگوڕان لە نیزیك مەهاباد جووتبەندەکان کرێ خانوو نادەن، بەلاّم ئەوانەی خەریکی ئاژەلّدارین و تەنیا زستانان دێنەوە نێو دێ، دەبێ سالّی ٣٠ تا ٧٠ قران بدەن. رەنگە ملّکانەی خانوو زۆر کەم بێتە بەرچاو، بەلاّم نابێ لەبیرمان بچێ کە خانووەکە بۆ خاوەن ملّك لەدارو کوّلّەکە بەولاوە هیچی تێنەچووەو ئەمجار زۆربەی مالّەکان تەنیا ژوورێکیان هەیەو پاشان ئەو جووتیارەی لە دێ دا نیشتەجێیە دەبێ هەموو چەشنە بێگارێك بۆ خاوەن ملّك بکا. لەلایەکی تریشەوە کرێکاری کشت‌وکالّی لەبەرئەوەی پلەی ژیانی یەکجار نزمە، زۆر بەزەحمەت دەتوانێ ٥٠ قرانەکەش دابین بکا.

ملّکانەی دوکانەکانی لادێ زۆر گرانە، لە پەسوێ سالّی دەگاتە ١٥٠٠٠ قران و لە قەلاّتان دەگاتە ١٠٠٠٠ قران و لە خەلیفەلیان ٢٠٠٠٠ قران. خاوەن ملّکەکان

---

(٢٥) زانراوەکانی سەر پەمۆ هی خوزستانن کە لە جنووبی ئێرانەو دراوسێی کوردستانی ئێرانە.
(٢٦) A. Lambton, Landlord, p. 324.

سەدان دوکانیان لە بۆکان و سندووس هەیە. چەند ساڵ لەمەوبەر ژمارەی دانیشتووانی بۆکان تەنیا ٣٠٠٠ کەس بوو، بەڵام ٣٠٠ دوکانی لێ بوو کە ئەوانیش و خانووەکانیش هەموویان ملکی دەرەبەگەکانی تایەفەی ئیلخانی بوون. لەسندووسیش وەزعەکە هەر بەو جۆرەیە. ژمارەی دانیشتووانی سندووسیش تەنیا ٥٠٠٠ کەسە، بەڵام بە سەدان دوکانی تێدایە. خاوەن ملك ڕێگا نادا هیچ کەس شتوومەکی فرۆشتن لەسەریەك بکێشێ، بەڵکوو دەبێ شتوومەکی فرۆشتن هەمووی لە مەیدانێکی تایبەتی قەپان بکرێ کە خاوەن ملك ساڵێ ٢٣٠٠٠٠ قرانی لێ دەست دەکەوێ.

خاوەن ملکەکان ئیجارەیەکی زۆریش لەو قاوەخانانە دەستێنن کە لەسەر کاروانەڕێیەکان چای دەفرۆشن: بۆنموونە ئاغای دێبۆکر لەنیزیك مەهاباد لە دوو قاوەخانەی وا ساڵێ زیاتر لە ٧٠٠٠ قران وەردەگرێ.

بەربڵاوترین شێوەی ملکانەی بەدراو مەختەیە، کە لە دێبۆکر هەر جووتبەندەیەك دەبێ ساڵی ٥٠٠ تا ١٠٠٠ قران بدا. لەهێندێك مەڵبەند مەختە لە جووت دەستێندرێ واتە کەسێك دوو جووتی هەبێ، دەبێ دوو مەختە بدا، ملکانەی بەدراو لێرەدا سەرەڕای ملکانەی بەشتوومەك وەردەگیرێ. ساڵی ١٩٤٥ لە کەنگاوەر لەناوچەی پشتکۆ مەختە گەیشتۆتە سێ کیلۆ ڕۆن و سێ مریشك و ٢٠٠ قران و لە حەسەن ئاوای نیزیك سنە گەیشتۆتە ١/٥ کیلۆ ڕۆن و چوار مریشك و ١٠٠ قران.

زۆر جار ملکانەی لەوەڕگەکانیش بەدراو وەردەگرن، ئەویش هێندێك جار ڕادەیەکی دیاریکراوەو هێندێك جار بەپێی زۆرو کەمیی ئاژەڵ، واتە شاخانە دەستێنن کە ساڵێ لە ٥ قرانەوە تا ٢٠ قرانە، ئەو ملکانەیەش زۆربەی وەخت سەرەڕای ملکانەی بەشتوومەکە. شاخانە بەگوێرەی پێداویستیی دەرەبەگ و خاوەن ملکەکان دیاری دەکرێ[٢٧]. ئەگەر دەرەبەگ چووە پایتەخت یا دەرەوەی وڵات ملکانەکە بەپێی ژمارەی ئاژەڵ، یا بەپێی سامان و دارایی وەرزێر داوا دەکا. لە مەڵبەندی سەقز ملکانەی لەوەڕگەکان بۆ هەر ماڵێك دەگاتە ١٥٠ تا ٢٠٠ قران.

---

[٢٧] لە پشتکۆی لوڕستان "... بزن و مەڕ بە دووشاخ دادەنرێ و گوێدرێژ بە سێ شاخ و یەك سم بە چوارشاخ" لامبتۆن، ٢٩٠.

وەك لەپێشەوە گوتمان ملّکانەی بەدراو نیشانەی لەنێوچوونی دەرەبەگایەتی و پێگەیشتنی پێوەندییەکانی سەرمایەدارییە. لە کوردستانی ئێران پرۆسەی لەنێوچوونی دەرەبەگی گرنگتربوونی ملّکانەی بەدراوی لە وەرزێری دا دەگەڵە. پەرەئەستاندنی پێوەندییەکانی بازاڕ رۆڵی ملّکانەی بەدراو زیاتر دەکەن. بەلاّم ئەم پێوەندییانە خۆشیان بە پەرەئەستاندنی ملّکانەی بەدراو توندتر گەشە دەکەن و ئەم ملّکانەیەش رێگا بۆ ملّکانەی سەرمایەداری خۆش دەکا.

### ٣ـ ملّکانەی بەکارو کۆیلەتیی جووتیار

لە هەموو شوێنێکی کوردستان ملّکانەی بەکار دەبینرێ و شێوەی هەرە بەربلاّوی ئەو ملّکانەیەش بێگارە. جووتیارەکان دەبێ هەموو چەشنە کاروبارێکی کشتوکاڵ و قوڕەکاری و هتد بۆ خاوەن ملّك بکەن.

رادەی بێگار لە مەڵبەندە جۆربەجۆرەکان دا جیاوازیی هەیە، لە هێندێك جێگا حەوت رۆژەو لە هێندێکی تر دەگاتە دوو مانگ، خاوەن ملّك لە هەر وەختێك دا بیهەوێ دەتوانێ بێگار دەنگ بداو هەرچی پێوەندیی دەرەبەگایەتی بەهێزتر بێ نۆرەبێگار زۆرترو بەردرێژترە. بۆیە لەو شوێنانەی پێوەندیی ئاڵوگۆڕیان تێدا پەیدا بووە، بەتایبەتی لەنیزیك شارەکان بێگار یان بەتەواوی هەڵگیراوە، یان زۆر کەم بۆتەوە.

لە حەسەن ئاوا بێگار لەسەر جووت دادەنرێ و بریتییە لە حەوت رۆژەکاری جووتیارو چوار رۆژە کاری گوێدرێژێك لە ساڵدا. بێجگە لەوەش جووتیار دەبێ دوو رۆژ کار لە باخی خاوەن ملّك دا بکا(٢٨). لەو مەڵبەندانە کە ئاژەڵدارییان تێدا باوە، جووتیارەکان دەبێ تفاقی تەواو بۆ ئاژەڵ و پاتاڵی دەرەبەگ دابخەن، هەروەك لە سەرووکانی لە مەڵبەندی لاجان دەبینرێ. لەو دێیە ئەگەر جووتیار حازر بێ تووتن بکا کە قازانجی خاوەن ملّکی زۆر تێدایە، بێگاری زۆر کەم پێ دەکەن و ئەگەر شەتڵ لەسەر خاوەن ملّك بێ (کە ئەودەم بەشی لە تووتنەکە پترە)، ئەوە جووتیار بەیەکجاری بێگاری لەسەر لادەچێ. لە پەسوێ خاوەن ملّك دەیان هێکتار لە باشترین زەوییەکانی دەکاتە تووتن و بەبێگار ڕەنێوی دێنێ.

---

(٢٨) A. Lambton, Lanlord, p. 331.

لەهێندێك مەڵبەندی دیکە وەك ورمێ جووتیارێکی تووتن بکا، سێ یەکێکی بەرهەمی کشتوکاڵ لەباتی ئەوە وەردەگرێ. لە پەسوێ خاوەن ملك جووتبەندەکان ناچار دەکا کە جێتووتنەکانی بەجووتی خۆیان بۆ بکێڵن، پاشان بەکرێکاری کشتوکاڵی ڕەنێویان دێنێ کە بەشێك لە بەرهەمەکەیان پێ دەبڕێ. سەرەڕای ئەوانەش خاوەن ملك هەقی هەیە لە هاوین دا هەر جووتبەندەی ٤٠ ڕۆژ بێگاری پێبکا.

لەنەلۆس لە مەڵبەندی شنۆ جووتبەندە ناچارە بێجگە لەزەویی خۆی ٣ــ٥ هێکتار زەوی بە بێگار بکێڵێ کە پاشان ڕەشاییەکان ڕەنێوی دێنن[٢٩]. بێجگە لەوەش هەموو خزمەتێکی زەویی خاوەن ملك لەسەر جووتیارەکانە. لە هەموو دێیەکانی کوردستانی ئێران دا خاوەن ملك هەرکاتێك کەیفی لێبێ دەتوانێ جووتیارەکان بەرێتە بێگار.

**"... لە مەڵبەندی سەقز جووتبەندە ئەوەشی لەسەرە کە چەند ڕۆژ بەخۆی و گوێدرێژێکەوە کاری خاوەن ملك بکاو هەر کاتێکیش خاوەن ملك داوا بکا، دەبێ لەزەویی ئەودا کار بکا. بەم جۆرە هەرکات خاوەن ملك ویستی زەوی-یەکەی بکێڵێ، یا گەنمەکەی بدروێتەوە، یا هەر کارێکی دیکەی کشتوکاڵی بکا، جووتیارەکان لەسەر کاروکاسبی خۆیان هەڵدەپچڕێ و دەیان باتە بێگارو لە نان بەولاوە هیچ کرێیەکیان ناداتێ"[٣٠].**

لەهێندێك مەڵبەندی مەهابادو سندووس دا چەشنە بێگارێك هەیە پێی دەڵێن بەندەوانی، لە خەلیفەلیان (مەڵبەندی سندووس) هەموو جووتبەندەیەك دەبێ بۆ ماوەی چوار مانگ پیاوێك بگرێ بۆ بەندەوانی و ٨٨٠ کیلۆ گەنمی بداتێ. بەندەوان هەموو کارێك بۆ خاوەن ملك دەکا، لە قورەکارییەوە بگرە تا پاکردنەوەی کارێزو هتد. ژمارەی بەندەوانەکان لەگوندی قومقەلا دەگاتە ٦٠ تا ٨٠ کەس. بەلام ئەگەر جووتیار سێیەك بەری بکا، بەندەوانیی لەسەر هەڵدەگیرێ. هێندێك مەڵبەند بێجگە لە بەندەوانی چەند چەشنە بێگاری دیکەشیان هەیە.

---

[٢٩] زۆر جار جووتیارەکان دەبێ ئەو زەوییەی بۆ مەلا دانراوە بەخۆڕایی بکێڵن ـ د.

[٣٠] A. Lambton, Lanlord, p. 331.

لەنێو عەشیرەتە نیوەکۆچەرییەکان دا بێگار یان هەر نیە، یان تەنیا هێندێك کاروباری ساکارو هاسانە، لەو مەڵبەندانەش کە خەڵکەکەیان هەر خەریکی ئاژەڵداریین وەك دەشتەبێڵ بێگار هەر نیە. ئاژەڵدارانی مەڵبەندی مەنگوڕ لەناوچەی مەهابادیش هیچ چەشنە بێگارێکیان لەسەر نیە.

زۆر وەخت جووتیارەکان بۆ زۆر چەشنە کاری خاوەن مڵك و دەوڵەت بەبێگار دەگیرێن، هەروەك هەزاران جووتیار بۆ دروست کردنی شەقامە دەوڵەتییەکان بە بێگار گیراون. لەم دواییانەدا کە خاوەن مڵکەکانیش ترۆمبیلیان کڕیوە جووتیاران ناچار کراون ڕێگا بۆ ئەو ترۆمبێلانەش دروست بکەن. لە پەسوێ ١٨ کیلۆمیتر ڕێگایان بە جووتیاران دروست کردووەو لە نەڵۆس ١٥ کیلۆمیتر ڕێگایان بۆ ترۆمبێلی خاوەن مڵك پێ لێداون.

ئەو خاوەن مڵکانەی لەشار دادەنیشن خانووی خۆشیان و خزمەکانیشیان بەبێگار دروست دەکەن. ئەگەر بمانەوێ بە کورتی چەشنەکانی کاری بێگاری دەست نیشان بکەین، ئەو لیستەی خوارەوەمان دێتە دەست کە هێشتاش ناتەواوە:

١- دروست کردنی خانوو و ڕێگا بۆ دەوڵەت و خاوەن مڵك.

٢- پاك کردنەوەی کارێزەکان و هەموو کاروبارێکی ئاودێری.

٣- گواستنەوەی بەشە بەرهەمی خاوەن مڵك بۆ هەرکوێیەك بڵێ.

٤- کێڵانی چەند پارچە زەوییەك بێجگە لەوەی جووتیار بۆخۆی ڕەنێوی دێنێ.

٥- کۆکردنەوەو کێشانی تفاقی زستانی مەڕوماڵاتی خاوەن مڵك.

٦- ڕەنێوهێنانی نیزیکەی هێکتارێك زەویی خاوەن مڵك.

٧- دەبێ هەموو جووتبەندەیەك سێ چوار مانگ بەندەوانێك نان بدا بۆ کاروباری خاوەن مڵك.

٨- بەخێوکردنی چەند سەر ئاژەڵ بۆ خاوەن مڵك.

٩- ئامادەکردنی وڵاخی باری بۆ گواستنەوە هەرکاتێك خاوەن مڵك بیهەوێ.

١٠- کەسێك وڵاخی سواریی هەبێ هەرکات خاوەن مڵك داوا بکا دەبێ وێی بدا.

١١ـ كۆكردنەوەو هێنانەوەی ئاوردووی زستان بۆ خاوەن ملّك، وەك دار كە جاری وا هەیە چەند كیلۆمیتر لە دێ دوورە، یا تەپاڵە كە لە ریخی ئاژەڵ دروست دەكرێ.

ئەو لیستە نیشان دەدا كە بێگار وەك گرنگترین پاشماوەی پێوەندیی دەرەبەگایەتی تا ئێستاش لە كوردستان دا ماوەو كۆسپێكی رێگای پێشكەوتنی وڵاتەكەیە. كەوابوو لەنەزمی ملّكانەی بەشتوومەك دا زێدەوەخت زۆر كەمەو جووتیارانی كوردستانی ئێران لەبەر بێگاری زۆر وەختی ئەوەیان نیە زێدەكار بۆخۆیان بكەن.

ئەو هەلومەرجانەی باسمان كردن دەبنە هۆی نزم بوونی بەرهەمی كشتوكاڵ و بەسترانەوەی جووتیار بە خاوەن ملّك و تا رادەیەك لەجێی خۆ وەستانی پێوەندییەكانی وەرزێری، كە ئەوەش دەبێتە كۆسپی پەیدابوونی جیاوازی لەنێو چینی جووتیاردا، نەزمی بێگاریش سەرەڕای ئەو هەموو چەوسانەوەیە یارمەتیی خەباتی چینایەتی لەلادێدا دەدا.

جووتیارەكان هەروەك كۆیلەكان دەبێ ئەم پێتاكە زیادییانە بە شتوومەك یان بەدراو بدەن بە خاوەن ملّك:

١ـ "مەڕانە" كە بریتییە لە دە قران یا رادەیەك رۆنی كەرە بۆ سەرێك مەڕو بزن.

٢ـ "فڕووجانە" كە ساڵی ٥ تا ١٠ مریشكە.

٣ـ "هێلكانە" ژمارەیەك هێلكەیە كە بەگوێرەی فەسڵ دەگۆڕێ.

٤ـ "تەپاڵانە" ٢٠٠ تا ٥٠٠ تەپاڵەیە.

٥ـ "رۆنانە" ٢ تا ١٦ كیلۆ رۆنی كەرەیە. مەڕدارەكان دەبێ خوری و پەنیرو شتی تریش بدەن.

٦ـ "گوریسانە" كرێی گوریسە كە دەگاتە ٥٠ قران.

٧ـ "میوانانە" كاتێك ئاغا یا نوێنەرەكەی میوانیان هەبێ، كەلە كوردستانیش یەكجار زۆرە، جووتیار دەبێ میوانانە بدا كە یان دراوە، یان شتێكی دیكە. هەروەها دەبێ لە دامەزراندنی میوانەكان و بەخێوكردنی وڵاخی میوانەكانیش دا بەشدار بێ، بەڵام خواردنی میوانەكان لەسەر خاوەن ملّكە.

٨ـ "جێژنانە" هەموو جێژنێك بەتایبەتی رەمەزانو قوربان جووتیارەکان دەبێ دیارییەك بەناوی جێژنانە بۆ خاوەن ملّك بەرن.

٩ـ "سەرخۆشانە" کاتێك کەسێکی خاوەن ملّك بمرێ، دەبێ دیارییەك بەناوی سەرخۆشانە بدەن.

١٠ـ "سوورانە" بۆ ئەوەی جووتیارێك بتوانێ ژن بۆ کورو برازاو خوشکەزای خۆی بێنێ، دەبێ دیارییەکی بەنرخ بەناوی سوورانە بۆ ئاغا بەرێ. لەو مەڵبەندانە کە ئاژەڵدارییان تێدا هەیە ئەو دیارییە کاورو تەنەکە رۆن و بەران و تەنانەت ئەسپیش دەبێ و لە شوێنەکانی دیکەش دراو.

١١ـ "جەریمە" ئەگەر جووتیارێك جوابەجەنگیی ئاغا بکا، یان زیانی جووتیارێکی دیکە بکا، ئاغا شتێکی بەناوی جەریمە لێدەستێنێ.

١٢ـ ئەگەر جووتیارێك مردو میراتگری نەبوو، خاوەن ملّك میراتەکەی دەگرێ، وا هەیە میراتگری شەرعییشی هەیە، بەڵام ئاغا بەشێك لە میراتەکەی هەر دەستێنێ.

١٣ـ رێ دەکەوێ جووتیار لەسەر بێئەمرییەکی بچووکی خاوەن ملّك ساف لە ساف تاڵان دەکرێ.

١٤ـ "بێگارانە"، ئەگەر جووتیارێك حازر نەبێ بێگار بکا، دەبێ بێگارانە بداو بەو حاڵە بێگارەکەشی هەر پێدەکەن.

بێجگە لەو ئەرکانە کە خاوەن ملّك دەیان خاتە سەر شانی جووتیاران، هێندێك ئەرکی تریشیان لە بەرامبەر ئاواییدا لەسەر شانە.

پێش هەموو شتێك دەبێ باسی ئەو شتانە بکەین کە جووتیار دەیان دا بەپیاوە ئایینییەکان:

١ـ مەلا لە هەموو جووتبەندەیەك ١٦٠ـ٢٤٠ کیلۆ گەنم و لە رەشایی ٥٠ـ٨٠ کیلۆ گەنم بەرات وەردەگرێ. ئەگەر مەلا بیهەوێ بۆخۆی کاسبی بکا، پارچە زەوییەکی دەدرێتێ کە ملّکانەی لێ ناستێندرێ و جووتیارەکانیش بە ئامرازی خۆیان بۆی دەکێڵن.

لە رەمەزان دا مەلا "سەرفترە" وەردەگرێ کە بۆ هەر سەرێکی خێزان دوو کیلۆ گەنمەو ئەگەر کەسێکیش گەنمی نەبێ بیدا، دراوی دوو کیلۆ گەنمەکە دەدا.

لەجێژنی قوربان دا کە جووتیارەکان قوربانی دەکەن پێستی حەیوانەکە دەدرێ بە مەلا.

٢ـ ئەوانەی مریدو دەروێشی شێخەکانن پێویستە ساڵێ جارێك دیاری بۆ ماڵی شێخ بەرن کە بەگوێرەی دەست رۆیشتن فەرق دەکا.

٣ـ لەزۆربەی دێیەکانی کوردستان مزگەوت هەیە کە خزمەت و بەخێوکردنی لەسەر جووتیارەکانە. هەموو جووتبەندەیەك دەبێ بەگوێرەی دابوشوێنی مەڵبەندەکە ساڵێ ١٦ــ٣٠ کیلۆ گەنم بدا بە مجێور[٣٠].

مزگەوت راگرتن فەقێ راگرتنیشی لەگەڵە، لە هەر مزگەوتێك دا ٥ــ١٥ فەقێ هەیە کە مەلا دەرسیان پێ دەڵێ و جووتیارەکان بەخێویان دەکەن.

جووتیارەکان هێندێك ئەرکی دیکەشیان لەسەرە کە ساڵیانە دەبێ بەجێیان بگەیەنن:

١ـ ٨٠ـ٣٢٠ کیلۆ گەنم دەدەن بە "دهبان"، کە نوێنەری رەسمیی دەوڵەتەو زیاتر خزمەتی قازانجی خاوەن مڵك دەکا. هەربۆیەش خاوەن مڵك بۆخۆی پێتاکەکەی بۆ دەستێنێ.

٢ــ ٥٠ــ١٦٠ کیلۆ گەنم دەدەن بە "کوێخا" کە حەکەمێکی خۆوڵاتییەو لەراستی دا داردەستێکە بۆ ئەو خاوەن مڵکەی دایدەنێ. بەراتی کوێخا لە مەڵبەندەکانی کوردستان دا فەرق دەکا.

٣ـ ١٦ـ٨٠ کیلۆ گەنم دەدەن بە "گزیر" کە بەرپرسی راگرتنی دابوشوێن و نیزام و رێكوپێك کردن و خاوێن کردنەوەی کارێزەکان و ئەو چەشنە کاروبارە هەرەوەزییانەیە. ئەویش بەزۆری لە کوردستان دا دەبێتە چاوەدێریکەری خاوەن مڵك لەسەر جووتیاران.

٤ـ لە هەر پارچە زەوییەك دەبێ ٢٠ کیلۆ گەنم بدەن بە "سەرکار" کە بەسەر خەلەو خەرمان و بەشکردنی بەرهەم رادەگا. لەهێندێك جێگا سەرکار نیە، کوێخا جێگای دەگرێتەوەو پاداشێکیش وەردەگرێ. بەڵام ئەگەر سەرکار دیاری کرا چ

---

[٣٠] لە رۆژانی هەینی دا مجێور بە ماڵانەوە دەگەرێ و نان و چێشت وەردەگرێ و رۆژانی جێژن هەموو کەس دەبێ بەشێك لە چێشتەکەی خۆی لە دەفری مجێور بکا. لە کوردی دا بۆ شتی تێکەڵ دەڵێن: "دەڵێی چێشتی مجێورە"ـ د.

بۆخۆی ئەرکەکەی بەجێ بێنێ و چ کوێخا یا یەکێکی تر، خاوەن ملك ٢٠ کیلۆ گەنمەکە لە هەموو پارچە زەوییەك وەردەگرێ.

٥- شەرتەشوان، کە بۆ بزن و مەڕ دوو کیلۆ گەنم و بۆ رەشەوڵاخ چوار کیلۆو بۆ یەکسم ١٦ کیلۆیەو دەدرێ بە شوان و گاوان.

ئەمانــە ئــەو کارانــە بــوون کــە جووتیــارانی کوردســتانی ئێــران بــەگوێرەی دابوشـوێنی وڵات دەبـێ جێبـەجێیان بکـەن. زۆربـەی ئـەو ئەرکانـە لـە هـەموو مەڵبەندەکان دا هەن، بەڵام هێندێکیان هەر لە هێندێك ناوچەدا دەبینـرێن. دیـارە لـەو شـوێنانەی پێوەنـدی دەرەبەگایـەتی‌یـان تێـدا بـەهێزە مـەودایان زیـاترەو رادەکەشیان پـترە وەك لـە مەڵبەنـدی لاجـان. لـەو جێگایانـەش کـە پێوەنـدی دەرەبەگایەتی بێهێزەو لەو شوێنانە کە خەریکـە پێوەنـدی سـەرمایەداری پـەرە بستێنێ، چوارچێوەیەکی تەسکتریان هەیـە. بـەڵام لەگـەڵ ئـەوەش ئـەو ئەرکانـە بەگشتی لایەنێکی گرنگی پێوەندییەکانی وەرزێری کوردستانی ئێرانن.

لە گوندەکانی کوردسـتان دا دیاردەیـەکی دیکـەش هەیـە کـە پێوەنـدیی بـەو نەزمە دەرەبەگایەتی‌یەوە هەیە کـە لـە پێوەنـدییـەکانی کشتوکاڵدا لـە گـۆڕێ دایە. مەسەلێکی کوردی دەڵێ "ئەگەر خاوەن ملك دێیەکی هەیە، رەعیەت سەد دێی هەیە" یانی رەعیەت دەتوانێ بە ئازادی لە دێیەکەوە بـار بکـا بـۆ دێیـەکی تر. لەو بارەیەوە زاراوەی "خۆش نشـین" بـەکار دەبـرێ، کـە مەبەسـت ئەوەیـە جووتیار دەتوانێ بەکەیفی خـۆی جێگایـەك بـۆ دانیشـتن هەڵبـژێرێ و بەخۆشـی تێیدا بژی. بەڵام دەبێ ئەو زاراوەیەش[٣٢] و مەسەلەکەی پێشەوەش لەو بارەیەوە چاو لـێبکەین کە ئاواتی جووتیارن، نەك ئەوە کە گۆیا بەڕاستی وایە.

جووتیاران بەکردەوە لە بـارکردن دا ئـازادیی تـەواویان نیـە. بـزانین چ شـتێك دەبێ بەکۆسپی ئەوەی جووتیارەکان بەئازادی بـار بکـەن. لـەو مەڵبەندانـەدا کـە پێوەندیی عەشیرەتگەری‌یـان تێـدا بـەهێزە جووتیـار ناتوانـێ ئـەرکی سـەرشـانی خۆی لەبەرامبـەر عەشـیرەت و دێیەکـەی دا وەلابنـێ و بێجگـە لـەوەش لـە دڵـی نابێتەوە لەو دێیە بار بکا کە پشتاوپشتی لەوێ براوەتەوە.

---

[٣٢] شـەمیلۆف پێـی وایـە ئـەو زاراوەیـە مانایـەکی تـری هەیـە کـە لـە وشـەی "ژیـن" وەرگیراوەو نەسڵەکەی "خۆش نەژین"ە. (شەمیلۆف، ل٣٩). هەرچەند ئەو مانایە لەدەقی زاراوەکە دوورە، بەڵام لەراستی نیزیکترە ـ د.

ئەمجار هێندێك هۆی ئابووریش لەوەدا تەئسیریان هەیە. جووتیار چەند پشتە لە دێیەك دەژی و هەقی داچاندنی زەوی و بەكارهێنانی ئاوی هەیەو بەشێكی لەو دارو درەخت و رەزو باخەدا هەیە كە بۆخۆی ناشتوویەتی. ئەگەر لەو دێیەش بار بكا هەموو ئەو هەقانەی دەفەوتێن و لە دێیەكی تریش زەحمەتە ئەو هەقانەی چنگ كەون.

پاشان زۆربەی وەخت جووتیار بە خاوەن ملك قەرزدارەو لەبەرئەوەی ناتوانێ قەرزەكەی بداتەوە، ناچارە لە دێیەكەی وەمێنێ و ئەوەش رێگایەكە كە هەمیشە خاوەن ملك بۆ زیاتر چەوساندنەوەی جووتیار كەلكی لێ وەردەگرێ.

هێندێك هۆی نائابووریش لەو بارەیەوە تەئسیر دەكەن: وەك ئەو زەبرو زەنگە كە خاوەن ملك[٣٣] و ژاندارمەو قانوونەكانی دەوڵەت و هتد بەكاری دێنن، كە هەموویان ئازادیی جووتیار كەم دەكەنەوەو زیاتر ناچاری دەكەن بەزەوییەوە ببەسترێتەوە.

بەهار باشترین فەسڵە بۆ ماڵ باركردنی جووتیار، چونكە تفاق و ئاوردووی زستانی خۆی تەواو كردوەو لە جێگای تازەشی بەهاسانی دەتوانێ پەیدایان بكا. بەڵام خاوەن ملك قازانجی خۆی لەوەدا دەبینێ كە جووتیار پاییزێ بڕواو بۆیە دەیەوێ پاییزێ دەری بكا تا تفاق و ئاوردووەكەی بەجێ بمێنێ، كە نەش توانێ لەدێیەكەی دیكە دابینیان بكا. هەربۆیەش جووتیار دەچێتە ژێر هەموو شەرتێكی خاوەن ملك، هەر ئەوەندە بە پاییزێ دەری نەكا.لە بەهاریش دا جووتیارەكان هەوڵ دەدەن ئەگەر بۆیان بگونجێ بەشەو ڕابكەن و خاوەن ملكەكانیش بۆ بەرگری لە هەڵاتنی جووتیاران شەوانی بەهار كێشك دادەنێن.

ئەو بەرگرییە لە ماڵ باركردنی جووتیارەكان دەبێتە كۆسپ لەسەر رێگای پێشكەوتنی دێهاتی كوردەواری چونكە هێزی كار ناتوانێ بە ئازادی هاتوچۆ بكا.

پێوەندیی دەرەبەگایەتی كۆسپێكە لەسەر رێگای پێشكەوتنی بازرگانی و لە زۆربەی گوندەكانی كوردستان بەبێ ئیجازەی خاوەن ملك هیچ كەس ناتوانێ خەریكی بازرگانی بێ. تەنانەت میوەفرۆشی غەوارەش ناتوانێ بچێتە دێ، بەتایبەتی ئەگەر خاوەن ملك بۆخۆی باخی هەبێ.

---

[٣٣] لەپێشەوە گوتمان خاوەن ملكەكان لە دژی جووتیاران هاوكاریی یەكتر دەكەن و ئەگەر وەرزێرێك لە دێیەك باری كرد، خاوەن ملكی ئەو مەڵبەندە لە دێی خۆیان رای ناگرن ـ د.

لەهێندێك شوێنی تر وەك پەسوێی لاجان جووتیار ناتوانێ مریشك و هێلكەش بە ئاغا نەبێ بەكەسی دیكە بفرۆشێ. خاوەن ملّك دوكانەكانی دێ بە نرخێكی زۆر گران بەكرێ دەدا، بەلاّم زۆر وایە ئیجارەداریش قازانج دەكا، چونكە لەو زیاتر هیچ كەس هەقی كڕین و فرۆشتنی نیە. ئەو داب و شوێنانە هەموویان لە پەرەئەستاندنی ئالّوگۆڕ بەگشتی و پێكەیشتنی پێوەندییەكانی ئالّوگۆڕ كردن بەتایبەتی بەرگری دەكەن و هەر لەوكاتەدا كۆسپی سەر ڕێگای پەیدابوونی پێوەندییەكانی سەرمایەداریی تازە لەلادێی كوردستانن.

زۆرجار كچەكوردێك بەبێ ئیجازەی خاوەن ملّك ناتوانێ مێرد بكا، بەتایبەتی ئەگەر بیهەوێ مێرد بەكەسێك بكا كە خەڵكی دێیەكی دیكەیە، یان لە عەشیرەتێكی ترە، خاوەن ملّك دەتوانێ پێشگیریی لێبكا، یان داوای دراوێكی وای لێبكا كە كەس و كاری كچەكە پێیان نەدرێ و مێرد كردنی كچەكە سەر نەگرێ.

## ٤ـ ملّكانەی ئاژەڵداری

لەپێشەوە باسمان كرد كە ئاژەڵداری لە كوردستانی ئێران زۆر گرنگەو ٤٠٪ی داهاتی نەتەوایەتی پێك دێنێ. لەو مەڵبەندانەدا كە بەرهەمی ئاژەڵیان هەیە، هێندێك دیاردەی تازە لە پێوەندییە وەرزێرییەكان دا دەبینین. زۆربەی ئاژەڵی كوردستان مەڕو بزنەو تەنیا ئەرمەنی و ئاسۆرییەكان بەراز بەخێو دەكەن.

ئەو پارچە مەڕە گەورانەی لە هەموو ناوچەكانی كوردستان دەبینرێن، هەموویان هی خاوەن ملّكە گەورەكان و دەرەبەگ و سەرۆك عەشیرەتەكانن و هۆیەكەشی ئەوەیە كە لەوەڕگەی باشیان هەیە: زۆر خاوەن ملّكی گەورە دەبینین كە ١٠٠٠ تا ٢٠٠٠٠ سەر مەڕو بزن بەخێو دەكەن.

سەرژمێرییەكانی كوردستانی ئێران نیشان دەدەن كە ٦/٠٪ی دانیشتووانی لادێ شەش میلیۆن سەر مەڕو بزنیان هەیەو لەبەر ئەوە كە كوردستان بەهەموویەوە دە میلیۆن سەری لێیە، مانای ئەوەیە ٦٠٪ی هی ئەوانە. لەكاتێك دا زۆربەی خێزانەكانی لادێ ٥ تا ١٠ سەر ئاژەڵیان هەیە، هەر خاوەن ملّكەی زیاتر لە ١٠٠٠ سەری هەیە.

**"لــه مەڵبەنــدی ســەقز... هەرچــەند ئــاو و هەواکــەی باشــە، زۆربــەی جووتیارەکان لە چەند سەرێك زیاتر ئاژەڵیان نیە"[٣٤].**

دیارە لە مەڵبەندەکانی دیکەش هەر وایە.

نـەوعی ئـاژەڵی جووتیـاریش لەگـەڵ هـی خـاوەن ملّـك لێـك جیایـە. چـونکە جووتیارێکی نـەدار کـە ژیـانی مـاڵ و منـداڵی خـۆی بەچـاکی پـێ دابـین نـاکرێ، ناتوانێ جسنە ئاژەڵی باشیش پەروەردە بکا. بەچاو پێداخشـاندنێك لـە هـەموو دێیـەك بـە هاسـانی دەتـوانین ئـاژەڵی خـاوەن ملّـك و جووتیارەکـان لێـك جیـا بکەینەوە، بەتایبەتی لەئاژەڵی شاخداردا. ئەمە راست بـوونی نەزەرەکـەی لیـنین نیشان دەدا کە دەڵێ:

**"ئاشــکرایە کــە جووتیــارێکی نیوەنــەدار کــە زەوییــەکی بێکــەلکی بەدەســتەوەیەو لەهــەموو بارێکــەوە لــەزنجیری کۆیلــەتی دایــە، ناتوانــێ جسنەئاژەڵێکی کەمێك باش بەخێو بکا. چونکە کاتێـك وەرزێـر برسـی بـوو، کـە بۆیەش نابێ بە وەرزێری دابنێین، بێگومان ئاژەڵەکەشی برسی دەبێ."[٣٥]**

مەڕی عەشـیرەتە نیشـتەجێ و نیوەنیشـتەجێیەکان شـوانی بـۆ دەگـیرێ کـە هەرکەسە بەگوێرەی زۆروکەمیی ئاژەڵەکەی شەرتەشوانی دەداتێ. بێجێ نیە کە بگوترێ شـوانی لـە کوردسـتان کـارێکی زۆر گـران و پـڕ مەسـئوولییەتە، چـونکە چیاکانی زۆر سەختن و درندەشیان زۆرە.

شوانێك ٢٠٠ تا ٥٠٠ سەر مەڕو بزن بەخێو دەکاو ساڵی ١٠ تا ١٤ سـەر ئـاژەڵی دەدەنــێ[٣٦]. لـە مەڵبەنـدی سـندووس شـوانێك سـاڵێ ٣٠٠٠ تـا ٥٠٠٠ قـران دراوو شەکە مێیەك و دوو خوری و نان و بەرگ وەردەگرێ.

لەبەرئەوەی لەوەڕگە نیە، زۆرجار خاوەن ملّك خانوو نادا بە مـەڕداری گـەورە هێندێك جار جووتیارەکانیش کە ئاژەڵیان هەیە ناچارن خـەرجێکی زۆر بـدەن بـە خاوەن ملّك، هەربۆیەش ئـاژەڵێکی کـەم نـەبێ نیانـەو لەبـەر ئەوەشـە کـە پلـەی ئاژەڵداری وەك هەموو کاروبارێکی وەرزێری لە کوردستان زۆر نزمە.

---

(٣٤) A. Lambton, Lanlord..., p. 358.

(٣٥) لینین: "دانراوەکان"، بەزمانی چیکی، بەرگی ١٥، ل١١١.

(٣٦) A. Lambton لە لاپەڕی ٣٥٨ دا دەڵێ: **"بەگشتی وا دیارە ئیجارەی لەوەڕگەکان جووتیاران ناچار دەکا کەمتر ئاژەڵ رابگرن".**

بەکورتی دەتوانین بڵێین هەم لەوەڕگەکان و هەم مێگەلە مەڕەکان زۆربەیان هی خاوەن ملکەکانن و لەوەڕگەکان کەمیان هی دەوڵەتن، کە ئەویش پووشانەیەکی زۆر لە ئاژەڵداران دەستێنێ.

لەنێو عەشیرەتە نیوەکۆچەرەکان دا کە مەڕو ماڵاتیان زۆرە، پێوەندییەکی هەرەوەزیی تایبەتی هەیە کە پێی دەڵێن (هۆبە)و لەبەر ئەوەی هێندێك لە رۆژهەڵاتناسەکان ئەو دیاردەیەیان زۆر بەگرنگ داناوە، بەپێویست دەزانین هێندێك لەسەر بنچینەکانی ئەو دیاردەیە بدوێین[٣٧].

لەکۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستەم دا کە عەشیرەت و پێوەندیی عەشیرەتگەری و ژیانی کۆچەرایەتی پێی نایە قۆناخی هەڵوەشان و لەبەریەك چوون، هۆبە پەیدا بوو و بوو بە پێوەندییەکی گرنگ لەنێوان ئاژەڵداران دا. هۆبە لە کۆبوونەوەی ژمارەیەك لە ئاژەڵدارانی دێیەك یا چەند دێ پێك دێ، کە بەهاران بۆ ئاژەڵ لەوەڕاندن دەچنە کوێستان و هاوینێ لە کوێستان دەمێننەوەو پاییزێ وێکڕا دەگەڕێنەوەو هەرکەسە دەچێتەوە دێیەکەی خۆی و هۆبە هەڵدەوەشێ. لەکاتی هۆبەو هەواردا هەموو گیروگرفتەکان دەچنەوە بەر دەستی گەورەترین ردێن سپیی ئەو هۆبەنشینانە کە پێی دەڵێن (سەرهۆبە) یا (سەرخێڵ). دیارە هاوکاریی نێوان هۆبەنشینەکان تەنیا لەچوارچێوەی مەڕ لەوەڕاندن دایەو کارەکانی دیکە وەك مەڕدۆشین و پەنیر دروست کردن و خوری برینەوەو هتد... هەرکەسە هی خۆی دەکا.

ئەندامەتیی هۆبە بەدڵخوازەو بۆ هەموو مەڕدارێك ئازادەو هۆبە پێوەندیی بە سەرتیرەو عەشیرەتەوە نیە. چونکە پێوەندیی عەشیرەتگەری شەرتێکی پێویستی ئەندامەتیی هۆبە نیە. پاشان وەك باسمان کرد هۆبە تەنیا رێکخراوێکی کاتییەو پێوەندیی نێوان ئەندامەکانیشی هەر شتێکی کاتییە. چونکە ماوەکەی تەنیا ٦ تا ٨ مانگە، یانی لە هەوەڵی بەهارەوە تا پاییز.

ئەساسی پەیدابوونی هۆبە ئەوەیە کە جووتیاری ئاسایی کە ئەوپەڕەکەی بیست سەر ئاژەڵی هەیە، ناتوانێ بەتەنێ لەوەڕگە بەئیجارە بگرێ. چونکە لەوەڕگەکان بۆ سەدان سەرو تەنانەت بۆ هەزاران سەر مەڕو بزن بە ئیجارە

---

[٣٧] بڕوانە نیکیتین: "کوردەکان"، ل ١٤٩، ١٥١.

دەدرێن. بۆیە جووتیار ناچارە ڕەگەڵ خێڵ (جۆڵ) بکەوێ و پاشان چەند خێڵ وێك دەکەون و هۆبەیەك پێك دێنن. هۆیەکی تریشی ئەوەیە کە جووتیار ناتوانێ بەتەنیا ئەو ئاژەڵە کەمەی خۆی بەرێتە کێو و دەچێتە پاڵ هۆبە کە ١٥ـ٢٠ تاوڵ یا زیاتری تێدا کۆدەبێتەوە.

سەرهۆبە هەموو ئەندامەکان وەك یەك تەماشا دەکاو لەهەموو ئەندامێك بەپێی ژمارەی ئاژەڵەکەی خەرج دەستێنێ. ئەگەر زۆربەی هۆبەکە لە عەشیرەتێك بێ، سەرۆکی ئەو عەشیرەتە دەبێتە سەرهۆبەو ئەگەرنا، دەوڵەمەندترین ئەندامی هۆبە دەبێتە سەرهۆبە. یانی سەرهۆبە تەنیا ڕدێن سپی نیە، بەڵکوو هێندێ ئیمتیازی تایبەتیی هەیە: وەك ئەوە کە ئەندامانی هۆبە بۆ خزمەتی مەڕو ماڵاتی خۆی بەبێگار دەگرێ و هۆبەنشینەکان بەگوێرەی دەست ڕۆیشتن خەرج دەدەن و لەکاتی میوانداری دا دیاریی بۆ دەبەن. هەموو ئەندامانی هۆبە دەبێ ئاژەڵ و ڕۆن و خوری و شتی تر لە ڕێگای سەرهۆبەوە بفرۆشن کە لەوەش داهاتێکی زۆری چنگ دەکەوێ. سەرهۆبە لەگەڵ بازرگانێك ڕێك دەکەوێ و هەموو بەرهەمی هۆبەکەی لەسەریەك پێ دەفرۆشێ. ئەو جۆرە سەودایانە سەر لە سەدان هەزارو هێندێك جار سەر لە میلیۆنەها سەودا دەدەن. دیارە بازرگانیش لەجیاتی ئەم دەلالّیە دەم شیرینیـیەکی باش دەدا بە سەرۆك[٣٨]. بەم جۆرە سەرۆك لە مەڕی خۆی و هی خەڵکی هۆبە قازانجێکی بێژماری چنگ دەکەوێ و زۆر وا هەیە پێی دەبێتە میلۆنێر[٣٩].

لەوەڕا تێدەگەین کە پێوەندییەکی وەك یەك لەنێو ئەندامانی هۆبەدا نیەو بەپێچەوانەی ئەو شکڵە هەرەوەزیە ڕواڵەتییە، پڕە لەجیاوازیی چینایەتی و لێك جیایی سامان و دارایی. لە هۆبەدا سێ دەستە دەبینرێن: سەرهۆبەو خزمەکانی، مەڕدارەکان و ئاژەڵدارە بچووکەکان. بەم جۆرە، لەهۆبەدا بەشێوەیەکی نوێ پاشماوەی عەشیرەتە کۆچەرەکانمان دێتە بەرچاو.

---

[٣٨] لە مەڵبەندی دەشتەبێڵ کە عەشیرەتی هەرکیی لێدەژین، سەرۆك لەباتی ئەم دەلالیە ٨ـ١٠ تۆن برنج لە بازرگان وەردەگرێ ـ د.

[٣٩] سەرۆك عەشیرەتی هەرکی کە سەرهۆبەی هۆبەیەکی گەورە لەسەر سنووری ئێران و عیراقە، بەگەورەترین دەوڵەمەندی ئەو مەڵبەندە دەژمێردرێ و دەڵێن باری چەند هێستری لیرە هەیە. د.

لەگەڵ ئەوەش دا دەتوانین بڵێین هۆیە شێوەیەکی هاریکاریەیە لە بەرهەم هێنانی ئاژەڵداری دا و بەپێچەوانەی هێندێ لایەنی خەراپ وەك شێوەیەکی چەوسانەوەی ئەندامە ئاساییەکان لەلایەن سەرهۆبەوە، دەکرێ ببێتە دامەزراوێکی هاریکاریی راستەقینە کە بتوانێ نەك هەر لە گەشەپێدانی ئاژەڵداری، بەڵکوو لەپەرەپێدانی بەرهەمی گەورەی ئاژەڵدارییش دا رۆڵێکی گرنگ یاری بکا. دیارە ئەم کارە پێویستیی بەوە هەیە کە دەسەڵات بێتە دەستی هێزە دێموکراتییەکان و بەشێکی ئابووریی پێشکەوتووی دەوڵەتی پێك بێ کە دەسەڵاتی بەسەر هەموو ئابووریی وڵات دا بڕوا.

## ٥ـ مڵکانەی سەرمایەداری

ئەم شێوە مڵکانەیە تازە لە کوردستانی ئێران خەریکە گەشە دەکا. لەگەڵ ئەوەدا تەنانەت لەو جێگایانەی هەشە، سروشتێکی زۆر تایبەتیی هەیە، چونکە خاوەن ملکی گەورە هەر لەوکاتەدا سەرمایەداریشە. مڵکانەی سەرمایەداری زیاتر لەبارەی پیشەسازییەوە دەبینرێ، بەو جۆرە کە خاوەن ملك تەراکتۆرو مەکینە کشتوکاڵییەکانی دیکە دەکرێ و بەرەبەرە جووتیارەکان لەدێ دەردەکا، یان دەیان کاتە کرێکاری کرێگرتەی وەرزێری، هەروەك ئێستا لە مەڵبەندی میاندواو و کرماشان دا دەبینین. لەم دواییانەدا نەزمی کشتوکاڵی گەورەش لە هێندێك ناوچەی ئێران دا وەدی هاتوە، بەڵام تا ئێستا نەگەیوەتە کوردستانی ئێران.

لەبەرئەوەی پێوەندیی سەرمایەداری کەمتر گەشەی کردوەو سەرمایەدارو بازرگانەکان کەمتر سەرمایەی خۆیان لە کشتوکاڵ دا وەکار دەخەن، تا ئێستاش خاوەن ملك و سەرمایەدار لە کوردستانی ئێران لە یەك کەس دا خۆ دەنوێنن. سەرمایەدارەکان ئەگەر بیانەوێ سەرمایەی خۆیان لە کشتوکاڵ دا وەکار بخەن بەهۆی پێوەندیی دەرەبەگایەتیی لادێوە تووشی کەندوکۆسپێکی بێئەژمار دەبن. بێجگە لەو هۆیانەش سەرمایەدارە غەیرە کوردەکان، کوردستان بە مەڵبەندێکی سنووری و دوورەمەرکەز دەزانن و هەست بە مەترسی دەکەن، چونکە ئاڵۆزیی زۆر تێدایەو دەزگا ئیدارییەکان زۆر دەستیان ناڕوا.

هەڵدەکەوێ خاوەن ملك یەکێك لە دێیەکانی بەشێوەی سەرمایەداری بەڕێوە دەباو تەراکتۆرو کرێکاری کشتوکاڵیی تێدا وەکار دەخا، بەڵام هەر لەوکاتەدا لە

دێیەکی تر ملّکانەی بەشتوومەك وەردەگرێ و بەپێی نەزمی دەرەبەگایەتی جووتیارەکان بۆ خزمەتی خۆی بەبێگار دەگرێ. واش هەیە خاوەن ملّك ئەو دوو شێوەیە لە تاقە دێیەك دا بەکار دێنێ، یانی بۆ زەویەیە باش و بەرێژەوەکان کرێکاری کشتوکاڵی دەگرێ، بەلام لە زەوییەکانی دیکەدا ملّکانەی دەرەبەگایەتی وەردەگرێ و مەکینە کشتوکاڵییەکان دەکاتە هۆی تین بۆ هێنانی جووتبەندەکان و ناچاریان دەکا چۆنێکی ئەو پێی خۆشە زەوییەکەی بۆ رەنێو بێنن. ئەگەر وا نەبێ وەزعی کۆمەلایەتیی جووتبەندەکان دەکەوێتە مەترسییەوەو دەبێ یان دێیەکەی بۆ بەجێ بهێلّن، یان ببن بە کرێکاری وەرزێری. بۆیە جووتیارەکان بەچاوی دوژمنایەتی تەماشای تەراکتۆر دەکەن، هەروەك کرێکاران لەسەرەتای پەیدابوونی سەرمایەداری دا تەماشای مەکینەکانیان دەکرد. لێرەدا ئەو رێبازە دەرکەوتێکی تریشی هەیە: کاتێك جووتیار کە تا دوێنێ بەپێی نەزمی شەریکەبەشی زەویی دەکێلاو هەموو جۆرە بێگارێکیشیان پێدەکرد، ئەمڕۆ دەبێتە کرێکاری کرێگرتە، ئیتر بەیەکجاری نیرەکە لەسەرشانی خۆی لادەبا. ئەمجار ئەو کرێیە کە ئەمڕۆ خۆی و خێزانەکەی وەری دەگرن لەنرخی ئەو بەرهەمە زیاترە کە بە گوێرەی نەزمی شەریکەبەشی دەستی دەکەوت. هۆیەکەشی ئەوەیە کە لە ئەنجامی بەکارهێنانی مەکینەدا بەرهەمداری کار چۆتە سەرێ. هەروەها خاوەن ملّکیش تەنیا ملّکانەی زەویی چنگ ناکەوێ، بەلّکوو ئەو قازانجەشی پێ دەبڕێ کە سەرمایەدارێك لەکاری خۆی دەستی دەکەوێ.

بەلام پێویستە لەبیرمان بێ کە کرێکاری کشتوکاڵی زۆر بەتوندی دەچەوسێتەوە، چونکە ماوەی ٧ـ٨ مانگ لەمارسەوە تا ئۆکتۆبر، لە بەیانییەوە تا ئێوارە کار دەکا. یانی لەبەهارو هاوین دا لە سەعات چوار یا پێنجەوە تا حەوت و هەشتی ئێوارەو بەکورتی رۆژی ١٤ـ١٦ سەعات کار دەکا. خاوەن ملّکەکان زۆرجار لەجیاتی کرێکاری کشتوکاڵی ژن و منداڵ بەکرێ دەگرن، چونکە کرێیەکی یەکجار کەمیان دەدەنێ. لەبارەی منداڵانەوە لینین راستی گوتوە کە دەڵێ:

**"زۆر وایە تەنیا بۆ نان و بەرگی خۆیان رەنج دەکێشن و هیچی تر."[٤٠].**

لە مەڵبەندی ورمێ و میاندواو کرێگرتە زۆر دەگرن، لەڕاستی دا لەوێ هەموو کارەکان ئەوان دەیان کەن و کرێیەکی تا رادەیەك باشیش وەردەگرن کە رۆژی دەگاتە ٥٠ـ٦٠ قران. بۆ ئەو کارانە کە پێویستی‌یان بە لێزانی و کارامەیی هەیە وەك ترێگوشین و دۆشاو کولاندنەوە، وا هەیە رۆژانە دەگاتە ٨٠ـ١٠٠ قران، بەلام تەنیا لەبەهاردا کاتی رەزکێلان و لەپاییزدا کاتی بەرهەم هەلگرتن کار هەیەو هیچی تر. لەو دوو مەڵبەندەدا کە بەدەولەمەندترین مەڵبەند دەژمێردرێن کرێکار کەمەو لەناوچەکانی دیکەوە کرێگرتەیان بۆ دێ و پاش تەواو بوونی کار بەدراوێکی کەمەوە دەگەڕێنەوە دێیەکەی خۆیان، بەلام ئەو دراوە کەمەش بۆ ئەوان زۆرە. ئەو راستی‌یەمان باشتر لەمەسەلەی کەتیرەکەرانەوە بۆ دەردەکەوێ[٤١] کە لەشوێنی زۆر دوورەوەو بەزۆری لە کرمانەوە دێن کە ٢٠٠٠ کیلۆمیتر لە کوردستان دوورە. ئەو کرێکارانە لەلایەن شیرکەتە بازرگانی‌یەکانەوە بەکرێ دەگیرێن و کرێیەکی کەم و بەشێك لەبەرهەم وەردەگرن. دیارە ئەوانە لە مەڵبەندەکانی خۆیان هیچ کارێکیان چنگ ناکەوێ، دەنا ٢٠٠٠ کیلۆمیتر وەدوای کار نەدەکەوتن.

ئەو بەدوای کاردا گەڕانەی لەو مەڵبەندانە بۆتە باو، بارێکی پێشکەوتنی کشتوکاڵیش دەگەیەنێ:

**"... چونکە: ١ـ ئەوانە دەچنە مەڵبەندێك کە کرێیەکی زیاتریان چنگ دەکەوێ وەك کرێگرتەیەك حالّیان باشترە. ٢ـ وەدوای کارکەوتن شێوەکانی زۆرداریی بەکرێگرتن و کرێ کاری کردن تێك دەدا".[٤٢]**

---

[٤٠] لینین: "دانراوەکان"، بەرگی سێهەم، ل ٢٢٧.

[٤١] لەوانەیە ئێران تەنیا ولاتێك بێ کە کەتیرە بۆ دەرەوە بنێرێ، گوێنی لە ناوەڕاستی کوردستان وەك سنەو (لە مەڵبەندە شیمالی‌یەکان وەك مەهاباد دەڕوێ). ئەو مادەیە لە تەنین و سەنعەتە کیمیایی‌یەکان دا بەکار دەبرێ.

[٤٢] لینین: "دانراوەکان"، بەرگی سێهەم، ل ٢٤٢.

# فەسڵی هەشتەم

## پێکهاتنی کۆمەڵایەتی و پایەی ژیانی خەڵکی لادێ

### ١ـ پێکهاتنی کۆمەڵایەتیی لادێی کوردستان

بەیارمەتیی لێکۆڵینەوەکانی پێشوومان دەتوانین بەشێوەیەکی گشتی تەرکیبی کۆمەڵایەتیی دانیشتووانی لادێی کوردستان دەربخەین. باشترین رێگا بۆ لێك هەڵاواردنی توێژە جیاوازەکان ئەوەیە کە بەپێی مڵکداریی ئامرازی بەرهەمهێنان واتە لەپێش دا بەگوێرەی مەودای زەوی و ژمارەی ئاژەڵ و بەتایبەتی جووت و ئامرازی کشتوکاڵ و ژمارەی کرێکارانی کرێگرتە دابەشیان بکەین.

ئەگەر ئەم پێوانەیە لەمەڵبەندێك دا بەکار بهێنین کە بەرهەمی کشتوکاڵی بەشی سەرەکیی بەرهەمهێنانی وەرزێرییە، ئەم دەستەو توێژانەی خوارەوەی تێدا بەدی دەکەین:

١ـ خاوەن مڵکە گەورەکان.

٢ـ خاوەن مڵکە نێونجییەکان.

٣ـ وەرزێرە دەوڵەمەندەکان (وردەمالیکەکان).

٤ـ وەرزێرە نێونجییەکان.

٥ـ وەرزێرە بێزەوییەکان.

٦ـ کرێکارە کشتوکاڵییەکان.

٧ـ هێندێ توێژی دیکە.

### ١ـ خاوەن مڵکە گەورەکان

٦٤٪ی زەوییە کشتوکاڵییەکان لەدەست ئەوانە دایەو بەتێکڕایی هەر یەکێك لەوانە ٣٠٠ هێکتار زەویی هەیە کە باشترین زەوییەکانی مەڵبەندی خۆیانن. خاوەن مڵکە گەورەکان تەنیا ٣/٠٪ی دانیشتووانی لادێ پێك دێنن و بە خاووخێزانەوە ژمارەیان دەگاتە ١٠٠٠٠کەس. ئەوانە دەستەیەکی بچووکن کە

هەموو هەوڵ و تەقەلایان بۆ پاراستنی پێوەندییە وەرزێرییەکانی ئێستایەو دەبنە کۆسپی پێشکەوتنی کۆمەڵی کوردەواری بەگشتی. خاوەن مڵکە گەورەکان لەلادێ ناژین و زۆربەیان زیاتر لە دێیەك مڵکیان هەیە.[1]

## ٢ـ خاوەن مڵکە نێونجییەکان

ئەوانە ١٤٪ی زەوییە کشتوکاڵییەکانی کوردستانیان لەدەست دایەو کەمتر لە ٠/٦٪ی دانیشتووان، واتە ٢٠٠٠٠ کەسن. ئەو خاوەن مڵکانە لەلادێ دەژین و سەرپەرستیی زەوی و زارەکەیان دەکەن، بەلام راستەوخۆ کاری کشتوکاڵی ناکەن. ئەوانە یا دێیەکی تەواو، یا بەشێك لە دێیەکی گەورەیان هەیەو پێوانەی زەوییەکانیان لەنێوان ٣٠ـ٥٠ هێکتار دایە.

## ٣ـ وردە مالیکەکان[2]

ئەوانەش ٦٪ی زەوییە کێڵگەکانیان بەدەستەوەیەو ١/٥٪ی دانیشتووانی لادێ پێك دێنن. پێوانەی زەویی وردە مالیکەکان لەنێوان ٥ـ٢٠ هێکتار دایە کە بەگوێرەی نەزمی شەریکەبەشی دەیدەن بە جووتیارەکان یان بۆخۆیان بەکرێکاری کشتوکاڵی ڕەنێوی دێنن.

## ٤ـ وەرزێرە نێونجییەکان

وەرزێرە نێونجییەکان هەریەکەی پارچە زەوییەکی چکۆڵەیان هەیە کە بۆخۆیان ڕەنێوی دێنن و ئامرازی خۆشیان هەیە. ئەوانە کار بۆ خاوەن مڵکەکان ناکەن و زەویی لەخۆ زیادیشیان نیە بەمڵکانەی بدەن. زۆرتری وەرزێرە نێونجی-یەکان دەتوانن ژیانی خاووخێزانەکەیان دابین بکەن. ئەم دەستەیە لە کوردستانی ئێران کەمن و ٣٪ی دانیشتووانی لادێ، واتە ٩٠٠٠٠ کەسن کە ٢٪ی کێڵگەکانیان لەدەست دایە.

---

[1] بڕوانە دووهەم بەشی فەسڵی شەشەم: مڵکی خاوەن مڵکەکان.

[2] ئێستا پێیان دەڵێن "کولاك"، بەلام بەکارهێنانی کولاك بۆ ئەوانە هەڵەیەو ناکرێ لە کوردستان ئەو وردەمالیکانە بە بۆرژوازیی لادێ یا کولاك دابنرێن ـ د.

## ٥ـ وەرزێرە بێزەوییەکان

ئەوانە زۆرترین ژمارەو گرنگترین دەستەی وەرزێرەکانن. ژمارەی ئەوانە دەگاتە ٢١٦٠٠٠٠ کەس و ٧٢٪ی دانیشتووانی لادێیان لێ پێك دێ. دەتوانین ئەوانە بە دوو دەستەی لێك جیا دابەش بکەین: یەکەم، (نیزیکەی ٤٢٪یان)[٣] ئەوانەن کە جووت و ئامرازی کشتوکاڵ و ٥تا١٠ سەر ئاژەڵیان هەیەو هەریەکەی ١ـ٣ هێکتار زەوی دادەچێنن. دەستەی دووهەم ٣٠٪ی[٤] دانیشتووانی لادێن و هەریەکەی نیزیکەی هێکتارێك زەوی بە ملکانە دادەچێنن. ئەگەر جووتیشیان نەبوو، یان بە پاچ زەوییەکە دەکێڵن، یان بە جووت و ئامرازی خاوەن ملك، یان خاوەن ملك جووتیارەکانی دەستەی یەکەم بەبێگار دەگرێ و زەوییەکەیان بۆ دەکێڵێ و پاشان بەرهەمەکە بەگوێرەی نەزمی شەریکەبەشی دابەش دەکەن.

## ٦ـ کرێکارە کشتوکاڵییەکان

کرێکاری کشتوکاڵی نە زەویی هەیەو نە جووت و ئامرازی کشتوکاڵ و تەنیا دووسێ سەر ئاژەڵی وردەی هەیە بۆ دمەدۆی منداڵەکانی. کرێکارە کشتوکاڵی-یەکان ١٠٪ی دانیشتووانی لادێن و ژمارەیان دەگاتە ٣٠٠٠٠٠ کەس، ئەوانە بەکرێیەکی کەم کار دەکەن (کە زۆرتر دراوە)و هەژارترین توێژی دانیشتووانی لادێی کوردستانن.

## ٧ـ هێندێك توێژی دیکە

ئەوانە زەوییان نیە، هێندێکیان چەرچی و بازرگان و پیشەسازن و هێندێك پیاوی ئایینی و مامۆستان و هتد... و تێکرا ٥٪ی دانیشتووانی لادێن و ژمارەیان ٧٥٠٠٠ کەسە.

---

[٣] لەکتێبی ویلچیفسکی: "کوردەکانی موکری"دا ئەژمارەی ٤٥٪ بۆ مەڵبەندی کوردستانی نێوەڕاست دانراوە. کۆمەڵە ئەتنۆگرافی ئاسیای نێوەڕاست، بەزمانی ڕووسی، مۆسکۆ، ١٩٥٨، ل١٩٢.

[٤] هەر ئەو سەرچاوەیە.

جەدوەلی خوارەوە بەڕوونی توێژە جیاوازەکانی لادێی کوردستان و نیسبەتی ئەساسیی پێك هاتنی دانیشتووان نیشان دەدا. گرنگترین شتێك کە بۆمان دەردەکەوێ ئەوەیە کە ٨٢٪ی رەنجبەرانی لادێی کوردستان بستێکیان زەوی نیە، لەکاتێك دا ٧٨٪ی زەوییە کشتوکاڵییەکان هی دەستەیەکی بچووکە کە تەنیا ١٪ی دانیشتووانن. دەتوانین ئەمە بە گرنگترین نەتیجەیەك دابنێین کە لەم جەدوەلە وەردەگیرێ. دیارە ئەم نەتیجە وەرگرتنە هیچ لەو راستییە ناگۆرێ کە رەنگە ژمارەکان بەتەواوی راست نەبن.

جەدوەلی ژمارە (١٣)

تەرکیبی کۆمەڵایەتیی گوندنشینەکان بەپێی ملکداریی زەوی[٥]

| دەستە | ئەندامان[٦] | نیسبەتی لەکۆل دانیشتووان | نیسبەتی ئەو زەوییە کێڵگەیەی لەدەستی دایە | پێوانەی ئەو زەوییەی وەبەر ماڵێك دەکەوێ (بەهێکتار) | هەموو پێوانەی ئەو زەوییەی لەدەست ئەم دەستەیە دایە |
|---|---|---|---|---|---|
| خاوەن ملکە گەورەکان | ١٠٠٠٠ | ٪٠/٢ | ٪٦٤ | زیاتر لە ٣٠٠ | ٧٦٨٠٠٠ |
| خاوەن ملکە نێونجییەکان | ٢٠٠٠٠ | ٪٠/٦ | ٪١٤ | ٣٠ـ٥٠ | ١٦٨٠٠٠ |
| وردە مالیکەکان | ٤٥٠٠٠ | ٪١/٥ | ٪٦ | ٥ـ٢٠ | ٧٢٠٠٠ |
| وەرزێرە نێونجییەکان | ٩٠٠٠٠ | ٪٣ | ٪٢ | ١ـ٣ | ٢٤٠٠٠ |
| وەرزێرە بێزەوییەکان | ٢١٦٠٠٠٠ | ٪٧٢ | ـــــ | ـــــ | ـــــ |
| کرێکارە کشتوکاڵییەکان | ٣٠٠٠٠٠ | ٪١٠ | ـــــ | ـــــ | ـــــ |

[٥] ئەو ئەژمارانەمان لەزۆر سەرچاوە وەرگرتوە ـ د.

[٦] لەسەر ئەو حیسابە کە ژمارەی تێکڕایی خێزانی ماڵێك لە کوردستانی ئێران پێنج کەسە.

کەسب و کاری سەرەکیی ١٠٪ی دانیشتووانی لادێ بەخێوکردنی ئاژەڵو لەپێش دا مەڕو بزنە. لەو مەڵبەندانە کە ئاژەڵداری لایەنی گرنگی بەرهەمهێنانی وەرزێرییە، دەتوانین ئەم چەند دەستەیەی خوارەوە لێك هەڵاوێرین:

١ـ خاوەن مەڕو لەوەڕگە گەورەکان.

٢ـ مەڕدارە نێونجییەکان.

٣ـ ئاژەڵدارە بچووکەکان.

ژمارەی ئاژەڵ لە کوردستانی ئێران دەگاتە ١٠.٠٠٠.٠٠٠ سەر، کە ٢.٠٠٠.٠٠٠ سەری رەشەوڵاخەو ئەوەکەی تر (٨.٠٠٠.٠٠٠سەر) مەڕو بزنە. جەدوەلی ژمارە (١٤) جیاوازیی نێوان ئاژەڵدارەکان بەپێی ژمارەی ئاژەڵی هەر دەستەیەك (بێجگە لە رەشەوڵاخ) نیشان دەدا.[٧]

| جەدوەلی ژمارە (١٤) | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| دەستە | ژمارەکەی | نیسبەتی لەگەڵ دانیشتوان | نیسبەتی ئەو ئاژەڵەی هەیەتی | ژمارەی ئاژەڵەکەی | ژمارەی ئاژەڵی هەر خێزانێك |
| مەڕدارە گەورەکان | ٢٠٠٠٠ | ٠/٦٪ | ٦٠٪ | ٦٠٠٠٠٠٠ | زیاتر لە ١٠٠٠ |
| مەڕدارە نێونجییەکان | ١٢٠٠٠٠ | ٤٪ | ١٨٪ | ١٨٠٠٠٠٠ | نیزیکەی ٧٥ |
| ئاژەڵدارە بچووکەکان | ١٥٠٠٠٠ | ٥٪ | ٢٪ | ٢٠٠٠٠٠ | ٥ ـ ١٠ |

ئەم جەدوەلە بەڕوونی نیشان دەدا کە ٦٠٪ی مەڕو بزنی کوردستان هی دەستەیەکە کە لە ١٪ی دانیشتووانی لادێ کەمترەو تەنیا ٦٪ی ئاژەڵدارانە.

---

(٧) لەبارەی لەوەڕگەکانەوە ئەژمارەی باوەڕپێکراومان لەدەست دا نیەو زۆربەی لەوەڕگەکان ملکی مەڕدارە گەورەکان و ملکدارە گەورەکانن. بۆیە ئەژمارەکان لێرەدا بەگوترە دانراون. لەم دواییانەدا حکوومەت کەوتۆتە هەوڵ و تەقەلا بۆ میللی کردنی لەوەڕگەکان.

ئاژەڵداره بچووکەکان و شوانەکانیش کە زیاتر لە ٥٠٪ی ئاژەڵدارانن تەنیا ٢٪ی ئاژەڵیان هەیە. لەکاتێك دا لە دەستەی یەکەم هەر تاقە کەسێك ٣٠٠ سەر ئاژەڵی پێ دەبڕێ، لەدەستەی سێهەم هەرکەسە تەنیا یەك سەری بەر دەکەوێ.

دیاره لە ئاژەڵدارییش دا وەزعەکە هەروەك کشتوکاڵ وایە. لەکاتێك دا دەستەیەکی کەم چەندین مێگەلی گەورەیان هەیە، زۆربەی ئاژەڵداره بچووکەکان لەچەند سەرێکی کەم زیاتر شك نابەن. لەنێو مەڕدارەکانیش دا دەستەیەکی گەوره مەڕداری نێونجی هەن کە بەتێکڕایی ماڵێ ٧٥ سەر ئاژەڵیان هەیە. مانەوەی ئەو دەستە گەورەیە بە دوو شتەوە بەندە: یەکیان ئەوەیە کە پێوەندیی عەشیرەتگەری وەك لەپێشەوە گوتمان تا ئێستاش لەنێو ئاژەڵداره نیوه نیشتەجێیەکان دا بەهێزەو تا ئێستاش لە هێندێك شوێن لەوەڕگەکان ملکی هەموو عەشیرەتەکەن. دووهەمیان ئەوەیە کە ئاژەڵداری لەچیاکانی کوردستان دا هاسانەو خەرجی کەمە. بێجگە لەوانە پێوەندیی نێو هۆبەش کە لەنێو ئاژەڵداران دا هەیە، یارمەتیی ئەم دیاردەیە دەدا.

## ٢- وەزعی وەرزێران

بەپێی لێکدانەوەی تایبەتیی ئێمە[٨] خاوەن ملکە گەورەکان نیزیکەی ٢٠٪ی داهاتی نەتەوایەتی وەردەگرن و داهاتی سەرانەی ئەو دەستەیە لەساڵ دا دەگاتە ٥٦٠٠ دۆلار. مەڕداره گەورەکانیش کە نیزیکەی ٢٤٪ی داهاتی نەتەوایەتی وەردەگرن، داهاتی سەرانەیان دەگاتە ٢٣٠٠ دۆلار. خاوەن ملکە نێونجییەکانیش نیزیکەی ٥٪ی داهاتی نەتەوایەتییان پێدەبڕێ، یانی زیاتر لە ٥٠٠ دۆلار داهاتی سەرانە. ڕادەی تێکڕایی داهاتی وردەمالیکەکان لەساڵ دا ١٢٠ دۆلارەو داهاتی ساڵانەی جووتیاری نێونجیش دەگاتە ٦٠ دۆلارو داهاتی ساڵانەی مەڕداره نێونجییەکانیش لە ١٦٠ دۆلار تێدەپەڕێ.

---

(٨) لە ئەندازه دانانی داهاتی نەتەوایەتی دا شێوەی بەرهەم هێنانمان لەبەرچاو گرتووەو بۆ دانانی خەرجی ماددییش ئەو گۆترەکارییانەمان گرتۆتە بەرچاو کە بۆ هەموو ئێران کراون، هەروەها بۆ دیاریکردنی بەشی هەر دەستەیەك لە داهاتی نەتەوایەتییش شێوەی بەرهەم هێنانمان لەپێش چاو گرتوه ـ د.

ئەوەی بۆ ئێمە لەهەموو شتێك گرنگترە باری ژیانی جووتیارە بێ زەوییەکان و کرێکارە کشتوکاڵییەکانە کە ئەو دوو دەستەیە ٨٢٪ی دانیشتووانی لادێ پێك دێنن.

ئەو دوو دەستەیە لە هەژاری و نەدارییەکی جەرگبڕدا دەژین، چونکە ئەو کۆمەڵە رەنجبەرە لادێیییە بێجگە لەو چەوسانەوە توندەی دەیچێژن، لە ئەنجامی خەراجی ناراستەوخۆدا چەوسانەوەیەکی ناراستەوخۆش دەچێژن. دەوڵەت توتن و چەوەندەری قەندی بۆخۆی پاوان کردوە کە پاش گەنم گرنگترین بەرهەمی وڵاتن. بۆنموونە کاربەدەستانی حکوومەت بەپێی چاکی و خراپی تووتن، بەچوار دەرەجە دەیکرن:

دەرەجە یەك کیلۆی ٤٨ قران و دەرەجە دوو کیلۆی ٥ــ١٦ قران و نرخی نێونجی کە حکوومەت بە کیلۆیەك تووتنی دەدا ٢٠ قرانە. لەکاتێك دا هەر ئەو تووتنە کیلۆی بە ٢٠٠ تا ٤٥٠ قران بە دەرەوە دەفرۆشێتەوە. لەشاری ورمێ حکوومەت کیلۆی تووتن بە ٢٧ قران دەکرێ و بە ٤٥٠ قرانی دەداتەوە.(٩)

لە سیگار دروست کردنیش دا وەزعەکە هەر بەم جۆرەیە. چونکە کیلۆیەك تووتن ٨٠٠ سیگاری لێ دروست دەکرێ. ئەگەر سەدی سەدی نرخی تووتنەکەشی بۆ خەرج بخەینە سەر، ٨٠٠ سیگارەکە بە ٤٠ قران تەواو دەبێ. لەکاتێك دا لە هەرزانتر جۆری (کە سیگاری شنۆیەو لە تووتنی شنۆ دروست دەکرێ) ٢٠ی بە دەقرانە یانی ٨٠٠ سیگارەکە دەکاتە ٤٠٠ قران. کەوابوو حکوومەت لە کیلۆیەك تووتن ٣٦٠ قرانی دەست دەکەوێ کە دەتوانین ٨٠ قرانی بە قازانج بۆ دەوڵەت حیساب بکەین. بەڵام حکوومەت بەپێی ئەو نەزمە لە کیلۆیەك تووتن ٢٨٠ قران قازانجی پاك کردە وەردەگرێ، کە لەرێگای خەراجی ناراستەوخۆی سیگارەوە لەگیرفانی زەحمەتکێشان کەم دەبێتەوە.

رادەی نێونجیی بەرهەمی تووتن لەئێران دا ١٤٠٠٠ تۆنە(١٠) کە کوردستانی ئێران ٢٥٪ واتە ٢٥٠٠ تۆنی بەرهەم دێنێ. ئەو داهاتە زیادییەی دەوڵەت تەنیا

---

(٩) "ئێرانی ئێستا"، ل ١٦٤.

(١٠) Economic Developments in the Middle East, 1958-1959 U.N. New York 1965. P.55.

له تووتنی زەویيەكانی كوردستان وەری دەگرێ دەگاتە ٩٨٠ میلیۆن قران، ئەوەش لە بەياننامەی دەوڵەت دەردەكەوێ كە دەڵێ ساڵی ١٩٥٨ داهاتی سەنعەتی تووتن و سیگار فرۆشتن گەيشتۆتە ٢٢٥٠ میلیۆن قران.[١١]

دەوڵەت لەكڕینی چەوەندەری قەندیش دا هەر ئەو شێوەیە بەكار دێنێ. بۆ هەر تۆنێك چەوەندەری قەند ٧٨٠ قران و شەش كیلۆ قەند دەدا كە تێكڕا دەكاتە ٩٠٠ قران. چەوەندەری قەندیش بەچەشنێكی نێونجی ١٥٪ی دەبێتە قەندو بەو پێیە هەر تۆنێك چەوەندەر ١٥٠ كیلۆ قەندی لێ پەیدا دەبێ كە دەوڵەت بە ٣٠٠٠ قرانی دەفرۆشێتەوە. بەو حیسابە كە گرانترین خەرجی دەكارهێنانی تۆنێك چەوەندەر ٣٠٠ قرانە، دەردەكەوێ كە دەوڵەت لە هەر تۆنێك چەوەندەری قەند ١٥٠٠ قران قازانج دەكا.

ساڵی ١٩٥٨ ئێران ٧٣٠٠٠٠ تۆن چەوەندەری قەندی بەرهەم هێناوە،[١٢] ئەوەش نیشان دەدا كە حكوومەت زیاتر لە ١٠٠٠ میلیۆن قرانی قازانج كردوە. لەوەش ڕا كە كوردستانی ئێران ٢٠٪ی چەوەندەری ئێران بەرهەم دێنێ، دەردەكەوێ كە كوردستان ساڵی ٢٠٠ میلیۆن قران داهات بە حكوومەت دەدا.[١٣]

ئەو نموونانەمان بۆ ئەوە هێنایەوە تا ئەو شێوە ئاكارانە روون بكەینەوە كە چینە فەرمانڕەواكانی ئێران بۆ چەوساندنەوەی ناڕاستەوخۆی جووتیارانی كورد بەكاریان دێنن.

### أ ـ سوود

خاوەن مڵك و بازرگانەكان لە هەموو ناوچەكانی كوردستانی ئێران بۆ رووتاندنەوەی وەرزێران چەندین شێوەی سوودخواردن بەكاردێنن، كە لە هەموو شێوەكان بەربلاوتر "سەلەم"ە. بەپێی ئەو شێوەیە وەرزێر داهاتی وەرزی داهاتووی بە سەلەم بە بازرگانی شار دەفرۆشێ. هۆیەكەشی ئەوەیە كە داهاتی

---

[١١] بڵاوكراوەی بانكی میللیی ئێران، ١٩٥٩.

[١٢] Economic Developments... p. 54.

[١٣] قازانجی پاك كردەی حكوومەت ساڵی ١٩٥٩ زیاتر لە ٢٠٠ میلیۆن قران بووە. (بڵاوكراوەی بانكی میللیی ئێران، ساڵی ١٩٥٩).

وەرزێر ئەوەندە نیە ساڵی پێ بەرێتە سەر. بازرگان نرخی بەرهەمەکەی بە شتوومەك دەداتێ و بەو جۆرە وەرزێر بە بازرگانەوە دەبەسترێتەوەو ناچارە هەموو پێداویستی‌یەکانی لە دوکانی ئەو بکڕێ. دیارە بازرگان بەرهەمی ساڵی داهاتوو بەنرخێکی هەرزان لە وەرزێر دەکڕێ و هەر لەوکاتەدا شتوومەکیش، بەتایبەتی شتوومەکە سەنعەتی‌یەکانی بە نرخێکی گران پێدەفرۆشێ.

ئەم شێوە سوودخواردنە لەناوچەکانی شیمالی کوردستانی ئێران و بەتایبەتی لە مەهاباد زۆر بەربڵاوە. لەمەهاباد کە ژمارەی دانیشتووانی لە ٢٠٠٠٠ کەس تێدەپەڕێ، دوو هەزار دوکان هەیە،[١٤] یانی تێکرا بۆ هەر دە کەس دوکانێك. ئەگەر حیسابی ئەوەش بکەین کە ژمارەی خێزانی هەر ماڵێك پێنج کەسە، دەردەکەوێ کە ١٠٠٠٠ کەس، واتە ٥٠٪ی دانیشتووانی شارەکە دوکاندارو خێزانە دوکاندارن. دیارە ئەوە دیاردەیەکی زۆر سەرنج ڕاکێشەو هەلومەرجی تایبەتیی مەهاباد پێکی هێناوە، چونکە بۆتە ناوەندی مەڵبەندێکی فرەوان کە ژمارەی دانیشتووانی نیزیکەی ٣٠٠٠٠٠کەسە، مەهاباد هەروەها پێوەندی‌یەکی بازرگانیی توندیشی بەشێوەی قاچاخ لەگەڵ عیراق هەیە.

هۆیەکی دیکەی پەیدابوونی ئەو دیاردە سەرنج ڕاکێشە سوودخواردنە. چونکە بۆرژوازیی بازرگانیی کورد بەگوێرەی سەلەم سوود وەردەگرێ، کە نەك هەر دەبێتە هۆی هەژاری و چارەڕەشیی وەرزێران، بەڵکوو تەئسیرێکی تێکدەرانە دەکاتە سەر گەشەکردنی ئامرازی بەرهەمهێنانیش. چونکە بازرگانەکان هەموو سەرمایەکانیان لەو شێوە سوودخواردنەدا وەکار دەخەن کە قازانجێکی زۆر باشیان لێدەست دەکەوێ و هیچ گوێ نادەنە دامەزراندنی پڕۆژە سەنعەتی-یەکان کە ژمارەیان لە مەهاباد زۆر کەمە.

شێوەیەکی دیکەی سوودخواردن کە زۆریش بەربڵاوە، ئەوەیە کە خاوەن مڵك لە زستان و بەهاران دا گەنم بە قەرز بە جووتیارەکان دەفرۆشێ و لەسەر خەرمان دراوەکەیان لێ وەردەگرێ. لەبەرئەوەش کە ئیسلام سوودخواردنی حەرام کردوە، سەودایەکە هەمووی بەشێوەی کڕین و فرۆشتنەو قازانجێکی

---

[١٤] بڕوانە باسی مەهاباد لە: "فرهنگ جغرافیائی ایران"، بەزمانی فارسی، بەرگی چوارەم، تاران، ١٩٤٩_١٩٥٣.

زۆریشی بۆ خاوەن ملك تێدایە. لەبەهاردا خاوەن ملك ٣٠٠ كیلۆ گەنم بە جووتیار دەفرۆشێ كە لەوكاتەدا كیلۆی بە چوار قڕانەو بەوپێیە جووتیار ١٢٠٠ قڕانی پێ قەرزدار دەبێ. لەسەر خەرمانیش گەنم دێتە سەر سێ قڕان و بەو پێیە جووتیار بۆ دانەوەی ئەو ١٢٠٠ قڕانە دەبێ ٤٠٠ كیلۆ گەنم واتە ١٠٠ كیلۆ زیاتر لە قەرزەكە بدا بە خاوەن ملك.

## ب - پایەی ژیانی وەرزێران

هەموو لایەك پێ لەوە دەنێن كە داهاتی وەرزێری كوردستانی ئێران تەنانەت بەشی لانیكەمی پێداویستییەكانی ژیان ناكا. وەك هەمەدانی دەڵێ:

**"جووتیاری كورد لە هەژارییەكی جەرگبڕدا دەژی".**[١٥]

پرۆفسۆر بەهرامی دەڵێ:

**"جووتیار لە كوردستان هیچ شتێكی نیە".**[١٦]

بەپێی نووسراوەی ڕۆژنامەی نیوەڕەسمیی اطلاعات داهاتی جووتبەندەیەكی بێزەوی كە تەنیا جووتێك دەگێڕێ هەموو ساڵێ ١٦٩٥ قڕان لە پێداویستی-یەكانی ژیانی كەمترە.[١٧] ڕۆژنامەی اطلاعات پێداویستیی ماڵێكی چواركەسی لەساڵدا بە ١١٦٤٠ قڕان دادەنێ، یانی ٤٠ دۆلار بۆ یەك كەس،[١٨] بەڵام ڕادەی

---

[١٥] أ. س. همدانی: "جغرافیای كردستان"، بەزمانی فارسی، ل٧٣.

[١٦] ت. بهرامی: "جغرافیای كشاورزی ایران" بەزمانی فارسی، ل٥١٧.

بەڵام ویلیام دوگلاس قازی دادگای بەرزی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا بۆ بەشی جنووبی كوردستان ئەو نموونەی خوارەوەمان نیشان دەدا:

**"عبدالله زەویی نیەو كشتوكاڵیش ناكاو شەش سەر ڕەشەوڵاخ و ١٥ سەر مەڕی هەیەو خاوەنی دە سەر خێزانە. بەڵام ئیمانی كە ئەویش زەویی نیەو كشتوكاڵیش ناكا، پێنج سەر پانێرو بیست سەر مەڕی هەیەو تەنیا دوو سەر خێزانە. حوسێنیش زەویی نیە، بەڵام زەوییەكی بۆ گەنم لە بازرگانێكی خوڕەم ئاباد بەملكانە وەرگرتوەو سەدی بیستی بەرهەمەكەی پێدەبڕێ كە ساڵی رابردوو هەمووی بایی ٣٠٠ لیرەی ستێرلین بووە چوار سەر ڕەشەوڵاخ و ٣٠ سەر مەڕی هەیەو خاوەنی پێنج سەر خێزانە... تەقییش زەویی نیەو كشتوكاڵیش ناكا، دوو مانگاو بیست سەر مەڕی هەیەو چوار سەر خێزانە".**

[١٧] ڕۆژنامەی اطلاعات، ٢ی ژوونیە، ٩ی ژوونیەو ١٢ی ژوونیەی ١٩٥٣.

[١٨] ك. زرنگار لە كتێبی "آینده دهات و شهرهای ما"دا دەڵێ داهاتی ساڵانەی جووتیار لە ٨٠٠٠ قڕان تێناپەڕێ. تاران، ١٩٥٨، ل١٧.

نێونجیی خێزانی ماڵێکی کورد پێنج کەسە کە داهاتی ساڵانەی یەک کەس دەبێتە ٣٠ دۆلار.

داهـاتی سـەرانەی جووتیـاران کـە بـەگوێرەی گۆترەکـاریی ئێمـە ٧٢٪ی دانیشتووانی لادێـن، دەگاتـە ٢٦ دۆلار لـە سـاڵ دا و داهـاتی سـەرانەی کرێکـارە کشتوکاڵییەکان لەوەش کەمترەو تـەنیا ١٥ دۆلارە لەسـاڵ دا. داهـاتی سـاڵانەی ئاژەڵدارە بچووکەکانی کوردیش هەر شتێکی وایە.

بەو ٢٦ دۆلارە (یانی کەمتر لـە ١٩٥٠ قـڕان) جووتیـار دەتوانـێ ئـەم شـتانەی خوارەوە بکڕێ:

سێ میتر قوماشی دەزووی هەرزان بۆ زستان کە دەکاتە ٣٠٠ قڕان
سێ میتر قوماشی تەنک بۆ هاوین، یانی کراسی پیاوێك کە دەکاتە ٥٠ قڕان
جووتێك پێڵاوی لاستیك ١٠٠ قڕان
١٥٠ کیلۆ ئارد ٧٥٠ قڕان
کیلۆیەك چای[19] ١٥٠ قڕان
١٢ کیلۆ قەند ٣٠٠ قڕان
شەش کیلۆ پەنیر ٣٠٠ قڕان
تێکڕا ١٩٥٠ قڕان

لـەو جەدوەلـەڕا دەردەکـەوێ کـە ئـەو داهاتـە چـەندە کـەمتر لـە لانـیکـەمی پێداویستییەکانی ژیانە. بەپێی ئـەو داهاتـە دەبـێ جووتیـار تـەنیا بـەنانی وشـك بـەڕێ بچـێ و لەڕاسـتییش دا هەروایـە. بێجگـە لـەوە دەبـێ بەشـەو لـە تـاریکی دابنیشێ، چونکە دەستی ناڕوا نەوت و ڕۆن چرا بکڕێ. کـەوابوو نـاش توانـێ بـە منداڵەکانی بخوێنێ و دەرمانیان بۆ بکڕێ و هەقی دوکتۆریان بۆ بـدا. جـا ئێسـتا پایەی ژیانی کرێکاری کشتوکاڵی و جووتیارێك کە لە سـاڵ دا زیـاتر لـە ١٥ دۆلار پەیدا ناکا، دەبێ چۆن بێ![20]

---

[19] چای گرنگترین خواردنەوەی کوردستانەو هەموو ماڵێـك نیزیکـەی سـێ یـەکێکی داهـاتی خـۆی خەرجی قەندوچای دەکا ـ د.

[20] داهاتی کرێکاری کشتوکاڵی دەگاتە ٨٠ پوت گەنم (هەر پوت ١٦ کیلۆیـە)، یـانی نیزیکـەی ٣٥ دۆلار. (ویلچیفسکی: "کوردەکانی موکری" ل١٩٢)

جێگاو ڕێگاو خانووبەرەی وەرزێرەکان شپرزەترین دیمەنی هەژاری و ئێش و ئازاری گەلی کورد نیشان دەدا، زۆربەی خێزانەکانی لادێ تەنیا هۆدەیەکیان هەیە. هـ. بیندر کە لە سەدەی ڕابردوودا هاتۆتە کوردستان دەنووسێ:

**"دوو هۆدەم لەو هۆدانە پێوا، یەکیان ٢/٥ درێژو ٣ میتر پان و دوو میتر بەرز بوو کە لەوێ پیاوێك بەخۆی و ژنەکەی و کچەکەی و خزمێکی و دوو منداڵ و جووتەگایەك و دوو گوێدرێژو چوار سەر مەڕەوە دەژیا."[٢١]**

بەداخەوە لەوکاتەوە تا ئێستا گۆڕانێکی زۆر بەسەر ئەم وەزعەدا نەهاتوە.

لێکدانەوەی وەزعی وەرزێران زۆر بەڕوونی ئەو فەرق و جیاوازییە نیشان دەدا کە لەنێوان دانیشتووانی لادێدا هەیە، دەبینین ١٪ی دانیشتووان ٤٤٪ی داهاتی نەتەوایەتی وەردەگرێ، بەڵام ٨٧٪ی دانیشتووان داهاتەکەیان بەشی سادەترین پێداویستییەکانی ڕۆژانەیان ناکا. ڕادەی تێکڕایی داهاتی خێزانێکی خاوەن مڵکە گەورەکان ٥٦٠٠ دۆلارە، واتە ٢٠٠ هێندەی داهاتی کرێکاری کشتوکاڵی یا ئاژەڵداری بچووك کە دەگاتە ١٥ دۆلار. ئەوەیە وەزعی ئێستای کوردستانی ئێران.

### ٣ـ بەرهەمهێنانی وەرزێری و سیاسەتی وەرزێری

کشتوکاڵ لە کوردستانی ئێران لەسەر وردەبەرهەم دامەزراوە، بەڵام زەوییە کێڵگەکان و تەنانەت زەوییە بەراوەکانیش تا ئێستا بەتەواوی بەهرەیان لێ وەرنەگیراوە، لەساڵ دا تەنیا سێ لەسەر چواری زەوییە بەراوەکان دادەچێندرێ کە پێوانەیان دەگاتە ١٢٠٠٠٠٠ هێکتار. دەبێ ئەو زەوییەی ئەم ساڵ دەکرێ بەگەنم، ساڵی داهاتوو دانەچێندرێ، یان بکرێ بە شیناوەرد، چونکە کووت ناکرێن و شێوەکانی کشتوکاڵ زۆر سەرەتایین و ئەگەر زەوییەك دوو ساڵ لەسەر یەك بکرێتە گەنم، یان هەر هیچی لێ پەیدا نابێ، یان بەرهەمێکی یەکجار کەمی دەبێ. لەبەر ئەوە داهاتی ساڵانەی زەوی زۆر نزمە.

---

[٢١] Henri Binder, Au Kurdistan, en Mesopoyamie et en Parse, Paris 1887, p. 35.

| جەدوەلی ژمارە (١٥)[٢٢] بەرهەمی هێکتارێك زەوی لە بەرهەمەکانی کشتوکاڵ بە کەنتاڵ (١٠٠ کیلۆ) | | | | |
|---|---|---|---|---|
| وڵات | گەنم | جۆ | چەوەندەری قەند | تووتن[٢٣] |
| بێلژیك | ٣٦/٧ | ٣٤/١ | ٤١٩ | ـــــ |
| فەرانسە | ٢٢/٨ | ٢٠/٢ | ٢٨٧ | ١٩/٥ |
| کانادا | ١٤/١ | ١٣/٧ | ٢٥٦ | ١٦/٤ |
| ئەمریکا | ١٣/٤ | ١٤/٨ | ٣٦٧ | ١٦/٤ |
| تورکیا[٢٤] | ١١/٥ | ١٣ | ١٦٠ | ٧ |
| کوردستانی ئێران[٢٥] | ٧ | ٥ | ١١٣ | ٤/٣ |

ئەو جەدوەلە بەباشی دەردەخا کە بەرهەمداریی کاری کشتوکاڵی لە کوردستان نەك هەر لەچاو وڵاتە سەرمایەدارییە پێشکەوتووەکان، بەڵکوو لەچاو تورکیاش کە دراوسێی نیزیکی کوردستانە، زۆر نزمە. ئێمە لە پێشەوە روونمان کردەوە کە هۆی بنەڕەتیی ئەم وەزعە ئەو پێوەندییە وەرزێرییانەن کە ئێستا لە کوردستان دا لەگۆڕێ دان و ئەو پێوەندییانە بوونە کۆسپی گەشەکردنی هێزەکانی بەرهەم هێنەر لە کشتوکاڵدا.

شێوەی کشتوکاڵ یەکجار زۆر سەرەتاییەو لەراستی دا چەندین سەدەیە نەگۆڕاوە. کێڵانی زەوی هەر بە نیرو ئامووری کۆنە کە گاجووت رایدەکێشێ و تەنیا ١٠ـ١٢ سانتیمیتر زەوی هەڵدەدرێ.[٢٦] کوتانی بەرهەمیش کارێکی زۆری دەوێ. لە کوردستان بۆ ئەم کارە دوو رێگا هەیە، یەکیان "جەنجەڕ"و ئەوی

[٢٢] بەپێی: "وەزعی چیکۆسلۆاکی لە ئابووریی جیهانی دا"، بەزمانی چیکی، پراگ، ل٦٩.
[٢٣] "بەڵگەکانی گەشەکردنی ئابووری لەدەرەوە"، بەزمانی چیکی، پراگ، ١٩٥٨، ل٥٤٣.
[٢٤] بەپێی Economic Develoments in the Middle East 1958_1959 ئەو زانراوانەی لەبارەی ئێرانەوە لەوێدا هاتوون، ئێمە کردوومانن بە ئەساس بۆ ئەژمارەکانی خۆمان لەبارەی کوردستانی ئێرانەوە.
[٢٥] بەپێی: "مجله اقتصادی ایران"، نوامبرو دیسامبری ١٩٦٢.
[٢٦] ویلچیفسکی: "کوردەکانی موکری"، بەزمانی رووسی، ل١٨٨.

تریان "گێره". جەنجەڕ عارەبانەیەکی چکۆڵەی دارە کە چەند پارچە ئاسنی تیژ لە تایەکانی قایم کراوەو جووتێك گا یان یەکسم رایدەکێشن و بۆئەوەی گرانایی زۆر بێ، پیاوێك لەسەری دادەنیشێ و حەیوانەکان بەسەر کلۆشەکەدا دەگێرێ و وردی دەکا. لەکاتی ئاسایی دا کوتانی کلۆشی هێکتارێك (٨٠٠ــ١٠٠٠ کیلۆ) حەوتوویەکی تەواو دەخایەنێ.

گێرەش ئەوەیە کە چەند سەر پاتاڵ ٥ــ١٠ سەر یا زیاتر تێك دەخەن و کۆڵەکەیەك لەنێوەڕاستی جۆخینەکەدا دەچەقێنن کە پێی دەڵێن داربنە، سەرێکی گێرەکە لەو کۆڵەکە دەخەن و بەدەوری جۆخینەکەدا لێیان دەخوڕن تا کلۆشەکە ورد دەبێ. (وا هەیە گایەك فێر دەکەن کە بێئەوەی داربنەی بۆ بچەقێنن، بۆخۆی لەنێوەڕاستی جۆخینەکەدا دەچەقێ و گاگێرەکە بەدەوری دا دەسووڕێ، کە پێی دەڵێن گابنە). ئەو رێگایە لەوەکەی پێشتریش سەرەتایی-ترەو وەختێکی زیاتری دەوێ. مەسەلێکی کوردییە، دەڵێ:

**"هەتا گێرە هەڵدێ، خوێنت دەبێ بەئاو".**

شەن کردن لەوەش سەرەتاییترە، چونکە جووتیار تەنیا بەیارمەتیی بای هاوین کاو دان لێك جیا دەکاتەوە، بەو جۆرە کە خەرمانەکەی هەڵداوێ و با کایەکە دەباو دانەکە دەمێنێتەوە. رێدەکەوێ چەند رۆژ با نیە، یان زۆر بەقەوەتە. لەوکاتەدا جووتیار دەبێ بەدیار خەرمانەکەیەوە دانیشێ، تا بای لەسەرەخۆی دێ، ئەو شێوە سەرەتاییانەش زیانێکی زۆر لە گەنمەکە دەدەن و دەبنە هۆی کەم بوونی بەرهەم.

کوردستانی ئێران لەباری ئاژەڵدارییەوە مەڵبەنێکی گرنگەو هەلومەرجی لەباری هەیە. دیارە زۆرتر بەخێوکردنی مەڕو بزن باوەو بەخێوکردنی پاتاڵی گەورە زیاتر لە شیوو دۆڵەکان و لەو جێگایانە کە کشتوکاڵ بەشی سەرەکیی بەرهەم هێنانی وەرزێرییە، دەبینرێ. بەراز بەخێوکردنیش لەبەر هۆی ئایینی لەلای فەلان نەبێ نیەو ئەویش زۆر کەم.

ئاژەڵدارییش لە کوردستان بەشێوەیەکی سەرەتاییەو بەژیانی نیوە نیشتەجێیەتیی مەڕدارەکانەوە بەستراوە. زۆر رێدەکەوێ کە دەردو فەتا هەزاران سەر مەڕ دەکوژێ و چەند مێگەل لەنێو دەبا.

| جەدوەلی ژمارە (١٦)<br>ژمارەی مەرو بزن لە هەر سەد هێکتار زەویی وەرزێری دا[٢٧] | |
|---|---|
| **وڵات** | **ژمارە بۆ ساڵی ٥٥ ـ ١٩٥٦** |
| هولەند | ١٨/٨ |
| وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا | ٧ |
| ئارژانتین | ٣٠/٦ |
| تورکیا | ٤٩/١ |
| کوردستانی ئێران | ١٦٠[٢٨] |

بەرهەمی حەیوانی بەگشتی بەشێوەیەکی نارێک پەرە دەستێنێو گەشەکردنەکەی زۆر سستە، هێندێك جار زۆر بەرەژوور دەچێ و هێندێك جار زۆر دێتە خوار. بۆنموونە ساڵی ١٩٥٩ ئێران ١٢٠٠٠ تۆن خوریی بووە، لەکاتێك دا بەرهەمی ساڵی ١٩٦٠ تەنیا دەهەزار تۆن بووە.[٢٩] بەرهەمهێنان بەشێوەیەکی زۆر نائابووری و بەرێگایەکی زۆر سەرەتایی دایە، هیچ بایەخ بە رێوشوێنی لەشساخی نادرێ و هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوە کە کوردستان بەشێکی کەم لەو بەرهەمانە بنێرێتە دەرەوە، کە ئەویش زیاتر رۆنە. دەرچووی دیکەی کوردستان ئاژەڵ و خوری و پێست و ورگ و ریخۆڵەیە.

هۆیەکی تری لەدواکەوتنی بەرهەمی وەرزێری نەبوونی پسپۆڕو لێزانە وەك موهەندیسی کشتوکاڵی و پزیشکی بەیتاڵی و هی تریش. حکوومەتی ئێران بۆ چارەسەرکردنی ئەم وەزعە تا ئێستا هیچ هەنگاوێکی بنەڕەتیی هەڵنەهێناوە. کاربەدەستان هەرچەندە هۆی پەرەپێدانی کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییان زۆر لەدەست دایە، بەڵام هیچ وەخت لە پلەیەکی سەرەتاییش دا هەوڵی پێگەیاندنی پسپۆڕو لێزان نادەن، تا بەرهەمی وەرزێری بەرنەپێش و تا ئێستاش هەر

---

[٢٧] "بەڵگەکانی گەشەکردنی ئابووری لەدەرەوە"، پراگ، ١٩٥٨.

[٢٨] ئەو حیسابە لەسەر پێوانەی زەوییە کێڵگەکان کراوەو هێندێك جار لەهەر ١٠٠ هێکتار زەویی کشتوکاڵی دا زۆر لەوە زیاتریش مەڕوماڵ بەخێو دەکرێ.

[٢٩] رۆژنامەی "کیهان" ژمارەی ٩ی فێوریەی ١٩٦١.

بەشێوەی سەدەکانی نێوەڕاستە. پێویستیی پسپۆڕو لێزان لەکاتی بڵاوبوونەوەی فەتاو دەردتێکەوتنی ئاژەڵداو لەکاتی ئافەتی تەبیعی دا بەباشی دەردەکەوێ کە هەموو بەرهەمی ساڵ بە ماوەیەکی کەم لەنێو دەچێ.

نزم بوونی پایەی بەرهەمهێنانی وەرزێری، کە بۆتە هۆی هەژارییەکی لەئەندازەبەدەری میلیۆنەها جووتیار تاوانی پێوەندییەکانی وەرزێری و نزمیی ئامرازی بەرهەمهێنان و نەبوونی پسپۆڕو لێزانە.[٣٠]

ئەو خەباتە بەردەوامەی گەلی کورد لەپێناوی ئازادی و سەربەخۆیی دا کردوویەتی و پەیدابوونی بیروباوەڕی بەرزی ڕۆژگاری نوێ لەلادێی کوردستان بەتایبەتی و هەموو ئێران بەگشتی، جووتیاری کوردی بۆ بەربەرەکانییەکی بێوێنە هان داوە. لەپاش شەڕی دووهەمی جیهانی وەرزێرەکان بەتوندی بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە خەباتی دژی ئیمپریالیستی دا بەشدار بوون و هەروەها بۆ دیفاع لە قازانجی وەرزێرانیش جووڵانەوەیەکی وەرزێریی سەربەخۆیان پێك هێناوە.[٣١]

لە زستانی ساڵی ١٩٥٢دا ڕاپەڕینێکی وەرزێری لەمەڵبەندی بۆکان بەرپا بوو و زۆر بەخێرایی پەرەی ئەستاندو حکوومەتی ناچار کرد کە دەسبەجێ بۆ پارێزگاریی دەرەبەگەکان دەست بەکار بێ. لەبەشی جنووبی کوردستانی

---

[٣٠] یەکێك لە ئابووریزانە بۆرژواکانی ئێران لێنەزانیی جووتیارە کوردەکان دەکاتە هۆی دواکەوتوویی بەرهەمهێنانی وەرزێری و پێشنیار دەکا بۆ فێرکردنی ئەوان "وەرزێری غەیرە کورد بگوێزرێنەوە بۆ گوندەکانی ورمێ و مەهاباد" ت. بهرامی: "جغرافیای اقتصادی ایران"، ل١٦٥.

[٣١] گەڕیدەی ئێرانی م. دانشور ساڵی ١٩٥٠ نووسیویەتی کە "یەکێك لە دەرەبەگە دەوڵەمەندەکانی دەوروبەری کرماشان نەیدەوێرا بچێتە هێندێك لە دێیەکانی، چونکە چەوساندنەوەی دەرەبەگەکان پاڵی بەجووتیارەکانەوە نابوو کە بچنە نێو حیزبی توودە"

دانشور لە وتووێژێکی خۆی لەگەڵ جووتیارەکان دا بۆمان دەگێڕێتەوە کە لێی پرسیون:

"بۆچی چوونە نێو حیزبی توودە؟"

لە وەڵام دا گوتوویانە:

"لەسەرەتای حکوومەتی ڕەزاشاوە دەرەبەگێك بەناوی حیاتی دەستی بەسەر هەموو زەوی و باخاتی ئێمەدا گرتبوو و هەموو ڕۆژێ دەیبردینە بێگارو خزمەتی خۆی پێدەکردین... ڕۆژێك بیستمان حیزبێك هەیە دیفاع لە هەژارو زۆرلێکراوان دەکا. بۆیە چووینە نێو حیزبی توودە تا دیفاعمان لێبکاو لەسایەی ئەو حیزبەوە زۆر لەمێژە رووکاری حیاتیمان نەدیوە"

م. دانشور: "دیدنها و شنیدنیهای ایران"، بەزمانی فارسی، تاران، ١٩٥٠ ل١٤و٢٤١.

ئێرانیش چەند بزووتنەوەیەك رووی داو رۆژنامەکانی سەر بە حکومەت بە هەڵەداوان نووسیان:

**"جووتیارانی کورد زەنگی دابەش کردنی زەوی لێدەدەن"**[٣٢]

ئەو رۆژنامانە دەرەبەگەکانیان بانگ دەکرد کە وشیار بن:

**"چونکە ئاسۆی خوێناویی شۆرش لە دوورەوە دیارە" "کوردستان بۆتە کومونیستی."**[٣٣]

کاربەدەستانی ئێران بەتوندی لەگەڵ داخوازی چارەسەرکردنی گیروگرفتی وەرزێری بەرەنگار بوون. ئێستا بزانین رێگای چارەسەرێك کە بۆرژوازیی میللی دۆزیەوە چ بوو، کە لەماوەی نێوان ١٩٥١ـ١٩٥٣دا دەسەلاتی گرتبۆ دەست؟

لەشازدەی ئۆکتۆبری ١٩٥٢دا پارلمانی ئێران قانوونی سەدی بیستی پەسند کرد، کە حکومەتی مصدق پێشکەشی کردبوو. بەپێی ئەو قانوونە سەدی بیستی داهاتی دەرەبەگەکان دەکرا بەدوو بەش، بەشێکی دەدرایەوە بە جووتیارەکان و بەشەکەی تری بۆ پێداویستییەکانی ئاوایی خەرج دەکرا. هەر لەوکاتەدا حکومەت دەستی کرد بە فرۆشتنی زەوییەکانی شاو دەوڵەت بە جووتیاران. ئیتر بەهیچ جۆر باسی دابەش کردنی زەویی دەرەبەگەکان یان کەم کردنەوەی سامان و دارایی ئەوان نەهاتەگۆرێ.

بەڵام تەنانەت قانوونی سەدی بیستیش جێبەجێ نەکراو نووسەری ئەم باسە بەچاوی خۆی دیویەتی کە لە مەهاباد خاوەن ملکەکان چۆن سەرپێچییان لە جێبەجێکردنی ئەو قانوونە دەکرد. لەدوای میللی کردنی نەوت یەکێك لە خاوەن ملکە گەورەکان بە مەئمورێکی دەوڵەتی کە هاتبوو سەدی بیستی لێ بستێنێ گوتبووی:

**"ئەمن وەك ئێرانییەك بەشە نەوتی خۆم دەدەم بە ئینگلیز، بەڵام ئامادە نیم لوێچێك گەنمی خۆم بدەم. بە مصدق بڵێ با لەکۆڵم بێتەوە".**

لەپاش کودیتای ١٩٥٣ کە تاقمێکی کۆنەپەرست بەسەرۆکایەتیی شا هاتنە سەر کار، حکومەت هەراو هۆریایەکی زۆری لەبارەی ئیسلاحاتی ئەرزی و

---

[٣٢] گۆڤاری "توفان غرب"، مای ١٩٥٢.

[٣٣] گۆڤاری (سنندج)، مای ١٩٥٢.

بەرزکردنـەوەی بەرهـەمی وەرزێری‌و هتـد...وە دەسـت پـێ‌کرد. شـا دەسـتی بەفرۆشتنی زەوی‌یەکانی خۆی کردو داوای لەخاوەن ملّکەکانیش کـرد کـە ڕێگـای ئەو ڕەچاو بکەن. بـەڵام ئەنجامەکـەی زۆر خـەراپی هێنـاو زۆر زوو جووتیارەکـان ئەو زەویانەیان فرۆشتەوە کە لـە شـایان کڕیبـوون و بوونـەوە بـە ملّکـی خـاوەن ملّکە گەورەکان.

سالّی ١٩٦٠ قانوونێك کە حکوومەت لەبارەی سنووردانان بۆ ملّکداریی زەوی‌یەوە پێشکەشی پەرلەمانی کردبوو پەسند کرا. هۆی پەسند کردنی ئـەو قانوونـە وەك لە پێشەکی‌یەکەی دا دەڵێ "زیـادکردنی بەرهـەم و دابـین کردنـی عەداڵـەتی کۆمەڵایەتی" بوو. بەپێی ئەو قانوونـە هـەموو خـاوەن ملّکێـك هـەقی هـەبوو ٨٠٠ هێکتار زەویـی دێمـەکارو ٤٠٠ هێکتـار زەویـی بـەراو بۆخـۆی بهێڵێتـەوە (مـادەی دووهەم). خاوەن ملّك هەقی هـەبوو هـەموو ملّکەکـەی بـۆ ماوەیـەکی دیارنـەکراو بۆخۆی بپارێزێ بەو شەرتە مەکینـەی کشـت‌وکاڵیی تێـدا بخاتـەکار. زەویـی ئـەو دێیە کە دەکەوتە بەر ئاوی خاوەن ملّك هەمووی بۆخۆی دەمایەوەو خاوەن ملّك ساڵێك پاش دانانی قانوونەکە هـەقی هـەبوو دووچـەندانەی ئـەوەی قـانوون بـۆی دانابوو (یانی ١٦٠٠ هێکتـار دێمـەکارو ٨٠٠ هێکتـار بـەراو بـدا بـە میراتگرەکـانی. هـەروەها خـاوەن ملّـك هـەقی هـەبوو ئـەو زەوی‌یـەی بۆخـۆی دەهێڵێتـەوە بـە سەرپشك هەڵی بژێرێ و پاشان نرخی زەوی‌یەکانی دیکە لە بەرهەم وەربگرێ.

دیارە ئەو قانوونە نەی دەتوانی پێوەندی‌یەکانی دەرەبەگایەتی لـەنێو بـەرێ. چـونکە خـاوەن ملّکـەکان دەیـان تـوانی ٤٠٠ هێکتـار زەویـی بـەراو بۆخۆیـان بهێڵنەوە.

چینە فەرمانڕەواکانی ئێران بە دەرەبەگەکانەوە کـە دەسـەڵاتێکی زۆریـان لـە دەزگای حکوومەتی دا هەبوو، لەژێر تەوژمی بیروڕای گشتی دا ناچار ببـوون ئـەو قانوونە پەسـند بکـەن، و مەبەسـتی ئەسـڵیی ئـەوان لـەدانانی ئـەو قانوونـە کـەم کردنەوەی وشیاریی جووتیارەکان و هەستی شۆڕشگێریی کۆمـەڵان و ڕێگـاخۆش کـردن بـۆ زیـادکردنی ژمـارەی بـۆرژوازیی لادێ و کـولاك بـوو، بۆئـەوەی ببنـە بنکەیەکی کۆنەپەرستانە دژی وەرزێران و دژی ئەو ڕێبازە کە بـەرەو ئیسـلاحاتی دێموکراتی دەڕۆیشت. فرۆشتنی زەوی‌یەکانی شاو دەوڵەتیش هەر بەو مەبەسـتە بوو.

بەڵام خاوەن ملکە گەورەکان و دەرەبەگەکان ملیان بەو قانوونەش نەداو قانوونەکە هەر مەرەکەب بوو لەسەر کاغەزو کارێکی نەکردە سەر باری وەرزێری.[٣٤]

لەبەهاری ساڵی ١٩٦١دا عەلی ئەمینی "پیاوی ئیسلاحاتی شۆرشگێرانە" بوو بە سەرۆك وەزیر. وەزیری کشتوکاڵی کابینەی ئەمینی لەوتووێژێك لەگەڵ هەواڵنووسی رۆژنامەی "لوموند"دا گوتی:

**"هەڵەکانی شا دووپاتە ناکەمەوە. شا بەشێك لە زەوییەکانی بەسەر هێندێك لە جووتیاران دا دابەش کرد کە نە تۆویان هەبوو، نە تەراکتۆرو ناچار بوون سەلەنوێ زەوییەکانیان بە دەرەبەگەکان بفرۆشنەوە. ئێمە دەمانەوێ ملکداریی گەورە بە قازانجی جووتیارەکان لەناو بەرین".**

**ـ "وادیارە بەڕێزتان لەبیرتان نیە کە ئاغای ئەمینی بۆخۆی خاوەن ملکێکی گەورەیە."**

**ـ "جا چیە؟ بۆخۆم بەرپرسی ئیسلاحاتی ئەرزیم و بەڵێنت پێدەدەم کە لەماوەی مانگێك دا جێبەجێی بکەم."[٣٥]**

راست پاش دوو مانگ سەرۆك وەزیر قسەی وەزیری کشتوکاڵی پەرۆ کردو لە کۆبوونەوەی خاوەن ملکە گەورەکان دا گوتی:

**"من یەکێکم لەخۆتان... زۆر هەڵەیە ئێوە پێتان وابێ ئێمە زەویتان لێدەستێنین و دەستی بەسەردا دەگرین. نیازێکی وا لەگۆڕێدا نیە. ئێمە ئێستا موتالای ئیسلاحاتێك دەکەین کە بەهاوکاریی خاوەن ملکەکان جێبەجێ بکرێ".[٣٦]**

---

[٣٤] لەسەرەتای ساڵی ١٩٦٢دا ئەو قانوونە گۆڕا بە قانوونێکی دیکە کە ئەویش هەر زوو لە فێوریەی ١٩٦٣دا دەستکاری کرا. بەڵام جەوهەرو ئامانجی قانوونەکە هیچ نەگۆڕاو هیچ کام لە قانوونەکان زەوییەکانی شایان نەدەگرتەوە کە زیاتر لە دوو میلیۆن هێکتار لە باشترین زەوییەکانی ئێرانن.

[٣٥] Le Monde, 27.5.1961.

[٣٦] حیزبی توودە بۆ ئیسلاحاتێکی ئەرزیی ریشەدار لەهەموو ئێران دا خەباتی دەکردو هەمیشە لەخەباتی دژی خاوەن ملکەکان دا پشتی جووتیارانی دەگرت و هەوڵی دەدا بۆ یەکگرتنی جووتیاران و کرێکاران بۆئەوەی دروشمی **"زەوی هی ئەو کەسەیە کە دەیکێڵێ"** جێبەجێ بکرێ. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش لەبەرنامەی ساڵی ١٩٥٦دا داوا دەکا کە:

چینه فەرمانڕەواکانی ئێران دەریان خست کە ناتوانن هیچ چەشنە گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەر پێوەندییەکانی دەرەبەگایەتی دا بێنن، شێوەی جێبەجێکردنی ئیسلاحاتی ئەرزی بەچاکی ئەو راستییەمان نیشان دەدا، بەگوێرەی قانوونی تازە تەنیا سێ یەکێکی ملکی خاوەن ملکەکان دابەش دەکرێ، یانی نیزیکەی ١٥٠٠٠ دێ لە ٥٠٠٠٠ دێ. لەگەڵ ئەوەش دا هەتا نێوەڕاستی مارسی ١٩٦٣ تەنیا ٢٠٠٠ دێ دابەش کراوە. خۆ ئەوەی پێوەندیی بە کوردستانی ئێرانیشەوە هەیە، ئیسلاحاتی ئەرزی هەر رووی تێنەکردوەو ئەو گوندانەی دابەش کراون، ژمارەیان لە قامکی دەستان زیاتر نیە.

سیاسەتی وەرزێریی حکوومەتی ئێران زیاتر بۆتە هۆی هەژاریو نەداریی جووتیارەکان و دەتوانین بڵێین هۆی راستەوخۆی نزم بوونی بەرهەمی وەرزێری-یە. بۆنموونە، ساڵی ١٩٦٠ حکوومەتی ئێران پەیمانی کڕینی ٣٠٠٠٠٠ تۆن گەنمی لەگەڵ وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا بەستوە، لەکاتێك دا هەتا ئەو ساڵە ئێران یەکێك لەو وڵاتانە بوو کە گەنمیان بۆ دەرەوە دەنارد. ساڵی ١٩٥٦ وەزیری نێوخۆی ئەودەم کڕینی ٢٠٠٠ تۆن ڕۆنی لە وڵاتە یەککگرتووەکان بەوە پینە دەکرد کە:

**"حکوومەت موافەقەتی لەسەر کڕینی ٢٠٠٠ تۆن ڕۆن کردوەو گومرگیشی لەسەر هەڵگرتوە، تا ئەو کەسانەی ڕۆن لە دەرەوەڕا دێنن بتوانن بەنرخێکی هەرزان بیهێننە بازاڕ... ئێستا کیلۆی ڕۆنی کرماشان لە بازاڕی تاران بە ١٠٠ـ١١٠ قڕان دەفرۆشرێ. جا دەبێ ئێوە چاوەڕوانی دیتنی ئەنجامەکەی بن".**

---

"زەوییەکانی دەوڵەت و خاوەن ملکە گەورەکان و دوژمنانی گەل بەخۆڕایی بەسەر جووتیارە هەژارەکان و جووتیارە بێزەوییەکان دا دابەش بکرێن. بۆئەوەی بەرهەم بەچەشنێکی عادلانە لەنێوان خاوەن ملك و جووتیاران دا بەش بکرێ، دەبێ قانوونی تازە بۆ هەر ناوچەیەك دابنرێ و پێویستە حکوومەت یارمەتیی جووتیاران بدا بۆئەوەی بتوانن ئامرازی کشتوکاڵی بۆخۆیان دابین بکەن، پێویستە بۆماوەی زۆرو بە سوودی کەم قەرزیان بداتێ، پێویستە بەخێرایی هەوڵ بدرێ بۆ پڕۆژەی گشتی و بەربڵاو وەك دروست کردنی سەدو هەڵکەندنی چاڵاوی ئارتیزی و دامەزراندنی رایەڵەی ئاودێری و میکانیزە کردنی کشتوکاڵ. نابێ قەرزی جووتیاران بە دەرەبەگ و خاوەن ملکە گەورەکان و دوژمنانی گەل و سوودخۆران بدرێتەوە. دەبێ بێگار لە سەرتاسەری کوردستان هەڵبگیرێ".

ئەو ڕێگای بەرهەڵدایی و هەرکەس هەرکەسە حکوومەت بۆ کڕینی شتوومەکی پاشەکەوتەی ئەمریکا گرتوویەتەبەرو بەرهەمی خۆولاّتیی پێدەشکێنێ. چونکە گەنم و ڕۆن گرنگترین بەرهەمی دەرچووی کوردستانە بۆ ناوچەکانی دیکەی ئێران. لەوەڕا دەردەکەوێ کە چینەکانی فەرمانڕەوا چۆنیان گوێ لە قازانجی گەلی کورد ئاخنیوە.[٣٧]

خاوەن ملّکە گەورەکان لەکاتێك دا ٢٠٪ی داهاتی نەتەوایەتی وەردەگرن، بەپێی قانوونی ١٩٥٨ تەنیا ١٪ی نرخی زەوی وەك خەراج دەدەن بە دەوڵەت.[٣٨] کەوابوو بەڕێکەوت نیە کە ئەو خەراجە لەساڵی ١٩٥٩ـ١٩٦٠دا تەنیا ٣٪ی داهاتی دەوڵەت بووە.[٣٩] کە تەنیا ٥٪و ٩٪ی هەموو خەراجی ڕاستەوخۆی ئێران بووە.

جەدوەلی ژمارە (١٧) نیشان دەدا کە پێوەندییەکانی کۆنەپەرستانەی وەرزێری و سیاسەتی حکوومەت هۆی سستی و لەسەرەخۆیی هەڵدانی بەرهەمی وەرزێرین.

---

[٣٧] دەتوانین نموونەی دیکەش لە سیاسەتی دژی گەلیی حکوومەتی ئێران نیشان بدەین، لەساڵی ١٩٦٠دا بایی ٢/٨ میلیۆن قران پەنیر لە هولەندو دانمارك ڕا هاتوە. ڕۆژنامەی اطلاعات ١٨ـ٧ـ١٩٦١.

[٣٨] بڵاوکراوەی بانکی میللیی ئێران. ژوئیەی ١٩٥٨، ل٢٤.

[٣٩] هەر ئەو سەرچاوەیە ١٩٥٩ـ١٩٦٠، تاران.

| جەدوەلی ژمارە (١٧)[٤٠]<br>رادەی هەڵدانی بەرهەمهێنانی وەرزێری لە ئێران<br>(بەو حیسابە کە ماوەی نێوان ١٩٥٢ـ١٩٥٣ـ١٩٥٦ـ١٩٥٧ بە ١٠٠ دابنێین[٤١]) | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ساڵەکان | ٥٢ـ٥٣ | ٥٣ـ٥٤ | ٥٤ـ٥٥ | ٥٥ـ٥٦ | ٥٦ـ٥٧ | ٥٧ـ٥٨ | ٥٨ـ٥٩ | ٥٩ـ٦٠ | ٦٠ـ٦١ | ٦١ـ٦٢ |
| بەرهەمهێنان بەگشتی | ٩٠ | ٩٨ | ٩٩ | ١٠٤ | ١٠٩ | ١٢٢ | ١٢٢ | ١٢٥ | ١١٧ | ١٢٥ |
| شتوومەکی خواردەمەنی | ٩١ | ٩٨ | ٩٨ | ١٠٤ | ١٠٩ | ١٢٣ | ١٢٢ | ١٢٤ | ١١٣ | ١٢١ |
| دانەوێڵە | ٩١ | ٩٩ | ٩٥ | ٩٨ | ١١٦ | ١٢٠ | ١١٥ | ١٢٨ | ١١٠ | ١٢٣ |
| سەرانەی شتوومەکی خواردەمەنی | ٩٦ | ١٠٠ | ٩٨ | ١٠١ | ١٠٤ | ١١٥ | ١١٢ | ١١٣ | ١٠٠ | ١٠٥ |
| سەرانەی دانەوێڵە | ٩٦ | ١٠٢ | ٩٦ | ٩٦ | ١١١ | ١١٢ | ١٠٦ | ١١٦ | ٩٨ | ١٠٧ |

رادەی تێکڕایی زیادکردنی بەرهەمهێنان لەو نۆ ساڵەدا ساڵی ٣/٧٪ بووە. ئەگەر خێرایی هەڵدانی دانیشتووانیش لەبەرچاو بگرین، زیادکردنی بەرهەمەکانی وەرزێری لەو ماوەیەدا بۆ شتوومەکی خواردەمەنی دەگاتە ٠/٦٪و بۆ دانەوێڵە ٠/٨٪ لە ساڵ دا. ٥٪ی بەرهەمی وەرزێرییش هەر لەجێی خۆی وەستاوە. ئەوەی سەرنج رابکێشێ نزمتر بوونی رادەی هەڵدانی بەرهەمی وەرزێرییە. چونکە لەکاتێك دا رادەی هەڵدان لە چوار ساڵەی هەوەڵدا لە ٤٪ پتر بووە، لە ساڵەکانی دواتردا لەجێی خۆی راوەستاوەو لەو ماوەیەدا تەنیا ٠/٥٪ زیادی کردوە.

(٤٠) Annuaire statistique 1961. N.U. New York 1962, p. 90.

(٤١) Economic Survey of Asia and the Far East, 1962, U.N. New York 1963. p.192.

# فەسڵی نۆهەم

## سەنعەت و بازرگانی و باری ماڵی

### ا- سەنعەت

ئەوەی لەو بارەیەوە زانراوە وا دەگەیەنێ کە تەواوی ئەو سەرمایەیەی لە ٥١٨ کارخانەو کارگای کوردستانی ئێران دا خراوەتەکار، دەگاتە ١٧٤٦٨٤٦٠٠٠ قران. یانی ٣٢ میلیۆن دۆلار. کە ٣/٨٪ی هەمووی ئەو سەرمایەیە پێك دێنێ کە لە پیشەسازیی ئێران دا کەوتۆتە کار.[1] ئەگەر ژمارەی ئەو کرێکارانەی لە نەوتی کرماشانیش دا کار دەکەن، بخەینە سەر ژمارەی کرێکارانی ئەو کارخانەو کارگایانە، تێکڕا ژمارەی ئەو کەسانەی لە بەرنامە سەنعەتی‌یەکان دا کار دەکەن، دەگاتە ٧٥٠٠ کەس، واتە ٢/٠٪ی هەموو دانیشتووانی کوردستانی ئێران. بۆئەوەی مەسەلەکە روونتر بێ، پێویستە ئەوەش بڵێین کە پرۆژە سەنعەتی-یەکانی کوردستانی ئێران تەنیا ٢٪ی ئەو مۆتۆرانە بەکاردێنن کە لە ئێران دا خراونە کارو ١/٩٪ی کارەبای هەموو ئێران دەکار دەکەن.[2]

ئەگەر ئەو پیشەسازانەش کە لە کارگاکانی خۆیان دا مافوورە دەتەنن و هەروەها کوورەپەزو کارمەندانی بارو گواستنەوەو کرێکارانی پرۆژە میکانیکی و سەنعەتی‌یەکانیشیان بخەینە سەر، ئەودەم ژمارەی کرێکاران دەگاتە ٤٠٠٠٠ تا ٤٢٠٠٠ کەس، واتە ١/٢٪ی دانیشتووان.

رەنگە هەر ئەو ئاگاداری‌یە کەمەی سەرەوە بۆ نیشاندانی باری پیشەسازیی کوردستانی ئێران بەس بێ. لەراستی دا تەنیا سەنعەتی نوێ سەنعەتی نەوتە کە بریتی‌یە لە دەرهێنان و پالاوتنی نەوت، کە هەتا ساڵی ١٩٥١ بەدەست شیرکەتی نەوتی ئینگلیزو ئێرانەوە بووەو پاش میللی کردنی نەوت شیرکەتی میللیی نەوتی

---

[1] بەپێی سەرژمێریی تایبەتیی تێکۆشانی پیشەسازی و کانگاکان لە ساڵی ١٩٥٨-١٩٥٩دا، تاران، ١٩٦٠.

[2] ئێرانی ئێستا، ل١٤٠.

ئێران گرتوویەتـە دەسـت خـۆی. بـەڵام رادەی دەرهێنـان و پـاڵاوتنی نـەوت زۆر لەسەرخۆ زیاد دەکا. هـۆی سستیی دەرهێنـانی نـەوت لـەپێش میللـی کـردن دا ئەوەبوو کە شیرکەتی نەوتی ئینگلیز لەبەرئەوەی نـەوتی کوردسـتان بـۆ دەرەوە نەدەچوو و تەنیا لە نێوخۆی وڵات دا بەکار دەبرا، بایەخی بەزیادکردنی بەرهەمی نەوتی کوردستانی ئێران نەدەدا.

لـەپاش میللـی کردنـی نـەوتیش کۆنسۆرسـیومی جیهـانی جێگـای شـیرکەتی نەوتی ئێران و ئینگلیزی گرتـەوەو بـوو بـە کۆسـپی زیـادکردنی بەرهـەمی نـەوتی کوردستانی ئێران کە لەدەست دەوڵەت دا بوو. ئەو نەوتەی لە نێوخـۆی ئێـران دا دەکار دەکرێ، ساڵێ دەگاتە سێ میلیۆن تۆن، کە دەوڵەت (سـاڵی ١٩٦٠) ١٠٪ی بەرهەم هێناوەو ئەوەکەی تری لە کۆنسۆرسیۆم دەکرێ.

هەتا ساڵی ١٩٥٩ شتێکی دیکەش رۆڵی خـۆی لـەو سـەنعەتەدا یـاری کـردوە، ئەویش تێکەڵبوونەوەی چاڵە نەوتەکانی کرماشان لەگەڵ هی کوردستانی عیراقە، کـە لـە مەڵبەنـدی خانـەقین نـەوت دەردەهێنـرێ و لـە پاڵوێنەخانـەی وێدا دەپاڵێورێ. نەوتی خانەقین تا ساڵی ١٩٥٩ (کە میللی کـرا) لەدەسـتی مۆنۆپۆلـە ئیمپریالیسـتی‌یـەکان دا بـوو و قـازانجی مۆنۆپۆلـەکان لـەوەدا بـوو کـە نـەهێڵن بەرهەمی نەوتی کرماشان زیاد بکا.

سەنعەتەکانی دیکەش کە قەندسازی و لۆکەپەڕەکردن و میـوە وشـك کـردن و کوورەپەزین، زۆر کەم پێش کەوتوون.

١٧٪ی دانیشتووانی ئێران لە کوردستان دادەنیشن، کەچی بەشی کوردسـتان لە بەرهەمهێنانی سەنعەتی لە ٣٪ تێناپەڕێ. خۆ ئەگەر ئەوەشمان لەبەرچاو بـێ کـە ئێـران خـۆی لـە ریـزی وڵاتـە پاشـکەوتووەکان دایـە، بـەجوانی رادەی دواکەوتوویی ئابووریی کوردستانی ئێرانمان بۆ دەردەکەوێ.[٣]

---

[٣] کوردستانی تورکیـاش هەرچـەند ژمـارەی دانیشـتووانی ١٩٪ی هـەموو دانیشـتووانی تورکیایـە، ٣_٥٪ی هەموو بەرهەم هێنانی پیشەسازی تورکیای بەرکەوتوە، لەوەڕا دەردەکەوێ کـە کوردسـتانی تورکیاش زۆر دواکەوتوە.

لەکوردستانی عیراق وەزعەکە جیاوازە، کوردستانی عیراق بەهۆی هەلومەرجی لەباری جوغرافیایی و گەشەکردنی سەنعەتی نـەوت لەناوچـە هـەرە پێشـکەوتووەکانی عیراقـە. بێجگـە لـەوەش نفووسـی

**نەخشی بەشی گشتی ـ دەوڵەتی ـ**

لـە گەشـەکردنی سـەنعەتی نـەوت دا دیاردەیـەکی زۆر سـەیر دێتـە بەرچـاو: لەکاتێك دا رادەی گشتیی بەرهەم هێنان زۆر خێرا چۆتە سەرێ، دەرهێنـانی ئـەو نەوتەی بەدەست حکوومەتەوەیە لەراستـی دا لـەجێگای خـۆی راوەسـتاوە، یـان ئەوەندە کەم چۆتە سەرێ کە بۆ باس کردن نابێ.

| جەدوەلی ژمارە (١٨)<br>دەرهێنانی نەوت لە ئێران (بە هەزار تۆن) | | |
|---|---|---|
| سالّ | بەگشتی[٤] | بەشی دەوڵەتی لە کوردستانی ئێران[٥] |
| ١٩٥٥ | ١٧.٠٧٠ | ٢٤٠ |
| ١٩٥٦ | ٢٦.٤٨١ | ٢٢٦ |
| ١٩٥٧ | ٣٥.١٢٩ | ٢٢٠ |
| ١٩٥٨ | ٤٠.٢٤٣ | ٢٤٨ |
| ١٩٥٩ | ٤٥.٠٢٣ | ٢٥٥ |
| ١٩٦٠ | ٥٢.٠٦٤ | ٣٠٠ |
| ١٩٦١ | ٥٨.٨٠٠ | ــــ |
| ١٩٦٢ | ٦٣.٩٠٠ | ٤٢٠[٦] |

لەو جەدوەلە دەردەکەوێ کە بەرهەمهێنانی نەوت بەگشتی لەنێوان ساڵەکانی ١٩٥٥و ١٩٦٢دا ٣/٥ چـەندانە بـەرەژوور چـووە، بـەلاّم زێدەبەرهـەمی بەشـی

کوردسـتانی عـێراق لەچاو خاکەکەی زۆرە. بەشـی کوردسـتانی عـێراق لـە بەرهـەمهێنانی سـەنعەتی بەنەوتەوە، زیاتر لە ٥٠٪ی بەرهەمی پیشەسازیی عیراقە.

[٤] Economic Developments in the Middle East 1958_1959, New York, p.72.

[٥] Middle East Economic Digest, February 1960, and February 1961, London.

[٦] Petroleum Press Service, February 1963, London.

دەوڵەتی لە ٧٥٪ زیاتر نەبووەو ساڵی ١٩٦٢ بەرهەمی بەشی دەوڵەتی ٤٢٠٠٠٠ تۆن، واتە ٨٪ی بەکارهێنراوی نێوخۆی ئێران و ١٪ی بەرهەمی کۆنسۆرسیۆم.❖

رادەی پاڵاوتنی نەوت زۆر لە هی دەرهێنانیش کەمتر چۆتەسەر. ساڵی ١٩٥٠ پێش میللی کردنی نەوت، پاڵێنەخانەی ئابادان ٢٤ میلیۆن تۆن نەوت، یانی ٧٦٪ی هەموو بەرهەمی ئەو ساڵەی پاڵاوتوە، بەڵام لەپاش میللی کردن مۆنۆپۆلە جیهانییەکانی نەوت خێرا چەند پاڵێنەخانەیان لە چەند شوێنێکی دیکەی دنیاو بەتایبەتی لە ئورووپای رۆژئاوادا دروست کرد. ئێستا بەشی زۆری نەوتی ئێران بە خاوی دەچێتە دەرەوە. ساڵی ١٩٦١ پاڵێنەخانەی ئابادان تەنیا ١٦/٨ میلیۆن تۆن نەوتی پاڵاوتوە کە ٢٨٪ی بەرهەمی ساڵانە بووە.❖

ناتەبایی نێوان بەشی دەوڵەتی و مۆنۆپۆلە ئیمپریالیستییەکان لە شتێکی دیکەش را دەردەکەوێ. شاردراوە نیە کە حکوومەتی ئێران لەژێر تەوژمی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا دەزگاو بنیاتەکانی بەشی دەوڵەتی بە سەرمایەدارە خۆوڵاتییەکان دەفرۆشێ.(٧) دیارە مۆنۆپۆلەکانیش لە وڵاتە دواکەوتووەکان دا - چ سیاسەتێکی نیشتمانی بگرنە پێش و چ سیاسەتێکی سەر بە ئیمپریالیستی - حەز لەچارەی بەشی دەوڵەتی ناکەن. هۆی ئەو بەرهەڵستییەش ئەو نەخشە گرنگەیە کە بەشی دەوڵەتی لە وڵاتەکانی پەرەئەستێن دا یاریی دەکا، چونکە پێگەیەکی ئابووری گرنگە بۆ هێزەکانی دژی ئیمپریالیستی لە وڵات دا.

هەر لەبەر ئەوەش هەمیشە بەبیانووی ئەوە کە دەوڵەت شارەزایی و کارامەیی زۆری نیە، بەتوندی بەرهەڵستیی بەشی دەوڵەتی دەکرێ. گوتمان حکوومەت خەریکە کارخانەکانی دەوڵەتی بەخەڵك دەفرۆشێ. دامەزراوی پلان دارشتن لە راپۆرتی ژمارە ١٢ی مارسی ١٩٦٠دا پێشنیاری کردوە کە دەوڵەت کارخانەکانی

---

❖ لەگەڵ ئەوە کە بەرهەمی نەوتی ئێران لەساڵی ١٩٧٠ لە ١٩٠ میلیۆن تۆن تێپەڕیبوو، بەرهەمی نەوتی کوردستانی ئێران هەر نیو میلیۆن تۆن بوو.

❖ لە ساڵی ١٩٧٠دا هەموو پاڵێنەخانەکانی ئێران پێکەوە کەمتر لە ١٥٪ی بەرهەمی نەوتی ئێرانیان پاڵاوتوە - د.

(٧) حکوومەت فرۆشتنی کارخانە دەوڵەتییەکانی ناو ناوە "میللی کردن" بەو بیانووە کە میللەت دەیان کڕێ. د.

بفرۆشێ، بەو بیانووە کە گۆیا بەرهەمیان کەمەو قازانجیان لێ هەڵناوەرێ. ئەو راپۆرتە پاشان دەڵێ:

**"رابردوو نیشانی داوە کە سەرمایە تایبەتی‌یەکان توانای سەنعەتی کردنی وڵاتیان لە سەرمایە دەوڵەتی‌یەکان زیاترە".**[٨]

بەڵام گۆڕانەکانی ئەو دوایی‌یەی ئێران هیچ شتێکی وا دەرناخەن. چونکە بەرنامەی سەنعەتی‌کردن بەهیچ جۆر جێبەجێ نەبووەو ئەو سەنعەتانەی تا ئێستاش هەن، بەتەواوی بە بەشی دەوڵەتی‌یەوە راوەستاون. سەرچاوەی قازانج نەکردنی کارخانە دەوڵەتی‌یەکان و نزم بوونی رادەی بەرهەم دەبێ لەشوێنێکی دیکەدا بدۆزینەوە: کارخانە دەوڵەتی‌یەکان بەشێوەی سەرەکی لە ساڵانی ٣٠ دا دامەزراون و لەو کاتەشەوە ئامرازەکانیان نەگۆڕاون. ئەمجار ئەو بۆرۆکراتی و بەرتیل خۆری‌یە کە لەدەزگای دەوڵەتی دا بڵاو بۆتەوە بۆتە هۆی نزم بوونی رادەی بەرهەم و زیانبار بوون. کەوابوو، مەسەلە ناشارەزایی و لێنەزانیی دەوڵەت نیە، بەڵکوو ناتەبایی نێوان ئەرکەکانی دەوڵەت و تەرکیبی دەزگای دەوڵەتی‌یە. دەتوانین سەنعەتی تووتن بە نموونە بهێنینەوە، دەوڵەت لێرەدا کارگاو کارخانەیەکی بەدەستەوەیە کە تازەترین ئامرازی بەرهەم هێنانی هەیەو قازانجی باشی لێ هەڵدەوەرێ، بەکردەوەش قازانجی پاك کردەی دەوڵەت لەساڵی ١٩٥٨دا گەیشتۆتە ٣٠ میلیۆن قران.

ئەو راپۆرتەی باسمان کرد نیشان دەدا کە تەواوی ئەو سەرمایانەی لەلایەن سەرمایەدارەکانەوە لە سەنعەت دا وەکار خراون، ساڵی ١٩٥٨و ١٩٥٩ لەنێوان ٣٠ـ٤٠ میلیۆن دۆلاردا بوون، یانی یەك لەسەر شەست تا یەك لەسەر هەشتای داهاتی نەتەوایەتیی ساڵی ١٩٥٨. کەوابوو، کێ دەتوانێ بڵێ سەرمایە تایبەتی‌یەکان وڵات سەنعەتی دەکەن؟ تاقیکردنەوەی زۆر وڵاتان نیشان دەدا کە بەشی دەوڵەتی لە سەنعەتی کردنی ئەو وڵاتانەدا کە لەباری ئابووری‌یەوە دواکەوتوون و هەروەها ئەو وڵاتانە کە وەك ئێران سەرمایەی تایبەتی‌یان کەمە، رۆڵێکی زۆر گرنگی هەیە. لە وڵاتە دواکەوتووەکان دا هەر بیروباوەڕێك بەرهەڵستیی بەشی

(٨) راپۆرتی دامەزراوی پلان دارشتن، ژمارە ١٢، بەزمانی فارسی، تاران، ١٩٦٠، ل٩٣.

دەوڵەتی بکا، یان لەبایەخی کەم بکاتەوەو نەخشی بەشی گشتی بەکەم بگرێ، خزمەتی مۆنۆپۆلە ئیمپریالیستی‌یەکان دەکا.

زۆربەی ئەو پیشەسازی‌یانەی ئێستا لەکوردستان دا هەن، هی بەشی دەوڵەتین و لەراستی دا باسی بورژوازیی سەنعەتیی خۆوڵاتی هەر لەگۆڕێ نیە. وەك لەمەودوا دەبینین بۆرژوازیی نیشتمانیی کورد لەئەساس دا بۆرژوازیی بازرگانی‌یە، بۆرژوازی‌یەکی سوودخۆر کە زیاتر بەشێوەی ناڕاستەوخۆ جووتیارەکان دەچەوسێنێتەوە. هەر لەوکاتەدا بۆرژوازیی کورد پاڵی بە بۆرژوازیی گەورەی ئێرانەوە داوەو وەك یەکێك لە لقەکانی بۆرژوازیی ئێران لەکوردستان دانیشتوە.

سروشتی سوودخۆری ئەو چینە زیاتر لە شیمال بەڕوونی دەردەکەوێ و هەتا بەرەو جنووب بڕۆین کەمتر دەبینرێ. چونکە لەوێ بۆرژوازی لە چوارچێوەیەکی بەربڵاوتردا خەریکی بازرگانی‌یە، لەکرماشان هێندێك وردە سەنعەتگەریش دەبینین. کرماشان تەنیا شاری کوردستانی ئێرانە کە ژووری بازرگانیی تێدا هەیە.

## ٢ـ بازرگانی و باری ماڵی

ئاڵۆزیی پێوەندی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکان لە بازرگانی و نیزامی ماڵیی وڵات دا بەڕوونی دەردەکەوێ. چونکە پێوەندیی بەهێزی دەرەبەگایەتی و تا رادەیەکیش پێوەندی‌یەکانی مەزنایەتی باوك (پاتریارکا) کۆسپێکی گەورەیان لەسەر رێگای پێگەیشتنی بازاڕی نێوخۆ پێك هێناوە. ناتەواویی دابەش کردنی کاریش لەنێو بەشە جۆربەجۆرەکانی ئابووریی نەتەوایەتی دا تەئسیرێکی خراپی هەیەو لەگۆڕێدا بوونی ئابووریی تەبیعی و پەرەنەگرتنی پێوەندی‌یەکانی بازاڕیش بەتایبەتی لەهێندێك مەڵبەندا دوو کۆسپی تری گەشەکردنی بازاڕی نێوخۆیین. ئەمجار کەمیی رێگاوبان و نەبوونی رێگا ئاسنیش دەبنە هۆی لاوازیی پێوەندیی بازرگانی لەنێوان ناوچەکانی کوردستان داو هەموو مەڵبەندە کوردنشینەکان

هەوڵ دەدەن ئەو جۆرە پێوەندییانە لەگەڵ مەڵبەندە غەیرە کوردنشینەکانی دراوسێیان و لەگەڵ پێتەخت بەهێز بکەن.[٩]

پێوەندیی کوردستانی ئێران بە بازاڕی جیهانییەوەو دەرهێنانی نەوت و وەکارخستنی ژمارەیەك لەخەڵك لە دەرهێنان و دابەشینی نەوت داو پەرەگرتنی خێرای بازرگانیی دەرەوەو سەقامگیربوونی دەوڵەتی مەرکەزی هەمووی ئەوانە یارمەتیی پەرەگرتنی بازاڕی نێوخۆیی دەدەن.

### الف ـ بازرگانیی دەرەوە

بازرگانیی دەرەوە بەشێوەیەکی سەرەکی لەگەڵ وڵاتە سەرمایەدارییە گەورەکانە کە بەو هۆیەوە سیاسەتی ئابووریی خۆیان بەسەر ئێران دا دەسەپێنن و دەبێتە هۆی ئەوە کە ئێران نەخشی وڵاتێکی بەرهەم هێنەری کەرەستەی خاو یاری بکا.

جەدوەلی ژمارە (١٩)
بازرگانیی دەرەوەی ئێران بە میلیۆن دۆلار[١٠]

| سال | دەرچووی جگە لە نەوت | دەرچووی نەوت | هەموو دەرچوو | بەشی نەوت لە هەموو دەرچوو | هاتوو | کەم و زیاد |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٥٧ | ١١١ | ٢٥٨ | ٣٦٩ | ٪٦٩ | ٣٢٠ | + ٤٩ |
| ١٩٥٨ | ١٠٥ | ٣٠٤ | ٤٠٩ | ٪٧٤ | ٤٤٦ | − ٣٧ |
| ١٩٥٩ | ١٠٢ | ٦٥٩ | ٧٦١ | ٪٨٦ | ٥٥٥ | + ٢٠٦ |
| ١٩٦٠ | ١٠٥ | ٧٩٤ | ٨٩٩ | ٪٨٨ | ٥٧٧ | + ٣٢٢ |

---

[٩] درێژایی هەموو ڕێگا ترۆمبێلەکان دەگاتە ١٦٠٠ کیلۆمیتر، یانی کیلۆمیترێك ڕێگا بۆ هەر ٧٥ کیلۆمیتری چوارگۆشە. د.

[١٠] ڕۆژنامەی اطلاعات، ژمارەی ١ـ٨ـ١٩٦١ و Economic Developments in the Middle East, 1958_1959, New York, 1960, p. 102, 109.

ئەم جەدوەلە نیشان دەدا کە وڵات پشتی بە دەرچووی نەوتەوە بەستوە، نەوتێك کە دەرهێنان و فرۆشتنی بەدەست ئەو مۆنۆپۆلە جیهانی‌یانەی نەوتەوەیە کە لە کۆنسۆرسیۆم دا یەکیان گرتوە. هەروەها نیشان دەدا کە ئەو ڕێبازە هەتا دێ زیاتر جێگیر دەبێ. چونکە لەساڵی ١٩٦٠ دا نەوت زیاتر لە ٨٨٪ی هەموو دەرچووی ئێران بووە، لەکاتێك دا پارسەنگی بیلانی ماڵی لەنێوان ساڵەکانی ١٩٥١ـ١٩٥٣دا کە نەوت میللی کرابوو، بە قازانجی ئێران بووە. ڕادەی زیادی‌یەکە لەساڵی ١٩٥٢دا ١٠ میلیۆن دۆلار بووەو لەساڵی ١٩٥٣دا لە ٤٠ میلیۆن دۆلار تێپەڕیوە.[١١] هەر لەوکاتەدا تەرکیبی بازرگانیی دەرەوەش زیاتر لەئێستا بەقازانجی ئێران بووە. ئەوکاتە دەوڵەت بەسەر بازرگانی دا زاڵ بوو و ئامرازو شتوومەکی پێویستی بۆ پەرەپێدانی ئابووری لە دەرەوەڕا دەهێنا.

پێویستە ئەوەش بگوترێ کە ڕادەی هاتووی بێگومرگ کە ئەو جەدوەلەی سەرەوە نایگرێتەوە لەو ساڵانەی دوایی دا زۆر چۆتە سەرو نرخی تێکڕایی ئەو شتوومەکانە کە ساڵی ١٩٥٨ دەزگا دەوڵەتی‌یەکان و کۆنسۆرسیۆم و ئەرتەشی ئێران هێناویانە، گەیشتۆتە ١٧٢ میلیۆن دۆلار.[١٢] و ساڵی ١٩٦٠ لە سەد میلیۆن دۆلار تێپەڕیوەو ساڵی ١٩٦١ گەیشتۆتە ١٢٠ میلیۆن دۆلار.[١٣]

لەوەڕا بۆمان دەردەکەوێ کە ڕادەی دەرچوونی نەوت لەنێوان ساڵەکانی ١٩٥٧ـ١٩٦٠دا سێ‌چەندانە زیادی کردوە، کەچی ڕادەی دەرچوونی شتوومەکی تر ٦٪ هاتۆتەخوار. لەلایەکی تریشەوە ڕادەی دەرچوون زۆر خێرا زیادی کردوەو لەنێوان ساڵەکانی ١٩٥٧ـ١٩٦٠دا ٧٧٪ چۆتەسەر.

سەدی پەنجای نەوتی ئێران دەچێتە ئورووپای ڕۆژئاواو سەدی شازدەی بۆ ڕۆژهەڵاتی دوور و سەدی شەشی بۆ ئوستورالیاو سەدی حەڤدەی بۆ ئەفریقاو سەدی شەش بۆ ئەمریکای شیمالی دەڕوا.[١٤] گەورەترین وڵاتەکانی کە شتوومەك لەئێران دەکڕن، ئەمانەی خوارەوەن:

---

[١١] ئاماری بازرگانیی دەرەوەی ئێران لەساڵی ١٩٥٨دا، تاران ل٢٦.

[١٢] ساڵی ئێرانی لە ٢١ی مارس دەست پێدەکاو لە ٢٠ی مارس تەواو دەبێ.

[١٣] تهران اکونومیست، ژمارەی ٥ـ١ـ١٩٦٣.

[١٤] ڕاپۆرتێك لەبارەی کاروباری کۆنسۆرسیۆمەوە لەساڵی ١٩٥٩دا، بەزمانی فارسی، تاران، ١٩٦٠، ل١٦٠.

| جەدوەلی ژمارە (٢٠)<br>هاتوو و دەرچووی ئێران (بێجگە لەنەوت) لەساڵی ١٩٥٨دا[١٥]<br>(بەمیلیۆن دۆلار) | | |
|---|---|---|
| وڵات | دەرچوو | هاتوو |
| ئاڵمانی فیدراڵ | ١٢٢٣ | ٧٣١٤ |
| وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا | ١٠٨٠ | ٥٦٣٣ |
| بریتانیا | ٨٥٢ | ٤٩٠٧ |
| ژاپۆن | ١٤٧ | ٣٤٥٤ |
| یەکیەتیی سۆڤیەتی | ١٧٤٩ | ١٨٦٤ |
| فەرانسە | ٦٣٣ | ١٠٨٥ |
| ئیتالیا | ٢٧٣ | ١٠٣١ |
| فۆرمۆز | ١/٨ | ١٢٦٠ |
| هیندوستان | ١٩١ | ٩٦٢ |
| چیکوسلۆواکی | ٢٥٢ | ٦١٥ |

ئەڵمانی فیدڕاڵ لەڕادەی گشتیی بازرگانی و لەڕادەی هاتوودا لەپلەی یەکەم دایە، (٢١٪) بەلام لەڕادەی دەرچوودا دووهەمە. یەکیەتیی سۆڤیەتی لەڕادەی بازرگانیی دەرەوەدا کەوتۆتە پلەی چوارەم، بەلام بۆ هاتوو پلەی پێنجەمی گرتوە(٥٪). لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە کە یەکیەتیی سۆڤیەتی لە دەرچووی ئێران پلەی یەکەمی گرتوە، واتە(٢٢٪). ژاپۆن لە ڕادەی بازرگانی دا پێنجەم و بۆ هاتوو چوارەمە، (١٠٪) و لە دەرچوودا سێزدەهەم(١/٨٪). خۆش ئەوەیە فۆرمۆز لەناردنی شتوومەك بۆ ئێران شەشەمین وڵاتەو بۆ کڕینی شتوومەکیش سیوپێنجەمە. چیکوسلۆواکیش لەبازرگانیی ئێران دا پلەی دەیەمی گرتوەو لە هاتوودا پلەی چاردەهەم(١/٨٪)و لە دەرچوودا هەشتەمە(٣٪).

---

[١٥] Foreign Trade Statistics of Iran (1958_1962), Teheran. p. 4, 6, 8.

سالّی ١٩٥٨ هاتووی ئێران لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو ئەڵمانی ڕۆژئاواوە گەیشتۆتە ٦٦/٦٪ی هەموو هاتووی ئێران، بەڵام هاتووی ئێران لە یەکیەتیی سۆڤیەتی و وڵاتە سۆسیالیستییەکانی ئورووپاوە تەنیا ٩/٥٪ بووە.[١٦]

ئەو جەدوەلە نیشان دەدا کە وڵاتە ئیمپریالیستییەکان بازرگانییەکی نابەرامبەر لەگەڵ ئێران دەکەن. سالّی ١٩٥٨ هاتووی ئێران لە ئەڵمانی ڕۆژئاواوە شەش هێندەی دەرچووی ئێران بۆ ئەو وڵاتە بووە، لە وڵاتە یەکگرتووەکان و بریتانیا پێنج هێندەو لە ژاپۆن بیست هێندەی دەرچوو بووەو تا ئێستاش هیچ باش بوونێك بەسەر ئەم بارەدا نەهاتوە، وەك لە ڕادەی بازرگانیی سالّی ١٩٦١دا دەردەکەوێ کە هاتوو لە ئەڵمانی ڕۆژئاواوە حەوت هێندەی دەرچوو بووەو لە وڵاتە یەکگرتووەکانەوە دوازدە هێندەو لە بریتانیاوە نۆ هێندەو لە ژاپۆنەوە چلوچوار هێندەی دەرچوو بووە.[١٧] لێرەدا بایەخی بازرگانی لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەتی بۆ ئێران دەردەکەوێ. چونکە یەکیەتیی سۆڤیەتی دەرچووە لەمێژینەکان لەئێران دەکڕێ کە ئێران بەزەحمەت دەتوانێ بیان نێرێتە دەرەوە، بێجگە لەوەش، بازرگانی لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەتی پێویستی بەدراوی قورس نیە کە بۆ ئێران سەختەو لە سەوداو مامەڵە لەگەڵ وڵاتە سەرمایەدارەکانیش دا بەمەرجی بنەڕەتی دادەنرێ. لە جیاتی دەرچووە لەمێژینەکانی ئێران بازرگانە ئێرانییەکان دەتوانن هەموو چەشنە بەرهەمێکی سەنعەتی و ئامرازی جۆربەجۆر لە یەکیەتیی سۆڤیەتی وەربگرن. ئەمجار دراوسێیەتی لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەتی دەبێتە هۆی ئەوە کە لەچاو بازرگانی لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان و وڵاتە سەرمایەدارەکانی دیکە، بازرگانە ئێرانییەکان زووتر قازانجی سەرمایەکانیان بێتە دەست. ئەو دیمەنە لەبارانەی بازرگانی لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەتی، لەسەردەمی کۆماری مەهاباددا بەتەواوی دەرکەوتن. لەوکاتەدا یەکیەتیی سۆڤیەتی ببووە هۆیەکی گرنگی گەشەکردنی ئابووری لەبەشی شیمالی کوردستانی ئێران دا.

---

[١٦] Economic Developments, p. 5.

[١٧] تهران اکونومیست، ژمارەی ٥-١-١٩٦٢.

باسی ئەوەمان کرد کە تەنیا نەوتە ناتەواوی و لاسەنگیی بیلانی بازرگانیی ئێران پڕ دەکاتەوە، بەڵام پێویستە ئەوەش بڵێین کە بەرهەمهێنان و بەڕێکردن و قاڵ کردنەوەی نەوت لەدەستی کۆنسۆرسیۆمی ئیمپریالیستیی نەوت دایەو مانای ئەوەیە ئێران ناتوانێ بەئازادی نەوتی خۆی بفرۆشێ. چونکە شەرتەکانی سەودای نەوت کۆنسۆرسیۆم دیاری دەکا. لەلایەکی دیکەوە بەگوێرەی پەیمانێك کە تا ئێستا لەجێی خۆیەتی، ئێران ٥٠٪ی قازانجی نەوتی پێ دەبڕێ. بۆیە جێی خۆیەتی کە نەوت لە شتوومەکی دەرچووی ئێران دەرهاوێین و نەیهێنینە نێو بودجەی بازرگانییەوە.

پێویستە ئەوەش بگوترێ کە تەرکیبی شتوومەکی دەرچووی وڵاتە ئیمپریالیستییەکان زۆر زیانی بۆ ئێران هەیە. چونکە بەشی زۆری شتوومەکی بەکارهێنانە. لەکاتێك دا لە بازرگانی لەگەڵ وڵاتە سۆسیالیستییەکان دا وەزعەکە جۆرێکی ترە. رۆژنامەی (اطلاعات) پێی لەوە ناوە کە بەپێی پەیمانێك کە لەم دواییانەدا بەستراوە ٨٠٪ی دەرچووی چیکوسلۆواکی بۆ ئێران مەکینەو ئامرازی بەرهەم هێنانە،[١٨] لەکاتێك دا مەکینەو ئامرازی یەدەکی تەنیا ١٥٪ی هەموو هاتووی ئێرانە[١٩] ئەوەکەی تری بەرهەمی دروستکراو و بەتایبەتی شتوومەکی لۆکس و کەرەستەی سەرەتاییە.ساڵی ١٩٦٠ ئێران بایی ١٦ میلیۆن دۆلار ترۆمبێلی لە دەرەوەڕا هێناوە کە بەشی زۆری ترۆمبێلی تایبەتی بووە. سەیر ئەوەیە ئەم دواییانە ئێران هێندێك شتوومەك لە دەرەوەڕا دێنێ، کە لەپێش دا دەیناردنە دەرەوە، وەك گەنم و پەنیرو سێو و پرتەقاڵ و تەنانەت مافوورە.[٢٠] ئەوەش هۆی سیاسەتی (دەرگای ئاوەڵا)یە کە ئابووریزانە بۆرژوازییەکان بۆ ئەو وڵاتانەی لەباری ئابوورییەوە دواکەوتوون، پێشنیاری دەکەن.

سیاسەتی (دەرگای ئاوەڵا) لە بازرگانی دا کارێکی خراپ دەکاتە سەر ئابووریی وڵات. چونکە ئەو شتوومەکانەی لەنێوخۆی وڵات دا دروست دەکرێن لەو

---

[١٨] "اطلاعات" ژمارەی ٢٦-٢-١٩٦١.

[١٩] Economic Developments, p. 109.

[٢٠] ساڵی ١٩٦٠ ئێران بایی دوو میلیۆن دۆلاری مۆزو پرتەقاڵ و سێو و مەشرووباتی گازی لە دەرەوەڕا هێناوە. اطلاعات ٢٦-٧-١٩٦١.

شتوومەکانە گرانتر تەواو دەبن کە لە دەرەوەڕا دێن و باج و گومرگیان لەسەر نیە، کەوابوو، نرخی شتوومەکی بێگانە لە بەرهەمە خۆولاتی‌یەکان هەرزانتر دەبێ و لە ئەنجام دا بازاڕی شتوومەکی خۆولاتی دەشکێ.

| جەدوەلی ژمارە (٢١)<br>نرخی شتوومەکی بێگانەو ئەو شتوومەکانە کە<br>لەنێوخۆی ولات دا دروست دەکرێن[٢١] | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | ١٩٥٥ | ١٩٥٦ | ١٩٥٧ | ١٩٥٨ |
| ئەو شتوومەکانەی لە ولات دا دروست دەکرێن و دەکار دەکرێن | ١٠٠ | ١١٧ | ١١٢ | ١١٨ |
| شتوومەکی بێگانە | ١٠٠ | ٩٣ | ٨٣ | ٨٢ |

کاتێك ولاتێکی وەك ئێران کە بەرهەمداریی کاری چەند جار لە هی ولاتە سەرمایەدارییە پێشکەوتووەکان کەمترە، سیاسەتی (دەرگای ئاوەلا) بگرێتەبەر، بێجگە لە کەسادیی بازاڕی بەرهەمە خۆولاتی‌یەکان و تێکچوونی پیشەسازیی نێوخۆیی دەسکەوتێکی نابێ.

## ب ـ باری مالّی

ئەم بارە شپرزەیە لە بیلانی مالّی و باری مالّیی ولاتیش دا بەڕوونی دەبینرێ. هەرچەند بەرێکردنی نەوت و ئەو دراوە قورسە کە حکوومەت لەو رێگایەوە دەستی دەکەوێ بەشێك لە ناتەواویی بیلانی بازرگانیی ئێران پڕ دەکاتەوە، چەند سالە بیلانی بازرگانی ناتەواو دێتەوە. ئەو ناتەواوییە سالّی ١٩٥٥ گەیشتۆتە دە میلیۆن دۆلار.[٢٢] قەرزداریی دەولّەت بە (بانکی میللی)یش لەنێوان مارسی ١٩٥٣و ئووتی ١٩٥٩دا لە دوو چەندانە تێپەڕیوەو (لە ١٦٥ میلیۆن دۆلارەوە بۆتە ٣٦٤ میلیۆن دۆلار).[٢٣] ئەگەر داهاتی نەوت نەبێ ـ کە سالّی زیاتر

---

(٢١) راپۆرتی دامەزراوی پلان دارشتن، ژمارە ١٢، سالّی ١٩٦٠، ل١٦.

(٢٢) گەشەکردنی ئابووری...، ل ٩٠.

(٢٣) ئابووریی جیهانی و پێوەندیی نێودەولەتان، ژمارەی ١١، بەزمانی رووسی، مۆسکۆ، سالّی ١٩٦١.

له ٣٠٠ میلیۆن دۆلاره ـ، ئێران زۆر زیاتر به وڵاته ئیمپریالیستیه‌کان قه‌رزدار ده‌بێ، ئه‌و قه‌رزه ساڵی ١٩٦١ له ٧٠٠ میلیۆن دۆلار تێپه‌ڕیوه. ئێران له‌ساڵی ١٩٥٣وه ده‌ستی به قه‌رزوه‌رگرتن کردوه‌و له‌ساڵی ١٩٥٩شه‌وه ده‌ستی به‌دانه‌وه‌یان کردوه. ئه‌و قه‌رزانه بۆ ماوه‌یه‌کی کورت و به سوودێکی زۆر (٦ـ٧٪) ده‌درێن به ئێران و به چه‌ند جۆره شه‌رتی سیاسی و له‌شکری‌یه‌وه به‌ستراونه‌وه‌و له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ش دا ئه‌و ئامانجانه‌ی ده‌وڵه‌ت رای‌گه‌یاندوون، نه‌هاتوونه‌دی و له‌وانه‌ش نیه بێنه‌دی.

ئاوسانی دراوییش ئه‌نجامێکی ته‌بیعیی ئه‌م باره ئابووری‌یه‌یه، چونکه دراوی نێو بازاڕ زۆر خێرا زیادی کردوه.

| جه‌دوه‌لی ژماره (٢٢) | |
|---|---|
| ساڵ | راده‌ی دراوی نێو بازاڕ به میلیۆن قران |
| ١٩٥٣ | ٢٠٠٦٧ |
| ١٩٥٤ | ٢١٦٣٢ |
| ١٩٥٥ | ٢٣٠٧٨ |
| ١٩٥٦ | ٢٦٤٤٧ |
| ١٩٥٧ | ٣١٣٨٧ |
| ١٩٥٨ | ٣٨٩١٧ |
| ١٩٥٩ | ٣٧٩٤٢ |
| ١٩٦٠ | ٤٤٥٠٠ |
| ١٩٦١ | ٤١٣٠٠ |
| ١٩٦٢ [٢٤] | ٤٤٣٠٠ |

[٢٤] بلاوکراوه‌ی بانکی میللیی ئێران، مانگی ئووت و سێپتامبری ١٩٦٠ و Monthly Bulletin of Statistics, U.N., July 1963, New York.

دراوی نێو بازاڕ لەنێوان ساڵەکانی ١٩٥٣ـ١٩٦٢دا لە دوو چەندانە تێپەڕیوەو بۆتە هۆی هاتنەخواری بایی دراو و کەم بوونەوەی زەخیرەی زێڕو دراوی قورس و چوونەسەری نرخی شتوومەك و گران بوونی خەرجی بەڕێچوون لە وڵات دا.

لە ئابووریی هێندێك لەو وڵاتانەدا کە لەباری ئابووریی‌یەوە دواکەوتوون، سیاسەتی زیادکردنی دراوی نێوبازاڕ دەتوانێ تەئسیرێکی باشی هەبێ. کەوابوو، دەکرێ زیادکردنی دراوی نێو بازاڕ بە کارێکی باش دابنێین، بەڵام بەو شەرتە ئەوپەڕی سوودی لێ وەربگیرێ. ئەویش بەوە دەبێ کە لەلایەك هەمووی لە بەرهەمهێنان دا بخرێتە کارو لەلایەکی ترەوە هەرکاتێك کارێکی وا کرا کە ببێتە هۆی ئاوسانی دراوی، لانی‌کەمی بارتەقایی لەنێوان زێدەبەرهەم و رادەی دراوی نێو بازاڕدا بپارێزرێ. دەبێ کارێکی وا بکرێ کە ئاوسانی نەگاتە رادەیەك کە بایی دراو بێتەخوارێ و خەڵك باوەڕی پێی نەمێنێ، چونکە ئەوە پاشەرۆژێکی زۆر خراپی دەبێ. ئاوسانی دراوی دەبێتە هۆی هاتنەخواری بایی دراو لە بەرامبەر دراوی قورس داو لە مەیدانی نێونەتەوایەتییش دا جێگای پێ لێژ دەکا. هەروەها زیانی بۆ بازرگانیی دەرەوەش هەیەو زەخیرەی دراوی قورسیش قووت دەدا. کەوابوو، دەبێ حکوومەت بازرگانی بۆخۆی پاوان بکاو ئەو بازرگانی‌یە بە جۆرێك بێ کە پاراستنی بەرهەمی خۆواڵتی و سەنعەتی‌کردنی وڵات دابین بکا.

بەڵام وەزعی ئێستای ئێران زۆر جیاوازیی لەگەڵ ئەوە هەیە. چونکە ئەو دراوەی لەکاتی زیادبوونی دراوی نێوبازاڕدا هەیە، بۆ مەبەستی بێجگە لە بەرهەمهێنان، وەك مەبەستی لەشکری و سەوداو مامەڵەی زەوی و کڕینی شتوومەکی لۆکس‌و هتد... خەرج دەکرێ و دەوڵەت لەکاتێك دا بەبیانووی زیادکردنی بەرهەم پاکانە بۆ ئاوسانی دراوی دەکا، دراوەکەی بۆ مەبەستی بێجگە لە بەرهەم هێنان بەکار دێنێ.

ساڵی ١٩٥٧ دەوڵەت لە بڵاوکردنەوەی دراوی تازە حەوت میلیارد قڕانی دەست کەوت، چونکە دۆلار لە ٣٤/٦ قڕانەوە بوو بە ٧٥ قڕان. نیوەی ئەو دراوە (٣/٥ میلیارد قڕان) لە وەرزێری دا خرایەکار، بڕیار وابوو ئەو دراوە هەمووی تا بەهاری ١٩٦٢ بەرە بەرە لە وەرزێری دا بخرێتە کار. بانکی وەرزێری قەرزی هەرەزۆری دا بە خاوەن ملکە گەورەکان و نوێنەرەکانیان، کە وەك لەپێشەوە گوتمان ئەوانە هێندەی جووتیارەکان بایەخ بەزیادبوونی بەرهەمی وەرزێری

نادەن. دیارە ئەم جۆرە هەنگاوانە دەبنە هۆی بڵاوبوونەوەی ئاوسانی دراو و لەجێی خۆ وەستانی بەرهەم. تەنیا ١/٠٪ی ئەو دراوە درا بە کوردستان و هەرچەندە گرانایی ئاوسان وەك ناوچەکانی دیکە دەکەوێتە سەر کوردستانیش، ئەو قەرزەی لەگەڵی کرا بیست جار لە نیسبەتی دانیشتووانی کەمتر بوو.

بڵاوبوونەوەی ئاوسان بوو بەهۆی بەرزبوونەوەیەکی بێوێنەی سوودی دراو. سوودی ئازادی دراو لەساڵدا لە کرماشان و هەموو مەڵبەندەکانی ئێران گەیشتە ٢٤ـ٣٦٪.[٢٥]

ئێستا بزانین هۆیەکەی چیە؟ لەسەرەتاوە وا دەردەکەوێ کە دەبێ بڵاوبوونەوەی ئاوسان و زۆربوونی دراوی نێو بازاڕ ببێتە هۆی کەم بوونەوەی سوودی دراو.

هەرچەند سوودی ئازاد ٢٤ـ٢٦٪ بوو، نرخی سوود لە بانکەکان دا سێچوار جار لەوە کەمتر یانی ٦ـ٧٪ بوو. کەوابوو، هۆیەکەی ئەوەیە کە دەوڵەت دەیەوێ ناتەواویی بوودجە لەرێگای ئەو قەرزانەوە پڕ بکاتەوە کە لە بانکی میللیی وەردەگرێ. وەك لەپێشەوە گوتمان ئەو قەرزانە تا ساڵی ١٩٥٩ گەیشتوونە ٣٦٤ میلیۆن دۆلار. زۆربەی ئەو دراوەی تازە بڵاو بۆتەوە بۆ مەبەستی عەسکەری و ئیداری و خەرجی رۆژانە سەرف دەکرێ و لە ئەنجام دا بەربڵاوبوونی ئاوسان هەر درێژەی دەبێ و بانکەکانیش دراوی پێویستیان بۆ بەقەرزدان بە سەرمایەدارەکان لەدەست دا نامێنێ و ئەوانەی پێویستیان بەدراو هەیە دەبێ لە بازاڕی ئازاد وەدەستی بخەن و ئەوەش دەبێتە هۆی چوونەسەری نرخی سوودی ئازاد.

سەوداو مامەڵەی زەوییەکانیش بەتایبەتی لەدەوروبەری شارەکان تەئسیرێکی خراپی بۆ وەکارخستنی هێندێك دراوی تازە هەیە، چونکە کاتێك سەرمایەدار لە سەوداو مامەڵەی زەوی ساڵێ ٥٠ـ١٠٠٪ قازانج دەکا، کەس ئامادە نیە سەرمایەی خۆی لە کاروباری بەرهەمهێنان دا وەکار بخا. کابرا، لەبەهارێدا میتری چوارگۆشەی زەوی بە پێنج دۆلار دەکرێ و ئاخری ساڵ بە ٨ـ١٠ دۆلارو زیاتریش دەیفرۆشێتەوە. کەوابوو، سەیر نیە کە کرێ خانوو لە هەموو

---

[٢٥] بڵاوکراوەی بانکی میللیی ئێران، ژمارە ٢٢٧، ٢٢٨، تاران، ١٩٦١.

خەرجێکی دیکە زیاتر دەچێتە سەر. لەنێوان ساڵەکانی ١٩٥٣ــ١٩٦١دا خەرجی ژیان تێکڕا ٧٦٪ بەرەژوور چووە، بەڵام کرێ خانوو ١٢٠٪ زیادی کردوە.

بەرزبوونەوەی سوودی دراو دەبێتە کۆسپی وەسەریەك کەوتنی دراو و بەکارهێنانی بۆ بەرهەم هێنان و هەموو دراوەکان بۆ کاری بێبەرهەم رادەکێشێ.

یەکێك لە هۆیەکانی ئەساسیی قەیرانی ئابووریی ئێستای ئێران پێوەندیی ئێران لەگەڵ پەیمانی دەستدرێژکەرانەی سەنتۆیە. ئێران خاوەنی لەشکرێکی ٢٠٠٠٠٠ کەسیە کە ٣٠٠٠٠ کەسی ئەفسەرو ٦٠٠٠٠ کەسی دەرەجەدارە.[٢٦] لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٣وە تا سەرەتای ساڵی ١٩٦١ موخاریجی نیزامیی ئێران گەیشتۆتە زیاتر لە ٨٦٦ میلیۆن دۆلار.[٢٧] ئەو دراوە زۆر لەو دراوە زیاترە کە ئێران لەماوەی نێوان ١٩٥٨ــ١٩٦٣دا بۆ سەنعەت و بازرگانی و هاتوچۆو بەرنامە کۆمەڵایەتیو ئیداریەکان وەکاری خستوە.

لەبارەی بازرگانیی دەرەوەش ئەو سیاسەتە لە ڕێبازی (دەرگای ئاوەڵا)دا دەردەکەوێ. لەساڵی ١٩٥٣وە ئێران بۆتە بازاڕێکی ئاوەڵا بۆ هەموو وڵاتانی سەرمایەداری، لە وڵاتە یەککرتووەکانی ئەمریکاوە بگرە، تا فۆرمۆز. ئەو تیئۆریە لەسەر تیئۆریی بەناوبانگی "خەرجی بەراوردکراو" دامەزراوە. ئەو تیئۆریە دەڵێ هەرچی بازرگانی ئازادتر بێ، ئەوەندە زیاترو باشتر ئەسڵی "خەرجی بەراوردکراو" دێتەدیو بەپێی ئەم تیئۆریە بازرگانیی جیهانی لەخۆڕا دەبێتە هۆی باشتربوونی دابەشکردنی جیهانیی کارو هەموو وڵاتێك دەتوانێ شتوومەکی بەرهەم هێنراوی خۆی بە شێوەیەکی باشتر بفرۆشێ کە لەو هەلومەرجەدا بە خەرجێکی کەمتر بەرهەمی هێناوە. بەڵام ئێران نەك هەر بۆتە کلکەی وڵاتەکانی ئیمپریالیستی و تەنیا کەرەستەی خاویان پێ دەفرۆشێ، بەڵکوو ناتوانێ بەرهەمە لەمێژینەکانیشی قاڵ بکاتەوە.

لەباری دابەشکردنی جیهانیی کاریشەوە وەزعی ئێران خراپتر بووە. ئەوەش بەڵگەی ئەوەیە کە هێنانەدیی تیئۆریی "خەرجی بەراوردکراو" لە پێوەندیی

---

[٢٦] رۆژنامەی (باختر امروز) ژمارەی ٢١ـ١٢ـ١٩٦١.

[٢٧] ئابووریی جیهانی و پێوەندیی نێو دەوڵەتان، ژمارە ١١، بەزمانی رووسی، مۆسکۆ، ١٩٦١.

نێوان وڵاتانی سەرمایەداری و ئەو وڵاتانەدا کە لەباری ئابووری‌یەوە دواکەوتوون، بێجگە لە بێ‌هێزبوونی هەڵوێستی وڵاتە پاشکەوتووەکان بەرهەمێکی نیە.

لەباسی تیئۆریی "خەرجی بەراوردکراو"دا پێویستە ئەو مەسەلەیەش بگوترێ کە ئەو مۆنۆپۆلانەی بەردی دڵسۆزی بۆ ئەو تیئۆری‌یە لە سنگی خۆیان دەدەن، زۆر یەك لایی ئەو تیئۆری‌یە جێ‌بەجێ دەکەن. چ وەزعێك دێتە پێش ئەگەر وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەئازادی نەوتی خۆیان لەسەر بناخەی ئەم تیئۆری‌یە بفرۆشن، ئەوە مۆنۆپۆلەکانن کە نەوت بەنرخی خەلیجی مێکزیك واتە تۆنی بە ٢٣ دۆلار دەفرۆشن. لەکاتێك دا کە خەرجی بەرهەم هێنانی نەوت لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا زۆر کەمترە. ئەگەر وڵاتەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئەم نەوتە تۆنی بە ١٥ دۆلار لە بازاڕی ئورووپای رۆژئاوادا بفرۆشن، مۆنۆپۆلە نەوتی-یەکان چ دەکەن؟ ئایا ئەمە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست نیە کە نەوت بەکەمترین خەرج بەرهەم دێنێ؟ ئایا بە رێکەوتە کە راست ئەو شتوومەکە، واتە نەوت کە وڵاتەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە کەمترین خەرج بەرهەمی دێنن، بەئازادی لە بازاڕی جیهانی دا نافرۆشرێ و راست هەر ئەو بەرهەمەش بەدەست مۆنۆپۆلە نێونەتەوایەتی‌یەکانەوەیە کە بەنرخی مۆنۆپۆلی دەی‌فرۆشن؟

# فەسڵی دەهەم

## جێگای نەوت لە ئابووریی نەتەوایەتی‌دا

### ١ـ نەوت لە جیهان دا

لە کوردستان هەروەك هەموو ناوچە خاوەن نەوتەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، نەوت ڕۆڵێکی ئابووریی زۆر گرنگ یاری دەکا. ئەو مەسەلانە کە پێوەندی‌یان بە نەوت و ڕەنێوهێنانی نەوتەوە هەیەو لە داهاتوودا تا ڕادەیەکی زۆر پەرەئەستاندنی ئەو وڵاتانە لە مەیدانی ئابووری و سیاسی دا دیاری دەکەن، لە هەموو مەڵبەندەکەدا وەك یەك دەچن. کەوابوو، پێویستە ئەو مەسەلە لە هەموو بارێکەوە لەچوارچێوەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا لێك بدەینەوەو ناوەندی لێکۆڵینەوەکەمان باری ئابووریی نەوتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بەتایبەتی تەئسیری لەسەر داهاتووی گەشەکردنی ئەم ناوچەیە بێ.

هەتا دێ بایەخی نەوت لە ئابووریی جیهانی دا زیاتر دەبێ و بەرە بەرە وەك ئاوردوو جێگای خەڵووزی بەرد دەگرێتەوەو لەوە گرنگتر ئەوەیە کە وەك کەرەستەی خاو بۆ سەنعەتە شیمیایی‌یەکانیش بەکار دێ. چونکە لقێك لە شیمی‌دا کراوەتەوە بەناوی "پێترۆشیمی" کە بەگشتی لە ئابووری دا جێگایەکی زۆر گرنگی گرتوە. ئێستا نەوت یەکێك لەو کەرەستە خاوە هەرە گرنگانەیە کە مرۆڤ بەدوایان دا دەگەڕێ. چونکە دەرهێنان و گواستنەوەو ئەمبارکردن و پاڵاوتنی لە خەڵووزی بەرد هاسانترو کەم خەرج ترە. بۆ بەرهەمهێنانی هێزی کارەبا، تۆنێك نەوت هێندەی سێ تۆن خەڵوزی کالۆری تێدا هەیەو سەرەڕای ئەوەش هیچ خۆڵی نیە. بێجگە لەوەش نەوت هۆیەکی گرنگە بۆ بەرهەم هێنانی کوودی نیترۆژێن بۆ کشتوکاڵ. لەماوەی بیست ساڵدا نیسبەتی نەوت لە بەرهەمهێنانی کوود دا لە ١٠٪وە بۆتە ٦٠٪، لەکاتێك دا نیسبەتی خەڵووزی بەرد لە ٩٠٪وە هاتۆتە سەر ٤٠٪.

دیارە ئەهمییەتی ستراتیژیی نەوت هەر نیازی بە باسکردن نیە. چونکە لەگەڵ ئەوەی کە لەئەنجامی دۆزرانەوەو گەشەکردنی مووشەك و بەکارهێنانی چەند

چەشـنە سـووتەمەنیی تـازەدا، شـەڕ شـێوەیەکی تـازەی بەخۆیـەوە گرتـوە، دیسانیش نەوت بە سووتەمەنی‌یەکی گرنگی شەڕەکانی ئەم سەردەمە دەناسرێ. پرۆژەکانی ئیمپریالیزم و پەیمانە نیزامی‌یەکانی وەك پەیمانی ئەتلانتیکی شیمالی و هی تر، ئەو بایەخە ستراتیژی‌یەی نەوت دەسەلمێنن.

کەوابوو، جێی خۆیەتی کە بەرهەمهێنانی نەوت لە سالّی ١٩٠٠ەوە تـا ١٩٦٦، لـە ٢٠ میلیـۆن تۆنـەوە گەیشـتۆتە زیـاتر لـە ١٦٠٠ میلیـۆن تـۆن، واتـە هەشـتا ئەوەندەی سالّی ١٩٠٠.

ئێستا چوار مەڵبەندی گرنگ بۆ دەرهێنانی نەوت هەن، کـە بـریتین لـە: وڵاتـە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، مەڵبەندی دەریای کاریبی (یانی وێنزوئێلا)، رۆژهـەڵاتی نێوەڕاسـتو یەکیـەتیی سـۆڤیەتی. سـالّی ١٩٦١ بەرهـەمی نـەوتی رۆژهـەڵاتی نێوەڕاست لە چوار یـەکی هـەموو بەرهـەمی نـەوتی جیهـان زیـاتر بـووە. لـەباری زێدەبەرهەمیشـەوە رۆژهـەڵاتی نێوەڕاسـت هـەموو دنیـای سـەرمایەداریی بـەجێ هێشتوە، چونکە لەنێوان سالّەکانی ١٩٥٠ـ١٩٦٥دا بەرهەمی نەوت لـە رۆژهـەڵاتی نێوەڕاست ٣٧٠٪و لە وێنزوئێلا ١٨٨٪و لە وڵاتە یەکگرتووەکان تەنیا ٤٤٪ زیادی کردوە.[1]

سێ لە پێنجی هەموو زەخیرەی نەوت کە تا ئێستا لەدنیادا دۆزراوەتـەوە، لـە وڵاتەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستە. سالّی ١٩٦٥ رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە زیـاتر لـە ٤٠٠ میلیۆن تۆن بەرهەم وڵاتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکای بەجێهێشـت کـە لـەو سـالّەدا ٣٧٥ میلیـۆن تـۆنی بەرهـەم هێنـابوو. ئـەمڕۆ رۆژهـەڵاتی نێوەڕاسـت لـە بەرهـەم هێنـانی نـەوت دا پلـەی یەکـەمی گرتـوە. لـەو پـازدە سـالّەی دوایـی دا بەرهەمی نەوتی کوردسـتان دە چـەندانە زیـادی کـردوەو سـالّی ١٩٦٥ بەرهـەمی نەوتی کوردستان گەیشتۆتە ٤٥ میلیۆن تـۆن کـە ٣٪ی بەرهـەمی نـەوتی هـەموو دنیایە.❖

---

[1] Petroleum Press Service, London September, 1962, p. 124.

❖ لە سالّی ١٩٧١دا ئەو نەوتە کە لە هەموو پارچەکانی کوردسـتان ڕەنێـو هێنـراوە، نیزیکـەی ٦٠ میلیۆن تۆن بووە. د.

هەر ئەوەی کە باسمان کرد، بەچاکی ئەهمییەتی نەوتی رۆژهەلاتی نێوەڕاست بۆ ئـابووریی ولاتـە سـەرمایەداری‌یـەکان و بەتایبـەتی ئورووپـای رۆژئـاوا کـە گەورەترین بەکارهێنەری ئەو نەوتەیە، دەردەخاو ئەو نەخشە گرنگە نیشان دەدا کـە لـەداهاتوودا نـەوتی رۆژهـەلاتی نێوەڕاسـت لـە ئـابووریی ئـەمریکاو دنیـای سەرمایەداری دا بەگشتی یاریی دەکا.

## ٢ـ نەوتی رۆژهەلاتی نێوەڕاست و مۆنۆپۆلەکانی نەوت

لەگـەڵ ئـەو هـەموو بایەخـە کـە نـەوت لـە ئـابووری و گەشـەکردنی ولاتـانی رۆژهـەلاتی نێوەڕاسـت دا هەیـەتی، گـەلانی ئـەم ولاتانـە نەوتەکـەیان بەدەسـت خۆیانەوە نیە.[٢] چونکە ئەو سەرمایە نەتەوایەتی‌یەی لـەو نەوتـەدا خراوەتـەکار، لە ١٪ی سەرمایە گشتی‌یەکە کـەمترە. هۆیەکەشـی ئەوەیـە کـە سـەنعەتی نـەوت هـەمووی لەدەسـتی مۆنۆپۆلـە ئیمپریالیسـتی‌یـەکان دایـە کـە لـەپاش کێشـەو هەرایەکی توند مۆنۆپۆلە ئـەمریکایی‌یـەکان وەپـێش هـەموان کـەوتوون. بەشـی مۆنۆپۆلـە ئـەمریکایی‌یـەکان کـە سـالّی(١٩٣٧) ١٣/١٪ بـووە، لەسـالّی ١٩٥٧دا گەیشتۆتە ٥٩/٦٪، لـەکاتێك دا بەشـی مۆنۆپۆلـەکانی بریتانیـا لـەو ماوەیـەدا لـە ٧٦/٨٪ ەوە هاتۆتە سەر ٣٠/٦٪.

کارتێلی جیهانیی[٣] نەوت، هەشت مۆنۆپۆلی نـەوتی تێـدا کۆبوونـەوەو بـەپێی ئەو ئیمتیازانە کە لەو مەڵبەندەدا وەری گرتوون، دەرهێنان و پالاوتن و بـارکردن و فرۆشتنی نەوتی رۆژهـەلاتی نێوەڕاسـتی گرتۆتـە دەسـت خـۆی. لـەو سـالانەی دوایی دا هێندێك شیرکەتی نەوتی ئیتالیاو ژاپۆن و کانـاداش هاتوونـە رۆژهـەلاتی نێوەڕاسـت. بـەلام ئـەو ئیمتیازانـەی ئـەو شـیرکەتانە وەریـان گرتـوون، جـاریٚ بەرهەمێکی گرنگیان نەبووە، و لەگەڵ ئەوەش دا شـیرکەتەکانی ژاپـۆن و ئیتالیـا

[٢] ئەم باسە پێوەندیی بەم ولاتانەوە هەیە: ئێران، عیراق، عەرەبستانی سعوودی، کوەیت، قەتەر، مەڵبەندی بێلایەن و بەحرەین. میسرو تورکیاو ئیسرائیلیشمان لێ هـەلاواردوە، چـونکە هەرسـێکیان کەمتر لە ١٪ی نەوتی رۆژهەلاتی نێوەڕاست بەرهەم دێنن.

[٣] کارتێلی جیهانی بەشێوەیەکی رەسمی نیـە. بـەلام لـەکردەوەدا رێککـەوتنێکی نهێنـی لـەنێوان شیرکەتەکانی نەوت دا هەیە. ئەو رێککەوتنەش رقەبەریی نێوان ئـەو شـیرکەتانە لـەنێو نابـاو زۆرجـار رقەبەری‌یەکی توندیان لەنێودا هەیە.

کە ئەندامی کارتێلی جیهانی نین،[٤] هێندێك گیروگرفتی گەورە بۆ کارتێلی جیهانی دروست دەکەن.

ئێستا مۆنۆپۆلەکان لەسەر ئەوە کێشەیانە کە کامیان لەدەرهێنانی نەوتی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا دەسەڵاتی زیاتر وەدەست بێنێ. بزانین ئەو هەموو بایەخ دانانە بۆ نەوتی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەبەر چییە؟

دەرهێنانی نەوتەکە خەرجی زۆر کەمە. لە خەلیجی مەکزیك دەرهێنانی بۆشکەیەك نەوت دوو دۆلاری تێدەچێ، بەڵام لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست تەنیا ١٠ـ٣٥ سەنتی تێدەچێ، یانی پێنج تا بیست جار کەمتر. سەرچاوەی ئەو جیاوازییەش هەڵکەوتنی بیرە نەوتەکانی مەڵبەندی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستە. هەر ئەوەندە بەسە کە بگوترێ چاڵە نەوتێکی ئێران، یا سعوودی، یا کوەیت ٥٠٠ هێندەی چاڵە نەوتێکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای نەوت لێ دەردێ. چونکە بەرهەمی چاڵە نەوتێك لە کوەیت رۆژی نیزیکەی ٧١٠ تۆن، لە سعوودی ٨٢٠تۆن، لە عیراق ٩٤٠ تۆن و لە ئێران ١١١٥ تۆنە، لەکاتێك دا بەرهەمی رۆژانەی چاڵە نەوتێکی وڵاتە یەکگرتووەکان تەنیا ١٦٥ تۆنە. ئەمجار لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست هیچ چاڵاوێك وشك نیە، لەکاتێك دا ٤٠٪ی ئەو چاڵاوانەی لە وڵاتە یەکگرتووەکان لێ دەدرێن وشك و برنگن و دیارە ئەوەش خەرجی بەرهەمهێنان زیاد دەکا. پاشان، سەنعەتی نەوت لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست تازەترین ئامرازی تێدا خراوەتە کارو زۆربەی کارەکانی دەرهێنان و پاڵاوتنی نەوت ئوتوماتیکییەو ئوتومانیزاسیۆن هەروا بەردەوامە. لەبەر ئەوەش سەرەڕای زیادبوونی بەرهەم هەمیشە ژمارەی کرێکارانی سەنعەتی نەوت کەم دەبێتەوە. بڵاوبوونەوەی ئوتومانیزاسیۆن بەمانای زیادبوونی بەرهەمداریی کارە، کە ئەوەش گەورەترین قازانجی بۆ مۆنۆپۆلەکان تێدایە. چونکە بۆ ئەوان ئەنجامە کۆمەڵایەتییەکانی ئوتومانیزاسیۆن بەتایبەتی زۆربوونی هۆردووی بێکاران گرنگ نیە. ئەوان

---

[٤] ئەندامانی کارتێلی جیهانی بریتین لە پێنج شیرکەتی ئەمریکایی:

Standard Oil Company of New Jersey, Standard Oil Company of California, Soconu Vacuum Oil Company, Gulf Oil Corporation, Texas Company.

دەگەڵ شیرکەتی ئینگلیزیی British Petroleum Company و شیرکەتی ئینگلیزی ـ هولەندیی Royal Dutch Shell Company و شیرکەتی فەرانسەیی Compagnie Francaise des Petroles

ژمارەیەکی کەم کرێکاریان (بەداهاتێکی زۆرەوە) پێ باشترە لە ژمارەیەکی زۆر بە کرێیەکی کەم. دیارە ئەو کارە هێندێك قازانجی سیاسیی هەیە، چونکە دەبێتە هۆی پەیدابوونی تاقمێك ئاریستۆکراتی بەرواڵەت کرێکار کە لە هەلومەرجی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا کارمەندە هەمیشەیییەکانن. ئەو کارەش نەخشی کرێکارانی نەوت لە جووڵانەوەی چینی کرێکار، بەتایبەتی لە خەبات دژی مۆنۆپۆلەکانی بێگانەدا کەم دەکاتەوە.[٥]

هەقدەستی کرێکارانی نەوت لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەتێکرایی هەشت یەکی هەقدەستی کرێکارانی نەوت لە وڵاتە یەکگرتووەکانەو دیارە ئەوەش زۆری قازانجی مۆنۆپۆلەکان تێدایە.[٦]

لەبەرئەوەی بەرهەمداریی کار زۆر بەرزەو چەوساندنەوەیەکی توندیشی لەگەڵە، نەوتی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە نەوتی هەموو دنیای سەرمایەداری هەرزانتر تەواو دەبێ.

چاڵە نەوتەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە بازاڕەکانی ئورووپاش نیزیکن، کە کڕیاری سەرەکیی ئەو نەوتەن و لەبەرئەوەی زۆربەری نەوتی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە نیزیك کەنارەکانی دەریاو بەتایبەتی کەناری خەلیجی فارس دەردەهێنرێ، گواستنەوەشی هاسانترە. ئەوەی لە نیزیك کەناری دەریاش نیە، لە رێگای لولە نەوتییەکانەوە بەهاسانی دەگوێزرێتەوە بۆ کەناری دەریای مێدیترانە. ئەوەش دەرکەوتوە کە گواستنەوەی نەوت لەرێگای دەریاوە لە هەموو رێگایەك هەرزانتر تەواو دەبێ. چونکە پاش شەڕی دووهەمی جیهانی خەرجی گواستنەوەی نەوت لەرێگای دەریاوە، لەسەریەك حەفتاجار لە هی

---

[٥] داهاتی مانگانەی کرێکارێکی کارامە لە سەنعەتی نەوت دا دەگاتە ٧٠ـ٨٠ دۆلار کە لە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا لەچاو سەنعەتەکانی دیکە کرێیەکی زۆرە، چونکە کرێکارێکی کارامە لەو سەنعەتانەدا مانگی ٤٠ـ٥٠ دۆلار هەقدەست وەردەگرێ.د.

[٦] هەقدەستی کرێکاران لە وڵاتەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا جیاوازییەکی زۆری هەیە: ئەو وڵاتانە کە پایەی ژیانیان بەرزترەو کرێکارانیان هەستی چینایەتی و رابردووی خەبات دژی مۆنۆپۆلەکانیان زیاترە هەقدەستێکی زیاتر لە هی کرێکارانی وڵاتێکی وەك عەرەبستانی سعوودی وەردەگرن.د.

رێگای وشکی و بیست جار له هی رێگای ئاسن و چوار جار له گواستنەوه به لووله کەمتر بووه. ئەمجار وەك دەزانین رۆژهەڵاتی دوور نەوتی کەمەو ١٠٪ی نەوتی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئەو دەیکڕێ، که ئەگەر مەڵبەندە نەوتەڵانەکانی دنیای سەرمایەداری لەبەرچاو بگرین، رۆژهەڵاتی نێوەڕاست نیزیکترین مەڵبەندی نەوتەڵانە بۆ رۆژهەڵاتی دوور.

مۆنۆپۆلەکانی نەوت ئیمتیازی هێندە گەورەیان لە دەرهێنانی نەوتی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا چنگ کەوتوه، که هانیان دەدا بۆئەوەی هەموو توانای خۆیان بۆ دەرهێنانی نەوت لەو مەڵبەندە وەکار بخەن. بۆنموونە قازانجی ساڵانەی مۆنۆپۆله ئەمریکایی‌یەکان له وڵاتە یەککرتووەکان ٢٠٪و لە ڤێنزوێلا ٣٥٪ و له رۆژهەڵاتی نێوەڕاست ١٠٠٪ی ئەو سەرمایەیه که خستوویانەته کار.

وەك لەمەودواش دەبینین دابەش کردنی قازانج لەنێوان شیرکەتەکانی نەوت و وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا لەسەر بناخەی ٥٠ـ٥٠ تەنیا درۆ و چاوبەستنەو ئەوەی دەست مۆنۆپۆلەکان دەکەوێ یەکجار لەنیوه زیاتره، چونکه تەنیا قازانجی پاك کرده که بەڕەسمی له ئاماری نەتەوه یەککرتووەکان دا هەیه، ساڵی ١٩٦١ گەیشتۆته ١٥٠٠ میلیۆن دۆلار.

ئاسۆی گەشەکردنی سەنعەتی نەوتیش له رۆژهەڵاتی نێوەڕاست له هەموو دنیای سەرمایەداری روونتره، چونکه زیاتر له ٧٠٪ی ئەو زەخیره نەوتەی تا ئێستا دۆزراوەتەوه کەوتۆتە ئەو مەڵبەندەو هەموو ساڵێکیش کانگای تازەتر دەدۆزرێنەوه، لەکاتێك دا کەندوکۆژ له مەڵبەندەکانی دیکەی دنیای سەرمایەداری دا بەرهەمی زۆر کەمه.

لەنێوان ساڵەکانی ١٩٥٠ـ١٩٦٥دا نیسبەتی بەشی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست له بەرهەم هێنانی نەوتی جیهان له ١٦/٩٪وه گەیشتۆته ٢٥٪. ئەو جەدوەلەی خوارەوه که بەرهەم هێنانی نەوتی ئەو سێ مەڵبەندە گرنگەی دنیای سەرمایەداری له نۆ ساڵەی دوایی دا نیشان دەدا، زۆر بەڕوونی گۆڕانەکانی ئەم دواییانەمان بۆ دەردەخا.

جەدوەلی ژمارە (٢٣)

بەرهەمی نەوت بە میلیۆن تۆن

| سال | ١٩٥٧ | ١٩٥٨ | ١٩٥٩ | ١٩٦٠ | ١٩٦١ | ١٩٦٢ | ١٩٦٣ | ١٩٦٤ | ١٩٦٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ولاتە یەککگرتووەکان | ٢٥٣ | ٢٣٠ | ٢٤٧ | ٢٤٥ | ٢٥٢/٥ | ٢٦١/٦ | ٢٧١ | ٢٧٦/٦ | ٢٨٤/٩ |
| ویَنزۆئێلا | ١٤٥/٣ | ١٣٨/٦ | ١٤٦/٥ | ١٥١ | ١٥١ | ١٧٠/٨ | ١٦٩/٢ | ١٧٧/٧ | ١٨١/٧ |
| رۆژهەڵاتی نێوەڕاست | ١٧٥ | ٢١٠ | ٢٣٦ | ٢٦٥ | ٢٧٨/٥ | ٣٠٥ | ٣٣٨/١ | ٣٧٧ | ٤١٥/٩ |

لەو جەدوەلەڕا جیاوازیی نێوان زێدەبەرهەمی هەرکام لەو سێ مەڵبەندە لە هەشت ساڵی رابردوودا بەڕوونی دەردەکەوێ. لەکاتێك دا زێدەبەرهەمی ولاتە یەککگرتووەکان ٩٪ و هی وێنزۆئێلا ٤٤٪ بووە، زێدە بەرهەمی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست گەیشتۆتە ١٣٧٪.❖

ساڵی ١٩٥٨ زەخیرەی نەوت لە ولاتە یەککگرتووەکان ١٢ هێندەی بەرهەمی ساڵانەو لە وێنزۆئێلا ١٥ هێندە بووە، لەکاتێك دا ساڵی ١٩٦١ لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست زەخیرەی نەوت ٩٠ هێندەی بەرهەمی ساڵانە بووە.

### ٣ـ نەزمی ٥٠ــ٥٠ و جێبەجێ کردنی

بەپێی چوونەسەری بایەخی نەوت لە ئابووریی ولاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا، تێکۆشانی ئەو ولاتانە بۆ وەدەست هێنانی بەشێکی زۆرتر لە قازانجی نەوت زیادی کردوە. زۆربەی ئەم ولاتانە گیروگرفتی ئابووریی زۆر گەورەیان هەیە. هەروەها ناتەواوی بودجەی گشتی و نەبوونی سەرمایەی پێویست بۆ

❖ لە ساڵی ١٩٦٥ەوە هەتا ١٩٧٢ زێدەبەرهەمی نەوتی ئەمریکا ٣٨٪ و هی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست ٦٤٪ بووە تەنانەت هی وێنزۆئێلا ٨٪ هاتۆتە خوارێ.

جێبەجێکردنی پرۆژەکانی پەرەپێدان، ئەم وڵاتانە هان دەدا بۆئەوەی بەشێکی زۆرتر لە قازانجی نەوت داوا بکەن. جووڵانەوەی دژی ئیمپریالیستی و بەتایبەتی نارەزایی لە مۆنۆپۆلەکانی نەوت لەگەڵ ئەو هۆ ئابووری‌یانەی سەرەوە، هەموویان پاڵ بەو حکوومەتانەوە دەنێن بۆئەوەی داوای بەشێکی عادڵانەتر لە بەرهەمی نەوت بکەن. حکوومەتەکانی ئەم وڵاتانە ئەوەش دەزانن کە وەزعی نێونەتەوایەتی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان ئامادەیەو وڵاتانی سۆسیالیستی و وڵاتە بێلایەنەکان و پیاوە دێموکراتەکانی وڵاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداری پشتیوانی‌یان لێ دەکەن. هەربۆیەش دەبینین بەرامبەر بە مۆنۆپۆلەکان توندتر رادەوەستن و تەنانەت هێندێکیان هێندێك هەنگاوی بەرچاویشیان هەڵێناوەتەوە.

ئەو تێکۆشانە تا ئێستا لەسەر زیادکردنی داهاتی ئەم وڵاتانە لە نەوت ساخ بۆتەوە، ئەویش لەچوارچێوەی ئەو رێککەوتنانەدا کە لەنێوان ئەم وڵاتانەو مۆنۆپۆلەکانی نەوت دا بەستراون. وەك دەزانین ئەو رێککەوتنانە بەرەسمی لەسەر ئەساسی ٥٠ـ٥٠ بەستراون.

لەپێش دا دەبێ بڵێین کە ئەسڵی ٥٠ـ٥٠ لەپاش خەباتێکی دژوارو بەردەوام هاتۆتەدی و ئەم وڵاتانە لەپێش دا زۆر کەمتریان وەردەگرت، بۆنموونە لەسەرەتای ساڵی ١٩٠٨وە کە لەئێران دەست بە دەرهێنانی نەوت کراوە، هەتا ساڵی ١٩٥٠ کە سەنعەتی نەوت میللی کرا، شیرکەتی نەوتی ئێران و ئینگلیزی پێشوو ٣٢٦ میلیۆن تۆن نەوتی دەرهێناوە کە ئێران تەنیا ١٠٥ میلیۆن لیرەی ئیستەرلینی لێ دەست کەوتوە، لەکاتێك دا شیرکەت ٧٩٠ میلیۆن لیرە قازانجی لێ وەرگرتوە. شیرکەتی نەوت لە هەر تۆنێك دوو لیرەی قازانج دەکرد، بەڵام ئێران تەنیا بیست و شەش شلینی لێ پێ دەبڕا، واتە حەوت جار کەمتر لە قازانجی شیرکەت.

لەپاش شەڕی دووهەمی جیهانی وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست خەباتێکی شێلگیریان دژی مۆنۆپۆلەکان دەست پێکردو لەساڵی ١٩٥٠دا ئەو خەباتە گەیشتە ئەوپەڕی و بە میللی کردنی سەنعەتی نەوت لە ئێران تەواو بوو. لەوکاتەدا ئێران گەورەترین وڵاتی بەرهەم هێنەری نەوتی ئەو مەڵبەندە بوو. ساڵی ١٩٥٤ جارێکی دیکە نەوتی ئێران کەوتەوە دەستی مۆنۆپۆلەکانی نەوت و ئەو جارە کۆنسۆرسیۆمی جیهانی جێگای شیرکەتی نەوتی ئێران و ئینگلیزی

گرتەوە. بەلام ئەو رووداوە بۆ یەکەم جار ئەو راستی‌یەی خستە بەرچاوی گەلانی ئەم ولاتانە کە مۆنۆپۆلەکان چ سامانێکی زۆریان لەو ولاتانە بە تالان دەبرد.

نارەزایی و بەرەبەرکانیی گەلان سەرەنجام مۆنۆپۆلەکانی ناچار کرد کە هێندێك پاشەکشە بکەن. ئەوەبوو کە دەستیان لە ئیمتیازەکانی پێشوویان هەلگرت و ئەسلی ٥٠ـ٥٠ لە دابەشکردنی قازانج دا هاتەگۆرێ.

بەپێی ئەو ئەسلە قازانج بەگوێرەی (نرخی راگەیەندراو) حیساب دەکرێ،(٧) بەلام لەپێش سالی ١٩٤٨دا نرخی نەوت بەگوێرەی خەرجی بەرهەم هێنان لە ولاتە یەککگرتووەکان حیساب دەکرا. لەوکاتەش دا ولاتە یەککگرتووەکان گەورەترین بەرهەمهێنەرو بەکارهێنەری نەوت لە جیهان دا بوو. بەلام لەو وەختەوە لە ولاتێکی نەوت فرۆشەوە بۆتە ولاتێکی نەوت کڕو ئەمجار مۆنۆپۆلەکان نرخی نەوتیان بەگوێرەی خەرجی بەرهەمهێنان لە وێنزوێلا حیساب کرد. ئێستا خەرجی بەرهەمهێنان بۆ هەر بۆشکەیەك نەوتی خاو بەم جۆرەی خوارەوەیە:

جەدوەلی ژمارە (٢٤)

خەرجی بەرهەمهێنان بۆ هەر بۆشکەیەك (بەدۆلار)(٨)

| | |
|---|---|
| ئێران | ٠/١٠ |
| سعوودی | ٠/٣٥ |
| عیراق | ٠/٢٥ |
| کوەیت | ٠/١٠ |
| خەلیجی فارس تێکرا | ٠/٢١ |
| دەریای کاریبی | ٢/٨٥ |

بەتێکرایی خەرجی بەرهەمهێنان لە رۆژهەلاتی نێوەراست دە یەکێکی خەرجی بەرهەمهێنان لە خەلیجی مەکزیك و چواریەکێکی خەرجی بەرهەمهێنان لە دەریای

(٧) نرخێکە کە مۆنۆپۆلەکان بۆ نەوتی دیاری دەکەن.

(٨) "ئابووریی ولاتانی سەرمایەداری پاش شەڕی دووهەمی جیهانی"، مۆسکۆ، ١٩٥٩، ل١٠١.

كاریبی‌یە. نەوتی خاویش لە هەرکام لە مەڵبەندو وڵاتەکانی بەرهەمهێنەردا بەم جۆرەیە:[٩]

| جەدوەلی ژمارە (٢٥)<br>نرخی بۆشکەیەك نەوتی خاو لە ساڵی ١٩٦٢دا (بەدۆلار) | |
|---|---|
| خەلیجی فارس (بەتێکرایی) | ١/٧٢ |
| ئێران | ١/٧٣ |
| عیراق | ٢/٠٧ |
| عەرەبستانی سعوودی | ١/٨٠ [١٠] |
| کوەیت | ١/٥٩[١١] |
| دەریای کاریبی | ٢/٥٢ |
| خەلیجی مەکزیك (بەتێکرایی) | ٣/١٥ ـ ٣/٢٥[١٢] |

ئەو جەدوەلە نیشان دەدا کە فەرقی نرخەکان کەمترە لە فەرقی خەرجی بەرهەمهێنان. دەتوانین بڵێین هۆیەکەشی ئەوەیە کە ئەو خەرجانەی لە جەدوەلی ژمارە (٢٤) دا باس کراون، تا رادەیەك لەگەڵ خەرجی راستەقینەی بەرهەمهێنان لێك نیزیکن، بەڵام ئەو نرخانەی لە جەدوەلی ژمارە (٢٥) دا باس کراون، بێجگە لە هی خەلیجی مەکزیك هەموویان ئەو نرخانەن کە مۆنۆپۆلەکان وەك نرخی "راگەیەندراو" دیاریی دەکەن. لەسەر ئەساسی ئەو نرخانەش وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست پاش دەرکردنی خەرجەکانی بەرهەمهێنان بەشی خۆیان لەقازانجی نەوت وەردەگرن. دیارە هەم نرخەکان و هەم خەرجی بەرهەمهێنان مۆنۆپۆلەکان دیاری دەکەن. جێگای سەرنجە، کە شیرکەتی نەوتی عیراق خەرجی بەرهەمهێنان بۆ نەوتی کەرکووك و بەسرەو مووسڵ، تۆنی ١٢ شلین حیساب دەکا، لەکاتێك دا

[٩] ئەو جەدوەلە بەپێی Petroleum Press Service, London, 1962. ساز کراوە.
[١٠] خەستایی ٢٤ـ٣٤/٩ دەرەجە.
[١١] خەستایی ٣١ـ٣١/٩ دەرەجە.
[١٢] خەستایی ٢٥ـ٢٥/٩ دەرەجە.

هەلومەرجی بەرهەمهێنان لەو سێ مەڵبەندەدا زۆر لێك جیایە. بێجگە لەوەش بەدرێژایی ماوەی دوای شەڕ خەرجی بەرهەمهێنان وەك خۆی ماوەتەوە.

هەلومەرجی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ بەرهەمهێنانی نەوت لە هەموو شوێنەکانی دیکە خراپترەو لەبەر ئەوە، نرخی جیهانیی نەوت بەگوێرەی ئەو هەلومەرجە دیاری دەکرێ. پێویستە نەخشی کارتیلی جیهانییشمان لە دیاریکردنی نرخی نەوت دا لەبەرچاو بێ. ئەمە مانای ئەوەیە کە نرخی جیهانیی نەوت هەمیشە بەگوێرەی نرخی نەوتی وڵاتە یەکگرتووەکان دیاری دەکرێ، نەك بەگوێرەی نەوتی وێنزۆئێلا، وەك قسەکەری کارتێلی جیهانی ئیددیعا دەکا.

بەو پێیە دەبێ نرخی نەوتی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆشکەی ٣/١٥ـ٣/٢٥ دۆلار بێ. کە ئەوەش نیزیکەی دوو هێندەی نرخی راگەیەندراوی ئێستایەو دەتوانێ داهاتی وڵاتەکانی خاوەن نەوت تا رادەیەکی زۆر بەرێتە سەر. دیسان ئەمە وا دەگەیەنێ کە مۆنۆپۆلەکانیش زیاتر قازانجیان دەست دەکەوێ، بەڵام راستیی مەسەلەکە بەو ساکارییە نیە.

لێرەدایە کە دەسەڵات و توانای کارتێلی جیهانیی نەوت دەردەکەوێ. کارتێلی جیهانیی نەوت ساڵی ١٩٦٠، ٦١٪ی بەرهەمی نەوتی دنیای سەرمایەداری و ٩٤٪ی بەرهەمی نەوتی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی بەدەستەوە بووە. ئەمەش مانای ئەوەیە کە کارتێلی جیهانیی نەوت گەورەترین دەسەڵاتی بەسەر دەرهێنان و دابەش کردنی نەوتی دنیای سەرمایەداری دا دەڕوا. کارتێلی جیهانی بەو هەموو دەسەڵاتەوە دەتوانێ بە کەیفی خۆی یاری بە نرخی نەوت بکا. بۆ نموونە لە خەلیجی فارس نەوت وەردەگرێ، بێئەوەی کڕین و فرۆشتنێك لە گۆڕێدا بێ. سەودایەکە لە ئورووپای رۆژئاوا دەکرێ، کە لەوێ نەوت بەنرخی جیهانی دەفرۆشرێ. ئەو یاری پێکردنە سەرچاوەی گەورەترین قازانجێکە کە کارتێلی جیهانی بە زیانی وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەستی دەکەوێ. چونکە فەرقی نێوان نرخی جیهانی و نرخی راگەیەندراو لە خەلیجی فارس، بۆ هەر بۆشکەیەك دۆلارێك، یانی بۆ هەر تۆنێك ٢/٧ دۆلارە.[١٣] ئەو فەرقە بۆ رۆژهەڵاتی نێوەڕاست

---

[١٣] بۆ ساکار کردنەوە خەستایی هەرە بەرزی نەوتی ئەمریکامان لەبەرچاو گرتوەو ئەژمارەی هەرە نزممان دۆلارێك داناوە، واتە جیاوازیی نێوان نرخی نەوتی ئەمریکاو نەوتی ئێران ٣/١٥ـ٢/٧=١/٨ دۆلارە.

ساڵی ۱۹٦۲ گەیشتۆتە دوو میلیارد دۆلارو بۆ دانیشتووانی کوردستانیش لە ۲٥۰ میلیۆن دۆلار تێپەڕیوە کە مۆنۆپۆلەکان لەڕێگای یاریکردن بە نرخی نەوتەوە بە تاڵانیان بردوە. بۆ دەرخستنی گرانایی ئەو دراوە کە دەگاتە ۱۲٥ میلیۆن دۆلار، ئەوەندە بەسە کە بڵێین ئەوە ۱۲/٥٪ی داهاتی نەتەوایەتیی هەموو بەشەکان کوردستانە. بەراوردێکی نرخەکانی نەوتی خاو بۆمان دەردەخا کە نرخی راگەیەندراوی بۆشکەی نەوت لە خەلیجی فارس ٥/۰ دۆلار نزمترە، تەنانەت ئەگەر نەوتی وێنزۆێلاش بە ئەساسی ئەو بەراوردە دابنێین.

جەدوەلی ژمارە (۲٦)

داهاتی نەوتی وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەنێوان ۱۹٥۷ـ۱۹٦۱دا

به میلیۆن دۆلار[١٤]

| ناوی وڵات | ۱۹٥۷ | ۱۹٥۸ | ۱۹٥۹ | ۱۹٦۰ | ۱۹٦۱ |
|---|---|---|---|---|---|
| ئێران | ۲۱۳ | ۲۷۲ | ۲٦۲ | ۲۸٥ | ۲۹۰ |
| عێراق | ۱۳۷ | ۲۲٤ | ۲٤۳ | ۲٦۷ | ۲٦٥ |
| سعوودی | ۳۰۳ | ۳۰۲ | ۲۹٤ [١٥] | ۳۳۲ (۱٥) | ۳٤۰ (۱٥) |
| کوەیت | ۳۰۸ | ۳٥٤ | ٤۰۹ [١٦] | ٤۰۹ (۱٦) | ٤٥٤ (۱٦) |
| وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەتێکڕایی | ۱۰۱٦ | ۱۲۲٤ | ۱۲۷٤ | ۱۳٦۰ | ۱٤٤۰ [١٧] |

ئەو جەدوەلە بە تێکڕایی زیادبوونی داهاتەکان نیشان دەدا، بەڵام پێویستە داهاتی هەر تۆنێك نەوتیش لەبەرچاو بگرین کە لەو ساڵانەدا بەم جۆرە بووە:

[١٤] ئەم جەدوەلە بەپێی Petroleum Press Service, 1962. ساز کراوە. ل۳۲٤، گۆترەییەکانیش دانەر ئامادەی کردوون.د.

[١٥] ئەم ئەژمارەیە مەڵبەندی بێلایەن ناگرێتەوە.

[١٦] ئەژمارەکە گۆترەیە.

[١٧] بەحرەین و قەتەریشی لەگەڵە.

| داهاتی ولاَتانی رۆژهەلاَتی نێوەراست لە هەر تۆنێك نەوتی خاو بە دۆلار | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | ١٩٥٧ | ١٩٥٨ | ١٩٥٩ | ١٩٦٠ | ١٩٦١ |
| رۆژهەلاَتی نێوەڕاست (تێکرا) | ٠/٨ | ٠/٨ | ٠/٨ | ٠/١ | ٠/١ |

ئەمە وادەگەیەنێ کە داهاتی تۆنێك نەوت لە رۆژهەلاَتی نێوەڕاست ٧٠ سەنت یانی ١٢٪ هاتۆتە خوارو بەو پێیە ولاَتانی ئەو مەلّبەندە ساڵی ١٩٦١ نیزیکەی ١٩٥ میلیۆن دۆلاریان زیان پێگەیشتوە.

بێسوود نیە کە هێندێك لەو ئەژمارانەی لەجەدوەلی سەرەوەدا هاتوون وردتر تەماشا بکەین. بەرهەمی نەوت لە ئێران کە کۆنسۆرسیۆم بە سەری را دەگا، ساڵی ١٩٦١ هەشت میلیۆن تۆن چۆتە سەرێ. کەچی داهاتی ولاّتەکە تەنیا پێنج میلیۆن دۆلاری زیاد کردوە، ئەمە وا دەگەیەنێ کە ئێران لەجیاتی هەر تۆنێك لەو زێدە بەرهەمەی ساڵی ١٩٦١ تەنیا ٦٠ سەنتی وەرگرتوە. لەعێراق بەپێچەوانە بەرهەمەکە تەنیا یەك میلیۆن تۆن زیادی کردوە، بەلاّم داهاتەکەی دوو میلیۆن دۆلار بەرەژوور چووە. ساڵی ١٩٦٠ سەرلەنوێ نرخی راگەیەندراوی نەوت هاتەخوارێ و ولاّتانی رۆژهەلاّتی نێوەڕاست ٣ـ٤٪ی داهاتی خۆیان لەدەست چوو. لێرەدا وێنزۆێلاش دەگەڵ ئەم ولاّتانە کەوت و لە سێپتامبری ئەو ساڵەدا (خەرمانانی ساڵی ١٣٣٩) رێکخراوێکیان بەناوی "رێکخراوی ولاّتانی نەوت دەرچوێن" دامەزراند.(١٨) ولاّتانی ئەندامی ئەو رێکخراوە سەلماندیان کە نەوت بەشێکی گرنگە لە داهات و لەو سەرمایەیە کە ئەم ولاّتانە لە پرۆژە ئابووری-یەکان دا وەکاری دەخەن، هەروەك بارتەقا هاتنەوەی بوودجەی دەولّەتیش راستەوخۆ پشتی بە بەرهەمی نەوت بەستوەو ئەویش "وەك سەرمایە دەبڕێتەوەو پێویستە بارتەقای ئەوەی لێی خەرج دەکرێ، سەرمایەیەکی دیکەی لەجێگا دابنرێ.".

---

(١٨) ئەندامانی ئەم رێکخراوە بریتین لە: ئێران، عێراق، سعوودیەو وێنزۆێلا. پاشانیش لیبی و قەتەرو ئەندۆنێزییان دەگەڵ کەوتوون.

ئەوەی لەبارەی نەوتی خاوەوە گوتمان، هەمووی لەبارەی بەرهەمەکانی نەوتیشەوە راستەو دەتوانین بەوەڕا بزانین مۆنۆپۆلەکان چ قازانجێکی زۆریان دەست دەکەوێ. ئەوان هەر تۆنێك نەوت لە ئوروپای رۆژئاوا بە ٢٤٠ دۆلار بەو کەسانە دەفرۆشنەوە کە نەوتەکە دەکار دەکەن، ئەو نرخە ١٦٠ هێندەی خەرجی بەرهەمهێنان لە رۆژهەلاتی نێوەڕاستە کە گوتمان خەرجی بەرهەمهێنانی هەر بۆشکە نەوتێك ٢١سەنت، واتە هەر تۆنێك ١/٥ دۆلارە.

پروپاگەندەچی‌یەکانی کارتێلی جیهانیی نەوت ئەو فەرقە بەوە پینە دەکەن کە ئەو ولاتانەی نەوت دەکڕن، خەراجێکی زۆر دەخەنە سەر نەوت، بێئەوەی ئاشکرای بکەن کە ڕادەی ئەو خەراجە چەندە. بەلام خۆ ئاشکرایە کە خەرجی گواستنەوەو پالاوتن و فرۆشتن و هەروەها گومرگیش بە هەموویانەوە ١٦٠ جار لە خەرجی بەرهەمهێنان زیاتر نین.

نوێنەری سعوودی لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دا ئیسپاتی کرد کە مۆنۆپۆلەکانی نەوت لە گواستنەوەی هەر بۆشکەیەك نەوتی رۆژهەلاتی نێوەڕاست ٢٠ سەنت و لە پالاوتنی دۆلارێك و لە فرۆشتنی دوو دۆلار قازانج وەردەگرن، کە تێکڕا دەکاتە ٣/٢ دۆلار.

لەوەی باسمان کرد دەردەکەوێ کە خەرجی بەرهەمهێنانی نەوتی خاو لە رۆژهەلاتی نێوەڕاست بۆ هەر تۆنێك ١/٥ دۆلارە. مۆنۆپۆلەکانی نەوت وا دەنوێنن کە پرۆژەکانی کەندوکۆڕو دۆزینەوەی نەوت خەرجێکی گرانیان تووش دەکا. با وا دابنێین کە ئەویش سێ یەکێکی خەرجی بەرهەمهێنانە، واتە نیو دۆلارو هەمووی دەکاتە دوو دۆلار. نەوتی خاوی رۆژهەلاتی نێوەڕاست لە بازاڕی جیهانی دا تۆنی بە ٢٣/٣ دۆلار دەفرۆشرێ، یانی هەر بۆشکەی ٣/١٥ دۆلار، سەرچاوەی ئەو هەموو قازانجەی وەدەست مۆنۆپۆلەکانیش دەکەوێ لێرەدایە.

| جەدوەلی ژمارە (٢٧)<br>قازانجی پاك کردەی مۆنۆپۆلەکانی نەوت لە هەر تۆنێك نەوتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست (بەدۆلار) | |
|---|---|
| تێکرای خەرجی کەندوکۆژو دەرهێنان | ٢ |
| تێکرای داهاتی دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست | ٥/١ |
| هەمووی ئەو سەرمایەی تێیدا خراوەتەکار | ٧/١ |
| نرخی فرۆشتن | ٢٣/٣ |
| قازانجی پاك کردە | ١٦/٢ |

ئەو نەوتەی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەرهەم هێنراوە، بەهەمووییەوە لە ٣٠٠ میلیۆن تۆن تێپەڕیوەو داهاتێکی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لێیان دەست کەوتوە گەیشتۆتە ١٥٣٠ میلیۆن دۆلار، لەکاتێك دا مۆنۆپۆلەکانی نەوت تێکڕا٤٨٦٠ میلیۆن دۆلاریان قازانج لێ چنگ کەوتوە. بێجگە لەوە، ٢٠٪ی نەوتەکەش (یانی ٦٠ میلیۆن تۆن) لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەپاڵێورێ و ئەگەر حیسابەکەی نوێنەری سعوودی بکەینە ئەساسی لێکدانەوەی خۆمان، یانی لە عەرەبستانی سعوودی بۆ هەر بۆشکەی نەوتی پاڵێوراو ٣/٢٠ دۆلار (تۆنی ٢٣ دۆلار)و لە وڵاتەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست نیزیکەی ٢٠ دۆلار قازانج دابنێین،[١٩] دەردەکەوێ کە مۆنۆپۆلەکان ١٢٠٠ میلیۆن دۆلاری تریش قازانجیان دەست دەکەوێ.

ئەو قازانجەی مۆنۆپۆلە نەوتییەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست چنگیان دەکەوێ، ئەژمارەیەکی سەرسوڕهێنەر، واتە ٦٠٦٠ میلیۆن دۆلارە، یانی ١٥٪ زیاتر لە داهاتی نەتەوایەتیی هەموو وڵاتەکانی خاوەن نەوتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. کەوابوو، بەڕێکەوت نیە کە مۆنۆپۆلە گەورەکانی نەوتی جیهان لە دە ساڵی ڕابردوودا ٥٤ میلیارد دۆلار قازانجیان چنگ کەوتوە.[٢٠]

[١٩] World Petroleum Industry, New York, 1961, p. 271.

[٢٠] هەر ئەو سەرچاوەیە.

ئەو ئەژمارانەی سەرەوە نیشان دەدەن کە ئەساسی ٥٠ــ٥٠ فرۆفێڵێکی داپۆشراوەو بەپێی ئەوەی لە سەرەوە باسمان کرد، نیسبەتەکە ٥٠ــ٥٠ نیە، بەڵکوو ٧٩/٨ــ٢٠/٢ لەسەد بەقازانجی مۆنۆپۆلەکانە. ئەوە نیشان دەدا کە دەکرێ داهاتی وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دوو هێندە تا دوو هێندەو نیو زیاد بکا. دووچەندانەی داهاتی نەوتی کوردستانیش بۆ ساڵی ١٩٦٢ مانای زیادبوونی ١٨٠ میلیۆن دۆلارە.

زۆرجار مۆنۆپۆلەکانی نەوت باسی ئەوە دەکەن کە دەرهێنانی نەوت پێویستیی بە سەرمایەیەکی زۆر هەیە، بەڵام ئەو سەرمایەیەی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا وەکار خراوە، لەهی هەموو شوێنەکانی دنیای سەرمایەداری کەمترە.

جەدوەلی ژمارە (٢٨)

تێکڕای ئەو سەرمایەیە کە لە دەساڵەی ١٩٤٩ــ١٩٥٩دا بۆ دەرهێنانی هەر تۆنێك نەوت وەکار خراوە(بەدۆلار)[٢١]

| وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا | کانادا | وێنزۆئێلا | رۆژهەڵاتی نێوەڕاست | رۆژهەڵاتی دوور | وڵاتەکانیتر |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٢/٣ | ٢٥/٧ | ٤/٢ | ١/١٨ | ٦/٤٥ | ١٠/٠ |

چەند ساڵە وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەوڵ دەدەن لە دەرەوی کارتێلی جیهانی بۆ دەرهێنانی نەوت هێندێك رێککەوتنی تازە ئیمزا بکەن: ساڵی ١٩٥٧ ئێران رێککەوتنێکی لەگەڵ شیرکەتی نەوتی ئیتالیاو لەگەڵ شیرکەتی (ئەمریکان ستاندارد ئۆیل کۆمپانی ئوف ئیندیانا)و لەگەڵ شیرکەتی (سیور پیترۆلیۆم لیمتد) ئیمزا کردوە. ئەو شیرکەتانە بۆخۆیان هەقی ئیمتیازیان نیە. بەڵکوو ٥٠٪ی بەشەکانی شیرکەتێکی تێکەڵاویان هەیە. نیوەکەی تری بەشەکانیش هی شیرکەتی میللیی نەوتی ئێرانە. لێرەش دا ئەساسی ٥٠ــ٥٠ لەنێوان حکوومەتی

---

[٢١] "قازانجی نەوت لە وڵاتانی سەرمایەداری" بەزمانی رووسی، مۆسکۆ، ١٩٦٢، ل٢٧٦.

ئێران و شیرکەتی تێکەڵاودا هەیەو لەبەرئەوەی ئێران نیوەی بەشەکان هی خۆیەتی، داهاتی ئێران دەبێتە ٧٥٪ لە قازانجی گشتیی شیرکەتی تێکەڵاو. کوەیت پەیمانێکی گرنگی لەگەڵ شیرکەتی ژاپۆنیی (عەرەبیا ــ سیکین) بەستوەو هەروەها عەرەبستانی سعوودییش پەیمانێکی لەگەڵ ئەو شیرکەتە ئیمزا کردوە. سەرمایەی ئەم دوو وڵاتە لەو شیرکەتەدا بەشدار نیە، بەڵام عەرەبستانی سعوودی ٥٠٪ و کوەیت ٥٧٪ لە قازانجی دەرهێنان و فرۆشتن و هەموو کارەکانی تری شیرکەت وەردەگرن. دیارە ئەو دوو پەیمانەش قازانجی نیشتمانیی گەلانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست ناپارێزن و بەبێ بەشداری و رازی بوون و تەنانەت بەپێچەوانەی ویستی ئەم گەلانەش بەستراون. بەڵام لەگەڵ هەمووی ئەوانەش دا ئەو پەیمانانە لەچاو ئەو هەموو ئیمتیازە کە دراوە بە کارتێلی جیهانی باشترن. ئەو پەیمانانە ئەوەندەیان بۆ ئەم وڵاتانە باشە کە دەتوانن چاوەدێریی هەموو سەودایەك بکەن، کە هەرکام لەو شیرکەتانە دەیکا. هەرچەند ئەهمییەتی ئەو پەیمانانە تا ئێستاش تەنیا سروشتێکی چۆنیەتی و قانوونیی هەیە، بەڵام دیسانیش هەنگاوێکن بۆ کەم کردنەوەی سام و شکۆی کارتێلی جیهانی. بێگومان، داهاتوو ئەهمییەتی ئەو پەیمانانە لەچاو ئەوانەی کە لەگەڵ کارتێلی جیهانی بەستراون، نیشان دەدا.

## ٤ـ میللی کردنی نەوت

لەپاش ریزە وتووێژێکی بێنەتیجە وڵاتانی ئەندامی ئۆپێك گەیشتنە ئەو ئەنجامە کە پێویستە هەڵوێستێکی توندتریان هەبێ. هەرچەند حکوومەتەکانی ئەم وڵاتانە تا ئێستاش مەسەلەی میللی کردنی سەنعەتی نەوتیان نەخستۆتە بەر موتاڵاو لێکۆڵینەوە، بەڵام ئەو کارە وەك چارەسەرێکی یەکجاری بەدوور نازانرێ، بەتایبەتی کە مەسەلەی میللی کردن لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا شتێکی تازە نیەو ئەمجار هەلومەرجی جیهانییش لەوانەیە یارمەتیی سەرکەوتنی میللی کردن بدا. چونکە ئەو رۆژە بەسەر چووە کە بوونی ناوگانی بریتانیا لە خەلیجی فارس بتوانێ بریار لەسەر هەموو شتێك بدا. لەگەڵ هەمووی ئەوانەش دا دەبێ بڵێین کە مەسەلەکە لەباری ئابووریەوە هێندە ساکار نیە.

ساڵی ١٩٦٢ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست زیاتر لە ٢٧٠ میلیۆن تۆن نەوتی بۆ دەرەوە ناردوە. ئەگەر لە لێکدانەوەی مەسەلەی میللی کردنی نەوت دا ئەوە لەبەرچاو بگرین کە پاش میللی کردنی نەوت دەوڵەتە ئیمپریالیستی‌یەکان نەوتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ناکڕن، دەبێ لەبیرمان نەچێ کە وڵاتە سۆسیالیستی‌یەکان ناتوانن ئەو نەوتە بکڕن. چونکە هەرکام لە یەکیەتیی سۆڤیەتی و ڕوومانی لەو وڵاتانەن کە دەرچووی نەوتیان هەیە. شتێکی ئاشکرایە کە وڵاتەکانی تری سۆسیالیستی کە ئێستا نەوت لە یەکیەتیی سۆڤیەتی دەکڕن، ناتوانن بەشێکی گرنگ لە نەوتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەکار بکەن.

لەلایەکی ترەوە دنیای سەرمایەداری و بەتایبەتی وڵاتانی ئورووپای ڕۆژئاوا پشتیان بە نەوتی ڕۆژهەڵاتەوە بەستوە. ئەهمییەتی نەوتیش لە ئابووریی ئەو وڵاتانەدا گەیشتۆتە رادەیەك کە ناتوانن نە بۆ سووتەمەنی و نە وەك کەرەستەی سەرەتایی هیچ شتێکی دیکەی لەجێگا دابنێن. ئەو وڵاتانەش بەتایبەتی ئەوانەی ئەندامی کارتێلی جیهانیی نەوت نین نەوت لە یەکیەتیی سۆڤیەتی دەکڕن. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتەگۆڕێ کە: ئەو وڵاتانە لەبەرچی ناتوانن نەوتی میللی کراوی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بکڕن؟ وڵاتانی ئورووپای ڕۆژئاواو هەروەها هێندێك وڵاتی ڕۆژهەڵاتی دوور وەك ژاپۆن و ئوسترالیا پێویستی‌یەکی زۆریان بە نەوت هەیە. کەوابوو، لەهەردوو لاوە پێداویستی‌یان بە یەکتر هەیە: هەم نەوتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە بازاڕی ئورووپای ڕۆژئاوا قاڵ دەبێتەوەو هەم ئابووریی وڵاتانی ئورووپای ڕۆژئاوا پشت بە بەرهەمهێنانی نەوتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە دەدا.

ساڵی ١٩٥٠ کاتێك لە ئێران نەوت میللی کرا، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو هێندێك لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەموو پێداویستی‌یەکانی نەوتی ئورووپایان دابین کرد. دیارە ئەودەم پێداویستی‌یان بە نەوت چەند جار کەمتر لە ئێستا بووە. مۆنۆپۆلەکانی نەوت بۆ پڕکردنەوەی جێگای نەوتی ئێران بەرهەمی نەوتیان لە وڵاتەکانی تر پەرە پێ داو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و وڵاتە یەکگرتووەکان توانیان پێداویستیی نەوتی بازاڕی ئورووپای ڕۆژئاواو هەموو دنیای سەرمایەداری دابین بکەن. بۆیە بەرهەمی نەوت لە ئێران هاتە سەر رادەی پێداویستیی نێوخۆی ئێران، لەکاتێك دا بەرهەمی نەوت لە وڵاتانی تری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست زۆر خێرا بەرەژوور چوو.

بەڵام ئێستا وڵاتە یەکگرتووەکان ناتوانێ نەوت بۆ دەرەوە بنێرێ و بە پێچەوانە رادەیەکی زۆریش دەکڕێ، نەوتی وێنزۆئێلاش پێداویستیی ئەمریکای لاتین و ئەو نەوتە زیادیەی وڵاتە یەکگرتووەکان دەیەوێ و پێداویستیی وڵاتانی ئورووپای رۆژئاوا پڕ ناکاتەوە.

لەوەڕا دەگەینە ئەو نەتیجەیە کە سەرکەوتنی میللی کردن پێویستی بە یەکگرتنی وڵاتانی ئەندامی ئۆپێك و تێکۆشانی هاوبەشی ئەوان دژی کارتێلی جیهانیی نەوت هەیە. ئەم وڵاتانە هەر لە سەرەتاوە ئەو راستیەیە تێگەیشتوون و لە بەندی چوارەمی ئەو بڕیارنامەیەدا کە لە کۆبوونەوەی دامەزراندنی ئۆپێك دا دەریان کردوە دەڵێن:

**"... هەموو دەوڵەتانی ئەندام بەرعۆدە دەبن کە هیچ قازانج و ئیمتیازێکی وا لە شیرکەتە نەوتییەکان وەرنەگرن کە ببێتە کۆسپی سەرکەوتنی بڕیارە هاوبەشییەکانی وڵاتانی ئەندامی ئەو رێکخراوە."**[٢٢]

لەلایەکی دیکەوە وڵاتانی خاوەن نەوتی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەتوانن ماوەیەك بەبێ نەوتیش خۆ رابگرن، ئاشکرایە کە ئەم وڵاتانە دەتوانن لە یارمەتیی ئابووریی کاریگەری وڵاتانی سۆسیالیستییش کەلك وەربگرن.

کەوابوو، داخوازی میللی کردنی نەوت ئیمکانی وەدیهاتنی هەیە، مەبەستمان ئەوەش نیە کە مۆنۆپۆلەکانی نەوت و تەنانەت ئەندامانی کارتێلی جیهانییش لە دەرهێنان و پاڵاوتن و گواستنەوەو فرۆشتنی نەوتی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بێبەش بکرێن. بەڵام ئەو بەشداریەیە لەسەر بنچینەیەکی تازەو دادپەروەرانە دەبێ. لەپێش هەموو شتێك دا دەبێ مۆنۆپۆلە نەوتییەکان رێز لە هەقی حاکمییەتی وڵاتانی خاوەن نەوت بگرن، چونکە ئەو مۆنۆپۆلانە دەسەڵاتێکی سیاسیی گرنگیان لەدەست دایەو دەستێکی زۆریان لەئاژاوە نانەوەو کودیتا سازکردن و هەموو سیاسەتێکی دژی گەلی دا هەیەو دەست لە کاروباری تایبەتیی تەواوی ئەو مەڵبەندە وەردەدەن. بەرێکەوت نیە کە گەلانی ئەو مەڵبەندە پێیان دەڵێن "دەوڵەتێك لەنێو دەوڵەت دا". دروشمی هێزە نیشتمانییەکانیش کە دەڵێ: "نەبوونی نەوت باشترە لە بوونی مۆنۆپۆلەکان" هەر دەربڕینی ئەو ناڕەزایەتییە ڕەوایەیە.

---

[٢٢] رۆژنامەی اطلاعات، ژمارەی ١٢ـ١٢ـ١٩٦٠.

گرنگیی پێکهاتنی ڕێکخراوی وڵاتانی نەوت دەرچوێن لەوەدایە کە ئەو ڕێکخراوە بەرەیەکی یەکگرتووی لە وڵاتانی خاوەن نەوت پێك هێناوە کە بەو شەرتەی یەکیەتی و هاودەردیی‌یەکی بەهێزیان لەنێودا هەبێ و میللی کردنی نەوت وەك هەنگاوێکی تێبینی‌کراو بەدوور نەزانن، دەتوانن مۆنۆپۆلەکان ناچار بکەن سەر بۆ داخوازەکانیان دابنەوێنن.

سەرکەوتنی میللی کردن پێویستیی بە پشتیوانیی کۆمەلانی خەلك و بەتایبەتی چینی کرێکار هەیە کە قازانجی گەورەی لەمیللی کردنی سەنعەتی نەوت دا هەیە. تاقیکردنەوەی ئەم دواییەی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست بەچاکی نیشان دەدا کە هەوڵ و تەقەلای توێژە کۆنەپەرستە فەرمانڕەواکان و بۆرژوازیی نیشتمانی لەلایەك بۆ بەگژداچوونی مۆنۆپۆلەکانی نەوت و لەلایەك بۆ بەگژداچوونی گەل، ئیمکانی سەرکەوتنی نیە. خەبات دژی مۆنۆپۆلەکان بەبێ پشتیوانیی بێدریغی گەل ناتوانێ سەرکەوێ.

لە هەموو حاڵدا میللی کردنی نەوت گیروگرفتی دەرهێنان و پالاوتن و گواستنەوەو فرۆشتنی نەوتی لەگەڵ دەبێ. ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست ژمارەیەکی کەم نەبێ کارناسی خۆولاتیی نیەو زۆربەی پالۆێنەخانەکان و وەسیلەی گواستنەوەی نەوت و ئەمبارەکان، یان هی کارتێلی جیهانین، یان ڕاستەوخۆ دەسەلاتی بەسەریان دا دەڕوا. لەلایەکی دیکەوە کارتێلی جیهانی بەهۆی لقەکانیەوە کە دەستیان بەسەر زۆربەی بازاڕەکان دا دەڕوا، کۆسپ و تەگەرە دەخاتە سەر ڕێگای فرۆشتنی نەوتی میللی کراو. بەلام بە گرتنی هەلوێستێکی پتەو بەرامبەر بە کارتێلی جیهانی دەتوانن بەرەبەرە بەسەر ئەو کۆسپ و تەگەرانەدا سەرکەون و لەوانەیە بتوانن لە یارمەتیی ئەو مۆنۆپۆلانەش کە ئەندامی کارتێلی جیهانی نین، کەلك وەربگرن. دەتوانین ئەو یارمەتی‌یە بەنموونە بێنینەوە کە شیرکەتە ئیتالیایی و ژاپۆنی‌یەکان بەگواستنەوەی نەوتی میللی کراوی ئێرانیان کرد. ئیدیعای مۆنۆپۆلەکانی نەوت کە گۆیا گەلانی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست سەنعەتی نەوتیان پێ بەڕێوە ناچێ، بۆ گاڵتەپێکردن دەبێ. ئەوان بۆ گەلی میسرو کاناڵی سوئێزیش هەر ئەوەیان دەگوت، لەکاتێك دا ئەوە هەشت ساڵە کارناسە میسری‌یەکان هەموو کاروباری هاتوچۆی کاناڵ بەڕێوە دەبەن. بێجگە لەوەش، ئەو وڵاتە ئوروپایی‌یانە کە ئەندامی کارتێلی جیهانی نین و

بەتایبەتی ئەڵمانی رۆژئاواو ئیتالیا، لە کڕینی راستەوخۆی نەوتی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست پێشوازی دەکەن. ئەم دوو وڵاتەش لە ئورووپای رۆژئاوادا گرنگترین کڕیاری نەوتی یەکیەتیی سۆڤیەتین. لەکاتی خۆیدا بەڕەسمییش بڵاو کرایەوە کە شیرکەتەکانی ئەڵمانی فیدراڵ زۆریان پێخۆشە راستەوخۆ نەوت لە شیرکەتی میللیی نەوتی ئێران بکڕن.❖

## ٥ـ پێوەندیی نەوت بە پێشکەوتنی ئابووریەوە

لەو لێکدانەوەیەی سەرەوە دەتوانین ئەم نەتیجەیە وەربگرین: لەلایەکەوە داهاتی سەرانەی وڵاتانی خاوەن نەوتی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ساڵدا نیزیکەی ١٥٠ دۆلارە، کە هەشت جار لەداهاتی سەرانەی وڵاتە سەرمایەداریە پێشکەوتووەکانی ئورووپای رۆژئاواو بیست جار لە هی وڵاتە یەکگرتووەکان کەمترە. کەوابوو وڵاتانی ئەو مەڵبەندە لە هەژاری و نەداری و نەخوێندەواری دا دەژین. لەلایەکی تریشەوە هەموو ساڵێ چەند میلیارد دۆلار لە گەلانی ئەم وڵاتانە دەدزرێ. ئەگەر بێت و قازانجی نەوت تەنانەت لەسەر ئەساسی ٥٠ـ٥٠یەکەی ئێستاش بەشێوەیەکی دادپەروەرانە دابەش بکرێ، گەورەترین گیروگرفتەکانی ئابووریی ئەم وڵاتانە رێگای چارەسەرکردنیان بۆ پەیدا دەبێ.

داهاتی نەوت دەتوانێ ببێتە سەرچاوەیەك بۆ دابین کردنی سەرمایە. نابێ لەبیرمان بچێ کە لەو وڵاتانەدا کە لەباری ئابووریەوە بەجێماون، کەم بوونی سەرمایە کۆسپی هەرە گرنگی رێگای گەشەکردنی ئابووریە، بەڵام نەوت دەتوانێ لە دەیەکانی داهاتوودا بەمیلیارد دۆلار داهات بۆ وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دابین بکا.

ئەو گۆترەکاریانەی لەبارەی ئاسۆی داهاتووی نەوتەوە کراون، نیشان دەدەن کە لە دە ساڵی داهاتوودا نەوت دەبێتە سەرچاوەی سەرەکیی هێزی کارەباو نەخشی گازی تەبیعییش زیاتر گرنگ دەبێ. ئەم باوەڕە بەهێزە کە نەوت و گازی تەبیعی لە ساڵی ١٩٧٠دا دوو سێیەکی سەرچاوەکانی هێزی کارەبا

❖ ئەم دێڕانە لە ساڵی ١٩٦٤دا نووسراون. سەرکەوتنی میللی کردنی نەوت لە عیراق بەجوانی دەریخست تا چ رادەیەك پێشبینیی نووسەر لەم بارەیەوە راست بووە. ـ د.

دەبن و هەڵدانی بەرهەمی ئەو دوو کەرەستەیە لە زیادبوونی هێزی کارەباش خێراتر دەچێتەپێش، چونکە هێزی کارەبا ٥٠٪ زیاد دەکا، بەڵام رادەی بەرهەمی نەوت و گازی تەبیعی ٦٦٪ دەچێتە سەرێ و بەشی زۆری ئەو زێدە بەرهەمەش لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەبێ، کە دەبێتە مەڵبەندی هەرە گرنگی خاوەنی دەرچووی نەوت لە جیهانی سەرمایەداری دا.

جەدوەلی ژمارە (٢٩)

زیادبوونی نیسبەتی بەشی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە بەرهەمی گشتیی نەوتی جیهانی سەرمایەداری لەنێوان ساڵەکانی ١٩٦٠ـ١٩٧٠دا

(بە میلیۆن تۆن)[٢٣] ❖

| | ١٩٦٠ | ١٩٧٠ | زیادبوونی بەرهەم لەو دەساڵەدا | رادەی تێکڕایی زێدە بەرهەم لە ساڵ دا |
|---|---|---|---|---|
| جیهانی سەرمایەداری بەگشتی | ٨٨٥ | ١٣٧٥ | ٪٥٥ | ٪٤/٥ |
| رۆژهەڵاتی نێوەڕاست | ٢٦٥ | ٦٩٠ | ٪٢٦٠ | ٪١٠ |
| نیسبەتی بەشی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست | ٪٣٠ | ٪٥٠ | —— | —— |

بوونی ئەو هەموو سەرچاوە نەوتی‌یە زەمینە خۆش دەکا بۆئەوەی بکرێتە سەرچاوەیەکی سووتەمەنی و هێزی کارەبا، لەبەرئەوە، لەتوانادا هەیە کارەبایەکی هەرزان بەرهەم بهێنرێ و کارەبا بۆ هەموو جێگایەك بکێشرێ.

---

[٢٣] ئەم جەدوەلە بەپێی World Petroleum Industry ساز کراوە، کە ساڵی ١٩٦١ لە نیویۆرك دەرچووە. بناخەی ئەو گۆترەکاریانەی لەبارەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە کراون، ئەو زیادبوونەیە کە لەنێوان ساڵەکانی ١٩٥٠ـ١٩٦٠دا بەسەر بەرهەمی نەوت دا هاتووە و هەروەها ئاسۆی گەشەکردنی داهاتوویە بە بەراورد لەگەڵ مەڵبەندە خاوەن نەوتەکانی دیکەی دنیای سەرمایەداری ـ د.

❖ لە ساڵی ١٩٧٠دا بەرهەمی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست (بەبێ میسرو تورکیاو ئیسرائیل) گەیشتە ٦٨٥ میلیۆن تۆن. بەڵام لەبەر پەیدابوونی کانگای گرنگی نەوت لە ئەفریقا، نەوتی جیهانی سەرمایەداری زیاتر لە رادەی پێشبینی کراو چووە سەرو نیسبەتی بەشی رۆژهەڵات بوو بە ٣٥٪ ـ د.

سەیر ئەوەیە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە ٣٠٪ی نەوت، واتە زیاتر لە ١٢٪ی سەرچاوەی هێزی کارەبای جیهانی سەرمایەداری بەرهەم دێنێ، کارەبایەکی یەکجار زۆر کەمی هەیەو مەسرەفی هێزی کارەبا لە وڵاتەکانی ئەم مەڵبەندە لە دەیەکی مەسرەفی کارەبای وڵاتە سەرمایەداریيە پێشکەوتووەکان تێناپەڕێ.

لە دەساڵی داهاتوودا پێویستە ئەم وەزعە گۆڕانێکی بەرچاوی بەسەردا بێ، بەچەشنێك کە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بتوانن هێزی کارەبای خۆیان لەسەر نەوت دابمەزرێنن و کارەبا بۆهەموو جێگایەك بچێ و لە وەرزێری و سەنعەت دا وەکار بخرێ. ئەوەی پێوەندیی بە کوردستانیشەوە هەیە، کوردستان زۆر سەرچاوەی گەورەی کارەبای ئاوی هەیە کە دەتوانێ زووتر کارەبای کوردستان دابین بکا.

دەگونجێ نەوت وەك کەرەستەیەکی خاو لە سەنعەتی شیمیی بەربڵاودا بەکار بهێنرێ و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەتوانێ لەو سەنعەتە شیمیيەدا کە ئاسۆیەکی بەربڵاوی لە داهاتوودا هەیە، ببێتە پسپۆڕ. پێویستە ئەوەش بگوترێ کە وڵاتانی خاوەن نەوتی ئەو مەڵبەندە سەرچاوەیەکی گەورەی گازی تەبیعییشیان هەیە. لەساڵی ١٩٦١دا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ٦٧٠٧ میلیۆن میتری شەش گۆشە گازی تەبیعی دۆزراوەتەوە.[٢٤] ساڵی ١٩٦٠، ٢١٠٠٠ میلیۆن میتری شەش گۆشە گازی تەبیعی لەگەڵ نەوت دەرهێنراوە کە هیچ کەلکی لێ وەرنەگیراوە.[٢٥] ئەم چەشنە سەرچاوانە دەتوانن ئەوەندە یارمەتیی گەشەکردنی سەنعەتی شیمی بکەن، کە ببێتە سەرەتا بۆ سەنعەتیکردنی وڵات و بناخەیەك بۆ سەنعەتە بنچینەیيیەکان، هەروەها دەکرێ بۆ بەرهەمهێنانی رادەیەکی زۆر شتوومەکی دەکارهێنان وەك کەرەستەی خاو کەڵکی لێ وەربگیرێ و ببێتە هۆی گۆڕانێکی بنەڕەتی لە وەزعی ئێستای وەرزێری دا.

وەك لەمەوپێش گوتمان زۆربەی نەوتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەخاوی چۆتە دەرەوە، بۆیە پەرەپێدانی سەنعەتی نەوت پاڵاوتن دەتوانێ وەزعەکە بەقازانجی وڵاتانی خاوەن نەوت بگۆڕێ، چونکە ئەودەم زۆربەی دەرچووی نەوت

---

(٢٤) Petroleum Press Service, 1961, II, p. 406.

(٢٥) هەر ئەو سەرچاوەیە.

بەرهەمەکانی نەوت دەبن و بەشێکی زۆر لە داهاتی نەوت لەو وڵاتانەدا دەبێتە سەرمایە. گەشەپێدانی سەنعەتە شیمیی‌یەکانیش یارمەتی‌یەکی زۆر دەدا بۆ پەرەپێدانی بازاڕی خۆوڵاتی و کۆکردنەوەی هەموو سەرچاوە خۆوڵاتی‌یەکان بۆ بەرەوپێش بردنی ئابووریی وڵات. بەڕێکردنی نەوتیش بۆخۆی گیروگرفتی بیلانی بازرگانی چارەسەر دەکا. چونکە بەشێوەیەکی گشتی ئەو وڵاتانەی لەباری ئابووری‌یەوە پاش کەوتوون شتوومەکی دەرچوویان کەمە، بۆئەوەی بتوانن لەبەرامبەری دا پێداویستی‌یەکانی خۆیان لەدەرەوەڕا بهێنن.

لە چەند ساڵی داهاتوودا لەوانەیە بە بەڕێکردنی نەوت و بەرهەمەکانی ئەو مەسەلەیە چارەسەر بکرێ و ئەمجار وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست پاش ماوەیەکی کورت دەتوانن بەرهەمە شیمیایی‌یەکان و هەروەها بەرهەمەکانی پیترۆشیمییش بۆ دەرەوە بنێرن.

ئەم وڵاتانە دەتوانن گیروگرفتی بیلانی ماڵی بە بەڕێکردنی نەوت چارەسەر بکەن و لەبەرامبەر نەوت دا مەکینەو ئامرازی پێویست بۆ سەنعەتی‌کردن وەربگرن.

گەشەکردنی سەنعەتی نەوت لەداهاتوودا، ئەهمییەتی بەشی دەوڵەتی لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست زیاتر دەکا. ئەو داهاتەی دەوڵەت لە نەوتی دەست دەکەوێ، بەشی دەوڵەتی دەکاتە گەورەترین سەرمایە دانەری وڵات و ئەوەش تەئسیرێکی باشی بۆ سەنعەتی‌کردنی وڵات دەبێ.

وەك لەسەرەوە گوتمان هێندێ لە دەوڵەتەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆ دەرهێنانی نەوت لەرێگای سەرمایەی نیشتمانی‌یەوە هەوڵێکی زۆر دەدەن و بێگومان ئەو سەرمایە نیشتمانی‌یەی بۆ دەرهێنانی نەوت دەخرێتەکار، لەبەرئەوەی لقی سەرەکیی بەشی گشتی‌یە، لەخەباتی هێزە دژی ئیمپریالیستی-یەکان دا دەبێتە بنکەیەکی ئابووری بۆ دامەزراندنی سەنعەتێکی سەربەخۆی نەوت. ئەو گەشەکردنەی ئێستا نیشان دەدا کە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا سەنعەتی نەوت دەبێتە بناخە بۆ سەنعەتی‌کردنی وڵات. بەهێزکردنی بەشی دەوڵەتی دژی سەرمایەی ئیمپریالیستیی بێگانە لەلایەك و دژی سەرمایەی تایبەتیی خۆوڵاتی لەلایەکی تر، دەتوانێ هەنگاوێکی گەورە بێ بۆ پێکهێنانی هەلومەرجێکی باش بۆ زیاتر چوونەپێشی ئابووریی وڵات.

ئەوانە هێندێك لەو بەرهەمانەن کە ولاتانی رۆژهەلاتی نێوەڕاست و هەروەها کوردستانیش دەستیان دەکەوێ، ئەمەش مانای ئەوەیە کە نەوت نەخشێکی گرنگی لە چارەسەرکردنی گرنگترین مەسەلەکانی پێشکەوتنی ئابووری دا دەبێ. دیارە سەرچاوە نەوتی‌یەکان شتێك نین کە هەتاسەر بمێننەوە، کەوابوو پێویستە لەرووی بەرنامەیەکی ئابووریی راستەوە بەکار بهێنرێن. بەلام کارتێلی جیهانیی نەوت لە بەرهەمهێنانی نەوت دا گوێ ناداتە ئابووریی نیشتمانی، هەروەك، گازی تەبیعییش بەیەکجاری لەنێو دەبا. ولاتانی رۆژهەلاتی نێوەڕاست دەبێ بەگوێرەی پێداویستیی ئابووریی خۆیان گیروگرفتی دەرهێنانی نەوت چارەسەر بکەن و بەتەواوییش بەهرە لەگازی تەبیعی وەربگرن. ئەگەر بەو جۆرە رەفتار بکرێ سەرچاوە نەوتەکان لانی‌کەم دەیان سالْ خۆ دەگرن.

هەتا سالْی ١٩٨٠ نەوت و گازی تەبیعی بەبێ شك بەشی هەرە گەورەیان لە بەرهەمهێنانی هێزی کارەبادا دەبێ و وەك کەرەستەیەکی خاویش داخوازیان زۆر لەسەر دەبێ. وا چاوەڕوان دەکرێ کە تا ئەودەم مەسەلە گرنگەکانی پێشکەوتنی ئابووری چارەسەر بکرێن و پاشان دەتوانرێ بەو رادەیەی کە دەکار دەکرێ، "سەرمایەیەکی دیکە" لەجێگای نەوت دابنرێ.

# فەسڵی یازدەهەم

# گیروگرفتەکانی هەڵدانی ئابووری

## ١ـ سەربەخۆیی سیاسی و پێشکەوتنی ئابووری

کورتەی ئەو باسانەی رابردوو ئەو نەتیجەیەمان دەداتە دەست کە چارەسەرکردنی یەکجاریی مەسەلەی کورد لەباری سیاسی و نەتەوایەتی‌یەوە، بە سەرکەوتنی هێزە دێموکراتی‌یەکان و دامەزرانی رێژیمی سۆسیالیستی‌یەوە بەستراوە.

دیارە، سەربەخۆیی سیاسی شەرتێکی پێویستی پێشکەوتنی ئابووری‌یە، بەڵام بەتەنیا بەس نیە. زۆرجار پاش وەدەستهێنانی سەربەخۆیی سیاسی لەنێوان هەوڵ و تەقەلای وڵات بۆ گەشەکردنی سەربەخۆیی ئابووری و پاشماوەی بەستراوەیی ئابووری دا ناتەبایی پەیدا دەبێ. چونکە گەشەکردنی ئابووری لەپێش دا نەك بە قازانجی وڵاتەکە، بەڵکوو بەقازانجی میترۆپۆل بووە. ئەگەر بەوردی سەرنجی مێژووی نوێی کوردستان بدەین، ئەو راستی‌یەمان بەتەواوی بۆ دەردەکەوێ و هەروەها هۆی دواکەوتوویی و ئاڵۆزی باری ئابووریی کوردستانیشمان بۆ روون دەبێتەوە. بۆ تێهەڵێنانەوەی ئەو ناتەبایی‌یانەی باسمان کردن، پێویستە بناخەیەکی ماددی و ئابووریی ئەوتۆ دابمەزرێ کە بتوانێ وڵات لە بەستراوەیی ئابووری رزگار بکا. دیارە مەبەستمان خۆژیوی ئابووریی تەواو نیە، بەڵکوو مەبەست ئەوەیە کە لە پلەی ئێستای گەشەکردنی هێزەکانی بەرهەمهێنەرو پێوەندی‌یە ئابووری‌یە جیهانی‌یەکان دا، هەموو وڵاتێکی دواکەوتووی ئابووری بەپێی سەرچاوەکان و توانای خۆی بگاتە پایەیەکی ئەوتۆ کە بتوانێ شوێنی شایانی خۆی لە دابەشکردنی جیهانیی کاردا پڕ بکاتەوە.

کاکڵی مەسەلەکە لەوەدایە کە بۆ پێشخستنی خێراو هەموولایەنەی هێزە بەرهەمهێنەرەکانی کوردستان پێویستە چ رێگایەك بگیرێتەپێش، تا بتوانێ لە ماوەیەکی کورتی مێژوویی دا لە چنگ دواکەوتوویی ئابووری رزگاری بێ.

ئەو مەسەلەیە بۆ سەدان میلیۆن کەس لە گەلانی دیکەی ئەم جیهانەش زۆر گرنگە. چونکە ئێستاش و لە داهاتووش دا زیاتر، مەسەلەی سەربەخۆیی سیاسیی گەلانی چەوساوە لەو بارەیەوە سەیر دەکرێ.

سەدی نەوەدی دانیشتووانی کوردستان لە هەژاری و نەخوێندەواری دا دەژین. دیارە کرێکاران و جووتیارانی کوردستان هەر بەوەندە رازی نابن کە بە زمانی کوردی بخوێنن و تەنیا داوای سەربەخۆیی سیاسیی وڵاتەکەشیان ناکەن، بەڵکوو داوای دابین کردنی هەلومەرجێکی لەباری ژیانیش دەکەن. دەیانەوێ لەژێر باری چەوسانەوە رزگار بن و ژیانێکی ئینسانی بۆخۆیان دابین بکەن. زەحمەتکێشانی ئۆردۆن هەرچەند لەباری نەتەوایەتی‌یەوە ناچەوسێنەوەو دەوڵەتێکی بەرواڵەت سەربەخۆیان هەیە، بەڵام ژیانیان لە ژیانی زەحمەتکێشانی کوردستان ناخۆشترە.

کەوابوو وەدەستهێنانی سەربەخۆیی سیاسی هیچ کاتێک بەمانای چارەسەرکردنی دەستبەجێی گیروگرفتە ئابووری‌یە گرنگەکانی هەراوترین توێژەکانی گەل نیە. هەتا سەربەخۆیی سیاسی نەیەتەدەست، باری ئابووریی مەسەلەکە بەچاکی دەرناکەوێ. تەنیا ئەو دەمەیە کە وەزعی ئابووری دەبێتە تەرازوو بۆ هەڵسەنگاندنی گەشەکردنی داهاتووی وڵات.

لەنێوان پلەی پێشکەوتنی وڵاتانی پەرەئەستێن دا جیاوازی‌یەکی زۆر هەیە. لە هێندێکیان دا وەك زۆربەی وڵاتەکانی ئورووپای لاتین، پێوەندی‌یەکانی سەرمایەداری زیاتر لە ئاسیاو ئەفریقا گەشەیان کردوە. تەنانەت لەنێوان وڵاتانی مەڵبەندێکیش دا جیاوازی زۆرە، وەك جیاوازیی نێوان سووریاو یەمەن و نێوان تورکیاو پاکستان و هی تر. بەڵام ئەو لێکدانەوەیەی لەباری ئابووریی کوردستانەوە کردمان، لەسەر هەمووی ئەو وڵاتانە راستە. ئەویش ئەوەیە کە هێزە بەرهەمهێنەرەکانی کوردستان زۆر بە سستی و نارێکی گەشەیان کردوەو تا ئێستاش پاشماوەی پێوەندی‌یەکانی رابردوو بەهێزە، داهاتی سەرانە زۆر نزمەو مۆنۆپۆلە سەرمایەداری‌یەکان دەسەڵاتیان بەسەر وڵات دا هەیە.[١]

---

[١] بەگوێرەی ئەدەبیاتی ئابووری کە لە رۆژئاوادا بڵاو بۆتەوەو هی نەتەوە یەکگرتووەکانیشی لەگەڵە، تەنیا پێوانە بۆئەوەی وڵاتێك لەباری ئابووری‌یەوە بە دواکەوتوو دابنرێ داهاتی سەرانەیە.

## ۲ـ پێوەندیی دوولایی نێوان وەرزێری و سەنعەتی کردن

وڵاتەکانی پەرەئەستێن، گیروگرفتی دژواریان لە هەڵبژاردنی ڕێبازی ئابووریی نەتەوایەتی دا دێتەپێش: ئایا بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە وەرزێری ببەستن، یا بەرەو گەشەپێدانی سەنعەت بڕۆن؟ ئەمجار مەسەلەکە نە لەباری تیئۆرییەوەو نە لە جێبەجێکردن دا تەنیا هەڵبژاردنی یەکێك لەو دوو ڕێبازە نیە. بەڵکوو نێوەرۆکی مەسەلەکە لەوەدایە کە ئایا وڵاتانی پەرەئەستێن، دەبێ لەباری دابەشکردنی جیهانیی کارەوە هەر لەجێگای خۆیان بمێننەوە، ئایا پێویستە ئەم وڵاتانە بارکێشی بەرهەمی وەرزێری و کەرەستەی خاو بن، یان دەبێ جێگای خۆیان بگۆڕن و بەرەو سەنعەتیبوون بچن و ببن بە وڵاتێکی سەنعەتیی پێشکەوتوو؟.

### أـ بارە باشەکانی سەنعەتی کردن

سەنعەتیکردن یانی گۆڕینی وڵاتێکی وەرزێری بە وڵاتێکی سەنعەتی، بەو مانایە کە بەشی زۆری داهاتی نەتەوایەتی لەجیاتی وەرزێری لە سەنعەت

---

ئەو پێوانەیە دەکرێ لە ئەندازەگرتنی هێزە بەرهەمهێنەرەکانیش دا بەکار بهێنرێ، بەڵام ئەوە بەتەنیا نە بەسەو نە ڕاستیشە. چونکە لە وڵاتە دواکەوتووەکان دا ناتوانێ ببێتە بەڵگەی گەشەکردنی هێزەکانی بەرهەمهێنەر. لەزۆر وڵاتی دواکەوتوودا لقێکی سەنعەت، یا دەرهێنانی کانگا، یا تەنانەت لقێکی وەرزێری سەرچاوەی سەرەکیی داهاتی نەتەوایەتییە، وەك نەوتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ڤێنزۆێلاو کانگا بەنرخەکانی هێندێك وڵاتی ئەفریقاو هی تر. دیارە بەرهەمداریی کار لەو لقەی سەنعەت یا وەرزێری دا زۆرە، لەکاتێك دا بەرهەمداریی کار لە لقەکانی دیکەدا ئەوەندە نزمە کە بەراورد ناکرێ. کەوابوو، ڕادەی داهاتی سەرانە ناتوانێ ڕادەی شپرزەیی باری ئابووریی وڵاتە پەرەئەستێنەکانمان بۆ دەربخاو زۆرجار هێندێك دیمەنی غەڵەتیشمان دەداتە دەست. ساڵی ۱۹٦۱ داهاتی سەرانە لە کوەیت ۳۰۰۰ دۆلار بووە، لەبەر ئەوە کە داهاتی نەوتی گەیشتۆتە (۹۰۰) میلیۆن دۆلارو ژمارەی دانیشتووانی وڵاتەکەش ۳۰۰۰۰۰کەس بووە. دیارە ئەو داهاتە لە هی وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمریکاش زیاترە. لە ڤێنزۆێلا داهاتی سەرانە دەگاتە ۵۰۰ دۆلار، کە ئەویش هێندەی داهاتی سەرانەی هێندێك وڵاتی ئورووپای ڕۆژئاوایە. بەڵام هەموو داهاتی نەتەوایەتیی کوەیت و زۆربەی داهاتی نەتەوایەتیی ڤێنزۆێلا هی نەوتە. دەنا دەگەینە ئەو ئەنجامە کە هێزە بەرهەمهێنەرەکانی کوەیت و وڵاتە یەککگرتووەکان و هی ڤێنزۆێلاو ئورووپای ڕۆژئاوا بەقەد یەك پێش کەوتوون، و ئەوەش دیارە بۆ پێکەنین دەبێ ـ د.

(بەتایبەتی سەنعەتی گۆڕین) پەیدا بێ. قازانجی ئەو گۆڕینەش یەکجار زۆرە: لەپێش هەموو شتێك دا ئەوەیە کە سەنعەت دەبێتە لقی هەرەگرنگی ئابووریی نەتەوایەتی و لقێکی ئەساسی کە رادەی گەشەکردنی بەشەکانی دیکە دیاری دەکا. چونکە بەبێ سەنعەت، دامەزراندن و پەرەپێدانی رایەڵەی هاتوچۆو گواستنەوە، یان دروست کردنی کەلوپەلی پێویست بۆ کاروباری لەشساخی و فەرهەنگی ئیمکانی نیە. هەروەها سەنعەت بۆ گەشەکردن و پێشکەوتنی وەرزێرییش شەرتێکی پێویستە. بێجگە لەوەش کە بەرهەمداریی کار لە سەنعەت دا زۆر زیاترە لە وەرزێری و ئەمەش بۆ وەرزێری ئەنجامێکی تەبیعی‌یە. چونکە لەوێدا دەسکەوتە تازەکانی زانست و تێکنیك بەخێرایی جێبەجێ ناکرێن. لەوەڕا دەردەکەوێ کە رادەی زیادبوونی بەرهەم لە سەنعەت دا لە وەرزێری زۆر زیاترە.[٢] زیاد کردنی خێرای بەرهەمهێنانی سەنعەت بۆ گەشەکردنی داهاتووی وڵاتانی پەرەئەستێن بایەخێکی زۆرتری هەیە، چونکە مەسەلەی داهاتی سەرانە لەم وڵاتانەدا زۆر گرنگە، جا ئەگەر ئەم وڵاتانە بتوانن ئابووریی خۆیان بەڕێگایەك دا بەرن کە بەشی زۆری داهاتی نەتەوایەتی لەو بەشە بێننە دەست کە رادەی هەڵدانی زیاترە ـ واتە سەنعەت ـ، دەتوانن داهاتی نەتەوایەتیی خۆیان بەخێرایی بەرنەسەر. باری راستەقینەی وەزعەکە لە وڵاتە دواکەوتووەکان دا لەوەڕا دەردەکەوێ کە رادەی زیادبوونی دانیشتووان خۆ لە رادەی زیادبوونی بەرهەمی وەرزێری نیزیك دەخاتەوە، (٢ـ٣٪). هەرچەند رادەی تێکڕایی هەڵدانی سەنعەت لە رادەی تێکڕایی هەڵدانی وەرزێری و رادەی زیادکردنی دانیشتووانیش پترە، بەڵام دیسان داهاتی سەرانە زۆر لەسەرەخۆ دەچێتە سەر، هۆیەکەشی ئەوەیە کە نیسبەتی سەنعەت لەداهاتی گشتیی وڵات دا زۆر نزمەو لەنێوان ٥٪ و ١٥٪ دایە.

پشت بەستن بە وەرزێری بێجگە لەوە هێندێك زیانی دیکەشی هەیە. چونکە بەپێچەوانەی بەرهەمی سەنعەتی کە ئاسۆی گەشەکردنی فرەوانەو هیچ شتێك بەری پێناگرێ، هەڵدانی وەرزێری سنوورێکی هەیەو هەروەها زەوی‌یە

---

[٢] بەشێوەیەکی گشتی ئەوە لەبارەی وڵاتە سەرمایەداری و سۆسیالیستی‌یەکانەوە راستە، بەڵام مانای ئەوە نیە کە ناگونجێ لە هێندێك وڵات دا بەرهەمی وەرزێری بۆ ماوەیەك لە بەرهەمی سەنعەت زیاتر بچێتە سەر ـ د.

کشتوکاڵی‌یەکانیش پێوانەیان دیارە، کە ئەمەش رادەی هەڵدانی وەرزێری دیاری دەکا.

مەسەلەی بازاڕیش بۆ وڵاتێک کە تەنیا پشت بە وەرزێری دەبەستێ، گیروگرفتێکی گەورەیە. بازاڕی بەرهەمە وەرزێری‌یەکان لەبەر چەند هۆیەك رادەی دیاری کراوە. چونکە خواردنی ئادەمیزاد سنووری دیارەو ناتوانێ لەوە زیاتر بخوا. راستە ژمارەی دانیشتووانی جیهان بەتایبەتی لە وڵاتانی پەرەئەستێن بەخێرایی زیاد دەکاو ئێستاش لە زۆربەی ناوچەکانی دنیادا گیروگرفتی کەموکووڕیی خواردەمەنی لەگۆڕێ دایە، بەڵام کاتێک مەسەلەکە لە مەودایەکی دوورو لەباری تیئۆری‌یەوە لێک بدەینەوە، ناچارین ئەو مەسەلەیە لەبەرچاو بگرین. ئەمجار وڵاتەکانی پەرەئەستێن پێداویستی‌یان بەوە هەیە کە بەرهەمە وەرزێری‌یەکان بە وڵاتە پێشکەوتووەکان بفرۆشن بۆئەوەی بتوانن ئامرازی سەنعەتی‌یان لێ‌بکڕن، بەڵام وڵاتە سەرمایەداری‌یە پێشکەوتووەکان بەهیچ جۆر تووشی گیروگرفتی کەموکووڕیی خواردەمەنی نین.

بێجگە لەوە رادەی تێکڕایی زیادبوونی مەسرەفی کەرەستەی خاو کەمتر دەچێتە سەر، واتە، بێجگە لە نەوت و هێندێك کەرەستەی خاوی دیکە، مەسرەفی کەرەستەی خاو لە بەرهەمهێنانی سەنعەتی کەمتر زیاد دەکا. هۆیەکەشی ئەوەیە کە لە ئەنجامی بەرزبوونەوەی بەردەوامی بەرهەمداری کارو پێشکەوتنی تێکنیك دا رادەی ئەو کەرەستە خاوە کە واحیدی بەرهەم بەکار دێ، کەم دەبێتەوە. لەلایەکی دیکەشەوە بەکارهێنانی کەرەستەی دەستکرد (سەنتیتیك) لە دروست کردنی زۆر بەرهەمی سەنعەتی دا هەروا دێ و زیاد دەکا. هەموو ئەوانەی باسمان کردن ئەوە دەگەیەنن کە وڵاتەکانی پەرەئەستێن پێویستە بۆ گەشەکردنی داهاتوویان زیاتر هەوڵی پەرەپێدانی سەنعەت بدەن. بەڵام بزانین ئایا ئەو سەنعەتی‌کردنە پێویستە دەسبەجێ و لەسەر بناخەی سەنعەتی قورس دەست پێ بکرێ؟.

لەو بارەیەوە وەزعی وڵاتێك لەگەڵ وڵاتێکی تر جیاوازیی هەیە. لە هێندێك وڵاتی پەرەئەستێن دا ـ کە زۆریش کەمن ـ کە سەرچاوەو هەلو مەرجی لەباریان هەیەو سەنعەتێکی تا رادەیەك پێشکەوتوویان دامەزراندوە، وەك برێزیل و هیند، دەتوانرێ لەسەر بناخەی سەنعەتی قورس وڵات سەنعەتی بکرێ، دیارە ئەوەش

پێوەندیی بەو بەشانەی سەنعەتی قورسەوە هەیە کە پێداویستی‌یەکانی لەو وڵاتەدا دەست دەکەون. بەڵام لە وڵاتەکانی دیکەدا کە سەنعەت هێشتا سەرەتایی‌یەو سەرچاوەو پێداویستی‌یەکانی ئەو ڕێبازە لەدەست دا نین دەبێ لەپێشەوە هەوڵی دابین کردنی پێداویستی‌یەکانی سەنعەتی‌کردن بدرێ. کۆمەڵە وڵاتێکی دیکەمان هەن کە لقێکی پێشکەوتووی سەنعەتیان هەیە، وەك سەنعەتی نەوت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. دیارە لەو جۆرە وڵاتانەدا دەبێ سەنعەتی‌کردن لەسەر بناخەی پەرەپێدان و کەلك وەرگرتنی تەواو لەو جۆرە سەنعەتە دابمەزرێ. بەڵام هەمووی ئەو وڵاتانە پێویستە لەسەرەتاوە ئەهمییەتێکی زۆر بە وەرزێری بدەن، بۆئەوەی لەبیریان بچێ کە سەنعەتی کردن شاڕێی پێشکەوتنی ئابووری‌یە. بەجۆرێکی ڕوونتر بڵێین، وڵاتانی دواکەوتوو لەباری ئابووری‌یەوە لە پێشکەوتنی ئابووریی خۆیان دا کارێکی گرنگیان لەپێشە، ئەویش دیاری کردنی بارتەقایی‌یە لەنێوان وەرزێری و سەنعەت دا. ئەو بارتەقایی‌یە بەپێی هۆیەکانی ئابووری و نائابووری لە هەرکام لەو وڵاتانەدا جیاوازیی هەیە. بەگشتی، هەموو وڵاتانی پەرەئەستێن پێویستە لە قۆناخی یەکەمی هەڵدانی ئابووری دا هێندێك مەسەلە چارەسەر بکەن.

یەکەم کاریان ئەوەیە کە وەرزێری لە بەرهەمهێنانی تەبیعی ڕزگار بکەن. بۆ ئەو مەبەستە پێویستە ئیسلاحاتێکی بنچینەیی زەوی بکری کە بتوانێ پایەی ژیانی زەحمەتکێشانی لادێ بەرێتەسەر، بێجگە لەوەش پێویستە هەلومەرجی پێویست بۆ پەرەپێدانی بازاڕی نێوخۆو زیادکردنی ڕادەی بەکارهێنانی بەرهەمە سەنعەتی‌یەکان ئامادە بکرێ. پەرەپێدانی بازاڕی نێوخۆ بۆ دامەزراندنی سەنعەتێکی نیشتمانی شەرتێکی زۆر پێویستە. چونکە ئەو سەنعەتە ناتوانێ لەداهاتوویەکی نیزیك دا بچێتە مەیدانی ڕقەبەریی جیهانی‌یەوە.

## ب ـ چاکردنی وەرزێری و هەڵدانی بەرهەمی وەرزێری

بەجێگەیاندنی چاك کردنی وەرزێری بە چەشنێکی بنەڕەتی، بەزۆر هەلومەرجەوە بەستراوە. تاقیکردنەوەی هیندو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئەفریقاو ئەمریکای لاتین نیشانی داوە کە بۆرژوازیی نیشتمانیی فەرمانڕەوا لە وڵاتە

دواکەوتووەکان دا نەی‌توانیوە مەسەلەی وەرزێری بەیەکجاری چارەسەر بکا. چونکە بۆرژوازیی نیشتمانی کە لەلایەک دەیەوێ پاشماوەی پێوەندی‌یەکانی دەرەبەگایەتی لەنێو بەرێ کە کۆسپی هاتوچۆی هێزی کارەو بەرگری لە پەرەگرتنی بازاڕی نێوخۆ دەکا، لەلایەکی ترەوە ئامادە نیە بەیەکجاری چینی دەرەبەگ خاشەبڕ بکا، هەرچەند دەیەوێ لە دەسەلاّت و نفووزی کەم بکاتەوە. هەرچەند بۆرژوازیی نیشتمانی بە پشتیوانیی جووتیاران هاتۆتە سەرکار، بەلاّم نایەوێ هیچ هەنگاوێکی گرنگ لەدژی ملّکداریی دەرەبەگایەتی هەلّێنێتەوە. چونکە لەوە دەترسێ کە میلیۆنەها جووتیاری بێ‌زەوی و نەدار دەست لە کاروباری فەرمانڕەوایی‌یەکەی وەربدەن. تەنانەت هەر کاتێک جووتیاران دەست بدەنە کردەوەیەکی شۆڕشگێڕی، بۆرژوازیی نیشتمانی بۆ بەرەنگاربوونی ئەوان لەگەلّ دەرەبەگەکان رێک دەکەوێ. لەکوردستان و زۆری تر لە ولاّتە دواکەوتووەکان دا کۆمەلّێکی زۆر لە بۆرژوازیی نیشتمانی زەوی و زارێکی زۆریان لەدەست دا هەیە، کە ئەوەش نەخشێکی گرنگ یاری دەکا. بەچەشنێکی گشتی بۆرژوازیی نیشتمانی دژی هەلّوەشاندنەوەی ملّکداریی تایبەتی "پیرۆز"ەو بەرهەلّستی ئەستاندنەوەی ملّك لە دەرەبەگەکان دەکا، چونکە لەوە دەترسێ کەرۆژێک ملّکداریی بۆرژوازییش بکەوێتە مەترسی‌یەوە.

بۆرژوازیی نیشتمانی لە چاك کردنی وەرزێری دا مەبەستی ئەوەیە کشتوکالّ زیاتر بەش بەش بکاو پارچە ملّکە گەورەکان لەنێوان جووتیارەکان دا دابەش بکرێن و شێوەی کاریش لەسەر بناخەی وردە بەرهەم بمێنێتەوە. چونکە جووتیارەکان مەکینەی کشتوکالّی‌یان نیەو ناش توانن پرۆژەی ئاودێریی بەربلاّو دابمەزرێنن. لەپێشەوە باسمان کرد کە لە ئێران جووتیاران ماوەیەك پاش ئەوەی زەوی‌یەکانی شایان کڕی، لەبەرئەوەی ئامرازی کشتوکالّی‌یان نەبوو، ناچار بوون بیان فرۆشنەوە. ئەوە بۆخۆی نیشان دەدا کە بەرهەمداریی کار هیچ زیاد ناکاو بەلّکوو لە کێلّگە بچووکەکان دا لەجێگای خۆی دەمێنێتەوە. هەر لەبەر ئەوەشە کە پایەی ژیان یا لەجێگای خۆی رادەوەستێ، یا زۆر لەسەرەخۆ دەچێتەسەرو هەر بۆیەشە کە گەشەکردنی بازاڕی نێوخۆیی زۆر سست و لەسەرەخۆیە.

بەلاّم کاتێک دەسەلاّت بکەوێتە دەستی چینی کرێکار، یا ئەو کەسانەی هەلگری بیروباوەڕی شۆڕشگێڕین، مەسەلەی وەرزێری بەجۆرێکی بنچینەیی

چارەسەر دەکرێ. چونکە لەبەرئەوەی کرێکاران دۆست و هاوپەیمانی جووتیارانن زەوی دەدەنە دەستی ئەو کەسە کە دەیکێڵێ و بەیەکجاری چینی دەرەبەگ و پێوەندیی دەرەبەگایەتی و ئەو چەوساندنەوە سەختە لەنێو دەبەن کە چەندین سەدە لە لادێ هەبووە. ئەودەم زەوی وەك ئامرازێکی بەرهەمهێنان دەبێتە ملکی گشتی و لە ملکی تاقە کەسێك دەردەچێ و بەمجۆرە هەلومەرجی لەبار بۆ بەرهەمهێنانی سۆسیالیستیی بەربلاو پێك دێ و بەرهەمداریی کار لە وەرزێرییش دا بەچەشنێکی بەرچاو زیاد دەکا.

تاقیکردنەوەی کووبا لەو بارەیەوە زۆر بەنرخە. لەکووبا پاش چاکردنی وەرزێری، هەم بۆ ئەو کرێکارە وەرزێری‌یانە کە لە مەزرا گەورەکانی قامیشی شەکر (لاتی فوندیا)دا کاریان دەکردو هەم بۆ جووتیارە هەژارەکان کۆمەڵەی هەرەوەزی دامەزراو بەم جۆرە پێش سەنعەتی کردنی وڵات، وەرزێری کرا بە هەرەوەزی. هەرچەند لە کوردستان و وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست مەزرای گەورەی وەك (لاتی فوندیا) نیەو سەرمایەدارییش لە مەڵبەندە گوندنشینەکان هێندەی ئەو وەختی کووبا پێش نەکەوتوە، بەڵام دیسانیش بەشێوەیەکی گشتی دەکری ئەو شێوەیە رەچاو بکرێ.

دیارە جێبەجێکردنی ئەو کارانە پێویستیی بە هێندێك شەرتی تایبەتی هەیە: یەکەم، پێویستە دەسەڵات لەدەست هێزە دیموکراتی‌یەکان دا بێ، بۆئەوەی پشتیوانی لە کۆمەڵە هەرەوەزی‌یەکان بکەن. دووهەم، دەبێ بە یارمەتیی وڵاتانی سۆسیالیستی مەکینەی کشت‌وکاڵی بۆ کۆمەڵە هەرەوەزی‌یەکان دابین بکرێ و بەرەبەرە بکرێنە کۆمەڵەیەکی هەرەوەزیی خاوەن سروشتی سۆسیالیستی و خاوەنی بەرهەمی گەورە. هێندێك هەلومەرجی دیکەش هەن کە راستەوخۆ یارمەتیی هەرەوەزی بوونی کشت‌وکاڵ دەکەن، وەك دامەزراندنی پرۆژەی ئاودێری کە لەبەرئەوەی پێویستیی بەکارێکی زۆر هەیە، جووتیارەکان هان دەدا بۆئەوەی یارمەتیی یەکتر بکەن.(٣) دەکرێ بەیارمەتیی حکوومەت هەر ئەوە ببێتە شێوەیەکی سەرەتایی بۆ کۆمەڵەی هەرەوەزی. نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ کە تا ئێستاش دروشمی دابەشکردنی زەوی بەسەر جووتیاران دا نەبۆتە دروشمی

---

(٣) هەر ئێستا ئەو هاوکاری‌یە لە مەزراکان دا دەبینرێ کە پێی دەڵێن (هەرەوەن) ـ د.

کۆمەڵانی بەرینی جووتیاران، هەتا پێویست بێ لەسەرەتاوە بەناچاری زەوی بدرێ بە جووتیارە بێزەوییەکان و جا لەپاشان کۆمەڵە هەرەوەزییەکان دابمەزرێن.

هەستی ملکداریی تایبەتی جارێ بەتەواوی بەسەر مێشکی جووتیاران دا زاڵ نەبووە. لەوانەیە هێندێك دابوشوێن و پاشماوەی پێوەندییەکانی عەشیرەتگەری وەك ملکداریی عەشیرەت بۆ زەوی و هاوکاری لە مەیدانی ئاژەڵداری دا (هۆبە)، لە هەرەوەزی کردنی بەرهەمهێنان دا رۆڵێکی گرنگیان هەبێ. ئەوەی باسمان کرد بەپێچەوانەی ملکداریی خێزان نیە، بەو جۆرە کە هەر خێزانێك پێوانەیەکی زەوی بدرێتێ کە لەگەڵ ژمارەی ئەو ئەندامانەی کاری تێدا دەکەن رێك بکەوێ. ئەو نیزامە بۆ هەڵدانی بەرهەمی وەرزێری و چارەسەرکردنی مەسەلەی بێکاری لە لادێ قازانجی زۆر گەورەی هەیە، بەتایبەتی لە قۆناخی یەکەم دا کە هێشتا پیشەسازی پێش نەکەوتوەو میکانیزەکردنی کشتوکاڵ کارێکی گرانەو جارێ گیروگرفتی زۆر لەپێشە. ئەمە هەر لەبەر ئەوە نیە کە سەنعەتەکە لە سەرەتادا ناتوانێ مەکینەو کووت و پێویستییەکانی دیکەی کشتوکاڵ دابین بکا، بەڵکوو لەبەر ئەوەشە کە جارێ کادری واش کەمن کە بتوانن کشتوکاڵی میکانیزە بەرێوە بەرن.

گیروگرفتێکی دیکە کە لە گەشەکردنی وڵاتە دواکەوتووەکان دا لایەنێکی گرنگی گرتوە، مەسەلەی بێکارییە. وەك لە فەسڵی هەشتەم دا گوتمان لە وەرزێری دا بێکارییەکی شاراوە هەیەو هێنانی تەراکتۆرێك بۆ دێیەکی کوردستان بەمانای بێکاربوونی نیوەی دانیشتووانی ئەو دێیەیە. هەر ئێستا ئەو جووتیارانەی بۆ پەیداکردنی کار روو لە شارەکان دەکەن، گیروگرفتیان زۆر دێتەپێش و لەزۆربەی وڵاتەکانی پەرەئەستێن دا لەشکرێکی گەورەی بێکاران هەیە.

لەپێشەوە گوتمان کە لە قۆناخی یەکەم دا زیاتر سەرنج دەدرێتە سەر وەرزێری، ئەمەش مانای ئەوەیە کە سەنعەت ئەوەندە پێش ناکەوێ کە هەموو ئەو هێزی کارەی لەبەر وەرزێری دەمێنێتەوە بێخاتەکار. خۆ ناش کرێ بەرهەمهێنانی وەرزێری هەر لەو پلەی خۆی دا بمێنێتەوە. لەو حاڵەدا تەنیا رێگا ئەوەیە کە زیاتر لە رێگای وەکارخستنی خەڵکێکی زیاترو کووت کردنی زەوی-

یەوە هەوڵی زیادکردنی بەرهەم بدرێ، نەك لەرێگای میکانیزەکردنەوە. بەم جۆرە هەڵدانی بەرهەم ئەگەر پێویستیی بە هێزی کارێکی پتر نەبێ، لانیکەم بۆ ماوەیەك بەقەد پێشووی هەر پێویستە. دیارە لەو رێگایەوە کرێکارە کشتوکاڵییەکانیش شارەزایی زیاتر پەیدا دەکەن و رێگا بۆ میکانیزەکردن لە داهاتوودا خۆش دەبێ.

لەپێش هەموو شتێك دا پێویستە بەرهەمی کشتوکاڵی لە نەزمی تاقە بەرهەمی رزگار بکرێ بۆئەوەی بەشێك لە شتوومەکی خواردەمەنیی دانیشتووان دابین بکرێ و پێویست نەبێ لە دەرەوەڕا بهێنرێ. پاشان وڵاتەکە دەتوانێ چەند جۆر بەرهەمی وەرزێری بۆ دەرەوە بنێرێ و جێگای خۆی لە بازاڕی جیهانی دا پێ پتەو بکا. ئەمجار لەنێوبردنی نەزمی تاقەبەرهەمی شپرێویی وەزعی ئابووریی وڵات لەنێو دەباو ئەو وەزعە چارەسەر دەکا کە وڵات بەهۆی بەسترانەوە بە وڵاتە سەرمایەدارییەکانەوە تووشی بووە. لێرەدا مەبەست ئەوە نیە کە بەرهەمە لەمێژینەکان وەلا بنرێن، یا کەلك لەو شارەزایی و تاقیکردنەوانە وەرنەگیرێ کە لە رابردوودا هاتوونەدەست، بەڵکوو مەبەست ئەوەیە کە هێندێك بەرهەمی دیکەشیان لێ زیاد بکرێن کە لە وڵاتەکەدا هەلومەرجی لەبار بۆ بەرهەمهێنانیان هەیە. هەر لەوکاتەدا نابێ پێمان وابێ کە وەرزێری لەقۆناخی یەکەم داو تەنانەت لە قۆناخی کەمێك پێشکەوتووتریش دا بەهاسانی دەچێتەپێش. دەتوانین وا دابنێین کە ئەو وڵاتانەی لەباری ئابوورییەوە دواکەوتوون، هەموو مەکینەو ئامرازی کشتوکاڵی لە دەرەوەڕا دێنن، بەڵام بەهرە وەرگرتنی زیاتر لە کشتوکاڵ پێویستیی بە رادەیەکی زۆر کووت و کەرەستەی شیمیایی هەیە کە دەبێ لەنێوخۆی وڵات دا ساز بکرێن.

لەپێشەوە ئەهمییەتی ئاوو ئاودێریمان بۆ وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست باس کرد. بەڵام بۆ هێندێك وڵاتی دیکەش کە لەباری ئابوورییەوە دوا کەوتوون، ئاودێری بایەخێکی زۆری هەیە. بێگومان چیمەنتۆو کەرەستەی دیکەی رایەڵەی ئاودێریی بەربڵاو و دروست کردنی بەند بۆئەوەی ئاوی پێویست بۆ کشتوکاڵ دابین بکرێ، شتێکی پێویستە. کەوابوو، دەبێ پێشکەوتنی کشتوکاڵ، گەشەکردنی سەنعەتی شیمی و سەنعەتی دروست کردنیشی لەگەڵدا بێ.

### ج ـ هێندێك گیروگرفتی سەنعەتی‌کردن

له یەکەم قۆناخی سەنعەتی‌کردن دا دەکرێ ئەم ئەسڵانەی خوارەوە لەبەرچاو بگرین: لەبەرئەوەی سەرمایە کەمە، پێویستە زیاتر ئەو سەنعەتانە دابمەزرێنین کە پێویستی‌یان بە سەرمایەیەکی کەمتر هەیەو زووتریش قازانجی سەرمایە وەکارخراوەکان دەدەنەوە دەست. بۆنموونە لە کوردستان کارگەی چیمەنتۆو جگەرەو شتی لەم بابەتە دابمەزرێ. ئەمجار باشتر وایە ئەو سەنعەتانە دابمەزرێن کە دەبنە هۆی بەرێ‌کردنی شتوومەك بۆ بازاڕی جیهانی، بۆئەوەی وڵاتەکە بتوانێ مەکینەو ئامرازی پێویست بۆ سەنعەتی‌کردن لەجیاتیان وەربگرێ. دیارە ئەو سەنعەتانە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێك فەرق دەکەن و بەستراونەوە بەئیمکانی قاڵ کردنەوەی بەرهەمەکانیان لەبازاڕی جیهانی دا. بۆیە دەبێ لەهەر وڵاتێك دا ئەو سەنعەتە دابمەزرێ کە هەلومەرجی لەباری هەیە. رەنگە بۆ کوردستان سەنعەتی جۆڵایی (تەنین) و شیرو ئەم جۆرە شتانە باش بێ.

لەقۆناخی دووهەم دا دەکرێ گرانایی تەنیا بخرێتە سەر ئەو بەشانەی سەنعەت کە دەتوانن ببنە بناخە بۆ دامەزراندنی سەنعەتی دیکە، واتە دامەزراندنی ئەو سەنعەتانە کە مەکینەو ئامرازی دیکە دروست دەکەن. پێویست نیە هەر لە سەرەتاوە ئەو سەنعەتە بتوانێ ئامرازی پێویستی کارگەیەکی تەواو، یا ئیستگەی کارەبایەکی تەواو دروست بکا. لەوانەیە لەپێش دا تەنیا مەکینەی بچووك و ئامرازی ئەندازەگرتن و ئامرازی یەدەکی بەرهەم بێنێ. چونکە هیچ قانوونێك بڕیار نادا کە هەموو وڵاتان گەورەو بچووك و دەوڵەمەندو هەژار بە دامەزراندنی سەنعەتی قورس و کانگا دۆزینەوەو دروست کردنی مەکینەی گەورە وڵاتەکەیان سەنعەتی بکەن. شتی وا نە دەکرێ و نە قازانجیشی هەیە. بەڵکوو دەبێ هەر وڵاتێك تەنیا بەو بەشانەی سەنعەتی مەکینەو ئامراز دروست کردنەوە خەریك بی کە لە وڵاتەکەدا باشترین هەلومەرجی پێکهێنانیان هەیە. زۆر وێ دەچێ وڵاتێك کە هەلومەرجی لەباری بۆ سەنعەتێکی دیاریکراو نیە، هەر بە یەکجاری خۆی لێ ببوێرێ. ئەوەش ئەنجامێکی تەبیعیی هاوکاریی ئابووریی نێوان وڵاتانی مەڵبەندێکی دیاریکراو و ئەنجامی دابەشکردنی کارە لەنێوان ئەو

وڵاتانەدا. رەنگە کوردستان و هەموو وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەگشتی روو بکەنە سەنعەتی شیمی و پێترۆشیمی.

وڵاتانی پەرەئەستێن لە سەنعەتی‌کردنی خۆیان دا کۆسپێکی دیکەشیان دێتە پێش. ئەویش دیاریکردنی چەشنی ئەو مەکینەو دەزگایانەیە کە پێویستە لە سەنعەتە تازەکان دا بەکاریان بێنن. ئایا پێویستە مەکینەی تازەو ئوتوماتیکی و لە بەرزترین پلەی تێکنیك دا بەکار بێنن، یان دەبێ مەکینەی نێونجیی وا بەکار بێنن کە بەرهەمداری‌یان کەمترە، لەسەر ئەو نوختەیە ناکۆکی بیروباوەڕ زۆرە. بەڵام لەسەریەك، ئەو نەزەرە کە دەڵێ پێویستە وڵاتانی پەرەئەستێن لەسەر بناخەی مەکینەی نێونجی و کەم بەرهەم سەنعەتی ببن، رایەکی ناڕاستە، چونکە بەو جۆرە هەرگیز ناتوانن وەزعی خۆیان بە بەراورد لەگەڵ وڵاتە سەرمایەداری‌یە پێشکەوتووەکان دا بگۆڕن. بەڵام لەلایەکی دیکەوە لە بەکارهێنانی مەکینە ئوتوماتیکی‌یەکانیش دا تووشی گیروگرفتی بێکاری دەبن کە لەپێشەوە باسمان کرد. چونکە کاتێك پرۆژەکان لەسەر بناخەی بەکارهێنانی مەکینەی ئوتوماتیکی دابمەزرێن، کۆمەڵانی جووتیار کە بۆ کارکردن دەچنە شارەکان ناتوانن کار پەیدا بکەن. رێگای چارەسەرکردنی ئەم گیروگرفتە بەم جۆرەیە: لە قۆناخی یەکەم دا سەنعەتی تەنین و جگەرەو هتد بە مەکینەی کەم بەرهەم دەست پێ بکرێ.[٤] بەڵام پێویستە ئەو سەنعەتانەی دەبنە بناخە بۆ سەنعەتی دیکە، باشترین مەکینەو ئامرازیان تێدا بەکار بهێنرێ. چونکە هێنانی مەکینە تازەکان بۆ وڵاتانی پەرەئەستێن لەچاو وڵاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداری وەختێکی زیاتری دەوێ و بەم جۆرە هەتا ئەو مەکینەیە وەکار دەخرێ و دەست دەکا بە بەرهەمهێنان، مەکینەی تازەتر لەو دروست دەکرێن. بێجگە لەوەش ئەو مەکینانەی بەرهەمداری‌یان کەمە، ناتوانن ئامرازی ئەوتۆ بۆ بەشەکانی دیکە دروست بکەن، کە بەرهەمداری‌یان زۆر بێ.

---

[٤] هێندێك جار لەبازاڕی جیهانی دا ئەو کارە وڵاتەکە تووشی هێندێك گیروگرفت دەکا. چونکە دەبێ بەرهەمەکان رقەبەریی بەرهەمی سەنعەتیی وڵاتە پێشکەوتووەکان بکەن. بەڵام دەبێ لەبیرمان بێ کە هەقدەستی کرێکار لە وڵاتە دواکەوتووەکان دا نزمەو ئەوەش لەو رقەبەری‌یەدا یارمەتی‌یان دەکا ـ د.

**٣ـ بەرزکردنەوەی پایەی ژیان**

مەسەلەی بەرزکردنەوەی پایەی ژیانی زەحمەتکێشان لە قۆناخی یەکەم و هەروەها لە قۆناخەکانی دواتری هەڵدانی ئابووریش دا مەسەلەیەکی بەرچاوە. لە فەسڵی هەشتەم دا گوتمان پایەی ژیانی جووتیارانی کوردستان ئەوەندە نزمە کە جێگای باوەڕ نیە. کەوابوو پێویستە هەڵدانی ئابووری بەچەشنێکی بەرچاو ژیانی خەڵك بەرەو باشبوون بەرێ. ئەو راستی‌یەش کە سەرچاوەی پێویست بۆ سەرمایە کۆکردنەوە کەمە، نابێ ببێتە هۆی ئەوە کە داهاتی نەتەوایەتی بە زیانی بەشی مەسرەفی دابەش بکرێ. یەکێك لە دژوارترین گیروگرفتەکانی پێگەیشتنی وڵاتە پەرە ئەستێنەکانیش ئەوەیە کە پێویستە باشترین رێگا بۆ دابەش کردنی داهاتی نەتەوایەتی بدۆزنەوە، بەجۆرێك کە هەمیشە تا رادەیەك بەرەوژوور چوونی سەرمایەدانان دابین بکاو هەر لەوکاتەدا بەشی مەسرەفیش هەمیشە لێی زیاد بکرێ، با ئەو زیادکردنە زۆر کەمیش بێ. ئەمجار دەبێ زیادبوونی خێرای ژمارەی دانیشتووانیشمان لەبەرچاو بێ. بەرزکردنەوەی بەردەوامی پایەی ژیانی دانیشتووانی وڵاتە پەرەئەستێنەکان لەبەر دوو شت زۆر پێویستە: یەکیان ئەوە کە رەنجبەران رۆڵی هەرە گرنگ لە بردنەپێشی وڵات دا یاری دەکەن و پێویستە بەشێکی شیاوی خۆیان لەو بایی‌یەی بەرهەمی دێنن وەربگرن. دووهەمیان ئەوە کە دابەش کردنی داهاتی نەتەوایەتی بەم جۆرە، زەحمەتکێشان زیاتر هان دەدا بۆئەوەی پێشکەوتنی وڵاتەکەیان بەگرنگ دابنێن.

وشیاری و شارەزایی و هەوڵدانی خەڵك بۆ گەیشتن بە پایەیەکی فەرهەنگی و زانستیی بەرزتر، بۆ گەشەپێدانی هێزەکانی بەرهەمهێنەر بایەخێکی زۆری هەیەو ئەو مەسەلەیە بە روونی لە رادەی هەڵدانی بەرهەمیش دا دەردەکەوێ. ئەمجار بەرزبوونەوەی پایەی ژیان دەبێتە هۆی بەرین بوونی بازاڕی نێوخۆیی کە ئەویش گەشەکردنی سەنعەتی نیشتمانی بەرەوپێش هان دەدا. ئەوەش بۆخۆی دەتوانێ ببێتە هۆی زیاتر وەسەریەك نانی سەرمایە.

لەبارەی رێگای دابین کردنی ئەو سەرچاوانەوە کە بۆ وەسەریەك نانی سەرمایە پێویستن، دوو نەزەر هەیە: یەکیان یارمەتیی دەرەوە بە سەرچاوەی سەرەکی وەسەریەك نانی سەرمایە دادەنێ و ئەوی دیکەیان سەرچاوە نێوخۆیی-

یەکان بەگرنگتر دەزانێ. دیارە یارمەتیی دەرەوەش دەتوانێ لە هەڵدانی ئابووریی وڵات دا ڕۆڵێکی گرنگ یاری بکا. بەگشتی دەتوانین بڵێین هەلومەرجی دەرەوەو بەتایبەتی بوونی وڵاتانی سۆسیالیستی، هۆیەکی گرنگەو نەخشی خۆی لە پێشکەوتنی وڵاتە پەرەئەستێنەکان دا یاری دەکا، کەوابوو، هەلومەرجی لەباری دەرەوەو بوونی وڵاتانی سۆسیالیستی لەسەر گەشەکردنی خێرای ئەم وڵاتانە کاریگەرن. بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا ئێستا لە زۆربەی وڵاتە پەرەئەستێنەکان دا سەرچاوە خۆوڵاتی‌یەکانی هەڵدانی ئابووری بە سەرچاوەی ئەسڵی دادەنرێن. ئەو ڕایە بەتایبەتی لەبارەی کوردستان و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە ڕاستە، چونکە نەوت لەو بارەیەوە نەخشی یەکەم پلەی هەیە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە نەخشی گرنگی سەرچاوەکانی دەرەوە لە تێپەڕبوونی وڵاتە پەرەئەستێنەکان دا بۆ پێشکەوتنی پاشەڕۆژ لەبەرچاو نەگرین.

مەسەلەی پلان داڕشتن بۆ ئابووریی نیشتمانیی وڵاتە پەرەئەستێنەکان بایەخێکی ڕوون و تایبەتیی هەیە. شارەزایی بەرنامە داڕشتنی ئابووری لە وڵاتانی سۆسیالیستی دا و گەشەکردنی ڕێکوپێکی ئەم وڵاتانە ئەوەندە سەرنج ڕاکێشە کە لە هەموو وڵاتە پەرەئەستێنەکان داو تەنانەت لەو وڵاتانەدا کە کۆنەپەرست ترین تاقمەکان لەسەر کارن، ئەهمییەتی پلان داڕشتن سەلمێندراوە. ئەو وڵاتە پەرەئەستێنانەی بەڕێگای گەشەکردنی سەرمایەداری دا دەڕۆن، لەبەر دوو هۆی سەرەکی ناگەنە پلەی پێویستی پلان داڕشتن: یەکیان ئەوە کە پێوەندی‌یەکانی بەرهەم هێنان چ دەرەبەگایەتی بن چ سەرمایەداری، پێوەندیی چەوساندنەوەن کە ئەمە لەسەر ڕێگای پلان داڕشتن کۆسپێکی بەرچاوە. دووهەمیان بوونی سەرمایەی مۆنۆپۆلە بێگانەکانە، کە بەگوێرەی قازانجی خۆیان کار دەکەن و قازانجی ئەوانیش لەگەڵ قازانجی وڵاتە پەرەئەستێنەکان ڕێک ناکەوێ.

بۆیە ئێستا گرنگ ئەوەیە ئابووری‌یەکە بەرەو پلان داڕشتنی ڕاستەقینە بەرین و هەلومەرجی پێویستی بۆ ئامادە بکەین. بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کە دەوڵەت و سیاسەتی ئابووری دەوڵەت و بەشی دەوڵەتی کە قەڵای ئابووریی دەوڵەتە، دەتوانن لە هەلومەرجی پێوەندی‌یەکانی ناسیۆنالیستیی وڵاتە پەرەئەستێنەکان دا نەخشێکی گرنگ یاری بکەن. چونکە هەرچەندی نەخشی

دەوڵـەت لـە ئـابووریی نەتەوایـەتی دا بـەربڵاوتر بـێ، ئاسـۆی پـلان دارشـتنیش فرەوانتر دەبێ. بەڵام سۆسیالیزم بـەبێ پـلان دارشـتن نابـێ، لەگـەڵ ئـەوەش دا تـەنیا دەسـت بەسـەرداگرتنی ئـامرازی بەرهـەمهێنان و دامەزرانـدنی پێوەنـدیی سۆسیالیستی بۆ دارشتنی پلانـی ئـابووری بـەس نیـەو بـەڵکوو پێویسـتیی بـەوە هەیە کە هێزە بەرهەمهێنەرەکان بگەنـە رادەیـەکی دیـاریکراوی پێشـکەوتن. ئـەو مەسەلەیەش بۆخۆی هۆیەکی گرنگی نـزم بـوونی پایـەی پـلان دارشـتن لـە وڵاتـە پەرەئەستێنەکان دایە.

## ک- هەڵبژاردنی رێگای گەشەکردن

سروشتی تایبەتیی هەرەگرنگی وڵاتە پەرەئەستێنەکان ئەوەیە کـە ئـابووری-یەکەیان تێکەڵاوە، واتە لەچەند بەشی جیاواز پێك هاتوە. یەکی تـر لـە سروشـتە تایبەتی‌یەکان ئەوەیە کە پایەی بەرهەمهێنان لەو چەشنە ئابووری‌یەدا زۆر نزمـە. کەوابوو، گرنگترین مەسەلە هەڵبژاردنی رێگایەکی گەشەکردنە کە بتوانێ وڵات لـە دواکەوتوویی ئابووری رزگار بکا. ئێستا باش وایە سەرنج بدەینـە ئـەو ئەنجامانـە کـە دەوڵەتـە پاشـکەوتووەکان پـاش برانـەوەی شـەڕ لـە هەڵبـژاردنی رێگـای جۆربـەجۆری گەشـەکردن دەسـتیان کـەوتوە. هیندوسـتان بـۆ وڵاتـانی خـاوەن ئـابووریی تێکـەڵاو نموونەیـەکی باشـە. دیـارە نـاتوانین چـاو لـەو دەسـکەوتانە بقونجێنین کە هیندوستان لە گەشەپێدانی ئابووری‌دا دەستی کەوتوون. بـەڵام بـا سەیرێکی ئەو گیروگرفتـە سـەرەکی‌یانـە بکـەین کـە ئـەم وڵاتـە لـە گەشـەپێدانی ئـابووریی خـۆی دا تووشـیان بـووە، ئـەویش بەرزکردنـەوەی پایـەی هێـزە بەرهەمهێنەرەکانـە. لێـرەدا چارەسـەرکردنی مەسـەلەی وەرزێـری و هـەروەها سـەنعەتی‌کـردن و زیـادکردنی داهـاتی سـەرانەو لابردنـی شـوێنەواری مۆنۆپۆلـە سەرمایەداری‌یەکان زۆر گرنگن.

لەهیندوستان ١٥ ساڵە بۆرژوازیی نیشتمانی دەسەڵاتی وڵاتی گرتۆتە دەست، بەڵام هێشتا نەی‌توانیوە مەسەلەی وەرزێری چارەسـەر بکـا. ئیسـلاحاتی ئـەرزی بە چەشنێکی بنچینەیی نەکراوە، نـە پێوەنـدی‌یـە وەرزێـری‌یـەکان گـۆڕاون و نـە بـاری ژیـانی فەرهـەنگی و کۆمەڵایـەتیی مەڵبەنـدە گوندنشـینەکان. ئـەنجامی

ئیسلاحاتی زەوی ئەوە بووە کە: ٨٢٪ی خێزانە جووتیارەکان ٢٧٪ی زەوی-یەکانیان دەست کەوتوە، لەکاتێك دا ٢/٤٣٪ی خێزانەکان ٢٨٪ی زەوی‌یەکانیان لەدەست دایە. رادەی تێکڕایی زیادکردنی بەرهەمی وەرزێری تەنانەت بەشی پێداویستی‌یەکانی هەرە ئەساسیی ولاّت ناکا. لەساڵەکانی دوای شەڕدا هیندوستان ناچار بووە میلیۆنەها تۆن دانەوێڵە لە دەرەوەڕا بهێنێ، کە زۆربەی لە ولاّتە یەککگرتووەکانی ئەمریکاوە هێناوە. لەگەڵ ئەوەش دا تا ئێستا پایەی دەکارهێنانی سەرانەی شتوومەکی خواردەمەنی لە هی رۆژگاری پێش شەڕ نزمترەو تا ئێستاش لەهیندوستان برسیەتی هەڕەشە لە ژیانی میلیۆنەها ئینسان دەکا.

قەوارەی گشتیی ئابووریی هیندوستانیش هیچ نەگۆڕاوە، چونکە سەنعەت تەنیا ١٦٪ی داهاتی نەتەوایەتی بەرهەم دێنێ و ئەوەش مانای ئەوەیە کە هیندوستان تا ئێستاش ولاّتێکی وەرزێریی دواکەوتوویە. رادەی چوونەسەری بەرهەمهێنانی سەنعەتییش هیچ هیوای ئەوەی لێ ناکرێ کە لە داهاتوویەکی نیزیك دا ولاّتەکە سەنعەتی بکرێ. چونکە رادەی تێکڕایی چوونەسەری بەرهەمی سەنعەتی لەنێوان ساڵەکانی ١٩٥١ــ١٩٦٢دا، ساڵی ٦/٦٪ بووە.[٥] بەو پێیە تەنانەت چوونەسەری داهاتی نەتەوایەتییش هومێدی ئاڵوگۆڕێکی بنچینەیی لێ ناکرێ. لەو ماوەیەی سەرەوەدا داهاتی نەتەوایەتی ٤٧٪ زیادی کردوە، بەلاّم داهاتی سەرانە تەنیا ١٨٪ چۆتەسەر، چونکە ژمارەی دانیشتووان زۆر خێرا دەچێتە سەر. رادەی تێکڕایی زیادکردنی داهاتی سەرانە لە ساڵدا گەیشتۆتە ١/٥٪.[٦] تا ئێستاش مۆنۆپۆلە ئیمپریالیستی‌یەکان جێ‌پێ‌یەکی بەهێزیان لەئابووریی هیندوستان دا هەیە. چونکە لەنێوان ساڵەکانی ١٩٤٨ــ١٩٥٨دا ئەو سەرمایە تایبەتی‌یەی لە هیندوستان خراوەتەکار، لە ٥٦٠ میلیۆن دۆلارەوە گەیشتۆتە ١٢٠٠ میلیۆن دۆلار. تا ئێستاش بەشی زۆری بەرهەمی چای کە دەرچووی سەرەکیی هیندوستانە، لەژێر دەسەلاّتی سەرمایەدارەکانی ئینگلیز دایە. ئەمجار سەرمایەدارە بێگانەکان بەشێکی زۆریان لەو کانگایانەدا هەیە کە

---

(٥) Monthly Abstracts of Statistics. May 1963.

(٦) وەزعی ئابووریی دەوڵەتە سەرمایەداری‌یەکان، بەزمانی رووسی، مۆسکۆ، ١٩٦٢، ل٧١.

خەڵوزی بەردی باش بەرهەم دێنن و هەروەها لە پاڵوێنەخانەکانی نەوت و کانگای مەنگەنیزو سەنعەتی شیمی و توتن و جەوی دا بەشیان هەیە.

ئەمە رێبازی ئەساسیی ئێستای ئابووریی هیندوستانە، کە زیاتر لە ١٥ ساڵە بۆرژوازی ئەم وڵاتە بەرەو سەرمایەداری دەبا. لە هێندێك وڵاتی پەرەئەستێنی دیکەش دا وەزعێکی وەك هیندوستان بەرچاو دەکەوێ. رادەی تێکڕایی هەڵدانی ساڵانەی وڵاتە پەرەئەستێنەکان لەساڵەکانی ١٩٥٨ـ١٩٦٣دا لە سەنعەت دا گەیشتۆتە ٦/٧٪[٧] و لەوەرزێری دا گەیشتۆتە ٣٪. یانی بەرهەمی نەتەوایەتیی پاك کردە ساڵێ ٥٪ زیادی کردوە.[٨] ئەگەر وا دابنێین کە ئەو زیادکردنە هەر بەردەوامەو قەیرانی ئابووری کاری تێناکا، داهاتوی ئابووریی ئەو وڵاتانە کە لە پایەی ئابووری دا وەك کوردستانن، بەم شێوەیە دێتە بەرچاو. داهاتی سەرانە لەکوردستان بەگشتی لەساڵ دا دەگاتە ١٠٠ دۆلار. لەبەرئەوە کە ژمارەی دانیشتوان ساڵێ زیاتر لە ٢٪ دەچێتە سەر، زیادبوونی داهاتی سەرانە ساڵێ لە ٣٪ تێناپەڕێ. ئەمەش مانای ئەوەیە کە نیزیکەی ٨٠ ساڵی دەوێ، یانی تا ساڵی ٢٠٤٠، بۆئەوەی داهاتی سەرانە لە کوردستان بگاتە ١٠٦٤ دۆلار، واتە رادەی ئێستای وڵاتە پێشکەوتووەکانی ئوروپا.

لێرەدا تەنیا یەك نەتیجە وەردەگیرێ: ئەگەر کوردستان و وڵاتانی دیکەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست رێگای گەشەکردنی سەرمایەداری بگرنەبەر، نەك هەر لەماوەیەکی کەم دا ناتوانن داهاتی سەرانەیان بگەیەننە وڵاتە پێشکەوتووەکان، بەڵکوو لێیان وەنیزیکیش ناکەون.

بەڵام ئەگەر وڵاتە پەرەئەستێنەکان رێگای گەشەکردنی سۆسیالیستی بگرنەپێش، وەزعەکە جۆرێکی تر دەبێ. بەڵگەشمان گەشەکردنی خێرای کۆمارەکانی قەفقازو ئاسیای بچووك لە یەکیەتیی سۆڤیەتی‌یە. لە ئەرمەنستانی سۆڤیەتی ساڵی ١٩٦٠ بەرهەمی سەرانەی کارەبا گەیشتۆتە ١٤٧٨ کیلۆوات سەعات بۆ هەر تاقە کەسێك، کە لە هی ئیتالیاو ژاپۆن و دانمارك و زۆر وڵاتی

---

[٧] زیاتربوونی رادەی هەڵدانی ئەو وڵاتانە لەچاو هیندوستان دەگەڕێتەوە بۆ سەر زیادکردنی خێرای هێندێك کەرەستەی خاو بەتایبەتی نەوت ـ د.

[٨] وا دانراوە کە بەپێی بەرنامەی پێنج ساڵەی سێهەم (١٩٦١ـ١٩٦٥) لە هیندوستان زێدەبەرهەم بگاتە ٣٠٪، واتە ساڵێ ٥/٤٪ ـ د.

سەرمایەداری پترەو ١٥ هێندەی تورکیاو ٣٢ هێندەی ئێرانە. بەرهەمهێنان بەگشتی لە کۆماری تاجیکستانی سۆڤیەتی لەشەش ساڵەی ١٩٥٦ــ١٩٦١دا دووچەندانە چۆتەسەر، یانی تێکرا ساڵێ ١٥٪ زیادی کردوە. بەم جۆرە گەشەکردنی ئەم دواییانەی هێندێك وڵاتی وەك کۆماری کورەی دێموکراتیی گەلی کە چەند ساڵ لەمەوبەر لەریزی وڵاتە پاشکەوتووەکان دا دەژمێردرا، شاهیدی راست بوونی ئەم قسەیەیە.

گەشەکردنی ئابووری لە کورەی دێموکراتی زۆر بەڕوونی سروشتە تایبەتی-یەکانی سۆسیالیزم نیشان دەدا:

رادەی هەڵدانی ساڵانەی سەنعەت لەنێوان ساڵەکانی ١٩٥٧ــ١٩٦٠دا بەتێکڕایی گەیشتۆتە ٣٦/٦٪، یانی ٣/٥ جار زیادی کردوە.[٩] لەساڵی ١٩٦٠ دا نیسبەتی سەنعەت و وەرزێری لە بەرهەمهێنان دا ٧١ و ٢٩ بووە. بەڵگەیەکی روونتر ئەوەیە کە دروست کردنی مەکینە گەیشتۆتە ٢١/٣٪ی هەموو بەرهەمی سەنعەتی و ئەم وڵاتە ٩٠٪ی ئەو مەکینانەی بەکاریان دێنێ، بۆخۆی دروست دەکا. وا چاوەڕوان دەکرێ کە رادەی بەرهەمی سەنعەتی لە بەرنامەی ٧ ساڵەی ١٩٦١ــ١٩٦٧دا بەتێکڕایی بگاتە ١٨٪ لە ساڵدا و بەرهەمی ئامرازی بەرهەمهێنانیش بگاتە ٣/٢ هێندەی رادەی ئێستا. داهاتی نەتەوایەتییش ٢/٧ جار زیاد دەکا، واتە بەتێکڕایی ساڵێ ١٥/٣٪، ئەوە سێ هێندەی رادەی تێکڕایی هەڵدانی داهاتی نەتەوایەتیی ئەو وڵاتە پەرەئەستێنانەیە کە رێگای گەشەکردنی سەرمایەدارییان گرتۆتەپێش. بەرێکەوت نیە کە کورەی دێموکراتی لە بەرهەمی سەرانەی هێندێك بەرهەم دا وەك هێزی کارەبا، وڵاتێکی سەرمایەداریی پێشکەوتووی وەك ژاپۆنی بەجێهێشتوە. کەوابوو، ئەگەر کوردستان رێگای سۆسیالیزم بگرێتەبەرو داهاتی نەتەوایەتی وەك کورەی دێموکراتی بچێتە سەرێ (١٥/٣٪)و ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە ژمارەی دانیشتووانی ساڵێ ٢٪ زیاد بکا، پاش بیست ساڵ داهاتی سەرانەی دەگاتە ١١٦٠ دۆلارو لە پلەی ئێستای وڵاتە سەرمایەدارییە پێشکەوتووەکان تێدەپەڕێ. بێجگە لەوە، بوونی ئەو هەموو سەرچاوە نەوتە لە کوردستان و وڵاتەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لەوانەیە ئەو پێشکەوتنە خێراتریش بکا.

---

[٩] گۆڤاری مەسەلەکانی ئاشتی و سۆسیالیزم، ژانویەی ١٩٦٢.

## بەشی سێهەم:

# مـەسـەلـەی کـورد

# فەسڵی دوازدەهەم

## مەسەلەی کورد لە رۆژگاری ئەمڕۆدا

### ا- سروشتە تایبەتی‌یەکانی مەسەلەی کورد

پێش‌ئەوەی بێینە سەر باسی چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد، پێویستە هێندێك لە سروشتە تایبەتی‌یەکانی مەسەلەی کورد باس بکەین، کە سەرچاوەکەیان ئەو زانراوانەن کە لە بەشەکانی پێشوودا باسمان کردن.

جووڵانەوەی رزگاریخوازیی نیشتمانیی گەلی کورد لەسەردەمی ئێستادا هەم لەدژی ئیمپریالیزم وەك دوژمنێکی سەرەکی‌یەو هەم لەدژی چینە فەرمانڕەواکانی ئێران و عێراق و تورکیایە.❖ بەڵام نەتەوە فەرمانڕەواکانی ئەم سێ وڵاتەش، واتە فارس و عەرەب و تورك ئێستا لە قۆناخی خەباتی دژی ئیمپریالیستی دان، کەوابوو گەلی کورد وێڕای جووڵانەوەی رزگاریخوازیی نیشتمانیی گەلانی ئەم سێ وڵاتە بۆ ئازادیی نەتەوایەتیی خۆشی خەبات دەکا. ئەم دیاردەیە هێندێك گیروگرفتی لەگەڵە. چونکە بۆ گەلی کورد وەك نەتەوەیەکی زۆرلێکراو ناسینی دوژمنی سەرەکی، واتە ئیمپریالیزم کارێکی هاسان نیە، چونکە بەشێوەیەکی راستەوخۆ لەدژی حکوومەتەکانی ئەو وڵاتانە خەبات دەکا. ئەو لێکدانەوەیەش کە گۆیا خەباتی گەلی کورد بەشێوەیەکی روون دژی ئیمپریالیزم نیە، هەر لەوەڕا سەرچاوە دەگرێ کە ئەو وڵاتانەی کوردیان تێدا دەژی بەڕواڵەت سەربەخۆن و نفووزی ئیمپریالیستەکان لەوێدا بەشێوەیەکی ئیستیعماریی کۆن نیە، بەڵکوو لەپشت پەردەی حکوومەتی دەرەبەگ و بۆرژوایە بەکرێگیراوەکان دا شاردراوەتەوە، کە هەرچەند بەڕواڵەت سەربەخۆن، بەڵام لەڕاستی دا بوونە پێگەیەك بۆ قازانجی ئیمپریالیستەکان.

---

❖ عێراق پاش ١١ی مارسی ١٩٧٠ وەزعێکی تازەی بەخۆیەوە گرتوە. بڕوانە "دوا قسە"ی ئەم کتێبە.

لەدوای شەڕی یەکەمی جیهانی‌یەوە تا ئەمڕۆ دەوڵەتە ئیمپریالیستی‌یە گەورەکان هەوڵیان داوە بۆ بڵاوکردنەوەی تۆوی ناکۆکی نەتەوایەتی و تێکۆشاون خۆیان بەدڵسۆزو وەکیلی قازانجی گەلی کورد نیشان بدەن و ئاڵۆزی بخەنە نێو جووڵانەوەی رزگاریخوازیی نیشتمانی. هەربۆیەوەندە بەسە کە سەرنجێکی سیاسەتی بریتانیا لە عیراق و تورکیا پاش شەڕی یەکەمی جیهانی و سیاسەتی بریتانیاو فەڕانسە لە عیراق و سووریا لەنێوان دوو شەڕی گەورەی جیهانی دا و هەروەها سەرنجێکی سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئێران و عیراق پاش شەڕی دووهەمی جیهانی بدەین. پێویستە بگوترێ کە سیاسەتی تێکدەرانەی ئیمپریالیستەکان زۆر وەخت بۆتە هۆی سەرنەکەوتنی خەباتی رزگاریخوازیی گەلی کورد. تاقیکردنەوەی چەندین ساڵ خەباتی گەلی کوردو تاقیکردنەوەی خەباتی گەلانی دیکە لە سەردەمی ئێستادا زۆر دەرسی گەورەی لەو بارەیەوە فێری گەلی کورد کردوە. رەنگە کەمتر نەتەوەیەك دەست کەوێ کە ئەوەندەی گەلی کورد خوێنی رژابێ و کوێرەوەریی چێشتبێ تا بتوانێ دوژمنی سەرەکیی خۆی واتە ئیمپریالیزم بناسێ. بەشێوەیەکی سەرەکی کورد لە مەڵبەندە سنووری‌یەکانی چەند وڵات دا دەژی کە لە هەر کامێکیان دا بە کەمایەتی دەژمێردرێ. بەم جۆرە هێزی گەلی کورد بەشێوەیەکی دەستکرد لەت لەت کراوەو لەلایەکی تریشەوە حکوومەتەکانی ئەو وڵاتانە قازانجی خۆیان لەوەدا دەبینن کە دژی جووڵانەوەی رزگاریخوازیی نیشتمانیی کورد هاوکاریی یەکتر بکەن. کەوابوو، هەموو چەشنە هەوڵێو تەقەلایەك بۆ رزگارکردنی یەکێك لە بەشەکانی کوردستان لەگەڵ بەربەرەکانیی چینە فەرمانڕەواکانی وڵاتەکەی خۆی و ئەو وڵاتانەدا بەرەوڕوو دەبێ کە کورد لە بەشێکی خاکەکەیان دا دەژی. ئەمجار هەرچەشنە گۆڕانێك بەسەر یەکێك لەم وڵاتانەدا بێ، تەئسیر دەکاتە سەر وڵاتەکانی دیکەو هەموو مەڵبەندی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەگشتی. پاشان، لەبەرئەوەی بەشێك لە کورد لە عیراق و سووریا دەژی، ئەو گۆڕانە بۆ وڵاتانی عەرەبی بەگشتییش گرنگە.

هەمووی ئەوانە بوونە هۆی پێکهاتنی وەزعێکی زۆر تایبەتی. نەتەوەیەکی دابەشکراو دەبینین کە بۆ وەدەستهێنانی ئازادی خەبات دەکاو سنووری چەند

دەوڵەتێك هێزەکانی لێك دابڕیوەو لەکاتی گرنگ و ناسکیش دا لەگەڵ هێزی یەکگرتووی ئەو دەوڵەتانەو تەنانەت هێندێ دەوڵەتی تریش بەرەوڕوو دەبێ.

لەلایەکی ترەوە، کوردستان سامانێکی زۆری نەوتی هەیە کە مۆنۆپۆلە ئیمپریالیستی‌یەکان دەری دێنن و هەرچەشنە ئاڵوگۆڕێك لە وەزعی ئەو مەڵبەندەدا لەوانەیە تووشی بەرهەڵستیی ئەو مۆنۆپۆلانەش ببێ، کە بەشێوەیەکی تایبەتی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا بەهۆیەکی گرنگی دیاریکردنی سیاسەتی حکوومەتەکانی وڵاتەکانیان، واتە ئەمریکاو بریتانیاو فەڕانسە دادەنرێن. ❖

هەروەك لە فەسڵی سێهەم دا گوتمان لەشەڕی یەکەمی جیهانی‌یەوە چارەنووسی کورد بە نەوتەوە گرێ دراوە کە تا ئێستاش بۆ وڵاتە سەرمایەداری-یەکان کەرەستەیەکی خاوی یەکجار گرنگە. بەم جۆرە کوردستان لەبەرئەوەی سەرچاوەیەکی بەنرخی نەوتە، رۆژبەڕۆژ بۆ وڵاتە سەرمایەداری‌یەکان گرنگتر دەبێ. مۆنۆپۆلە ئیمپریالیستی‌یەکان هەموو ساڵێ سەدان میلیۆن دۆلار لە نەوتی کوردستان قازانج دەکەن و جێگیربوونیان لە کوردستان بەکردەوە نەخشی ئەوان لە چەوساندنەوەی زەحمەتکێشانی کوردو بەتاڵان بردنی سامانی تەبیعیی کوردستان دا نیشان دەدا.

رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەبەرئەوەی سێ قارەی ئاسیاو ئورووپاو ئەفریقا بەیەکەوە گرێ دەداو لەبەر گرنگیی باری سیاسی و ستراتیژی لە نەخشەو بەرنامەی ئیمپریالیستەکان دا جێگایەکی تایبەتیی گرتوە. ئەو مەڵبەندەو بەتایبەتی کوردستان کەوتۆتە نیزیك سنووری یەکیەتیی سۆڤیەتی، لەو مەڵبەندەدا چەندین پێگەی لەشکریی پەیمانە ئیمپریالیستی‌یەکان دامەزرێندراون. بێجگە لەوەش کوردستان ئاڵقەی پێوەندیی یەکیەتیی سۆڤیەتی و رۆژهەڵاتی عەرەبی‌یە. تاقیکردنەوەی ساڵەکانی دوای شەڕ نیشان دەدا کە هەر سەرکەوتنێك لە یەکێك لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا تەئسیر دەکاتە سەر هەموو ناوچەکانی ئەو مەڵبەندەو هیچ وڵاتێکی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست نیە کە نەبێتە

---

❖ بە میللی کردنی شیرکەتی نەوتی عیراق لە یەکەمی ژوئەنی ١٩٧٢ مۆنۆپۆلەکانی نەوتی بێگانە لە کوردستان خاشەبڕ بوون.

مەیدانی گۆڕانێکی گرنگ و تەنانەت شۆڕشگێرانەش. هەرکاتێك لە دراوسێیەتی یەکیەتیی سۆڤیەتی گۆڕانێکی قووڵ بەسەر وەزعی سیاسیی ئەو مەڵبەندەدا بێ، رووخانی دەسەڵاتی ئیمپریالیزمی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا بەدواوە دەبێ. هەربۆیە ئیمپریالیستەکان دژی هەموو چەشنە گۆڕانێکی بنەڕەتی لەو مەڵبەندە رادەوەستن، بەتایبەتی ئەگەر پێوەندیی بە رزگاربوونی گەلی کوردەوە هەبێ. دیارە ناش توانین ئەم سروشتە تایبەتی‌یانە کە بەشێوەیەکی ئەساسی پێوەندی‌یان بە مەسەلەی کوردەوە هەیەو لەو وەزعە دیاریکراوە نێونەتەوایەتی‌یە جیا بکەینەوە کە مەسەلەی کوردی تێدا چارەسەر دەکرێ.

لە چارەسەر کردنی مەسەلەی کورد دا وەك زۆر مەسەلەی دیکەی رۆژگاری ئێستا هۆیەکی گرنگی دیکەش کاریگەرە. لەباری مێژوویی‌یەوە بێجگە لەوە کەسەردەمی ئێمە سەردەمی رووخانی سیستەمی ئیستیعماری و سەردەمی رزگاریی نەتەوە چەوساوەکانە، سەردەمی تێپەڕبوون لە سەرمایەداری‌یەوە بۆ سۆسیالیزمیشە.

تەنیا لەبەر رووناکایی ئەو راستی‌یانەی سەرەوەدا دەتوانین لە چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد بکۆڵینەوەو هەر چەشنە تەقەلایەك بۆ چارەسەر کردنی مەسەلەی کورد دوور لەو وەزعە گشتی‌یە لەباری تیئۆری‌یەوە هەڵەیەو بەکردەوەش زیانی هەیە. لینین دەڵێ:

**"لە تیئۆری مارکسیزم دا بۆ لێکۆڵینەوەی هەر مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتی شەرتێك هەیە کە ناتوانرێ بخرێتە پشت گوێ، ئەویش دانانی ئەو مەسەلەیە لە چوارچێوەی مێژوویی خۆی دایە. ئەگەر هات و تەنیا پێوەندیی بە وڵاتێکەوە هەبوو (بۆنموونە "بەرنامەی مەسەلەی نەتەوایەتیی ئەو وڵاتە") ئەودەم لێکۆڵینەوەی ئەو سروشتە تایبەتی‌یانە کە لەو قۆناخە مێژوویی‌یەدا ئەو وڵاتە لە وڵاتەکانی دیکە جیا دەکاتەوە، کارێکی پێویستە."**(١)

## ٢ـ وەزعی ئێستای کورد

---

(١) لینین: "مافی گەلان لە دانانی چارەنووسی خۆیان دا" چاپی چیکی، ل٤٠٧.

لەبەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا هەڵوێستی حکوومەتەکانی تورکیاو ئێران و عێراق لەبارەی مەسەلەی کوردەوە باس کرا. لەمەودوا لەبەر رووناکایی رووداوە تازەکان لەو مەسەلەیە دەکۆڵینەوە.

ئەوەندەی پێوەندیی بە تورکیاوە هەیە، لە ساڵەکانی پاش شەڕدا کە رووکاری دنیا بەتەواوی گۆڕاوە، لەوێ هیچ شتێکی تازە لەچاو رۆژگاری پێش شەڕ نەهاتۆتە گۆڕێ.

**"لەمەڵبەندە رۆژهەلاتی یەکان، واتە کوردستان دا رەفتارێکی زۆر دڕندانە بەتایبەتی نەدژی هاونیشتمانە کوردەکان رەچاو کراوە، چەند ساڵە لە نۆ ویلایەتی مەڵبەندی رۆژهەلات دا حکوومەتی نیزامی لەسەر کارە".** [٢]

کودیتای نیزامیی مانگی مای ١٩٦٠یش لەو بارەیەوە هیچ گۆڕانێکی لەگەڵ خۆی نەهێنا. چونکە گورسەل سەرۆکی پێشووی حکوومەتی تورکیاش هەر بە بلوێرەکەی کۆنی لێدەداو رایگەیاند کە:

**"لەدنیادا هیچ نەتەوەیەکی جیاواز بەناوی نەتەوەی کورد نیە. کوردەکان نەك هەر هاونیشتانی ئێمەن، بەڵکوو برای رەگەزیی ئێمەشن."** [٣]

رووداوەکانی پاش سێپتامبری ١٩٦١ و بەتایبەتی ئەو شۆڕشە کە لە هەموو کوردستانی عێراق دا هەڵگیرساوە، لە هەموو ناوچەکانی کوردستانی تورکیادا دەنگیان دایەوەو دانیشتووانی ئەو مەڵبەندەو بەتایبەتی رووناکبیران بەچەشنێکی کاریگەر لەو رووداوانەدا بەشدار بوون. لە تورکیا چەند بڵاوکراوەیەك بە رێكوپێکی دەرچوون و ژمارەیەکی زۆر لە جووتیارانی کورد چوونە پاڵ هێزە شەڕکەرەکانی کوردستانی عێراق.

حکوومەتی تورکیا لە ئووتی ١٩٦٢دا هێرشێکی بەربڵاوی دژی نیشتمانپەروەرانی کورد دەست پێکرد، بە سەدان کەس گیران و دادستان لەکاتی موحاکەمەدا بۆ ٢٥ کەس لەوانە بەو تاوانە کە هەوڵی پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردیان داوە، داوای حوکمی ئیعدامی کرد. وەك دەزانین

---

[٢] نوستونگیل: "مەسەلەکانی ئاشتی و سۆسیالیزم"، ژمارە٨، ساڵی ١٩٦٠.

[٣] رۆژنامەی "کیم"ی تورکیا، ژمارەی ٢٧ـ٤ـ١٩٦١ کە لە (Kurdish Facts) ژمارەی ٧ـ٦ـ١٩٦١، ئامستردام، وەرگیراوە.

ساڵی ١٩٢٥، واته چل ساڵ پێشتریش شێخ سەعیدو هاواڵەکانی هەر بەو تاوانە ئیعدام کران. لە ساڵەکانی ١٩٦٥ـ١٩٦٦دا سیاسەتی نێوخۆو دەرەوەی تورکیا هێندێك گۆڕانی بەسەردا هات. لەئەنجامی رێبازێکی بەرەو دێموکراتی دا کە حکوومەت گرتبوویەبەر، هەڵبژاردنێکی تا رادەیەك ئازاد کراو حیزبی کرێکاری تورکیا (کە هەلگری بیروباوەڕی مارکسیستی‌یە) توانی نوێنەرانی خۆی بنێرێتە پارلمان. بەرامبەر بە مەسەلەی کوردیش کەمێك سەنگ و سووکی نیشان دراو چەند بڵاوکراوەیەك بەزمانی تورکی دەرچوون کەباسی وەزعی کوردستانی تورکیایان دەکرد.

لەپاش ساڵی ١٩٢٥ گۆڕانێکی ئەساسی بەسەر وەزعی جیهان دا هاتوە، بەڵام حکوومەتی تورکیا کە ئیدیعا دەکا لایەنگری خەباتی گەلان لەپێناوی ئازادی و سەربەخۆیی دایەو هەموو وەسیلەیەك بۆ پشتگیریی مافی کەمایەتی تورکی قبرس بەکار دێنێ، لەچوارچێوەی وڵاتی خۆی دا خۆی لە مافەکانی گەلی کورد گێل کردوە.

حکوومەتی ئێران هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە کورد کەمێك گۆڕیوە، بەڵام ئەوەش بە هیچ جۆر نەبۆتە هۆی گۆڕانی وەزعی کوردی ئێران. بناخەی ئەو هەڵوێستە تازەیە دەگەڕێتەوە بۆ پێش شۆرشی ژووئیەی ١٩٥٨ی عیراق کە رادیۆی قاهیرە بەرنامەیەکی بەزمانی کوردی بڵاو کردەوە بۆئەوی کوردەکان لەدژی رێژیمی نووری سەعید هان بدا. حکوومەتی ئێران ترسێکی وای رێ نیشت کە هێندێك کاری ئەوتۆی کردن کە قەت لە ئێران دا نەبینرابوون. وەك ئەوەی کە لە هەموو کوردستان دا پڕوپاگەندەیەکی توندی دەست پێکردو بەدوای ئەوەدا حەوت میلیۆن دۆلاری بۆ ئاوەدان کردنەوەی ئەو مەڵبەندە تەرخان کرد.

هەولو تەقەلای تەبلیغاتیی رەسمی توندتر بوو و حەوت ئیزگەی رادیۆ بەزمانی کوردی کرانەوەو رۆژنامەیەکی هەفتەیی بەزمانی کوردی لەژێر چاوەدێریی کاربەدەستان دا لە تاران بڵاو کرایەوە. گۆڤاری بامشاد نووسی:

**"وادیاره میسرییەکان بەشی کوردنشینی سووریایان قـووت داوە... ئەگـەر ئەوکاتەی قاهیرە سووریای قووت دەدا ئێمە وەدەنگ هاتباین، ئێستا میسـری-یەکان نەیان دەتوانی باسی کوردستان بکەن".**[٤]

ڕۆژنامەیەکی تر زۆر بەڕاشکاوی نووسی:

**"ئەگەر پێویست بێ شتێك بەناوی جووڵانەوەی کورد دەست پێبکرێ، هەقی نەتەوایەتیی ئێرانە کە دەستی پێبکا. چونکە کورد لە هەر جێگایەك بێ ئێرانی-یەو خوێنی ئێرانی لە دەمارەکانی دا دەجووڵێ... و دیارە هەقی ئێرانە کە ببێتە پێشڕەو و ئەو کوردانەی لە وڵاتەکانی دیکەدا بڵاو بوونەوە لەژێر ئـاڵای پـیرۆزی خۆی دا کۆ بکاتەوە".**[٥]

وەزیری دەرەوەی ئەو سەردەمە لەمەجلیسی شووراداا رایگەیاند کە:

**"مەسـەلەی کـورد کـە هێنـدێك جـار دوژمنـانی ئێـران باسـی دەکـەن، لـە بنەڕەتەوە لەئێران لەگۆڕێدا نیە".**[٦]

ئێسـتا بـزانین بناخـەی سیاسـەتی حکوومـەتی ئێـران لـەبارەی مەسـەلەی کوردەوە چیە؟ دەتوانین بڵێین ئەو سیاسەتە بیروباوەڕی سەرۆك پێشووی ئێران (محمد علی فروغی) دەردەخا، کە ساڵی ١٩٢٧ کاتێك لە تورکیـا سـەفیری ئێـران بوو لە نامەیەکی نهێنیدا دەری بڕیوەو دەڵێ:

**"گیروگرفتی کورد لێرە زۆر لەوە گرنگترە کە ئێمـە بیرمـان لـێ دەکـردەوە. تورکەکان نەبوونی یەکڕەنگیی نەتەوایەتی یانی بوونی یوونانییەکان و ئەرمەنی-یـەکان و سـربەکان و بولغارەکـان و عەرەبـەکان و هـی تـر بـەهۆی بنـەڕەتیی بەدبـەختیی خۆیـان لـە رابـردوودا دەزانـن و هـەوڵ دەدەن لـەژیانی تازەیـان دا خۆیان لەو بەڵایە رزگار بکەن و نایانـەوێ لـەخاکی خۆیـان دا عونسـوری فەسـاد بهێڵنەوە. ئێستا سرب و بولغارو عەرەبیان لەدەست چووەو ئەوەش بۆخۆیان بە سەرکەوتنێك دەزانن. ئەرمەنیان لـە تورکیـا خـەلاس کـردوە. یوونـانییـەکانیش وەدەر دەنێن. لـەو وەزعـەدا پێیـان وابـوو بـەئاواتی خۆیـان گەیشـتوون، بـەڵام**

---

[٤] بامشاد، ژمارەی ٢٦ـ٦ـ١٩٥٨، تاران.

[٥] ڕۆژنامەی مهر ایران، ژمارەی ١ـ٧ـ١٩٥٨، تاران.

[٦] ڕۆژنامەی کیهان، ژمارەی ٣٠ـ٦ـ١٩٥٨، تاران.

لەناكاو سێ ساڵ لەمەوبەر تووشی گیروگرفتی شێخ سەعید بوون، ئەم ئاژاوەیە زۆر گرنگ بوو، بوونی تورکیای خستبۆ مەترسی‌یەوە، بەچەشنێك كە هەشتا هەزار سەربازیان لە كوردستان كۆكردەوەو دە میلیۆن دراویان خەرج كرد. بەلام چونكە هەڵەیان زۆر كرد گیروگرفتەكە دوایی نەهات و توركەكانیش هەست بەوە دەكەن. ڕووداوی دوو مانگ لەمەوبەر برینێكی تازە بوو لەسەر دڵی توركەكان.

لەهەموو شتێك خراپتر ئەوەیە كە ئینگلیز باسی كوردستانی سەربەخۆی هاویشتۆتە سەر زاری كوردەكان و بەو كارە دڵی دەوڵەتی توركیای خستۆتە ترس و لەرزەوە. دیارە دەبێ ئێمەش وەك ئەوان پشتمان بلەرزێ. بەلام بەداخەوە توركەكان لەجیاتی ئەوەی ئێمە بەهاودەردی خۆیان بزانن، بە دوژمنمان دادەنێن. لەلایەكەوە وەك ڕووسەكان، یا بە لاساكردنەوەی ئەوان ئێران بەكلكەی ئینگلیز دادەنێن، لەلایەكی دیكەشەوە لەو وتووێژە كە لەتاران لەگەڵ مەمدووح شەوكەت بەگ كراوە، وا تێگەیشتوون كە ئێمە دەمانەوێ ناوچەیەكی كوردنشین لەنێوان ئێران و توركیادا بكەین بە پەرژین. پێش ئەوەی جەنابت تێلگرافم بۆ بكەی، ئەوەم لە توركەكان بیستبوو.

بەكورتی، لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوە بیروباوەڕی توركەكان ئەوە بووەو ئێستاش هەر ئەوەیە كە دەوڵەتی ئێران نایەوێ لە دابین كردنی سنووردا لەگەڵ ئەوان هاوكاری بكا. مەبەستی ئەسڵیی توركەكان لە بەستنی پەیمان لەگەڵ ئێمە ئەوەیە كە بەیارمەتیی ئێمە خۆیان لەدەست خراپەی كوردەكان ڕزگار بكەن بەچەشنێك كە ئەو هەموو زەحمەتەی بۆ پێكهێنانی توركیای تازەیان كێشاوە بەفیڕۆ نەچێ. چونكە ناتوانن كوردەكان وەك ئەرمەنی‌یەكان خەلاس بكەن و ناش توانن وەك یوونانی‌یەكان وەدەریان بنێن. كورد موسوڵمانەو خەڵكی ئاسیایەو لەگەڵ ڕەعیەتەكانی تری تورك هاوئایینەو بەتایبەتی ژمارەشی زۆرەو باشاری ناكرێ. جا بۆئەوەی ناچار نەبن هەمیشە لەشكرێكی زۆر لەو ناوچەیەدا ڕابگرن و خەرجێكی زۆر بكەن، دەیانەوێ بەیارمەتیی ئێران ئەو بەلایە لەكۆڵ خۆیان بكەنەوە.

ئەو ئولتیماتۆمەش كە داویانە بەدەوڵەتی ئێران لەژێر تەئسیری ئەو بیروباوەڕەدا بووە، كەچی هەرچەند مەبەستیان باشە، بەلام شێوەی كردەوەیان خراپ هەڵبژاردوە... هەرچۆنێك بێ ئەمن لەو باوەڕەدام كە دەبێ لەسەر دابین

کردنی سنوور لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا رێك بکەوین. چونکە نیگەرانیی ئێمە لەوە کە گۆیا تورکەکان دەیانەوێ دەوڵەتی ئێران کوردەکان لەنێو بەرێ بێجێیەو دەوڵەتی تورکیا چاوەڕوانی شتێکی وا نیەو تەنانەت رەنگە لەسەر ئەوەش پێ دانەگرن کە ئێمە کوردەکان چەك بکەین. چونکە دەزانن و هەڵیان سەنگاندوە کە ئەوە کارێکی هاسان نیە.

ئەساسی داخوازی تورکەکان ئەوەیە کە دوو دەوڵەت هاوکاریی یەکتر بکەن بۆئەوە کە لەلایەکەوە کوردەکانی ئێران تورکیا تووشی ناڕەحەتی نەکەن و لەلایەکی ترەوە کوردەکانی تورکیا خاکی ئێران نەکەن بە بنکەو پەناگە دژی تورکیا. کەوابوو، چ زیانێکی هەیە کە ئێمە لەو مەبەستەدا هاوکاریان بکەین؟... بەڵام لەسەر مەسەلەی کوردستانی سەربەخۆ ئەمن لەو باوەڕەدام کە ئەو مەترسییە بۆ ئێمە ئاشکرایە. نابێ بەقسەی ئینگلیز دڵنیا بین کە دەڵێ: "بە شێخ مەحموودمان گوتوە کە کوردستانی سەربەخۆ قبووڵ ناکەین". ئەمن لێرەش لەگەڵ ئینگلیزەکان قسەم کردوەو شتم بۆ دەرکەوتوە. ناوچەی پڕ لە نەوتی کوردستان زۆر گرنگەو باوەڕ ناکەم ئینگلیزەکان ئارام دابنیشن و رێگا بدەن کە دەوڵەتی تورکیا خۆی کۆبکاتەوە چەند ساڵی تر بچێتە سەر مووسڵ. دیارە ئینگلیزەکان بەناوی سەربەخۆیی، کوردەکان دەکەنە داردەستی خۆیان. ئەگەر ئینگلیزەکانیش ئەم کارە نەکەن، کوردەکان خۆیان وەدوای دەکەون. چونکە مەسەلەی سەربەخۆیی تازە کەوتۆتە سەر زارو زمانان... کەوابوو ئێمە دەبێ هەرچۆنێك بێ لەفکری کوردستانی خۆمان دا بین و ئەگەر بکرێ تورکەکان بکەینە هاوکاری خۆمان، بەڵام نەك بۆ لەنێوبردن و تەفروتوناکردنی کوردەکان. چونکە ئەوە خەیاڵێکی خاوە. بەڵکوو بۆئەوەی بە ڕووخۆشی رایان کێشین بۆلای دەوڵەتی ئێران و بەشێوەی ئێرانی پەروەردەیان بکەین. ئەو کارە بۆ ئێمە هاسانترە هەتا بۆ تورکیا. چونکە کوردەکان لەباری زمان و رەسەنەوە ئێرانین و ئێستاش ئەو کەسانە کە دەیانەوێ هەستی نەتەوایەتی لەکوردەکان دا ببزوێنن لە شانامەو چیرۆکی جەمشیدو فەرەیدوون کەلك وەردەگرن. ئەگەر مووچەخۆرەکانی دەوڵەتی ئێران کەمێك ژیر بن و تەماعیان کەمتر بێ و دەستی زۆرداری لەسەر کوردەکان هەڵبگرن و بە تێکڕایی تەگبیرێکی باشی بۆ بکەن، هەر نەبێ لەنێو کوردو فارس دا دوژمنایەتی و قینەبەری نامێنێ و ئەگەر هات و

**رۆژێك خەیاڵی كوردستانی سەربەخۆ بەهێزتر بوو، ئەودەم كوردەكانی ئێران ئێمە تووشی چەرمەسەری ناكەن. بەڵام ئەگەر ئاكاری مووچەخۆرەكانی ئێران هەروەك جاران بێ و ئێمەش گوێ نەدەینە كوردەكان و وازیان لێ بێنین، بەبڕوای من مەترسی نیزیكە. توركەكان دەڵێن كە گۆیا ئینگلیزەكان لەنێو كوردەكان و ئەرمەنی‌یەكان و نەسرانیەكان دا دۆستایەتی‌یان ساز كردوەو لەبەهاری داهاتوودا لەناوچەی كوردستانی ئێران ئاژاوە دەنێنەوە. رەنگە ئەم قسەیە راست نەبێ و بیانەوێ ئێمە بترسێنن بۆئەوەی لەگەڵیان رێك بكەوین. بەڵام ناش بێ بێخەیاڵ دابنیشین".** [٧]

لەوەڕا دەردەكەوێ كە فروغی لە پیاوە سیاسی‌یەكانی ئێستای ئێران دووربین تر بووە، چونكە هەر بەدوای شەڕی یەكەمی جیهانی دا پاشەڕۆژی مەسەلەی كوردی پێشبینی كردوە. بەڵام كاربەدەستانی ئێستای ئێران وەزعەكە ناچاری كردوون تازە بیر لە چارەسەر كردنی مەسەلەی كورد بكەنەوە. لەگەڵ ئەوەش دا سیاسەتی ئێستایان، كە لەوانەبوو ئەگەر پاش شەڕی یەكەمی جیهانی پێیدا رۆیشتبان هێندێك سەركەوتنی تێدابێ، ئەمڕۆ ناتوانێ دەسكەوتێكی ئەوتۆی هەبێ. ئەمجار كاربەدەستانی ئێستای ئێران گیروگرفتێكی دیكەشیان لەپێشە، ئەویش ئەوەیە كە زۆر دەترسن هێزە دەستی چەپی‌یەكان بەرەبەرە سەركردایەتیی جووڵانەوەی نیشتمانیی كورد بگرنە دەست. بۆیە هەوڵ دەدەن یەكیەتیی جووڵانەوەكە لەنێو بەرن و هەموو ئەوانەی بیروباوەڕێكی شۆڕشگێڕانەیان هەیە لەسەركردایەتی دوور بخەنەوە.

دەتوانین سیاسەتی كاربەدەستانی ئێستای ئێران لەوەندەدا كورت بكەینەوە كە دەیانەوێ هەموو چەشنە جووڵانەوەیەكی گەلی كورد سەركوت بكەن و ئەگەر بۆشیان دەركەوت كە ئەو كارەیان بۆ ناچێتە سەر، دەست باوێژنە نێو جووڵانەوەكە بۆئەوەی بتوانن راستەوخۆ تەئسیری بكەنە سەرو تەنانەت ئەگەر بۆیان بلوێ سەركردایەتییشی بكەن و ئەگەر هیچ نەبێ هەوڵ بدەن ریزەكانی جووڵانەوە تێك بدەن و ئەو كەسانەی بەڕاستی دیفاع لە قازانجی گەلی كورد دەكەن لە سەركردایەتی دوور بخەنەوە.

---

[٧] گۆڤاری یغما، ژمارەی ٨ی ئۆكتۆبری ١٩٥٨، تاران.

ئەگەر جیاوازیی هەلومەرجی ئێران و تورکیا لەبەرچاو نەگرین، دەبینین کە حکوومەتی ئەو دوو وڵاتە لەزۆر شت دا یەك دەگرنەوە کە لە هەموویان گرنگتر ئەوەیە هیچیان بەکردەوە دان بە بوونی کورد وەك نەتەوەیەکی سەربەخۆدا نانێن.

وەنەبێ تەنیا کاربەدەستانی ئەم سێ وڵاتە خۆیان لەو راستییە گێل بکەن کە کورد نەتەوەیەکی سەربەخۆیە، بەڵکوو هێندێك ئینسانی پێشکەوتووش لە وڵاتەکانی دراوسێدا هێشتا لەوەدا گومانیان هەیە کە کورد نەتەوەیەکی جیاوازو سەربەخۆ بێ. بۆیە ناچارین بەکورتی ئاورێك وەسەر ئەو مەسەلە بدەینەوە.

### ٣ـ جێگیربوونی نەتەوایەتیی کورد

ئایا دەتوانین بڵێین کورد نەتەوەیە؟ ئایا باشتر نیە کورد بە کەمایەتی نەتەوایەتی دابنێین؟ با لەنیزیکەوە لەم دوو پرسیارە ورد بینەوە.

زۆرجار "نەتەوە" مانایەکی راست و دروستی لێ نەدراوەتەوە. بەڵام زانستی نوێ سنوورێکی راست بۆ نێوەرۆکی ئەو مانایە دەداتە دەست. نەتەوە کۆمەڵە خەڵکێکە کە لەڕەوتی مێژوودا پەیدا بووەو سەقامگیر بووە. کۆمەڵە خەڵکێك تەنیا پاش قۆناخێکی دیاریکراوی پێگەیشتن دەبێتە نەتەوە. راستییەکەشی ئەوەیە کە بناخەی نەتەوەکانی سەردەمی ئێمە بە گەشەکردنی سەرمایەوە بەندەو ئەو نەتەوانە لەگەڵ گەشەکردنی سەرمایەداری دا سەقامگیر دەبن. دیارە ریشەی پێگەیشتنی ئەو نەتەوانە بۆ سەر شێوەکانی پێشووی کۆمەڵ لە قۆناخی کۆیلەتی و قۆناخی دەرەبەگایەتی دا دەگەڕێتەوە. لەگەڵ ئەوەش دا بۆئەوەی کۆمەڵە خەڵکێك بە نەتەوە دابنرێ، هێندێك شەرتی دیکە پێویستن کە لەهەموویان گرنگتر زمانی هاوبەش و خاکی هاوبەش و ژیانی ئابووریی هاوبەش و خوو و ڕەوشتی هاوبەشە کە لەژیانی فەرهەنگیی نەتەوەدا خۆی دەنوێنێ.

باسی ئەوەمان کرد کە کورد کۆمەڵە خەڵکێکی خاوەن مێژوویەو لە سەدەی حەوتەمەوە بەو ناوە ناسراوە. ئێستا بزانین ئەو سروشتە تایبەتییانە چین کە کورد دەکەنە نەتەوەیەکی سەربەخۆ؟

وەك لەپێشەوە گوتمان زمانی کوردی زمانی هاوبەشی هەموو کوردەکانەو بوونی جیاوازیەکی کەم لەنێوان شێوەکانی دا هیچ لەو راستیە ناگۆڕێ، چونکە شێوەی جۆراوجۆر تەنانەت لە وڵاتە هەرە پێشکەوتووەکانیش دا ماوە. دیارە ئەوە کەتا ئێستا زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتوو بۆ کورد پێك نەهاتوە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە. بەڵام ئەمە هۆی ئەوە نیە کە گۆیا زمانی کوردی هێشتا ئەوەندە پێش نەکەوتوەو لەبەر ئەوەش نیە کە گۆیا وەك هێندێك دەڵێن شێوەیەکی زمانی فارسی‌یە. چونکە هیچ رۆژهەڵاتناسێکی بەناوبانگ لەوەدا گومانی نیە کە زمانی کوردی بەرادەی پێویست پێش کەوتوە. یەکەم کتێبی رێزمانی کوردی ساڵی ١٧٨٧[٨] دەرچووە. کەوابوو، نەبوونی زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو پێش هەموو شتێك دەگەڕێتەوە سەر ئەوە کە نووسینێکی یەکگرتوومان نەبووە. هەروەك لەوەپێش گوتمان کوردی بەپیتی عەرەبی و لاتینی و رووسی دەنووسرێ و هۆیەکەشی ئەوەیە کە نەتەوەی کورد لەنێوان چەند وڵات دا دابەش کراوەو لە زۆربەی ئەو وڵاتانەدا خوێندن و نووسین بەزمانی کوردی قەدەغە بووە. کەوابوو، لەباری مێژوویی‌یەوە لانی‌کەمی وەخت و دەرەتان پێویستە بۆئەوەی نووسینێکی یەکگرتوو و زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی پێك بێ. بەم جۆرە نەتیجە وەردەگرین کە نەتەوەی کورد زمانی هاوبەشی هەیە کە یەکێکە لەو سروشتانەی هەموو نەتەوەیەك لێك جیا دەکەنەوە.

هیچ کەسیش گومانی لەوەدا نیە کە کورد خاکی هاوبەشی هەیە، چونکە لەرۆژگارێکی یەکجار کۆنەوە کوردستان بەخاکی کورد ناسراوە کە هەزاران ساڵە لە کەژو کێوو پێدەشتەکانی دا دەژی. لەت لەت بوونی کوردستان بەهۆی سنووره سیاسی‌یەکانیش لە نێو چەند وڵاتان دا هیچ لەو راستی‌یە ناگۆڕێ.

لەبارەی ژیانی ئابووریی هاوبەشەوە ناکۆکیی بیروباوەڕو کێشە زۆرە. راستی-یەکەی ئەوەیە کە لەنێو کورددا نموونەی ژیانێکی ئابووری هاوبەش وەك ئەوەی لە وڵاتێکی وەك فەرانسە یا ئیتالیا هەیە، نابینرێ. لەو بارەیەوە تەنانەت لەنێوان کوردو تورکیش دا جیاوازی هەیە، چونکە تورکەکان لەو بارەیەوە لە کورد زیاتر

---

[٨] M. Garzoni: Grammatica Vocabolaria della Lingua Kurda، Roma 1787.

پێش کەوتوون. هۆی ئەوەش کزیی گەشەکردنی سەرمایەداریی‌یە لە کوردستان داو هۆیەکی تریشی ئەوەیە کە کوردستان لەت لەت کراوەو بەکردەوە هێندێك بەشی لە بەشەکانی دیکە جیا بوونەوە، هەروەك لەنێوخۆی هەرکام لەو وڵاتانەش دا کوردستان دابەش کراوە. دیارە هەمووی ئەوانە دەبنە کۆسپی پێك هاتنی ژیانێکی ئابووریی هاوبەش. بۆنموونە کوردستانی ئێران کراوەتە سێ بەش: بەشی شیمالی کە بەڕەسمی بە "ئوستانی ئازەربایجانی رۆژئاوا" ناودەبرێ، بەشی نێوەڕاست کە بەڕەسمی پێی دەڵێن "ئوستانی کوردستان"و بەشی جنووبی کە بەڕەسمی بە "ئوستانی کرماشان" دەناسرێ. ئەودەم تەنانەت تاقە رێگایەکی باشیش نیە کە بەشەکانی کوردستان بەیەکەوە گرێ بداو زستانان لەنێوان سەقزو سنەدا هاتوچۆ نامێنێ، کە ئەمەش مانای ئەوەیە بەشی جنووبی کوردستانی ئێران بەتەواوی لەبەشی شیمالی دادەبڕێ.

سەرەڕای هەمووی ئەوانەش، پێشکەوتنی پێوەندیی‌یەکانی سەرمایەداری و ئەو جیاوازیی‌یەی لەنێوان گوندنشینەکان دا پەیدا بووەو پێگەیشتنی شارەکان و بەربڵاوبوونی بازرگانی و هاتوچۆ هەموویان دەبنە هۆی سەقامگیر بوونی نەتەوەی کورد.

ئەمە وا دەگەیەنێ کە ئەگەر ناتوانین بڵێین ژیانی ئابووریی یەکگرتووی تەواو لە کوردستان دا هەیە، ناش توانین بڵێین ژیانی ئابووریی هاوبەش نیە. ئێمە لەمەوبەر گوتمان کە بەپێچەوانەی ئەو سنوورە دەستکردانە، کوردەکان پێوەندیی‌یەکی ئابووریی بەربڵاویان پێکەوە هەیە، وەك کوردی ئێران و عیراق. بێجگە لەوانەش یەکیەتیی ژیانی ئابووری شتێکی نیسبیی‌یەو نەتەوەکانی دەوروبەری کوردیش (وەك فارس و تورك و عەرەب و ئازەربایجانی) هەروەك کوردن. ئەوانیش لەهێندێك جێگا یەکیەتیی ئابووریی‌یان بەهێزەو لەهێندێکی تر لاوازە. یەکیەتیی ئابووری نەتەوەکانی قەفقازیش ناتەواو بوو و هی نەتەوەکانی ئاسیای نێوەڕاست لە رووسیا هەر شوێنەواری نەبوو، کەچی ئەوە نەبوو بە کۆسپ بۆئەوەی لەدوارۆژدا ببن بە نەتەوەی سۆسیالیستیی سەربەخۆ.

خوو و ڕەوشتی هاوبەشی کوردەکان بەگشتی شتێکی سەلمێندراوە. هەموو رۆژهەڵاتناسەکان و ئەو کەسانە کە خۆیان بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر کورد تەرخان کردوە، لەوەدا یەکدەنگن کە کورد لەهەموو نەتەوەکانی دەوروپشتی خۆی

جیایەو کوردەکان فەرهەنگی خۆیان پاراستوەو لەنێو هیچ کۆمەڵێکی رەگەزی و زمانیی دیکەدا نەتواونەوە. خەباتی بەردرێژی کورد لەپێناوی پاراستنی بوونی نەتەوایەتیی خۆی دا هەمیشە بۆتە هۆی جێگیربوونی خوو و ڕەوشتی هاوبەش و فەرهەنگی نەتەوایەتیی کورد.

پێویستە بگوترێ کە لەپاش شەڕی دووهەمی جیهانی و بەتایبەتی لە سەردەمی کۆماری دێموکراتی کوردستان دا هەستی نەتەوایەتی لەنێو کورددا زۆر بەهێز بووە.

بووژانەوەی نەتەوایەتیی کورد هەروا درێژەی هەبووەو لەپاش شۆڕشی ژووئیەی ساڵی ١٩٥٨ی عیراق زیاتر بەهێز بووە. ئێستا لە کوردستانی عیراق چەند رۆژنامەیەك بەزمانی کوردی دەردەچن. لەئێران و عیراق چەند ئێزگەی رادیۆ بەکوردی کراونەوە کە هەرچەند ئێزگەکانی ئێران بەرنامە بە قازانجی گەلی کورد بڵاو ناکەنەوە بەڵام دیسانیش تا رادەیەك یارمەتیی گەشەکردنی زمانی کوردی و فەرهەنگی کوردی واتە ئەدەب و مۆسیقا دەکەن.

ئەوەش گرنگە کە بگوترێ سەقامگیربوونی ئەو نەتەوانە کە لەباری ئابووری-یەوە دواکەوتوون پێوەندی‌یەکی زۆری بەخەباتی دژی ئیمپریالیستی‌یەوە هەیەو نەتەوەی کوردیش لە کارەساتی خەباتی دژی ئیمپریالیستی و زۆرداریی نەتەوایەتی دا کە لەلایەن حکوومەتە مەرکەزی‌یەکانی تورکیاو ئێرانەوە تووشی بووە، ریشە دادەکوتێ.

هاوبەشیی ئایینیش یەکێك لەو هۆیانە بووە کە پێگەیشتنی نەتەوەی کوردی وەدوا خستوە. چونکە ئیسلام وەك ئایینی هاوبەشی گەلانی موسوڵمان کراوەتە پەردەیەك بۆ داپۆشینی زوڵم و زۆری نەتەوایەتیی خەلیفەکانی بەغداو پاشان سوڵتانەکانی عوسمانی کە ئەوانیش نەخشی خەلیفەیان یاری کردوە.

بۆنموونە لەکاتی شەڕی یەکەمی جیهانی دا کوردەکان دەرفەتێکی باشیان بۆ رێ کەوت کە لەپێناوی مافی نەتەوایەتی و مافی دانانی چارەنووس دا خەبات بکەن. بەڵام بەناوی غەزاوە فریویان دان و زوڵم و زۆری نەتەوایەتیی تورکەکانیان بۆ ماوەیەك لەبیر بردنەوە.

ئەوە راستە کە ئایین یەکێك لە دیاردەکانی نەتەوە نیە، بەڵام دەتوانین تەئسیری ئایین لەسەر سەقامگیربوونی نەتەوایەتیی کورد لەو نموونەیەی

خوارەوەدا تەماشا بکەین: لەگەڵ ئەوەی ناوچەی کرماشان لەباری ئابووری و کۆمەڵایەتی‌یەوە زیاتر پێش کەوتوە، جووڵانەوەی نەتەوایەتی لەمەهاباد زۆر بەهێزترە. چونکە کوردەکانی مەهاباد سوننین و کوردی کرماشان وەك فارسەکان شیعەن. جیاوازیی مەزهەب لەمەهاباد دەبێتە هۆی ئەوە کە زوڵم و زۆری نەتەوایەتی لە مەهاباد ئاشکراتر خۆی بنوێنێ و ئەوەش هەستی بەرهەڵستیی کوردەکان زیاد دەکاو لەئەنجام دا دەبێتە هۆی بەهێزبوونی هەستی نەتەوایەتی.

دیارە دابەش بوونی کوردستان لەنێوان چەند وڵاتیش دا کۆسپێکی دیکەی رێگای سەقامگیربوونی نەتەوایەتیی کوردەو پێویستە ئەو هۆیەش بە کەم نەگرین کە تا ئێستاش رۆڵی خۆی لەو بارەیەوە یاری دەکا.

هۆیەکی نالەباری تریش پێوەندیی عەشیرەتگەری و دەرەبەگایەتی‌یە کە تا ئێستاش لەگۆڕێدا ماوە، بەڵام ئەو پێوەندی‌یانە بەرەبەرە لە ئەنجامی گەشەکردنی بازاڕی نێوخۆیی و پەیدابوونی پێوەندی‌یەکانی سەرمایەداری لەلادێی کوردستان دا بێبایەخ دەبن.

لەوەڕا نەتیجە وەردەگرین کە جێگیربوونی نەتەوایەتیی کورد بەتەواوی، لە هەلومەرجی ئێستادا مومکین نیە، بەڵام ئەوە بەهیچ جۆر بەو مانایە نیە کە بتوانین حاشا لە بوونی نەتەوەی کورد بکەین کە رۆژ بەڕۆژ گەشە دەکاو سەقامگیر دەبێ.

کەوابوو، هیچ شەرتێکی پێویستی نەتەوە بوون نیە کە لە نەتەوەی کورددا نەبێ. بۆیە دەتوانین هەروەك باسی نەتەوەکانی تر دەکەین باسی نەتەوەی کوردیش بکەین، چونکە سێ هۆی گرنگ و بنەڕەتیی بوونی نەتەوە کە بریتین لە زمانی هاوبەش، خاکی هاوبەش و خوو و ڕەوشتی هاوبەش بەتەواوی لە کورددا هەن و ژیانی ئابووریی هاوبەشیش زۆر وەخت بە شەرتێکی گرنگی نەتەوە دانانرێ. کەواتە دەتوانین کوردیش وەك یەکێك لە نەتەوەکانی تری رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دابنێین کە ئێستا بەقۆناخی پێگەیشتنی نەتەوایەتی دا تێدەپەڕن.

ئەوە حیزبی کومونیستی عیراق بوو کە بۆ یەکەم جار بیروباوەڕی خۆی لەبارەی سەقامگیربوونی نەتەوایەتیی کوردەوە دەربڕی و ئەو بیروباوەڕەی کردە بناخەیەکی تیئۆریکی بۆ تێکۆشانی پاشەڕۆژی خۆی.

**"گەلی کورد لە عیراق بەشێکی جیانەکراوە لە نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان دا کە لەنێوان تورکیاو ئێران و عیراق دا بەش کراوە. نەتەوەی کورد یەك نەتەوەیە کە هەموو سروشتە تایبەتی‌یەکانی نەتەوایەتیی تێدا هەن، کۆمەڵە خەڵکێکی سەقامگیرە کە لەمێژوودا دروست بووەو خاکی هاوبەش و بناخەی دامەزراندنی ئابووریی هاوبەش و خوو و ڕەوشتی هاوبەشی هەیە کە لە فەرهەنگ و ڕێوشوێن و ئامانجی نەتەوایەتیی هاوبەش بۆ ڕزگاری و یەکیەتیی نەتەوایەتی دا خۆی دەنوێنێ".**[٩]

تێپەڕبوون لە عەشیرەت و تایەفەوە بۆ هۆز هەر لەوکاتەدا تێپەڕبوون لە کۆمۆنی سەرەتایی و کۆیلەتی‌یەوە بۆ دەرەبەگایەتی بووە. هەروەك تێپەڕبوون لە هۆزەوە بۆ نەتەوە تێپەڕینە لە دەرەبەگایەتی‌یەوە بۆ سەرمایەداری. کوردیش ئێستا بەو قۆناخەدا، یا باشتر بڵێین بە بەشی دوایی ئەم قۆناخەدا تێدەپەڕێ.

## ک- سروشتی خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد

خەباتی گەلی کورد لە سەردەمی ئێستادا پێش هەموو شتێك خەباتێکی دژی ئیمپریالیستی‌یە، کەوابوو، دوژمنی سەرەکیی گەلی کورد ئیمپریالیزمە. هەتا کاتێك کۆتایی بە دەسەڵاتی سیاسیی ئیمپریالیزم نەهاتووەو پەیمانە لەشکری-یەکان هەڵنەوەشاونەوە، ڕزگاری و سەربەخۆیی گەلان ناتەواوەو لەژێر مەترسی دایە. لەلایەکی ترەوە نەتەوە فەرمانڕەواکانی ئێران و عیراق و تورکیاش ئێستا لە قۆناخی دژی ئیمپریالیستی دان. واتە هەموو نەتەوە ڕزگاریخوازەکان لە خەباتی دژی ئیمپریالیستی دا بەشدارن و لەو بارەیەوە نەتەوەی کوردیش شان بەشانی هەموو نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست خەبات دەکا. تا ئەوکاتەی ئیمپریالیزم هەروا بەسەر کاروباری ئەو وڵاتانەدا زاڵ بێ کە کوردیان تێدا دەژی ڕزگاریی کوردو هیچ نەتەوەیەکی دیکە ئیمکانی نیە. کەوابوو، ئەرکی سەرەکیی هەموو نەتەوە ژێردەستەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تێکۆشانە بۆ ڕزگاری لەژێر دەسەڵاتی ئیمپریالیزم. لەوەڕا دەردەکەوێ کە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی نیشتمانیی کورد بەشێکە لەخەباتی ڕزگاریخوازیی جیهانی و پێوەندی‌یەکی

---

[٩] بەیاننامەی کۆنفرانسی دووهەمی حیزبی کومونیستی عیراق، بە زمانی عەرەبی، ژووئیەی١٩٥٦.

ئۆرگانیکی لەگەڵ سەدان میلیۆن ئینسان هەیە کە لەپێناوی دێموکراسی و پێشکەوتن دا لەدژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی خەبات دەکەن.

بەم جۆرە جووڵانەوەی رزگاریخوازیی نیشتمانیی کورد لەدژی کاربەدەستانی ئێران و تورکیاشە کە نوێنەری دەرەبەگ و بۆرژوا کۆمپرادۆرەکانن و هاوپەیمانی ئیمپریالیستەکانیشن. نەتەوەکانی تریش لە هەرکام لەم وڵاتانەدا لەدژی ئەو دەستەیە خەبات دەکەن. بۆنموونە هەموو نەتەوەکانی ئێران دژی حکوومەتی کۆنەپەرستی شا لە خەبات دان و لەبەر ئەوە لەگەڵ کوردی ئێران لە بەرەیەك دا راوەستاون. سەرەڕای ئەوە فارسەکان و ئازەربایجانی‌یەکان لەخەباتی ئەمڕۆی ئێران دا ئیمکانی پشتگیریی گەلی کوردیان لە ئێران پترەو پێوەندیی ئەوانە لەگەڵ کورد ئێستا لە پێوەندیی کوردی ئێران لەگەڵ کوردی عیراق و تورکیا زیاترە، کەواتە هەر گۆڕانێکی سیاسی لە ئێران دا رووبدا راستەوخۆ لەسەر کوردستانی ئێران کاریگەر دەبێ. لەکاتێك دا گۆڕانی باری سیاسی عیراق یا کوردەکانی عیراق تەئسیری لەسەر کوردی ئێران ناڕاستەوخۆیە. دیارە لە گۆڕانی سیاسەتی ئابووری و فەرهەنگی و ئیدارییش دا وەزعەکە هەر بەم جۆرەیە. لێرەدا قسەکەی لینین راست دێتەوە کە دەڵێ:

**"هەتا ئەوکاتەی چەند نەتەوە بەسەر یەکەوە لە وڵاتێك دا دەژین، بە میلیۆنهاو میلیاردها هەودای ئابووری و قانوونی و کۆمەڵایەتی بەیەکەوە بەستراون"**(۱۰)

بەجۆرێکی تر بڵێین، لەبەرئەوەی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی دوژمنی هاوبەشی هەموو نەتەوەکانی وڵاتانی ژێردەستی ئیمپریالیزمن، ئەو نەتەوانەش لەدژی ئەوان یەك دەگرن. بەڵام لەلایەکی تریشەوە ئەمە بەو مانایە نیە کە کوردی ئێران ناتوانێ هیچ جۆرە پشتیوانی‌یەك لە کوردی عیراق بکا، یا تەئسیری بکاتە سەر، بەپێچەوانە لەهەر وڵاتێك دا گۆڕانێك بەسەر وەزعی کورددا بێ، کار دەکاتە سەر هەمووی ئەو وڵاتانە کە کوردیان لێ دەژی. هەر ئەندازە خەباتی رزگاریخوازیی نیشتمانیی کورد لە یەکێك لەو وڵاتانەدا بەهێز بێ، ئەوەندە زیاتر

(۱۰) V.I. Lenin: on "Cultural and National" Autonomy, works, Vol. 19, p. 502 (Czech de.)

ئیمکان بۆ کوردەکان پێك دێ کە یارمەتیی براکانی خۆیان لە وڵاتەکانی دیکەدا بکەن. ئەو راستی‌یە لە سەردەمی کۆماری مەهاباد دا بە تەواوی دەرکەوت، کە کوردی ئێران توانی یارمەتی‌یەکی بەنرخ بە کوردی وڵاتەکانی دراوسێ بکا. هەروەها لە یەکەمین ساڵی پاش شۆرشی ١٤ی ژووئیەی عیراق دا کوردی عیراق زۆریان یارمەتیی نیشتمانپەروەرانی کوردی ئێران دا. ئەمجار هەر ئێستاش کوردەکانی تورکیاو ئێران بە هەموو چەشنێك پشتیوانی لە خەباتکەرانی کوردی عیراق دەکەن.

ئەو نەزەرەی سەرەوە بەهیچ جۆر بەو مانایە نیە کە چونکە ئێستا لە قۆناخی خەباتی دژی ئیمپریالیستی داین، کورد هەقی نیە بۆ وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتی‌یەکانی خۆی خەبات بکا. چونکە وەك لەپێشەوە گوتمان خەباتی دژی زۆرداریی نەتەوایەتی لە خەباتی دژی ئیمپریالیستی جیا ناکرێتەوە. ئەگەر گەلی کورد تەنیا دژی زۆرداریی نەتەوایەتی خەبات بکاو گوێ نەداتە خەباتی دژی ئیمپریالیستی، ئەو خەباتە دوورەپەرێز دەمێنێتەوەو ئیمکانی سەرکەوتنی نیە. چونکە دەسەلاتی ئیمپریالیزم لەو وڵاتانەدا کێشەی نەتەوایەتی و زۆرداریی نەتەوایەتییشی لەگەڵە. کەوابوو، کاتێك گەلی کورد تەنیا بۆ مافە نەتەوایەتی-یەکانی خەبات بکا، ئیمپریالیزم سیاسەتی "دووبەرەکی بنێوەو ئاغایەتی بکە" بەکار دێنێ و جووڵانەوەی نەتەوایەتیی کورد بۆ سەرکوت کردنی خەباتی رزگاریخوازیی نەتەوەکانی دیکە وەکار دەخا.

هەر لەوکاتەدا خۆ گێل کردن لە خودموختاری "ئۆتۆنۆمی" بۆ کورد لە چوارچێوەی جووڵانەوەی دژی ئیمپریالیستی دا هەڵەیەکی گەورەیەو تەنیا ئەو هێزانە قازانجی لێ‌دەکەن کە دەیانەوێ گەلی کورد لە سەرکردایەتی‌یەکی شۆرشگێر بێبەش بکەن و دوورەپەرێزی رابگرن. دەبێ گەلی کورد خەباتی دژی ئیمپریالیستی بەخەبات بۆ وەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتی و رزگاربوون لە زۆرداریی نەتەوایەتی دابنێ. ئەوەیە کە پێوەندیی سروشتی و هەردوولایی خەباتی دژی ئیمپریالیستی و خەباتی دژی زۆرداریی نەتەوایەتیمان بۆ دەردەخا، کە لەڕاستی دا دوولای یەك خەباتن و لێك جیا ناکرێنەوە. هەر لەوکاتەدا دەبێ

لەبیرمان بێ کە خەباتی دژی ئیمپریالیستی ئەساسی و گرنگەو خەباتی دژی زۆرداریی نەتەوایەتییش بەشێك لەو خەباتەیە.

چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتیی کورد بە دێموکراتییەوە بەستراوە، چونکە مەسەلەی نەتەوایەتی بۆخۆی بەشێکە لە دێموکراتی. لینین زۆرجار دووپاتی کردۆتەوە کە لەچوارچێوەی دێموکراتی دا نەبێ، مەسەلەی نەتەوایەتی چارەسەر ناکرێ و بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی دەبێ پێوەندییەکی دێموکراتی لەنێوان نەتەوەکان دا پێك بێ.

**"لێرەدا تەنیا رێگایەك بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی هەیە (ئەگەر وا دابنێین کە لە جیهانی سەرمایەداری، جیهانی سوودو کێشەو چەوساندنەوەدا ئیمکانی چارەسەرکردنی هەبێ) ئەویش دێموکراتییەکی تا سەرە".**[11]

لە فەسڵی دووهەمی ئەم باسەدا روونمان کردەوە کە مەسەلەی کوردو سیاسەتی نەتەوایەتیی ئەو دەوڵەتانە کە فەرمانڕەوایی بەسەر کوردەوە دەکەن، پێوەندییەکی چەند پتەوی بە دێموکراتییەوە هەیە. بۆیە هەرچی لەمەیدانی دێموکراتی دا پێشکەوتنێکی زیاتر چنگ کەوێ، کوردیش وەك نەتەوەیەکی زۆرلێکراو زیاتر دەتوانێ بۆ مافە نەتەوایەتییەکانی خەبات بکاو وەدەستیان بێنێ. لەولاشەوە هەروەخت زەربەیەك لە دێموکراسی بدرێ، زەربەیەکیش لەو مافە نەتەوایەتییانەی کورد دەدرێ کە بەخەباتی خۆی وەدەستی هێناون. هەروەك ئەم راستییە دوای سەرکەوتنی کەمالیستەکان لە تورکیاو لەماوەی نێوان ۱۹٤٥ـ۱۹٤٦دا لە ئێران و لەپاش شۆرشی ۱٤ی ژووئیەی ۱۹٥۸ لەعێراق بەتەواوی دەرکەوت. کەوابوو، بەبێ دێموکراتی و دابین بوونی ئازادییە دێموکراتییەکان نە مەسەلەی نەتەوایەتی چارەسەر دەکرێ و نە هیچ نەتەوەیەك مافە نەتەوایەتییەکانی دەست دەکەوێ.

تاقیکردنەوەی عێراق لەم چەند ساڵەی دوایی دا زۆر چاك نیشانی داوە کە چەوساندنەوەی هێزە دێموکراتییەکان واتە زەربەوەشاندن لە دێموکراسی، بەمانای زەربەوەشاندن لەمافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کوردەو هەر

---

[11] V.I. Lenin: Questions of National Policy and Proletarian Internationalism, Moscow, p. 26.

سەرکەوتنێکی کۆنەپەرستی و هەر پاشەکشەیەکی دێموکراتی پەلامارێکی بۆسەر گەلی کوردو مافە نەتەوایەتی‌یەکانی لەگەڵە.

ئەوەش مانای ئەوە نیە کە ئەو دوو گیروگرفتە هاوشانی یەکترن. قسەکانی لینین لەو بارەیەوە کە مافی دانانی چارەنووس یەکێك لە داخوازەکانی دێموکراسی‌یە، جێگای گومان نین. نموونەی کوردستان ئەوەمان بۆ دەردەخا کە کام گیروگرفت سەرەکی و کامیان لەپلەی دووهەم دایە. ئەمڕۆ لەکوردستانی ئێران حەوت ئێزگەی رادیۆ بەزمانی کوردی دانراون و بەکوردی پڕوپاگەندەی حکوومەت بڵاو دەکەنەوە، کەچی کوردەکان زۆر بە توندی دەچەوسێنەوەو لە هەموو مافێکی نەتەوایەتی بێبەشن و هەرچەشنە هەوڵو تێکۆشانێك بۆ وەدەستهێنانی ئەو مافانە بەتوندی سەرکوت دەکرێ. هەر ئێستا سەدان ئازادیخوازی کورد گیراون و بە حەپسی دووردرێژ مەحکووم کراون، چونکە ئازادی‌یە دێموکراتی‌یەکان پێشێل کراون و شوێنەواری دێموکراسی کوێر بۆتەوە. بەلام لەساڵەکانی ١٩٥١ــ١٩٥٢دا هیچ ئێزگەو رۆژنامەیەك بە زمانی کوردی نەبوون و کەچی تا رادەیەك دێموکراسی لەگۆڕێدا بوو و ئەگەر بەشێوەیەکی نیوەچڵیش بووبێ ئازادی‌یە دێموکراتی‌یەکان دابین کرابوون. گەلی کورد دەی- توانی نیازی خۆی دەربڕێ و داوای مافە نەتەوایەتی‌یەکانی خۆی بکاو بەگشتی هەلو مەرجێکی باشتر بۆ کورد پێك هاتبوو. بەجۆرێکی تر بڵێین، کاربەدەستانی ئێران توانیبوویان، یان لەبەر زۆر هۆی جیاجیا ناچار ببوون مل بۆ هێندێك لە مافە نەتەوایەتی‌یەکانی کورد، با بە چەشنێکی سەرەتاییش بێ، رابکێشن. لەگەڵ ئەوەش دا دیارە رزگاریی تەواو لە زوڵم و زۆری نەتەوایەتی و دابین کردنی یەکیەتیی نێوان نەتەوەکان تەنیا لەچوارچێوەی دێموکراسی دا ئیمکانی هەیە. واتە چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی بەبوونی دێموکراسی‌یەوە بەستراوەو هەرچی دێموکراسی زیاتر بێ، ئاسۆی چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتییش روونتر دەبێ. ئەمە خۆی بەڵگەی ئەوەیە کە خەبات بۆ دێموکراسی خەبات بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتییشە. بەلام پێویستە بگوترێ کە هەر ئەوەندە کە بەشێوەیەکی گشتی بۆ ئازادی‌یە دێموکراتی‌یەکان هەوڵ بدەین بەس نیەو بەڵکوو دەبێ داوای مافە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلی کورد وەك یەکێك لەداخوازە دێموکراتی‌یەکان بەڕوونی بهێنینە گۆڕێ.

یەکی دیکە لەبارەکانی جووڵانەوەی رزگاریخوازیی نەتەوایەتیی کورد، سروشتی دژی دەرەبەگایەتیی ئەو جووڵانەوەیەیە. بەشی دووهەمی ئەم کتێبە ئاشکرای کرد کە دەرەبەگەکان کۆنەپەرست ترین دەستەی کۆمەڵی کوردەوارین و کۆسپی رێگای پێشکەوتنی ئەم کۆمەڵەن. جووتیارەکان ٨٠٪ی دانیشتووانی کوردستانن، کە زۆربەیان خاوەنی زەویی خۆیان نین و ئەوانیش هێزی هەرە گرنگی جووڵانەوەی رزگاریخوازیی نیشتمانین. سەرکەوتنی خەبات راستەوخۆ بەڕادەی بەشداربوونی ئەو بەشە گرنگەی دانیشتووانەوە بەستراوە. لەفەسڵی دووهەم دا روونمان کردەوە کە هۆی بنەڕەتیی شکانی یەك لەدوای یەکی راپەڕینەکانی گەلی کورد ئەوە بووە کە سەرکردایەتی لەدەست دەرەبەگەکان دا بووەو دروشمێکی وا هەڵنەگیراوە کە جووتیارەکان بۆ مەیدانی خەبات راکێش بکا. بێگومان یەکێك لە هۆیەکانی رووخانی کۆماری کوردستانیش هەر ئەوە بوو کە زەوی و زاری دابەش نەکرد. کەوابوو، بۆئەوەی جووتیاران بەچەشنێکی کاریگەر لە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی نیشتمانی دا بەشدار بن، پێویستە ئامانجی دابەش کردنی زەوی وزار لەبەرچاو بگیرێ، بەو جۆرە کە ملکی دەرەبەگەکان دەستی بەسەردا بگیرێ و لەنێوان جووتیارە بێزەوییەکان دا بەخۆڕایی دابەش بکرێ.

بەڵام لە هەلومەرجی ئێستای کوردستان دا بەتایبەتی لە کوردستانی ئێران و عێراق کە هێشتا پێوەندیی دەرەبەگایەتی و عەشیرەتگەری بەهێزە، ناتوانین دروشمی "زەوی هی ئەو کەسەیە کە دەیکێڵێ" هەڵبگرین.❖ چونکە بەشێکی زۆر لە خاوەن ملکە نێونجییەکان و زۆربەی وردەمالیکەکان بەچەشنێکی کاریگەر لە جووڵانەوەی نەتەوایەتی دا بەشدارن. بۆیە دەبێ ئێمە ئەو خاوەن ملکانە دەستنیشان بکەین کە بۆخۆیان لەسەر زەوییەکانیان کار ناکەن. وادیارە سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کودستانی ئێران سیاسەتێکی راستە، چونکە ئەم ئامانجەی خوارەوەی بۆخۆی دیاری کردوە: دەست بەسەرداگرتنی زەویی دەرەبەگەکان و هەمووی ئەو خاوەن ملکانە کە لەریزی گەل دەچنەدەرو

❖ ئێستا هەلومەرج گۆڕاوەو حیزبە پێشکەوتووەکان لەهەردوو پارچەی کوردستان دا ئەم دروشمەیان هەڵگرتوە. د.

پشتیوانی لە دوژمن دەکەن. ئەمەش لەقۆناخی ئێستادا کە قۆناخی شۆرشی دێموکراتی نیشتمانی‌یە، بەمانای راکێشانی میلیۆنەها جووتیاری بێزەوی‌یەو هەروەها بەمانای هاوپەیمانی لەگەڵ جووتیارە نێونجی‌یەکان و وردە مالیکەکانە. بێجگە لەوە خاوەن ملکە نێونجی‌یەکانیش رادەکێشێ، یا لانی‌کەم بێلایەنیان دەکاو دەرەبەگەکان کە لەنێو کۆمەڵی کوردەواری دا ئامانجی بنەڕەتیی خەباتن بەتەنیا دەهێڵێتەوە.[١٢]

ناسیۆنالیستە دەستی راستی‌یەکان بەشێوەیەکی گشتی لەسەر نەتەوەی کورد قسە دەکەن و کەم وایە لەنێوان چینەکانی کۆمەڵی کوردەواری دا جیاوازی دابنێن. لەنێو جووڵانەوەی رزگاریخوازیی نەتەوایەتییش دا تەنیا بایەخ بە وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتی‌یەکانی کورد دەدەن و هێزە شۆڕشگێڕەکان بەوە تاوانبار دەکەن کە گۆیا ئەو بارەیان لەبەرچاو نیە. بەڵام لێکدانەوەکانی رابردوو دەری دەخەن کە ئەو تۆمەتە چەندە لە راستی دوورە. لەلایەکی ترەوە ناسیۆنالیستە دەستی راستی‌یەکان هەمیشە ئامادەن هەرچی پێوەندیی بەخەباتی چینایەتیی کوردستانەوە هەبێ، "لەبیر بەرنەوە" کە دیارە نێوەرۆکی ئەسڵیی خەباتی چینایەتی لە کوردستان دا ئێستا خەباتی جووتیاران دژی دەرەبەگەکانە.

بەبێ بەشداری، یا لانی‌کەم پشتیوانیی کۆمەڵانی جووتیاران هیچ جووڵانەوەیەك نە لە کوردستان و نە لەهیچ شوێنێکی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا ناتوانێ سەرکەوێ و گۆڕانێکی بنەڕەتی بێنێتەدی و هیچ جووڵانەوەیەکیش ئەگەر ئامانجێکی روون دژی چینی دەرەبەگ رەچاو نەکا، کە ئەویش بەرنامەی ئیسلاحاتێکی ئەرزیی بنچینەیی‌یە، ناتوانێ پشتیوانیی جووتیاران بۆلای خۆی رابکێشێ.

---

[١٢] رێ دەکەوێ دەرەبەگەکان لەبەر چەند هۆیەك دەچنە نێو جووڵانەوەی نەتەوایەتی‌یەوە، کە یەکێك لەو هۆیانە هەستی نەتەوایەتی‌یە. بەڵام ئەو حاڵە زۆر کەم رێ دەکەوێ و دەبێ هەموو حاڵێك بەراوردی جیاوازی بۆ بکرێ. دیارە دەرەبەگەکان وەك چین دژی گەلی و لایەنگری حکوومەتی مەرکەزی و ئیمپریالیستەکانن. دەبێ هەموو هۆیەکانی ترو بەتایبەتی پێوەندی‌یەکانی عەشیرەتگەری لە هەر ناوچەیەك دا حیسابی خۆیان لەسەر بکرێ. ـ د.

هەرچەند جووتیاران هێزی سەرەکیی خەباتی رزگاریخوازیی نەتەوایەتین، بەڵام ناتوانن سەرکردایەتی بکەن. هۆی ئەوەش دواکەوتوویی و گەشەنەکردنی پێوەندییەکانی بەرهەم هێنانە. بۆیە بۆرژوازیی نیشتمانی و چینی کرێکار لە هەلومەرجی ئێستادا هەوڵ دەدەن سەرکردایەتیی جووڵانەوەکە بگرنە دەست.

لەپێشەوە گوتمان کە بۆرژوازیی نیشتمانیی کورد تا ئێستا لاوازەو پێنەگەیشتوەو هەم لەژێر تەوژمی ئیمپریالیزم و بۆرژوازیی نەتەوەی فەرمانڕەوا دایەو هەم لەژێر تەوژمی دەرەبەگەکان داو هەر ئەوەشە بۆ خەباتی دژی ئیمپریالیستی هانی دەدا. ئەوە لەبارەی ناسیۆنالیزمی کوردیشەوە راستە کە چەکێکە لەدەستی بۆرژوازیی کورددا. ناسیۆنالیزمی کورد سروشتێکی دژی ئیمپریالیستی و دێموکراتییشی هەیە. لینین هەمیشە لەنێوان ناسیۆنالیزمی نەتەوەی زۆرلێکراو و ناسیۆنالیزمی نەتەوەی فەرمانڕەوا دا جیاوازیی دادەنا:

**"ناسیۆنالیزمی بۆرژوازیی هەموو نەتەوەیەکی زۆرلێکراو نێوەرۆکێکی دێموکراتیی گشتیی هەیە کە دژی زوڵم و زۆرو چەوساندنەوەیەو ئێمە بە تەواوی پشتیوانی لەو نێوەرۆکە دێموکراتییە دەکەین".**(١٣)

ئەو نێوەرۆکە لەخەبات بۆ وەدەستهێنانی ئازادیی نەتەوایەتی و بووژانەوەی نەتەوایەتی دا خۆی دەنوێنێ و هەربۆیەش هەموو هێزە شۆرشگێرەکانی کوردستان پشتیگری لەو بارە دێموکراتییەی ناسیۆنالیزمی بۆرژوازیی کورد دەکەن. هەرچەند لەقۆناخی یەکەمی خەباتی دژی ئیمپریالیستیدا هەڵوێستی بۆرژوازی بەتەواوی لەگەڵ هەڵوێستی هێزە شۆرشگێرەکان و لەسەرووی هەموویانەوە چینی کرێکار رێك دەکەوێ، بەڵام هەڵوێستی ئەم دوو چینە لە ئەنجامی بەرەوپێش چوونی ئەو خەباتەدا لێك دوور دەکەوێتەوە، بۆیە هێندێك جار هێزە شۆرشگێرەکان لە هەڵوێستی بۆرژوازیی نیشتمانی بەرامبەر بە مەسەلەی نەتەوایەتی پشتیوانی ناکەن.

**"کۆتایی هێنان بەهەموو چەشنە زوڵم و زۆرێکی دەرەبەگایەتی و هەموو چەشنە زوڵم و زۆرێکی نەتەوایەتی و لابردنی سەرپشکیی نەتەوەیەك، یا زمانێك**

---

(١٣) V.I. Lenin: Questions of National Policy, p. 81.

بەسەر ئەوانی دیکەدا، یەکێك لەو ئەرکە گرنگانەیە کە دەکەونە سەرشانی پرۆلیتاریا وەك هێزێکی دیموکراتی. دیارە ئەوە بەقازانجی خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریایە چونکە کێشەو ناکۆکیی نەتەوایەتی دەبێتە هۆی بێهێزبوونی خەباتی چینایەتی، بەلاّم پشتیوانی لە ناسیۆنالیزمی بۆرژوازی لە دەرەوەی ئەو چوارچێوەیە کە مێژوو بۆی دیاری کردوەو سنووری بۆ داناوە، خیانەت بە پرۆلیتاریاو لایەنگریی بۆرژوازییە."[١٤]

لە جوولاّنەوەی رزگاریخوازیی نەتەوایەتیی کورددا هەرکام لەو دوو چینە، واتە بۆرژوازی و پرۆلیتاریا هەوڵ دەدا سەرکردایەتی بەدەستەوە بگرێ و هەلومەرجی ئێستا وا دەردەخا کە دەرفەتی هێزە شۆرشگێرەکان بۆ بەدەستەوەگرتنی سەرکردایەتی لە هی هەموو ولاّتەکانی رۆژهەلاّتی نێوەڕاست زیاترە. چونکە خەباتی گەلی کورد لە ئێران و عێراق و سووریا لەژێر سەرکردایەتیی حیزبە سیاسییە دەستی چەپیەکان دایە (لە تورکیا جوولاّنەوە ئەم دواییانە ناچار بووە پاشەکشە بکا). بۆنموونە لە کوردستانی ئێران هەموو هەوڵ و تەقەلایەك بۆ دامەزراندنی حیزبێکی ناسیۆنالیستی دەستی راستی تێشکاوەو گەلی کورد لە شەڕی دووهەمی جیهانییەوە لەژێر ڕێنوێنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبی شۆرشگێری گەلی کورددا خەباتی کردوە.

لە عێراق کە بۆرژوازیی کورد تا رادەیەك بەهێزە، دەبینین کە ناسیۆنالیستەکان لە جوولاّنەوەی رزگاریخوازی دا هەلّوێستێکی بەهێزیان بووەو هەیە، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا حیزبی تێکۆشەری کوردستانی عێراق پارتی دێموکراتی کوردستان کە لە هەموو توێژەکانی دانیشتووانی کوردستان پێك هاتوەو هەوڵ دەدا بۆ دۆستایەتی لەگەڵ ولاّتانی سۆسیالیستی و بەتایبەتی یەکیەتیی سۆڤیەتی، پێکەوە لەگەڵ حیزبی کومونیستی عێراق نفووزێکی زۆریان هەیەو رۆژبەڕۆژیش ئەو نفووزەیان لە کوردستانی عێراق دا زیاتر دەبێ. هۆیەکەشی ئەوەیە کە ئەو دوو حیزبە بە چەشنێکی ئوسوولی لەپێناوی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورددا تا رادەی خودموختاری بۆ کوردستانی عێراق

---

[١٤] هەر ئەو سەرچاوە، ل ٤١٠.

خەبات دەکەن و پێوەندییەکی ئۆرگانیکییان لەنێوان ئەو خەباتەو خەبات بۆ دێموکراسی لە عێراق دا پێك هێناوە.

پارتی دێموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی سەرکردەی گەلیی خۆی مستەفا بارزانی لە جووڵانەوەی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق دا رۆڵی ئەساسیی هەیە.

لێرەدا هێندێك هەلومەرجی لەبار هەن کە تای تەرازووی هێزە شۆرشگێرەکان لەهی ناسیۆنالیستەکان گرانتر دەکەن. راستە چینی کرێکار لاوازەو ژمارەشی کەمە، بەڵام بۆرژوازی تا رادەیەك لەو لاوازترە. لەبەشی دووهەم دا باسمان کرد کە بۆرژوازیی کورد بۆرژوازی سەنعەتی تێدا نیە، بەڵکوو بەشێوەی سەرەکی لە بۆرژوازیی بازرگانی پێك هاتوە. لەلایەکی تریشەوە پرۆلیتاریای سەنعەتیی کورد پەیدا بووەو خەریکە بە چەشنێکی جیاواز لە بۆرژوازیی پەرە دەستێنێ. چونکە سەنعەتە گرنگەکان یا لەدەستی مۆنۆپۆلە ئیمپریالیستییەکان دان ـ وەك نەوت لە کوردستانی عێراق ـ یا بەدەست بەشی دەوڵەتییەوەن، وەك هەموو بەشەکانی سەنعەتی لە کوردستانی ئێران و عێراق و تورکیا، کە بەشێك لە سەنعەتی نەوتیشی تێدایە. بەو جۆرە چینی کرێکار لە کوردستان بە ژمارەش لە بۆرژوازی زیاترە، ئەگەر لەگەڵ پارسەنگی هێزەکانی نێوان بۆرژوازی و پرۆلیتاریای تورك یا بۆرژوازی و پرۆلیتاریای ئێران بەراوردی بکەین.

هۆی بەهێزبوونی چینی کرێکاری کورد لەچاو بۆرژوازیی کورد ئەوەیە کە چینی کرێکاری ئێران و عێراق و تورکیا بە هەموو شێوەیەك لەخەباتی گەلی کورد دژی زوڵم و زۆری نەتەوایەتی پشتیوانی دەکا. هەربۆیەش زەحمەتکێشانی کورد دەتوانن تاقیکردنەوەی زیاتر وەدەست بێنن و پشتیان بەو پشتیوانییە ئەستوور بێ، دیارە هەمووی ئەوانەش یارمەتی بە پەرەگرتنی وریایی سیاسی زەحمەتکێشانی کورد دەکەن.

لەلایەکی دیکەوە بۆرژوازیی نەتەوە فەرمانڕەواکان بەرهەڵستیی بیروباوەڕی ئازادیی نەتەوایەتیی کورد دەکاو ئەوەش هەڵوێستی بۆرژوازیی کورد وەك یەکێك لە چینەکانی کۆمەڵ بێهێز دەکا. راستە کە بۆرژوازی لەوەدا کە دەیەوێ هەموو چین و توێژەکانی گەلی کورد لە خەباتی رزگاریخوازیی نەتەوایەتی دا یەك بگرن و

گوێ نەدەنە ناکۆکیی چینایەتی، لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە پشتگیری‌یەکی زۆریان لێ دەکرێ، بەڵام ئەوەش راستە کە هەرچی تێگەیشتن و تێکۆشانی کۆمەڵانی خەڵك زیاد بکا، باشتر هەڵوێستی چینایەتیی پرۆلیتاریاو بۆرژوازی لێك جیا دەکەنەوە، ئەوەش نەك هەر لەبارەی پرۆلیتاریاو بۆرژوازیی نەتەوە زۆرلێکراوەکەی خۆیانەوە بەڵکوو لەبارەی پرۆلیتاریاو بۆرژوازیی نەتەوەی فەرمانڕەواشەوە راستە. هەربۆیە کۆمەڵانی نەتەوەی کورد چینی کرێکار لە تورکیاو ئێران و عیراق دا بە دڵسۆزترین هاوپەیمانی خۆیان دەزانن.

ئەو هەڵوێستە لەمەیدانی جیهانییش دا هەر بەم جۆرەیە: پرۆلیتاریای جیهانی کە وڵاتە سۆسیالیستی‌یەکان هێزە سەرەکی‌یەکەی پێك دێنن پشتیوانی لەمافی دانانی چارەنووسی گەلان دەکا، لەکاتێك دا بۆرژوازیی گەورە لە وڵاتە ئیمپریالیستی‌یەکان دا گەورەترین دوژمنی رێگای رزگاریی گەلی کوردە.

شۆرشی مەزنی سۆسیالیستیی ئۆکتۆبرو نیزیکیی کوردستان لە یەکیەتیی سۆڤیەتی زۆری کار کردۆتە سەر جووڵانەوەی رزگاریخوازیی نەتەوەی کورد. وەك لەپێشەوە گوتمان گیانی جووڵانەوەی مەهاباد، گیانی دۆستایەتی لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەتی بۆتە بەشێك لە رێوشوێنی خەباتی رزگاریخوازیی گەلی کورد. هەر ئەوەندە بەسە کە بزانین لە یەکیەتیی سۆڤیەتی کە بیروباوەڕی مارکسیزم - لینینیزمی تێدا سەرکەوتوە، کوردەکان لەگەڵ ئەوەی ژمارەیان لە ۱۰۰ هەزار کەمترە، دەسکەوتی زۆر بەرچاویان بووە.

لە کۆمەڵی کوردەواری دا کە هێشتا پێوەندی‌یەکانی دەرەبەگایەتی ماون و پرۆلیتاریا لەباری ژمارەوە لاوازە، هەروەها بەچەشنێکی گشتی لە هەمووی ئەو وڵاتانەدا کە لەباری ئابووری‌یەوە دواکەوتوون، رووناکبیران لە جووڵانەوەی رزگاریخوازیی نەتەوایەتی و لەدانانی رێبازی گەشەکردنی پاش رزگاربوون دا رۆڵێکی گرنگ یاری دەکەن.

لەنێو رووناکبیرانی کورد دا ژمارەیەکی زۆر کەم دەبینین کە گوێ نادەنە خۆشی و بەختیاریی گەلەکەیان، بەڵام بەتایبەتی لەکاتی شەڕی دووهەمی جیهانی و سەردەمی کۆماری مەهابادداو لەپاش رووخانی ئەو کۆمارە زۆربەیان زۆر بە توندی لە ریزی نەتەوەکەیان دا راوەستابوون. کەوابوو رووناکبیرانی

کوردیش پشتیوانێکی گرنگی هێزە شۆڕشگێڕەکانن بۆئەوەی سەرکردایەتیی جووڵانەوەی رزگاریخوازی نەتەوایەتی بگرنەدەست. هەموو هەلومەرجێکی پێویست پێك هاتوە بۆئەوەی هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان بەیارمەتیی هێزە دێموکراتیی‌یەکانی ئەو وڵاتانەی کوردیان تێدا دەژی، بەڕێوەبەرایەتیی جووڵانەوەی رزگاریخوازیی نەتەوایەتی بەدەستەوە بگرن.

بۆئەوەی هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان بتوانن سەرکردایەتیی جووڵانەوە بگرنە دەست پێویستە لەدوو بەرەدا خەبات بکەن، لەلایەك دژی ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگی کوردو لەلایەکی تر دژی شۆڤێنیزمی نەتەوەی فەرمانڕەوا. لە هەلومەرجی ئێستای خەبات دا کە گەلی کورد بە توندی لەژێر زولم و زۆری نەتەوایەتی دا دەچەوسێتەوە، مەترسیی گەورە شۆڤێنیزمی نەتەوەی فەرمانڕەوایە. هێندێك جار ڕێ دەکەوێ کە کومونیستەکان لە خەبات دژی ناسیۆنالیزمی بۆرژوازیی نەتەوەی خۆیان دا مەترسیی شۆڤێنیزمی نەتەوەی فەرمانڕەوا دەخەنە پشت گوێ. ئەو کارە دەبێتە هۆی جیابوونەوەی ئەوان لە ریزی نەتەوەکەیان و رێگا بۆ بەهێز بوونی ناسیۆنالیزمی بۆرژوازی لەنێو جووڵانەوەی رزگاریخوازیی نەتەوایەتی دا خۆش دەکا. لینین کومونیستەکان لەو مەترسی‌یە ئاگادار دەکاو وەبیریان دەخاتەوە کە بەو رەفتارە:

**"لەترسی ئەوە کە لایەنی ناسیۆنالیزمی بۆرژوازیی نەتەوەی زۆرلێکراو بگرن... لایەنی ناسیۆنالیزمی نەتەوەی فەرمانڕەواو تەنانەت کۆنەپەرستانەترین و رەش ترین شێوەی ئەو ناسیۆنالیزمە دەگرن."**(١٥)

سەرکەوتن بەسەر بۆرژوازی و هێزە دەستی راستیی‌یەکان دا کارێکی زۆر گرانەو کەندوکۆسپی زۆر لەبەرە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دوایی‌یانە دەرکەوتوە کە هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان بە کەلك وەرگرتن لە تاقیکردنەوەی خەباتی خۆیان و تاقیکردنەوەی شۆڕشگێرانی جیهان دەتوانن سەرکردایەتیی جووڵانەوەی رزگاریخوازیی نەتەوایەتی بگرنە دەست و لەراستییش دا هەر ئەوانن کە دەتوانن هەتا سەر ئەو خەباتە بەرێوە بەرن.

---

(١٥) هەر ئەو سەرچاوەیە. ل ٢١٠.

# فەسڵی سێزدەهەم

## مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکان و مەسەلەی کورد

### ١ـ مارکسیستەکان و

### مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کورد

مەسەلەی رزگاربوونی موستەعمەرەکان و وڵاتە ژێردەستەکان لە هەموو مەسەلەیەکی ئەم سەردەمە توندتر دەچێتەپێش، ئەوەش بەرهەمی ئەو گۆڕانە مێژوویی‌یەیە کە لەشەڕی دووهەمی جیهانی‌یەوە بەسەر دنیادا هاتوە. ئێستا هیچ نەتەوەیەك نەماوە کە ئازادیی خۆی وەرنەگرتبێ، یا بەرەو رزگاربوون نەڕۆیشتبێ. لەلایەکی تریشەوە لەلایەن دەوڵەتە ئیستیعماری‌یەکانەوە هەوڵ دەدرێ ئەوەندەی بگونجێ درەنگتر سەربەخۆیی سیاسی بدرێ، یا هێندێك نەتەوە بە "پێ‌نەگەیشتوو" دابنرێن.

مارکسیزم ـ لینینیزم مافی دیاریکردنی چارەنووس بە هەموو نەتەوەیەك دەدا. ئەو مافە نێوەرۆکێکی روون و ئاشکرای هەیە، لینین لە باسی خۆی لەگەڵ ریفۆرمیست و لادەرەکان دا زۆر ئاشکرا روونی کردەوە کە:

**"دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکان یانی جیابوونەوەی سیاسیی ئەو نەتەوانەو دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی نەتەوایەتی."[1]**

لەپاشان دەڵێ:

**"مافی دیاریکردنی چارەنووس کە بەشێکە لە پرۆگرامی مارکسیستەکان، لەباری مێژوویی و ئابووری‌یەوە تەنیا یەك مانای هەیە، ئەویش دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی، یانی سەربەخۆیی دەوڵەتی و پێکهێنانی دەوڵەتێکی نەتەوایەتیی سەربەخۆیە."[2]**

---

(١) لینین: "مافی نەتەوەکان بۆ دیاریکردنی چارەنووس" دانراوەکان، بەرگی ٢٠، ل٤٠٣.

(٢) هەر ئەو سەرچاوەیە. ل٤٠٧.

مارکسیزم نەك هەر بەوردی مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکان روون دەکاتەوە، بەڵکوو لەهەموو هەلومەرجێك دا هەر ئەندازە گیروگرفتی کاتییشی لێ پەیدا ببێ، زۆر بەروونی داوای ئەو مافە دەکا.

لینین زۆر بە توندی دیفاعی لە مافی دیاریکردنی چارەنووس دەکردو سەرکۆنەی هەموو ئەو کەسانەی دەکرد کە دژی ئەو مافە رادەوەستان، یا بەجۆرێك لێکیان دەدایەوە کە مافی جیابوونەوە نەگرێتەوە. لینین دەیگوت:

**"سۆسیالیستی نەتەوەی فەرمانڕەوا ئەگەر لەکاتی شەڕو ئاشتی دا بۆ مافی جیابوونەوەی نەتەوە ژێردەستەکان هەوڵ نەدا، سۆسیالیست نیەو ئەنتێرناسیۆنالیستیش نیە، بەڵکوو شۆوێنیستە".**(٣)

کوردیش وەك هەموو نەتەوەیەك مافی دیاریکردنی چارەنووس و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی هەیە. سروشتێکی تایبەتی کە لە مەسەلەی کورد دا هەیە ئەوەیە کە مەسەلەکە بۆ کورد تەنیا جیابوونەوە نیە، بەڵکوو پێش هەموو شتێك یەکگرتنەوەیە. بۆنموونە جێبەجێکردنی مافی دانانی چارەنووس لەعیراق مانای جیابوونەوەی کوردستانی عیراق نیە، بەڵکوو یەکگرتنەوەی کوردستانی عیراق لەگەڵ کوردستانی ئێران و تورکیایە. ئەوەی ئێمە مەبەستمانە باسی بکەین مافی نەتەوەی کوردە بۆ یەکگرتنەوە لەنێو دەوڵەتێکی سەربەخۆدا.

ئەگەر هەلومەرجی کوردستان وەك لە فەسڵی پێشوودا باسمان کرد لەبەرچاو بگرین، بیری یەکگرتنەوەی گەلی کورد لە یەکەم روانین دا بە شتێکی خەیاڵی دێتە بەرچاو. ئێمە لەمەودوا دێینەوە سەر ئەو مەسەلەیە. بەڵام هەر ئەندازە یەکگرتنەوەی کوردستان دوورو ناڕاست بێتە پێش چاو، هەق ئەوەیە دانی پێدا بنرێ کە کورد مافی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی هەیە. چونکە ئیعتراف بە مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ هەموو نەتەوەیەك بەبێ جیاوازی و بێ لەبەرچاوگرتنی زۆرو کەمیی نەتەوەکەو قۆناخی پێشکەوتنی ئەو وڵاتەی نەتەوەکەی تێدا دەژی، ئیعترافە بە ئوسووڵی ئەنتێرناسیۆنالیستی و مافی وەك یەك بوونی نەتەوەکان. ئەوە کە هەلومەرجی عەینی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی

(٣) لینین: "پرۆلیتاریای شۆرشگێرو مافی نەتەوەکان بۆ دیاریکردنی چارەنووس" دانراوەکان، بەرگی ٢١، ل٤١٦.

سەربەخۆ هەیە یان نیـە، ئـەوە کـە سـەربەخۆ بـوونی نەتەوەیـەك، یـا مانـەوەی لەچوارچێوەی دەوڵەتێك دا لەگەڵ چەند نەتەوەیەکی تر لایـەنی بـاش یـا خراپـی هەیە، ئەوە کە نەتەوەیەك لەو مافەی خۆی کەلك وەردەگـرێ یـان نـاو ئـەوە کـە ئەو داخوازە لەسێبەری رێژیمی سەرمایەدارییش دا جێبەجێ دەبێ، یـا تـەنیا لـە رێژیمی سۆسیالیستی دا، هیچ کام لەوانە نابێ ببنـە هـۆی ئـەوە کـە حاشـا لـەوە بکرێ کە هەموو نەتەوەیەك مافی دیاریکردنی چارەنووسـی خـۆی و دامەزرانـدنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی هەیە:

**"پەروەردەکردنی ئەنتێرناسیۆنالیستیی زەحمەتکێشـانی وڵاتـە زۆردارەکـان دەبێ زیاتر لەسەر ئەو نوختەیە بێ کە مافی جیابوونەوەی وڵاتە زۆرلێکراوەکان رابگەیەنن و پشتیوانیی لـێ بکەن. ئـەم داخـوازە ئـەملاو ئـەولای نیـە، تەنانـەت ئەگەر جیابوونەوە پـێش سۆسـیالیزم لـە هـەزار حـاڵ لـە یـەك حـاڵدا ئیمکـانی وەدیهاتنی هەبێ."[٤]**

هەربۆیەشە کە حیزبەکانی چینی کرێکار لە کوردستان سـەرەڕای ئـەو وەزعـە سەخت و نالـەبارە دروشمـی دیـاریکردنی چارەنووسـی نەتـەوەی کوردیـان بـەرز کردۆتەوە.

پرۆگرامی حیزبی کومونیستی تورکیا لە سـاڵەکانی پـاش ١٩٣٠دا بەڕاشـکاوی دەڵێ:

**"حکوومەتی کرێکاران و جووتیاران مافی دیاریکردنی چـارەنووس تـا رادەی جیابوونەوە لە دەوڵەت دەدا بە کەمایەتی‌یە نەتەوایەتی‌یە نیشتەجێیەکان (واتە کوردو لەزگی‌یەکان)."[٥]**

لـە سـەردەمی کۆمـاری مـەهابادیش دا حیزبـی تـوودەی ئێـران بەپێچـەوانەی بەرهەڵستیی توندی کۆنەپـەرستیی ئێران و پڕوپاگەندەی بۆرژوازیی شۆوێنیسـتی ئێران ئازایانە دیفاعی لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد دەکرد.

حیزبی کومونیستی عیراقیش ساڵی ١٩٥٦ لـە سـەردەمی دیکتـاتۆریی نـووری سەعیددا لە کۆنفرانسی دووهەمی خۆیدا لەبارەی مەسەلەی کوردەوە رایگەیاند کە:

---

[٤] لینین: "بەرهەمی وتووێژ لەبارەی دیاریکردنی چارەنووسەوە" دانراوەکان، بەرگی٢٢، ل٤٧٢.
[٥] بەرنامەی حیزبە کومونیستەکانی رۆژهەلات، مۆسکۆ، ١٩٣٤.

**"گەلی کورد لە عیراق بەشێکی جیانەکراوە لە نەتەوەی کورد لە هەموو کوردستان دا کە لەنێوان تورکیاو ئێران و عیراق دا دابەش کراوە... خودموختاری لەسەر بناخەی یەکگرتنی بەدڵخوازو برایانە لە خەبات دا ڕێگا چارەسەرکردنێکی کاتی‌یە کە لەگەڵ هەلومەرجی ئێستای هەردوو نەتەوەکە (یانی نەتەوەی کوردو عەرەب ـ دانەر) ڕێك دەکەوێ و خزمەتی قازانجی هەردوو نەتەوەکە دەکا.**

**بەڵام چارەسەرکردنێکی یەکجاری نیە کە جێگای مافی دیاریکردنی چارەنووس بگرێتەوە. هەر ئەوەندەیە کە ئەو چارەسەرکردنە هۆیەکی گرنگە بۆ رزگاریی گەلی کوردو وەدیهێنانی یەکیەتیی نەتەوایەتی و ئامادەکردنی هەلومەرجی لەبار بۆئەوەی گەلی کورد بتوانێ مافی خۆی لە دیاریکردنی چارەنووس دا بەکار بێنێ، کە بریتی‌یە لەدامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ هەموو کوردستان."(٦)**

مارکسیستەکان لە تیئۆری و کردەوەدا دان بە مافی دیاریکردنی چارەنووس و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورددا دەنێن. پێویستە بگوترێ کە حیزبی چینی کرێکار لەو وڵاتانەی کوردیان تێدا دەژی، هێندێك جار نەی‌توانیوە بەشێوەیەکی راست وەزعی دژواری مەسەلەی کورد لێك بداتەوە، بەڵام ئەوە شتێکە کە بۆ حیزبی زەحمەتکێشانی وڵاتانی دیکەش هاتۆتەپێش و دێتەپێش. یەکێك لەو هۆیانە کە ئەو مەسەلە دژوارە دژوارتر دەکەن، ئەوەیە کە تەنیا بەرزکردنەوەی دروشمی مافی دیاریکردنی چارەنووس بەس نیە. چونکە مەسەلەی نەتەوایەتی لە هەر وڵاتێك دا ڕێگای چارەسەرکردنی تایبەتیی خۆی هەیە.

## ٢ـ داخوازی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد

هێندێك جار داخوازی پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد بە داخوازێکی کۆنەپەرستانە دادەنرێ و کومونیستەکان دێنێتە سەر ئەو باوەڕە کە

---

(٦) بەیاننامەی کۆنفرانسی دووهەمی حیزبی کومونیستی عیراق کە لە ژوئیەی ساڵی ١٩٥٦دا بەسترا.

بەرهەڵستیی بکەن. ئەوانەی خاوەنی ئەم هەڵوێستەن، زۆرجار ئەوە دەکەنە بیانوو کە دەترسن دەرەبەگەکان لەو دەوڵەتەدا دەسەڵات بگرنەدەست و دیارە ئەوانیش دوژمنی دێموکراتی و سۆسیالیزمن و بەم جۆرە کوردستان دەبێتە قەڵای کۆنەپەرستی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا. بەڵام ئەو هەڵوێستە بەتەواوی هەڵوێستێکی ناڕاستەو لە تێنەگەیشتنی باری ئێستای کوردستانەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەو لێکدانەوەیەی ئێمە لە پێوەندییە وەرزێرییەکانی کۆمەڵی کوردەواریمان کرد، نیشانی دا کە لەمێژە سەرکردایەتیی جووڵانەوەی رزگاریخوازی لەدەست دەرەبەگەکان دا نەماوە. چونکە پێوەندیی دەرەبەگایەتی خەریکە لەنێو دەچێ و بۆرژوازی خەریکە پەرە دەستێنێ و بەهێز دەبێ. کەوابوو، ئەو دەوڵەتە کوردییە کە دەرەبەگ سەرکردایەتیی دەکا لەپاش شەڕی یەکەمی جیهانییەوە وەختی بەسەر چووە. نابێ لەبیرمان بچێ کە دەوڵەتی سەربەخۆی کورد بەبێ خەباتێکی رزگاریخوازیی سەخت کە بۆرژوازیی نیشتمانی و هێزە شۆرشگێڕەکان نەخشی سەرەکیی تێدا وەئەستۆ دەگرن، دانامەزرێ.

ئەو قسەیەی پێشەوەمان بەمانای حاشاکردن لەو مەرکەزە ئابوورییە گرنگەو ئەو نفووزە تایبەتییە نیە کە تا ئێستاش دەرەبەگە کوردەکان هەیانەو دەگەڕێتەوە بۆسەر ئەو پێوەندییە عەشیرەتگەری و دەرەبەگایەتییانە کە خزمەتی قازانجی چینی دەرەبەگ دەکەن. ئێمە لەمەوپێش گوتمان کە دەرەبەگەکان لەنێو کۆمەڵی کوردەواری دا بنکەی هەرە گرنگی هێزە ئیمپریالیستییەکانن. بۆیە نابێ لەبیرمان بچێ کە ئەوانە کەندوکۆسپێکی زۆر دەخەنە سەر رێگای رزگاریی نەتەوایەتیی کورد، هەروەك لەسەردەمی کۆماری مەهاباددا دەرکەوت، کە دەرەبەگەکانی کوردستان بوونە نۆکەری حکوومەتی ئێران. لەیەکەم ساڵی دوای شۆرشی ١٩٥٨ی عیراقیش دا دەرەبەگەکان شەڕیان لەدژی کۆماری عیراق هەڵگیرساند کە ئەوکاتە رێبازێکی دێموکراتیی گرتبۆپێش و حکوومەتی ئێران و مۆنۆپۆلەکانی نەوتیش لەو شەڕەدا پشتی دەرەبەگە کوردەکانیان گرت.

ئەو پروپاگەندە ژەهراوییەی دەوڵەتە رۆژئاواییەکان بڵاوی دەکەنەوە کە گۆیا ئەوان لە هەڵوێستی حکوومەتەکانی تورکیاو ئێران و عیراق بەرامبەر بە کوردەکان ناڕازین، زۆرجار ئەو هەستە پێك دێنێ کە ئەو دەوڵەتانە لایەنگری

دامەزراندنی حکوومەتێکی سەربەخۆی کوردین. بەڵام لەباری تیئۆرییەوە هیچ ئیمکانی نیە کە دەوڵەتە ئیمپریالیستییەکان پشتیوانی لە سەربەخۆیی کورد یا هەر نەتەوەیەکی دیکە بکەن، مەگەر ئەوکاتە کە ناچار ببن و هیچ ڕێگایەکی بەرهەڵستیکردنیان نەبێ. لەباری کردەوەشەوە هیچ ڕێی بۆ ناچێ کە ڕۆژئاوا بەپێچەوانەی ویستی هاوپەیمانەکانی لە پەیمانی سەنتۆدا (واتە ئێران و تورکیا) داوای دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد بکا. پاشان ڕۆژئاوا چ هومێدێکی بەوە هەیە کە کاربەدەستانی داهاتووی کوردستانی سەربەخۆ لە حکوومەتی ئێستای تورکیاو ئێران گوێلەمست تر بن؟ ئێمە لەمەوپێش روونمان کردەوە کە پەیمانی سەنتۆ دژی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوایەتی و بەتایبەتی دژی هەموو تێکۆشانێکی گەلی کوردە. ڕۆژنامەی لۆمۆندی فەڕانسە کە لە هەڵوێستی ڕۆژئاوا بەرامبەر بە جووڵانەوەی نەتەوایەتیی کورد نارەزایە دەنووسێ:

**"حکوومەتەکانی ڕۆژئاوا لە پشتیوانیی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوایەتی کورددا دوودڵن، چونکە دەترسن هاوپەیمانە تورك و ئێرانییەکانیان لەو کارە نەترەیان بچێ".** (٧)

مۆنۆپۆلە ئیمپریالیستییەکان تا ئێستاش ئیمتیازی دەرهێنانی نەوتی کوردستانیان لەدەست دایەو تەنیا لە کەرکووك ساڵی ٤٠٠ــ٥٠٠ میلیۆن دۆلار قازانجیان دەست دەکەوێ. لە هەلومەرجی نێونەتەوایەتیی ئێستادا هەر جۆرە گۆڕانێك بەسەر وەزعی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا بێ، ئەنجامێکی چاوەڕوان نەکراوی بۆ قازانجی نەوتیی ڕۆژئاوا دەبێ. هێزەکانی ڕۆژئاواش زۆر باش ئەوە تێگەیشتوون، بۆیە زیاتر لەهەموو کەس هەوڵ دەدەن "هێمنی و دامەزراوی"ی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و ستراتیژیی خۆیان لەو مەڵبەندەدا بپارێزن.

ئیمپریالیستەکانیش دەزانن ئەمڕۆ چ بیروباوەڕێك لەنێو کورددا پەیدا بووە، بۆیە هیچ کاتێك ئامادە نین خۆیان تووشی ئەو چەرمەسەرییە بکەن کە سەربەخۆیی کورد بۆیان دروست دەکا. ئەوان دەزانن کوردستانی سەربەخۆ لانیکەم ئەو گیروگرفتانەیان بۆ دروست دەکا کە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی

---

(٧) لۆمۆند، ١١ی ژوئیەی ١٩٦٣.

نیشتمانی لەهەموو جێگایەك بۆ ئیمپریالیستەکانی پێك دێنێ. ئەمجار رەوتی ئێستای کارەساتەکانیش ئیمپریالیستەکانی نیگەران کردوە، چونکە جووڵانەوەی کورد هەتا دێ رادیکاڵتر دەبێ و بیروباوەڕی شۆڕشگێڕی لەنێو گەلی کورددا زیاتر بڵاو دەبێتەوە. لەبەر ئەوە ئیمپریالیستەکان جاروبار پشتیوانیی خۆیان لەخەباتی گەلی کورد دەردەبڕن و هەوڵ دەدەن لەرێگای نفووزی دەرەبەگە گەورەکانەوە دەست باوێژنە نێو جووڵانەوەی رزگاریخوازیی نەتەوایەتیی کورد.

دەست تێوەردانی ئیمپریالیزم لە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی نەتەوایەتی دا شتێکی تازە نیە، ئەو دەست تێوەردانە رەفتارێکە کە لە کۆنەوە تا ئێستا بۆ لەرێگا لادانی خەبات و بۆئەوەی لەکاتی پێویست دا لە پشتەوە زەبری لێ بوەشێنن، گرتوویانەتەپێش. ئەوانە هەموو نیشان دەدەن کە هیچ کاتێك کوردستانی سەربەخۆ لەگەڵ نەخشەو پلانەکانی ئیمپریالیزم رێك ناکەوێ.

وا دابنێین رۆژێك بۆرژوازیی نیشتمانیی دژی ئیمپریالیستی لە ئێران و تورکیاو عیراق دا دەسەڵاتی گرتەدەست، یا گۆڕانێکی دێموکراتیی قووڵ بەسەر ئەو وڵاتانەدا هات. ئایا لەو حاڵەدا ئیمپریالیستەکان بۆ هاندانی کوردەکان لەدژی ئەو وڵاتە هەوڵ نادەن و پشتیوانی لە داخوازی سەربەخۆیی کوردستان ناکەن؟ دیارە شتێکی وا زۆر رێگای بۆ دەچێ. بەڵام هەرکات ئیمپریالیستەکان بۆ پاراستنی قازانجی خۆیان پشتیوانی‌یان لە جیابوونەوەی کوردستان کرد، نیشانەی ئەوەیە کە خەباتی دژی ئیمپریالیستی لەو وڵاتانەدا زۆر چۆتەپێش و گەلی کوردیش بەنۆرەی خۆی بە یەکیەتی و هاوکاری لەگەڵ نەتەوەکانی تری ئەم وڵاتانە دەسکەوتی گرنگی لەخەباتی خۆی دەست کەوتوە. لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا ئاشکرایە کە هەموو هەوڵو تەقەلایەکی ئیمپریالیستەکان بۆ راکێشانی گەلی کورد بۆلای نەخشەو پلانەکانیان بەفیڕۆ دەچێ. هەر بەکردەوەش پاش شۆڕشی ١٩٥٨ی عیراق دەرکەوت کە زۆربەی نیزیك بەتەواوی کوردەکان لەژێر رێبەرایەتیی حیزبی کومونیستی عیراق و پارتی دێموکراتی کوردستان دا بەتوندی پشتی حکوومەتی عبدالکریم قاسم یان گرت. نموونەی روونیش بۆ ئەوە ئەو هەڵوێستە پتەوە بوو کە گەل بەرامبەر بە رووداوەکانی بەهاری ساڵی ١٩٥٩ لە مووسڵ گرتیەپێش و هەروەها لەدژی ئەو پلانە کە شیرکەتی نەوتی عیراق لە ژووئیەی ساڵی ١٩٥٩دا لە کەرکووك رێکی خست.

کەوابوو، قازانجی جووڵانەوەی رزگاریخوازیی نەتەوایەتیی کورد بەهیچ جۆر لەگەڵ قازانجی ئیمپریالیستەکان رێك ناکەوێ و لەداهاتووش دا ئیمپریالیزم یەکەمین دوژمنی سەربەخۆیی کوردستان دەبێ. ئەمە وا دەگەیەنێ کە داخوازی دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ هیچ وەخت هەنگاوێکی کۆنەپەرستانەو بۆ لایەنگری ئیمپریالیزم نیە.

وا دێتە بەرچاو کە جیابوونەوەی کوردستان دەبێتە هۆی پێکهاتنی دەوڵەتێکی بچووك و لەباری ئابووری‌یەوە لاواز، کە ئەوەش لەباری پەرەئەستاندنی ئابووری‌یەوە شتێکی پەسەند نیە. بەڵام بێجگە لەوە کە هەر ئێستا زۆر دەوڵەتی لە کوردستان بچووکتر هەن، سەربەخۆیی نەتەوایەتی هیچ کاتێك نابێتە کۆسپ لەسەر رێگای یەکیەتیی ئابووری لە داهاتوودا، یا پێکهێنانی کۆمەڵێکی ئابووریی گەورە کە چەند دەوڵەتێك لەخۆی دا کۆ بکاتەوە. بەپێچەوانە، سەربەخۆیی سیاسی بەقۆناخێکی پێویستی رێگای ئەو یەکیەتی‌یە ئابووری‌یە دەژمێردرێ کە لەسەر بناخەی دابەش کردنێکی نوێی نێونەتەوایەتیی کار دامەزرابێ.

کەوابوو، جیابوونەوەی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد بە هیچ جۆر بەمانای لێك دابڕان نیەو بەپێچەوانە، پاش ئەو سەربەخۆیی‌یە هەلومەرجی پێویست بۆ پێکهێنانی یەکیەتی لەنێوان هەموو دەوڵەتەکانی مەڵبەندی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا پێك دێ، کە دەکرێ بەشێوەی فیدراسیۆن بێ. مارکسیزم هیچ کاتێك پێکهاتنی چەند دەوڵەتێکی چکۆلە، یان لەت لەت کردنی دەوڵەتە گەورەکان بەچەند دەوڵەتی بچووك پەسەند ناکا، بەڵام هەر لەوکاتەدا جیابوونەوەی نەتەوە زۆرلێکراوەکان بە هەنگاوێك دەزانێ کە رێگا بۆ یەکیەتی و سەقامگیربوونی سیاسی و ئابووری لەسەر بناخەی دێموکراسی خۆش دەکا. لەنێوان ئەم دوو قسەیەدا هیچ ناتەبایی نیە. چونکە دان نان بەمافی جیابوونەوەدا لەباری تیئۆری‌یەوە هەموو کەندوکۆسپێکی رێگای یەکگرتن لەنێو دەبا، چونکە ئەو یەکیەتی‌یە لەسەر بناخەی وەك یەك بوون و دێموکراتی تەواو دادەمەزرێ. بەتێپەڕبوونی رۆژگار پێوەندیی بەرامبەری و وەك یەك بوون لەنێوان نەتەوە فەرمانڕەواکان و نەتەوە زۆرلێکراوەکان دا پێك دێ. هەلومەرجی بەرچاوی نابەرابەری ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی لە پێشکەوتنی نەتەوە

فەرمانڕەواکان دا دەردەکەوێ. هەلومەرجی زەینییش لەشێوەی بیرکردنەوەی نەتەوەی فەرمانڕەوادا دەردەکەوێ کە بەچاوێکی سووک و شۆوێنیستییەوە لەگەڵ نەتەوە ژێردەستەکەی رەفتار دەکا. لەولاشەوە رۆڵەکانی نەتەوەی زۆرلێکراو هەمیشە بەگومانەوە دەڕواننە نەتەوەی فەرمانڕەواو لەچاوی ناسیۆنالیزمێکی تەسکەوە سەیری هەموو مەسەلەیەك دەکەن. لابردنی ئەو هەلومەرجە عەینی و زەینییە ماوەیەکی زۆری پێ دەوێ. پێویستە پێش هەموو شتێك باوەڕی کۆمەڵانی نەتەوە زۆرلێکراوەکە رابکێشرێ و کۆمەڵانی نەتەوەی فەرمانڕەوا بەگیانێکی ئەنتێرناسیۆنالیستی پەروەردە بکرێن. لینین زۆر بەڕوونی ئەوە ئاشکرا دەکاو دەڵێ:

**"ئێمە بۆیە داوای ئازادیی دیاریکردنی چارەنووس، یانی جیابوونەوەو سەربەخۆیی نەتەوە زۆرلێکراوەکان ناکەین کە لێك جیابوونەوەو پێکهاتنی چەند دەوڵەتێکی چکۆڵەمان پێ باشە، بەڵکوو بەپێچەوانە، بۆیەیە کە ئێمە دەوڵەتی گەورەمان دەوێ، یەکیەتیمان دەوێ و تەنانەت تێکەڵ بوونی چەند نەتەوەمان دەوێ، بەڵام لەسەر بناخەی دیموکراتی و ئەنتێرناسیۆنالیستیی راستەقینە، کە ئەوەش بەبێ بوونی مافی جیابوونەوە ئیمکانی وەدیهاتنی نیە".**(۸)

هەرچەند مارکسیستەکان پشتگیری لەمافی جیابوونەوە دەکەن، بەڵام وەنەبێ هەموو وەختێك جیابوونەوە پەسند بکەن. چونکە داننان بە مافی جیابوونەوەدا:

**"قەت رێگا لە مارکسیستەکانی ئەو نەتەوە زۆرلێکراوانە ناگرێ کە دژی جیابوونەوە رابوەستن، هەروەك داننان بە مافی تەلاق دا هیچ کاتێك رێگای راوەستان لەدژی تەلاق ناگرێ".**(۹)

لەپێشەوە گوتمان مارکسیستەکان لەباری بیروباوەڕەوە لایەنگری جیابوونەوەی نەتەوەی کوردو دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردن. بەڵام لێرەدا ئەرکی کومونیستەکانی نەتەوەی فەرمانڕەواو نەتەوەی ژێردەست لێك

(۸) لینین: "پرۆلیتاریای شۆرشگێرو مافی نەتەوەکان لە دیاریکردنی چارەنووس دا" دانراوەکان، چاپی چیکی، بەرگی ۲۱.
(۹) لینین: "مافی نەتەوەکان بۆ دیاریکردنی چارەنووس" دانراوەکان، چاپی چیکی، بەرگی ۲۰، ل۴۱۸.

جیایە. چونکە بەگیانێکی ئەنتێرناسیۆنالیستی پەروەردە کردنی کۆمەڵانی خەڵك لەوڵاتە فەرمانڕەواکان دا پێویستە لەسەر راگەیاندن و دیفاع لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوە ژێردەستەکان ساخ بێتەوە، بەڵام کومونیستەکانی نەتەوەی زۆرلێکراو نەك هەر نابێ پڕوپاگەندە بۆ جیابوونەوە بکەن، بەڵکوو دەبێ زیاتر هەوڵی چەسپاندنی دروشمی یەکیەتیی داخوازانەی نەتەوەکان بدەن. ئەوەش نەك هەر هیچ ناتەبایی تێدا نیە، بەڵکوو تەنیا رێگای لێك نیزیك بوونەوەی نەتەوە گەورەو بچووکەکانە، کەوابوو، لێرەدا ئامانجێك هەیە کە دوو کەس هەریەکە لە رێگایەکەوە بۆی دەچن.

لە هەلومەرجی ئێستادا کە بەرهەمی پەرەئەستاندنێکی مێژوویی دوورودرێژە، هیچ رێگایەکی تر بۆ گەیشتن بە ئامانجی دۆستایەتی و بەرامبەری و ئەنتێرناسیۆنالیستی نیەو ناش توانێ ببێ.

ئەوە بەتەواوی لەسەر مەسەلەی کوردیش راستە. ئایا لە هەلومەرجی ئێستای خەبات دا دەتوانین داخوازی سەربەخۆیی کوردستان بە مەسەلەی رۆژ دابنێین، لەکاتێك دا ئیمپریالیزم لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا دوژمنی سەرەکیەو تا ئێستا نەتەوە فەرمانڕەواکانیش لەچنگی رزگار نەبوون؟ هەروەك لەپێشەوە گوتمان ئەو داخوازە بۆ کورد بێجگە لە یەککەوتنەوە مانایەکی نیە. کەوابوو، ناتوانین جیابوونەوەی بەشێك لە کوردستان وەك کوردستانی ئێران بەتەنیا، بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد دابنێین. ئێستا ئەگەر کوردەکان بۆ نموونە تەنیا لە ئێران ژیابان وەزعەکە زۆر ساکار دەبوو و مەسەلەی کورد بریتی بوو لە مەسەلەی نەتەوەیەك کە لەنێو دەوڵەتێك دا دەژی. هەروەها ئەگەر کوردستان موستەعمەرەش بایە وەزعەکە هەر ساکارتر دەبوو. بەڵام دژواریی مەسەلەی کورد لەوەدایە کە کوردستان لەنێوان چەند دەوڵەت دا دابەش کراوە، کە نەتەوەکانی تری ئەم دەوڵەتانەش تەوژمێکی سیاسی و ئابووری دەچێژن.

داواکردنی سەربەخۆیی کوردستان وەك دروشمێکی کاتی زیان لە خەباتی هاوبەشی ئەو نەتەوانە دەدا کە لەنێو یەك وڵات دا پێکەوە دەژین و هەر لەوکاتەش دا دروشمێکە کە ئێستا ئیمکانی سەرکەوتنی نیە. ئێستا بزانین لەجێدا تا کاتێك ئیمپریالیزم لەگۆڕێدا ماوە، داخوازی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکان دێتەدی؟ دەرکردنی ئیمپریالیزم بۆخۆی کارێکی درێژخایەنەو چەند

لایەنیشی هەیە. کەوابوو، دەبێ گەلی کورد دژی قازانجی ئابووریی ئیمپریالیزم، واتە دژی مۆنۆپۆلەکانی نەوت و دژی پەیمانی سەنتۆو دژی هەموو پەیمانە نیزامییەکان خەبات بکا. هەمووی ئەوانەش گەلی کورد بۆلای خەباتی هاوبەش لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە رادەکێشێ.

بەکورتی دەگەینە، ئەو ئەنجامە کە لە قۆناخی ئێستادا دروشمی سەربەخۆیی کورد لەباری تیئۆرییەوە دروشمێکی ناڕاستە. وا دابنێین وەختێك نفووزی ئیمپریالیزم لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا کز دەبێ و بۆرژوازیی نیشتمانی لەو وڵاتانەی کوردیان تێدا دەژی دەسەڵات دەگرێتە دەست، هەروەك ساڵی ١٩٥٨ لە عیراق تا رادەیەك وابوو. لە نوختەنەزەری مارکسیستییەوە شتێکی تەبیعی بوو کە بۆرژوازیی نیشتمانیی عەرەب لە عیراق بەرهەڵستیی هێزە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد بکاو بەکردەوەش دیتمان هەروەك کەمالیستەکان پاش شەڕی یەکەمی جیهانی پەلاماری کوردیان دا، بۆرژوازیی عیراقیش پەلامارێکی کوشتوبڕی توندی لەدژی هاونیشتمانە کوردەکان دەست پێکرد.

ئەگەر ئەوە لەبەرچاو بگرین کە بۆرژوازیی عیراق لەگەڵ ئەوەی کەمتر پێگەیشتووەو زیاتر چەوسانەوەی دیوەو لاوازترەو هەر لەبەر ئەوە رادیکاڵتریشە، ئەو هەڵوێستەی بەرامبەر بە داخوازە نەتەوایەتییەکانی کورد رەچاو کردوە، دەبێ بزانین هەڵوێستی بۆرژوازیی تورکیاو ئێران بەرامبەر بە جووڵانەوەی رزگاریخوازیی نەتەوایەتیی کورد لەوە باشتر نابێ، چونکە بۆرژوازیی ئەو دوو وڵاتە لەچاو هی عیراق زیاتر پێگەیشتووەو کەمتر چەوساوەتەوەو بەهێزترەو هەر لەبەر ئەوەش هەستێکی بەهێزی خۆپارێزی و شۆوێنیستیی هەیە. کەوابوو، هەتا بۆرژوازیی نیشتمانی لەسەر کار بێ و هەتا رێژیم رێژیمی سەرمایەداری بێ، گەلی کورد مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی دەست ناکەوێ. لەلایەکی تریشەوە راست نیە وا نەتیجە بگرین کە گۆیا تێکۆشان بۆ وەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتی و سەپاندنی هێندێك داخواز هەتا ئەوکاتەی سۆسیالیزم سەردەکەوێ، تێکۆشانێکی بێسوودە. چونکە داخوازە نەتەوایەتی-یەکان وەك هەموو داخوازێکی دێموکراتی پێویستە خەباتیان بۆ بکرێ و تا کاتێك دەسەڵات لەدەستی کۆنەپەرستی یا بۆرژوازیی نیشتمانی دایە، وەدیهێنانی هەر

داخوازێکی چکۆلەش هەوڵ و تێکۆشانێکی زۆری دەوێ، بەڵام لەهەلومەرجی ئێستاش دا ئیمکانی وەدیهاتنیان هەیە.

## ٣ـ ڕێگای ڕزگاریی گەلی کورد

ئەگەر گەلی کورد، واتە زۆربەی گەل، نەك تەنیا دێموکراتەکان بیهەوێ ئازادی و سەربەخۆیی دەست کەوێ، تەنیا یەك ڕێگای لەپێشە، ئەویش چوونەپاڵی جووڵانەوەی دژی ئیمپریالیستیی هەموو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە. گەلی کورد لەخەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوایەتیی خۆی دا بێجگە لە دێموکراتەکانی وڵاتانی دراوسێ و لەسەرووی هەموویانەوە هێزە شۆرشگێرەکان دۆست و هاوپەیمانێکی هەمیشەیی و بەردەوامی نیە. بە جۆرێکی تر بڵێین، تا ئەوکاتەی چینی دەرەبەگ و تەنانەت بۆرژوازییش دەسەڵاتی بەدەستەوەیە، مەسەلەی نەتەوایەتیی کورد بەتەواوی چارەسەر ناکرێ، کەوابوو، لەچوارچێوەی ڕێژیمی سەرمایەداری دا چارەسەرکردنی یەکجاریی مەسەلەی کورد لەباری سیاسیو نەتەوایەتی‌یەوە ئیمکانی نیە. چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد بەستراوەتەوە بە پێشکەوتنی دێموکراتی و سۆسیالیزم لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا. لێرەدا بەتەواوی قسەی بەیاننامە مێژوویی‌یەکەی حیزبی کومونیست ڕاست دەردەچێ کە دەڵێ:

**"ئەوکاتەی چەوسانەوەی ئینسان بەدەستی ئینسان کۆتایی هات، چەوسانەوەی نەتەوەیەك بەدەستی نەتەوەیەکی تریش دوایی دێ".**[١٠]

ڕەنگە هێندێك لە ناسیۆنالیستەکان کە بەو نەتیجە وەرگرتنە ڕازی نین، ئەو پرسیارە بێننە گۆڕێ: کاتێك هێزە شۆرشگێرەکان لەو وڵاتانەدا کە کوردیان تێدا دەژی دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرت، چارەنووسی یەکگرتنەوەی گەلی کورد چ دەبێ؟ دیارە وڵامی ئەم پرسیارە ڕوونە: ئەودەم کوردەکان یەك دەگرنەوەو دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان دادەمەزرێنن. بەڵام ئەوە کتوپڕ جێبەجێ نابێ و بەرەبەرە دێتەدی.

---

[١٠] مارکس و ئینگێلس: "بەیاننامەی حیزبی کومونیست"، دانراوە هەڵبژاردەکان، چاپی ئینگلیزی، بەرگی (١).

هەرئەندازە دێموکراتی زیاتر پێش کەوێ، گەلی کورد دەسکەوتی زیاتری لەخەباتی خۆی دەست دەکەوێ. زۆر وێ دەچێ لە سەرەتاوە لەهەموو ئەو وڵاتانەی کوردیان تێدا دەژی، مافی خودموختاری لەچوارچێوەی ئەو وڵاتانەدا بۆ کورد دابین بکرێ. دیارە لە قۆناخی ئێستادا دروشمی خودموختاری بۆ کورد لەچوارچێوەی هەرکام لەو وڵاتانەدا لە هەموو دروشمێك راست ترە.

لەگەڵ ئەوە، تەنانەت وەدیهێنانی خودموختارییش پێویستیی بە هەوڵ و تێکۆشانێکی زۆر هەیە. دەبێ لەپێش دا دان بە بوونی نەتەوەی کوردو زمانی کوردی دا بنرێ، بەتایبەتی لە تورکیاو ئێران. تەنیا لەوکاتەدا ئیمکانی هەیە کە خودموختاری لەمەیدانی ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی و ئیداری دا بۆ کورد دابین بکرێ. لەوانەشە لەهەرکام لە کوردستانی ئێران و عیراق دا کۆمارێکی فیدرالی لەچوارچێوەی ئەم دوو وڵاتەدا دابمەزرێ. ئەودەم ئەو دوو کۆمارە وردە وردە لێك نیزیك دەبنەوە هەتا لەئاخری دا بەتەواوی دەبن بە یەك و لەپاشان بەشەکانی تری کوردستانیش دەکەونە سەر ئەم دەوڵەتە تازە دامەزراوە. ئێمە هەموو وەختێك هەر یەککەوتنەوەی کوردستانمان بەلاوە گرنگە، بەلام ئەو مەسەلەیە تەنیا بۆ کورد لەگۆڕێدا نیە، بەڵکوو بۆ عەرەبیش هەر هەیە. یەکگرتنەوەی کورد لە یەکگرتنەوەی عەرەب جیا ناکرێتەوە. رۆژێك دەبێ عەرەبی عیراق لەگەڵ عەرەبی وڵاتەکانی دیکە یەك بگرێتەوە. ئەوکارە تەئسیر دەکاتە سەر یەکگرتنەوەی نەتەوەی کوردیش کە بەشێکی زۆری لەگەڵ عەرەبی عیراق و سووریا بەیەکەوە دەژی.

ئایا دەگونجێ تەنیا بەشێکی کوردستان رزگاری بێ و دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد دابمەزرێ؟ شتی وا کەم چاوەڕوان دەکرێ، لەگەڵ ئەوەی کە زۆریش بەدوور نازانرێ. هەرچەند ئێمە نامانەوێ لەو باسە بدوێین، بەلام دەتوانین بڵێین شۆرشگێرەکان پشتیوانیی پێکهاتنی ئەو جۆرە دەوڵەتەش دەکەن، بەو شەرتە ئەو هەنگاوە بەقازانجی بەرەی دژی ئیمپریالیستی و مەسەلەی دێموکراسی و سۆسیالیزم لە رۆژهەلاتی نێوەڕاست دا تەواو بێ. شۆرشگێرەکان پاش ئەوەی دەسەلاتی سیاسییان لەچنگی چینە چەوسێنەرەکان دەرهێنا، هەر بۆخۆشیان لەو بەشەی کوردستان دا کە دەسەلاتیان تێدا گرتۆتە دەست بە یارمەتیی چینی

کرێکاری وڵاتەکە ئەوجۆرە دەوڵەتە دادەمەزرێنن.[11] بەڵام ئەوە تەنیا وەختێکە کە بزانن پێکهاتنی دەوڵەتێکی دێموکراتیی سەربەخۆ لە بەشێکی کوردستان دا دەبێتە نموونەیەك کە یارمەتیی وریابوونەوەی نەتەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دا دەکاو دەبێتە یارمەتیدەری دامەزرانی دێموکراتی و سۆسیالیزم لە هەموو رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا.

مەسەلەکە تەنیا لەسەر ئەو شکڵە نیە کە مافی دیاریکردنی چارەنووس خۆی تێدا دەنوێنێ، چونکە بەزۆر هۆی جۆربەجۆرەوە بەستراوەتەوە. هەروەها مەسەلەکە هەر ئەوەندەش نیە کە گەلی کورد بەڕواڵەت دەوڵەتێکی تایبەتیی خۆی هەبێ، بەڵکوو مەسەلە ئەوەیە کە گەلی کورد بەڕاستی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی هەبێ و بەئازادی بتوانێ ئەم مافە بەکار بێنێ. کەوابوو، مەسەلەی گرنگ لێرەدا نێوەرۆکە. ئێستا دەتوانین زۆر وڵاتی وا پەیدا بکەین کە تەنیا بە رواڵەت سەربەخۆن. بۆنموونە ئۆردۆن وڵاتێکی سەربەخۆیەو بەڕواڵەت فەرمانڕەوای خۆیەتی و سروودی دەوڵەتیی خۆی و دراوی خۆی و ئاڵای خۆی هەیەو نوێنەری لە کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکانیش دا هەیە. لەلایەکی ترەوە کۆماری ئۆزبەکستان لە یەکیەتیی سۆڤیەتی دەوڵەتێکی سەربەخۆ نیەو دراوی خۆشی نیەو نوێنەریشی لە کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان دا نیە، بەڵکوو یەکێکە لە کۆمارەکانی یەکیەتیی سۆڤیەتی. بەڵام بۆ هەموو کەس روونە کە ئۆزبەکەکان نەتەوەیەکی سەربەستن و بۆخۆیان بەئازادی چارەنووسی خۆیان دیاری دەکەن، لەکاتێك دا گەلی ئۆردۆن لە هەموو مافێکی بەڕێوەبردنی سەربەخۆی کاروباری وڵاتەکەی بێبەشە.

لەبەرئەوە تا ئێستاش و لەداهاتووش دا مەسەلەی هەرە گرنگ بۆ گەلی کورد ئەوەیە کە بتوانێ بەدەستی خۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکا. لەپێشەوە گوتمان گەلی کورد یەك دەگرێتەوە، بەڵام مەبەستمان ئەوە نیە کە گەلی کورد لە نەتەوەکانی دراوسێی جیا دەبێتەوە. چونکە زۆر وێدەچێ یەکیەتییەکی

---

[11] سەرکەوتنی شۆرشی سۆسیالیستی لە وڵاتێك و دامەزراندنی سۆسیالیزم لەو وڵاتەدا، لەکاتێك دا وڵاتەکانی تر هەروا لەژێر رێژیمی کۆن دا بمێننەوە شتێکی زۆر دوورە. بەپێچەوانە پارسەنگی هێزەکان لەجیهان داو هەروەها وەزعی گشتیی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست نیشان دەدەن کە ئاڵوگۆرەکە زۆر خێراتر دەچێتەپێش. ـ دانەر.

دڵخوازانەی زۆر گەورەتر پێك بێ کە بەقازانجی گەلی کوردو نەتەوەکانی دیکەش تەواو بێ. بۆیە ئەو سنوورانەی ئێستا لە داهاتوودا ئیتر ئەوەندە گرنگ نابن. یەکیەتیی دڵخوازانەی نەتەوەکان لەسەر بناخەی هەڵبژاردنێکی ئازاد لەداهاتوودا تەنیا شێوەی پێوەندیی ئەنتێرناسیۆنالیستی دەبێ. ئەوەشە ڕێگای چارەسەری لێنین بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی کە بۆ یەکەم جار لە یەکیەتیی سۆڤیەتی دا سەرکەوت. بەڵام دامەزرانی یەکیەتی‌یەکی ئازادانە کارێکی درێژخایەنەو پێویستیی بە وەخت و تێکۆشانێکی زۆر هەیە.

ئێستا نیو چەرخ بەسەر ئەو کاتەدا رادەبرێ کە لینین نووسیویەتی:

**"ئەو یەکیەتی‌یە دەسبەجێ پێك نایە. دەبێ ئەو یەکیەتی‌یە بەسەبرو دووربینی‌یەکی زۆرەوە وەدی بهێنین، بۆئەوەی هیچ شتێك تێك نەدەین و ڕێگای زاڵبوون بەسەر ئەو گومان و دوودڵی‌یەدا بدۆزینەوە کە چەند چەرخ چەوساندنەوەی دەرەبەگایەتی و سەرمایەداری و ملکداریی تایبەتی و کێشەی دابەش کردنی ملکە تایبەتی‌یەکان و سەرلەنوێ دابەش کردنەوەیان بۆ ئێمەیان بەجێ هێشتوە".**(١٢)

چارەسەرکردنێکی خێرای گیروگرفتە ئابووری‌یەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و قازانج و گیروگرفتی هاوبەشی گەلانی ئەم ناوچەیەو هەڵکەوتی جوغرافیایی مەڵبەندەکەو ئەو پێوەندی‌یە ئابووری و فەرهەنگی‌یانە کە لە نێوان نەتەوەکانی ئەو مەڵبەندەدا دامەزراون و پاشان گرنگیی نەوت بۆ ئابووریی زۆربەی ئەم وڵاتانە، هەمووی ئەوانەو زۆر مەسەلەی ئابووری و سیاسی کە لە داهاتوودا دێنەپێش، پێویستی‌یان بە یەکیەتیی دڵخوازانە لە نێوان نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا هەیە، یەکیەتی‌یەك کە لەسەر بناخەی دێموکراسی‌و ئەنتێرناسیۆنالیستی و پێوەندی‌یەکانی سۆسیالیستی دامەزرابێ. ئەوەش لەباری ئابووری‌یەوە بەمانای پێکهێنانی چەند ئابووری‌یەکی نەتەوایەتی مینیاتۆر نیە، بەڵکوو بەمانای پێکهێنانی چەند واحیدێکی گەورە یا لانی‌کەم ناوچەیی‌یە. تەنیا سۆسیالیزمیشە کە دەتوانێ مەسەلەی نەتەوایەتی لەسەر بنچینەی وەك یەك

---

(١٢) لینین: "نامەیەك بۆ کرێکاران و جووتیارانی ئۆکراین"، دانراوەکان، چاپی چیکی، بەرگی ٣٠، ل٢٩٤.

بـوونی نەتـەوەکان چارەسـەر بکـا. سۆسـیالیزم دەتوانـێ لەماوەیـەکی کـورتی مێژوویی دا جێگای هەموو هۆیەکانی ئەساسی ئەو نابەرامبەرییـە کـە لـەپێش دا هـەبووە پـڕ بکاتـەوە، ئـەو هۆیانـەش بـریتین لـە پاشـکەوتوویی ئـابووری و فەرهەنگیی نەتەوە ژێردەستەکان. بەڵام ئەوەی پێویستیی بە ماوەیـەکی درێـژتر هەیە، گۆڕینی چەشنی بیرکردنەوەی خەڵکە لەبارەی مەسەلەی نەتەوایەتی‌یەوە، واتـە خۆبـەزل گـرتن و شـۆوێنیزم لـە مێشـکی رۆڵـەکانی نەتـەوەی گـەورەداو ناسیۆنالیزم و دڕدۆنگی لە دڵی رۆڵەکانی نەتـەوەی چـکۆلەدا. کـەوابوو، لابردنـی نابەرامبـەری لـەنێوان نەتـەوەکان دا وەختێکـی زۆرو هـەوڵ و تەقەلایـەکی بەردەوامی پێویستە بۆئەوەی کۆمـەڵانی خـەڵك بـەگیانێکی ئەنتێرناسیۆنالیسـتی پەروەردە بکرێن.

## ئەنجام

مەبەستی ئێمە لە لێکۆڵینەوەی پێوەندییەکانی وەرزێری و گەشەکردنی مێژوویی ئەو پێوەندییانە دەرخستن و نیشان دانی هەمووی ئەو پێوەندییە کۆمەڵایەتییانە بوو کە کۆمەڵی کوردەواریی ئەمڕۆیان لێ پێک هاتوە. ئێمە نیشانمان دا کە زۆر هەلومەرجی نێوخۆو دەرەوە بوونە هۆی ئەوە کە هێزە بەرهەمهێنەرەکانی لادێی کوردستان و کۆمەڵی کوردەواری بەگشتی، زۆر لەسەرەخۆ پێش بکەون.

لە هەر ماوەیەکی دیاریکراوی مێژوویی دا زۆر هۆی جۆربەجۆر کاریان کردۆتە سەر رەوتی پێشکەوتنی ئەو مەڵبەندە، وەك پەلاماری عەشیرەتەکانی بێگانەو ئەو شەڕانە کە تا بڕانەوەی سەدەی نۆزدەهەم بە کردەوە درێژەیان هەبووەو کەم بوونی ژمارەی دانیشتووان و لێنەوەشاوەیی حکوومەتی ناوەندی و هتد... هەروەك دۆزرانەوەی چەند ڕێگایەکی تازە بۆ هیندوستان لەڕێگای جنووبی ئەفریقاو تۆکەندی سوئێزەوە زیانیان لەنەخشی جیهانیی ئەو مەڵبەندە داوە. لەگەڵ ئەوەش دا هۆی هەرە گرنگی کەمتر پێشکەوتن، یا پێش نەکەوتنی ئەو مەڵبەندە بوونی پێوەندییەکانی ئابووریی تەبیعی لە بەرهەمهێنان دا بووە. ماوەی چەند سەدە ملکانەی بەشتوومەك لەگۆڕێدا بووەو وەك لەپێشەوە گوتمان ئابووریی تەبیعی کە شێوەی ملکانەی بەشتوومەکی بەخۆیەوە گرتبوو، ببووە هۆی خۆژیوی لە وەرزێری دا. پێوەندیی ئاڵوگۆڕو بازاڕی خۆوڵاتییش زۆر لەسەرەخۆ پەرەیان دەستاند. پێوەندییەکانی وەرزێرییش لەبەر ئەوەی نێوەرۆکی سەرەکیی پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان بوون، پێشکەوتنی هێزە بەرهەمهێنەرەکانیان زۆر وەدرەنگ خستوە.

هەتا سەدەی نۆزدەهەم کە کوردستان بۆتە بەشێك لە بازاڕی سەرمایەداری، کۆمەڵی کوردەواری لەو پێش نەکەوتنەدا ماوەتەوە. لەوکاتەشەوە دەرەبەگایەتی و پێوەندییەکانی دەرەبەگایەتی بوونە نێوەرۆکی هەرە گرنگ و ئەساسیی کۆمەڵی کوردەواری. بێجگە لەوەش پاشماوەی عەشیرەت و پێوەندییەکانی عەشیرەتگەری تەئسیریان لەنێو کۆمەڵدا هەر ماوە.

پێوەندیی کوردستان بەبازاڕی جیهانییەوە هێندێك ئالۆگۆڕی گرنگی لەگەڵ بوون. وەك جێگیربوونی ملکداریی دەرەبەگایەتی و پەیدابوونی جیاوازی لە لادێ و برانەوەی ملکداریی هەرەوەزیو هەلوەشانەوەی پێوەندییەکانی عەشیرەتەگەری و پەرەگرتنی دابەشکردنی کۆمەلایەتیی کارو گەشەکردنی بازاڕی نێوخۆو دەرەوەو پەیدابوونی بۆرژوازیی نیشتمانیی کورد. بەلام سەرەڕای ئەو هەموو ئالۆگۆڕەش، وەك لەپێشەوە گوتمان، پێوەندیی دەرەبەگایەتی لەبناخەدا وەك خۆی مایەوە.

هەرچەند لەو سەردەمەدا پێوەندییەکانی دەرەبەگایەتی فەرمانڕەوا بوون، بەلام دیسان پاشماوەی پێوەندییەکانی عەشیرەتگەری و (پاتریارکا)ش مابوون و پێوەندییەکانی سەرمایەدارییش دەستیان بە گەشەکردن کردبوو. لەئەنجام دا پێوەندییەکانی عەشیرەتگەری لەنێو چوون و پێوەندییەکانی دەرەبەگایەتییش بەرەبەرە کز بوون و پێوەندییەکانی سەرمایەداری پەرەیان ئەستاند. دیارە ئەوکارە گیروگرفتی زۆر لەپێش دا بوون و چەند هۆیەك ببوونە کۆسپی بەرەوپێشچوونی. دەرەبەگەکان کە پێگەی هەرەگرنگی توێژەکانی فەرمانڕەوا بوون، دەسەلاتی سیاسیی خۆیان بۆ ڕاگرتنی ڕەوڕەوەی پێشکەوتنی کۆمەڵ و هێشتنەوەی پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان دەخستەکار.

لەسەدەی نۆزدەهەم و بیستەم دا ئیمپریالیزم وەك هۆیەکی دەرەوە کارێکی زۆری کردە سەر ژیانی کۆمەلایەتی. لەوکاتەدا دیاردەیەك دروست ببوو کە ناتەبایی لەنێودا هەبوو: لەلایەك ئیمپریالیزم وەك بەرزترین پلەی سەرمایەداری هەولی دەدا ولاتێك بهێنێتە ژێر دەستی خۆی و دەست بەسەر دارایی و سامانەکەیدا بگرێ و بیکاتە مەیدان بۆ دەرچواندنی سەرمایە، کە ئەو کارەش لەراستی دا دەرچواندنی پێوەندیی بەرهەم هێنانی سەرمایەدارییە. لەلایەکی تریشەوە لەنێوەوەی ولات دا دەرەبەگەکان تەنیا هاوپەیمان و پێگەی ئیمپریالیزم بوون. واتە ئیمپریالیزم لەگەڵ هێزێك ڕێك کەوتبوو کە دەیەویست پێوەندییە ڕزیوەکانی کۆن بمێننەوە. ئیمپریالیزم پشتی دەرەبەگەکانی دەگرت لەدژی ئەو هێزانە کە دەیانەویست کۆتایی بە زۆرداریی نەتەوایەتی بهێنن و پێوەندیی دەرەبەگایەتی لەنێو بەرن و پێوەندییەکی نوێ و پێشکەوتووانەی

لـەجێگا دابنـێن. ئەوانـە هـەموویان بوونـەهۆی بـەهێزبوونی خـەباتی دژی ئیمپریالیستی و خەبات دژی زۆرداریی نەتەوایەتی.

پایەی هێزە بەرهەمهێنەرەکان کە لەپێشەوە باسمان کرد، بەتـەواوی لەگـەڵ شێوەکانی ملکانـەی زەوی ڕێك دەکـەوێ. بێجگـە لـە ملکانـەی بەشـتوومەك کـە شێوەی سەرەکیی ملکانەی زەوییە، ملکانەی بەکارو ملکانەی بـەدراویش هەیـەو لەهێندێك مەڵبەندا ملکانـەی زەوی شـێوەی ملکانـەی سـەرمایەداری بەخۆیـەوە گرتوە. ملکانەی بەشتوومەك لە نەزمی شەریکەبەشی دا دەردەکەوێ کـە دەبێتـە هۆی گۆڕانی پێوەندییەکانی دەرەبەگایەتی بە پێوەنـدیـیـەکانی سـەرمایەداری. بـەڵام ئـەو گۆڕانـە کـارێکی زۆر لەسـەرەخۆو درێژخایەنـە. چـونکە جووتیـار کـە بەڕواڵەت ئازادە، لەچەند لاوە بە زەوییەوە بەستراوەتەوەو بـەکردەوە ناتوانـێ بـەجێی بهێڵـێ. کـەوابوو، بزووتنـەوەی هێـزی کـار چ لـە شـارو چ لـە دێ زۆر بەرتەنگە. پێوەندییـەکانی دەرەبەگایـەتی هـەر لەوکاتـەدا کۆسـپی پـەرەگرتنی بازرگانی و ئـاڵوگۆڕی ئازادیشـن و هەربۆیـە دەبنـە کۆسـپی گەشـەکردنی بـازاڕی خـۆولاتییش. سـوودخواردنی دەرەبـەگ و خـاوەن ملـك و پیـاوە ئـایینییـەکان و بازرگانەکانی شاریش لەو بارەیەوە نەخشێکی خراپی هەیە، بەڵام لەگەڵ هەمووی ئەوانـەش دا نـەزمی شەریکەبەشـی بـەهۆی ئەساسـیی پـێش نەکـەوتنی هێـزە بەرهەمهێنەرەکانی کوردستان دادەنرێ.

نزم بوونی بەرهەمداریی کاریش لەپێش هەموو شتێك دا دەگەڕێتەوە بـۆ سـەر پێوەندییە کۆنەکانی بەرهەم هێنان. ئامرازەکانی بەرهـەم هێنـان لـە رادەبـەدەر سەرەتایین و پێویستییان بە کـارێکی زۆری جووتیـار هەیـە. نـزم بـوونی پایـەی بەرهەمداریی کار لەوەش دا دەردەکەوێ کە بەرهەم هێنـانی وەرزێـری بەتـەواوی لەسـەر پەرەپێـدانی زۆرکێڵیـی وەرزێـری سـاخ بۆتـەوە. ئێمـە لەپێشـەوە باسـی بێکاریی لادێی کوردستانمان کرد، لەگەڵ ئەوەی خـەڵك برسـییـە بەشـێکی زۆری ئەو هاونیشتمانانەی دەتوانن کار بکـەن، زۆر بەکـەمی کاریـان دەسـت دەکـەوێ. ئەوانـە نـاش تـوانن بـە ئـازادی بگوێزنـەوە بـۆ شـارەکان. هەرچـەند لەهێنـدێك مەڵبەندا کۆچ کردن تا رادەیەك ئازادە، بەڵام ئەوانەی دەچنە شاریش کەم وایـە کاریان بۆ پەیدا بێ.

له ئاژەڵدارییش دا پێوەندییەکانی دەرەبەگایەتی و عەشیرەتگەری لەسەر کارن. لەو لقەی وەرزێری دا پێوەندیی هۆبە زۆر بایەخدارە. داب و شوێنی هۆبە رێگا بۆ پێکهاتنی کۆمەڵە هەرەوەزییەکان خۆش دەکا کە دەتوانێ رۆڵێکی باش لە گۆڕینی باری ئاژەڵداری و کشتوکاڵدا بەگشتی یاری بکا.

لەبەشەکانی پێشەوەی ئەم باسە نەتیجە وەردەگرین کە ئەو کەسانەی کوردستان و کۆمەڵی کوردەواری وەك کۆمەڵە عەشیرەتێکی کۆچەر سەیر دەکەن، زۆر بەهەڵە چوون. چونکە عەشیرەتی کۆچەر بەمانای تەواوی وشە، لە کوردستان دا هەر نیە. عەشیرەتە نیوە کۆچەرەکانیش هەمیشە کەم دەبنەوە. لەبەر چەند هۆیەکی جیاجیاو بەتایبەتی لەبەر پێوەندیی کوردستان بەبازاڕی جیهانی و بەرەوپێشچوونی پێوەندیی سەرمایەداری، عەشیرەتەکان تا رادەیەکی زۆر گۆڕاون. هەرچەند تا ئێستاش پاشماوەی پێوەندییەکانی عەشیرەتگەری ماوە، بەڵام عەشیرەت بەشێوەی ئەسڵیی خۆی نەماوەو بەرەبەرە بەیەکجاری هەڵدەوەشێ.

کەوابوو، کۆمەڵی کوردەواری وەك هێندێك لەو وڵاتە ئەفریقاییانەی ئەم دواییانە سەربەخۆیی خۆیان راگەیاندوە، کۆمەڵێکی عەشیرەتی نیە.

لێکدانەوەی وەزعی جووتیارەکان دەری خست کە پایەی ژیانی جووتیاری کورد یەکێك لە نزمترین پایەکانی ژیانە لە جیهان دا. ئەوەش لە رادەی داهاتی سەرانە دەردەکەوێ کە لەساڵدا دەگاتە ١٠٠ دۆلار. وەك لە پێشەوەش گوتمان داهاتی ساڵانەی بەشی زۆری جووتیارەکان لە ٣٠ دۆلاریش کەمترە.

ئاسۆی گەشەکردنی سەنعەتیش تا رادەیەکی زۆر تاریکەو ئەوەش دەبێتە کۆسپی پێگەیشتنی چینی کرێکارو بۆرژوازیی نیشتمانی لە وڵات دا. بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین گرنگترین کۆسپی گەشەکردنی سەنعەت لەنێوخۆدا پێوەندیی دەرەبەگایەتی و لە دەرەوەش تەوژمی ئیمپریالیزمە. ئەم دوو هۆیە بوونە کۆسپ لەسەر رێگای دامەزراندنی سەنعەتی خۆماڵی و پێشکەوتنی وڵات بەگشتی بێجگە لەوەش کە ئەوانە لەبناخەوە کۆسپی پێگەیشتنی سەنعەتی نیشتمانین.

هەمووی ئەو هۆیانە لە پەرەگرتنی سست و لەسەرەخۆی بازاڕی خۆماڵیش دا خۆ دەنوێنن. ئەوەش ئەنجامی پێوەندییەکانی بەرهەم هێنان و نفووزی

مۆنۆپۆلەکانی بێگانەیە کە بازرگانیی دەرەوەیان وەك وەسیلەیەکی کاریگەر بەدەستەوەیە. بازاڕەکان پڕ کراون لە شتوومەکی بێگانەو لەبەر نزم بوونی پلەی بەرهەمداریی کاریش سەنعەتی خۆولاتی ناتوانێ رقەبەریی لەگەڵ بکا. لەبەرئەوەی دەوڵەتیش یارمەتی نادا سەنعەتی خۆولاتی وردە وردە بەرەو لەنێوچوون دەڕوا.

بەکورتی، کوردستان مەڵبەندێکی دواکەوتووی ئابوورییە کە وەك زۆر ولاتی دواکەوتووی تر هێزە بەرهەمهێنەرەکانی یەك لایەنی گەشەیان کردووەو تا ئێستا لە پلەیەکی زۆر نزم دان و پاشماوەیەکی بەهێزی پێوەندییەکانی دەرەبەگایەتییشیان پێوە دیارە.

یەکێك لە گرنگترین دیاردەکانی سەردەمی ئێمە رووخانی سیستمی موستەعمەراتییە. نەتەوە ژێردەستەکان یەك لەدوای یەك رزگار دەبن. لە ئاسیا سیستمی موستەعمەراتی خەریکە بەتەواوی لەنێو دەچێ. بەلام لە رۆژهەلاتی نێوەڕاست تا ئێستاش هێندێك مەڵبەند لەژێر دەسەلاتی ئیستیعماردا ماون. تەنیا نەتەوەیەکی گەورەی ئەو مەڵبەندە کە تا ئێستا رزگار نەبووەو لەمافی نەتەوایەتیو سەربەخۆیی سیاسی بێبەشە، نەتەوەی کوردە. هەرچەند کوردستان بەمانای تەواوی وشە موستەعمەرە نیە، بەلام باری سیاسیی کوردستان زۆر لەوە نیزیکە. بێجگە لەوەش کە کوردستان لەنێو چەند ولات دا دابەش کراوە.

ئەگەر هەلومەرجی مێژوویی و ناوچەیی لەبەرچاو بگرین، دەبینین کە کوردستان هەموو هەلومەرجێکی پێویستی بەرێوەبەرایەتیی خەباتی نیشتمانیی تێدا هەیە بەو شەرتە هێزە پێشکەوتووەکانی ولاتانی دراوسێ پشتیوانیی لێ بکەن.

وەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتی و بەتایبەتی مافی دیاریکردنی چارەنووس قۆناخێکی هەرەگرنگی مێژوویی نەتەوەی کوردە. بەلام تا کاتێك کۆتایی بە دەسەلاتی ئیمپریالیزم لە رۆژهەلاتی نێوەڕاست دا نەهاتوە، چارەسەرکردنی ئەم لایەنەی گیروگرفتەکە ئیمکانی نیە. کەوابوو، خەبات بۆ رزگاری و سەربەخۆیی کوردستان بەشێکە لە خەباتی دژی ئیمپریالیستیی هەموو نەتەوەکانی رۆژهەلاتی نێوەڕاست. هەر لەوکاتەدا چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد بە سەرکەوتنی

دێموکراتی و هێزە دێموکراتی‌یەکانەوە بەستراوە. چارەسەر کردنی مەسەلەی کوردو وەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەی کورد بەبێ دێموکراتی ئیمکانی نیە. هەر لەبەر ئەوەش تێکۆشان بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد بۆتە بەشێك لە خەباتی هێزە دێموکراتی‌یەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەپێناوی چەسپاندنی دێموکراتی دا.

مەسەلەی کورد دەبێ لەسەر بناخەی هەلومەرجی تایبەتیی ژیانی نەتەوەی کوردو وەزعی وڵاتەکە چارەسەر بکرێ و پێویستە ڕادەی گەشەکردنی ئابووریی وڵاتەکەو گیروگرفتەکانی داب‌وشوێنی فەرهەنگی و ئایینیی گەلی کورد لەبەرچاو بگیرێن. وەشوێن کەوتنی کوێرانە لە چارەسەرکردنی مەسەلەی کورددا زیانی زۆر گەورەی بۆ ئامانجی دوارۆژ تێدا دەبێ.

چارەسەرکردنی دێموکراتیی مەسەلەی نەتەوایەتی پێویستیی بە ڕێزگرتنی تەواو لە بیروباوەڕی ئەنتێرناسیۆنالیستی هەیە. کوردیش وەك هەموو نەتەوەیەکی دیکە مافی دیاریکردنی چارەنووسی تا ڕادەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ هەیە. ئەو مافە بۆ نەتەوەی کورد بەمانای مافی یەکخستنەوەی نیشتمانەکەیەتی. تەنیا لەڕێگای داننان بەو مافە لەسەر بناخەی بیروباوەڕی ئەنتێرناسیۆنالیستی‌یەوە ڕێگا بۆ پێکهاتنی یەکیەتی‌یەکی دڵخوازانە لەنێوان نەتەوەی کوردو نەتەوە فەرمانڕەواکانی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا دەکرێتەوە.

سۆسیالیزم ڕێگا بۆ چارەسەرکردنی یەکجاریی مەسەلەی نەتەوایەتی دەکاتەوە، کە یەکێك لە دژوارترین مەسەلەکانی ڕۆژگاری ئێمەیە. سۆسیالیزم دەتوانێ هەموو لایەنەکانی نەتەوایەتی و سیاسی و ئابووریی مەسەلەی کورد بەیەکەوە چارەسەر بکا، هەروەك ڕێگای چارەسەرکردنی هەمووی ئەو مەسەلانەش نیشان دەدا کە پێوەندی‌یان بە پێشکەوتنی ئابووری‌یەوە هەیە. گەشەکردنی سۆسیالیستی نەك هەر دەستەبەری پێشکەوتنی ئابووری‌یە، بەڵکوو کۆتایی بە چەوسانەوەی ئینسان لەلایەن ئینسانەوە دێنێ و دەبێتە هۆی دابەشکردنێکی دادپەروەرانەی داهاتی نەتەوایەتی لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵدا، دابەش کردنێك کە پێوانە ئەساسی‌یەکەی کاری ئینسان بێ.

سۆسیالیزم ڕێگا بۆ کوردستان خۆش دەکا کە هەتا پشتێك دەبڕێتەوە، لە وڵاتێکی پێشکەوتووی وەرزێری‌یەوە ببێتە وڵاتێکی پێشکەوتووی سەنعەتی. کوردستانێکی ئەو هەموو سامانە زۆرەو بەتایبەتی ئەو هەموو زەخیرە نەوتەی هەیەو کوردستانێکی گەلەکەی بە ئازاو بەکار ناسراوەو کوردستانێکی دراوسێی یەکیەتیی سۆڤیەتی‌یە کە ئامادەیە یارمەتی‌یەکی بەنرخی هەموو لایەنی پێشکەش بەو وڵاتانە بکا کە خەریکی دروست کردنی سۆسیالیزمن، ئەو کوردستانە لەماوەیەکی مێژوویی کورت دا دەتوانێ ببێتە باخی پشکووتووی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

## دوا قسە بۆ چاپی کوردی

شۆرشی ژووئیەی ١٩٥٨ ئاسۆیەکی نوێی بۆ گەلی کورد کردەوە. بە پاداشی بەشداربوونی گەلی کورد لە خەبات دژی رێژیمی نووری سەعید دا دەستووری کۆماری عیراق رایگەیاند کە: "کوردو عەرەب لەم نیشتمانەدا هاوبەشن". گەلی کورد لە یەکەم سالّی شۆرش دا بەرهەمی زۆر گرنگی لە دابین کردنی مافە نەتەوایەتی و سیاسییەکانی دا وەدەست هێنا. بەرە بەرە ئەو هیوایە بەهێز ببوو کە هەلومەرجی سەرەتایی بۆ چارەسەرکردنێکی دروست و ئاقلانەی مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی کۆماری عیراق دا خەریکە پێک دێ، چارەسەرکردنێک کە لەوانە بوو ببێتە نموونەیەک بۆ هەموو ئەو ولاتانەی کوردستانیان لەنێو دا دابەش کراوە. بەتایبەتی سروشتی نیشتمانی و دژی ئیمپریالیستیی حکوومەتی پاش شۆرش ئیمکانی ئەو چارەسەرکردنە دێموکراتی و عادلانەیەی تێدا بەدی دەکرا.

لەو بارەیەوە هێندێك هەنگاوی سەرەتایی هەلێنرانەوە. کوردێك بوو بە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی کە لەسێ ئەندام پێك هاتبوو، چوار وەزیری کورد لە حکوومەت دا بەشدار بوون، دروشمی دەولەتی تازە نیشانەی سەردەمی وەك یەك بوونی دوو نەتەوەی عەرەب و کورد بوو، چونکە خەنجەری کوردو شمشێری عەرەب بەسەر یەکتردا تێپەریبوون، بارزانی سەرکردەی ناوداری کورد کە لەسالّی ١٩٤٧ەوە لە یەکیەتیی سۆڤیەتی بوو گەرایەوە عیراق و وەك قارەمانێکی نیشتمانی پێشوازیی لێکرا، پارتی دێموکراتی کوردستان بەرەسمی ناسراو زیاتر لە ٢٠ رۆژنامەو گۆڤار بەزمانی کوردی دەردەچوون کە چواریان رۆژانە بوون.

بەلام ئەو سەردەمە پیرۆزە تەمەنی زۆر کورت بوو. چونکە بەندی سێهەمی دەستوور جێبەجێ نەکراو هەلسووراندنی کاروباری عیراق هەروا پەیرەوی مەرکەزییەتێکی توند بوو. لەکوردستانی عیراقیش هیچ گۆرانێکی ئەوتۆ نەهاتەدی کە لەگەلّ ئامانجەکانی گەلی کورد رێك بکەوێ. تەنانەت ناوی "کوردستان" بەرەسمی هەر قەدەخە بوو. نەك هەر ئەوە، دوو سالّ پاش شۆرش حکوومەتی قاسم دەستی کرد بە جێبەجێ کردنی سیاسەتی دژی دێموکراتیی

خـۆی و وێـڕای تونـدکردنی زەبـرووزەنگ دژی هێـزە ئازادیخوازەکـان و قەدەغـە کردنی ئازادی‌یە دێموکراتی‌یەکان، توندوتیـژیی دژی دەسـکەوتەکانی گـەلی کـورد دەست پێکردو پاش ماوەیەك تەنانـەت لەشـکرێکی زۆریشـی نـاردە کوردسـتانی عێراق.

لەبەرئـەوە، هـەموو ئـەو دەسـکەوتانە کـە جووڵانـەوەی نەتەوایـەتیی کـورد وەدەستی هێنابوون ئەستێندرانەوەو ڕۆژنامەی "خەبات" داخـراو پاشـان هـەموو ڕۆژنامە کوردی‌یەکان دەستیان بەسەردا گیرا. مستەفا بـارزانییش کـە لـە بەغـدا لەخۆی ئەمین نەبوو گەڕایەوە بۆ بارزان و زۆر کەس لە کوردەکـان کـە مەترسـیی گیرانیان هەبوو، خۆیان شاردەوە، یان چـوون بـۆ کوردسـتان بـۆ پـاڵ بـارزانی و لایەنگرەکانی.

لەبەهاریساڵی ١٩٦١دا وەزع لە کوردستانی عێراق شپرزەتر بوو. حکوومەتی قاسم بەیارمەتیی هێندێك سەرۆك عەشیرەتی کۆنەپەرست و خاوەن مڵکە زلـەکان دەسـتی کـرد بـە ئاژاوەنانەوەیـەکی چـەکدارانە بۆئـەوەی لەکوردسـتان شـەڕ هەڵایسێنێ. ئەم سیاسەتە هەر درێژەی هـەبوو، هـەتا لـە پـاییزی سـاڵی ١٩٦١دا وای لـێهات کە کوردەکان بۆ پاراستنی گیان و ماڵی خۆیان ناچار بـوون دەست بدەنە چەك. سیاسەتی دژی دێموکراتی و دژی نیشتمانیی قاسـم و پـەلاماربردنی بۆ سـەر کوردسـتان بەرەبـەرە بـوون بـەهۆی نـاڕەزایی هـەموو گـەلی کـوردو زۆر لەنیشـتمانپەروەرانی عـێراق. ئـەم پـەلامارەو بۆمبـارانی دانیشـتووانی بێدیفـاعی کوردسـتانی عـێراق و سـووتاندنی گونـدەکان و بـەکارهێنانی تـەوژمی سیاسـی و عەسـکەری و هـەروەها گـەمارۆدانی ناوچـە کـوردی‌یـەکان لـەباری ئـابووری‌یـەوە بەرهەمیان تەنیا ئەوەندە بوو کـە بەربـەرەکانیی کۆمـەڵانی خـەڵکی کوردسـتانی عێراقیان زیاتر کرد. بەم جۆرە شەڕێکی درێژی چـەند سـاڵە دەسـتی پـێکرد کـە هەتا ١١ی مارسی ١٩٧٠ کۆتایی نەهات.

ئەم شەڕە براکوژی‌یە بوو بەهۆی تێکچوونی باری سیاسی و ئابووریی عـێراق. لەو ماوەیەدا چەند جار وەزعی سیاسـیی عـێراق گـۆڕدرا. نـەبوونی سـەقامگیریی سیاسی وەزعی ئابووریی وڵاتەکەشی بەتەواوی تێك دا. عـێراق لـەباری ئـابووری-یەوە دوا کەوت و ژیانی کۆمەڵانی خەڵك لە کوردستان و بەشی عەرەبی ڕۆژبـەڕۆژ

شپرزەتر بوو. پێوەندیی دۆستایەتیی دوو گەلی کوردو عەرەب کە بەدرێژایی مێژوو دۆست و برا بوون، زەربەیەکی زۆری وێ کەوت.

ئەم شەڕە درێژخایەنە چەند راستی‌یەکی بەتەواوی سەلماند. یەکەم ئەوە کە گەلی کورد لە کوردستانی عیراق لەسەر خەباتی خۆی بۆ وەرگرتنی مافە رەواکانی بەردەوامەو هەتا وەدەستهێنانی ئەو مافانە خەباتی خۆی درێژە پێدەدا. دووهەم ئەوە کە رێگای چارەسەرکردنی گیروگرفتی کورد رێگای شەڕو لەشکرکێشان نیە، بەڵکوو بەڕەسمی ناسینی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلی کوردو کارکردن بۆ جێبەجێکردنی ئەم مافەیە. سێهەم دەرکەوت کە هەتا ئاشتی‌یەکی پایەدار لە کوردستانی عیراق پێك نەیەو مەسەلەی کورد چارەسەر نەکرێ، وەزعی عیراق بەگشتی رووی هێمنایەتی نابینێ. بەڕاستییش بەبێ چارەسەرکردنی تاسەری مەسەلەی کورد لە کوردستانی عیراق هەڵوێستی عیراق لەنێو وڵاتە عەرەبی‌یەکانیش دا کز دەبێ و عیراق ناتوانێ وەك پێویستە رۆڵی خۆی لەمەیدانی سیاسەتی عەرەبی و بەگشتی لەرۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا یاری بکا.

هەروەها تاقیکردنەوە نیشانی دا کە وەدیهێنانی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عیراق لەچوارچێوەی کۆماری عیراق دا باشترین شێوەی چارەسەرکردنی گیروگرفتی کوردە. ئەم شێوەیە هەم مافی گەلی کورد دابین دەکاو هەم یەکیەتیی کۆماری عیراق دەپارێزێ و هەم ئیمکانێکی تەواو پێك دێنێ بۆئەوەی عیراق ببێ بە بنکەیەکی پتەوی دێموکراتی و دژی ئیمپریالیستی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا. نەك هەر ئەوە، چارەسەرکردنی بەئاشتی و دێموکراتیی گیروگرفتی کورد لە عیراق رێگا بۆ یەکگرتنی ستراتیژیی جووڵانەوەی نەتەوەی کوردو جووڵانەوەی نەتەوەی عەرەب خۆش دەکا، یەکگرتنێك کە کار دەکاتە سەر چارەنووسی هەردوو نەتەوەکەو هەموو ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

لەپاش ١٧ی تەممووزی ١٩٦٨ کە حیزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست لە عیراق هاتە سەرکار، هەموو ئەو راستی‌یانەی خستە بەرچاو و بەرەبەرە دەستی کرد بە رێگا خۆش کردن بۆ وەستاندنی شەڕ لە کوردستانی عیراق دا.

پاش وتووێژێکی زۆر لەنێوان سەرکردایەتیی جووڵانەوەی گەلی کوردو حیزبی بەعس دا هەردوولا لەسەر بەندەکانی بەیاننامەی ١١ی مارسی ١٩٧٠ رێك کەوتن.

بەیاننامەی ١١ی مارس لەچەند بارەوە گرنگ بوو. بۆ یەکەم جار لە مێژووی نوێی گەلی کورددا حیزبێك کە دەسەلاتی سیاسیی بەدەستەوە بوو، کەواتە حکوومەتێك نەك هەر دانی بەوەدا نا کە کورد نەتەوەیەکی جیاوازەو پێویستە بەمافی نەتەوایەتیی خۆی بگا، بەلکوو بە ئاشکرا خودموختاریی بۆ گەلی کورد بەشێوەی چارەسەرکردنی گیروگرفتی کورد پەسند کرد. ئەمە نوختەی گۆڕانێك بوو لەمێژووی نوێی گەلی کورددا. هەر لەوکاتەدا بەیاننامەی ١١ی مارس ڕێگای بۆ وەدیهاتنی دروشمی ئەساسیی شۆرشی کوردستانی عیراقیش ـ دێموکراسی بۆ عیراق و خودموختاری بۆ کوردستانی عیراق ـ خۆش کرد. کۆتایی هاتنی شەڕی دەساڵەو دەرچوونی بەیاننامەی ١١ی مارس سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ گەلانی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست. چونکە کۆسپێکی زۆر گەورەی لەسەر ڕێگای پێشکەوتنی عیراق هەلگرت و شەرتێکی زۆر پێویستی بۆ ئەوە کە عیراق ببێتە بنکەیەکی پتەوی خەباتی دژی ئیمپریالیستی لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست دا ئامادە کرد. دەرچوونی بەیاننامەی ١١ی مارس نەك هەر سەرکەوتنی گەلی کورد لە کوردستانی عیراق بوو، بەلکوو سەرکەوتنێك بوو بۆ گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان داو نموونەیەکی باشی ڕێگای چارەسەرکردنی گیروگرفتی کوردی بەدەستەوەدا. بەم جۆرە ئەزموونێکی سیاسیی بێوێنە لەعیراق لەگۆڕێ دایە. سەرکەوتنی ئەم ئەزموونە بۆ چارەنووسی گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان یەکجار زۆر گرنگە. گەلی کورد لەئێران و تورکیاو سووریا بەئاواتەوە سەیری وەزعی کوردستان عیراق دەکاو هیوای ئەوەیە کە حیزبی بەعسی سۆسیالیستی عەرەبی کە هێندێ هەنگاوی زۆر بەنرخی وەك میللی کردنی نەوتی کەرکووك، دانانی پەیمان نامەی نیشتمانی و ڕێگاخۆش کردن بۆ پێکهێنانی بەرەی نیشتمانی لەنێو هێزە نیشتمانی و دێموکراتیەکانی عیراق دا هەلێناوەتە، پێکەوە لەگەل سەرکردایەتیی جوولانەوەی گەلی کورد لە کوردستانی عیراق گیروگرفتی کورد لەعیراق بەشێوەیەکی دێموکراتی و بەئاشتی و تاسەر چارەسەر بکەن. ئەودەم نە کۆنەپەرستیی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست بەگشتی و ڕێژیمی شا بەتایبەتی و نە ئیمپریالیزم لە جێبەجێکردنی پلانە دژی گەلیەکانیان دا سەرناکەون و سەرکەوتن هەر بۆ گەلان دەبێ.

## ئەم وشەو زاراوانە بزانە

| کوردی | فارسی | عربی |
|---|---|---|
| ئاژەڵداری | دامپروری | الانتاج الحیوانی |
| ئاودێری | آبیاری | الرّیّ |
| بارتەقایی | توازن | التوازن |
| ئاوسانی دراوی | تورم پولی | التضخم النقدی |
| باڵ بەسەردا کێشان | تحت الحمایگی | الانتداب |
| بانوو | فلات | الهضبة |
| بایی | ارزش | القیمة |
| بەرهەمداریی کار | حاصل بخشی کار | انتاجیة العمل |
| بیلانی بازرگانی | بیلان بازرگانی | المیزان التجاری |
| پاڵوێنەخانە | پالایشگاه | المصفی |
| پلان دارشتن | برنامەریزی | التخطیط |
| پەرەپێدانی زۆرکێڵی | توسعەء افقی کشاورزی | التوسع الافقی فی الزراعة |
| تەوژم | فشار | الضغط |
| خانەنشینی | بازنشستگی | التقاعد |
| خاوەن کارەکان | کارفرمایان | رجال اعمال |
| خەرجی بەراوردکراو | خرج قابل مقایسه | الکلفة المقارنة |
| خەستایی | وزن مخصوص | الکثافة |
| دابەشکردنی جیهانیی کار | تقسیم جهانی کار | التقسیم الدولی للعمل |
| داهاتی نەتەوایەتی | درآمد ملّی | الدخل القومی |
| دراوی قورس | ارز خارجی | العملة الصعبة |
| دراوی نێوبازار | پول در جریان | النقد المتداول |

| کوردی | فارسی | عربی |
| --- | --- | --- |
| دەرچوو | صادرات | الصادرة |
| دەرچووی لەمێژینە | صادرات سنتی | الصادرات التقليدية |
| دەرچوێن | صادرکننده | المصدّر |
| رایەڵەی ئاودێری | شبکهء آبیاری | شبكة الرّيّ |
| رقەبەری | رقابت | المنافسة |
| رێکی دەریا | سطح دریا | سطح البحر |
| زمانی فەرمانرەوا | زبان حاکم | اللغة السائدة |
| سەرژمێری | سرشماری | الاحصاء |
| سیاسەتی دەرگای ئاوەڵا | سیاست دروازەهای باز | سياسة الباب المفتوح |
| کاری بەرهەمدار | کار تولیدی | العمل الانتاجي |
| کرێکاری وەرزێری | کارگر کشاورزی | العامل الزراعي |
| کشتوکاڵ | تولید نباتی | الانتاج النباتي |
| کۆروکۆمەڵ | محافل | الأوساط |
| گۆترەکاری | تخمین | التخمين |
| گەریدە | جهانگرد | الرّحالة |
| مڵکانە | بهرهء مالکانه | ريع الارض |
| مڵکانەی بەشتوومەك | رنت جنسی | الريع النقدی |
| مڵکانەی بەکار | رنت کار | ريع العمل |
| مڵکداری | مالکیت | الملكية |
| مڵکداری تێکرایی | مالکیت دستەجمعی | الملكية الجماعية |
| مەزنایەتیی باوك | پدرشاهی | البطريقية (پاترياركا) |
| میتری شەش گۆشە | متر مکعب | المتر المكعب |
| نرخی راگەیەندراو | نرخ اعلان شده | السعر المعلن |

| کوردی | فارسی | عربی |
| --- | --- | --- |
| نەزمی شەریکەبەشی | مزارعه | نظام المحاصصة |
| وشکارۆ | قارەای | قاری |
| وڵاتانی پەرەئەستێن | کشورهای درحال رشد | البلدان النامية |
| وەرزێری | کشاورزی | الزراعة |
| هاتوو | واردات | الواردة |
| هەڵدانی ئابووری | رشد اقتصادی | التنمية الاقتصادية |

## سەرچاوەکان

١ـ ئابووریی جیهانی و پێوەندیی نێودەوڵەتان. (بەزمانی رووسی، مۆسکۆ، ١٩٦١).

٢ـ ئابووریی وڵاتانی سەرمایەداری پاش شەڕی دووهەمی جیهانی. (بە زمانی رووسی، مۆسکۆ، ١٩٥٩).

٣ـ ئاماری بازرگانیی دەرەوەی ئێران لە ساڵی ١٩٥٨دا. (بەزمانی فارسی، تاران).

٤ـ ئاماری گەشەکردنی ئابووری لە دەرەوە. (بەزمانی چیکی، پراگ، ١٩٥٨).

٥ـ ئاوڕێك بۆسەر مێژووی جیهان. (چاپی ئینگلیزی ج. ل. نەهرۆ، اللەئاباد، ١٩٣٥).

٦ـ ئاوڕێك بۆسەر مێژووی پێوەندییەکانی دەرەبەگایەتی لە ئازەربایجان و ئەرمەنستان. (بەزمانی رووسی، لینینگراد ١٩٤٩، ئی. پ. پیتروشیفسکی).

٧ـ ئاوڕێکی ئەتنۆگرافی بۆسەر کوردەکانی ویلایەتی ئێرەوان. (س. ئا. ئیگارارۆف).

٨ـ آینده دهات و شهرهای ما. (بەزمانی فارسی، تاران، ١٩٥٨، ك. زرنگار).

٩ـ از مهاباد خونین تا کرانەهای رود ارس. (بەزمانی فارسی، تاران، ١٩٤٨. ن. پسیان).

١٠ـ المجموعة الاحصائية السنوية. (بەزمانی عەرەبی، بەغدا، ١٩٥٨).

١١ـ المجموعة الاحصائية السنوية. (بەزمانی عەرەبی، بەغدا، ١٩٦٩).

١٢ـ ئەفغانستانی ئێستا. (بەزمانی رووسی،. مۆسکۆ، ١٩٦٠).

١٣ـ ئەنسکلۆپیدیای بریتانیا.

١٤ـ ئەنسکلۆپیدیای گەورەی سۆڤیەتی.

١٥ـ ئێرانی ئێستا. (بەزمانی رووسی، مۆسکۆ، ١٩٥٧).

١٦ـ بڵاوکراوەی بانکی میللیی ئێران، ١٩٥٩.

١٧ـ بەرهەمی وتووێژ لەبارەی دیاریکردنی چارەنووسەوە.

١٨ـ بەرنامەی حیزبە کومونیستەکانی رۆژهەڵات. (مۆسکۆ، ١٩٣٤).

١٩ـ بەلووچەکان. (بەزمانی رووسی، ١٩٥٩، م. پیکولین).

٢٠ـ بەیاننامەی کۆنفرانسی دووهەمی حیزبی کۆمونیستی عیراق. (بەزمانی عەرەبی، ١٩٥٦).

٢١ـ بەیاننامەی حیزبی کومونیست. (مارکس و ئینگێلس).

٢٢ـ پرۆلیتاریای شۆرشگێرو مافی نەتەوەکان بۆ دیاریکردنی چارەنووس. (لنین).

٢٣ـ پەرەئەستاندنی ئابووری و مەسەلەی وەرزێری لە سەدەی بیستەم دا. (بەزمانی رووسی، ١٩٢١، م. ب. وۆلۆنتێر).

٢٤ـ پەرەئەستاندنی سەرمایەداری لە رووسیا. (بەزمانی چیکی، پراگ، ١٩٥٢، لینین).

٢٥ـ پێوەندییەکانی وەرزێری لە کوردستانی ئێرانی ئێستادا. (بەزمانی ئازەربایجانی، باکۆ، ١٩٥٥، ع. گەلاوێژ).

٢٦ـ تاریخ زند. (بەزمانی فارسی، تاران، ١٩٥٦، دوکتور هیدایەتی).

٢٧ـ تاریخ مەردوخ. بەزمانی فارسی.

٢٨ـ تقویم فرهنگی مهاباد. (١٩٥٤ـ١٩٥٥).

٢٩ـ تهران اکونومیست. (بەزمانی فارسی، ١٩٦٢).

٣٠ـ جغرافیای اقتصادی ایران. (بەزمانی فارسی، ت. بهرامی).

٣١ـ جغرافیای کردستان. (بەزمانی فارسی، أ. س. همدانی).

٣٢ـ جغرافیای کشاورزی ایران. (بەفارسی، ت. بهرامی).

٣٣ـ جغرافیای نظامی کردستان. (بەزمانی فارسی، تاران، ج، رزم آرا).

٣٤ـ جوغرافیای تورکیا. (بەزمانی رووسی، مۆسکۆ، ١٩٥٩، ب. دارکوت).

٣٥ـ چەند نامەیەك لەبارەی سەرمایەوە. (بەزمانی چیکی، پراگ، ١٩٥٧، ئینگێلس).

٣٦ـ دانراوەکان. (بەزمانی چیکی، لینین).

٣٧ـ دیدنیها و شنیدنیهای ایران. (بەزمانی فارسی، تاران، ١٩٥٠، م. دانشور).

٣٨ـ راپۆرتێك لەبارەی کاروباری کۆنسۆرسیۆمەوە لەساڵی ١٩٥٩دا. (بەزمانی فارسی، تاران، ١٩٦٠).

٣٩ـ راپۆرتێك لە سەفەری ویلایەتەكانی رۆژئاوای ئێران. (بەزمانی رووسی، تفلیس، ١٩٠٥).
٤٠ـ راپۆرتی دامەزراوی پلان دارشتن، ژمارە ١٢، ١٩٦٠.
٤١ـ راپەرینی رزگاریخوازیی نیشتمانیی ساڵی ١٩٢٠ی عیراق. (بەزمانی رووسی، مۆسكۆ، ١٩٥٨، د. ن. كوتلوف).
٤٢ـ رۆژنامەكان:
الف ـ اطلاعات، فارسی.
ب ـ بامشاد، فارسی.
ج ـ كیهان، فارسی.
د ـ رهبر، فارسی.
هـ ـ مهر ایران، فارسی.
و ـ باختر امروز، فارسی.
ز ـ ملت، توركی.
ح ـ كیم، توركی.
ط ـ وقت، توركی.
ی ـ لۆمۆند، فەرانسەیی.
٤٣ـ رۆژهەلاتی نێوەراست لە كاروباری جیهانی دا. (بەفارسی، تاران، ١٩٥٠، گ. لینچێفسكی).
٤٤ـ رۆژهەلاتی نیزیك پاش شەری یەكەمی جیهانی. (١٩١٨ـ١٩٢٣) بەزمانی چیكی، پراگ، ١٩٥١، أ. ف. میلیر.
٤٥ـ روضة الصفا. تاریخ.
٤٦ـ رێگای خەبات. چاپی چیكی، پراگ، ١٩٥٢، س. ئوستونگێل).
٤٧ـ سرشماری عمومی نفوس و مسكن جلد بیست و چهارم شهرستان سقز، جلد بیست و هشتم شهرستان كرمانشاه، جلد پنجاەوپنجم شهرستان مهاباد. (بەزمانی فارسی، تاران).
٤٨ـ سەرژمێریی تایبەتیی تێكۆشانی پیشەسازی و كانگاكان لەساڵی ١٩٥٨ـ١٩٥٩دا. (تاران، ١٩٦٠).

٤٩ـ سەرژمێریی دێموگرافیی ساڵانەی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان. (بەزمانی فەرانسەیی، ١٩٥٦).

٥٠ـ سەرمایە. (بەزمانی چیکی، پراگ، ١٩٥٦، مارکس).

٥١ـ سەفەرێك بە کوردستانی شیمالی دا، ساڵی ١٩٠٢، دەنگوباسی قەفقاز، بەشی حەڤدە، بەزمانی رووسی. (ك.ن. سمیرنۆف).

٥٢ـ شانامە. بەزمانی فارسی. (فردوسی).

٥٣ـ شۆرشەکانی کورد. (بەزمانی کوردی، بەغدا، ١٩٥٩، ع. سجادی).

٥٤ـ شەرەفنامە. (ئەمیر شەرەفخانی بتلیسی).

٥٥ـ فرهنگ جغرافیائی ایران. (بەفارسی، تاران، ١٩٤٩ـ١٩٥٤).

٥٦ـ قازانجی نەوت لە وڵاتانی سەرمایەدای. (بەزمانی رووسی، مۆسکۆ، ١٩٦٢).

٥٧ـ قاموس الاعلام. (ئەستەنبوول، ١٨٩٦).

٥٨ـ قوانین مصوبەء مجلس شورای ملی. (بەزمانی فارسی، تاران).

٥٩ـ کرد و پیوستگی نژادی او. (بەزمانی فارسی، تاران، ١٩٥٦، ر. یاسمی).

٦٠ـ کورتەیەك لەمێژووی ئێران. (بەزمان رووسی، مۆسکۆ، ١٩٥٢، م.س. ئیوانۆف).

٦١ـ کورد لە شەڕی نێوان رووسیاو تورکیاو ئێران لەسەدەی ١٩دا. (بەزمانی رووسی، تفلیس، ١٩٠٠).

٦٢ـ کوردو ئیمپریالیستەکان. بڵاوکراوەی دەنگوباسی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست. (بەزمانی رووسی، تاشکەند).

٦٣ـ کوردەکان. (ب. ئا. ئاویریانۆف).

٦٤ـ کوردەکانی موکری. لە کۆمەڵەو تاری ئەتنۆگرافیی ئاسیای نیزیك. (بەزمانی رووسی، مۆسکۆ، ١٩٥٨، ئو. ل. ویلچیفسکی).

٦٥ـ کەمالیستەکان. (چاپی چیکی، ١٩٣٨، م. تەکیناڵپ).

٦٦ـ گنج شایگان. (بەزمانی فارسی، برلین، م. جمال زادە).

٦٧ـ گۆڤارەکان:

الف ـ مجلەء اقتصادی ایران، فارسی.

ب ـ توفان غرب، فارسی.

ج ـ سنندج، فارسی.
د ـ یغما، فارسی.
هـ ـ رۆژهەڵاتی شۆرشگێر، رووسی.
و ـ رۆژگاری تازە ف. ستیپانوف ١٩٤٩.
ز ـ مەسەلەکانی ئاشتی و سۆسیالیزم.
٦٨ـ گەلانی ئاسیای نێوەڕاست. (بەزمانی رووسی، مۆسکۆ، ١٩٥٧).
٦٩ـ لەبارەی پێوەندیی‌یە کۆمەڵایەتی و ئابووری‌یەکانی ئێرانەوە. (بەزمانی رووسی، تفلیس، ١٩٠٥، ل. ن. تیگرانۆف).
٧٠ـ لەبارەی جێگیربوونی نەتەوایەتیی کورد لە ئێران. (مۆسکۆ، ١٩٥٥، أ. گ. ئاکوپۆف).
٧١ـ لەبارەی دەرەبەگایەتی لەنێو کوردەکان دا. (بەزمانی رووسی، ئێرەوان، ١٩٣٦. ئا. ز. شەمیلۆف).
٧٢ـ لە عومانەوە تا ئامێدی. (بەزمانی عەرەبی. ع. س. گۆرانی).
٧٣ـ مافی گەلان لە دانانی چارەنووسی خۆیان دا. (چاپی چیکی. لینین).
٧٤ـ مەسەلەی کورد. (م. پوگوریلوف. گۆڤاری شەڕو شۆرش بە رووسی).
٧٥ـ مێژووی جیهان. (بەزمانی رووسی، مۆسکۆ، ١٩٥٥).
٧٦ـ مێژووی جیهان. (چاپی چیکی، پراگ، ١٩٦٠).
٧٧ـ مێژووی دیپلۆماسی. چاپی چیکی.
٧٨ـ نامەیەکی نهێنی. گۆڤاری دنیا، (١٩٥٨، تاران، م. فروغی).
٧٩ـ نامەیەك بۆ کرێکاران و جووتیارانی ئۆکراین. (لینین).
٨٠ـ نزهة القلوب. (حمدالله مستوفی).
٨١ـ نەوت و سیاسەتی دەرەوە. (بەزمانی چیکی، پراگ، ١٩٥٠. أ. برووکس).
٨٢ـ وەرزێری و پێوەندیی‌یە وەرزێری‌یەکان لە ئێران لەسەدەی دوازدەو چاردەدا. (بەزمانی رووسی، مۆسکۆ، ١٩٦٠).
٨٣ـ وەزعی چیکۆسلۆواکی لە ئابووریی جیهان دا. (بەزمانی چیکی، پراگ).

## فەرانسەیی

1. Archives Nationales de France. Correspondance Consulaire, Baghdad.

2. Balsan. F: Les Surprises du Kurdistan Paris 1945.

3. Binder. H: Au Kurdistan, en Mesopotamie et Perse. Paris 1881.

4. Fany. M: :a Nation Kurde et son Evolution Sociale. Paris 1933.

5. Ch. A. Hooper: L'Iraq et la Societe de Nations, Paris 1926.

6. Malcom. Sir John: Histoire de la Perse Paris 1821.

7. Nikitine. B: Les Kurdes. Etude Sociologique et Historique. Paris 1956.

8. Nikitine. B: Les Afchars d'Urmuyeh. Hournal Asiatique. Jan-Mars 1929.

9. Rambout. L: Le Kurdes et le Droit. Paris 1947.

10.Rechid Ahmed: Les Droits Minoritaires en Turquie. dans le Passe et le Present, Paris 1935.

11.Romanette. L: Le Kurdistan et la Question Kurde, Paris 1937.

12.Rousseau. J: Notice Historique sur la Perse Amcienne et ses Peuples en General Marseille 1818.

13. Sekban. Ch. Dr: La Question Kurde. Paris 1933.

## ئینگلیزی

1. Douglas. W. Stange Lands and Friendly People London 1952.

2. Economic Developments in the Middle East, 1958-1959, U.N. New York.

3. Foreign office No. 62. Armenia and Kurdistan, London 1920.

4. Foreign Trade Statistics of Iran 1958-1962 Tehran.

5. Gavan. S. S: Kurdistan, Divided Nation of the Middle East London 1958.

6. Iran today, Tehran 1950.

7. Lambton. A: Lanlord and Peasant in Persia, London 1953.

8. Lenin. V.I: Questions of National Policy and Proletarian Internationalism Moscow.

9. Lenin. V. I: On "Cultural and National" Autonomy works Val. 19 (czech es.).

10.Middle East Economic Digest, February 1960 and February 1961 London.

11.Monthly Abstracts of Statistics May 1963.

12.Monthly Bulletin of Statistics U.N. New York 1963-1971.

13.Petroleum Press Service February 1963 London.

14.Question of the Frontier between Turky and Iraq. League of Nations, Geneva 1925.

15.Roosevelt. A: The Kurdish Republic of Mahabad. Middle East Journal, New York 1947.

16. World Petroleum Industry, New York 1961.

## ئەڵمانی

1. Moltake. H: Briefe aber Zustande und Begeberheiten in der Turkei aus den Jahren 1835-1839 Berlin 1941.

## ئیتالیایی

1. Garzoni. M: Grammatica Vocabolaria della Lingua Kurda. Roma 1787.

## تورکی

1. Dersimi. N: Kurdistan Tarihinde Dersim Halap 1952.

2. Turkiye Istatistik Yilligi, Ankara 1968.

# فێهرستی باسەکان


پێشەکی بۆ چاپی کوردی.......... ٥
پێشەکی بۆ چاپی ئینگلیزی.......... ٩

**فەسڵی یەکەم ـ کوردستان و نەتەوەی کورد**

١ـ کورتەیەك لە جوغرافیا.......... ١٢
ئاوو هەوا.......... ١٥
چۆمەکان.......... ١٦
گۆلەکان.......... ١٨
لێرەوار.......... ١٨
سامانی ژێرزەوی.......... ١٩
٢ـ دانیشتووان.......... ٢٠
٣ـ ئایین.......... ٢٧
٤ـ زمان و ئەدەب.......... ٢٩
خوێندن.......... ٣٤
٦ـ لەشساخی.......... ٣٥

**فەسڵی دووهەم ـ ئاورێك بۆ سەر مێژوو**

١ـ رەسەنی کورد.......... ٣٧
٢ـ کورد لە رۆژگاری کۆن دا.......... ٣٨
٣ـ کورد لە سەدەکانی نێوەڕاست دا.......... ٣٩

٤ـ كورد له رۆژگاری نویٚ دا........................................٤٣
٥ـ خزینی دەوڵەتە ئیمپریالیستی‌یەکان بۆ نێو کوردستان...............٤٦
٦ـ کوردستان پاش شۆرشی مەزنی سۆسیالیستیی ئۆکتۆبر...................٥٠

**فەسڵی سێهەم ـ دابەشکردنی کوردستان**

١ـ کورد له تورکیا...................................................٥٧
أ ـ مەسەلەی کوردو داشناکەکان.........................................٦٣
ب ـ مەسەلەی کوردو حیزبە سۆسیال دێموکراتەکانی ئوروویا..............٦٣
ج ـ سیاسەتی کەمالیستەکان له تواندنەوەی گەلی کورددا..................٦٥
٢ـ کورد له عیراق.....................................................٧٢
أ ـ مەسەلەی مووسڵ...................................................٧٦
ب ـ مۆنۆپۆلەکانی نەوت له کوردستان....................................٧٩
٣ـ کورد له ئێران....................................................٨٤
٤ـ هۆی راپەرینەکانی کوردو ئامانجەکانیان...............................٨٥
٥ـ کۆماری مەهاباد....................................................٨٨
٦ـ کورد له سووریا....................................................٩٥
٧ـ کورد له یەکیەتیی سۆڤیەتی..........................................٩٧

**فەسڵی چوارەم ـ ئاورێکی گشتی بۆسەر ئابووریی کوردستان**

١ـ چەند دیمەنێکی گشتیی باری ئابووری..................................١٠١
٢ـ هێندیٚ زانراو له کوردستانی ئێران...................................١٠٥
٣ـ پایەی بەرهەمی کشتوکاڵ..............................................١٠٦
٤ـ ئاودێری...........................................................١٠٩

**فەسڵی پێنجەم ـ ئاورێکی گشتی بۆسەر مێژووی کۆمەڵی کوردەواری**

١ـ پەرەئەستاندنی مێژووی ملکداری.......................................١١٣
٢ـ کوردستان وەك بەشێك له بازاری جیهانی...............................١٢٣
٣ـ پێگەیشتنی عەشیرەتە کوردەکان........................................١٢٦
٤ـ گۆرانی تەرکیبی ئابووری.............................................١٣٥

**فەسڵی شەشەم ـ شێوەکانی ملکداریی زەوی**

١ـ ملکی خاوەن ملکەکان.................................................١٤١

٢ـ ملّکەکانی دەوڵەت (خالیسە)................١٤٦
٣ـ ملّکەکانی پادشا................١٤٨
٤ـ زەوییە مەوقووفەکان................١٥٠
٥ـ زەویی جووتیاران................١٥٢

**فەسڵی حەوتەم ـ شێوەکانی ملّکانەی زەوی**

١ـ ملّکانەی بە شتوومەك، نەزمی شەریکەبەشی................١٥٧
نیوەکاری................١٦١
سێیەك بەری................١٦٢
سێ کوت................١٦٢
دەودوو................١٦٣
برنج................١٦٤

**بەرهەمە تێکنیکییەکان**

أ ـ چەوەندەری قەند................١٦٤
ب ـ تووتن................١٦٥
ج ـ لۆکە................١٦٧
باخی میوە................١٦٧
هۆیەکانی تری بەش کردنی بەرهەم................١٦٨
٢ـ ملّکانەی بەدراو................١٧١
٣ـ ملّکانەی بەکارو کۆیلەتیی جووتیار................١٧٥
٤ـ ملّکانەی ئاژەڵداری................١٨٣
٥ـ ملّکانەی سەرمایەداری................١٨٧

**فەسڵی هەشتەم ـ پێکهاتنی کۆمەڵایەتی و پایەی ژیانی خەڵکی لادێ**

١ـ پێك هاتنی کۆمەڵایەتیی لادێی کوردستان................١٩١
١ـ خاوەن ملّکە گەورەکان................١٩١
٢ـ خاوەن ملّکە نێونجییەکان................١٩٢
٣ـ وردەمالیکەکان................١٩٢
٤ـ وەرزێرە نێونجییەکان................١٩٢
٥ـ وەرزێرە بێزەوییەکان................١٩٣

٦ـ كرێكارە كشتوكاڵییەكان..................................................١٩٢
٧ـ هێندێك توێژی دیكە..................................................١٩٣
٢ـ وەزعی وەرزێران..................................................١٩٦
الف ـ سوود..................................................١٩٨
ب ـ پایەی ژیانی وەرزێران..................................................٢٠٠
٣ـ بەرهەمهێنانی وەرزێری و سیاسەتی وەرزێری..................................................٢٠٢
فەسڵی نۆهەم ـ سەنعەت و بازرگانی و باری ماڵی
١ـ سەنعەت..................................................٢١٣
نەخشی بەشی گشتی ـ دەوڵەتی..................................................٢١٥
٢ـ بازرگانی و باری ماڵی..................................................٢١٨
الف ـ بازرگانیی دەرەوە..................................................٢١٩
ب ـ باری ماڵی..................................................٢٢٤
فەسڵی دەهەم ـ جێگای نەوت لە ئابووریی نەتەوایەتی دا
١ـ نەوت لە جیهان دا..................................................٢٣١
٢ـ نەوتی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و مۆنۆپۆلەكانی نەوت..................................................٢٣٣
٣ـ نەزمی ٥٠ـ٥٠ و جێبەجێكردنی..................................................٢٣٧
٤ـ میللی كردنی نەوت..................................................٢٤٧
٥ـ پێوەندیی نەوت بە پێشكەوتنی ئابووریيەوە..................................................٢٥١
فەسڵی یازدەهەم ـ گیروگرفتەكانی هەڵدانی ئابووری
١ـ سەربەخۆیی سیاسی و پێشكەوتنی ئابووری..................................................٢٥٧
٢ـ پێوەندیی دوولایی نێوان وەرزێری و سەنعەتی كردن..................................................٢٥٩
أ ـ بارە باشەكانی سەنعەتیكردن..................................................٢٥٩
ب ـ چاكردنی وەرزێری و هەڵدانی بەرهەمی وەرزێری..................................................٢٦٢
ج ـ هێندێك گیروگرفتی سەنعەتیكردن..................................................٢٦٧
٣ـ بەرزكردنەوەی پایەی ژیان..................................................٢٦٩
٤ـ هەڵبژاردنی ریگای گەشەكردن..................................................٢٧١
فەسڵی دوازدەهەم ـ مەسەلەی كورد لە رۆژگاری ئەمڕۆدا
١ـ سروشتە تایبەتییەكانی مەسەلەی كورد..................................................٢٧٧

٢ـ وەزعی ئێستای کورد.......... ٢٨٠
٣ـ جێگیربوونی نەتەوایەتیی کورد.......... ٢٨٧
٤ـ سروشتی خەباتی رزگاریخوازیی گەلی کورد.......... ٢٩٢
**فەسڵی سێزدەهەم ـ مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکان و مەسەلەی کورد**
١ـ مارکسیستەکان و مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کورد ٣٠٥
٢ـ داخوازی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد.......... ٣٠٨
٣ـ رێگای رزگاریی گەلی کورد.......... ٣١٦
ئەنجام.......... ٣٢١
دواقسە بۆ چاپی کوردی.......... ٣٢٩
سەرچاوەکان.......... ٣٣٦

"ئەمە بەتەواوی مانا کتێبێکی زانستی‌یە کە بۆ کۆمەڵانی خەڵك نووسراوەو هەر لەوکاتەش دا کتێبێکە کە لەسەر بناخەی لێکدانەوەیەکی بەنرخی مارکسیستی نووسراوەو نووسەر شارەزای گیروگرفتەکەو وڵاتەکەیە."

**گۆڤاری سیاسەتی نێونەتەوایەتی، ژمارە ١١ی ساڵی ١٩٦٤، پراگ**

✧ ✧ ✧

"زۆرمان نەگوتوە ئەگەر بڵێین کە خوێنەری سلۆواك بەم کتێبە نووسراوێکی نایابی دەست دەکەوێ... ئەم کتێبە هەوڵدانە بۆ روون کردنەوەی گیروگرفتی کورد لەچاوی مارکسیستی‌یەوە."

**لە نووسراوەی سەربەرگی چاپی سلۆواکی‌یەوە، ساڵی ١٩٦٤، براتیسلاوا**

✧ ✧ ✧

"کتێبی "کوردستان و کورد" راست ترین راستی‌یە."

**سەروتاری دوکتۆر واگنێر بۆ چاپی سلۆواکی، ساڵی ١٩٦٤، براتیسلاوا**

✧ ✧ ✧

"ئەوە تەنیا کتێبێکە لەلای ئێمە (رەنگە هەر لەلای ئێمەش وانەبێ) کە بەدرێژی باسی گیروگرفتی ئاڵۆزی کورد دەکاو هەر لەوکاتەدا بەشێوەیەکی بێهاوتا رەسەن و واقیعی‌یە. چونکە دانەر ئابووریزانێکی کوردی زاناو خاوەنی تاقیکردنەوەیەکی زۆری سیاسی‌یە.

ئەو رێگایە کە دانەر لە لێکدانەوەی تەرکیبی کۆمەڵایەتی و ئابووری دا رەچاوی کردوە، تا ئەمرۆش لە ئەدەبیاتی ئابووریی ئێمەدا کە لە گیروگرفتەکانی وڵاتانی پەرەنەستێن دەکۆڵینەوە بێهاوتایەو ئەساسێکە بۆ لێکۆڵینەوەیەکی لەو بابەتە لەسەر وڵاتەکانی تر."

**گۆڤاری سیاسەتی نێونەتەوایەتی، ژمارە ١٠، ساڵی ١٩٦٥، پراگ**

✧ ✧ ✧

"کتێبی عبدالرحمن قاسملو "کوردستان و کورد" بەشداریەکە کە بۆ ناساندنی مەسەلەی کورد بەگشتی و هێندێك باری ئەو مەسەلەیە بەتایبەتی، نرخێکی بێهاوتای هەیە."

**لەپێشەکیی چاپی ئینگلیزی بە قەڵەمی پرۆفیسۆر مارتینیتس مای ١٩٦٥**

✧ ✧ ✧

"دەکرێ کتێبی "کوردستان و کورد" بەچەشنە ئەنسکلۆپیدیایەکی کوردی دابنێین."

**گۆڤاری "دنیا" ئێران، ژمارە٤، ساڵی ١٩٦٥**

✧ ✧ ✧

"دانەر کە کوردێکی ئێرانی و مارکسیستێکە، لێکۆڵینەوەی خۆی بە هەستی نیشتمانپەروەرێك و بایەخ پێدانی خەباتکەرێك دەخاتەڕوو. هەروەها هەوڵ دەدا لێکۆڵینەوەکەی زانستی و واقیعی بێ.

ئەم کتێبە سەرنجی خوێنەرانی رادەکێشێ تەنانەت ئەوانەش کە بیروباوەڕی نووسەریان بەدڵ نیە. هەروەها سەرچاوەیەکی لێفێربوون دەبێ بۆ ئەو کەسانەی خۆیان بە قەومی ناو دەبەن، بەڵام حاشا لە مافی نەتەوایەتیی هەرە سەرەتایی خەڵکی دیکە دەکەن."

**ئۆکتۆبر ـ نوامبر Iran Report نیویۆرك، ساڵی ١٩٦٧**

✧ ✧ ✧

"عبدالرحمن قاسملو گیروگرفتی نەتەوەکەی بە خوێنەرە پۆڵۆنیەکان دەناسێنێ. لێکۆڵینەوەکەی کە بەدرێژی و جوانی باسی گیروگرفتی کورد دەکا، لەزمانی پۆڵۆنی دا لە نەوعی خۆی دا یەکەمە.

دەتوانین بڵێین ئەو کتێبە سەرنجی ئەو کەسانە رادەکێشێ کە گرنگی بە کاروباری رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەدەن. هەروەك سەرنجی هەمووی ئەو کەسانە رادەکێشێ کە حەز دەکەن لەگیروگرفتەکانی دنیای ئەمڕۆ حاڵی بن."

**١٦ـ١٠ـ١٩٦٩، گۆڤاری کولتورا، وەرشەو**

✧ ✧ ✧

"کتێبی قاسملوو لەنێو ئەو لێکۆڵینەوانەدا کە لەسەر کورد کراون جێگایەکی تایبەتیی هەیە، ئەم کتێبە چەشنە لێکۆڵینەوەیەکی پێشڕەوە لە سیاسەت و کۆمەڵی کوردەواری لە هەموو پارچەکانی کوردستانی دابەش کراودا... قاسملوو نەك هەر بۆچوونێکی مۆدێرن و زانستیی هەیە، بەڵکوو هەموو بارێکی گیروگرفتی کورد بە وردی و تەواوی لێك دەداتەوە."

"کوردستان" گۆڤاری ساڵانەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئورووپا، لەندەن، ساڵی ١٩٧٠.



هەموو کتێبێك مێژووی خۆی هەیە، کتێبی "کوردستان و کورد"یش بەش بەحاڵی خۆی خاوەنی رابردوویەکی درێژە. ساڵی ١٩٥٣ هاواڵێکی خەباتکەرو دۆستێکی نیزیك پێشنیاری پێ کردم کە بۆ روون کردنەوەی هێندێ باری سیاسیی مەسەلەی کورد نامیلکەیەك بنووسم. بەڵام هەر زۆر زوو دەرکەوت کە ئەم گیروگرفتە بە نامیلکە چارەسەر ناکرێ. بەڵێنم بە هاواڵەکەم دا کە خەریکی نووسینی کتێبێك لەسەر گیروگرفتی کورد دەبم. بەداخەوە سەرکەوتنی کوودیتای ساڵی ١٩٥٣ کە بوو بەهۆی رووخانی حکوومەتی نیشتمانیی مصدق و زاڵ بوونی رێژیمی دیکتاتۆری و زۆرداری، دەرەتانی ئەوەی لێبڕیم کە بەڵێنەکەم بەجێ بگەیەنم. هەلومەرجی تێکۆشانی نهێنی و لەبەردەست دا نەبوونی سەرچاوەی پێویست بۆ دانانی کتێبێکی زانستی لەسەر مەسەلەی کورد چەند ساڵی تریش ئەم کارەی وەدوا خست. بەڵام هەر لەو وەختەوە کۆکردنەوەی کەرەستەو ئاماری پێویست لە هەموو ناوچەکانی کوردستانم بە ئەرکی خۆم داناو زۆر هاواڵی دڵسۆزیش لەو بارەوە یارمەتییان دام.

دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی
رۆژهەلات